چاپی دووەم

مێژووی دەوڵەتی سەفەوی

د. محەمەد سهێل تەقوش

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:

شاخەوان محەمەد



منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مێژووی

دەوڵەتی سەفەوی

د. محەمەد سهێل تەققوش

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە:

شاخەوان محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ڕۆژهەڵات

خاوەنی ئیمتیاز

کەژاڵ ڕەفیق

سەرنووسەر

حەسەنی دانیشفەڕ

Email: h.daneshfar@yahoo.com
Mob: 0750 449 3561

هەولێر ـ شەقامی (١٠٠) مەتری ڕیزی کارگەی دەرمانی میدیکا ئاوا

مێژووی دەوڵەتی سەفەوی

- ناوی نووسەر : د. محەمەد سهێل تەقووش
- وەرگێڕانی : سالار محەمەد (شاخەوان)
- دیزاین و بەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ ٤٩٢٤٢٦٣
- ژمارەی سپاردن (٤٦) ساڵی ٢٠٠٦
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- نۆرەی چاپ : چاپی دووەم ٢٠١٢
- شوێنی چاپ : چاپخانەی ڕۆژهەلات-هەولێر ٤٦٢٩٥٢١

بەڕێوەبەری هونەری دەزگا

سەلام محەمەد ڕەسول

ڕاوێژکاری دەزگا بۆ بەشی مێژوو

د. محمد عبدالله کاکەشوور

پێرست

بەرایی ٥

بەشی یەکەم

باری سیاسی ئێران پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەویی ١٧

بەشی دووەم

پەیدابوونی خانەوادەی سەفەویی ٤١

بەشی سێیەم

شا ئیسماعیلی یەکەم ٩٠٧-٩٣٠ك/١٥٠١-١٥٢٤ز ٦٣

بەشی چوارەم

تەهماسبی یەکەم-ئیسماعیلی دووەم-محەمەد خودابەندە ١١٠

شا ئیسماعیلی دووەم ١٥٧٦-١٥٧٧ز ١٤٠

شا محەمەد خودابەندە ١٥٧٨-١٥٨٨ز ١٤٦

بەشی پێنجەم

شا عەباسی یەکەم ١٥٨٨-١٦٢٩ز.................................. ١٥٧

بەشی شەشەم

شا عەباس یەکەم - پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی ٢٠٣

بەشی حەوتەم

شا عەباسی یەکەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ئەورووپا ٢٤٢

بەشی هەشتەم

هەڵوەشانەوە و رووخانی دەوڵەتی سەفەویی ٢٧٨

شاعەباسی دووەم ١٦٤٢-١٦٦٦ز ٢٨٩

شاسەفی دووەم (سولەیمان) ١٦٦٦-١٦٩٤ز ٢٩٦

شاحوسێن ١٦٩٤-١٧٢٢ز ٢٩٨

شا تەهماسبی دووەم ١٧٢٢-١٧٣٢ز ٣٠٦

شاعەباسی سێیەم ١٧٣٢-١٧٣٦ز ٣٢٨

دوا وتە ٣٣٣

بەرایی

سوپاس و ستایش بۆ خودای هەموو جیهان و درووودیش لەسەر گەورەی پێغەمبەران موحەمەد کوڕی عەبدوڵلاّ و سەرجەم یارو یارەرانی و هەموو ئەوانەی بەدوعاکانی ئەو نزاو پاڕانەوە دەکەن تا رۆژی دوایی.

ئەم کتێبە باس لە مێژووی دەوڵەتی سەفەوییەکان دەکات لەئێران. لەراستیشدا بەرچاوخستن و وێناکردنی رابردوو کارێکی زۆر سەختە ئەویش نەك لەبەر وێکچوونی زانیارییە مێژووییەکان یاخود کەمی بابەتەکان، بەڵکو بەپلەی یەکەم گێڕانەوەی مێژوو کارێکی سیاسییە، گۆتەگۆتیش دەربارەی نووسینی مێژووی سەفەوییەکان کە ئەویش لەسەر بنچینەیەکی سیاسی و تاك مەزەبی دامەزراوە وا لەلێکۆڵەر دەکات تووشی چەندین کاری سەخت و دژوار ببێتەوە. سەرچاوە فارسیەکانی تایبەت بەم مێژووە بەهیچ شێوەیەك زانیاری تەواومان نادەنێ چونکە لەیەك روانگەوە تەماشا دەکا و باس دەکەن ئەویش ستایش و پیاهەڵدانی کەسایەتییەکانیەتی، کەچی سەرچاوەکانی دیکە سەرەڕای ئەوەی زۆربەیان رەخنەسازین؛ بەکەڵکی ئەوەش نایەن وەك بابەتێکی مێژوویی سوودییان لێببینرێ.

بەدرێژایی مێژووی خۆرەلاّتی ئیسلام دەوڵەتی سەفەویی وەك یەکێك لەدەوڵەتە سوڵتانیەکان هەژماردەکرێ و نموونەیەکی روون و ئاشکرای دەوڵەتی مەزەبییە لەچەرخی ئێستاماندا، کەئەویش دەوڵەتی شیعەمەزەبی دوانزەییەو لەئێراندا دروست دەبێت و ئەوانە لەوێوە سەرچاوە دەگرن و بلاّودەبنەوەو هەڵدەکشێن بەرەو خۆراوا لەلایەك بەلای خۆراسان و ئەفغانستان و ئازەربێجان و ئێراق و دیاربەکر؛ لەپاشانیش بەرەو کەرەج لەباکور.

لەراستییدا ئێرانییەکان لەجیهانی ئیسلامیدا، قەوارەیەکی مەزەبی ئایینی تایبەت بەخۆیان پێکهێنا جیای دەکردنەوە لە قەوارە ئیسلامیەکانی دیکە کەسەرجەمیان نوێنەرایەتی موسوڵمانانیان دەکرد، بەلاّم لەدوای ماوەیەکی زۆری دابڕانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی

ئێرانییەکان شانازی بەدەوڵەتی سەفەوییەوە دەکەن، چونکە لەبنەڕەتدا ئەم دەوڵەتە یەکێتی سیاسیی بۆ ئێران سازکردەوە.

ئەو رۆژگارەی ئەم دەوڵەتەی تێدا دروستبوو بریتی بوو لەهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی تەیموورییە، کە ئەوکاتە ئێران بەدەست لێکترازان و بەش بەشبوونی پاشا لاوازەکانەوە ئاڵوودەبوو. لەسەرەتا سەدەی شانزەهەمی زایینیدا نەوەکانی سەفەویی توانیان دەسبەسەر تەختی پاشایەتیدا بگرن.

شایانی باسە سەرچاوەی بەرەبابی سەفەوییەکان لەئازەربێجانەوە سەریهەڵداوە و سەر بەشێخ سەفیەدین ئیسحاقی ئەردەبیلین و ئەویش موسوڵمانێکی سوننی بوو، لەسەر مەزەبی ئیمامی شافعی و شێخی تەریقەتی سۆفیگەریی کەپاشان هاتۆتە باکوری ئێران و لەئەردەبیل نیشتەجێبووە. بۆیە لەناوی سەفیەدینەوە ناوی بەرەی نەوەکانی سەفەوییەکان وەرگیراوە، هەروەها مێژوونووسەکان رەچەڵەکەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئیمام موسا کازم.

یەکێك لەنەوەکانی شێخ سەفیەدین کەئەویش شێخ جونێد بوو هاتە ناو مەزەبی شیعی دوانزەئیمامیەکە، هەربۆیە بەهیچ شێوەیەك دانی بەدەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی موسوڵمانە سوننیەکاندا نەدەنا و دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی مەزەبەکەی لەوڵاتانی دەوروبەرداو بەدەیان هەزار لەتورکمانە شیعەکانی ناوچەی ئەنادۆڵ لەدەوری کۆبوونەوەو پەیوەندیان پێوەکرد، هەر لەسەر دەستی ئەو لادانێکی گەورە لەبزووتنەوەی سەفەویی بۆ بزووتنەوەی شیعەگەرایی روویداو، ئەمەش لەدوای ئەوە سازبوو کە بارە سیاسییەکەی بۆ رەخسا و شاروخ مردو دەوڵەتی تەیووری لێکهەڵوەشایەوە.

پاشان شێخ حەیدەری کوڕی هەنگاوێکی دیکەی هەڵێنا بۆ گوڕدان بەبزووتنەوەی سەفەویی بەرەو مەزەبی شیعەی دوانزەیی، بەدروشمێکیش هەوادارانی لەخەڵکی دیکە جیا دەکردەوە کەبریتیی بوو لەفێسێکی پیاوانی ئایینی و دوانزە نقێمی سووری پێوەبوو و ئەم ژمارەیەش ئاماژەبوو بۆ دوانزە ئیمامەکەو ناویان نا (تاجی حەیدەر)، لەبەرامبەردا عوسمانییەکانیش ناویان لێنان (قزلباش) واتە سەرسوورەکان.

لەدوای ئەمەش ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی ڕادەبووڕین تا کـار گەیشـتە ئـەوەی خانـەوادەی ئیسماعیلی کـوڕی شـێخ حەیـدەر دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت و تورکمانـەکانی ئـەنادۆڵیش بەخێرایی لەدەوری کۆبوونەوەو دەستیان کـرد بەبلاوکردنـەوەی مـەزەب و بیروباوەڕەکـەیان لەناو تورکمانەکانی ئاق قوینلووی سوننەمەزەب و پاشـان هەوڵیانـدا بیـان چەوسـێننەوە. ئینجا تورکمانەکانی ئەنادۆڵ کرۆکی سوپایەکیان پێکهێنا کەبەچاوی پیاوانی هەڵبژێردراوی خوداوەند تەماشای ئەوان و جێنشینەکانیان دەکردن و ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردن.

ئیسماعیل لەئازەربێجانەوە بزووتنەوەکـەی دەسـتپێکرد و لەقـەبی پاشـای بۆخـۆی دانـاو دەستی بەسەر شەرواندا گرت و تـەورێزی لـەژێر دەسـتی ئـاق قوینلـوو دەرهێنـاو کـردی بەپایتەختی دەوڵەتە تازە دروستبووەکەی و پاشان دەستی بەسەر ئەسفەهان و یەزد و کرمان و خوارووی خۆراساندا گرت و دراویشی بەناوی خۆی لێداو لەسەکۆی مزگەوتەکانیشدا وتارە ئاینیەکان بەناوی ئەوەوە دەخوێندرانەوە.

سـەرکەوتنی ئیسماعیل شا بریتیی لەئاینپەروەری و بـوێری و بەئاشـکرا ڕایگەیانـد کـەوا مەزەبی شیعی دوانزەیی دەبێتە مەزەبی ڕەسمی و نیشتیمانی ئێران، پاشان گەلەکەی هانـدا بۆ دژایەتی کردنی سوننەکان و خۆلێدوورگرتنییان کەئەوانیش لەلای خۆرەلات: ئۆزبەکستان و لەلای خۆراوا: عوسمانییەکان بوون. تەنانەت بۆ دڵنەوایی کردنی شوێن کـەوتوودکانی وەك و بەرپرسێکی داکۆکیکار و بەرگریکار لەئاین و مەزەبەکەی ڕەفتاری دەکرد. بۆیە دەبوایـە شا خۆ ئامادەبکا بۆ جەنگ و ئەویش هەموو کاتێکی خۆی بـۆ ئـەم کـارە تـەرخان کـرد. لەراستیشدا بیانووی شەڕەکانی ئاینی و ماددی بوو:

- بلاوکردنەوەی مەزەبی شیعی دوانزەیی لەنێو تورکە سـوننەکان.
- فراوانکردنـی وڵات بەمەبەسـتی دەسـکەوتی پـتری مـاددی و ژێردەسـکردنی ئـەو دانیشتوانانەی کە بۆی هەیە باجیان بەسەردا بـسەپێنێ.

ئەوەبوو لەئەنجامی زنجیرەیەك جەنگی یەك لەدوای یەکـدا، عوسمانییـەکان بـەرەو فـورات و قەوقاز و دەریای قەزوین هەنگاویان نـا بـەو ئومێـدەی دەسبەسـەر تـەورێزی پایتـەخت و بەغدادا بگرن، لەوێشەوە بەرەو خۆرەلات کەویلایەتە لێکترازاوەکانی ئێرانی لێبوو، پاشـان

بۆ دەریای قەزوین و قەوقاز لەلای باکوور و زەریای هیندی لەلای باشوور و کەنداوی عەرەبی لەباشووری خۆرەلآت، کتومت ئەمانە وەك ئەوە وابوون، چاوەڕێی فریادڕەسێك بکەن یەکیان بخاتەوە.

شا لەئۆزبەکستان شەڕی کردو خۆراسانی گێڕایەوە بۆ ژێر دەسەلاتی خۆی و بەرەو بوخارا پێشڕەویی کرد. سەرەتای جەنگەکەش لەکەرتی خۆرەلاتەوە لەگەڵ عوسمانییەکان دەستی پێکرد. بەلاّم لەباشوردا، ئەلبورکی پورتوگالی توانی دەسبەسەر دوورگەیەکی بچووکدا بگرێ بەناوی هورمز کەکەوتبووە سەرەتای کەنداوی عەرەبی و لەوێشدا قەلایەکی تونذو تۆڵی بۆخۆی دروستکرد، بەمەش توانی زاڵبێ بەسەر چالاکییە بازرگانیەکانی ئەوێ.

لێرەدا شا پشتگیریی لە بازرگانیی دەکرد بۆ ئەوەی بەسایەیەوە پارەوپوولی زۆری دەسکەوێ بۆ دەوڵەتەکەی، لەم پێناوەشدا بانگهێشتی بازرگانە ئەوروپییەکانی کرد بۆ ئەوەی سەردانی ئێران بکەن و چالاکی بازرگانی تێدا ئەنجام بدەن و بەئازادییش دەتوانن پێیدا تێپەڕن و کارناسانی زۆریی بۆ کردن. هەروەها دەیزانی بە چ شێوەیەك یاسا و ڕێساکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، بێگومان ئەویش بۆ مەبەستی بەهێزکردنی دەسەلاتی خۆیی و پترکردنی ژمارەی سەربازەکانی بوو.

سەفەوییەکان بەوە ناسرابوون کەبە بەربلاّوی خاوەنی هەموو شتێك بوون لەولاّتدا، چونکە شا گەورەی ولاّت و خاوەنی ژیانی خەڵك و سەروسامانی سەرجەم دەسوپەیوەندبوو و سەرجەم پیاوانی دەوڵەتی لەبەردەستدا بوو و چی بویستبا وای دەکردو هەموو فەرمانەکانیشی بەبێ هیچ چەندوچوونێك دەبوایە جێبەجێبکرێت و هیچ کەسیش بۆی نەبوو گفتوگۆی لەسەر بکات، تەنانەت ئەگەر فەرمانەکەی لەکاتی مەستیشدا ڕاگەیاندبێ، چونکە ئەو لەسەرووی هەموو یاساکاندابوو، دەبوایە گەلیش لەهەموو شتێکدا بەندەفەرمانی بن، تەنها ئەو فەرمانانەی نەبێ کە دژی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامن، لەوانەیە ئەو بالآدەستیەش بۆ دوو هۆکار بگەڕێنینەوە، لەلایەك سەفەوییەکان لەبواری سەربازییدا لەئێران زۆرینە بوون بۆیە هەمیشە حکومەتەکەیان داپلۆسێنەرو چەوسێنەربوو، لەلایەکی دیکەشەوە گوایە شا جێگری پێغەمبەر (د.خ)ەو جێنشینییەتی.

لەدوای مردنی شا ئیسماعیلی یەکەم دەوڵەتی سەفەویی رووبەرووی کۆمەڵێك دواکەوتن هات لەبواری سیاسی و سەربازیدا، عوسمانییەکان دەستیان گرت بەسەر ویلایەتە فارسیەکانی عیراق و لورستان و خوزستان و خستیانە پاڵ خاکی خۆیان. لەهەمان کاتیشدا ئۆزبەکیەکان دەستیان گرت بەسەر هەرات و مەشهەد و نیساپور و دەوری ویلایەتەکانی خۆرەلاتیشیاندا، بۆیە خەلیفە تەهمەسابی یەکەم و ئیسماعیلی دووەم و محەمەد خودابەندە لەنێوی گێژاوی ململانێی ناوخۆیی لەسەر کورسی حوکمرانی دەستیان کرد بەرووبەروو بوونەوە، بارەکەش تامردنی شا عەباسی یەکەم بەم شێوەیە مایەوە.

شا عەباسی یەکەم بەناو هۆزەکانی قزلباشدا گەڕاو، وەك ئازاو بوێرێك خۆی پێدەناساندن و لەهەمان کاتیشدا زۆر لێیان بەپارێزبوو، چونکە هەر ئەوان بوون بەهۆی کەمەنەتەوایەتیەکان خۆیان بەهێزکرد. بۆیە کورسی دەسەلاَت و خانەوادەکەی لە بالاَدەستی ئەوان رزگار کردو سوپایەکی بەناوی لایەنگرانی شا پێکهێناو ئەوانیش پێك هاتبوون لە چەند هەزار سەربازێك لەنێو هۆزەکان هەڵبژاردبوون، بەتایبەتی هۆزی کەرەجیە نەسرانیەکان کەخۆبەخشانە لەریزی سوپاکەیدا کاریان دەکردو خزمەتی تەواویان بە دەسەلاَتەکەی دەکردو راستەوخۆش فەرمانەکانیان لەو وەردەگرت، بەمەش پاڵپشتیەکی زۆر گەورەی وەدەست هێنا. لەبەرانبەریشدا ژمارەیانی لەریزەکانی سوپاکەیدا کەمدەکردەوە، دەستبەرداری ئەو کەسانە دەبوو کەتەنها بەفەرمانی سەرۆکەکانی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەکرد و لەجێگەی ئەواندا بەکرێگیراو و جاشی دادەمەزراند کەخۆیان و کورەکانیان سەربازی پیادەبوون. هەروەها ئەفسەرەکانیشیانی دادەمەزراندو هەرکاتێك بیویستبایە ئەوا لای دەدان و دەری دەکردن، لەنێو ئەو پیاوانەی سوپاشدا زۆربەی حاکمی ویلایەتەکان و فەرمانبەرە پایەبەرزەکانی هەڵبژارد.

لەوانەیە شا یەکەم کەس بووبێ کەوا هەستی بەوە کردبێ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ لەچەند قۆڵەوە بجەنگێ، چونکە ئاشکرایە لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سیاسی ئاشتەواییەکی سەرشۆڕانەی لەگەڵ عوسمانییەکاندا ئەنجامدا ئەویش بەمەبەستی ئەوەی بواری ئەوەی هەبێ لەدژی ئۆزبەکیەکاندا بجەنگێ، کەچی دوای ئەوەی هەرەشەکانی نەهێشتن دووبارە رووی لەعوسمانییەکان کردەوە بۆ ئەوەی لەدژیاندا بجەنگێ. لەم پێناوەشدا دەستی کرد بەهێرش

کردن و نەوەبوو تەوریز و نەیردەوان و شەروان و قارسـی لـەژێر دەسـت دەرهێنـان و پاشـان ئازەربێجان و خۆزستانی داگیرکرد و ئینجا چووە ناو بەغداو موسڵ و دیاربەکر. لەوێش ئەو سەرانەیەی کەدەبوایە ساڵانە بیدەنە سوڵتانی عوسمانی کەم کردەوە بۆ سەد باری حەریر.

پاشان شا دانی بەسەر خەسڵەتە ئایینیەکەیدا گرت کـە رێنیشـاندەرێکی بـێ کـەموکوڕیی ئایینیەو لەهەمان کاتیشدا پـارێزەری ئـایین و مـەزەبی شـیعەیە، ئـەوەبوو لـە خۆراسـان لەمەشهەد مزگەوتێکی گەورەی بینا کردو وەك شـوێن پێـی وشـترەکەی پێغەمبـەر (د.خ) پارێزگاری لێکرد. هەموو ساڵێکیش بۆ موبارەك بایی دەهاتـە ئـەم شـارە. ئێرانیـەکانیش لەسەردەمی ئەودا ساڵانە بەرەو ئەوێ دەچوون و لەجێگەی مەککە لـەوێ حـەجیان دەکـرد بەمەبەستی ئەوەی زێـڕی وڵاتەکـەیان نەبەنـە دەرەوەو ناچـار نـەبن پـارەو سـەرانە بدەنـە عوسمانییە دوژمنەکانیان. لەهەمان کاتیشدا شا دەچووە نەجەف و مـەزاری ئیمـام عـەلی خاوێن دەکردەوەو خزمەتی میوانەکانیشی دەکرد.

پاشان شـا بەسـەرکەوتنەکانی لـەبواری سـەربازیدا پشـت ئەسـتووربوو بەهۆیـەوە تـوانی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ئەوروپیەکانـدا سـازبکا. کـاتێکیش پورتوگالیـەکان لەکەنـداوی عەرەبیدا رێگای هورمزیان بڕی کۆمپانیایەکی ئینگلیزی لەمۆسـکۆ تـوانی پەیوەندیـەکی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا کەبە روسیاوە گوزەربکات پێکهێنا، ئەو کاتەش رووسیا بەتـەواوی لەدەوروبەری گۆماوی رووباری ڤۆڵگا باڵادەستبوو. ئینگلیز لەرێگەی ئەستراخان و دەریـای قەزوین و باکۆ و شەرەوانەوە توانیان بێنە ناو ئێران؛ بەڵام لەدوای شـەش گەشتی لـەمجۆرە و بـەهۆی ئـاژاوەی نـاوخۆی ئێـران و ترسـی چـەتەکان ئیـدی ئـەم کۆمپانیـا ئینگلیزییـە پەیوەندییەکانی پچڕاند.

لەلایەکی دیکە شا لەگەڵ ئەو گیانبازە ئینگلیزانەی هاتبوونە ناو ئێران (ئەنتۆنی و رۆبێرت چێرلی) پەیوەنـدی سـازبکات کـە ئـەوانیش بیسـت و پێـنج یاوەریـان لەگەڵـدا بـوو و لەنێوانیشیاندا شارەزایەکی تۆپهاوێژیشی تێدابوو، هەر هەموویشیان لەخزمەتی شادا کاریان دەکـرد. ئـەوەبوو ئێرانییـەکانیان فێـری هونـەرە سـەربازیەکان دەکـرد و تیپێکـی تـۆپ هاوێژیشیان پێکهێنا و سوپاکەشیان پڕچەك کرد، جگە لەمەش رۆبێرت چێرلی خودی خۆی

بەشداری جەنگی دژ بەعوسمانییەکانی کرد. بەسـایەی ئـەو راهێنانانـەو ئـەو پێداویسـتیە سـەربازیانەوە شا توانی بەسـەر عوسمانییەکاندا سەرکەوێ.

لەبەر ئارەزووی زۆری بۆ گەورەکردنی سـەرمایەکەی، شا دەستی بەسـەر بازرگـانی حـەریردا گرت و ئەم بابەتە گرانبەها و گرنگە بۆ ئەوەی دووربێ لەبەخشینی ئـەو باجـە گومرگییـە گەورەیەی کە عوسمانییەکان لەبەرانبەر تێپەڕبوونی کالاکانی ئێرانی بەنێو خاکیاندا لەسەری دانابوون، لەرێگەی کەنداوی عەرەبییەوە هەناردەی دەکردن. بۆیە ناچاربوو کەوا لەهیندستان و بەیارمەتی ئینگلیزەکان لەدژی پورتوگالیەکان بجەنگێ، ئاماڵجی کۆمپانیـای ئینگلیزیـی خۆرەلاتی هیندستانبوو تا کـالا خوریـیـەکانی لـەخاکی ئێـران سـاغبکاتەوە. بەمشێوەیە پەیوەندییە بازرگانیەکانی نێوانیـان لەبەنـدەری جاسـك دروسـتبوو و، ئـەم پەیوەندییـەش رووخـانی بنکـەی هـورمزی لێکەوتـەوە بەدەسـتی ئێرانیـەکان. پاشـان زۆر بـەخێرایی هۆڵەندییەکانیش لەگەڵ ئێراندا جموجۆڵی بازرگانیان دەستپێکرد. شا لەلایـەن خۆیـەوە زۆر بەچاوتێری مامەڵەی لەگەڵ بازرگانە ئەوروپییەکاندا دەکرد. ئەوەبوو پەیڕەو کردنی فەرمانـە ئایینیەکانیانی بۆ مسـۆگەر کردن و چەندین پرد و خانیشی بۆ سازکردن.

هەرچەندە شا خەریکی جەنگێکی زۆر بوو، بەڵام ئەوەشی لەبیرنەچوو کە گرنگی تـەواو بـە گەشەپێدان و بەرەوپێشچوون بدا، بۆیە دەستی کرد بەدروسـت کردنـی چـەندین مەیـدان و باخی گشتی و باڵەخانەی بەرزو کۆشك و مزگەوت.

ئەگەر مردن نەبووایە هەرگیز شا عەباسـی یەکـەم لەبەرچـاوان ون نـەدەبوو، چـونکە ئـەو بەتەواوی جێگەی خۆی لەنێو دڵی خانەوادەی سەفەوییدا کردبۆوە. لەبەر پارێزکـاری تونـدو بەردەوامی لەجیاتی ئەوەی رایان بێنێ لەسـەر هونەرەکانی جەنگ و بـەڕێوەبردن فەرمانیـدا کوڕەکانی بکوژن و چاویان بکوڵن و لەگەڵ ئافرەتان و نێرەموکاندا بەندیان بکەن. ئـەوانیش هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە هەموو کاتی خۆیـان لەمـەی خواردنـەوەو رابواردنـدا بەسـەر دەبرد.

بەمشێوەیە چەند پاشایەکی لاواز و بێ توانا بوون بەخاوەنی عەرشی سەفەویی کە ئەوانیش سەفی شا و شا عەباسی دووەم و سلێمان شا و شا سوڵتان حوسێن، لەسەردەمی ئەوانیشـدا پلەوپایە کارگێرییە بەرزەکان وەك کالاکـانی نێـو بـازاڕ سـەوداو مامەڵـەیان پـێ دەکـراو

بەمیراتگرییش کوڕ لەباوکییەوە بۆی دەمایەوە، لەلایەکی دیکـەوە مووچـەی ئەفســەرەکان بەهۆی نالەباری بودجە و دەسبەسەرداگرتنی ئەنجوومەنی دارایی بۆ (بيت المال) و حاکمەکان و بەڵێنـدەرەکانی بـاج و سـەرانەکان هەمیشـە خـەریکی گەنـدەڵی بـوون و زۆربـەی ئـەو پارەوپوولانەی لەم بوارانەدا دەستیان دەکەوت دەچوونە گیرفانە تایبەتییەکان و تـەنها سـێ یەکی ئەو پارانە دەگەیشتنە گەنجینەی دەوڵەت.

بەهۆی ئەمانەشەوە یەکێتی ریزی سوپاکەیان کە ستووندەی دەوڵەت بوو شـلۆقی تێکـەوت و، لەولاشەوە عوسمانییەکان بە سەرۆکایەتی سوڵتان موردای چوارەم هێرشیان هێنایە سـەر بەغداو دەستیان بەسەرداگرت، هەروەها هۆزەکانی ئۆزبەکیش سەرلەنوێ دەسـتیان کـردەوە بەپەلاماردان و خۆراسـانیان داگیرکرد، بەو هۆیانەوە باری سیاسیی لـەولاتی پشت رووبـار رووی لەلێژی کرد و ئەنجام لێکهەڵوەشانەوەی لێکەوتەوە، هەروەها شازادە عوممانیش توانی مەسقەت لەژێر دەسەلاتی پورتوگالییەکان دەربهێنێت و بەردەوام هێرش و پەلاماری دەکردە سـەر بەندر و کەناراوەکانی ئێرانیی لەکەنداوی عەرەبیدا.

ئێرانیش لەم کاتوساتانەدا خۆی ئامادە دەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی گرنگ کەمەترســی زۆری خستبووە سەریان، ئـا لـەو کاتـەی شـا سـوڵتان حوسـێن کـەناوبانگی بەدڵســۆزیی دەرکردبوو ناوەندو پلەو پایە گرنگەکانی دەوڵەتی دەبەخشیە پیاوانی ئایینی و خەساوەکان، ئەوانەش بێگومان لەتایبەتمەندیەکانی جـەنگاوەران بـوون، پاشـان دوو نێـردراوی رووسـی گەیشتنە ئەسـفەهان و رووسـەکان خۆیـان ئامـادەکرد بـۆ هێـرش و پـەلاماردانی ولات. ئەفغانیە سونیەکانیش لەلایەن خۆیانەوە شۆڕشیان لەدژی دەسەلاتی سـەفەویی لەقەنـدەهار راگەیاند و ئەم کارەش پشێوی و ئاڵۆزیەکی زۆری لەئێراندا لێ کەوتەوە.

ئاشکرایە کە مێژووی سەفەوییەکان پڕیەتی لە ململانێی توندو بێبەزەییانەی نێو ئەندامانی خانەوادەکەیان و کار گەیشتە ئەوەی کوڕ و بـراو نـەوەو خزمـەکان بەئاسـانی بکـوژرێن و لەناوبرێن و ئەم کارەشیان لەزۆربەی سـەردەم و قۆناغەکانیانـدا هـەر بـەردەوامبووە، ئـەم دیاردەیش مۆرکێکی بەرچاوی ئەو سەدەیەبوو و تەنانەت لەدەوڵەتی عوسمانی و مـەگۆلیش لەهیندستاندا بوونی هەبوو. لەهەندێك سەرچاوەی تایبەت بەم مێژووە ئەوە بەرچاو دەکەوێ کەوا پاشا سەفەوییەکان کارو کردەوەی ئەوتۆیان ئەنجامـداوە هـەرگیز لەگـەڵ بنـەماکانی

ئایینی ئیـسلام ناگونجێن، کاتێکیش باسیان لێوە کراوە هیچ لێدوانێکیان لەسـەر نـەداوە و وەکو خۆی بەجێیان هێشتووە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی بەزمانی عەرەبی دەربارەی مێژووی سەفەوییەکان هـەن ژمارەیـان زۆر کەمە، بۆیە پەرتووکخانەی عەرەب پێویـستی بە خوێندنەوەیەکی زانسـتیانەی بـەرفراوان و گشتگیر هەیە تا بەهۆیەوە چارەسەری لایەنەکانی مێژووی ئەم خانەوادەیە بکـات، چـونکە رووداوەکانی نێو ئەم مێژووە پەیوەندی بە باری ئێستاو پێشـکەوتنە سیاسـیەکانی هەیـە، هەروەها بۆ ئەوەی نەوەکانمان ئاگاداری تەواوی گرنگیـی مێـژووی ئیسـلام بـن و، چـونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەشێوەیەکی گشتیی کاریگەری بەسەر رەوتی موسوڵمانانەوە هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەمدا پشتم بە چـەندین جـۆر سەرچـاوە بەسـتووە، کـە خوێنـەر دەتـوانێ دەستیان بخا.

بەڵام بۆ لایەنی سازکردنی بابەتەکان، وام بەچاکزانی دابەشی سەر هەشت بەشیان بکەم:

- لەبەشی یەکەمدا باسی لایەنی سیاسـی ئێـرانم کـردووە بـەر لەدروسـبوونی دەوڵـەتی سـەفەویی، کەلەسەر ئەو خاکەدا زۆرێك لەولاتانی ئەوکات بەدرێژایی مێژوو جـەنگ و کێشەیان لەسـەرکردووە، دواییـنەکانیشیان دەوڵەتـەکانی تـەیموری و قـەرە قوینلـوو و ئالاق قوینلوو بوون، بەهۆی ئەمانەشەوە ولاتەکە بەشـبەش کـرا و دووچـاری چـەندین کاری وێرانکاری و خاپوورکردنەوەبوو، بۆیە هەمیشە ئێرانیەکان بەئومێـدی ئـەوەبوون کەسێك پەیدابێ لەم نەهامەتییەیان رزگاربکات و ولاتەکەیان یەکبخاتەوە.
- لەبەشـی دووەمیشـدا تیشـکم خستۆتەسـەر سـەرهەڵدان و سـەرفرازی خانـەوادەی سەفەویی. ئـەم خانەوادەیـە لەئـەردەبیلی ئازەربێجـان سـەریان هەڵـداو ئـەوان سـەر بەخانەوادەی شێخ سەفیەدین ئیسحاقن کەیەکێك بـوو لەسـۆفیەکانی مـەزەبی ئیمـام شـافعی و شێخەکانیشـیان تایبەتمەنـدیان لـە رێنیشـاندان و وتـارخوێنیی ئـایینی وەرگرتبوو. بەڵام بەهۆی ئەو بارە سیاسی و ئایینیەی باڵی بەسـەر ولاتدا کێشابوو ئـەم خانەوادەیـە لەسـەر دەسـتی یـەکێك لەشـێخەکانیان کەئـەویش شـێخ جونێـد بـوو هەڵگەڕانەوەو هاتنە سـەر مەزەبی شیعی دوازەمەزەبیی. ئەم خانەوادەیەش بەسەرشانی

هۆزە تورکمانەکانی نێو دۆڵەکانی ئەنادۆڵەوە گەشەیانەند و سەریان هەڵداو ناوبانگیان دەرکرد.

- هەروەها بەشی سێیەمم بۆ لێکۆڵینەوە لەدامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەویی شا ئیسماعیلی یەکەم تەرخانکردو تیایدا ئەو هەولانەم روونکردەوە کەدابووی بۆ دامەزراندن و فراوانکردنی دەوڵەتەکەی، لەلایەکی دیکەش باسی ئەو پەیوەندیانەم کردووە لەگەڵ دراوسێکانی وەك: ئۆزبەکەکان لەلای خۆرەلات و عوسمانییەکان لەلای خۆراوا کەبەوە ناسرابوو بەهۆی مەزهەبایەتییەوە دوژمنایەتی دەکردن و هەردەم شا لەهەوڵی فراوانکردنی ولاتەکەیدابوو. لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکانی شا لەگەڵ ئەوروپییەکاندا تەنها لەچوارچێوەی ئەوەدابوو کەئەوروپییەکان قایل بکات لەدژی دوژمنەکانی یارمەتی بدەن.

- بەشی چوارەمیشی لیستێکی لەخۆگرتووە و پێکهاتووە لەرووداوەکانی مێژووی سەفەویی ئەویش لەسەردەمی سێ کەسایەتی کەیەك لەدوای یەك حوکمی دەوڵەتەکەیان بەدەستەوە گرتووە: تەهماسبی یەکەم و ئیسماعیلی دووەم و محەمەدی خودابەندە. شایانی باسە لەسەردەمی ئەواندا پشێویەکی سیاسی زۆر بەرفراوان لەمێژووی سەفەوییەکاندا دروستبوو، ئەویش بەهۆی ئەو ململانێیانەی بۆ گرتنەدەستی دەسەلات هاتنە ئاراوەو، لەپێناویشیدا هەوڵی لەناوبردنی سەرجەم رکابەرەکانیان لەخانەوادەی دەسەلاتدار دەدا. لەراستیشدا ئەو پاشایانە شێوازی ئاسایی خۆیان، ئەوەی کەدامەزرێنەرەکەیان دایبابوو دەگرتە بەر بۆ سازدانی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دراوسێ موسوڵمانە سونیەکان و ئەوروپییەکان.

- لەبەشی پێنجەمیشدا پەردەم لەسەر باری ناوخۆی دەوڵەتی سەفەویی لەسەردەمی دەسەلاتداریێتی شا عەباسی یەکەم لەئارادابوو لاداوەو، ئەویش تایبەت بوو بە لەناوبردن و دامرکانەوەی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیانەی لەدژی دەسەلاتەکەیدا بەرپا دەکران، بێگومان ئەو دەوڵەتەش گەورەترین دەوڵەتی ناوچەکەبوو لەرووی دەزگای سەربازی و بواری بیناسازی مەدەنی. کەچی ئەو شایە بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە لەرووی مەزهەبیەوە سەرسەخت و زۆردارەو جاری واش هەبووە لەپێناو نەهێشتنی

دەسەلاتی دەوروبەرەکەی زۆربەی خەڵکی نزیکی خۆی لەخانەوادەی سەفەوییەکان کوشتووە یا چاوی دەرهێناون، تا کەس نەتوانێ رکابەریی بکات. بەمەش توانی خانەوادەکەی لەپیاوی بەتوانا دامالێ، ئەوانەی کەتواناى بەرێوەبردنی دەسەلاتیان هەیەو بۆیان هەیە لەدوارۆژدا ببنە جێنشین.

- هەروەها لەبەشی شەشەمدا تیشکم خستۆتە سەر ئاستی پەیوەندیەکانی دەرەوە لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم، ئەویش لەبواری پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و ئۆزبەکەکان و عوسمانییەکان و مەگۆلەکانی هیندستان کە بەکەللەرەقی و دوژمنکاری ئاشکرا ناوبانگیان دەرکردبوو. ئەوەبوو شا لەم ململانێیەی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا بەسەرکەوتوویی هاتە دەرەوە، کەتوانی دەستبگرێ بەسەر خۆراسان و چەند بەشێکی خاکی ئەفغانستان و قەندەهار و ئازەربێجان و عێراق و دیاربەکر، هەروەها چەند بەشێکیش لەکەنداوی عەرەبی وەك دورگەی هورمز و بەحرەین. جگە لەمانەش ئارەزووی دوژمنکارانەی بەرامبەر عوسمانییەکان و دڵنەوایی کردنی دۆستەکانی لەئەورووپا پاڵی پێوەنا کاروکردەوەی ئەوتۆ ئەنجام بدات کەبەتەواوی دژی بەرنامەکانی ئاینی ئیسلام بوون، وەك بەشداری پێکردنی گاورەکان لەجەژنەکانی موسڵمانان و خواردنەوەی مەی تەنانەت لەمانگی رەمەزانیشدا، هەروەها دروستکردنی کلێسا.

- لەبەشی حەوتەمیشدا باسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی شا عەباسی یەکەمم کردووە لەگەڵ جیهانی ئەورووپی، لەوانەیە ئەو کرانەوەیەی بەرامبەر بە وڵاتانی ئەورووپاو ئیسپانیا و پورتوگال و ئینگلتەراو هۆڵەنداو کۆمپانیای ئینگلیزی خۆرەلاتی هیندستان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە دوولایەنەکان سەرنجراکێشبێ. وەك هاوپەیمانیی سیاسی لەگەڵ ئەورووپیەکان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی و ئاڵوگۆری بازرگانی. لەراستیشدا هاوپەیمانێتیە سیاسیەکە سەری نەگرت، چونکە ئەورووپیەکان تەنها چاویان لەوەبوو سوود لەبازرگانیەکانی حەریری ئێرانی وەربگرن، ئەویش لەبەرئەوەی پێویستی زۆریان پێی هەبوو، لەلایەکی دیکەش بۆ ساغکردنەوەی کالا خوریەکانیان لەبازارەکانی ئێراندا. بەکردەنیش شا زۆر بەپەرۆشەوەبوو بۆ هاوپەیمانێتیی بەهەرنرخێکبێ لەگەڵ ئەورووپیەکاندا سازیبدا، بەلام رێککەوتنە بازرگانیەکانی نێوانیان وادەهاتە بەرچاو

کەلەنێوان دوو دەوڵەتی وابن یەکێکیان بـەهێز و ئەویدیکەشـیان لاوازبـێ. لەهـەمان کاتیشـدا ناوچـەی کەنـداوی عەرەبیشـی خسـتەی نێـو بازنـەی ململانێـی وڵاتـە داگیرکەرەکانی جیهان، ئەوانەی هەمیشە لەپێناو داگیرکردنـی جیهـان و بـەتاڵانبردنی سەروسامانەکەی لەکێشەدابوون، کەچی ئێران خـودی خۆشـی دووچـاری ئـەو تـاڵان و برۆیەی داگیرکارەکان هات.

- لەبەشی هەشتەمیدا باسی لێکترازان و لەناوچـوونی دەوڵـەتی سـەفەوییم کـردووە کـە هەموو بنەماکانی مان و بوونی خۆی و بـەردەوامیی بـەهۆی کەڵەکـە بـوونی هەڵـەو زیادەڕەویەکان و هەڵسوکەوتە نامەسئولانەکانیان لەدەسـتدابوو کەبەدرێـژایی مـاوەی حوکمڕانی خانەوادەکەیان بەدەستیان هێنابوو. ئەوەبوو ئەفغانەکان لەلای قەنـدەهارەوە بەرەو خۆراسان پێشڕەویان کردو داگیریان کردو چوونە ناو ئێرانەوە. لەئەفغانستانیشـدا سێ کەسایەتی سەریان هەڵدا و بەدەستیی ئەوان سەفەوییەکان دەسەڵاتیان بەکۆتاهات: شازادە ئەویس و کوڕەکـەی شـازادە مـەحمود و شـازادە ئەشـرەف و، پاشـان نادرشـا ئەفشاری کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەفشاریە لـەدوای رووخـانی دەوڵـەتی سـەفەویی دەوڵەتەکەی خۆی دامەزراند.

منیش دڵنیام لەوەی کەوا خوێنەر خۆشـیی و سـوودو قـازانجێکی زۆر لـەم لێکۆڵینەوەیـە دەبینێ، هەروەها بەتەواویش هەست بەوە دەکات کەچۆن بابەتییانـە بـاس لـە رووداوەکـان کراو.

داواکارم لەخودای میهرەبان

کەخوێنەرانی بەڕێزی موسوڵمان سوود لەم هەوڵەم ببین

دانەر

بەشی یەکەم

باری سیاسی ئێران [1] پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەویی

سەرەتایەک:

بەر لەوەی دەست بەلێکۆڵینەوەی مێژووی سەفەوییەکان بکەین، پێویستە کورتەیەك لەبارەی سروشت و سیاسەتی ئەو وڵاتە بزانین، تا بتوانین دەرك بەهەموو زانیاریەکان بەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویی بکەین. لەراستیدا ئەو رەگ و ریشاڵانەی هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بزووتنەوەی پێشکەوتنی مێژوویی، بریتیی بوو لە رەخسانی بوار بۆ سەفەوییەکان تا دەوڵەتێك بۆخۆیان سازبکەن و لەسەر بەرژەوەندیی هاوسێکانیشیان سنوری دەسەڵاتی خۆیان دەوڵەمەندو فراوان بکات.

باری سروشتی:

لەلای خۆرەڵاتەوە ئێران و پاشان عیراق دێت، لەلای خۆرەڵاتیشەوە کۆتاییەکەی بە هەرێمی خۆرەڵاتی خواروی کۆن دێت، کەئەویش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەمێژوو و شارستانیەتیەکەیدا، چونکە دەکەوێتە سەر رێگای نێوان خۆرەڵاتی خواروو و هەرێمی دەریای سپی ناوەراست.

دەوڵەتی سەفەویی لەئێران پێکهاتبوو لە ئێران و ئەفغانستان و هەرێمی بلوجستان، لەرووی جوگرافیای سروشتیەوە، بەرزاییەکانی ئێران لە ئەرمینیا لەلای خۆراواو بامیر لەلای خۆرەڵات دەست پێدەکات و بەرەو ئێران هەڵدەکشێ.

---

[1] -وشەی ئێران لەناوی نەتەوە ئاریەکانەوە سازبووە کەلەمێژووی کۆندا بەرەو ئەوێ کۆچیان کردووە و لە ئاڤێستاشدا بە وشەی ئایریانا ناوی هاتووە واتە نیشتمانی ئاریەکان؛ ئەم ناوەش لەسەردەمی ئیسلامدا بەکار نەهاتووە، بەڵکو ناوی فارس بۆ ئێرانی کۆن بەکارهاتووە.

ئەویش بەگشتی شێوەیەکی سێگۆشەیی دروستدەکات کەلەپێدەشتە نزمەکانی نێوان کەنداوی عەرەبی لەخواروو و دەریای قەزوین و دەشتی تورکمانەکان لەباکور پێکدێت و هەروەها چیاکانی ئەو ناوچانەش زاڵە بەسەریداو زنجیرەیەك چیای پێدا تێدەپەڕێت کەتێیدا چەندین ڕێڕەو هەن کەلێیانەوە دەچنە ناو ئێران و، لەناوەڕاستیشدا نزمدەبێتەوە:

- چیای زاگرۆس لەخۆراواوە بەشێوەیەکی هاوتەریبی لەباکوری خۆراواوە بەرەو خوارووی خۆرەلآت درێژ دەبێتەوەو، چەندین شیو و دۆڵی گەورە لێکیان جیادەکاتەوە.

- چیای ئەلبرز لەباکور، دەڕوانێتە سەر کەنارەکانی خوارووی دەریای قەزوین و بەلای خۆرەلآتیشەوە هەڵدەکشێ تادەگاتە بەرزاییەکانی ئالآداغ کەئەویش لەباکووردا بەچیای کوبیت دەگا، لەلای خۆرەلآتیشەوە بەردەوام هەڵدەکشێ تا دەگاتە بەرزاییەکانی خاکی ئەفغانستان و زنجیرە چیای هیندۆکش کەئەویش دەڕوانێتە سەر پێدەشتەکانی تورکستان، لەلای خۆراواشەوە بەرەو ئازەربێجان هەڵدەکشێ لەوێ کۆتایی پێدێ و لەناوەڕاستی ئەو ناوچەیەشدا دەریاچەی سوێراوی ئورمیە هەیە. لەوانەیە قەرەباڵغترین ناوچە بێ لەئێران چونکە لەلای باکوری خۆراواو باکورو باکوری خۆرەلآتەوە خەڵك بەئاسانی دەتوانن بیگەنێ و هیچ کارگەریەکی گەورەشی لەمێژووی ولآتدا نییە.

- چیاکانی خۆراسان لەخۆرەلآت، کە بەرزیەکەیان کەمە و تێپەڕبوون تیایاندا ئاسانە، بەدەروازەی دووەم دادەنرێ لەچوونە ناوەوەی ئێران.

- چیای مەکران لەخواروو، دەڕوانێتە سەر دەشتەکانی عیراق و کەنداوی عەرەبی.

بەشی ناوەڕاستی خاکەکەشی پێکهاتووە لەبیابان، ئەویش دابەشی دوو دەکرێ:

- یەکەم: باکور، پێکهاتووە لەنشێوە قوراویە خوێیاوکەکان و ژیانی تێدا نییە.

- دووەم: باشور، پێکهاتووە لەناوچەیەکی وشك، ئەویش ژیانی تێدا نییە.

ئاشکراشە هاتووچۆی ئێرانییەکان لەسەدە کۆنەکانەوە هەر لەدەوروبەری پێدەشت و ئەو دۆڵانەدا بووە کە کۆمەڵێك بەرزایی لەدەرەوە دەوری داون.

هەندێك پێدەشتی وەك ئەوانەی خوزسـتان لـەخوارووی خـۆراوا لـەدەرەوە بەرزاییـەكان دەوریان داون و لەپێدەشتەكانی عیراقـەوە هەڵدەكشـێن و لەكۆنیشـدا ئـەوێ باردگـای مەدەنیەتی كۆن بووەو لەپێدەشتەكانی باكوردا جێگیربوو تادەگاتە ئەو چیایانەی كـە دەڕواننە سەر دەریای قەزوین.

پێدەشتەكانی ناوخۆی ئێرانیش تەنها كاریگەرییەكی لاوەكیان هـەبووە لەدروسـتبوونی مێژووی ئێران، هەمیشە دانیشتوانەكە لەهەوڵی پەیداكردنی ئاوی سازگاربوون چـونكە لەو ناوچـەیەدا ئـاو زۆر كـەم بـوو. لەلایـەكی دیكـەوە ویلایەتـە كۆنـەكانی ئێـران و پایتەختەكانیان بەردەوام لەگەڵ بیابانەكان بەدرێژایی هەردوو ئەو ڕێگا سەرەكییەی كە دوو زنجیرە چیا دەوری داون ئەوانیش چیای ئەلبرز لەباكور و مـەكران لـەخواروو بـوون. ئەمەش كاریگەریەكی زۆری هەبوو لەسەر دروستكردنی شـاری دامغـان و مەشـهەد و ئیدیكەش، كە لەسەر شێوەی كەوانێك بوو بەدەوری بیابانە خوێاویەكە.

لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە كەوا بەرزاییـەكانی ئێـران لـەرووی سروشـتیەوە دابـەش دەبێ بۆ چـەند ناوچـەیەكی نایەكسـان كەبـەهیچ شـێوەیەك نـاتوانرێ یەكبخرێنـەوە، لەهەمان كاتیشـدا بـەرگری لێكردنـی كـارێكی ئاسـانە، ئـەوەبوو چـەند نەتەوەیـەك بەدرێژایی مێژووی خۆیان توانیان یەكرێزیەكی پتەو لەنێوانیاندا سـازبكەن و جێپەنجـەو شوێنەواری دیاریشیان تێدا جێهێشتووە، لەوانە سەفەوییەكانی بوون لەچەرخی نوێدا.

باری سیاسی:

دەسپێك: ئێران لەدرێژایی مێژووی خۆیدا ڕووبەڕووی چەندین كۆچڕەوی گەورە بۆتـەوە، لەوانە كۆچی ئاریەكان-هیندۆئەورووپیەكان-، تێیـدا نیشـتەجێبوون و شـارو لادێشـیان تێدا دروستكرد، جگە لەمەش ئیمپراتۆریەتی بەناوبانگیشـیان تێـدا دامـەزرانـد، وەك: میدیەكان، پارسیەكان، ساسانیەكان و،،، تد.

لەمێژووی ئێرانیشدا چەند ناوێك پڕشنگداربوون وەك كۆرش كەدامـەزرێنەری گەورەترین ئیمپراتۆریەت بوو لەخۆرەلات لـە شـەش سـەد سـاڵ پـێش زاییـندا، پاشـان قـەمبیز كەئیمپراتۆریەتەكەی تاكو وڵاتی میسر هەڵكشاند، ئینجا دارا هات و وڵاتـی یۆنـانی

داگیرکرد، لەدواییشدا زەردەشت ئایینی مەجوسی دامەزرانـد و ڕێساکانیشـی بریتیـی بوون لە بنچینەکانی ململانێی ئەزەلی نێوان چاکەو خراپە.

ئێـرانیش هـەروەکو ناوچـەکانی دیکـەی خـۆرهەڵاتی نـاوین دووچـاری داگیرکـاری ئەسکەندەری مەکدۆنی هاتەوە، ئەویش لەدوای مردنی خۆی ئیمپراتۆریەتەکەی لەنێوان سەرکردەکاندا دابەشکرا و پاشان دەوڵەتی سەلجوقی لەساڵی ٣١٠ پێش زایین دەمەزرا، ئەم دەوڵەتەش لەدوای مردنی شا ئەنتیخۆسی سێیەم لەخۆراوای ئێران لەساڵی ١٨٧ی پێش زایین لەناوچوو، دەوڵەتی پارسی ئاگرپەرست (مەجوسی) دامەزرا، بەڵام دەوڵـەتی ساسانی دوایین دەوڵـەت بـوو کەبـەر لـەهاتنی ئیسـلام دامـەزرابوو و موسـوڵمانەکان لـەناویان بـرد. ئـاییـنی ئیسـلام زۆر بـەخێرایی لەئێرانـدا بڵاوبـووەوە و لەسـەردەمی عەباسیەکاندا شارستانیەتێکی بەرچاوی تێدا دامەزراند.

بـەهۆی لاوازی خەلیفـەکانی عەباسـی کەلـە سـەدەی سـێی کۆچـییەوە بـەڕوونی بەرچاوکەوت، دەوڵەتی عەباسی دووچاری لێکترازانی زۆر توون‌د بووەوە، ئینجا دەوڵەتە جیاخوازەکانی وەك دەوڵەتی تاهیریی و سەفاریی و سامانیی و بویهیی و سـەلجوقیەکان دامەزران، بێگومان ئەمانە بەر لەپەلامارەکانی مەگۆل بوو لەسەدەی حەوتەمی کۆچی (سیانزەهەمی زایینی) و، ئینجا کەوتە ژێر چەپۆکی بێبەزەییانە و دوژمنکارانەیان کە ئەوان بتپەرستبوون و دوژمنی سەرسەختی موسوڵمانان و ئیسلام بوون، پاشـان ئەوانـە بـوون بەموسـوڵمان، ئینجـا وردە وردە ئێرانیـەکان جێپێـی خۆیـان لـەژێر حـوکمی ئێلخانەکانی مەگۆلیدا بۆخۆیان کردەوە.

کـاتێکیش ئێلخانیـەکان لاوازبـوون وڵات دووچـاری پـەلامارێکی توونـدی مەگۆلـە تورکـەکان بەسـەرکردایەتی تەیمورلـەنگ بـووەوە و لەسـاڵی (١٣٦٩ز) دەسـتی بەسەرداگرت، ئەو دەوڵەتەی دروستی کرد پێکهاتبوو لەزۆرینەی ئەو تورکانەی سەر بە شارستانیەتی ئێـران بـوون، بـەڵام زۆری نەخایانـد لـەدوای مـردی تەیموورلـەنگ ئـەو دەوڵەتانە بەخێرایی لێکترازان و باری سیاسی ئێران بەرەو خراپتر چوو:

- ململانێی خانەوادەیی لەنێوان جێنشـینەکان، دووبـەرەکی و پشـێوی بـاڵی بەسـەر وڵاتدا کێشا.

- ململانێی نێوان هۆزە تورکمانەکان بەتایبەتی هەردوو هۆزی قەرە قوینلۆو و ئـالاق قوینلۆو.
- هێزی ئۆزبەکەکان لە ناوچـەکانی پشـت رووبـار[٢] چـڕدەبێتەوە، لەوێشـەوە بـەرەو خۆراوا هەڵکشان.

هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆڕیەتی تەیمووریی:

ئیمپراتۆڕیەتەکەی تەیموورلەنگ زۆر فراوانبوو و لەدوای مردنی خۆی بـەجێی هێشـت، بەلاّم ئەم بەرفراوانییە گەورەیە هیچ کارگەرییەکی نەبوو لەسـەر بـەردەوامیی، چـونکە دووچاری چەندین ململانێی خانەوادەیی بـووەوە، بەمـەش هێـز و یـەکێتی ریزەکـانی لەدەستدا و تەنها ١٥٠ ساڵ مایەوە (١٤٠٥-١٥٠٧ك)، بەر لەمردنیش تەیموورلەنگ کوڕو نـەوەکانی کردبـووە بەرپرسـی ویلایەتـە جۆربـەجۆرەکان و هـەر یـەکێك لـەوان هەرێمێکی لەبەردەستدابوو هـەوڵی دەدا لەسـەر بەرژەونـدی ئـەوانی دیکـە موڵـك و سامانەکی زیاد بکات.

کاتێکیش تەیموورلـەنگ مـرد مـیران شـا حـاکمی ئازەربێجـان و عـیراق و دوورگـەی فوراتیەبوو، بەلاّم شاروخ حاکمی خۆراسان و هەرات و پیرمحەمەدی کوڕی جیهـانگیریش حاکمی غەزنە و باپیریشی کردی بەجێنشینی خـۆی، ئۆلـوغ بـەگی کـوری شـاروخیش حاکمی تورکسـتان و پشت رووبار و، ئیبراهیم سوڵتانی براشی حاکمی بەلخ و لورستان و فارس بوو. لەئەنجامی ئەو شەڕو ئاشووبانەی لەنێوانیاندا هەڵگیرسا میراتەکە هەمووی لەنێوان میران شاو شاروخ گیریخوارد، ئەوەبوو یەکەمیان لەگەڵ کوڕەکانی بەکرو عومەر شـێخ عـەلی و ئێرانـی خـۆراواو عـیراق و دوورگـەی فوراتییـەو ئـەرران و کـەرەج و ئـەرمینیای بەرکـەوت و شـاروخیش خۆراسـان و هـەرات و پشـت رووبـاری کەوتـە ژێردەست.

بـەگوێرەی وەسـیەتنامەکەی تەیموورلـەنگ پیرمحەمـەد حـاکمی شـەرعی بـوو، بـەلاّم میرەکانی شاری ئۆترار میرزا خەلیلی کوڕی میران شایان هەڵبژارد بۆ حوکمڕانی ولاّتـی

٢ -مەبەسـت ئەو ولاّتەیە کەدەکەوێتە پشت رووباری جیحۆن لەخۆراسان.

پشت رووبارەکان و تورکستان، لە (٦ئازار١٤٠٥ز) لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، هەمووشیان وایان بەبیردا دەهات کە لەسەر حسابی چین ولاتەکەیان فراوان دەکات و دەوڵەمەندیان دەکات، کەئەمەش پرۆژەی تەیموورلەنگ بوو، بەلاّم ئەو هەرگیز شایانی ئەو لێپرسراوێتییە نەبوو کەخستبوویانە سەرشانی.

لەراستیشدا میرزا محەمەد تووشی چەندین کێشەو گرفت هات، چەندێك لەمیرەکان لەبەر نالەباری هەڵسوکەوتی لەژێر فەرمانی هاتنەدەر، لەلایەکی دیکەشەوە فشاری زۆری لەلایەن شاروخی مامیەوە بۆ هات بەمەبەستی لەدەست دەرهێنانی سامان و دەسکەوتەکانی ولاتی پشت رووبارە، چونکە لەدوای مردنی تەیموورلەنگ ئەو دەستی بەسەرداگرتبوو، بەلاّم توانی مامی بەوە قایل بکات کەبەندە فەرمانیەتی و بەشێکی لە گەنجینەکانی تەیموورلەنگیشی دایە و پاشان کردی بەحاکمی ولاتی پشت رووبار و گەڕایەوە بۆ خۆراسان، هەروەها لەلایەن پیرمحەمەدیشەوە فشاری بۆ هات کەئەویش چاوی تەماعی بڕیبووە تەختی پاشایەتی و هەرچەندێکیش هەوڵیدا بۆ لەناوبردنی بەلاّم بێسوود بوو و هەوڵەکانی سەریان نەگرت. کاتێکیش خەریکی دروسکردنی سوپا بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەچی لە (١٤٠٦ز) بەدەستی یەکێك لەسەرکردەکانی خۆی تیرۆرکرا.

پاشان لەلایەن یەکێك لەشازادەکانەوە میرزا خەلیل لادراو خرایە زیندانەوە، لەولاشەوە حاکمی کەشغەر دەستی بەسەر ولاتی پشت رووباردا گرت، بۆیە شاروخ ناچاربوو بچێتە ئەوێ و هەوڵبدا بارە شلەژاوەکە ئارام بکاتەوە، ئەوەبوو میرزا خەلیلی ئازادکردو کردیە حاکی رەیی و فەرمانی پێکرد کەوا دەسبەسەر عیراقدا بگرێت، بەلاّم ئەو هەر لەرەیی بەدەستی یەکێك لەفەرمانبەرەکانی خۆی لە(٤تشرینی یەکەم١٤١١ز) کوژراو شاروخیش ئۆلۆغ بەگی کوڕی لەجێدانا.

بەشی لای خۆراوای ئیمپراتۆریەتی تەیموورلەنگ کەلەژێر فەرمانڕەوای میرانشا بوو دووچاری پشێوی و شلەژان هات، چونکە میرانشا مێشکی نەخۆش کەوت و هێزی بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتیەکانیشی تا دەهات لاوازتر دەبوو، بۆیە هەردوو کوڕەکەی ئەبابەکر و عومەر شێخ هاوکاریان دەکرد لەبەڕێوەبردنی ولاّت، لەبەرئەوەی هی دووەمیان لەرووی کاروبارە گشتیەکانەوە شارەزاتربوو، ئەم توانایە وای لێکرد چاو

بریتە دەسەلات و براکەشی خستە زیندانی سولتانییەوە، بەلام میرانشا هەلات و چووە خۆراسان، کەچی لەشەڕێکدا لەگەڵ قەرەیوسفی سەرۆکی قەرە قوینلۆو و لەململانێی بۆ دەسبەسەرداگرتنی ئازەربێجان لە(٢١نیسان١٤٠٨ز) کوژرا، دانیشتوانی تەوریزیش بانگهێشتی ئەبابەکریان کرد کە ئەوکاتە لەزیندان هەلاتبوو و کردیانە حاکمی خۆیان. ئینجا عومەر شێخ عەلی مامیشی تووڕەبوو و شەڕی لەگەڵدا کردو بریندارینداری کرد و پاشان هەر بەهۆی ئەو برینەوە گیانی لە (ئایار١٤٠٧ز) لەدەستدا و لەهەمان کاتیشدا ئەبوبەکری برای لەگەڵ قەرەیوسفی تورکمانی لەکرمان روویەروو بووەوەو لەوێش وەدەرنراو شکستی خوارد و لەهەمان سالدا ئەویش کوژرا. بەمشێوەیە کۆتایی بەژیانی میرانشا و هەردوو کوڕەکەی ئەبابەکر و عومەر شێخ پاشان وەك باسمان کرد میرزا خەلیل هات.

لەدواییدا شاروخ گیرخواردبوو بەدەست یاخیبوونی برازاکانی و دوژمنایەتی قەرەیوسف و کوڕەکانی تا ناچاربوو چۆکی پێدادان. ئینجا بارە سیاسیەکەی لەبەرژەوەندی ئەودابوو و یارمەتیدەری بوو بۆ فراوان کردنی ولاتەکەی. لەسالی (٨١٧ك-١٤١٤ز) دەستی گرت بەسەر جەرجان و مازەندەران و هەروەها لەدوای دووسال کرمانیشی داگیرکردو لەژێر دەسەلاتی سولتان ئەویسی کوڕی میر ئەیدیکۆ برلاسی دەرهێنا، بەمشێوەیە بەردەوام لەفراوانکردن یا بەشەڕو کوشتار یاخو بەهاوپەیمانێتی تاکو لە(٨٢٣ك-١٤٢٠ز) توانی دەسبەسەر بەشی خۆرەلاتی ئیمپراتۆریەتی تەیموورلەنگدا بگرێ کە جگەلە ناوەڕاستی عیراق و ئازەربێجان لەولاتی پشت رووبارو جەرجان و سیستان و باشووری ئێران پێکهاتبوو و، لەدواییشدا جێنشینی تەیموورلەنگیشی کوشت.

لەولاشەوە شاروخ لەدژی ویستەکانی قەرەیوسفی تورکمانی و کوڕەکانی وەستا، کە نیازی دروست کردنی ئیمارەتێکیان هەبوو لەئازەربێجان. لەراستیشدا قەرە قوینلۆوەکان ماوەی چەندین سال هەڕەشەیەکی جدیان بۆ ئیمپراتۆریەتی تەیموورلەنگ سازکردبوو، بۆیە شاروخ هەولیدا کێشەکە لەگەڵ قەرەیوسف بەئاشتیانە یەکلابکاتەوە، بەلام لەمەدا سەرنەکەوت، ئەوکاتە هیچی بەدەستەوە نەما تەنها چارەسەری سەربازی نەبێ. ئەوەبوو سێ هێرشی سەربازیی لە(٨٢٣ك-١٤٢٠ز)و (٨٣٢ك-١٤٢٩ز)و (٨٣٨ك-١٤٣٤ز)

بۆ کردو لەکۆتاییشدا تـوانی هـۆزی قـەرەقوینلۆو ملکـەچ بکـات، جیهانشـای کـوڕی قەرەیوسف هاتە ژێر فەرمانی و کردی بەحاکمی ئازەربێجان، بەڵام ئەسـکەندەری بـرای هەڵات و قەرەیوسفی باوکیشیان لەپەلاماری یەکەمیی شاروخدا کوژرا.

دوای لەناوبردنی قەرەقوینلۆو، شاروخ هیچ هێرشێکی گرنگی دیکەی بۆ هیچ شـوێنێك ئەنجامنـــەدا، ڕووی لـــەبنیاتنان و ئاوەدانکردنـــەوە کـــرد و هەوڵیـــدا پەیوەندییـــە دۆستایەتیەکانی لەگەڵ دراوسێکاندا بپارێزێت، بەتایبـەتی هینـدسـتان و چین و تبـت، لە(٢٥/زی الحجە ٨٥٠ك-١٣ئازاری١٤٤٧ز) لەدوای ژیانێکی پڕ لەخـەبات و تێکۆشـان لەپێناو گێڕانەوەی یەکێتی ڕیزەکانی مەملەکەتی بـاوکی و بـەدیهێنانی سـەقامگیریی تێیـداو ڕزگـارکردنی لـەلێکترازانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی کەسـاڵانێك بـوو هـەر لەسەردەمی دوای مردنی تەیموورلەنگ پێوەی دەناڵاند، لە ڕەی کۆچی دوایی کرد. ئـەم پیـاوە بەیـەکێك لەحاکمـە هـەرە لێهاتووەکـانی ئێـران دادەنرێـت. ناوبانگیشـی بەئایینپەروەری و لەخواترسی و دادپەروەری و دەسکراوەیی دەرکردبوو، زانستیشـی زۆر خۆش دەویست، هەمیشە هانی قوتابیانی دەدا کەبخوێنن و فێربن، گرنگی بەهونـەریش دەدا، زۆرێـك لەشـوێنە ڕووخاوەکـانی سـەردەمی جەنگـەکان سـاز و ئـاوەدانکردەوە، قەڵایەکیشی لەسەر ڕووباری هەندەوان دروستکرد، داوای لەسەرجەم بریکارەکـانی کـرد لەهەرێمەکانیاندا بینا و باڵەخانە سازبکەن. ئێستاشی لەگەڵدابێ جێ پەنجەی هەرماوە، لەهەمووشیان گرنگتر: قوتابخانەی هەرات و قوتابخانەی مەشـهەدن کەتائێسـتاش نـاوی ئەوانی هەڵگرتووە. شاروخ شاعیرو خۆشنووس بوو، هـەرات لەسـەردەمی ئـەودا بـووە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی شاعیران و زانایـان و ئـەدیبان و خۆشنووسـان و شـێوەکاران، پەرتوکخانەیـەکی گەورەشـی دامەزرانـد، لەسـەردەمی ئەویشـدا باشـترین پـەرتووکی مێژوویی فارسی نووسران.

بەڵام دەوڵەتی تەیووری لەدوای مردنی شـاروخ دووچـاری چـەندین کێشـەو ململانێـی خانەوادەیی توندو درێژخایەن بووەوە کەزۆر بەخێرایی هەڵوەشایەوەو کۆتـایی پێهـات. لەڕاستیدا شاروخ کێشەی جێنشینی خۆی چارەسـەرنەکرد، بـەڵام ئاشـکرابوو ئەوکاتـە کەمحەمەد جوکی کوڕی کەحاکمی بەلەخ بوو لەلا لەهەمووان باشتر بـوو بـۆ خەلافـەت،

بـەلاّم ئـەم کـوڕە سـێ سـاڵ بـەر لـەمردنی بـاوکی کۆچـی دوایـی کـرد. کەچـی جەوهەرەشادئاغای هاوسەری شاروخ بەنهێنییەوە پشتیوانی لە عەلائی کوڕی بایسـتقەری کوڕی شاروخ دەکرد. زانراویشە کەئەم خانمە هەمیشە خـەریکی سیاسـەتی دووفاقـەیی بوو کەچی شاروخ لەکۆتاییەکانی سـالآنی حـوکمڕانی گرنگـی زۆری بـە عەبدوللـەتیفی کوڕی ئۆلۆغ بەگ دەدا، چونکە بەلایەوە ئـەو خـاوەنی کۆمـەڵێك سـیفاتی سـەرکردەی سەربازی بوو، بۆیە لەگەڵ هەردوو وەزیرەکەی خـۆی غەیاسـەدین پیرئەحمـەدی خـوافی و خواجە شەمسـەدینی سەمنانی ناردییە هەرات و لـە(٨٤٥ك-١٤٤١ز) کردیـە حـاکمی ئەوێ.

ئـەم دوو وەزیـرە لـەپێناو وەدەسـتهێنانی تـەختی پاشـایەتی لـەدوای مردنـی شـاروخ پشتگیرییان لەعەبدوللەتیف کرد، بەلاّم جەوهەرشادئاغا هانی هەندێك لەشـازادەکانیدا تا پشتیوانی لەعەلا بکەن کەئەو کاتە حاکمی هەرات بوو بۆ گرتنە دەسـتی دەسـەلاّت لەدوای مردنی باپیری، عەبدوللەتیفیشی قایل کرد پلەی سەرۆکی سوپا وەرگرێ. پاشان عەبدوللەتیف نامەیەکی بۆ باوکی ناردو تیایدا باسی ئەو گۆڕانکاریانـەی بـۆ کـرد کـە لەدوای مردنی شـاروخەوە هاتبوونـە ئـاراوە، بەپەلـە خـۆی گەیانـدە خۆراسـان تـاکو کێشەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی یەکلابکاتەوە. لەڕووباری جیحۆن پەڕیەوەو دەستی بەسـەر بەلخدا گرت و لەسەمەرقەند مایەوەو، هەوڵەکانی میر ئەبیبەکری کوڕی محەمەدی کوڕی جوکی بۆ دەسبەسەردا گرتنی تەختی پاشـایەتی پوکانـدەوەو، تـاوانی خیانەتکاریشـی دایەپاڵ و هەر لەسەمەرقەندیش کوشتی و لەناوی برد. کاتێکیش عـەلا بەمـەی زانـی عەبدوللەتیفی قۆڵبەست کرد و خستیە زیندانەوە، بۆیە ئۆلوغ بەگ ناچـاربوو کێشـەکە بەگفتوگۆ چارەسەربکات و لەئەنجامدا بڕیاردرا عەلای هەر بەحاکمی هەرات بمێنێتـەوەو لەبەرانبەریشدا عەبدوللەتیف ئازاد بکرێ و، پاشان ئەویش گەڕایەوە سەمەرقەند.

جارێکی دیکە ململانێی نێـوان ئۆلـوغ بـەگ و عـەلای لـەپێناوی دەسـەلاّت دەسـتی پێکردەوەو، سەرکەوتنەکەش بۆ بەرژەوەندی ئۆلـوغ بـەگ بـوو لـە(٨٥٢ك-١٤٤٨ك) و مەشهەدی خسـتە ژێـر دەسـەلاّتی خـۆی و لەهـەمان کاتیشـدا کوڕەکـەی چووە نـاو هەراتەوەو ئەوێشی داگیرکرد، ئەم بەرفراوان بوونەی دەسـەلاّتیان ڕێگەخۆشـکەربوو بـۆ

هێرشکردنە سەر خۆراسان و عەلای لەلای خۆیەوە بەرەو شیراز هەلآت و پەنای بردە بەر ئەبی قاسمی بابری برایەوە.

ئۆلوغ بەگ لەکاتی حوکمڕانی خۆیدا دووچاری چەند گرفتێك هاتەوە کەنەیدەتوانی خۆیانی لێدەرباز بکات، لەوانە:

- لەدوولایەنەوە دووچاری فشاری دەرەکی بووەوە، لەلای خۆئاواوە هۆزی قەرە قوینلۆو جێپێی خۆیان لە باکوری خۆرەلآتی ئێران و خۆرەلآتی ئەنادۆڵ قایم کرد ئەویش لەدوای ئەو سێ هێرشە سەرنەکەوتووەوە هات کەکاتی خۆی شاروخ لەدژی ئەوان ئەنجامی دابوو و لەناوەڕاستیشیدا ئیمارەتێکی بۆخۆی دامەزراند، پاشان دەستی کرد بەپەلاماردانی زەویەکانی تەیموورلەنگ. لەلای خۆرەلآتیشەوە سەرۆکی ئۆزبەکەکان ئەبوخێر (٨٣١-٨٧٣ك/١٤٣٨-١٤٦٨ز) هێرشی هێنا بۆ سەر ولآتی پشت رووبار و گەیشتە دەورووبەری سەمەرقەند و هەمووی سووتاندو گەڕایەوە بۆ ولآتی خۆی.
- لەناوخۆشدا عەبدوللەتیفی کوڕی بەیارمەتی ئەبی قاسمی بابر لەساڵی (٨٥٣ك-١٤٤٩ز) شۆڕشێکی لەدژی ئۆلوغ بەگ بەرپاکردو، لەئەنجامدا شەڕێکی گەورە روویدا و ئۆلوغ بەگ لەلایەن کوڕەکەیەوە بەدیل گیرا، ئینجا داوای لەکوڕەکەی کرد ئازادی بکات بۆ ئەوەی حەجی ماڵی خوا بکات، بەلآم لەڕێگا لەنزیك سەمەرقەند لە (١٨رەمەزان/٢٥تشرین)ی هەمان ساڵدا کوژرا، پێشدەچێ کەوا کوڕەکەی دەستی هەبووبێ لەئەنجامدانی ئەم کارە.

بەلآم عەبدوللەتف لەدوای مردنی باوکی تەنها ماوەی شەش مانگ لەحوکمدا مایەوە، چونکە بە کەللەرقی و بەدرەوشتی و ناوبانگی دەرکردبوو و لەکۆتاییشدا لەناوخۆی ولآتەکەی بەهۆی ئەم کردەوانەی شۆڕشێك بەرپابوو و لەدەرەوەی سەمەرقەند لە(٢٦رەبیعی یەکەم ٨٥٤ك- ١٠ئایاری١٤٥٢ز) کوژرا.

لەدوای ئەویش عەبدوڵلآی کوڕی سوڵتانی کوڕی شاروخی حاکمی ولآتی فارس دەسەلآتی گرتە دەست، بەلآم ئەبوسەعیدی نەوەی میرانشای حاکمی سەمەرقەند

ململانێی لەگەڵدا کردو چاوی بڕیبووە خۆراسان و سەرجەم خاکی ئێران، کەچی لەو جەنگەدا شکستی خوارد و بۆ لای ئەبوخێر هەلات و داوای یارمەتی لێکرد، ئینجا لەساڵی ١٤٥١ز دا هێرشی هێنا بۆ سەمەرقەند و دەستی بەسەرداگرت و عەبدوڵلای کوشت و بوو بەحاکمی ئەوێ، بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو بەیارمەتی سەرکردە تەیمووریەکانی هەرات و غەزنە و کابوڵ وسیستان و خوارزم دەستی کرد بەفراوانکردنی زەویەکانی و جەوهەر شادئاغای هاوسەری شاروخی لە(٣١تەموزی١٤٥٧ز)دا کوشت لەبەر ئەوەی کەوا ڕێگریی لێکرد و لەپاشاندا دەسەلاتی بەسەر تەواوی وڵاتی پشت ڕووباردا سەپاند.

لەدوای مردنی جیهانشای حاکمی ئازەربێجان ئەبوسەعید بەرەو خۆراوا مەملەکەتەکەی هەلکشاند بەمەبەستی ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێ، بەلاّم لەلایەن ئوزون حەسەنی سەرۆکی ئالاق قوینلۆوەوە دژایەتی کراو لەنێوانیاندا شەڕ دەستی پێکرد و ئەبو سەعید بەدیل گیرا، پاشان بەدەستی یادگاری کوڕی محەمەدی کوڕی بایسنقەر لە(١٤٦٩ز)دا کوژرا، لەوانەشە کوژرانی جەوهەر شادئاغای دایەگەورەی بوویێتە هاندانێك بۆ ئەوەی ئەم کارە بکات.

لەدوای کوژرانی ئەبی سەعید دەوڵەتی تەیمووریەکان لە پشت ڕووبار لەتلەت بوو و خاکەکەشی بەسەر کوڕەکانیدا دابەشکرا. کوڕە گەورەکەی کەناوی ئەحمەد بوو سەمەرقەند و دەوروبەری بوخارای بەرکەوت، بەلاّم مەحمودی کوڕی دووەم ناوچەکانی بەزخشان و ئەو زەویانەی دەکەونە نێوان هیندۆکوش و چیاکانی حەسار لەخوارووی خۆراوای سەمەرقەند بەرکەوت. پشکی کوڕە بچووکەکەش شێخ عومەر بریتی بوو لە بوخاراو دەورووبەری و لەناویشیاندا فەرغانەبوو و کوڕی چوارەمیش کەناوی ئۆلوغ بوو کابوڵ و غەزنەی بەرکەوت.

هەموو کوڕەکان ناوبانگیان بەتەماعکاری دەرکردبوو و هەموویان هەوڵیان دەدا کەلەسەر بەرژەوەندی دراوسێکانیان خاکی خۆیان فراوان بکەن، بۆیە کوڕەکانیشیان لەدوای خۆیان هەمان ڕێچکەیان گرتەبەرو، لەم پێناوەشدا بواریان بۆ ئۆزبەکەکان ڕەخساند کەوا دەست لەکاروباری وڵاتەکەیان وەربدەن، ئەوەبوو شەیبانی خانی ئۆزبەك

لەساڵی ١٥٠١-١٥٠٢زدا هێرشی هێنایە بۆ سەمەرقەند کە ئەوکاتە لەژێر دەســەڵاتی بابری کوڕی عومەر شێخ بوو، داگیری کـردو بەمــەش تـوانی کۆتـایی لـەولاتی پشـت رووبارەکان بەدەوڵەتی تەیمووریەکان بهێنێ.

دەوڵەتی تەیمووریەکانیش لەناوخۆدا دووچاری کێشەی زۆر هات و لەدەرەوەش مەترسـی تورکمان و ئۆزبەکەکانیان هاتەسـەر و لەئەنجامـدا کۆتـایی پێهێنـان. چـونکە لـەدوای کوژرانی ئەبی سەعید حوسێن بایقەرە بەیارمەتی عەلی شێرنوائی وەزیر دەستی بەســەر تەختی حوکمڕانی تەیمووریەکاندا گرت، بەڵام لەلایەن ئوزون حەســەنی ســەرۆکی ئـالاق قوینلوو فشارێکی زۆری بۆهات، کەئەویش دەیویست لەسەر حسـابی بەرژەوەندیـەکانی ئەبی سەعید پەرە بەسەرکەوتنەکانی بدات، بۆیە عیراق و فارس و کرمـانی داگیرکـرد، ئینجا یادگـار محەمــەدی کـردە مـیری مـوڵکی تەیمووریــەکان و لەگـەڵ ســەربازەکانی ئەوانیشـــدا نـــاردی بـــۆ خۆراســـان، و رووبـــەرووی حوســـێن بایقـــەرە بـــووەوە لە١٥ئەیلوول١٤٦٩زدا دووچاری شکستێکی نادیـار بـووەوە لـە شـیناران و ئـوزونیش ناچاربوو هێزی دیکەی بۆ بنێرێ. بەئاشکرا دیاربوو کە ســەرۆکی تورکمانــەکان بـوونی میرە تەیمووریەکە بەهەل دەقۆزێتەوە تا بەهۆیەوە هێرش بکاتە سەر خۆراسان و داگـیری بکات، پاشان هێرشی بردە سەر هەرات و حوسێن بایقەرەی ناچار کرد کـەلێی دەرچـێ، لە٨تەمووز١٤٧٠دا یادگار محەمەد هـەراتی داگیرکـرد و چـووە ناویـەوە، بـەڵام تـەنها لەدوای شەش حەوتوو حوسێن بایقەرە توانی هەرات بگێڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی.

لەدوای داگیرکردنی لەلایەن یادگـار محەمــەدیش سـنووری دەســەڵاتی حوسـێن بایقـەرە تەسک بووەوەو لەنەمان نزیک کەوتەوە و تەنها خۆراسانی بەدەسـتەوە مایـەوە، بـەهیچ شێوەیەکیش لەزەویەکانی خۆرەلاتی ئێـران هـەوڵی فراوانکردنـی نـەدەداو دڵـی تـەنها بەهەرات خۆشبوو و هـەرگیز بـیری لـەوە نـەدەکردەوە کەلەســەر حسـابی بەرژەوەنـدی هاوسێکانی سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، کەچی لەلایەن ئۆزبەك لەخۆرەلاتەوە دووچاری فشاری زۆر هات، ئەوانەیش لەدوای ئەوەی ولاتی پشـت رووباریـان داگیرکـرد بیریان لەوە کردەوە بەرەو خۆراسان هەڵکشێن.

حوسێن بایقەرە لەلایەن کوڕەکانیەوە لـەناوخۆدا ڕووبـەڕووی بەرهەڵـستکاریی بـووەوە، ئەویش لەئەنجامی ململانێکانی نێوان سەرکردەکانی تەیموورییی لەپێناوی وەدەسـهێنانی دەسەلآت، لەوانیش: ئیبراهیم حوسێن لەبەلخ و بـەدیعی زەمـان حـاکمی ئەسـتەرئاباد، بەلاّم سەردرای ئەوەی ئەم شۆڕشەی دامرکاندەوە کەچـی ئەنجامـەکانی هـەموو لـەدژی ویستەکانی ئەو و تەیمووریەکانـدابوون، ئینجـا ئەوکاتـەی بـەرەو هێـرش کردنـە سـەر ئۆزبەکەکان دەچوو لە٤ئایار١٥٠٦ز کۆچی دوایـی کـردو، سـەرباری هـەبوونی فشـاری بەردەوامی ئۆزبەکەکان کوڕەکانیشی لەناوخۆیاندا ململانێیـان بـۆ دەسـەلآت سـازکرد. خـانی ئۆزبـەکی محەمـەد شـەیبانی لەسـالّی ١٤٥١-١٥١٠زدا هـەراتی داگیرکـردو کوڕەکانی حوسێن بایقەرەش لێی دەرچوون.

محەمەد زەمـان دوایـین کەسـایەتی تەیمووریـەکان بـوو کـەتوانی تـاکو سـالّی ١٥٢٤ز حوکومڕانی بەلەخ بکات و دوای ئەوە ئیسماعیل شای سـەفەویی کوشـتی. لەوکاتـەدا چەند خانەوادەیەك بەرهەڵستکاریی خۆیان بۆ حوکمی تەیمووریەکان لە ئێران ڕاگەیانـد و لەکۆتاییدا چەند حکومـەتێکی بچـووکیان پێکهێنـا لەوانـە: حکومـەتی شـەروان شـا لەشەروان، محەمەد قـەرە لـە ئـەبرەقۆ و حوسـێن کیـای چـەلاوی لەسـیمنان و خـوار و فەیروزکۆه و ئیدیکەش. بەمەش حوکمی تەیموورییەکان لەئێران بەکۆتا هات.

ململانێی نێوان هۆزەکانی قەرە قوینلوو و ئالاق قوینلووی تورکمان:

لەدوای نەمانی دەسەلآتی ئیلخانەکان لـەئێران لەسـالّی ١٣٣٥-١٣٣٦ز موڵکـەکانیان بەسەر خانەوادە مەگۆلیەکاندا دابەشکرا و لەنێویشـیاندا خانـەوادەی جـەلائیری هـەبوو کەلەعیراق جێگیربوو و شێخ حەسەنی گەورە سەرۆکیان بوو و لەبەغداشـدا دەربـارێکی بۆخۆی دروسـکردبوو. لەهەمانکاتیشدا تورکمانـەکان کـاتێ هەڵکشـان بـەرە خـۆراوای ئاسیا بەهۆی هێرشـی مەگۆلەکانـەوە کەلـەخوارزم و دەووروبـەری دەریاچـەی ئـارال و خۆرەلآتی دەریای قەزوینـەوە هـاتبوون سـەریان هەڵـدا و لـەباکوری خـۆراواو بـاکوری دورگەی فوراتیە جێگیربوون و، پاشانیش لاوازی ئێلخانەکانی ئێرانیـان بەهەلقۆزتـەوە، ئەویش لەدوای مردنی ئێلخـان ئـەبی سـەعیدی بـەهادوور لەسـالّی ١٣٣٥-١٣٣٦ز، دەستیان کرد بە خولانـەوە بەناوچـەکانی دەوروویـەردا. دوو لـە هـۆزە بەناوبانگـەکانی

تورکمان کە رۆڵی کاریگەریان هەبوو لەبزووتنەوەی سیاسی ناوچەکە بریتی بوون لە: هۆزی قەرەقوینلووی شیعەمەزەب بەسەرۆکایەتی قەرەیوسفی کوڕی قەرە محەمەد و ئالاق قوینلووی سوننەمەزەب بەسەرۆکایەتی ئوزون حەسەن.

هۆزی قەرەقوینلوو لەزەویەکانی باکوری دەریاچەی وان لەئەرمینیا نیشتەجێبوون و ئەرغیش کە کەوتبووە باکوری خۆرهەڵاتی دەریاچەکە کردیان بەپایتەختی خۆیان، کەچی هۆزی ئالاق قوینلوو لە خۆراوای ئەوان لەدیاربەکر نیشتەجێبوون و ئامەدیان کرد بەپایتەخت.

لەسەرەتای حوکمڕانی، قەرەیوسف دووچاری مەترسیەکی زۆری تەیموورلەنگ بووەوە کەلە خۆراوای ئاسیاوە هاتبوو بۆ لەناوبردنی هێزوتوانای حاکمە ناوخۆییەکان لەوانیش قەرەیوسف و ئەحمەدی جەلائیری حاکمی عیراق، بۆیە هەردووکیان لەپێناو رووبەروو بوونەوەی تەیموورلەنگ هاوپەیمانیان کرد، بەلاّم نەیانتوانی ماوەیەکی زۆر لەبەردەم پەلامارەکاندا خۆرابگرن و ناچار بەرەو ئاسیای بچووك رایان کرد و پەنایان بردە بەر بایەزیدی سوڵتانی عوسمانی تا دالّدەیان بدا (١٣٨٩-١٤٠٣ز). تەیموورلەنگ لەساڵی ١٣٩٨زدا عیراقی داگیرکردو پاشان دەستی بەسەر خۆراسان و مازەندەران و کوردستان و ئازەربێجان و شەروان و ئەرمینیا و ئەرزەرۆم و ئەرزنجاندا گرت و دوایی ئەو دوو سەرۆك هۆزە روویان کردە میسر بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکەن، بەلاّم شاهەنشا ناسر فەرەجی کوڕی بەرقوق لەپێناوی ئەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تەیموورلەنگ درزی تێنەکەوێ هەردووکیانی زیندانیکرد.

لەدوای مردنی تەیموورلەنگ ناسر هەردووکیانی ئازادکردو قەرەیوسف بەسەرۆکایەتی هەزار شەڕکەر رووی کردە ئازەربێجان تاکو داگیری بکات، کەئەوکاتە لەژێر دەسەلاّتی ئەبی بەکر میرزای کوڕی میرانشابوو (١٣٩٩-١٤١٢ز). لەسەر رێگای خۆشیەوە دەستی بەسەر چەندین قەلاّی تەیمووریەکاندا گرت و لەنزیك نەخجەوان تووشی بەرهەڵسکاری هات و سەرکەوت بەسەریانداو شاری تەورێزی لەژێر دەست دەرهێنان و تاگەیشتنەوە جەرجان هەر راویان نان و دووبارە شکستیان پێهێنانەوە، لەوێشدا میرانشای کوڕی ئەبی بەکر کوژراو قەرەیوسف دەستی بەسەر تەواوی ئازەبێجاندا گرت.

قەرەیوسف چاوی بڕیبووە ئـەوەی کـەوا عـێراق و دیاربـەکر بەیەکـەوە بلکـێنێ، بۆیـە لەتشرینی یەکەم ١٤٠٦ز هێرشی کردە سـەر قەرە عوسمانی بایەنـدەری سـەرۆکی ئـالاق قوینلوو و سەرکەوت بەسەریدا. دیاربەکریشـی خسـتە پـاڵ زەویـەکانی خـۆی، پاشـان لەسـاڵی ١٤١٢زدا لەدوای شەڕێکی خوێناوی و سەخت لەدژی هاوپەیمانەکـەی پێشـووی ئەحمەدی جەلائیری کەلەشەڕەکەدا کوژرا عێراقیشـی خسـتە پاڵ ولاتەکەی و محەمەدشـای کوڕیشی کردە حاکمی ئەوێ.

قەرەیوسف بەلای باکوردا دەستی بەهەڵکشان و فراونبوون کـردو، هێرشـی کـردە سـەر شەروان و کەرەج و، دەستی بەسەر سوڵتانیە و ساوە و قەزوین و تارمدا گـرت و پاشـان بەرەو خۆراوا پێشڕەویی کرد تا گەیشتە حەلەب.

ئەم ئارەزووی فرانبوونییە قەرەیوسفی خستە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی شاروخی حـاکمی تەیمووریی خۆراسان، هەربەکردەنیش دەوروخولی موڵکەکانیدان و ئەویش لەهەڵکشانی زیاتری تورکمانەکان نیگەرانبوو، بۆیە هەوڵیدا قەرەیوسـف لەناوبـەرێ، بـەلام بـەهۆی نەخۆشیەوە قەرەیوسف لەساڵی ١٤٢٠ز کۆچی دوایی کرد.

لـەدوای ئـەویش ئەسـکەندەری کـوڕی بـووە حـاکمی ولات و ئەوکاتـە شـاروخ بـەرەو ئازەربێجان پێشڕەوی دەکردو لەهـەمان سـاڵیشـدا جـەنگێکی زۆر سـەخت لەنێوانیانـدا ڕوویداو لەئەنجامدا شاروخ سەرکەوت و ئەسکەندەریش لەگەڵ جیهانشای برای مـەیدانی شـەڕیان بەجێهێشت و هەلاتن، بەمەش سەرکردە تەیمووریەکە چـووە نـاو ولاتەکـەیان و دوای ئەوەی کاروبارەکەی ڕێکخـستەوە گەڕایەوە خۆراسان.

ئەسـکەندەر گەڕانـەوەی شـاروخی بـۆ ولاتەکـەی بەهـەلزانی، بۆیـە هێزەکـانی خـۆی کۆکردەوەو هێرشی کردە سەر مۆڵکـەکانی تەیموریـەکان لـە ئازەربێجـان، دەریکـردن و ولاتەکەی گەڕاندەوە ژێر دەسەلاتی خۆی، پاشان هێرشی کردە سەر شـەروان و ئـەرران و کوردسـتان و لەسـاڵی ١٤٢٩ز سـەڵتەنەتێکی سـەر بەشـاروخ داگیرکـردو سـەرکردە تەیموریەکـە ناچـاربوو جـارێکی دیکـە بگەڕێتـەوە ئازەربێجـان بـۆ ئـەوەی دووبـارە ئەسکەندەر تەمێ بکاتەوە و لەسـەلماس ڕووبەڕووی یەکبوونەوە، سـەرەڕای ئازایـەتی و بـوێری سـەرکردە تورکمانەکـە کەچـی دووچـاری شکسـتێکی گـەورەهات و مەیـدانی

جەنگەکەی بەجێهێشت و بەرەو ئەنادۆڵ رایکردو دیسانەوە شاروخ لەدوای سەرکەوتنەکەی گەڕایەوە بۆ خۆراسان.

شاروخ بۆ جاری سێیەم لەساڵی ١٤٣٤-١٤٣٥ز هێرشی بردەوە سەر ئەسکەندەر و دیسانەوە ئازەربێجانی هێنایەوە ژێر رکێفی خۆی. هەر لەو کات و ساتانەشدا بوو کە جیهانشاو هەندێك لەمیرزادەکانی هۆزی قەرەقوینلوو هاتنە پاڵ هێزەکانی تەیموورییی، ئەویش لەدوای ئەوەهات کە ئەسکەندەر لەیەکلاکردنەوەی کێشەکان لەدژی شاروخ نشوستی هێناو ناچار بوو مەیدانەکە بەبێ شەڕ چۆڵبکات و بەرەو ئەنادۆڵ رۆیشت و لەوێ داوای دالدە لەعوسمانییەکان بکات، بەلام قەرەعوسمانی بایەندەری لەنزیك ئەرزنجان رێگەی پێگرت، کەچی لەو شەڕەدا برینداربوو و لەئەنجامیشدا هەر بەو دەردەوە لە (ئابی١٤٣٥ز) کۆچی دوایی کرد.

ئەسکەندەر بەهۆی ئەو کودەتایەی کەوا برایەکەی بەسەری هێناو بەناچاری چووە پاڵ شاروخ زۆر پەشۆکاو و خەفەتباربوو، جگە لەوەش دووچاری شکست هات و بەناچاری بەرەو نەخجەوان رایکرد، لەوێشدا بەدەستی قوبادی کوڕی لەساڵی ١٤٣٧ز کوژرا.

جیهانشا جێی ئەسکەندەری برای گرتەوەو لەسەردەمی ئەویشدا ئیمارەتی قەرەقوینلوو گەیشتە ئەوپەڕی پێشکەوتن و ئەوکاتەش قەرەقوینلوو سەر بەشاروخ بوو و عیراق و فارس و کرمانیشی خستە سەر، بەلام مردنی سەرکردە تەیمووریەکە لەساڵی ١٤٤٧ز بووە هۆی گۆڕانی باری سیاسی لەناوچەکەدا، ئەوەبوو جیهانشا سەربەخۆیی خۆی لەتەیمووریەکان راگەیاند و دەستی بەزەویەکانی خۆشیەوە گرت و بەئومێدی ئەوەبوو کەلەسەر حسابی ئەوان دەسەلات و ناوچەکەی خۆی فراوان بکات، بۆیە بەرەو سولتانیە هەلکشاو قەزوین و ئەسفەهانی داگیرکرد لەساڵی (١٤٥٢ز) و فارس و کرمانی لەساڵی دوای ئەوە داگیرکردو نازناوی سولتان و خاقانی وەرگرت، پاشان دەستی گرت بەسەر پایتەختی تەیموریەکان لەساڵی ١٤٥٨زداو، کەچی لەناکاو لەفراوانکردن و هەلکشان وەستا. چی بوو هانیدا تا ئەم هەلوێستە وەرگرێ؟

لەراستیدا ئەم بەرفراونبوونەی ولاتی جیهانشا بوو بەهۆی دروستبوونی دژایەتی کردنی لەلایەن هەریەك لە ئەبی سەعیدی کوڕی شاروخ کەلەتورکستانەوە سەری هەلدابوو و

بەسەرکردایەتی سـوپایەکی زەبەلاحـەوە خـۆی ئامـادەکردبوو بـۆ گێڕانـەوەی مـوڵکی تەیمووریەکان و بەتایبەتی هەرات، لەلایەکی دیکەوە ئوزون حەسـەنی سـەرکردەی ئـالاق قوینلوو دەترسا مەترسی بخاتە سەر موڵکـەکانی جیهانشـا لـەخاکی دیاربـەکر. جگـە لەمانەش مەترسی سـێیەم کەرووبەرووی جیهانشا بۆوە ئەوەبوو دوو کوڕی یەکەم حەسەن عەلی لەئازەربێجان و پیربوداقی حـاکمی فـارس لـەدژی هەڵسـانەوەو دەسـتی بەسـەر بەغدادا گرت و لەوێشەوە شۆڕشەکەی ڕاگەیاند.

بەمشـێوەیە جیهانشـا کەوتـە نێـوان دووبەرداشـەوە، تەیمووریـەکان لـەخۆراواو ئـالاق قوینلووەکانیش لەخۆرەلات و، جگە لەمان کوڕەکانیشی لەناوخۆدا، بۆیـە ناچـاربوو واز لەهەڵکشان و پێشـڕەوی بهێنێـت و خـۆی ئامادەبکـات بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو مەترسیانە.

لەراسـتیشدا جیهانشا ویستی بەرەی جەنگی خۆرەلات ساردبکاتەوە تاکو بـواری هـەبێ ڕووبەرووی شۆڕشی کوڕەکانی و ئـەو مەترسـیە ببێتـەوە کەلـەخۆراواوە بـۆی دەهـات، پاشان توانی پەیماننامەیـەك لەگـەڵ ئـەبی سـەعیددا مۆربکـات و بەهۆیـەوە دەسـتی لەخۆراسان هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ تەورێز.

جیهانشا دەستی بەجموجۆڵ کردو لەساڵی ١٤٦٦دا شۆڕشی پیربـوداقی کـوڕی لەبەغـدا گەمارۆداو لەدوای ساڵێك و نیو ڕووخاندی و بەدەسـتی محەمەدی بـرای کـوژراو ئـەویش لەدواییدا جێگەی گرتەوە. هەروەها جیهانشا لەدامرکاندنەوەی شۆڕشی حەسـەن عـەلی کوڕیشی هەر سەرکەوتووبوو، پاشان ڕووی لەئالاق قوینلـوو کـرد بـۆ ئـەوەی کێشـەکە یەکلایی بکاتەوە. لەتشرینی یەکەم ١٤٦٧زدا بەسەرکردایەتی سـوپایەکەی ڕووی کـردە دیاربەکر، بەلاّم زستانی ئەو ساڵە زۆر سـەختبوو، بۆیـە نـەیتوانی چـیدیکە پێشـڕەوی بکات و لەسنجاق مایەوە و لەوێشدا لـە١١تشـرینی دووەم ئـوزون حەسـەن کوشـتی و ڕایکرد.

لەدوای مردنـی جیهانشـا گێـرە شـێوێنی کەوتـە دەوڵـەتی قـەرەقوینلوو، ئـەو وڵاتـە گرنگیەکەی خۆی لەدەستداو بەتایبەتی بەهۆی ئـەوەی کوڕەکـەی کەجێنشینیشـی بـوو بەناوی حەسەن عەلی ئەقڵ نوقسان بوو و مـاوەی ٢٥ سـاڵ جێنشـینی زۆرەملـێ کـرا

لەلایەن باوکیەوە و نەیدەتوانی کاروبارەکان بەچاکی بەڕێوەبەرێ و سامانی دەوڵەتەکەی هەموو بەفیڕۆداو، زۆرێك لەمیرزادەکانی هۆزەکەشی کوشت. کاتێکیش لەنیسانی ١٤٦٩ز هێرشی کرایەسەر بەرەو هەمەدان هەڵات و باجی ئەم کارەشی ژیانی بوو. لەوانەشە بەدەستی یەکێك لەدەست و پەیوەنەکانی خۆی کوژرابێ یا خۆی کوشتبێ، لەهەمان کاتیشدا ئەبو یوسفی برای کەلەهەوڵی گێڕانەوەی ئیمارەتی فارسبوو ئەویش کوژرا، بەمەش سەردەمی ئەم خانەوادەیە کۆتایی هات، خانەوادەی ئالاق قوینلوو هاتە شوێنیان.

خانەوادەی ئالاق قوینلوو لەدوای مردنی تەیموورلەنگ بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و خۆرئاوای ئێران کۆچیان کرد. لەدوای مردنی قەرەعوسمانی بایەندەری ئوزون حەسەنی نەوەی جێگای گرتەوەو سەرکردایەتی خانەوادەکەشی لەژێر دەستی جیهانگیری براگەورەی دەرهێنا.

ئوزون حەسەن زۆر حەزی لەچالاکییە سیاسیەکان هەبوو، هەرکە دەسەڵاتی گرتە دەست یەکسەر بەرەو باکوری خۆرهەڵات هەڵکشاو دەستی بەسەر ئەرمینیای خۆراواو دۆڵی بەرزاییەکانی رووباری دجلەدا گرت و کوردەکانی ئەو ناوچانەش هاتنە ژێر فەرمانی، پاشان رووی بەرەو خۆرهەڵات وەرگێڕا تا لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی قەرەقوینلوو لەئازەربێجان و ئێران ولاتەکەی بەرفراوانبکات، ئەوەبوو وەك لەپێشەوە باسمان کرد جیهانشای کوشت و ئازەربێجانیشی خستە پاڵ مولکەکانی خۆی، لەلایەکی دیکەوە ئەبی سەعیدی جێنشینی شاروخ کەبەسەرکردایەتی سوپاکەیەوە بەرەو ئازەربێجان هەڵمەتی هێنابوو بۆ ئەوەی خۆراوای ئێران بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا لەبەرامبەر ئوزون حەسەن شکستی خوارد و ئەویش لەدوای ئەم سەرکەوتنە دەستی بەسەر نزیکەی سەرجەم خاکی ئێراندا گرت و تەوریزیشی کردە پایتەختی خۆی.

هێزەکانی ئالاق قوینلوو لەدوای مردنی ئوزون حەسەن لەساڵی ١٤٧٧زدا دەستی بەپووکانەوە کرد، ئەویش بەهۆی ئەو ململانێیەی کەوتە نێوان کوڕو نەوەکانی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، بەمەش پشێوی هەموو ئێرانی گرتەوە، لەم بێسەروبەریەشدا

ئیسماعیل سـەفەویی شای تازەی ئێران پەیدابوو کە پرۆسـەی یـەکریزی خـاکی ئێرانـی خـستە سەرشانی خۆی و دەسەلاتەکەی و لەساڵی ١٥٠١ز شکستی بە سەرکردەی ئـالاق قوینلوویی ئەلوەند میرزای کوڕی یوسف بەگی کوڕی ئوزون حەسەن لـەنزیك نەخجـەوان هێناو ئازەربێجانی هێنایە پاڵ مولکەکانی خۆی.

گەشەی هێزەکانی ئۆزبەک[٣] لەپشت رووبار:

ئۆزبەکەکان کەلەهۆزە کۆچەریەکان بوون لەگردۆڵکەکانی ئاسیاوە هـاتوون و سـەرکردە سەرەتاییەکانیشیان سەر بەخانەوادەی جەنگیزخانن و لەسەردەمی شاروخ و ئۆلوغ بەگدا هێزێکی سەربازی و سیاسی گەورەیان پێکدەهێنا. ئاشکرایە کەوا دەستیان گرت بەسەر بەشی خوارووی ولاتی خوارزم کە ئەوکاتە سەر بە جیغتاییەکانی مەگۆل بوو، هـەروەها دەسەلاتی خۆشیان بەسەر لێوارەکـانی رووبـاری سـیحۆندا سـەپاند و هەمیشـە شـاری ئەستەرئابادو کەرکانگ لەولاتی پشت رووبار دەخـستە بەر هەڕەشەو گورەشەی خۆیەوە.

لەراستیدا ئۆزبەکەکان بەسەرکردایەتی ئـەبی خێرخـانی کـوڕی دەولـەت شـێخ کێشـەو ململانێیە دەرەبەگیی و خێزانییەکانیان لەدەوڵەتی تەیموریەکان قۆزتەوەو، کەبەتایبەتی لەدوای مردنی ئەبی سەعید زیاتر پەرەی سەند، ئەویش بۆ ئەوەبوو تا بتوانن گـەمارۆی هەرچوار دەووری ئەم دەوڵەتـە بـدەن و بـبن بـەمیراتگری هەمیشـەیی مولکـەکانی و، بەدرێژایی چـەندین سـاڵ هێرشـیان دەهێنایـە سـەر ولاتـی پشـت رووبـار و دەسـتیان لەکاروباری ناوخۆشیان وەرداو بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانیان قـوولتر بکەنـەوەو بەمـەش لەساڵی ١٤٦٠دا جگە لەسەمەرقەند و بوخارا و هەندێك شـاری بەسـەنگەر پـارێزراوی دیکە نەبێ لەدەسبەسەردا گرتنی زۆربەی ناوچەکانی ئەم ولاتە سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنا.

---

٣ -ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئۆزبەك خان کەلەساڵی (١٣١٣-١٣٤١ز) سـەرکردایەتی هۆزی زێرینی دەکرد لەخوارووی رووسیا و ئەویش لەنەوەکانی جوجیی کوڕی جەنگیزخان بوو.

ئەبوخێرخان دوو کوڕی لەدوای خۆی بەجێهێشــت بــەناوی شــابوداغ ســولّتان و خواجــە محەمەد، کوڕی یەکەمی بوو بەجێنشینی و بوو بــەحاکمی ئۆزبــەك و ولاّتــی قــەبجاق، و چەند ناوچەیەکیشی لەدەستی حوسێن بایقەرەی تەیموری هێنایەدەر و لەســالّی ١٣٩٩ز دەستیشی بەسەر ســەمەرقەندو بوخــارادا گــرت، پاشــان گــەمارۆی بەلەخیــداو، بــەلاّم لەبەرانبەر حوسێن بایقەرە شکستی خواردو گەمارۆیەکــەی شــکاند و گەڕایــەوە ولاّتــی خۆی.

لەسەر ئەم بنمایەش ئۆزبەکەکان دەوڵەتێکیان بۆخۆیان لەولاّتی پشت رووبــار ســازکردو سەمەرقەندیشیان کردە پایتەخت و پاشان بەرەو خۆراسان چوون بۆ ئەوەی لەژێر دەســتی پاشماوەی تەیمووریەکان دەرببێنن.

لەســالّی ١٤٩٤-١٤٩٥زدا لــەنێو ئۆزبەکەکانــدا کەســایەتیەکی بــەهێز پەیــدابوو کــە چەسپاندنی جێپێی ئۆزبەکەکانی لەولاّتی پشت رووبار و فراوان بــوون بــەرەو خۆراســانی خستە ئەستۆی خۆی، ئەویش محەمەد خانی شەیبانی بوو کەبە شاهی بەگ یــا شــیبەگ خان ناوبانگی هەبوو و کوڕی بوداغ سولّتانی کوڕی ئەبی خێرخان بوو.

پشێوی و بێسەروبەرەیی بــاڵی بەســەر بــاری سیاســی لــەولاّتی پشــترووبار و خۆراســان کێشابوو و دەسەلاّتی ئۆزبەکی لەلایەنی پاشماوەکانی تەیموریەکانەوە فشــارو مەترســی زۆری کەوتە سەر بەتایبەتیش لەلایەن بابرەوە ئەو مەترسیانە زەقتربوون، پاشــان هێــزی تەیموریەکان لەخۆرساندا بەردەوام روو لەلێکترازان و لاوازیی دەکــرد، لــەدوای زنجیــرەك شەڕو کوشتار سەرکردەی ئۆزبەکەکان توانی جێپێیــان (ئــەیلوولی ١٥٠٣ز) لــە ولاّتــی پشت رووبار قایم بکات و پاشان بەمەبەستی داگیرکردن رووی لەخۆراسان کرد.

سولّتان حوسێن بایقەرەی تــەیموری حــاکمی خۆراســان دەرکــی بەمەترســیەکانی ســەر ولاّتەکەی کرد، بەلاّم بەهۆی نەخۆشیەکەی و ئەو لەژێر فەرمان دەرچوونەی کوڕەکانیەوە نەیتوانی ولاّتەکە لەمەترسیەکانی دەرەکی بپارێزێ، بۆیە هەموو بارەکە کەوتە ئەستۆی

بەدیع زەمانی کوڕی و لەپێناوی ئەوەی کەوا هەڵوێستی خۆی بەهێزبکاتەوە پەنای بــردە بەر هاوپەیمانی لەگەڵ خەسرۆشای فــەرمانڕەوای حەســار کــە ئەوکاتــە لــەژێر مەترسـی ئۆزبەکەکان و میر زەنون ئەرغینی حاکمی قەندەهار بــوو و لەســاڵی ١٥٠٣زدا لەســەر ئەوە ڕێککەوتن کەوا لەتەرمەز بەیەك بگەن و لەوێشەوە بۆ قووڵایی خاکی پشت ڕووبار بچن. پاشان بەدیع زەمان بەسەرکردایەتی سوپاکەیەوە لەبەلەخ وەدەرکەوت و میر زەنون ئەرغینیش بەسەرکردایەتی ســوپایەکی بچــووکەوە گەیشــتە شــوێنی مەبەســت، بــەڵام چاوەڕێی خەسرۆشایان نەکرد.

وادیــاربوو کێشــەکانیان بــەهۆی هاوبەرژەوەندییــەوە ســەریهەڵدابێ، چــونکە لەلایــەك خەسرۆشا لەوە دەترسا مەترسیەك لەلایەن هاوپەیمانەکەی بەدیع زەمانەوە بــۆی ســازبێ ئەگەر شکســتی بەشەیبانی خان هێنا و، لەوکاتەشدا هاوپەیمانێتێکی دیکە هاتەپێشەوە کە هانی سەرکردەی ئۆزبەکەکانیدا بــەردەوامیی بەچــالاکییە ســەربازییەکان بــدا و لــە (ئەیلوولی ١٥٠٣ز) لەرووباری جیحۆن پەڕیەوەو خۆراسانی داگیرکردو لەشوورەی بەلەخ نزیك کەوتەوەو گەمارۆیدا بەڵام نەیتوانی بچێتە ناویەوە، هیچ دانوســانێکیش دروســت نەبوو کەبەهۆیەوە بەئاشتیانە بچێتە نــاوی. لەهــەمان کاتیشــدا ســاردیەکی ســەخت و دژوار رووی لە ناوچەکە کردو سەربازەکانی هەراســانکرد، بۆیــە ناچــاربوو گەمارۆیــەکــە هەڵوەشێنێتەوەو بگەڕێتەوە ولاتی پشت ڕووبار.

لەدوای ئەوەی لەزستانی ١٥٠٥زدا دەســتی بەســەر خوارزمــدا گــرت، شــەیبانی خــان لەبەهاری هەمان ساڵدا سوپایەکی ناردەســەر خۆراســان و هێرشــی کــردە ســەر شــاری مەیمەنە و فاریاب و هەرچی بەرهەڵسکارێکیشــی لێبــوو کەبەســەرکردایەتی میرقاســم میرزا و شیرین جەلایەر و ئەمیر باجاق دەستی پێکردبوو هەمووی لەناوبرد. لــەناو ئــەو کێشانەدا حوسێن بایقەرە کۆچی دوایی کردو لەئەنجامدا پشێوی و بێسەرەوبەرەیی بــاڵی بەسەر ولاتــدا کێشــا ئــەویش لــەژێر ســایەی ململانێیــە ناوخۆییــەکانی نێــوان مــیر و حاکمەکانی هەرێم و ناوچەکاندا، ئەمەش هەلی بۆ شەیبانی خان رەخساند تــا ناوچــەکە

داگیربکات و هێزەکانی لەرووباری جیحۆن پەڕینەوەو لەخۆراسان و. ئەم هەواڵەش بەدرەنگە وەختەوە گەیشتە پایتەختی هەرات لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٥٠٦زداو بەشێوەیەکی زۆری لەنێوەندە حکومیەکاندا دروستکردو بەدیع زەمان یەکسەر سوپایەکی دوانزەهەزار سەربازی بەسەرکردایەتی میر زەنون ئەرغین نارد بۆ ئەوەی بەر لەپێشڕەوی ئۆزبەکەکان بگرێ و سەرکەوتنێکی بەرچاویشی لەدژیان تۆمارکرد، بەڵام ئەوەشی لەیادبوو کەوا سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە ناتوانێ ئۆزبەك لەخاکی خۆراسان و پشت رووبار وەدەرنێ، بەمەرجێك ئەم کارەی بۆ مەیسەر دەبێ ئەگەر هاتوو یەکڕیزی دروستبوو، ئەویش لەناو ریزەکانی تەیموورییەکاندا بوونی نەبوو، بەتایبەتیش کەسەروکاری هەموو شتێکیان دایە دەست شەیبانی خان و ئەویش بڕیاریدا لەگەڵ هێزە تەیموورییەکان دانوستان بکات بەمەبەستی ئەوەی کات بەدەسبخات تاکو بواری هەبێ هێزەکانی رێکبخاتەوە، بۆیە نێردراوێکی بۆ ناردن تاکو قایلیان بکات کەبەبێ شەڕ خۆراسان بەدەستەوەبدەن. شتێکی ئاساییش بوو ئەم دانوسانە لەژێر سێبەری هەوڵی دەستپێوەگرتنی خۆراسان لەلایەن میرە تەیموورییەکانەوە هەرەس بهێنێ و هەموو لایەکیش خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد.

لە ئەیلوولی ساڵی ١٥٠٦ز شەیبانی خان هێرشی کردە سەر شاری بەلەخ و لەهەموو لایەکەوە گەمارۆیدا. لەبەرانبەریشدا میرزادە تەیموورییەکان کاتێکی زۆریان بەهۆی شەڕەقسە نەزۆکەکانیان لەدەستدا کەدەربارەی بەرپەچدانەوە گفتوگۆیان دەکرد، بۆیە زۆر سست و لەسەرخۆ بوون لەکارەکان و دوودڵیش بوون لەشەڕکردن و لەدواییشدا بەلەخ هیچ هاوکارییەکی پێ نەگەیشت و لەدوای دوو مانگ لەگەمارۆدان لە(تشرینی دووەمی) هەمان ساڵدا رووخا. لەدواییدا شەیبانی خان کانبارا میرزای کردە حاکمی شارو گەڕایەوە بۆ سەمەرقەندو بەم سەرکەوتنانە دڵی ئاسوودەبوو.

لەراستیدا میرزادە تەیموورییەکان زۆر سست بوون لەسازدانی یەکڕیزی هێزەکانیان بەرانبەر بە مەرامەکانی شەیبانی خان و هەموویان بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان

خستە پێش گشتیەکانەوە و ئەم هەڵوێستەشیان لـێکترازان و هەڵوەشـانەوە و پشـێوی سیاسیی زیاتری لێکەوتـەوە، تائـەوەی هـەل بـۆ شـەیبانی خـان رەخسـا کـەزەبرێکی کاریگەریان لێبـوەشێنێ، ئەوەبوو لە١٣ئایاری ١٥٠٧زدا لـەرووباری جیحـۆن پەڕیـەوەو دەستی بەسەر خۆراساندا گرت و سەرجەم سـەرکردەکانی شارەکان خۆیـان بەدەسـتەوەدا، پاشـان لـەرووباری مـەرغابیش پەڕیـەوەو لەسـنوورەکانی بـازغیش چـووە ژوورەوە، لەبەرامبـەردا بـەدیع زەمـان و موزەفـەر حوسـێن و تەیموورییـەکانی دیکـە هـیچ هەڵوێستێکیان نەبوو بـۆ بەرەنگاربوونـەوە، ئەمـەش هـەلێکی دیکـەی بـۆ رەخسـاند کەبچێتە قوولاّیی خۆراسانەوەو، ئینجا گەیشتە هەراتی پایتەختی تەیموورییەکان و تـرس و تۆقین باڵی بەسەر دانیشتوانەکەیدا کێشاو شازادەکانیشیان دەستیان کـرد بەهـەڵاتن، بەتایبەتیش بەدیع زەمان و موزەفەر حوسێن مـیرزاو سـەعید عەبـدوڵلاّ مـیرزا بـەرەو شوێنە دوورەدەستەکانی ئۆزبەکی رۆیشتن، وەك قەنـدەهار و ئەسـترئاباد. لەبەرەبـەیانی ٢٢ی ئایـاری هـەمان ساڵیشـدا شـارەکە کەوتـە ژێـر دەسـتی شـەیبانی خـان و لەمزگەوتەکەشیدا وتاری هەینی رۆژی ٢٣ی ئایار بەناوی ئـەوەوە خوێندرایـەوەو وەفـا میرزاشیان کرد بەحاکم.

هەنگاوی دووەمـی شـەیبانی خـان بـۆ زیـاتر فراوانکـردن ئێرانبـوو، ئەمـەو لـەدوای داگیرکردنی هەرات هێزە سەرەکیەکانی ناردە سەر ناوچەکانی خۆرەڵاتی ئێـران: شـاهی جیهـان، جـام، مەشـهەد و هیدیکـەش، بەسـەرکردایەتی محەمـەد تـەیموور سـوڵتان و عوبێدوڵلاّخان و بەلاّم خودی خـۆی بەشـداری هەڵمەتـەکانی نـەکردو لـەپوولی سـەرای کەشارۆچکەیەك بوو لە دەورووبەر هەرات مایەوە.

هێزەکانی ئۆزبەك توانیان بەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکی ئـەوتۆ بچـنە ناوچـەکانەوە. لەساڵی دواتریشدا سـەرکردەی ئۆزبەکـەکان جەرجانیشـی داگیرکـرد و بـەدیع زەمـانیش بەرەو ئازەربێجان رایکـرد، لەدەرئـەنجامی ئـەم سـەرکەوتنانەش تـوانی زاڵـبێ بەسـەر خۆرەڵاتی ئێران و توانیشی کەوا رووبەرێکی پان و بەرینی لەو زەویانەی کە کەوتبوونـە

لای چەپی رووباری جیحون کەوتە دەست، بەمــەش موڵکــەکانی لەســنووری خۆراســان لــەخۆراواوە هەڵکشــان بــەرەو هێڵــی ســیمنان لــەنێوان رەوی و دامغــان و بەدەخشــان لەخۆرەڵات و ناوچەکانی کاخیندار و غــوری چــیایی لەناوەڕاســتی ئەفغانســتان لــەلای باشوورەوە.

جا لەبەر ئەوەی شەیبانی خان زۆر ســەرقاڵی کێشــە ناوخۆییــەکان بــوو وەك: دژایــەتی کردنی ئۆزبەکە کازاخیەکان و ئۆزبەکە قەبجاقەکان و مــیرزادە مەگۆلیــە جغتانییــەکانی تورکستان، بۆیە بواری ئەوەی نەبوو گرنگی بەو شوێنانە بدات کەوا داگــیری کردبــوون، لەهەمان کاتیشدا ئەو هەڵکشان و فراوان بوونــەی وڵاتەکــەی بــەلای خــۆرەڵاتی ئێــران خستبوویە بەردەم رووبەرووبوونەوەی شا ئیسماعیلی سەفەویی، شتێکی ئاســاییش بــوو کــەوا بــەهۆی جیــاوازی مــەزەبی و نزیکــی ســنوورەکان و مەرامــە سیاســیەکانیان لەداگیرکاری کەلەبەشی ئایندەدا تیشکی دەخەینە سەر، شەڕ لەنێوانیاندا دروست ببێ.

◆

بەشی دووەم
پەیدابوونی خانەوادەی سەفەویی

بنەچەی سەفەوییەکان:

لەوکاتەی کەوا ئێران لەسەردەمی حوکمڕانی ئالاق قوینلوو ببووە مەیدانی شەڕو کوشتاری داگیرکارو تەماعکاران، لەلای باکور و لەئەردەبیل لەئازەربێجان خانەوادەیەکی تورك پێدەگەیشت کە تایبەتمەندبوون بەوەعزو کارە ئاینییەکان و بە خانەوادەی سەفەویی ناویان دەرکرد، ئاشکرایە ئەم ناوچەیە تورك زۆرینەی پێکدەهێنێ ئینجا کورد و ئەرمەن.

سەفەوییەکان سەربە شێخ سەفیەدین ئیسحاقی ئەردەبیلین (١٢٥٢-١٣٣٤ز) کەئەویش باپیرەی پێنجەمی شا ئیسماعیلی سەفەویی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوییە لەئێران، لەناوی سەفیەدینیەشەوە ئەم بەرەبابە پشتاوپشت ناوی خانەوادەی سەفەوییان وەرگرت، مێژوونووسەکانی سەردەمی خۆشیان نەسەبی لەلایەن باوکیەوە دەبەنەوە سەر ئیمام کازم موسا. لەهەمان کاتیشدا هەندێك مێژوو نووسی دیکە لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست ئەم رایە رەتدەکەنەوە، بەڵام ئەو مێژوونووسانەی پشتگیری لەم رایە دەکەن پشتیان بەستووە بە کتابی (صفوە الصفا)ی کوڕی بەززاز کەخەڵکی ئەردەبیلە، گوایە لەسەردەمی شێخ سەفیەدینی ئیسحاق ئەم کتابەی نووسیوەو لەوانەشە ئەو رایسپاردبێ بنەچەکەی بگەیەنێتەوە ئالوبەیت، بەپشت بەستن رایەکانی بەشێخ تاجەدین ئیبراهیمی گەیلانی کەبەشێخ زاهید ناسرابوو. ئەوکاتەش ئەم کارە شتێکی باوبووە لەبەر ئەوەی مەزەبی شیعە لەوپەڕیدابووەو ئێلخانەکانی مەگۆلیش مەیلیان بەلای مەزەبی شیعەوەبوو و، بەهۆی ئەوەی ئێلخان ئۆلغایتۆ هاتە سەر مەزەبی دوانزە ئیمامیەکە لەساڵی (١٣٠٤-١٣١٦ز) هێندەی دیکە شیعەکان بەهێزبوون.

ئینجا میر ئەبونەلفەتح ئەلحوسێنی جارێکی دیکە شا تەهماسبی دووەمی پاشای سەفەوییەکانی راسپارد کەوا کتابی ئیبن بەززاز بنووسنەوەو بلاّویبکەنەوە، بۆ ئەوەی دڵنیایی ببەخشنە بیرۆکەی نەسەبی عەلەویەکان بەمەبەستی ئەوەی بیکەنە بەهانەیەك بۆ جێگیر کردنی مەزهەبی شیعی. پاشان بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کەنووسراونەتەوە لەسەردەمی شێخ سەفیەدین ئیسحاق و ئیسماعیل ئەوە روون دەکەنەوە کەوا خانەوادەی سەفەوییەکان لەهەموو لایەکی خاکی ئازەربێجاندا بلاّبوون، کەواتە شێخی سەفەوییەکان لەبنەچەدا دەبێ لەئارییە کۆنەکان بێ و ئەمەش ئەوە رەت دەکاتەوە ئەو پیاوە لەنەوەی ئیمام کازم بێ.

ئاشکرایە ئەوانەی واتێگەیشتوون سەفەوییەکان لەئالوبەیتن مەبەستیان ئەوە بوو ئەم خانەوادەیە بکەنە خاوەنی شەرعی حوکومڕانیەکە، بێگومان ئەمەش بەفەرمانی چەند ئەندامێکی ئەو خانەوادەیە سازبووە، بەلاّم ئەوانەی بڕوایان وابوو سەفەوییەکان لەئارییە کۆنەکانن مەبەستیان ئەوەبوو ئەوە روون بکەنەوە سەفەوییەکان چ رۆڵێکیان هەبووە لەسەرهەڵدانی نەتەوەکانی ئێران کەلەسەر دەستی ئەوان بوونیان پەیداکرد.

ئاشکرایە سەفەوییەکان پشتیان بەست بەمافی خواوەندانە بۆ پاشا ئێرانیەکان بەر لەئیسلام و ئەویش بەمیراتگری ئەم مافە بلاّویانکردەوە، کاتێکیش ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب کچی یەزدجەردی سێیەمی خواست کەدوایین پاشاکانی فارسبوو زەینەلعابدین عەلی لێبوو، بەمەش دوو مافیان بۆ پەیدابوو:

یەکەم: مافی ئالوبەیت لەخەلافەت، وەك چۆن ئیمامایەتی لەلای شیعەکان هەیە.

دووەم: مافی پاشاکانی ئێران وەك چۆن فارسەکان دەیانگوت ئەم پاشایانە مافی خواوەندیان هەیە لەدەسەلاّتدا.

لەراستیشدا گێڕانەوەی نەسەبی شێخ سەفیەدین ئیسحاق بۆ ئیمام موسا کازم، بەڵگەکانی زۆر لاواز بوون، ئەم راستیانە ئەمە دووپاتدەکەنەوە:

- هاوسەری شێخ سەفیەدین ئیسحاق ئاگاداری ئەم نەسەبە نەبووە.

- لەنووسـینەکانی ئیبن بـەززازدا روونکراوەتـەوە، بەتایبـەتیش کاتێـك ئایـەتی ٦٧ لەسورەتی مائیدەی تەفسیرکرد زیاتری بۆ ئاسانبوو، کەدەفەرموێ: (یا أیها الرسول بلغ ماأنزل الیك من ربك وان لم تفعل فما بلغت رسالته، والله یعصمك من النـاس ان الله لا یهـدي القـوم الکـافرین). شـیعەکان ئەمـە بـۆ ئـەو فەموودەیـەی پێغەمبـەر (د.خ) دەگەڕێننەوە کەوا دەبێ عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب ببێتـە جێنشـینی پێغەمبـەر درودی خوای لەسەربێ. شیعەکانیش تەنها بەوەندە نەوەستان، هەروەك چۆن لەبـەردەم ئایـەتی (الراسخون في العلم) ئال عومران/ئایەتی ٧دا نەوەستان کەشیعەکان بۆخۆیان تەفسیریان کردبوو.

- بەهیچ شێوەیەك شێخ سەفیەدین ئیسحاق ئاماژەی بـە نـاوی هـیچ مێژوونووسـێکی شیعە نەکردووە، لەوکاتەی کـە نووسـەرە سـوننیەکانی وەك: غـەزالی و سـەهروردی و نەجمەدینی رازای ئاماژەیان بۆ کردووە.

- نابێ راستەوخۆ بێینە سەر رایەکانی شێخ سـەفیەدین ئیسحاق، لەبەر ئـەوەی زۆربـەی دانیشتوانی ئەردەبیل لەسونەکان بوون لەسەر مەزەبی ئیمام شافیعی بوون و لەهەمان کاتیشدا دەروێشی بوون، هەروەك چـۆن عوبێـدوڵڵاخانی سـەرکردەی ئۆزبـەك لەسـاڵی ١٥٣٠زدا نووسراوێکی بۆ تەهماسب نووسیوەو گللەیی لێدەکات و ئاماژە بـەوەدەکات کەوا شێخ سەفیەدین ئیسحاق لەسەر مەزەبی سوننەو جەماعەت بووە.

- ئەوەی کە زۆر لەراستیەوە دوورە ئەوەیـە نەسـەبەکە لـەکتێب و تۆمارکراوەکانیانـدا باسی گەیاندنی دەکات بۆ حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و لەشێخ سـەدرەدین موسای کوڕی شـێخ سـەفیەدین ئیسـحاق و نـەوەکانی دەگێڕنـەوە کەئـەو نەیـدەزانی لەنەوەی حوسێنە یان حەسەن، ئەوەی زیاتر گومان دروسـت دەکـات هـەر لەسـەرەتاوە گەیاندنی نەسـەبی فەیروزشای باپیرە گەورەی شێخ سەفیەدینە بە ئیمام کازم.

- جێی سەرسوڕمان نییە شێخ سەفیەدین ئیسـحاق ئەوکاتـە ئـەوە بڵاوبکاتـەوە کـەوا لەنەوەی عەلەویەکانە، چونکە شێخ ئیبراهیمی گەیلانیش کەشێخی ئـەو بـووە ئەمـەی کردووە، جگە لەوانیش نەوەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانیش ئەمەیان کردووە.

- دوورنیە ئەو لقانەی بۆ نەسەبی عەلەویەکان زیـادکراوە تـەنها کـاری نووسـەرەکانیان نەبێ، لەپێش هەمووشیانەوە ئیبن بەززاز، یاخود شـێخ سـەردرەدین کـە ئـەویش ئـەم وتانەی بلاوکردبۆوە، هەروەك چۆن نەوەکانی عەبدولقادر گەیلانیش ئەنجامیاندا.

لەبەرامبەریشدا ئیبن بەززاز دەڵێ شـێخ سـەفیەدین ئیسـحاق لێـدوانی هـەبوو لەسـەر شیعرەکانی رۆمی و عەتارو ئەوحـەدەدینی کرمـانی و فـەخرەدینی عیراقـی و ئەحمـەد جامی و رۆزبەهانی بەقلی و سەنائی و خاقانی و هەمووی لێکداوەتەوەو فەرهەنگی بـۆ داناون. لـەبواری تەسەووفییشـدا (وحـدە الوجـود)یـش چـوارینیەکی لـەدوا بـەجێماوە کەلەبارەی خۆشەویستی عەلی کوڕی ئەبی تالیب نووسیویەتی، لەوانەشە ئـەم چـوارینە لەداهێنانی ئەو مێژوونووسەبێ چونکە شێخ سـەفیەدین ئیسحاق تورك بووەو تائێسـتاش روون نەبۆتەوە کەجگە لەیەك بەیت شیعری فارسـی هیچـی دیکـەی هـەبووبێ. تـورك ئەوکاتە بەسەرکردەی رووحی خۆیان ناویان دەبـرد. لەوانەیـە سـوننی بـووبێ و لەسـەر مەزەبی ئیمام شافیعی، و پاشان مەیلی بەلای مەزەبی ئیمام جەعفەری سـادق چـووبێ کە ئەوکاتە باروگوزەرانی ئێران لەرووی ئایینیی و سیاسیەوە کارگیەری لەسەر هـەبوو، ئاشکرایە مەگۆلە ئێلخانیەکان کەحاکمی دەوڵەت بـوون، لایـەنگیریی خۆیـان لـەرووی ئایینی و مەزەبیەوە بـەم شـێوەیە راگەیانـد: هۆلاکـۆ بـووزی بـوو، مـەحمود غـازان و هەندێکی دیکە لەسەر مەزەبی سوننی بوون و ئولغیتۆ لەسەر مەزەبی شیعە بوو.

بۆیە ئێمە دەبێ بپرسین و بڵێین، کـەی شـێخەکانی خانـەوادەی سـەفەویی هاتنـە سـەر مەزەبی شیعە؟

لەراستیشدا بیرویۆچوونەکانی شیعە سەرەتا خزیە ناو ریزەکانی سـەفەوییەکان، ئـەویش لـەو کاتـەی کـە تەسـەووف لەسـەردەمی شـێخ سـەفیەدین ئیسـحاق لەسەرانسـەری کۆمەڵگای ئێراندا دەستی بەبلاوبوونەوەکرد، ئەمەش بەکردەنی کاریگەری لەسـەر ئـەو گەندەڵیە هـەبوو کـەوا بـاڵی بەسـەر ولاتـدا کێشـابوو و دەسـەلاتدارەکانی مەغۆلیـە ئێلخانیەکان و پاشان تەیموریەکان و میرزادە سەرکەوتووەکانی وەك شەروانشا لەشەروان پیادەیان دەکرد، ئینجا ئالاق قوینلوو لـەئازەربێجان و بەشـێکیش لـەخۆراوای ئێـران و موورادبەگی بایەندەری لەیەزد و ...تـاد شـوێنەوارێکی زۆر وێرانکـراوی لـەدوای خـۆی

لەناو دەروونی ئێرانیەکان بەجێهێشت کەبەردەوام بێزاربوون لەو هەموو غەدرو تاوانانەی دەرهەقیان دەکرا. ئەگەر هاتوو بەتەواوی نەچەسپاو نەسەلمێندرا کەوا هەریەك لە شێخ سەفیەدینی ئیسحاق و سەدرەدین موسای کوڕی لەسەر مەزەبی شیعەن، ئەوا ئەوەی یەکەم کەناوی خواجە عەلی سیاپووش بوو ئامادەیە بۆ بانگەوازی شیعەیی. لەراستیشدا جونێدی نەوەی بەتەواوی هەستی بەوەکرد کەوا لەهەڵگەڕاندنەوەی مەزەب بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی چەند سوودی پێگەیشتووە، ئەمەش پشت بەوە دەبەستێ کەبتوانێ ژمارەیەکی زۆری دەروێش لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە. حەیدەری کوڕیشی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کەوا نەسەبی ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمام موسا کازم و فێسێکی سووری دوانزە نقێمی کردە سەری سەرجەم شوێنکەوتووانی، ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی مەزەبی شیعە چۆتە پاڵ مەزەبی دوانزە ئیمامەکە.

ئامانجیش لەم یەکگرتن و چوونە پاڵە ئەوەبوو کە شیعەکانی ئێران بەرزبکرێن و بنکەکانیشیان فراوان بکرێت، بەتایبەتی بنکەی سەربەداریەکان کە دژی حوکمی ئێلخانیکان بوون، ئاشکرایە دژەکانی ئێلخانیەکان پشتیان بە رەگەزە شیعە مەزەبەکان دەبەست و ئەمەش وای کرد کەوا سەفەوییەکان لەکاری سۆفیگەرییەوە بگۆڕێن بۆ کاری سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویی شیعەمەزەبی لەسەر دەستی ئیسماعیلی سەفەویی لێکەوتەوە.

باپیرە گەورەکان:

- فەیروزشا: مێژووی خانەوادەی سەفەوییەکان لەفەیروزشای کوڕی محەمەد شەرفشا دەسپێدەکات کەلەسەرەتادا لەدێی سنجانی سەر بە مەڕی پایتەختی خۆراسانەوە شۆڕشێکی هەڵگیرساندو بەرەو ئازەربێجان هەڵکشا و لەدژی کافرەکانی مۆقانیش لەولاتی کەرەج غەزای ئەنجامدا. لەئەنجامی ئەم چالاکیە ئایینی و لەخۆبردوانەیەی دەسەلاتی کێشا بەسەر ئەردەبیل کەبەناوبانگترین شارەکانی ئازەربێجان بوو لەگەڵ شارۆچکەکانی مۆقان و هەموو ئەو ناوچانەی کەسەر بەئەوانبوون، بەمەش بوو بەخاوەنی ماڵێکی زۆر و لەبەر زۆری ماڵاتەکانی ناچار بوو بەمەبەستی پەیدا کردنی لەوەڕگا رووبکاتە دێی زەنگین لەنزیك گەیلان.

- سەید عەوەز ئیسماعیل: لەدوای مردنی فەیروزشا بوو بە سەرۆکی خانەوادەکە و لەزەنگینەوە بەرەو گوندی سەفرەنجان کۆچی کرد کەیەکێك بوو لەلادێکانی ئەردەبیل و لەوێ کۆچی دوایی کرد.

- محەمەد حافز: کاتێك سەید عەوەز ئیسماعیل محەمەد حافزی کوڕی کەتەمەنی حەوت ساڵبوو ونبوو سەفەوییەکان هەستیان بەلایەنگیریی لەلا پەیدابوو، پاشان لەدوای حەوت ساڵان ئەم منداڵە دۆزرایەوە و کاتێکیش خەڵك لەهۆی دیار نەمانیان دەپرسی؟ دەیانگوت گوایە پەریەکان بردوویانە بۆ ئەوەی قورئانی پێ ڕەوان بکەن و شەریعەتەکانی ئیسلامی فێرکەن.

- سەلاحەدین ڕەشید: لەدوای مردنی محەمەد حافز سەلاحەدینی کوڕی جێی گرتەوە و پاشان لەوێوە بەرەو دێی کەلخوران کەسەر بە شاری ئەردەبیل بوو کۆچی کردو لەوێ مایەوەو خەریکی کشتوکاڵ بوو.

- قوتبەدین یەحیا: قوتبەدین یەحیا سەرکردایەتی خانەوادەی لەدوای مردنی سەلاحەدی ڕەشیدی باوکیەوە بۆ بەجێما و ئەویش لەکەلخوران مایەوەو موڵکەکانی لەلایەن خەڵکی کەرەجەوە دووچاری پەلاماردان هات و لەژێر سێبەری ململانێی موسوڵمان و گاورەکان هێرشیان کردە سەر ئەردەبیل و ئەرمینیا و خەڵکێکی زۆریشیان لێ کوشتن.

- سەیدساڵح: کەقوتبەدین کۆچی دوایی کرد سەید ساڵی کوڕی بوو بەجێنشینی و هەروەك باب و باپیرانی خەریکی کشتوکاڵ بوو، ناوبانگیشی بە لەخواترسی و چاکسازی و یارمەتیدانی خەڵك دەرکردبوو، لەدوای مردنی لەکەلخۆران نێژرا.

- ئەمینەدین جوبرائیل: دوای ئەوەی سەیدساڵح کۆچی دوایی کرد، ئەمینەدینی کوڕی لەجێی دانیشت و لەترسی پەلامارەکانی کەرەج ناچار بوو بگوازێتەوە بۆ شیراز و کەلخوران بەجێبهێڵێ و ماوەی دە ساڵ لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا خۆی لەشێخ جەمالەدینی باراتی ئەردەبیلی نزیك کردەوە کە یەکێك بوو لەسۆفیە هەرە بەناوبانگەکانی فارس و بوو بەموریدی و شێخیش دەولەتی کچی خۆی لێ مارە کرد.

لەمەوە بەدیار دەکەوێ کە ئـەم تێکـەلاوییە و یەکگرتنـەی هـەردوو رەگـەزی فـارس و تورك، هـەر لەکۆنـەوە فارسـەکان بـەدڵیانبوو و لەتـەوریزی پایتـەختی ئازەربێجانـەوە بەتایبەتی پێشوازییان لێکردن و زۆریش بەم هاوسەرگیرییە دڵخۆش بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم خانەوادە سەفەوییـە فارس نەبوون.

لەدوای رەوینەوەی مەترسی کەرەجیەکان ئەمینەدین ئیسماعیل بەمەبەستی کشتوکاڵ و بەرێوەبردنی موڵکەکانی گەڕایەوە کەلخۆران و لەوێدا لەساڵی ١٢٥٢ز کوڕێکی لە ژنە فارسەکەی بوو ناویان نا سەفیەدین ئیسحاق. لەبەر ئەم هۆیە زیادەرەویەکی زۆریان کرد لە وەسفی دەولەت لەزوهدو خواپەرستی و داوێـن پـاکی چـونکە لـەدایك بـوونی ئـەم منداڵەیان بە ویستێکی ئاسمانی لەقەڵەمدا.

سەفیەدین ئیسحاق: هەر لەمنداڵیەوە شێخ سەفیەدین ئیسحاقی ئەردەبیلی زانستەکانی فیکر و ئایینیی خوێند و پاشان بەناو نهێنیەکانی سۆفیگەری و خۆشەویستیی خوداییدا قووڵ بووەوە، لەسەر دەستی چەندین شێخی ئەو سەردەم دەرسی خوێند پاشـان ویسـتی بچێتە فارس بەلاّم لەشیراز گیرسایەوەو لەوێ پەیوەنـدی بەسـەعدی شـیرازی شـاعیرەوە کردو، ئینجا میرعەبـدوڵلاّی فارسـی کەلـەپیاو مـاقولانی شـیرازبوو ئامۆژگـاری کـرد پەیوەندی بە شێخ تاجەدین ئیبراهیمی گەیلانی کەبەشێخ زاهید ناسرابوو بکات. ئەویش بەقسەی کرد و پاشان فاتیمەی کچی شێخی مـارەکرد و لەسـەر دەسـتی خەزوورەکـەی بووە میرێکی سۆفیی کە جیهان لەئامادەباشیدایە بۆ خزمـەتکردنی. لێـرەو دەگێڕنـەوە گوایە شێخ سەفیەدین ئیسحاق لەخەودا بینیوویەتی: (لەسەر چیای قـاف دانیشـتووە و لەناوەڕاستی چیاکە شمشێرێکی درێژ و پان هاتە دەرەوە سەرپۆشێکی لەپێستی سمۆرەی پێوەبووە و دوای ماویەکی کورت خـۆر هـەلاّت و هـەموو جیهـانی لەبـەردەم روونـاك کـردەوە). شـێخ ئـەم خەونـەی وا لێکدایـەوە کـە شمشـێرەکە دەسـەلاّتەو خۆرەکـەش رووناکیەکەیەتی، ئەمـەش بەیەکـەم هـەنگاو لەقەڵـەم دەدەرێ لـەکاروانی بانگـەوازی سیاسییانەی خانەوادەی سەفەویی. کاتێکیش شێخ زاهید کۆچی دوایـی کـرد ئـەو بـوو بەجێنشـینی و مـوردێکی زۆری لـەدەور کۆبـۆوەو هێنـدەی دیکـە ژمـارەی شـوێن کەوتووەکانی زیادی کردو رێزیشی لەناو پیاو ماقولاندا پتربوو و بەتایبەتیش رەشدەدین

فەزلوڵلا و غەیاسەدین محەمەدی کوڕی. ئەو کاتە ئازەربێجان لەژێر هەڕەشەی چەپۆکی مەگۆل بوو و، لەدوای زنجیرەیەك مالوێرانی و دەردەسەری کەلەئەنجامی حوکومڕانی ئەوان سازببوو مابۆوە. خەڵکیش بەروون و ئاشکرایی لەترسی مردن روویان لەسۆفیگەریی و دەروێشی و گۆشەگیریی کرد، بەو ئومێدەی ببێتە پەناگەیەك کەهەندێك لەباری خراپی دەروونیان کەم بکاتەوە، هەر لەبەرژەوەندی شێخیش بوو کەبەردەوام ژمارەی ئەوانەی پەیوەندییان بەخانەقاکەیەوە دەکرد لەزیادبووندا بوو، هەرچەندە لەزۆر ناوچەکانی وڵات تەکیەو خانەقای دیکەش هەبوون.

سەدرەدین موسا: لەدوای مردنی شێخ سەفیەدین ئیسحاق سەدرەدین موسای کوڕی کەتەمەنی سی و یەك ساڵ بوو جێی گرتەوە و هەر لەمنداڵییەوە لە ئەلقەکانی زکری سۆفیگەرییدا پەروەردەبوو، هەمیشە پشت و پەنای وەلیەکان و لاوەکان بوو، نانی هەژارانی دەدا، بەم کارانەی توانی سەرکردایەتی رۆحیی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لەسەردەمی ئەویشدا خانەوادەکەی سەرەدەریان لەکاری سیاسەت دەردەکرد، بۆیە ئەشرەف جۆبانی تەیموورتاشی حاکمی مەگۆلەکان لەئەردەبیل ئەم هەڵوێستەی زۆر بەلاوە ناخۆش بوو و لەدواییشدا دەری کرد و ناردیە تەورێز، بەلام زۆری ژمارەی لایەنگرانی سەدرەدین موسا لەئەردەبیل حاکمی مەگۆلەکانی ناچارکرد کەوا بیگەڕێنێتەوە، کەچی جارێکی دیکە بیری لەوە کردەوە ژەهرخواردی بکات و بیکوژێ. کاتێکیش شێخ بەمەی زانی یەکسەر ئەردەبیلی بەجێهێشت و چووە لای خاڵەکانی لە گەیلان و لەوێ نیشتەجێبوو، لەهەمان کاتیشدا شوێن کەوتووانی شێخ ئیبراهیم زاهیدی گەیلانی ئەشرەف جۆبانیان تۆقاند و لەوێ مایەوە تا ئەوکاتەی جانی بەگ کەحاکمی مەگۆلی بوو لەخوارووی رووسیا هێرشی کردە سەر جانی بەگ لەئازەربێجان لەساڵی ١٣٥٧زدا و لەژێر دەستی دەسەلاتدارانی جۆبانیەکانی دەرهێنا، کەچی یەکێك لەسەرکردەکانی مەگۆلی کە ناوی ئەرگۆن بوو توانی ئەشرەف جۆبان بکوژێ و سەدرەدین موساش بەسەر بەرزی و شکۆوە گەڕایەوە ئەردەبیل، کە ئەمەش نیشانەی بوونی لایەنگرانی سەفەوییەکان و پلەو پایەی شێخەکانیانە لەنێو ریزەکانی دەسەلاتدارە نێوخۆییەکان.

لەسەردەمی ئەویشدا باری سیاسی لەعیراق و ئێران بەردەوام لەپشێویدا بوو، بەمەش وڵاتەکە بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووك دابەش بوو، لەهەمووشیان دیارتر دەوڵەتی خانەوادەی جەلائیر لەعیراق، دەوڵەتی جوبانەکان لە ئازەربێجان، دەوڵەتی موزەفەرەکان لەیەزدو کرمان، دەوڵەتی ئەینجۆ لە فارس، دەوڵەتی سەربەداریی لە سەبزەوار بوون، ئەم بارە ئاڵۆزەش هەلی زیاتری بۆ ئەم تەریقەتە سازکرد تاکو خەڵکیی زیاتر بەمەبەستی وەدەست هێنانی ئارامیی دەروونی لەدەوریدا کۆببنەوە.

لەساڵی ١٣٩٣زدا سەدرەدین موسا کۆچی دوایی کرد و لەتەنیشت باوکی لە مەڵبەندی سۆفیەکاندا لەئەردەبیل نێژرا. گرنگی ئەم پیاوەش لەم خاڵانەی خوارەوەدابوو:

-پلەو پایەی خانەوادەی سەفەوییەکانی لەنێوەندەکانی دەسەڵاتدا گەیاندە ئەوپەڕی.

-لەسەردەمی ئەودا خانەوادەی سەفەوییەکان شارەزایی تەواویان لەبارەی سیاسەتەوە پەیدا کرد.

-مەزارەگەیەکی گەورەی بۆ باوکی سازکردو کردیە بارەگایەکی تایبەت بە شوێن کەوتووانی و لەدواییشدا بوو بەناوەندێکی رووحیی و سۆفیەکان لەوێدا کۆدەبوونەوەدو چەندین جۆر خێر و نەزریان تێدا ئەنجام دەدا.

-لە ئەردەبیلدا مزگەوتێکی گەورەی سازکرد و ناوی لێنا ئارامگای خانەدانانی سەفەویی (ارامگاه خاندان صفوی).

عەلای عەلی: عەلای عەلی لەدوای مردنی باوکی سەدرەدین موسا بووە خاوەنی مەقامی تەریقەتی سۆفیگەریی و بەوەش لەباب و باپیرانی جیابۆوە کە هەمیشە بەرگی رەشی دەپۆشی، بۆیە ناویان نا رەشپۆش (سیاه پوش) و زیادەڕەوی زۆری لەخواترسیدا دەکرد و لەساتەوەختی زۆربەی داگیرکاریەکانی تەیمووریەکان لەوڵاتە ئیسلامیەکانی خۆرەڵات کەتەیموورلەنگ بەرێوەی دەبرد بوونی هەبوو. لەئەنجامی خراپی بارو گوزەرانی خەڵکی ئێران کەبەهۆی تەیمووریەکانەوە دووچاریان هاتبوو رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی موریدەکانی زیاتر دەبوون.

عەلی سیاپۆش لەلایەن تەیموورلەنگەوە چاودێری دەکرا و نێوانیان زۆر خۆشبوو، لەوانەش بوو کە تەیموورلەنگ مەیلی بەلای مەزەبی شیعەوە هەبووبێ و لەو ماوەیەشدا سێ جار کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجامداوە. جار لەدوای جار تەیموورلەنگ هۆگریەکەی بۆ عەلی سیاپۆش زیاتر دەبوو. لەوانەشە گرنگترینی ئەو چاوپێکەوتنانەش ئەوەیان بووبێ کەلەساڵی ١٤٠٢زادا لەکاتی شکستهێنانی سوڵتانی عوسمانی بایەزید لەئەنکەرە سازکرا. هەر لەو شەڕەشدا ژمارەیەکی زۆری سەربازە تورکەکانی بەدیل گرت کەژمارەیان دەگەیشتە سی هەزار سەرباز و هەموویان هێنایە ئەردەبیل. کاتێکیش عەلی ساپۆش داوای لەتەیموورلەنگ کرد کەوا دیلەکان بەوی ببەخشێ داواکاریەکەی بۆ جێبەجێکرد. ئەویش لەنزیك ئارامگای باوکی لەئەردەبیل و لەدەوروبەری ئارامگای گەنجە لە گول نیشتەجێی کردن و ناوی لێنان سۆفییە رۆملۆیەکان، لەبەر ئەوەی کەئەوان لەولاتی رۆمەوە هاتبوون و ئەوان ئێستا باپیرە گەورەکانی هۆزی رۆملۆی قزلباشی بوون کەبەهێزترین لایەنگری شائیسماعیلی یەکەم بوون و بەردەوام لەپێناویشیاندا دژایەتی تورکە سوننیەکانیان دەکرد و بەرگریشیان لەبەرنامە مەزەبیەکانی شیعەش دەکرد. ئەم رووداوە بوو بەبنچینەیەك بۆ ئەوەی هۆزی قزلباش (سەرسوورەکان) خۆیان رێکبخەنەوە، بۆیەش ناویان نان سەرسوورەکان چونکە بە هێمای سوور سەری خۆیان دادەپۆشی و لەگەڵ عوسمانییەکانیشدا هاوڕا بوون لە یەکڕیزیی رەگەزپەرستی و بیروبۆچوونەوە. لەلایەکی دیکەوە عەلی سیاپۆش کۆمەڵێکی لەو دیلانە ئازاد کرد تاکو ببن بە شوێن کەوتووی ئەو و سەربازی هەمیشە ئامادە و یارمەتیدەری سەفەوییەکان لەکاتی پێویستدا و ببنە چاوی تەیموورلەنگ لەئاسیای بچووك. شایانی باسە ئەمە یەکەم جار بوو لەهەموو مێژووی سەفەوییەکان کەوا تەیموورلەنگ موریدەکانی سۆفیگەریی بخاتە نێو ریزەکانی سوپاکەیەوە، ئەم دیاردەیەش پێشکەوتنی بەرەو رێکخستنی سەربازی نیشان دەدا.

ئینجا شێخ چەندین ناوچەو هەرێمی لەلایەن تەیموورلەنگەوە لەعیراق و ئازەربێجان پێ بەخشرا و کوڕەکانیش چەندین گوند و زەوی کشتوکاڵیان لەدەوروبەری قزل ئوزون و گەمرەو ئەسفەهان و هەمەدان بەرکەوت، ئەمەش هەلی زیاتری بۆ خانەوادەی سەفەویی رەخساند داهاتێکی بەردەوامی زۆریان لەو ناوچانە وەدەست بکەوێ.

لەنێو پۆلین کردنی عەرەبەکاندا ناوی عەلای عەلی بەناوی عەلی سیاه عــەلی هــاتووە لەبەر ئەوەی شێخی سۆفیەکان بوو لەعیراقدا. لەساڵی ١٤٢٦زدا لەسەفەرەکەی بۆ حەج بەدیمەشقدا تێپەڕی کۆمەڵێکیشی لەلایەنگرانی ئەوانەی بەهــەموو شــێوەیەك پیرۆزیـان دەکرد لەگەڵدابوو.

لەدوای سی و هەشت ساڵ سەرکردایەتی عــەلی سیاپۆش لـەقودس و لـە ١٥ئایـاری ١٤٢٧ز لەکاتی گەڕانەوەی لەمەککـە کۆچـی دوایـی کـردو هـەر لەقودسـیش نێـژراو مەزارگەیەکی گەورەشیان بۆ سـازکرد، ئێسـتاش گۆڕەکـەی بـە مـەزاری شـێخ عـەلی عەجەمی ناسـراوە. شـایانی ئامـاژە پێکردنـە کـەوا سەرچـاوە سـەفەوییەکان مـەیلی شیعایەتیەکی ئاشکرایان خستۆتە پاڵ و بەڵام گومان لەراسـتیەکەی دەکـرێ و دەشـڵێن گوایە یەکەم کەسبووە لەکوڕەکانی شێخ سـەفیەدین ئیسـحاق کەپەیوەنـدی بەمـەزەبی شیعەوە کردووە، بەروون و ئاشکراش داوای کردووە کەلایەنگریی بکەن.

ئیراهیم: عەلی سیاپۆش سێ کوڕی هەبوو: شێخ شاە کەبـە شـێخ ئیـبراهیم ناسـرابوو و جەعفەر و عەبدولرەحمان بوون. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کەهیچ کام لەو کوڕانەی لەئاستی پێویسـت نـەبوون بـۆ سـەرکردایەتی کـردن، کەچـی ئیـبراهیم سـەرەڕای لاوازی کەسایەتیەکەی بوو بەجێنشینی، جگە لەمەش ئیبراهیم خاوەنی زیرەکی و شارەزاییەکی ئەوتۆ نەبوو کەبتوانێ کاروباری بانگەوازەکە هەڵبسـووڕێنێ و نەخۆشـیش بـوو بـەهۆی نالەباری هەڵسووڕاندنەکەشیەوە هەنگاوێکی دیکەش سـەفەوییەکانی دواخسـت. بـەڵام هەندێك سـەرچاوە هەرگیز ئاماژە بۆ ئـەم بابەتـە ناکـەن، ئیـبراهیم لەسـاڵی ١٤٤٧زدا کۆچی دوایی کردو لەتەنیشت مەزاری باب و باپیرانی ناشتیان.

جونێـد: شـێخ ئیـبراهیم چـوار کـوڕی هـەبوو: جونێـد، ئەبوسـەعید، سـەید ئەحمـەد، سەیدبایەزید، خواجە جیهان میرزا و ئیبراهیم خواجـەگی. جونێـد لەهـەموو کوڕەکـانی دیکە بۆ سەرکردایەتی لێوەشاوەتر بوو، بۆیە بوو بەجێنشـینی بـاوکی و سـەرکردایەتی بزووتنەوەکەی گرتە دەست و ئارەزووی موڵکایەتیشی لـەلا پەیـدابوو و پاشـان وێنـەی پاشاکان هەڵس و کەوتی دەکردو نازناوی سوڵتانی پێبەخشراو بانگەوازە مەزەبیەکەشی

وەرگێڕا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی پشت بەستوو بەژمارەی موریدەکان و رێکخستنیان لە رێکخراوێکی نیمچە سەربازی.

ئەوکاتە پشێوی باڵی بەسەر ئێراندا کێشابوو و لەدوای مردنی شاروخ وڵاتەکەی چەندین بزووتنەوەی سەربەخۆیی بەخۆوە بینی کە سەرکردە تەماعکارەکان سازیان دەداو لەدروستکردنی چەند ئیمارەتێکیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، شۆڕشی (مشەعشەعەکان)یش هەرە توندەکەیانبوو، چونکە هەڕەشەی داگیرکردنی خواروو و خۆراوای ئێرانی دەکرد، جونێد ئەم بارەی قۆزتەوەو لەئەردەبیل جێگیربوو.

لەسەر دەستی شێخ جونێدیش لادانێکی مەزەبی گەورە لەبزووتنەوەی سەفەوییەکان بەلای مەزەبی دوازەیی بەئاشکرایی دروستبوو. ئەو سروشتە کۆمەڵایەتییەی کەباڵی بەسەر خۆراوای ئێران و خوارووی ئەنادۆڵ و باکوری شامدا کێشابوو، کەئەم ناوچانەش هۆزە تورکمانەکانی لێبوو دەسەڵاتێکی درێژخایەنیان لەنیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەمی زایینی لەدوای هەرەسهێنانی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی لەئەنجامی هێرش و پەلامارەکانی تەیموورلەگ وەگیرخست. سەرەڕای ئەوەش چەسپانی دەسەڵاتی عوسمانی لەدوای ئازادکردنی قوستەنتینیەو هەڵکشان بەردەوامی عوسمانییەکان لەئەنادۆڵ دەسەڵاتی هۆزە تورکمانەکانی بچووك کردەوەو ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کەهەشیان بوو گەمارۆ درا، بواری لەبار و رەخساو پەیدابوو بۆ ئەوەی پڕوپاگەندە ئایینیە تێکەڵ بەناوەڕۆکێکی سیاسی بەسەرکەوتووی بلاوبکەنەوە.

لەم کاتەدا جونێد گەشتێکی لە ئەنادۆڵەوە بۆ ناوچەکانی وڵاتی شام دەسپێکرد و لەو ناوچانەدا رێکەوتی بیروباوەڕە شیعیە توندڕەوەکانی کرد، کاتێکیش لەئەردەبیل دەرکرا بەدوای لایەنگر و موریددا دەگەڕاو بڕیاریدا تورکمانەکان بەرزکاتەوە بۆ ریزەکانی خۆی ئەویش بەهۆی ئەوەی کە مەراسیمەکانیان بۆ سازبکات و خەرجیەکانیان بۆ بدات و بیانپارێزێ، پڕوپاگەندەی ئەوەش بلاوبۆوە کە ئەو دەوڵەتە عەلەویەی بڕیارە لەکۆتایی سەردەمەکان بەدەرکەوێ ئەوا نزیکبۆتەوەو بەسەرکردایەتی ئەو دروست دەبێ و هەر ئەویش لەریزی سوپای مەهدیدا دەجەنگێ، لەمەشدا مەبەستی ئەوەبوو بناغەیەك دابڕێژێ بۆ پڕۆژەیەکی سیاسی ئامانجی دروسکردنی دەوڵەت بوو.

لەدوایـیدا جونێـد چـووە حەلـەب و لـەلای شـێخ محەمــەدی کـوڕی ئەویسـی ئـەربیللی کەیـەکێك بـوو لەشـوێن کـەوتووانی ســەفەویی مایــەوە، لەوێشــەوە چــووە کــەللز کەشارۆچکەیەکی حەلەب بوو و بارەگایەکی کۆنی تورکمانەکانیش بـوو، پاشـان چـووە چیای موسـا لەئـەنتاکیا، پێشـنیاری کـرد کـەوا تیپێکـی شـیعەی بـەڕێز سـازبکات کەموشەعشعەکان شوێن پێیان تێدا قاییم و گەورەبێ، ئەو هێزە رووحییەشـی کەلـەناو دڵ و دەروونی شوێنکەوتووە تورکمانەکاندا گەورەو پێگەیشتووبوو، قۆزتـەوە، بەمـەش شێخ محەمەد کە خانەخوێی بوو دژی وەستاو ئەم کـارەی پێپەسـەند نـەبوو بـۆ گەیشـتن بەمەرامە سیاسیەکانی و لەدوای ئەوەش هێندەی دیکە شوێنکەوتووانی چـالاکیەکانیان زیادکرد. کۆمەڵگای حەلەبیش بەهیچ شێوەیەك ئەم بانگەوازەیان پێ قبووڵ نەبوو، بۆیە هەر بەخێرایی کۆبوونەوەیـەکی فیقهیـان سـازکرد بـۆ ئـەوەی جونێـد دادگـایی بکـەن بەتۆمەتی ئەوەی پێشەوای بەشتێکی پیرۆز وەسـفکردووە. لـەو ئەنجوومەنەشـدا بڕیـادار کەبیکوژن و، کاتیش بەمەی زانی بەنهێنی حەلەبی بەجێهێشت و بەرەو دیاربەکر چـوو و ئەوکاتە ئوزون حەسەن حوکومڕانی دەکردو پەیوەندیەکەی لەگەڵدا قوول کردو خەدیجـە بیگەمی خوشکی مارەکرد بۆ ئەوەی ببێتە پەردەپۆشێك و پڕۆژە سیاسیە-مەزهەبیەکەی بپارێزێ، ئوزون حەسەنیش ئامانجی ئەوەبوو کەوا شیعەکان ببنە لایەنگری بـۆ دژایـەتی قەرە قوینلوو. لەهەمان کاتیشدا ئەم هاوسەرگیرییە تەکانێکی دیکـەی دایـە جونێـد و مکوڕبوو لەسەر ئەوەی بگەڕێتەوە ئـەردەبیل و بـۆ ئەمــەش داوای یارمــەتی لـەئوزون حەسەن کرد ئەویش یارمەتیەکەی بۆ دابینکرد، پاشــان ئامــەدی بەجێهێشــت و بـەرەو وڵاتی خۆی بەڕێکەوت، کاتێك گەیشتە شەروان سـوڵتانی خـەلیلی تورکمـانی حـاکمی ئەوێ کەلایەنگریی قەرەقوینلوو بوو رێگەی پێگـرت و لەنێوانیانـدا شـەڕێکی سـەخت روویداو لە٤ئازار١٤٦٠زدا جونێد کوژرا.

لەراستیشدا لەسەردەمی جونێد بزووتنەوەی سەفەوییەکان زیاتر مۆرکی بزووتنەوەیـەکی سیاسی بەسـەردا زاڵبوو، هەروەها لایەنگرانی لەوڵاتی عوسمانییەکان و عیراق و سەرجەم وڵاتانی ناوچەکەوە بۆی دەهاتن و هەنـدێگ لەدۆسـتەکانی ئـەوەیان بڵاوکـردەوە کـەوا جونێـد دوای ئــەوەی کـوژراوە زینـدوو بۆتــەوە، ئەمــەش نزیـك خسـتنەوەیەکە لــە بیروبۆچوونی موشەعشعەکان.

هەرچیەکبێ لەسەردەمی جونێد سەفەوییەکان وێنەی حزبێکی سیاسی شۆڕشگێڕیان پێوە نووساو، بەرزو پیرۆز راگرتنی سەرکردەکانیان خزاندە ناو بیروباوەڕو مەزەبیانەوە و ئەمەش زیاتر لەسەردەمی خەلافەتی حەیدەری کوڕی جونێد روون دەبێتەوە کاتێك لەدوای مردنی باوکی بوو بەسەرکردەی بزووتنەوەکە.

حەیدەر: حەیدەر جێی جونێدی باوکی گرتەوەو تەمەنیشی کەم بوو، بەهاوکاری و چاودێریی لایەنگرلنی کەژمارەیان زۆر بوو بەهۆی کوشتنی جونێدی سەرکردەیان ورەیان دابەزی، ناچار پەنای بردە بەر ئاشتی و چاوەڕێی کاتێکی گونجاوی دەکرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەڵسێتەوە، لەو پێناوەشدا بەهۆی زیاد بوونی ژمارەی لایەنگرانی گەشەی بەهێزەکانی دەدا، کاتێك گەیشتە بەهێزییەکی تەواو هەنگاوی یەکەمی هەڵهێناو رەوەرەوەی بزووتنەوەی سۆفیگەریی بەرەو مەزەبی شیعەیی دوانزەیی هاویشت و نیشانەیەکی تایبەتیشی بۆخۆی هەڵبژارد تا لەخەڵکی دیکەی جیابکاتەوە، ئەویش فێسێکی سوور بوو کە دوانزە نقێمی سووری پێوەبوو و ئاماژە بوو بۆ دوانزە ئیمامی شیعەکان، لێرەدا عوسمانییەکان ناویان لەو کەسانەی کە ئەو جۆرە فێسەیان لەسەر دەکرد نا قزلباش واتە سەرسوورەکان.

حەیدەر هەر لەئەردەبیل مایەوە لەترسی ئەوەی نەوەکا لەئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی سەفەویی زیانیان پێبگات، کە ئەوکات ئوزون حەسەن دەستی بەسەر عیراق و ئازەربێجاندا گرتبوو، ئەویش لەدوای ئەوەی کەلەساڵی ١٤٦٨-١٤٦٩ جیهانشای کوڕی قەرەیوسف و ئەبی سەعیدی تەیووری لەناوبردو، هیچ شتێك لەعیراق و ئێران و پشت رووباردا نەما کە سڵی لێ بکاتەوە.

ئینجا سەرکردەی ئالاق قوینلوو داوای لە حەیدەری خوشکەزای کرد کەوا دروشمی تەریقەتەکەی بۆ بنێرێ تاکو خۆی و منداڵەکانی لەبەری بکەن، دوای ئەوە داوەتی کرد بۆ دیاربەکر و کچی خۆشی لێ مارەکرد کەناوی حەلیمە بەگم بوو و بە عەلەمشا ناسرابوو، ئەو کچەشی لەو ژنەی بوو کەکچی ئیمپراتۆر یوحەننای چوارەمی حاکمی تەڕابزۆن بوو و ناوی دەسبینا خاتوون بوو. وادیار بوو کە ئوزون حەسەن ئارەزووی ئەوەی دەکرد یارمەتی زاواو خوشکەزاکەی بدات تا بتوانێ بۆخۆی قەوارەیەك دروست

بکات. بەلاَم ئـەو لەسـاڵی ١٤٧٧زدا کۆچـی دوایـی کـرد و نـەیتوانی ئـەو ئامانجـەی بهێنێتەدی. لەدوای ئەویش کورەکەی کە میراتگری یەکـەمی بـوو هاتـە جێـی، بـەلاَم لەلایەن یەعقوبی برا بچووکەکەیەوە پیلانی بۆ سازکرا و دوای چەند مانگێـك لـەمردنی باوکی کوشتی و خۆشی کرد بە حاکمی قەرەقوینلۆو.

پەیوندیەکانی نێوان حەیدەرو یەعقوب رووی لەخراپی کردو یەعقوب هەمیشە چـاودێری هەڵس و کەوتەکانی دەکرد، تا کار گەیشتە ئـەوەی بەتـەواوی نێوانیـان شـلەژا، بۆیـە حەیدەرو لایەنگرانی ناچار بوون کەوا دیار بەکر بەجێبهێڵن و بگەرێنەوە ئەردەبیل.

لەلایەکی دیکەشەوە حەیدەر دەرکی بەوەکرد کە ئەم رووبەروبوونەوەیـە کارێکـە هـەر دەبێ ئەنجامی بدات بۆیـە کەوتـە هـەوڵی بـەهێزکردنی خـۆی و دووجـار لەسـەر یـەك کـەرەجی داگیرکـرد، یەکـەم لەسـاڵی ١٤٨٣و دووەم لەسـاڵی ١٤٨٧زدا، ئـەویش بەمەبەستی ئەوەبوو کەوا جێپێیەك بۆخـۆی بکاتـەوەو دەسـکەوتێکی ئـەوتۆش پەیـدا بکات تاکو بەهۆیەوە بتوانێ بژێوی سوپاکەی دابـین بکـات، بێگومـان کـاتێکیش ئـەم هەنگاوانەی هەڵهێنا روخسەتی لە خەلیلی حاکمی شەروان وەرگرت، چونکە ناوچـەکەی ئەو دەکەوتە سەر رێی کەرەج، پاشان کەهەستی بەلاوازی کردن هەوڵیدا دەسبەسەر ئـەم وڵاتەشدا بگرێ و تۆڵەی کوژرانی باوکی بکاتەوەو هێرشی کردە سەر شـەماخی پایتـەخت. خەلیل ترسی لێ نیشتوو داوای یارمەتی لەیەعقوبی سەرکردەی ئالاق قوینلـوو و دوژمـنی حەیدەر کرد. هەردوولا لەو شەرە سەرکەوتووانەیەدا هاوکاری یەکتریان کـرد و لەتەبرسـتان لەنزیك دەربەند لەساڵی ١٤٨٨ز هەردوو لای شەرکەر بەیـەکیان داداو لەئەنجامـدا حەیـدەر کوژرا.

گرنگی حەیدەر لەوەدابوو کەوا بزووتنەوەی سەفەویی لە چوارچێوەی ئایینیەوە هێنایـەدەرو خستیە ناو چوارچێویەکی سـەربازی، ئـەویش لـەدوای ئـەوەی موریـدەکانی بەشـێوازێکی رێکوپێکی سەربازانە رێکخست و پۆشاکێکی تایبەتتری لە کلاَوە سوورە دوانزە نقێمیەکەی کەئاماژە بوو بۆ دوانزە ئیمامەکە بۆ سازکردن کـەزیاتر لەخـەڵکی دیکـەی جیادەکردنـەوە ئەمەش بووە دروشمێکی تایبەت بە هێزەکانی سەفەویی.

سولتان عەلی: لەدوای مردنی خۆی حەیدەر سێ کوڕی بەجێهێشت: ئیبراهیم و ئیسماعیل و سولتان عەلی، ئەوەی دواییان بوو بەجێنشینی باوکی و سەرۆکایەتی خانەوادەکەی وەرگرت و سەرجەم موریدەکانیش لەدەوری کۆبوونەوەو هانیشیان دەدا تـا تۆڵـەی خـوێنی بـاوکی بکاتەوە، ئەمەش یەعقوبی سەرکردەی ئـالاق قوینلـووی نیگـەران کـردو داوای لـەحاکمی ئەردەبیل کرد قۆڵبەستیان بکات، ئەویش ئەوان و حەلیمەی دایکیشیانی گـرت و بەدەسـت مەنسوری حاکمی ولاتی فارسی دان ئەویش لەقـەلای ئەسـتەخەر زینـدانیی کـردن، بـەلام ماوەی زیندانیەکەیان زۆری نەخایاند و لەدوای چوار ساڵ و دوای مردنی یـەعقوب لەسـاڵی ١٤٩١زدا کەلەئەنجامی ململانێی گرتنەدەستی دەسەلات لەنێوان هاوپەیمانەکانیدا کـوژرا، ئازاد کران.

رۆستەمی کوڕی مەقسودی کوڕی ئوزون حەسەن توانی ببێتە سـەرکردەیەکی سـەرکەوتووی ئالاق قوینلوو لەدیاربەکر، بەلام لەلایـەن بایسـەنقەری کـوڕی یەعقوبـەوە دژایـەتی کـرا، کەئەویش داوای یارمەتی لە فروخ یەسارشای حاکمی شەروان کرد یارمەتی بدا، ئەم کارەش پاڵی بەرۆستەمەوە نا هەر سێ براو دایکیان ئازاد بکات و کوڕە گەورەکەشـی هانـدا تـاکو تۆڵەی کوشتنی باوکی لەخەلیلی باوکی فروخ یەسارشا بکاتەوە.

هەواڵی ئازادبوونی ئەمانە لەنێو موریدەکاندا بلاوبووەوە هـەموویان لـەدەوری کۆبوونـەوەو سولتان عەلیان بەرزکردەوە بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی خانەوادەکـەیان، ئینجـا شـەڕی لەگەڵ بایسنقەردا کردو لەساڵی ١٤٩٢زدا کوشتی، ئەم رووداوەش لەبەرژەوەندی رۆستەمدا بوو، بۆیە سولتان عەلی خەلات کرد و زۆر بەگەرمیەوە لەدەرباری خۆیدا پێشوازی لێکـرد، رێشیپێدا بچێتە ناو ئەردەبیل و لەوێ سەرۆکایەتی موریدەکانی بکات.

وا دیار بوو کەوا ئەو کۆبوونەوە گەورەیەی موریدەکان رۆستەمی بێزارکردبـێ، بۆیـە کۆنـە قینەکان لەنێوان ئەو دوو خانەوادەیەدا سەری هەڵدایەوەو هـەر سـێ براکـەی بـانگ کـردە تەورێز بەمەبەستی ئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ موریدەکانیان بچڕێنێ، بـەلام سـولتان عـەلی دەرکی بەمەرامەکانی رۆستەم کرد و شەڕ لەنێوانیاندا بەرپابوو، لەو شەڕەشدا سولتان عەلی کوژراو تەرمەکەیان بردەوە بۆ ئەردەبیل و لەوێ لە مەزارگەی بـاب و باپیرانیـان بـەخاکیان سپارد، ئینجا ئیبراهیم و ئیسماعیلی برای روویان لە گەیلان کرد. پاشان ئیبراهیم لـەکاتی

هەوڵدانی تا بگەڕێتەوە ئەردەبیل لەرێگا کوژراو ئیسماعیلیش لەگەیلان مایەوەو چاوەڕێی دەرفەتێکی دەکرد تا بگەڕێتەوە ئەردەبیل. لەئەنجامی ئەوەشدا ململانێی توونـد لـەنێوان هەردوو خانەوادەکەدا سازبوو و کەسەردەمی شا ئیسماعیل کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە.

رۆڵی هۆز لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویی:

لێکۆڵەرەوە لەمێژووی دەوڵەتی سەفەویی سەرنجی رۆڵی گەورەی هۆزە تورکمانـەکان دەدات کە لەبنیاتانی دەوڵەتی سەفەوییدا هەیان بوو و بەردەوامیشیان پێدا. لەراستیدا ئـەو هێـزە سەربازیانەی کەیاوەری شائیسماعیلی یەکەم بوون لەچالاکییە سەربازیەکانیدا، زۆربەیان لە پیاوەکانی هۆزە تورکمانەکانی مەسمات قزلباش بوون، ئەوانیش:

رۆملوو:

وادیارە کە کۆنترین موریدی خانەوادەی سەفەویی لەکۆمەڵەی قزلباشەکانی هـۆزی رۆملـۆ بوون و ئەوانیش لە بەرەی دیلەکانی جەنگی تورکەکان بوون کەتەیموورلەنگ لەدژی سـوڵتان بایەزیدی یەکەمی عوسمانی هەڵگیرساندبوو و لەدوای جەنگەکە لەگەڵ خۆیدا بردبـوونی بـۆ ئەنکەرە. ئەوکاتەش عەلایی عـەلی سـەفەویی هـەوڵی ئـازادکردنی بـۆ دان تـاکو لەگـەڵ رۆژگاردا ببنە باشترین موریدی خانەوادەکەیان.

شاملوو:

ئەم هۆزە سـەر بە شامن چونکە کاتی خۆی لەدەوروبەری حەلەب و ئەدەنـە و تەرسـووس و سەرجەم ناوچەکانی بـاکوری ولاتـی شـامەوە هـاتبوون، سەرکردەکانیشـیان لەسـەردەمی حوکـومڕانی سـەفەوییەکاندا پلـەو پایـەی بـەرزیان هـەبوو بەتایبـەتی لەسـەردەمی شـا ئیسماعیلی یەکەم، لەوانەش سێ برایان: حوسێن بـەگولاّ خـان و مـیری میرزادەکـان شـا ئیسماعیلی یەکەم کە لە جەنگی چالدێران کوژرا، ئینجا دەروێش خانی بووە خاوەنی رێز و خۆشەویستیی لەلای شـا، هەروەهاحوسـێن خـانی برایـان کـە پلـەی مـیری میرزادەکـانی لەسەردەمی تەهماسبی یەکەم پێدرا.

زەینەل خان: حاکمی هەرات بوو لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەم.

عەلی قولی خان: پلەی وەزیری هەبوو لەسەردەمی شاعەباسی یەکەم و سەرجەم زەویــەکانی شاری رەی وەك خەلاّت و رێزلێنانێك پێبەخشی.

ئستاجلوو:

هۆزێکی تورکمانی هەر لەسەرەتاوە پاڵپشتی لە خانــەوادەی دەوڵــەتی ســەفەویی دەکــردو لەناوچەکانی ئەرزەنجا لە ئەرمینیا بلاّبوونەوە، لەسەرکردەکانیشیان:

محەمەدخان: حاکمی دیاربەکر بــوو لەلایــەن شائیســماعیلی یەکەمــەوە دامــەزرا، ئــەویش هێزەکانی لە بەرەی خۆرەلاّتەوە لە ئاسیای بچووك و بەشی بەرزاییەکانی رووبــاری فــورات لە مەرعەش بوستان و خەرتەبرت و ئامەد و رەهای گرتبــۆوە، بەمــەش هەرەشــەی لــە سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی کردو لەجەنگی چالدێران کوژرا.

قەزاخان:

برای محەمەد خان و جێنشــنی بــوو لــە دیاربــەکر، کەچــی لــەماردین لەســاڵی ١٥١٦ز لەئەنجامی رووبەرووبوونەوەیەك لەنێوان ئەو و مستەفا پاشای عوسمانی کــوژرا کەیــەکێ بوو لەسەرکردەکانی سوپای سوڵتان سەلیمی یەکەم، بیست و حەوت شازادەی ئەم هــۆزە پلەو پایەی گرنگیان لەدەوڵەتی سەفەوییدا هەبوو.

تیکالۆ:

هۆزێکی تورکمانی بوو لە دەوروبەری قونییە لــە ئاســیای بچــووك نیشــتەجێ بــوون و ئەندامانی خانەوادەکەشیان لە ئیمارەتی تەکــە لەباشــووری ئــەنادۆل بلاّوبوونــەوە، ئــەم هۆزە رۆڵێکی ئێجگار کاریگەریان هــەبوو لەدەرکــەوتنی تورکمانــەکان لــە بانگــەوازی شیعەمەزەبیی لەناوچــەی مەنتشــا و ئایــدین و یــەکێك لەشێخەکانیشــیان پەیوەنــدیان پێوەکرد، کەئەویش بابە حەسەن خەلیفەبوو و یــەکێك بــوو لەدامەزرێنــەرانی دەوڵــەتی سەفەویی لەئەنادۆڵ: بەهۆی خزمەتی حەیدەری باوکی شائیسماعیلی یەکــەم کــە داوای لێ کرد بگەرێتەوەو بێتە ناو مەزەبی شیعەو موریــدەکان کۆبکاتــەوە. لــەدوای ئــەویش

نوری کوڕی کە پاشان بە شاقولی ناسرا، واتە (بەندەی شا) ئەم فەرمانەی جێبــەجێکردو لەسالّی ١٥٠٩زدا سەرکردایەتی شۆڕشێکی لــەدژی دەولّــەتی عوسمــانی لــە ئیمــارەتی تەکیە بۆ بەرژەوەندی شا ئیسماعیلی یەکەم کرد و بیــست هەزار چەکداریشــی لــەدەوری خۆی کۆکردەوە و خۆشی وەك مەهدی راگەیاند و پاشان ســەدری ئــەعزەم خــادم عــەلی پاشا لە ناوچەی تشــوبوك لــەنزیك ســیواس بــەرەنگاری بــووەوە و شکســتی پێهێنــا و لەتەموزی ١٥١١زدا کوشتی. لــە مــیرزادە بەناوبانگەکانیشــی: جوهاســولّتان و مــیری میران شا ئیسماعیلی یەکەم و ئەولەمەخان کە حاکمی ئازەربێجان بوو لەسەردەمی شــا تەهماســب و محەمــەد خــان شــەرەفەدین تــۆغلی حــاکمی هــەرات بــوو لەســەردەمی شامحەمەدی خودابەندە (١٥٧٨-١٥٨٧ز).

زولقەدەر:

ســەرچاوەی ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ تورکمانەکانی مەرعــەش و بوســتان و لەدیاربــەکر نیشتەجێبوون و پاشان ئەندامانی ئەم هۆزە پەیوەندیان کرد بە خانەوادە ســەفەوییەکانی سەردەمی شێخ جونێد و بەشداریان کرد لەئەو شەڕانەی ئەم خانەوادەیە لــەدژی شــەروان شایەسار کردیان و پاشان پشتیوانیان لەحەیدەری کوڕیشی کردو شائیســماعیلی یەکــەم هەرێمی فارسی پێ بەخشین. لەهەمووشیان بەناوبانگتر محەمەدی کوڕی کوشــای کــوڕی عەلادەولە بوو.

ئەفشار:

هۆزێکی تورکمانیە و ئەندامانی لەتورکستانەوە بەرەو ئازەربێجان و باکوری ولاّتی شــام لەبەر فشاری مەغۆلەکان کۆچیان کردو لەئازەربێجان و قەزوین و دەورووبەری تــەهران و خۆراســان و فــارس و کرمــان و مازەنــدەران و خوزســتان نیشــتەجێبوون و، نــاوی هۆزەکەشیان لە ئۆشاریا یاخود شارەوە هاتووە کە ئەویش نەوەی جەنگیزخان بــوو. ئــەم هۆزەش دابەش دەبێ بــۆ قــاسملو و قــەرەخلو، لەبەشــی دووەمــدا نادرشــای ئەفشــاری پەیدابوو کەیەکێك بوو لەگەورەترین حاکمەکانی ئێران لەچــەرخی نــوێ و دامەزرێنــەری دەوڵەتی ئەفشاری بوو کە لەدوای سەفەوییەکان حوکمی دەوڵەتی سەفەویی کرد.

قاجار:

رەچەڵەکی ئەم هۆزە تورکمانە دەگەڕێتەوە بۆ قاجارنویان کەیەکێك بوو لەســەرکردەکانی مـەگۆل و لەناوەراستی ئاســیا و لــەکاتی داگیرکاریەکـەی مەگۆلـەکان کۆچـیان کـرد و لەچەندین شوێنی جیاجیای ئێران بلاّوبوونەوە بەتایبەتیش ئازەربێجان، بەلاّم بەشـێکیان لەئــەرمینیا و شـام نیشـتەجێبوون، کەچـی ماوەیـەکی زۆری نـەبرد ئـەوانیش لەگـەڵ تەیموورلەنگ کە لـەدوای ئـەوەی کۆتـایی بـەداگیرکردنی ناوچـەکە هێنـاو گەرانــەوە و لەئازەربێجان جێگیربوون و پاشان پەیوەندیان بەسوپای شا ئیسماعیلی یەکەمەوە کـردو هەندێك لەئەندامانی ئەم هۆزە پلەو پایـەی گرنگیـان لەســەردەمی شاعەباسـی یەکـەم وەرگرت.

وەرساق:

هۆزێکی تورکمانیەو لەوەرساق لە هـەرێمی قرمـان لەئاسـیای بچـووك نیشـتەجێبوون، پاشان بەمەبەستی ئەوەی یارمەتی شائیسماعیل بدەن لەجەنگەکانیدا بەرەو ئازەربێجان کۆچیان کرد.

سۆفیەکانی قەرەباغ:

ئەم بەشە لەچەند کۆمەڵیـەکی ئـەو سـۆفیانە پێکهـاتووە کـە هاتنـە پـاڵ ریزەکـانی شائیسماعیلی یەکەم کاتێك هاتە نێو ئازەربێجانەوە.

لەهــەمان کاتیشــدا ژمارەیـەکی زۆر لەتورکمانــەکان هاتنــە بــەر خزمــەتی دەوڵــەتی سەفەویی، جگە لەمانیش:

-تورکمانەکانی دیاربەکر کەلەدوای ئەوەی لەســاڵی ١٥٠٧ز لەســەر دەسـتی قزلبـاش دەوڵەتەکەیان هەرەسی هێنا.

-چەند کۆمەڵیەکی فارسەکان لەدوای ئەوەی قزلباش لەساڵی ١٥٠٣ز دەستی بەسـەر هەرێمی فارس و عیراقدا گرت کاریگەرییــەکی قوولیشـیان هـەبوو لەسـەر مێـژووی دانیشتوانی بەرزاییەکانی ئێران.

-دانیشتوانی خۆراسان (تورك و فارسەكان) بەهۆی ئەو جەنگەی كەلەنێوان سەفەویی و ئۆزبەكەكان لەساڵی ١٥١٠ز لەمەرۆ هەڵگیرسا.

-كۆمەڵەیەكی ئەفغانی سەردەمی شا تەهماسبی یەكەم.

-بلوجەكان، ئەوانە بەكۆچەریی دەژیان لەنێوان كرمان و سیستان و لەناوچەكانی لوجستان بڵاوببوونەوە، هەروەك چۆن لەبیابانەكانی دەووروبەری دۆڵی سەند بوونیان هەبوو.

ئەم هۆزانە لەدەوری خانەوادەكانی سەفەویی كۆببوونەوە خۆشەویستی شاو خۆبەخت كردن لەپێناوی بەجێهێنانی ئامانجەكانی شا كەبریتی بوون لەبەرگریكردن لەقەوارەی سەفەوییەكان و چەسپاندنی مەزهەبی شیعەی دوانزەیی. قزلباشەكان لەلای خۆیانەوە سەرباری بچووكی تەمەنیشی وەك پێشەوایەكی تەواو و بێكەم و كوڕی وێنەی باب و باپیرانی دانیان بە شا ئیسماعیلی یەكەم نا، چونكە ئەوان وایان دەبینی كە خۆبەختكردن و بەجێگەیاندنی فەرمانەكانی ئەركی ئایینی سەرشانیانە. بۆیە هەندێكیان بەبێ چەك دەچوونە جەنگەكانەوە، چونكە بڕوایان وابوو ئەم ڕێنشاندەرە بێكەم و كوڕییە لەمەیدانی شەڕدا پارێزگاریان لێ دەكات و لەدوایدا كار گەیشتە ئەوەی كە لەخوا زیاتر یادیان دەكردەوە.

هەرچیەك بێ كاتێك ئیسماعیل شا هاتە ناو سیاسەتی ژیان ئەو پڕوپاگەندانەی كە جاران بۆ جونێدی باوك و حەیدەری باپیری لەسەر بنچینەی مەزهەبی دەكرا هەر درێژەیان هەبوو، ئارەزووی گەیشتن بە تەختی پاشایەتی لەناوەڕۆكدا مەبەستەكەی لەناو ریزەكانی دژەكانی لەخانەوادەی حاكمی مەزهەبی سوننی لەئێران پێكا، كاریگەری ئەم پڕوپاگەندانەش زیاتر لەنێو دانیشتوانی شارەكانی خۆراوای ئێران بەدیاركەوت.

لەراستیشدا كۆبوونەوەی ئەم هۆزە توركمانانە لەدەوری خانەوادەی سەفەویی بەهۆی سێ هۆكاری مەزهەبی و ئابووری و سیاسی بوو.

چونكە لەلایەن هۆكاری مەزهەبیەوە، ئەم هۆزانە لەدەوری مەزهەبی شیعە كۆبوونەوە، كارێكی سروشتیش بوو پشتیوانی لەم بزووتنەوەیە بكات كە لەهەوڵی سازكردنی

دەوڵەتێکی شیعە مەزهەبیی دایە لـەو ناوچـانەی ڕکابـەریی دەوڵـەتی سـوننە مـەزهەبی عوسمانی دەکەن.

بەڵام لەلایەن هۆکاری ئابووریـەوە عوسمانییـەکان هـەر لەسـەردەمی سـوڵتان محەمـەد (١٣٥١-١٤٨٢ز) بەلایەنی کەمەوە تا بەرووداوەکانی گۆڕینیی یـەکجارەکی دەگـا لـە ژێرخانی ئابووری بۆ چەسپاندنی مەرکەزیەت، ئەویش بـەهۆی دەرهێنـانی ئـەو زەوی و زارانەی لەژێر دەستی دەرەبەگەکاندا بوون کەزۆربەیان تورکمـان بـوون، کـاتێکیش ئـەو هۆزانە شائیسـماعیلی یەکەمیان بەرزکردەوە بۆ سەر تـەختی حـوکمڕانیی تەمـەنی لـە چواردەساڵ تێپەڕی نەدەکرد، چونکە دەیان ویست تۆڵەی ئەو زیانانە بکەنەوە کەبـەهۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە لێیان کەوت، پاشان زۆربـەی زۆری جووتیـار و خەڵکـە هـەژار و چەوساوە عـەلەویەکان لەدەووری کۆبوونەوە.

لەرووی هۆکارە سیاسیەکەشەوە، هەموو سـەرکردەی هـۆزە تورکمانـەکان لەسـەر ئـەوە کۆك بوون کەوا دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی بکەن پشتگیریی لـە سـەفەوییـەکان بکـەن و هەوڵ بدەن کەوا ڕژێمێکی دیکە لەجێی عوسمانییەکان دابین بکەن.

◆

بەشی سێیەم
شا ئیسماعیلی یەکەم
۹۰۷-۹۳۰ک/۱۵۰۱-۱۵۲٤ز

سەرەتاکانی یەکەم:

لەدوای ئەوەی سوڵتان عەلی کوڕی حەیدەر بەدەستی ئالاق قوینلوو کوژرا شوێنکەوتووانی خانەوادەی سەفەویی بەنهێنی هەردوو برا ئیسماعیل و ئیبراهیمیان لەساڵی ١٤٩٤ز لە ئەردەبیلەوە بۆ گەیلان گواستەوە بۆ ئەوەی دووربن لەچاودێری ڕۆستەمی سەرۆکی ئالاق قوینلوو، پاشان کارکیا میرزا عەلی حاکمی لاهیجا داوای لێکردن کەوا بێن لەگەیلان و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نیشتەجێبن و پەیمانیشی پێدان کەوا هاوکارییان بکات، کەچی ئیبراهیم گەڕایەوە ئەردەبیل و ژیانی خۆی لەسەر دانا. ئیسماعیل هەر لەلاهیجان مایەوە و چاوەڕێی دەرفەتێکی دەکرد تابگەڕێتەوە ئەردەبیل. کارکیا میرزا عەلی لەرووی سەربازی و ئایینیەوە ئامادە و تەیاری کرد و بەتەواوی پەروەردەی کرد، بۆ ئەم مەبەستەش شێخ شەمسەدینی لاهیجانی ڕاسپارد گرنگی پێبدات و قورئانی پێ ڕەوان بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا هۆزەکانی نزیك وڵاتی ئێران ئامادەن کەقەبوولی مەزەبێکی تازە بکەن هەرچەندە لەگەڵ هی ئەوانیش نەگونجێ.

ئیسماعیل ماوەی پێنج ساڵ لەلای کارکیا میرزا عەلی لەلاهیجان مایەوە و پێویستیشی بەسوپایەکی بەهێز و سەرەتایەکی سەرکەوتووانە هەبوو، بۆیە ئەوانەی کەشوێن کەوتووی بوون و بەبەردەوامی سەردانیان دەکرد سوپایەکی لێ پێکهێنان. لەلاهیجانیشدا ڕێکخستنە سیاسی و سەربازیەکان لەسەر دەستی سۆفیەکانی سەفەویی دەستی پێکرد، ئەو سۆفیانەی کەوا بنەماکانی مەزەبی شیعیان بلاوکردەوە. بەمەش ئیسماعیل هەرچەند گەنج بوو بەڵام توانی ببێتە سەرکردەیەکی خۆشەویست و موریدەکانیشی هەمیشە لەخزمەتیدابوون و بەهەموو شێوەیەك بەندەفەرمانیان دەکرد.

لەو ڕۆژەوە خەریکی کێشانی ئاسـۆیەکی سیاسـی بـوو کـە پێکهـاتبوو لـە هێماکـانی کۆبوونەوەی سـەفەویی خاوەن ئامانجی بەدی هێنانی سەرهەڵدانی خانەوادەی سەفەویی و چەسپاندنی مەزەب و سیاسەت، بۆیە ئەلوەند مـیرزا عـەلی سـەرۆکی ئـالاق قوینلـوو ترسی لەو کۆبوونەوەیەی سەفەوییەکان لێنیشت کـەنزیك بـوون لەوڵاتەکـەی و بـۆ ئـەم مەبەستەش نامەیـەکی بـۆ کارکیـا مـیرزا عـەلی نـارد و تیایـدا داوای لێکـرد کـەوا ئیسماعیل لەوڵاتەکەی وەدەرنێ و بیدا بەدەستیەوە، ئەمەشی کـردە مـەرجی سـەرەکی سازبوونەوەی پەیوەندیـەکانیان و هەڕەشـەی ئەوەشـی لێکـرد ئەگـەر ئـەم داواکاریـەی جێبەجێ نەکات ئەوا وڵاتەکەی داگیر دەکات. وادیار بوو لەمەرامەکانی کارکیـا دڵنیـا نەبوو بۆیە بۆ دەسگیرکردنی ئیسماعیل هێزێکی سەربازی نـارد کـە لەسـێ سـەدکەس پێکهاتبوو. کاتێکیش کارکیا میرزا بەمەی زانی یەکسەر ئیسماعیلی گـرت و خسـتیە ناو قەفەسێك بەدارێکەوە هەڵیواسی و سوێندی بـۆ نێردراوەکـەی ئەلوەنـد خـوارد کـە ئیسماعیل لەسەر زەوی ئەودا نییە و بەمەش کازم بەگ بەدەستی بەتاڵەوە گەڕایەوە بـۆ تەورێز.

ئیسماعیل و شوێن کەوتووانی کەمەرامی ئاشکرا کردنی بانەگەوازو گەڕانەوەیان هەبوو بۆ ئەردەبیل زۆر سوودمەندبوون لەو ڕووداوە تووندوتیژانـەی کەلـەنێوان خانـەوادەکانی ئالاق قوینلوو ڕوویاندا، بەڵام کارکیا میرزا عـەلی ئامۆژگـاری ئـەوەی کـردن چـاوەڕێ بکەن و ئارامبگرن تـا بەتـەواوی بـاری سیاسـی ئـەوێیان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، کەچـی ئیسماعیل ئەم ئامۆژگاریەی پشت گوێخست و بەهاوڕێیەتی حـەوت لەگەورەموریـدانی لەلاهیجانەوە بـەرەو ئـەردەبیلی بارەگـای ڕوحیـی سـەفەوییەکان لـەتارم بەڕێکـەوت. وادیاربوو حاکمی ئەوێ کەناوی عەلی بەگ جاکەرلوو بـوو ڕێگـەی پێنـەدان بێننـەوە، بەڵام لاری لەسەر ئەوەش نەبوو کەوا سـەردانی مـەزاری شـێخەکانی سـەفەویی بکـەن بەمەرجێك لەدوایـدا ئەوێ بـەجێبهێڵن. ئیسـماعیل لـەوێوە چـووە قـەرەباغ و پاشـان ئەرزنجان لەئاسیای بچووك بـۆ ئـەوەی هـەوڵ بـدات شـوێنکەوتووانی سـەربخات و لـەو شوێنانەشدا نزیکەی حەوت هەزار کەس شـوێنی کـەوتن، پاشـان بـەداوەتێکی ڕەسمـی لەلایەن محەمەد سوڵتانی حـاکمی تالشـەوە بانگهێشـت کـرا و لـە ئەرجـەوان لـەنزیك

ئەستارا نیشتەجێبوو، لەوێدا و لەساڵی ١٥٠١ز سوپایەکی دامەزراند و ناوینا قزلباش ئەوکاتەش تەمەنی تەنها سیانزە ساڵ بوو.

یەکەم کاری سەربازیش کە ئیسماعیل ئەنجامیدا ئەوەبوو کەوا تۆڵەی کوژرانی باوکی کردەوە و لە کانوونی یەکەم بەسەرۆکایەتی سوپایەکی حەوت هەزار سەربازیەوە بەرەو شەروان بەڕێکەوت و هێرشی کردە سەر شەماخی پایتەخت و فروخ یەسارشای لەوێ گرت و پاشان کوشتی.

ئیسماعیل لەم هەنگاوانەیدا زۆر دڵڕەق و بێ بەزەییانە هەڵس و کەوتی دەکرد، ئەوەبوو تەرمی فروخ یەسارشای سووتاندو گۆڕی حاکمەکانی شەروانیشی تێك و پێکداو پاشان تەرمی خەلیلی باوکب فروخ یەسار شای لەگۆڕەکەی دەرهێناو سووتاندی و تاودرێکیشی بەسەری کوژراوەکان دروستکرد، ئینجا هەرچی سەروەت و سامانی ئەو خانەوادەیە هەبوو هەمووی بەتاڵانبردو کۆتایی بەدەسەڵاتییان هێنا، پاشان راوەدووی سوڵتان ئیبراهیمی کوڕی فروخ یەسارشا نا کە ئەوکاتە رایکردبوو، ئینجا دەستی بەسەر شاری باکۆداگرت.

دروست بوونی دەوڵەتی سەفەویی:

دوای ئەوەی ئیسماعیل دەستی بەسەر تەورێزدا گرت مەزەبی شیعی دوانزەیی بەزۆر بەسەردا سەپاندن و بەزۆر هێمای قزلباشی پێ پۆشین و دژەکانیشی بەهەموو شێوەیەك دەچەوساندەوە و نزیکەی بیست هەزار کەسی لەسوننەکان کوشت و بەزۆر شێوازیش تاقیدەکردنەوە، فەرمانیشیدا کەوا تەرمی سەرکردەکانی ئالاق قوینلوو لەگۆڕەکانیان دەربهێنن و بیانسووتێنن. شوێنکەوتوو و لایەنگرانی کردیان بەشای ئێران و ناویشیان لێنا ئەبی موزەفەر شا ئیسماعیلی هادی والی لەساڵی ١٥٠١زدا، سکەشی بەناوی خۆیەوە لێدا و لەسەری نووسی (لا اله الا الله محمد رسول الله، علی ولی الله) پاشان ناوی خۆی نووسی. دوای ئەمانەش لەمزگەوتەکاندا وتاری هەینی بەناوی ئەوەوە دەخوێندرانەوە و مەزەبی شیعی دوانزەییشی بەزۆر بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندو وەك تاکە مەزەبێکی سەپێنراو لە سەرانسەری ئێراندا راگەیاند. وادیار بوو راگەیاندنی ئەم مەزەبە بەرەسمی لەدەوڵەتی نوێ لەئێراندا لەزۆربەی ناوچەکاندا لەلایەك تەنها لەبەر

ئەوەبوو کەوا چوارچێوەیەکی ئیداری دەست نیشان بکات و لەلایەکی دیکەشەوە دڵڕاگرتنی ئایینەکانی دیکەی ناو ئێران، چونکە شیعایەتی لەسەر ئاستی میللی و سەرکردایەتی بلاوببووەوە. لێرەدا زاناکانی مەزهەبەکە ترسیان لەم پەلەکردنە لێنێشت چونکە زۆربەی دانیشتوانی تەوریز و ئێران لە سوننە بوون و هیچ زانیاریەکیان لەبارەی رەوتی شیعیەوە نەبوو و بەرپەرچیشیان دەدایەوە.

بەلام هەڵوێستی شا ئیسماعیل لەبارەی ئەم کێشەیە نەگۆڕبوو، بۆیە هەڕەشەی لەهەموو ئەو کەسانەکرد کەوا دژایەتی دەکەن، پاشان فەرمانیدا لە بانگەکانی مزگەوتدا دروشمی شیعەکان زیاد بکەن کەبریتی بوو لە (أشهد أن علياً وليُ الله) و (حي على خير العمل)، نەفرەتیشی لەهەر سێ خەلیفەی راشیدی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان کردو زیادەرەوی زۆری لە پیرۆز راگرتنی دوانزە ئیمامەکە کرد، خەڵکەکەش لەلای خۆیانەوە ملکەچی ئەم چوارچێوەیەبوون. لەراستیشدا ئەم سەپاندنی مەزهەبەی شا ئیسماعیلی یەکەم بەسەر ئێراندا کردی هەموو ولاتی لەرووی کۆمەلایەتی و سەربازیەوە یەکخست و لەناوخۆشدا بەرقەراربوون باڵی بەسەر ولاتدا کێشا.

لەدوای ئەوەی شا ئیسماعیلی یەکەم لەتەوریز سەقامگیر بوو چەند هەنگاوێکی دیکەی بۆ رێکخستنی کاروباری ولات هەڵهێنا و لەسەرەتا حوسێن بەگوللای کردە جێگری خۆی و شێخ شەمسەدینی لاهیجی مامۆستا و پێگەیەنەریشی کردە هەڵگری مۆرەکان و میر محەمەد زەکەریا کە لەئالاق قوینلوو وەزیر بوو کردیە وەزیری خۆی.

بزووتنەوەی سەفەوییەکان لەناو ئێرندا:

دوای ساڵێك لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوییەکان شا ئیسماعیل سوپایەکی رێکخست بۆ راوەدوونانی موڕادی کوڕی یەعقوبی کوڕی ئوزون حەسەن کە حاکمی هەر یەك لەفارس و عێراق بوو و دوایین میرزادەکانی ئالاق قوینلوو بوو و لەنزیك هەمەدان تووشی بوو، لەوێدا شکستی پێهێنا و ئالاق قوینلوو بەرەو بەغدا هەلات و بەمەش و هەرێمی فارس هاتە پاڵ دەوڵەتی سەفەویی و ئەم هەڵکشانە سەرەتایەك بوو بۆ ناو قولایی ئێران و بەمەش لەو مەڵبەندەی کە حکومەتەکانی ئێران لەدەوری کۆبوونەوە بەدرێژایی مێژوو چووە دەرەوە.

دەبوایە شا ئیسماعیلی یەکەم لەدوای ئەوەی سەرکەوتنی بەسەر مورادی کوڕی یەعقوب میرزا هێنا لە بەرزاییەکانی ئێران درێژە بەدەسەڵاتەی خۆی بدات و حوکمەکەی تێدا جێگیربکات، بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەك بۆ بەرفراوان بوونی دەرەکی لەسەر خاکی هاوسێکانیداو دەستی بەسەر شیرازدا گرت و مەزەبی رەسمی دەوڵەتیشی بەسەردا سەپاندن، پاشان شازادەکانی ئەو ناوچەیە هەموو لەترسان لایەنگری خۆیان بۆ راگەیاند، لەوانە: محەمەد قەرەی حاکمی ئەبرەقووەی نزیك ئەسفەهان و لەبەرامبەردا شا لەپلەی خۆیدا هێشتیەوە، فەرمانی بە جان محەمەد ئستاجلوو کەبە خان سولتان ناسرابوو کرد دەسبەسەر کرماندا بگرێ، کاتێکیش محەمەد بەگ برناك هەواڵی ئەم پەلامارەی گەیشتێ یەکسەر بەرەو لای سولتان حوسێن بایقەرەی تەیموری لەخۆراسان رایکرد و ولاتەکەشی بەکراوەیی بەرووی سەفەوییەکاندا بەجێهێشت و ئەوانیش چوونە ناوی و خستیانە پاڵ دەوڵەتەکەی خۆیانەوە، بەڵام دوای ئەوە حوسێن بایقەرە چووە بەر خزمەتی شا ئیسماعیلی یەکەم و زۆریش لەدڵرەقی و توندیەکەی دەترسا و لەدوای ئەویش محەمەدی کوڕی خۆی بەدەستەوەدا. حاکمەکانی مازەندەران ئەوانەی لەدەوری دەریای قەزوین بوون وەك نیزامەدین عەبدولکەریم و ئاغارۆستەم و لاهیجان و کارکیا میرزا عەلی خۆیان بەدەستەوە داو داوای دڵنیاییان لێکردو بەڵێنیشیاندا کەوا لایەنگریی و بەندەفەرمانیی بۆ بکەن.

لەدوای ئەوە شا ئیسماعیل رووی بەرەو عیراق وەرگێڕاو لەتەوریزەوە بەمەبەستی قاشان دەرچوو و ئیلیاس بەگی زولقەدەری کردە حاکمی فارس و هەموو شارەکەی داگیرکردو پاشان دەستی بەسەر قومدا گرت کە شارێکی پیرۆزی شیعەکانە و زستانی ساڵی ١٥٠٣ز لەوێ بەسەربرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کەوا سەرکەوتنی تەواوی بەسەر بەشی باکوری هەرێمی عیراقی عەجەمیدا هێناوە.

وادیاربوو کەوا ئەم توندی و دڵرەقی و بێبەزەییەی شا ئیسماعیل بووە جێی نارەزایی هەندێك لەسەرکردەکانی هەرێم و شارەکان. ئەوەبوو حوسێن گەلاوی حاکمی خوار و سەمنان و فەیروزکوە و دەماوەند، دووری شا ئیسماعیلی لەتەوریز بەهەلزانی و هێرشی کردە سەرو ئیلیاس بەگی حاکمی کوشت و لەساڵی ١٥٠٤زدا شا ئیسماعیل رووبەرووی

بووەوەو لەدوای شـەڕێکی سـەخت شـارەکەی گیرایـەوەو راوەدووی نـاو پاشـان گرتـی، لەدواییدا کوشـتی و تەرمەکـەی خسـتە نـاو قەفەسـێك و بردیـە ئەسـفەهان و لـەوێ لەناوەڕاستی شارەکەدا سووتاندی. ئینجا گەڕایەوە تەوریز بۆ ئەوەی رووبەرووی حـاکمی یەزد ببێتەوە کە دانی بە دەسەڵاتدارێتیەکەی ئەودا نەدەناو هێـزی سـەفەوییەکان دەوری شارەکەیان گـرت و داگیریـان کـردو خـەڵکێکی زۆریشـیان لـێ کوشـت. بـەهۆی ئـەم سەرکەوتنانەوە شا ئیسماعیلی یەکەم بەسەر باکور و خوارووی ئێراندا زاڵبـوو و پاشـان ئەم سەرکەوتنانە بەوەندە نەوەستان و زۆربەی بەرزاییـەکانی ئێـران و هـەرێمی عێراقـی عەجەمیشی گرتەوە.

بەرفراوان بوونی بنکەی سەفەوییەکان لەدەرەوەی ئێران:

سەرەتا:

دەسبەسەرداگرتنی تەختی پاشایەتی لەئێران لەلایەن شا ئیسماعیلی یەکەمەوە کارێکی سەرنج راکێش بـوو لەسروشـتی حـوکمڕانی خانـەوادەکانی ئێـران، وەك: ئێلخانـەکان، جەلائیریەکان، قەرەقوینلوو، ئالاق قوینلوو. چونکە هەردوو لایـەنی سیاسـی و ئـایینی لەکەسایەتی خۆیدا کۆکردەوە و بوو بە یەکەم پیاوی دەوڵەت و پێشەوای مەزەبی شیعی دوانزەیـی و لەشمشـێر و بانگەوازەکەیـدا چـاکترین شـێوازی هەڵبـژارد، وەك شـێوازە تەواوەکانی بۆ ئەنجام گەیاندنی ویستەکانی، لێرەوە گرنگی بزووتنەوەکـەی لەدەسـەڵات وەرگرتن لەتەوریز دەردەکەوێ. ئەوەش مانای ئـەوە ناگەیـەنێ کـەوا لێـرە بوەسـتێت و هەموو هیوا و ئاواتە دوورەکانی هاتوونەتـەدی و ئـیتر بـا بەسـبێ، بـەڵکو سیاسـەتی میرزادەکانی دەروروبەر و رەوتە مەزەبەکانیان دووچاری رووبـەروو بوونـەوەی دەکـەن، یاخود دەبێ بەردەوام بێ لەسەرکوت کردنیان و بەجێهێنانی ئامانجەکانی.

لەراستیشدا هێزە دژەکان لەهەموو لایەکەوە دەوریاندابوو:

- لەلای خۆراواوە عێراق بوو کە موورادی کوڕی یەعقوب پەنای بردبـووە ئـەوێ، دوایـین میرزادەکانی ئالاق قوینلوو بوو، جێی چاوتێبڕینی شا ئیسماعیلی یەکەم بوو.

-لەلای باکوری خۆراواشەوە ئەنادۆڵی لێبوو کە دڵی دەوڵەتی عوسمانی سوننە مەزەب بوو، ئەو کاتەش لەلای بەڵکان رووی لەفراوان بوون دەکرد لەسەر بەرزەوەندی و خاکی ئەورووپی.

-لەلای باکووری خۆرەلاتیش هۆزەکانی ئۆزبەکی لێبوو کەبەسەرکردایەتی محەمەد شەیبانی سەرسەخت بوون لەولاتی پشت رووبار و توانی دەستبگرێ بەسەر خۆراسان و چەند بەشێکی باکوری خۆرەلاتی ئێران.

-لە خۆرەلاتیشدا، چەندین هۆزی بەهێزی ئەفغانی لێبوو کە لەو بیابانانەدا نیشتەجێ بوون و رێکردن و پەڕینەوە تێیدا کارێکی زۆر سەخت بوو و هەمیشە لەئامادەباشیدابوون هێرش بکەنە سەر ناوچە کشتوکاڵیەکان.

-لەکەنداوی عەرەبیشدا، کەشتیەکانی پرتوگالی بە ئارەزووی خۆیان لەئاوەکانی سەر بەئەوان دەسووڕانەوە ئەویش لەدوای ئەوەی کە دورگەی (رأس رەجای ساڵح)ی دۆزیەوە، کەوەك هێزێکی زاڵ بوو بەسەر سەرجەم رێڕەوەکانی کەنداوبوو.

داگیرکردنی عێراق:

لەدوای ئەوەی شا ئیسماعیل هۆزی ئالاق قوینلووی لەناو ولاتی ئێران لەناوبرد، دەبوایە لەدەرەوەی ئێران کۆتایی پێبهێنێ، ئەوکاتە ئەم خانەوادەیە لەدوو ناوچە کۆببوونەوە، یەکەمیان عیراق بوو بەسەرۆکایەتی موورادی کوڕی یەعقوب و ئەوی دیکەشیان بوستان بوو لەئەنادۆڵ بەسەرۆکایەتی عەلای دەولە.

ئەوەبوو هێرشەکەی بۆ سەر عەلا دەولە یەکەمین پەلاماری دەرەکی بوولەدوای ئێران. چونکە لەساڵی ١٥٠٦ز هێزەکانی سەفەویی لەتەورێز وەدەرکەوتن و بەرەو هەرێمی کوردستان و (کە ئێران و عیراقی جیادەکردەوە) ئەنادۆڵ تاکو داگیریان بکات، بەلام لەبەرامبەر بەرەنگاری کورد بەسەرکردایەتی سارمی کوڕی سەیفەدینی مەکری شکستی هێنا، لەهەمان کاتیشدا چەند سەرکردەیەکی کوردیشی ملکەچ کرد. پاشان لەساڵی دوایی هێرشی کردە سەر مەرعەش و بوستان و لەلایەنی هێزەکان هاوپەیمانێتی موورادی کوڕی یەعقوب و عەلا دەولە بەریان لێگیراو شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا

رووبـداو هێـزی هاوپـەیان ناچـارکرا بـەرەو بەغـدا پاشەکشـە بکـەن. دوایـی هێـزی سـەفەوییەکان دیاربـەکری داگیرکـردو لـەدوای ئـەوەی شـا ئیسـماعیل محەمـەد خـانی ئەستاجلوی کردە جێگری خۆی لەوێ، بەجێی هێشت و زستانەکەی لـەخوی بەسـەربردو شەو و رۆژی دەژمارد تاکو دوایین مۆڵگەی ئالاق قوینلوو کە عیراق بوو داگیربکات.

بەهۆی سـەرکەوتنەکانیەوە لەبوستان شا ئیسماعیلی یەکەم لـەدوو هێـزی زۆر گـەورەی ئیسـلامی لەرۆژهـەلاتی خـوارووە نزیـك کەوتـەوە: هێـزی تورکـە عوسمانییـەکان کـە مولکەکانیان لە چیای تـۆرۆس و ئەنادۆلـەوە بگـرە تادەگاتـە ئـەورووپای خـۆرەلات و ناوەراستی گرتبۆوەو بـەردەوام لـەدژی ئـەورووپا لەجەنگـدابوون. دووەمیشـیان هێـزی مەمالیك بوو کە زەویەکانی ئەوانیش لەچیاکانی تۆرۆس و شامەوە تاکو میسرو حیجاز هەلکشـابوو و بـەردەوام لـەدژی پورتوگالیـەکان لـەئاوەکانی خـوارووی ئیسـلام لەخەباتـدابوون. ئەوکاتـە بوسـتان سـەر بـە دەوڵـەتی مـەمالیك بـوو لەمیسـر و عوسمانییەکانیش وایان ئـەژمار دەکـرد کـەوا لەسـنووری دەسـەلاتی ئەوانـە و لەگـەل مەمالیکەکاندا رکابەریان لەسەر دەکرد. بۆ ئەوەی کە هـیچ یـەکێکیان نیگـەران نـەبن کونسـولگەرییێکی لەسـالی ١٥٠١-١٥١٦ز نـاردە قـاهیرە بەهۆیـەوە دلـی سـولتانی مەملوکیی قانسووهی غـوری راگـرت و وەك بەلگەیـەك کـە هـیچ نیـازێکی چـالاکی سەربازی نییە لەناوچەکەدا و ئەوی لەبوستان دەیکات تەنها بۆ خۆپارێزییـە، هـەروەها کونسولگەریەکی دیکەشی ناردە ئەستەمبوول بۆ لای سولتانی عوسمانی بایەزیدی دووەم لەسالی ١٤٥٢-١٤٨١ز بۆ هەمان مەبەست.

لەدوای ئەم هەنگاوانە شا بیر لەوەکردەوە کە عیراق داگیربکات، لێرەدا پالنەرە مـەزەبی و سیاسیی و ئابووریەکان بوونە هۆکـاری ئـەوەی کـە بـەگور و تینێکـی زۆرەوە بـەرەو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هەنگاوبنێ.

لەبارەی مەزەبەوە بزووتنەوەی شا پشتی بە مەزەبی شیعی دوانزەیی دەبەست، ئێرانیش خـۆی بەیەکـەم بـەرگریکاری ئـەم مەزەبـە هـەژمارکرد و خـۆی بەلێپرسـراویش دانـا لەبەرانبەر بلاوکردنەوەی، پاشانیش دەستی بەسەر کەربەلا و نەجەفدا گـرت، کەئەمانـە

دوو شوێنی پیرۆزن لەلای شیعەکان و دەبنە هۆی زیاتر بەگوڕبوونی بزووتنەوەکەیی و بەدیهێنانی ئامانجە مەزهەبیەکان.

جگە لەمەش شیعەکانی عیراق وەك پارێزگارێك تەماشای شای ئێرانیان دەکردو هەرجارێکیش پێویستیان بە پارە بووایەو کەوتبانە هەر تەنگژەیەك ئەوا هانایان بۆ دەبرد. حکومەتی ئێرانیش هەمیشە گرنگی بەبیناسازی دەدا لەو دوو شوێنە پیرۆزەدا، بۆیە شیعەکانی عیراق گەیشتنە ئەو بڕوایەی دەوڵەتی ئێران پشتگیرییان دەکات لەو دژایەتیەی کەلەگەڵ موسوڵمانە سوننیەکانی عیراق هەیانە. بەو ئومێدەش بوون ڕۆژێك دابێ ئێران حوکمی عیراق بکات.

لەلایەنی پاڵنەرە سیاسیەکەشدا مەزهەبی دوانزەیی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانی ڕۆڵێکی ترسناکی هەبوو بۆ هاندانی شا ئیسماعیلی یەکەم لەپێناو هێرش کردنە سەر عیراق و بیخاتە پاڵ موڵکەکانی خۆی. لەلایەکی دیکەوە لەخوارووی ئەنادۆڵ و دیاربەکر چەند هۆزێکی تورکمانی لێبوو و لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمیشدا سەرکردەکانیان ئامادەیی ئەوەیان تێدابوو کەوا ئامانجە کۆن و کپکراوەکانی بزووتنەوەکەیان بهێننەدی، کاتێ شا دەستی بەسەر تەورێزدا گرت ژمارەی شوێن کەوتووانی ڕووی لەزیادی کردو بوو بە مەترسیەکی سیاسی ڕوون و ئاشکرا بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە خوارووی ئەنادۆڵ بەتایبەتیش کاتێك دەستیان بەسەر ویلایەتی تەککەدا گرت و حاکمەکەشیان کوشت، هەروەها شکستیشیان بە قەرەگۆزی پاشای حاکمی قەرمان هێناو هەموو تەوقەکانی ئەوێیان شکاندو بەناوی ئەویشەوە لەمزگەوتەکان وتاری هەینی دەخوێندرایەوە، جگە لەمانەش سەرکەوتنی لەعیراق جێگایەکی بەرزی لەلایەن شیعەکانەوە پێدەبەخشرێ. لەهەمان کاتیشدا نەبوونی سنوورێکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویی کەبەتەواوی جیایان بکاتەوە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزبوو و هۆیەکی سیاسی دیکەبوو کە لەنێوانیاندا تەنگژەی سیاسی ڕوویداتەوە، ئەویش زیاتر لەبەر ئەوەبوو کەوا هۆزە کوردەکان هەمیشە لەو شوێنانەدا لەجووڵەدابوون و لەسنوورەکان دەپەڕینەوەو کێشەو گرفتی ئاڵۆزیان دروست دەکرد، زۆر جاریش ئەم هاتووچۆیەی کوردەکان دەستدرێژی کردنە سەر حاجیەکانی ئێران و

کاروانــەکانیانی لێدەکەوتــەوە. ئــەوەی زیــاتر پــاڵی بــە ســەفەوییەکانەوەنا تــا عــێراق داگیربکەن ئەوبوو کەوا نیوەی دانیشتوانی عیراق ســەر بەمــەزەبی شیعەبوون و ئــەوەی یارمــەتی عوسمانییەکانیــدا تــابتوانن لەبــەردەم ســەفەوییەکاندا خــۆڕاگرن ئــەوەبوو کەنیوەکەی دیکەی خەڵکی عیراق لە سوننەبوون.

لەلایەن پاڵنەرە سیاسیەکانیشەوە زەوی و زاری بەپیتی عــیراق کــەزۆر گونجــاو بــوو بــۆ کشتوکاڵ زۆرێــك لــە پێداویســتیەکانی خــەڵکی ئێرانــی دابــین دەکــرد، هــەروەها شــا دەیویســت ڕێگای بازرگانی نێوان دیاربەکر و موسڵ بخاتە ژێر دەســەڵاتی خۆیەوە، چونکە ئەو ڕێگایە بەناو قولایی دۆڵی رافیدەیندا تێدەپەڕێت و لەبەغداشــەوە بــەرەو کەنــداوی عەرەبی دەڕوات و، بێگومان موسڵ بەدەروازەیەکی سروشتی ئەم ڕێگایەو ڕێگای نێوان باکوری عیراق و بەستنەوەی بە هەرێمەکانی ئەنادۆڵ و ولاتی شــام دادەنرێــت. شــایانی باســە ئەو گەمارۆیەی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەکۆتاییــەکانی ســەردەمی ســوڵتان بایەزیدی دووەم خستبوویە ســەر بزووتنــەوەکانی بازرگــانی ئێــران کاریگەریــەکی زۆری هەبوو لەسەریان و بازرگانە ئێرانیەکانی ناچارکرد کەوا بەرەو خوارو و بڕۆن.

موورادی کوڕی یەعقوب حاکمی بەغدا درکی بەمەرامەکانی شا ئیسماعیلی یەکەم کــرد و دەیزانی کەوا ناتوانێ بەتەنیا ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، بۆیە هانای بردە بەر ئیمــارەتی زیلقەدەر لەخوارووی خۆرەلاتی ئــەنادۆڵ، بــەلام ئــەم ئیمارەتــە بەهــەنگاوەکانی پــێش لەناوچوونیدا تێدەپەڕی و لەتوانایدا نەبوو هیچ هاوکاریەکی پێشکەش بکات. ئــەوکات چــووە لای ســوڵتان قانســووهی گــوری لەمیســر کەئــەویش درکــی بەمەترســیەکانی ڕاکابەرەکەی شا ئیسماعیلی یەکەم کردبــوو و دەیزانــی کــە بــە چ شــێوازێك خــەریکی فراوانکردنــی دەوڵەتەیەکەیــەتی لــەخۆرەلاتی عەربیــداو دەســتی کــرد بــە هەنــدێك ئامادەکاریی سەرەتایی تاکو بتوانێ لەداهاتوودا لەڕووی هێزەکانی سەفەوییدا بوەستێ، بەلام ئەو بارە سیاسیە حکومەتەکەی گوریی پێیــدا تێدەپــەڕی هێنــدە نالــەباربوو کــە لەمانۆری ســەربازی زیاتر هیچی دیکەی لەدەست نەدەهات.

لەڕاســتیشدا مەمالیکەکانی میسر هەر لەو کاتــەوەی مــەگۆل عیراقیــان داگیرکــرد لــە سەدەی سیانزەهەمی زایینی لەوە ڕاهاتبوون کەحوکمی داگیرکەرەکانی مەگۆلی فارســی

و تورکمانی لەولاتەکەی خۆیاندا ببینن، جگە لەمەش لەکاتی هاتنی شا ئیسماعیل هیچ شتێکی نائاساییان نەبینی، تەنها ئەوە نەبێ کەهێزە گەشەسەندووەکانی سەفەویی هێزێکە دەتوانێ مەترسی بخاتە جەماوەرەکەیان لە ولاتی شام بەپلەیەك کەهیچی کەمتر نییە لەهی عوسمانییەکان، سەرەڕای ئەمەش سوڵتان قانسووهی گوری لەجەنگەکەی لەگەڵ پورتوگالیەکان شەکەت ببوو، چونکە بەردەوام هێزەکانی پورتوگالی لەخواروو پەلاماری کەنارەکانی ئیسلامیان دەدا، بەتایبەتی کەشیەگەلیەکانیان زاڵ بوون بەسەر دەروازەکانی دەریای سور و کەنداوی عەرەبی و لەرووی بازرگانەکانی ئیسلامدا دایانخست بەئاماجی ئەوەی کە رێگای بازرگانی لەمیسرەوە بگۆڕن بەرەو نیمارەتی رأس رەجای سالح.

شا ئەم بارەی بەهەلزانی و دوو سوپاشی ئامادەکرد بۆ ئەوەی عیراق داگیربکات، یەکەمیان بەسەرۆکایەتی خۆی و دووەمیشیان بەسەرۆکایەتی حەسەن بەگ لالا. کاتێکیش سەرکردەی ئالاق قوینلوو بەمەی زانی یەکسەر بەغدای بەجێهێشت و هێزەکانی سەفەوییش بەبێ شەڕ چوونە ناو بەغداوە، لەوێش بەناوی شا ئیسماعیلی یەکەمەوە خوتبە خوێندرایەوەو سکەی پارەشی بەناوی خۆیەوە لێدا، کەبەڵگەی ئەوەبوو ئەم ولاتەشی خستۆتە نێو بازنەی دەوڵەتی سەفەویی، ئەمەش لەساڵی (٩١٤ك-١٥٠٨ز) بوو.

لەدوای ئەم هەنگاوانە شا دەستی کرد بەبۆیەکردنی عیراق بەبۆیەکی شیعانەو چەندین مەزارگای بۆ ئیمامە شیعەکان سازکردو، سەردانی مەزارگای ئیمام حوسێنی لەکەربەلاو ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی لەنەجەف کرد بەمەبەستی جەخت کردنەوە لەسەر مەزەبی شیعی و پابەندبوونی و لەزانا سونیەکانی عیراقیش هەلگەڕایەوە و، بەبێ هیچ رووبەرووبوونەوەیەك لەلایەن ئەو دوو دەوڵەتە سونییە (عوسمانی و مەملوکی) گەوردە بوو بەسەرۆکی عیراق و پاشان چاوی بڕیە ولاتەکانی پشت عیراق بۆ ئەوەی بتوانێ هیواو ئاواتی شیعەکان کەدروسکردنی دەوڵەتی گەورەی شیعەمەزەبی بوو بهێنێتەدی و هەریەك لەعیراق و ئیران و ولاتی شام لەخۆبگرێ و ببێ بەگەورەی هەموو جیهانی ئیسلامیی.

شا کاروبارەکانی عێراقی رێکخست و پاشان خالد بەگی کـردە والـی عـێراق و نازنـاوی خەلیفەی پێبەخشی، ئینجا چووە حەوێزە کەکەوتۆتە نێوان بەسرە و واست، ئەوکاتـەش خانەوادەیەکی عەرەبیی لەوێبوون کەسـەر بەموشەعشـەعەکان بـوو لەسـاڵی ١٤٣٦ز، بەڵام زۆر بەوە نیگەران بوو کەوا سوڵتان فەییازی موشەعشەعی کە حاکمی ئـەوێ بـوو بنەماڵەکەشی لەنەوەکانی ئیمام عەلی بوون داوای لێبکات خۆی بەدەسـتەوە بـدات و لەئەنجامدا تێکگیران و لەساڵی ١٥٠٩زدا کوشتی و دەستی بەسەر موڵکەکانیدا گرت.

ئەوکاتەی شا بەرەو حوێزە بەڕێکـەوت سـوپایەکی بەسـەرکردایەتی مەسـعود و بـەیرام بەگی قەهرەمانی و حوسێن بەگوڵلا نارد بـۆ خـوررەم ئابـاد تـاکو مەلەکشـا رۆسـتەم لەناوبەرن و ئەویش لەلای خۆیـەوە دانـی بەشـا ئیسـماعیلدا نـەدەنا، بۆیـە ئـەو سـێ سەرکردەیە گرتیان و بەدیلیی هێنایانە بەردەم شا و داوای لێبـووردنی لێکـردو ئـەویش لێیخۆش بوو و پاشان کردی بەحاکمی لورستان.

لەدوای ئەوە شا بەرەو شیراز بەڕێکەوت و زستانەکەی لەوێ بەسـەربرد، ئینجـا ئـەوێی بەرەو شەروان بەجێهێشت و لەوێش تۆڵەی خۆی لە شێخ شای کوڕی فروخیەسار کـردەوە و لەدواییدا شەروانی گەڕاندەوە بەردەستی خۆیی و مەنسوربەگی کردە حـاکمی ئـەوێ. شا ئەوێی بەجێهێشت و بەرەو قـەرەباغ کەوتـەڕێ بـەر لـەوەی بگەڕێتـەوە بـۆ تـەورێز لەساڵی ١٥١٠ز، ئەویش لەدوای دە ساڵی تەواو لەجەنگ و داگیرکاری و بڵاوکردنـەوەدو سەپاندنی مـەزەبی شـیعە لـەعێراق و ئێـران و دیاربـەکر و لـەناوبردنی دوژمنـەکانی، ئەوکاتەش تەمەنی گەیشتبووە بیست و پێنج ساڵی و جـێ پێـی خـۆی لەئێرانـدا قـایم کردبوو و لەیەکخستنی زۆربەی خاکی ئێرانیشدا سـەرکەوتنی بەدەسـهێنا، دەوڵـەتێکی پێکهێنا لە شەروانەوە بـۆ خـوارووی خـۆرەلاتی قـەوقاز تـا دەگاتـە کرمـان لەوپـەڕی خوارووی خۆراوای بیابانی لووت تەنها خۆراسان نەبێ کە ئەوکاتـە لەدەسـت ئۆزبەکـە بەهێزەکاندابوو. لەخۆراواشەوە بەرەو عیراق و دیاربەکر هەڵکشا و لەئەنادۆڵ و شـامیش نزیك بووەوە کەبەهۆیەوە لەگەڵ عوسمانییەکاندا دووچاری بارگرژی هات.

پەیوەندیی سەفەویی و ئۆزبەکەکان:

لەسەردەمی محەمەد شەیبانیی خان: دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی یەکەم بەسەر ئێراندا ناتەواو بوو، چونکە چەند بەشێکی خۆرەڵات و باکوری خۆرەڵات و بەتایبەتی خۆراسان هەر لەدەرەوەی دەسەڵاتەکەیدا مانەوە، لەبەرئەوە کارێکی سروشتی بوو کەوا هەوڵی داگیرکردنیان بدات و بیانخاتە پاڵ موڵکەکانی خۆیەوە. بۆیە زۆر بەتوندی رووبەرووی هێزە تووندوتۆڵەکانی ئۆزبەك هاتەوە لەباکوری خۆرەڵات بەسەرکردایەتی محەمەد شەیبانیی خان کەدەسەڵاتی بەسەر زەویەکی زۆر و پان و بەرینی لێوارەکانی رووباری جیحۆندا هەبوو تا دەگەیشتە سنووری دەوڵەتەکەی شا لەخۆراوا لەسەر هێڵی تەریبی سەمنان لەخۆراسان تاکو بەدەخشان لەخۆراواو لای خوارو تا دەگاتە ناوچەکانی کاخیندار و گوری چیایی لەناوەڕاستی ئەفغانستان، بەمەش دەرگاکانی بەری خۆراوای ئێرانی کەوتەوە بەردەست، لەبەر ناکۆکیی رەوتی مەزەبی و سیاسیی نێوان ئۆزبەك و سەفەوییەکان کارێکی سروشتی بوو کەوا لەنێوانیاندا جەنگ روویدات، چونکە محەمەد شەیبانیی خان دەیویست دەسەڵاتی بەرەو خۆراواو بەتایبەتی خاکی ئێران ببات لەبەر ئەوەی رۆژانێك ئەم خاکە لەژێر حوکمی باب و باپیرانی بوو و بەلێدانەوەی ئەو لەنەوەکانی جەنگیزخانبوو. لەلایەکی دیکەشەوە جیاوازی نێوان مەزەبی ئۆزبەك و شا ئیسماعیلی یەکەم هانیدا کەوا مەزەبەکەی خۆی لەنێوان ئۆزبەکەکاند بسەپێنیّ! ئەمەش هۆیەکی دیکە بوو پاڵی بەهەردوولاوەنا لەدژی یەك بجەنگن.

چالاکیە سەربازیەکان لەلایەن محەمەد شەیبانیی خانەوە دەستی پێکرد و هەڵمەتی تەمێکردنی حامکمەکانی شەروان لەلایەن شاوە بەهەلزانی و هێرشی کردە سەر کرمان و خواجە شێخ محەمەدی حاکمی کوشت و، کەچی سەرەڕای ئەوەش شا دوو نێردراوی ناردە لای سەرکردەی ئۆزبەکەکان و داوای لێکرد کەوا پەیوەندی ئاشتیانە لەنێوانیاندا سازبکەن و رێز لەیەکتر بگرن و، ئەوەشی یادخستەوە کەوا کرمان موڵکی ئەوەو مافی بەسەرەوە هەیە. وادیار بوو کە ئەم پێشنیارەی تەنها بۆ دەستخستنی کات بوویێ و لەهەمان کاتدا چاوی تەماعی بڕیبووە خۆراسان، بەڵام لەبەر سەرقاڵی بەرێکخستنەوەی باری ناوخۆی دەوڵەتەکەی توندکردنی جێپێی لەحوکمدا بواری ئەوەی نەبوو رووبەرووی

ئۆزبەك ببێتەوە. لەلای خۆشیەوە محەمەد شـەیبانیی خـان پێشـنیارەکانی ڕەتکـردەوەو نامەیەکی بەحوسێن ئەبیوردی بۆ ناردو تێیدا ئەوەی ڕەتکردەوە کە شـا هـیچ مـافێکی بەسەر حوکمی ئێرانەوە هەبێ چونکە ئەگەر پاشایەتی بە بۆماوە بۆ نـەوەکان بـێ ئـەوا دەبێ لەنێرانەوە بتگاتێ نەك بەهۆی مێیەکان، چونکە وەچـە بەنـدە بەلایـەنی باوکـەوە نەك لایەنی دایك. کاتێك شێخ جونێدی باپیری ئیسـماعیل خوشـکی ئـوزون حەسـەنی مارەکرد نابێتە هۆی ئەوەی حوکمڕانی ئێران بکات و بەبۆنەی ئـەو مافەشـی کەبەسـەر کرمانەوە ئەوا هیچ ڕاستیەکی بەڵگەداری تێدا نییە، هەروەها ئاماژەی بەوەشـدا کـەوا ئێران کاتی خۆی لەژێر حوکمڕانی ئەبی خـەیری باپیریـدا بـووە، پاشـانیش ناوهێنـانی لەوتارەکانی مزگەوت و لێدانی سکەی پارە ناوی ئـەوەوە فـەرمانی سەرشـانن و، هـەر لەنووسراوەکەدا داوای لێکرد کەوا دەست هەڵگری لـەکاری بـەزۆر سـەپاندنی مـەزەبی شیعەو ئەگـەر گوێڕایەڵیشـیی نـەکات ئـەوا ئێـران داگـیر دەکـات. شـا ئیسـماعیلی یەکەمیش لەوەڵامی ئەم نامەیەدا بـۆی نووسـی ئـەویش ئامادەیـە بـۆ ئـەم ڕووبـەڕوو بوونەوەیە و ئەوا بۆ سەردانی مەزارگەی ئیمام ڕەزا دەچێتە مەشهەد.

لەدوای ئەم نامە گۆڕنانەوە هێزەکانی مەگۆلی ئۆزبەکی لەخواروی خۆراساندا کۆبونەوەو لەقەندەهاریش پەڕینەوە، ئەم کاردش بووە هۆی تووڕەبـوونی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم و لەساڵی ١٥٢٠ز بەسەرکردایەتی سوپایەکی بەهێز لەخۆراسان نزیك کەوتەوەو چووە نـاو مەشـهەدو هـەراتی داگیرکـردو ئەحمـەد سـوڵتانی حـاکمی دامغـان و زاوای محەمـەد شەیبانیی خانی ناچارکرد کەوا ئەوێ چۆڵبکات، نەوەستا تا گەیشتە مەروو کە محەمـەد شـەیبانیی خـان زۆر بەتوونـدی دەیپاراسـت، بۆیـە ڕێـی لێگـرت و نـەیتوانی چـیدیکە پێشڕەوی بکات بەرەو خواروو، لەلایەکی دیکەوە شۆڕشـی دانیشـتوانی فـەیروزکۆه و، جگە لەمەش گەیشتنی هەواڵی هەڵگەڕانەوەی بیونسـز حەسـەن لـەحوکمڕانی محەمـەد تەیموری کوڕی لەنزیك ڕووبار سیحۆن سەرکەوتن بەسـەریدا. بەمـەش ڕووبـەڕووی سـێ بەرەی شەڕبووەوە لەیەك کاتدا.

لەکاتێکدا کە ئەیبادەر بـیری لـەوە دەکـردەوە لـەڕووباری جیحـۆن بپەڕێتـەوە یـاخوود چـاوەڕێی دوژمنەکـەی بکـات، شـا ئیسـماعیلی یەکـەم بـەرەو لای ئـەو دەهـات و

بەئەنقەستیش فێڵی لێکرد، ئەوەبوو سوپاکەی بەرەو لای عێراق سوڕاند تاکو دوژمەکەی وا هەستبکات کە دەڕواو شەڕناکات و لەدووری دە میلی لای مەروو و لـەنزیك گونـدی مەحمود ئاباد بۆسەیەکی بۆ دانایـەوە. کـاتێکیش سـەرەڕای نـارازیی بـوونی سـەرۆکی ئەرکانی سوپاکەی خان بەسەرکردایەتی بیست هەزار سەربازەوە بۆ راوەدوونانی رۆیـی و پاشان کەوتە بۆسـەکەیەوەو هەموو سـەرکردەکانی کـوژران و ئـەویش یـان لـەژێر پێـی ئەسپەکاندا مرد یاخو شا بەتیرێك کوشتی. بەمەش شا سەرجەم خاکی خۆراسانی کەوتە دەست و رووباری جیحون بوو بەهێڵی یەکلاکەرەوە ئێران و تەوران و مەزەبی شیعیشـی بەسەرجەم شارەکانی خۆراساندا سەپاندو دەدە بەگ سوڵتانیشی کـردە حـاکی مـەروو و حوسێن بەگ لالا حاکمی هەرات و زۆر بەئاسانیش توانی دەسبەسـەر بـەلخ و فاریـاب و مەیمەنەو چەندین شاری دیکەی بەلخدا بگرێ.

لەسەردەمی خەلیفەکانی شێخ محەمەد شـەیبانیی خـان: لەئـەنجامی ئـەم سـەرکەوتنەی سـەفەوییەکان بەسەر ئۆزبەکەکاندا سێ ئاماجی سەرەکی وەدەرکەوت، ئەوانیش:

یەکەم: دروستکردنی دیوارێکی شـیعی لـەنێوان سـونەو وڵاتـی پشـت رووبـار و نێـوان موسوڵمانە سوونەکانی خۆراوای ئاسیا، بەتایبەتیش پچڕانی تورکەکان لەزێدی خۆیـان، هەر ئەوەش بوو پاڵی بە سوڵتان سەلیمی عوسمانییەوە نا کە پـەلاماری ئێـران بـدات و ئەو دیوارە لەشەڕی چاڵدێران بشکێنێ، هەروەك لەدوایدا باسی دەکەین.

دووەم: هیوایەك لەدەروونی بابەر کـە (لەهینـدسـتاندا دەوڵـەتی مـەگۆلیی دامەزرانـد) دروستبوو کە لەمێژبوو لەگەڵ ئۆزبەکەکاندا لەململانێدابوو بۆ دەسبەسەراگرتنی خـاکی پشت رووبار و گێڕانەوەی تەختی پاشایەتی باب و باپیرانی بەتایبەتیش کە لەتبوونەکـە کەوتە ناو خانەوادەی شەیبانیی لەسەر ئەوەی کێ ببێتە جێنشـینی محەمـەد شـەیبانیی خان و ئامادەشبوو سەرەڕای جیاوازی مەزەبیان دەست بخاتە ناو دەستی شا ئیسماعیلی یەکەم.

سێیەم: خانەوادەی شەیبانیەکان هەڵوەشایەوەو، عوبێدوڵڵا خان بـووە حـاکمی بوخـاراو جان بەگ میان قەڵای وەرگرت ومحەمەد تەیووری کوڕی شـەیبانیی خـان سـەمەرقەندی بەرکەوت.

کاتێکیش ئەم میرزادانە نەیانتوانی رووبەرووی هێزەکانی شا ئیسماعیلی یەکەم و بابەری هاوپەیمانی ببنەوە، هەوڵیاندا کەپەیماننامەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ شا ببەستن و گوێ نەدەنە مەرجەکان و هەرچییەك بێ بۆی بکەن تەنها لەپێناوی ئەوەی لەم ململانێیە دەرچن و لەدوای ئەویش خەریکی تەماعەکانی بابەر بن لەوڵاتی پشت رووبار. بەهۆی هەوڵەکانی کەمالەدین حوسێنی ئەبیوردی وەزیری پێشووی محەمەد شەیبانیی خان و کەپاشان هاتە بەر خزمەتی شا، لەساڵی ١٥١٠ز لەنێوان هەردوولادا رێککەوتنێك مۆرکرا. ئەو کاتەش شا خەریکی هەڵکشانبوو بەرەو خۆراوای عوسمانییەکان، بۆیە بەم رێکەوتنە قایل بوو:

- سەفەوییەکان لەتورکستان رێگری لەئۆزبەکەکان نەکەن.
- خوارزم بگەڕێتەوە بۆ شا ئیسماعیلی یەکەم.

بەهۆی ئەم رێکەوتنەش ئەو زەویانەی کەکەوتبوونە سەر لێواری چەپی رووباری جیحون و خۆراسانیش لەژێر دەستی شەیبانییەکان دەربێت و بدرێ بەسەفەوییەکان، لەبەرانبەریشدا شەیبانییەکان لەپێناو ئەوەی بتوانن لەدژی بابەر بجەنگێن دەستیان لەخۆراسان و خوارزم هەڵگرت، کەئەمەش بەسەرکەوتن بۆ شا ئیسماعیلی یەکەم هەژماردەکرێ، چونکە هەموو ئەو دەوڵەتانەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

ئەوکاتەی بابەر لەرووباری جیحۆن پەڕیەوەو لەساڵی ١٥١١زدا سەمەرقەندی داگیرکرد، شا ئەو رێکەوتنەی نێوانیانی هەڵوەشاندەوە لەگەڵ ئۆزبەك سازی دابوو، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی خۆراوای ئێران کەبەوڵاتی پشت رووبارەوە نووسابوون، بەڵام ئەوان کێشەکانی نێوانیان خستە لاوەو کەجکونجی خانیان کردە جێنشینی محەمەد تەیموور و لەقولی مەلەك لەناوچەی خەیرئاباد کەزۆر لەبوخارا نزیکبوو رووبەرووی بابەر بوونەوەو شکستیان پێهێناو لەساڵی ١٥١٢زدا سەمەرقەندیان گەڕاندەوە ژێر رکێفی خۆیان.

ئەم سەرکەوتنەی ئۆزبەکەکان ئەوەی دەگەیاند کەوا لەتوانیاندا هەیە زەبری دیکە بوەشێننە باکوری خۆرەڵاتی ئێران و هەموو خەونەکانی شا ئیسماعیلی یەکەم بنگۆم کەن لەوەی دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەرێمەکانی خۆرەڵاتدا بسەپێنێ و،

دەرکیشی بەوە کرد ئەگەر ئۆزبەکەکان توانیان هێزەکانی بابەر لەناوبەرن و وەدری نێن ئەوا هەرگیز ناتوانێ ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی.

شا ئیسماعیلی یەکەم دەرکی بەگرنگیی بابەر کردبوو لەرووبەرووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی ئۆزبەك بەر لەوەی کە سەرکردەی ئۆزبەکەکان عوبێدوللە کەلەنزیك دەریاچەی قولی بەسەریدا زاڵبوو و لەبارێکدا بوو کەدەیتوانی بابەر ناچار بکات بەشێوەیەکی یەکجارەکی بچێتە درەوەو بەتەنیاش ناتوانێ شەڕ لەگەڵ هەموو لایەکدا بکات، بۆیە بەپەلە پێداویستیە سەربازیەکانی بۆ یارمەتیی سوپای بابەر بەسەرکردایەتی حاکمی خۆراسان ئەمیریار ئەحمەد ئەسفەهانی کەبە ئەستێرەی دووەم ناسرابوو نارد و لەنزیك تەرمز پێی گەیشت.

ئەم سوپا یەکگرتووە هێرشی کردە سەر قارشی و داگیریی کرد، بەلاّم هەڵوێستی دوژمنکارانە و تۆڵەسەندنەوانەی ئەستێرەی دووەم لەدژی دانیشتووان و فەرمانبەران بووە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەڵوێستی بابەر بگۆڕێ. هەروەها ئەم هەڵوێستەش رووبەرووی ناوەندە خێڵەکیەکانی ناوەڕاستی ئاسیا بووەوە و بەچاوێکی پڕ لەترسەوە دەیانڕوانییە بەرفراوان بوونی دەسەلاّتی شا سەفەویی، چونکە ئەگەر سەرکەوتنی تەواوی لەژێردەستخستنی لەسەرانسەری ولاّتی پشت رووبار بەدەستهێنا ئەوا هەمیشە شمشێرەکەی دەکەوێتە سەر گەردەنی ئەو کەسانەی دەست بەمەزەبی سوننیەوە دەگرن و، لەو کاتەشدا بابەر خەریکی چاو خشاندنەوەبوو بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ شا و زۆری پێنەچوو پەیوەندییەکانی پچڕاند و پشتی تێکرد و لێیگەڕا بەتەنیا بەرەو جەنگی بوخارا بچێ.

نەجمسانی (ئەستێرەی دووەم) دەرکی بەوە نەدەکرد کەوا هەلێکی بۆ رەخساوە و دەتوانێ زۆر بەئاسانی و بەبێ یارمەتی بابەری مەگۆلی بەسەر ئۆزبەکدا سەرکەوێ و هێرشی کردە سەر قەلاّ ناوخۆییەکانی ئۆزبەك و سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئۆزبەکەکانیش زۆر بەچڕی چاودێری هەڵسوکەوتەکانیان دەکرد و وازیان لێ هێنا تا بەتەواوی هێزەکانی خۆی لەولاّتی ئەواندا کۆکردەوەو شەکەت بوو، کاتێکیش گەیشتە گەجدیوان گەمارۆی سوپاکەیانداو لەنێوانیاندا جەنگێکی سەخت بەرپابوو وەك

قەساخانەیەك دەهاتە بەرچاو، لەوێدا سوپای سەفەوی زۆر بەسەختی شکستی خواردو، لە ئەنجامـدا نەجمسـانی سـەرکردەیان و لەگـەڵ چـەندین سـەرکردەی گـەورەی دیکـەی سوپاکەی لەمیدانی شەڕەکەدا کوژران و کەوتنە سەر زەوی.

بەرەئەنجامی جەنگی گەجدیوان بریتیی بوو لە:

- بەروونی ئەوە بەدیار کەوت کەوا لەبەرامبەر مەزەبی شیعەی توندەڕەدا مـەزەبێکی سونەی تونـدەڕەو هەیـە لەنێوانیشـیاندا شـەڕی وێرانکارانـە و پـڕ لەکوشـتوبڕ و لەناوبردن سازبوو.
- ئۆزبەکەکان لەژێر چەپۆك و پاڵەپەستۆی سەفەوییەکان هاتنە دەرەوەو، رووبەری ئەو خاکەی کەوا عوبێدوڵلاخان دەسـتی کەوت لەدوای جەنگی گەجدیوان نزیکەی لەگەڵ هی محەمەد شەیبانی خان وەکو یەکی لێهات.
- ئەم سەرکەوتنە هانی ئۆزەبەکەکانیدا کەوا زیاتر لە هەرێمـەکانی بـاکوری خـۆراواو بەتایبەتیش لەخۆراسان بیر لـەفراوان بـوون بکەنـەوە، ئەمــەش فشـارێکی زیـاتری خستە سەر شا ئیسماعیلی یەکەم لەو کاتـەی کەدووچـاری فشـاری عوسمانییـەکان لەبەرەی خۆراوادا دەبۆوە.

ئۆزبەکەکان خۆراسانیان داگیرکردو شارو لادێکانیان وێرانکرد و تێکشـکانی هێزەکـانی سەفەوییەکانیشیان لەشەڕی چالدێران لەسەر دەستی عوسمانییەکان بەهـەلزانی و بـەرەو ئێران هەلکشان بۆ لـەناوبردن و هەلکێشـانی رەگوریشـەیان و بەمـەش توانیـان چـەند ناوچەیەکی خۆرەلاتی هەرات داگیربکەن و گـەمارۆی شارەکەشـیاندا، بـەلاّم سـەرەڕای ئەوەش نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، کاتێك شا ئیسماعیلی یەکەم هەڵسایەوە و بەرەنگاریان بووەوە ناچاربوون جارێکی دیکە خۆراسان بەجێبهێڵن و لـەرێگای سـاوەو فەیروزکۆهەوە بەرەو مەشهەد کەوتنەڕێ و، عوبێدوڵلا بـەرەو مـەروو و لەوێشـەوە بـۆ بوخارا قوچاندی و هێزەکانی ئۆزبـەك هانایـان بـۆ گورجسـتان بـرد. لەوکاتەشـدا شـا ئیسماعیلی یەکەم کۆچی دوایی کرد.

نۆزبەکەکان وایان دەزانی کەوا مردنــی شــا ئیســماعیلی یەکــەم شــوێنەوارێکی خــراپ لەدەوڵەتی سەفەوی بەجێدەهێڵێ و هەلی ئەوەیان بۆ دەرەخسێ کەوا لەناوی بەرن یاخود هەر هیچ نەبێ هەرێمەکانی خۆرەلاتی لێ دابڕن و بیخەنە پاڵ ولاتەکەی خۆیانەوە، هەر بۆیەش شێخ عوبیدوڵلاخان دەستی کرد بەهێرش و پەلاماری توونـد و لەئەنجامدا مەروو و مەشهەد و ئەستراباباکی داگیرکرد، بەلام لەمانــەدا هــیچ ســەرکەوتنێکی وای دەســت نەکەوت کەبتوانێ رێگا خۆشبکات بۆ ناو جەرگەی ئێران بچێ.

پەیوەندیەکانی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان:

دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانیی:

عوسمانییەکان دەگەڕێنەوە بۆ هۆزێکی تورکی بەناوی قایی کەیەکێکە لەخێڵە کۆنەکانی تورك و لەناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو بەرزاییەکانی جزیرەی سەر رووباری فورات هاتوون و لە لەوەڕگاکانی نزیك شاری خەلات جێگیربــوون. پاشــان بــەرەو ئــەرزنجان لــە ئاســیای بچووك بەســەرۆکایەتی تــوغرول کۆچیان کــرد، ئــەویش بــەهۆی ئــەو فشــارانەوە بــوو کەلەئــــەنجامی رووداوە ســــەربازییەکانی نێــــوان دەوڵــــەتی ســــەلجوقیە رۆمیــــەکان (خانەوادەیــەکی تورکــە ســەلجوقیەکان بــوون دەوڵــەتی ئیســلامیان لەئاســیای بچــووك لەســالانی نێــوان ١٠٧٧-١٥٠٤ز دامەزرانــد) و خوارزمیەکانــەوە (ئەمانــە ســەر بــە ئەنوشتکین بوون کەیەکێك لەو تورکانەی لەشانشینیی ســوڵتان مەلەکشــای ســەلجوقیی دەژیاو کاری مەیگێڕیی دەکردو بەلام محەمــەدی کــوڕی بەزانســت و ئــەدەب ناوبــانگی دەرکردبــوو) ســازببوون. لەســالی ی١٢١٩-١٢٣٧ز تــوغرول پشــتیوانی لەســوڵتانی سەلجووقی عــەلای کیقبــادی یەکــەم کــردو ســوڵتانیش لەبەرامبــەردا زەویــە بــەپیت و لەوەڕگاکانی نزیك ئەنەکەرای پێبەخشی. توغرول وەك هاوپەیمانی سەلجوقیەکان مایــەوە تا ئەو کاتەی سوڵتان ناوچەیەکی دیکەشی لە ئەوپەڕی باکوری خۆراوای ئاسیای بچووك پێ بەخشی کە لەسەر ســنووری بیزەنتیــەکان لەناوچــەیەکبوو بــەناوی ســکود لــەنزیك ئەسکی شەهر، ئەو جێگایەی کە خێڵەکەیان دەستی کرد بەژیانێکی نوێ و پیــادەکردنی چالاکی ئابووری تا بەهۆیەوە بتــوانێ بــوونی خــۆی لەناوچــەکەدا بســەلمێنێ و چــالاکی سیاسیش بۆ ئەوەی بــوونی خــۆی لــەو ناوچــانەی بەدەســتی هێنــاون جــێگیر بکــات و

بیچەسپێنێ. لەسەردەمی شا عوسمانی کوڕی تـوغروڵ لەسـاڵی ١٢٨٨-١٣٢٦ز پلـەی فەرمانڕەوای بەهۆی چالاکییە فیداکاریەکانی لـەدژی بێزەنتییـەکان وەرگـرت، لەمـەوە ناوبانگی دەرکردو ئەم هۆزە بەناوی ئەوەوە ناسراو، بارێکی تایبەتیشی بۆ هێنایە ئاراوە کەبریتی بوو لە چەند کۆمەڵەیەك لەزاناو شێخەکانی تەریقەتی سۆفیگەریی و دەروێـش و پیشـەوەری زیـرەك و بازرگـان و بەمـەش رۆشـنبیریەکی بـێ وێنـە و بزووتنەوەیـەکی بازرگانی چالاکی بۆ خۆی دەسخست و بەهۆیەوە لەیەکـە تورکمانیـەکانی دیکـەی نێـو ئەنادۆڵ جیابۆوە و پاشان عوسمـان بـە پادشـا و سـوڵتان ناوبـانگی دەرکـرد کەئـەویش ئاماژەیەك بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت.

عوسمان میرنشینیەکەی خۆی لەسەر حسابی بێزەنتیەکان فراوان کـرد یـەنی شەهریشـی کردە پایتەختی خۆی لەدوای ئەو ئۆرخانی کوڕی لەسـاڵی ١٣٢٦-١٣٦٠ی رایگـرت و بۆرسـەشی کردە پایتەختی خۆی کە یەکێکە لەگرنگترین خاڵە سـەربازیەکانی ئـەنادۆڵ و چونکە لەوێوە هەلی ئەوە بۆ عوسمانییـەکان رەخسـا کـە بـەرەو ناوچـەکانی دەوروبـەر هەڵکشێن و پاشان بەرەو رۆملی و بەلکان پێشڕەوی بکەن.

گەشەسەندنی دەوڵەتی عوسمانی:

جێپێ دەوڵەتی عوسمانی لەسـەردەمی خەلیفـە ئۆخـان و لـەماوەی هەڵکشـانی بـەرەو ئەنادۆڵ لەسەر خاکی بێزەنتیەکان و نیقیەو نیقۆمیدیـەو بـەلکان و گـالیبۆلی گەشـەی سەند. سەردەمی موڕادی یەکەمی کوڕی ئۆرخان (١٣٦٠-١٣٨٩ز) وەك شۆڕشێك بـوو بۆ هەڵکشـان و فـراوان بـوونی عوسمـانیی. چـونکە نزیکـەی پێـنج ئەوەنـدەی خـاکی سەردەمی باب و باپیرانی دەوڵەتەکـەی فـراوان بـوو و سـنوورەکەی بـردە کـەنارەکانی رووباری دانوب و نزیك بۆسـنەو قوولایی ئەوروپای خۆرەلات و میرنشـینیی قـەرمانیش کە ئەوکاتە زۆر بەهێزبوو خستە پاڵ خۆی و، ئەمانەو جگـە لەمیرنشـینیی کـەرمیان و هەرێمی حەمید و تەککە.

کـاتێکیش بایەزیـدی یەکـەمی کـوڕی بـوو بەجێنشـینی لەسـاڵی ١٣٨٩-١٤٠٣ز ئامانجەکانی دەوڵەتەکە بەروونی و ئاشکرایی بـەدیار کـەوتن و سیاسـەتەکشی لەسـەر دوو بنەما دەستنیشانکرد:

ئەکەم: لەناوبردنی خانەوادە دەسەلاتدارەکانی ئەنادۆڵ و بەلکان و پاشانیش داگیرکردنی خاکەکانیان و خستنیە پاڵ دەوڵەتە تازە گەشەسەندووەکەی.

دووەم: دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندی لەو ناوچانەو وێنەی رژێمە ناوەندیەکانی دەوڵــەتی ئیــسلامی لەخۆرەلاَت و پێکهێنانی دەزگاکانیی وەك بناغەیەك بۆ ئەم رەوتە.

لەراستیشدا ئەم سوڵتانە هەموو ویستەکانی خۆی لەم بوارانەدا هێنایەدی و هەرچــەندە خەریك بوو لەناویش بچێ، ئەویش لەو کاتەی کە فەرمانڕەواکانی دەوڵەتــە بچــووکانەی تورکمانەکان کاتێك لەسەر حوکم لادران پەنایان بۆ تەیموورلەنگ بــرد تــاکو یارمــەتیان بدات و موڵك و سامانەکانیان بۆ لــە ســوڵتانی عوسمــانی وەرگرێتــەوە ئــەویش بــەدەم داواکانیانەوە هاتوو و بەڵێنی پێدان یارمەتیان بــدات، ئــەوەبوو گــەمارۆی زەویــەکانی ســوڵتانی داو لەســاڵی ١٤٠٢ز بەســەر ســوڵتان بایەزیــدی یەکــەم لەشــەڕی ئەنکــەرا ســەرکەوت و بەدیلی گرت، بەلاَم هاوپەیمانەکانی توانیان ئەوەی لەکارەساتەکەی ئەنقەرە لەدەستیان دابوو بیگێڕنەوە و سەربەرزی و شکۆمەندیش بدەنەوە بە دەوڵەتەکەیان و لەو سنوورانەش دەرچوون کە باب و باپیرانیان پێی گەیشــتبوون، بەتایبــەتیش لەســەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتح لەساڵی ١٤٥١-١٤٨١ز کــە تــوانی فەلەســتین رزگــار بکــات و لەژێر ناوی ئەستەمبوڵ کردیە پایتەخی دەوڵەتەکەی، هــەروەها لــەباکوری بــەلکانیش دەســەلاَتێکی بۆخۆی دانا کەبەهۆیەوە توانی ڕووبــەڕووی مەجــەر ببێتــەوە کەهەمیشــە بەربەســتبوو بــۆ بــەرفراوان بــوونی دەوڵــەتی عوسمــانیی لەئــەورووپا. لــەدەوری وڵاتــی سربەکانیش کۆبوونەوەو چەندین شاریان ئازادکرد، بەلاَم بەلغراد لێی یاخی بوو و پاشان شاری مورەی لەیۆنان و ئەفلاق لەباکوری رووباری دانوب و بۆسنەوهەرسکی ئــازادکردو ئینجا هەریەك لەتەڕابزۆرن کەدوایین مۆڵگەکانی بێزەنتیەکان بــوو لەئاســیای بچــوك و ســینۆب و قەرمان، لەدواییدا وڵاتی قــەرەم و زەنتــاو کۆرفــۆو ســانۆری و کــەفالۆنیایان ئازاد کردو، ئینجا لەگەڵ ڤینیسیا چوونە ناو جەنگێکی درێژخایەنەوە کەماوەی شــانزە ساڵی خایاند لەدواییدا ناچاریکردن دەست لەچەند ناوچەیەکی ژێر دەسەلاَتیان هــەڵگرن لەیۆنان و دورگەکانی ئەرخەبیل.

تەنگژەی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان:

پەیوەندیەکانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان لەگەڵ رۆژگـاردا شـێوەیەکی بـەرەو بەرزەوەبووی وەرگرت و لەشـەڕی چالدێرانیشـدا گەیشـتە چڵەپۆپەی. ئاشـکرایە کـەوا پەیوەندی نێوانیان لـەدوای لـەناوبردنی خانـەوادەی ئـالاق قوینلـوو کـەمێك ئـارامیی بەخۆیەوە بینی، ئەویش لەبەر ئەوەبوو سـوڵتان بایەزیـدی دووەم کـە بـووە جێنشـینی محەمەد فاتحی باوکی هەر بەسروشتی خۆی حەزی لەئاشتیی بوو، بیری لەهیچ هەڵمەت و ئازادکردنێکیش نـەدەکردەوە نـە لـەخۆرەڵات و نـە لـەخۆراواو، ئامـادەش نـەبوو کـە یارمەتی ئەلوەندی سـەرۆکی ئـالاق قوینلـوو بـدات لـەدژی شـا ئیسـماعلی یەکـەمی دوژمنی هەردوو لایان، بەڵام لەهـەمان کاتیشـدا هەمیشـە لەئامادەباشـیدابوو، داوای لەرۆستەم بـەگی مـەکری کـوردی حـاکمی دیاربـەکر کـرد کـەوا راپـۆرتێکی لـەبارەی مەرامەکانی دەوڵەتی سەفەویی بۆ بنووسێ لەبارەی فراوان بوون و سنووربەزاندن بـەرەو خۆراواو ئامادەکاریەکانی شا ئیسـماعیل و ئەندازەی هێزەکانی بەبەراورد لەگـەڵ هێـزی ئەلوەند، بەڵام ئەم داواکاریە بەدرەنگەوەهات، چـونکە شـا ئەلوەنـد شکسـتی خـواردو خەریك بوو لەگەڵ مەمالیکەکانی میسـر لـەپێناوی هاریکـاریی دژی عوسمانییـەکان و ناردنی هێزێکی سەربازی بۆ سەر دیار بەکرو مەرعەش دانوستانی دەکرد.

لەدوای لەناوبردنی ئالاق قوینلوو بەهۆی رکابەریان لەسەر دابەشـکردنی موڵکـەکانییان کەلەسەر سنووری هاوبەشیان بوو پەیوەندیەکانی نێوان سـەفەویی و عوسمانییـەکان روو لـەخراپی بـوو، کـارێکی سروشـتیش بـوو کـەوا رقوکینـە مەزهەبیـەکانی نێوانیـان پەرەبسێنێت، کەچی بەدرێـژایی حـوکمڕانی سـوڵتان بایەزیـدی دووەم ئـەم رقوکینەیـە شاراوەبوو بەهۆی ئـەو پشـێوی و ئاڵۆزیانـەی کەلـەوڵاتی عوسمانییـەکان و لەئـەنجامی شۆڕشی شیعەکان و رکابەریان لەسـەر گرتنەدەسـتی دەسـەڵات و ئەمانـە لـەناوەڕۆکی نامەکانی نێوانیان بەدیار دەکـەوێ. کـاتێکیش شـا دەسـتی بەسـەر عیراقـدا گـرت و خستیەپاڵ موڵکەکانی سەفەوی سوڵتانی عوسمانی نێردراوێکی بـەناوی محەمـەد چـاوش بالابان ناردو چەندین دیاریشیی پێبوو بۆ شا ئیسـماعیل و سـەرەڕای ئـەوەش نامەیـەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنانەی کەلە عیراق و فارسدا بەدیهێنابوو بۆ نووسـیبوو،

وادیاربوو دەیـەوێ پەیوەندیـەکانی خـۆی لەگـەڵ شـا بـەهێزبکات بـەبێ ئـەوەی دەرك بەوەبکات کە چ مەترسیەکی بۆ سەر دەوڵەتەکەی ئەو هەیە، کـاتێکیش شـا بـەردەوام بوو لەراوەدوونانی موسوڵمانە سونتیەکان و هەڵاتنی ئەو سونیانە بۆ خـاکی عوسمـانیێ، نووسراوێکی بۆ نارد تێیـدا داوای لێکـرد کـە لەگـەڵ مـردوو و زینـدووی سـونتەکاندا چـاکەخوازبێ و شـوێن هـەڵگری بـاب و بـاپیرانی و مێـژووی ئێـران و شارسـتانیەتە رەسەنەکەی بێ.

شا کاردانەوەیەکی ئیجابی هەبوو، ئەوەبوو کاتێك لەشەڕی دژ بەعەلای دەولـەی زیقـارِ هێرشی کردە سەر مەرعەش و بوسـتان و ناچـاربوو لەسـنووری عوسمانییـەکان لـەنزیك قەیسەریە بپەڕێتەوە فەرمانی بەسەربازەکانیدا کەوا تخـونی مـاڵ و گیـانی خەڵکەکـەی نەکەون و هەڵسوکەوتی چاکیشیان لەگەڵدا بکەن و داوای لێبووردنیشی لەسـوڵتان کـرد بەهۆی ئەو سنووربەزاندنەی کردی و پێشی راگەیاند کـەوا بـەهیچ شـێوەیەك بـیر لـەوە ناکاتەوە گرژی بخاتە نێوانیانەوە.

سوڵتانی عوسمانی زۆر دڵی بەم هەڵسوکەوت و نازناوە شکۆداریانە خۆش بـوو کـە شـا لەنامەکەیدا بۆی نووسیبوو وەك: گەورەترین پاشا و بەخشندەترین تاجبەسەر و پادشـای پادشاکانی عەجەم.

لەوکاتەی کە ئەو دوو شایە نامەیان بۆ یەکتر دەنـارد سـەلیمی کـوڕی بایەزیـدی دووەم شەڕی لەگـەڵ سـەفەوییەکاندا دەکـرد و بـەردەو دەرەوەی وڵاتەکـەی راوەدووی دەنـان و لەیەکێك لەهێرشەکانی بۆ ئەرزنجان ئیبراهیم و برای شـا ئیسـماعیلی یەکـەمی بـەدیل گرت و، بەمەش نامەیەکی پڕ لەگلەیی و نارەزایی بۆ سوڵتانی عوسمانی نـاردو تیایـدا دۆستایەتی عوسمانی و سـەفەوییەکانی وەبیرخسـتەوە، بـەڵام سـوڵتان بایەزیـدی دووەم بەشێوەیەکی شیاو و جوان پێشوازی لە نێردراوی سەفەوییەکان نەکرد.

لەبەرانبـەردا شـا ئیسـماعیلی یەکـەمیش بەهـەمان شـێوەیە رێـزی لـەنێردراوی عوسمانییەکان نەناو بەهەموو شـێوەیەك سـوکایەتی پێکـرد. لـەو سـاتەوە پەیوەندییـە دۆسـتانەییەکانی نێوانیـان هەڵگەڕایـەوە بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی سـووك کـرد. ئـەم

وەرچەرخانەش یارمەتی دەرکەوتنی میر سەلیمیدا کەوەك جێنشینی چاوەڕوان کراوی باوکی و بەچاکترزانینی ئەو لەچاو ئەحمەد و قورقودی براکانیدا.

لەساڵی ١٥١١زدا پەیوەندیەکان روویان لەخراپی کرد، ئەویش لەئەنجامی ئەو شۆڕشەوە سەری هەڵدا کە شا قوولی کوڕی حەسەن خەلیفەی سەرکردەی هۆزی تەکەلووی قزلباشی لەویلایەتی تەککە لەئەنادۆڵ هەڵیگیرساند و کۆبوونەوەی شیعە توندرەوەکان لەدەوری گوایە ئەو نوێنەری شا ئیسماعیلی یەکەمە. لەهەموو لایەکەوە شۆڕشگێران لەلایەن ئەو شیعانەی کەلەدوڵەتی عوسمانی بڵاوبیبوونەوە یارمەتیان بۆ هات و ئەو سەرکردەشیان کوشت کەلەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە راسپێردرابوو بۆ دامرکانەوەی شۆڕشەکەیان. کاتێکیش بەهێزبوونەوە هێرشیان کردە سەر ناوچەی قەرمەران و شکستیان بەقەرەگۆز پاشا هێناو ویلایەتی سیواسیان داگیرکرد، ئەمەش سوڵتانی عوسمانی دڵتەنگ کرد بۆیە سوپایەکی گەورەی بەسەرکردایەتی سەدری عەزەمی خادم عەلی پاشای نارده سەریان بۆ ئەوەی شۆڕشەکەیان دامرکێنێتەوە هەروەك لەپێشەوە باسمان کرد، بەلاّم دوو سەرکردە لەشەڕەکەدا کوژران و زۆربەی لایەنگرانی شا پەنایان بردە بەر ئێران. سوڵتانی عوسمانی کە ئەوکاتە باری تەندروستی روو لەخراپی بوو بەوەندە دڵی ئاوی خواردەوەو، لەهەمان کاتیشدا چاوی لەو رکابەریەبوو کەلەنێوان هەرسێ کوڕی ئەحمەد و قورقود و سەلیمدا هەبوو و، لەو نێوەندەشدا نامەی بۆ شا ئیسماعیلی یەکەم ناردبوو تێدا دەست خۆشیان لێدەکرد بەهۆی ئەو هاندانەی کەبۆ لایەنگرانی لەخاکی عوسمانیدا دەیکات و یارمەتییان دەدات لەو راپەڕینەیان دژی دەسەلاّت ئەنجامیان داوە.

لابردنی سەلیم لەفەرمانڕەوایەتی عوسمانیی:

ئەو لێکترازانەی دووچاری ئەنادۆڵ هاتبوو بەهۆی ئەو کورتهێنانە روون و ئاشکرایەی سوڵتان بایەزیدی دووەم تەنگژەی سیاسی سەریهەڵدا و رکابەری نێوان سێ کوڕەکەی سوڵتان لەسەر دەسەلاّت و کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو لەسەر تواناکانی دەوڵەت. سەلیم لەهەموان زیاتر نیگەران و رق ئەستوور بوو بەرامبەر بە شا ئیسماعلی یەکەم، داوای لەباوکی کرد کەوا بیکاتە حاکمی یەکێك لەویلایەتەکانی ئەورووپاو باوکیشی ئەم

داوای رەتکردەوە، ئەوکاتە لەژێر فەرمانی باوکی دەرچوو و بەسەرکردایەتی سوپایەکی خورتەوە بەرەو ولاتی رۆملی بەرێکەوت و لەساڵی ١٥١١زدا لەشاری ئەدرەنە نزیک کەوتەوە و بەمەش بەزۆر بەسەر باوکیدا سەپاندی کەداواکاریەکی بۆ بەجێبهێنێ و بەوالی سەمەندەریەو ڤیدین و ئالاجەحیسار و نیکۆپۆلیس دایمەزراند و لەوێش جێپێی خۆی قاییم کرد و وادیاربوو مەبەستی سازکردنی دەوڵەتێکی نوێ بێ.

سەلیم ئەو یاخی بوونەی نێو تەککە و سەفەرەکەی باوکی بۆ دەرەوەی پایتەخت بەهەلزانی لەبارەگای خۆیەوە بەرەو ئەدرەنە هەڵکشاو لەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی عوسمانی راگەیاند و ئەمەش بەهیچ شێوەیەك لە ورەی سوڵتاندا نەبوو کەبێدەنگی لێوەبکات، بۆیە سوڵتان بایەزیدی دووەم سوپایەکی ناردە سەری و شکستی پێهێناو ناچاری کرد کەوا بگەرێتەوە بۆ ولاتی قەرم. لێرەدا ئەحمەدی برای وایزانی کەوا دەتوانێ بەرەو پایتەخت بچێ و لەوێ وەك سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی خۆی رابگەیەنێ، بەلام ئینکیشاریەکان ئەوانەی کە بەبێ توانایی وەسفیان دەکرد، لێی یاخی بوون و ناچاریان کرد بکشێتەوە.

هەموو رووداوەکان لەبەرژەوەندی شا ئیسماعیلی یەکەم دەشکایەوەو توانی لەسەرەتای ساڵی ١٥١٢ز یاخیبوونێکی دیکەی سەرکردە نور عەلی خەلیفە لە تۆقات و ئەماسیا سازبکات و بەتاکە یاخیبوون هەژمارکرا کە راستەوخۆ پەیوەندی بە شا ئیسماعیلەوە هەبێ و بۆ خۆی کاربارەکانی هەڵدەسووراند، ئەمەش بووە هۆی هەڵچوون و تووڕەبوونی ئینکیشاریەکان بەرامبەر زیان لێکەوتنی سوڵتان و سەرکەوتنی شاو جەختی زۆریان لەسەر ئەوە کردەوە سوڵتان لەکوڕەکەی خۆشبێ و ئەویش داواکەیانی هێنایەدی و گەڕاندیەوە بۆ سەمەندەریە. بەلام لەکاتی گواستنەوەی ئەو ئینکیشاریانەی کەوا یارمەتیاندا و پشتگیرییان لێکرد و متمانەی زۆریان پێی هەبوو چوونە ناو پایتەخت و فشاریان خستە سەر سوڵتان بۆ ئەوی لەپێناوی کوڕەکەیدا دەست لەتەختەکەی هەڵگرێ، ئەویش بەناچاری رەزامەندی نواند و لە ٢٥نیسان١٥١٢ز بەشێوەیەکی گشتی لەژیانی سیاسی دەستی کێشایەوە.

سیاسەتی سوڵتان سلیم لەخۆرەڵات:

لادانی سوڵتان سـەلیمی کـوڕی بایەزیـدی دووەم لەسـاڵی١٥١٢- ١٥٢٠ز قۆنـاغێکی جۆریی بوو لەمێژووی عوسمانییەکان و راوەستان لەپێشڕەویی بەرەو خۆراوا و رووکردنـە خۆرەلاتی لێکەوتەوە. وەرچەرخانەکەش لەخۆراواوە بـەرەو خـۆرەلات دەسـتی پێکـرد، ئەویش لە سەرەتای هەڵکشانی شیعە بەرەو خاکی عوسمانییەکان و لەئەنجامی ئەمەشدا سیاسەتی ئەم سوڵتانە لەخۆرەلات بریتیی بوو:

یەکەم: دەسبەسەرداگرتنی ڕێگای بازرگانی نێوان خۆرەڵات و خۆراوا:

ئەم سوڵتانە لەهەوڵی ئەوەدابوو کەوا بگاتە هیندستان و لەوێوە دەسبگرێ بەسەر ڕێگـا بازرگانیەکانی باکوور لەدژی قۆرخکردنی پورتوگالیەکان لەبواری بازرگانی بەهاراتـدا و کۆنترۆڵکردنی ڕێگا بازرگانیەکانی خۆرەلات و هیندستان.

ئەمەو سەرەتای سەردەمی ئەو بەپێشکەوتنێکی بیرۆکراتی عوسمانی و کارسازی کـارە هونەریەکانی ئەوکاتی کەلەولاتدا باوبوون دەستی پێکـرد. ئـەم بـارە نوێیـەش وایکـرد داخوازیەکانی دەوڵەت روو لەزیادبوون بکات بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی ئەم بوارانـە. پاشانیش بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی دانەوێڵە لەئەورووپا هۆکارێکی سـەرەکی بـوو بۆ گەشەسەندنی بواری هەناردەی دانەوێڵەی ئەنادۆڵ و زیادبوونی ژمـارەی دانیشـتوانی ئاسیای بچووك و وامان لێدەکات دەرك بەوەبکەن کەلەبواری کشتوکاڵی رووی لـەفراوان بوون کرد. جگە لەمانەش بەکارهێنانی زۆری بەهارات و حەریر لەئەورووپا زیاتر هانیـدا کە هەوڵی قۆرخ کردن و دەسبەسەرداگرتنی ڕێگـا بازرگانیـەکانی خـۆرەلات و خـۆراوا بدات.

سەرەتا هەوڵیدا کەوا سەفەییەکان سوود لەماددەخامەکان وەرنـەگرن بـۆ دروسـتکردنی چەك و تەقەمەنی وەك: مس و ئاسن کە ئەوکاتە ئەنادۆڵ پێوەی بـەناوبانگبوو، ئینجـا گەمارۆیەکی ئابووریشی بەسەر دەوڵەتی سەفەوییدا سەپاند بەتایبەتی بازرگانی حـەریر کەبەناو خاکی عوسمانییەکاندا تێدەپەڕی و بەرەو حەلەب-ئەسـکەندەروونەو لـەوێوە بـۆ خۆراوای ئەورووپا دەڕۆیشت و لەوێشدا بەزێڕ ئاڵوگۆڕیان پێـدەکرد، ئـەم هەنگاوانـەش

بوونە هۆی ئەوەی دەسکەوتەکانی دەوڵەتی سەفەویی بەشـێوەیەکی بەرچـاو روو لـەکزی بکات.

دوای ئـەوە سـولتان هـەنگاوێکی دیکـەی هـەڵێنا، کاتێـک دەسـتی بەسـەر کـاڵاو شتومەکەکانی ئەو بازرگانە ئێرانیانە دادەگرت کە لەبەری ئەوروپا لەرۆمللییەوە باریـان دەکردن، بێگومـان ئەمـەش کاریگـەریی زۆری هـەبوو بەسـەر رێگـای بازرگانـەکان و ناچاربوون بەناو دۆڵی رافیدەین بەرەو خواروو بسوورێنەوە. لەکۆتاییشدا بڕیاریدا رێگای بازرگانی هیندستان کۆنترۆڵ بکات.

دووەم: هەڵکشان لەناوچەی هێزە خۆرەڵاتیەکان:

ئەم پێوانەیەش لەسەر بنچینەکانی مەزەبی و سیاسی و هزری دامەزرا:

دەربارەی لایەنی مەزەبی شا ئیسماعیلی یەکەم هەوڵی زۆریـدا کـەوا مـەزەبی شـیعی لەئەنادۆڵدا بلاوبکاتەوەو بەمەش بتوانێ قەوارەی دەوڵەتی عوسمانی لـەرەگ و ریشـەوە هەڵتەکێنێ، لەئاسیای بچووکیشدا شیعەکان بەسەرۆکایەتی شا قوولی لـەدوایین سـاڵدا لەدژی دەسەلاتی سولتان بایەزیدی دووەم بەپشت بەستن بەحاکمەکانی ئێـران راپـەڕین، هـەروەك پێشـی ئێسـتا ئاماژەمـان پێـدا و سـولتانی عوسمـانی ترسـی لێنیشـتوو لەمەرامەکانی شا گەیشت بۆیە سوپایەکی ناردە سەر سنوور بۆ ئەوەی بەر لەم کارەیـان بگرێ، هەر لەوکاتەشدا بڕیاریدا ژمارەیەك لەلایەنگرانی شـا دوورخاتـەوە و بیانێرێتـە مووره، پاشان بەمەبەستی دابڕینیی شا لە بنکەکەی لەئەنادۆڵی خۆرەڵات سـنوورەکانی داخست، کەچی ئەم کارە زۆر کاریگەریی نەبوو چونکە شـوێنکەوتووانی سـوودیان لـەو بازرگانانە وەردەگرت کەبەئارەزووی خۆیان هاموشۆیان دەکردو ئـەوانیش بەسـایەیانەوە توانیان لەناوجەرگەی ولاتەکەیاندا کۆببنەوە. وەك ئەوەی سـولتان بایەزیـدی دووەم زۆر بەپارێزبوو بـەهیچ شـێوەیەك ئـارەزووی ئـەوەی نـەدەکرد کـەوا لـەم ناوچـانەدا شـەڕ هەڵگیرسـێنێ، چـونکە هـەر یاخیبوونێـك دەبێتـە هـۆی نیگـەرانی بـۆی. لەپاشـان نێردراوێکی بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین نـاردە تـەورێز کەباسـی ئـەو دەسـدرێژیانەی لەگەڵ شا کرد دەرهەق بە موسوڵمانە سوونییەکان دەکرا، لەبەرانبەریشـدا نێردراوێکـی شا هاتە لای و داوای لێکرد تـەڕابزۆن بگێڕێتـەوە بـۆ سـەفەوییەکان چـونکە مـولکی

ئەوانەو باب و باپیرە بێزەنتییەکانییشـی کـاتی خـۆی هـەر فـەرمانڕەوای ئـەوێبوون و ئیدانەی ئەو پەلامارانەشی کرد کە سەلیمی کـوڕی دەیانکاتـە سـەر زەویـەکانی سـەر بەدەوڵەتی سەفەوی و چەوساندنەوەی شیعەکانی ولاتی خۆی.

لەوکاتەی کە سـوڵتان بایەزیدی دووەم دەرکی بەگەورەیی مەترسـیەکانی هەڵگەڕانـەوەی تورکمانەکانی ئەنادۆڵ بۆ سەر مەزەبی شیعە نەدەکرد، بەڵام سـەلیمی کـوڕی لـەبارەی ئەم هەڵگەڕانەوەیە زۆر بەهەستبوو. زۆر لەوە دەترسـا شـا لایـەنگرانی خـۆی بنێرێتـە خۆرەڵاتی ئەنادۆڵ بەمەبەستی ئەوەی بیروباوەڕە مەزەبیەکەی لەناو هۆزە تورکمانەکاندا بڵاوبکاتەوە، چونکە ئەوانە دەبوایە ئەوکاتە بەرگری لەمەزەبی شیعە بکـەن و ئەمـەش مەترسیەکی زۆر و راستەوخۆی لەولاتدا دروسدەکرد، لەهەمانکاتیشدا هەڵکشـانی شـا لەعیراق و دیاربەکر زۆر نیگەرانی کردبوو، چونکە ئەوە سنووربەزاندنێکی لێپەیدا دەبوو کە ئاراستەکانیی بزووتنەوەی سەفەویی ئـاینی راگەیەنـدراویان دەگـۆڕی بـۆ ئامانجـە سیاسیەکان لەپێناو ئەوەی دەسبەسەر خۆرەڵاتی ئەنادۆڵدا بگرن کەخاوەن قورسـاییەکی بێوێنە بوو لەبواری سیاسی و ئابووریدا.

بۆیـە هـەرگیز لـەبیری ئـەوەدا نـەبوو کـە هێـرش بکاتـە سـەر دەوڵـەتی شـیعەکان و دووبەرەکیەکانیان دابرکێنێتەوەو، ئـەم هەڵوێـستەش وایکـرد سـەرکردە سـەربازیەکان بەتایبەتیش ئینکیشاریەکان هیوابڕبن لـەراگرتنی هەڵکشـان و پێشـڕەویی شـیعەکان و رزگارکردنی دەوڵەت لەمەترسەکانی شیعە و فراوانبوونی ئەو سەفەوییانەی کەهەمیشـە لەهەوڵی ئەوەدابوون هەیبـەتی دەوڵـەتی عوسمـانی بشـکێنن و لاوازی بکـەن، ئـەویش لەرێگای نانەوەی دووبەرەکی و پشێوی لەولاتدا.

بەمەش بزووتنەوە مەزەبیەکەی شا بەشێوەیەکی ئاشـکرا بانگـەوازی بـۆ دەکـراو بـاس لەبەرفراوانبوونـە سـەربازیەکانی دەکـرا کاریگـەریی روون و ئاشـکرای هـەبوو لەسـەر پارێزگاری زیـاتری مەزەبـە سـوننیەکەی عوسمانییـەکان و بـووە هۆکـارێکی کاریگـەر لەگۆڕینیی پلانە سیاسیەکانیان و رووکردنە بەری ئاسیای خۆراوا لەوکاتـەی ئـەورووپا بەشتی دیکەوە سەرقاڵبوو، بۆیە یەکەم ئەلقـەی زنجیرەی کێشـەکانی نێوانیـان بـەدیار کەوت، بەتایبەتیش هۆکاری مەزەبی یەکێك بوو لەپاڵنەرە سەرەکیەکان.

دەربارەی بنچینە سیاسیەکەش: ئەنادۆڵی تورکی بەشێوەیەکی سروشتی بـەرەو ئێـران و خاکی ئاسیای ناوەڕاست هەڵدەکشا، بەهۆی ئەوەی رەگەزی تورك کە خاوەن سروشتێکی ئاسایی بوون رۆژێك لەرۆژان دەسەڵاتی تەواویان بەسـەر خـاکی ئاسـیای ناوەڕاسـت تـا دەگاتـە دەریـا سـپی ناوەڕاسـتەوە هـەبوو و لـەم ناوچانەشـدا دەوڵـەتێکی فراوانیـان دامەزرارند، سەلجوقیەکان لەسەرەتا و پاشانیش عوسمانییەکان پشـیان بـەو تورکمانانـە دەبەست کەلە خۆرەڵاتـەوە بـەرەو ئـەوێ دەهـاتن لـەبونیاتنانی کۆمـەڵگای تـورکی و گەشەسەندنی ئەنادۆڵ یاخود بەلکان. ئەوەبوو دەوڵەتی سەفەوییش دیـوارێکی سیاسـی گەورەیان لـەنێوان عوسمانییـەکان و زێـدی بـاب و باپیرانیـان لـەخۆرەڵات دروسـکرد، سەرەڕای ئەوەی کە شا ئیسماعیلی یەکەم ئەو کاتـە نوێنەرایـەتی جیهـانێکی دیکـەی تورکەکان دەکرد کەجیابوو لەگەڵ جیهانی تورکە عوسمانییـەکان، ئەمـەش بـووە هـۆی ئەوەی ئەو دیوارە سیاسیە هەڵبگیرێ و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ خۆرەڵاتدا سـازبکەنەوە، هەروەها سوڵتان سەلیم دەرکی بەوەکرد کەوا شا ئیسماعیل مەترسـیەکی زۆر گەورەیـە بۆ یەکریزیی ئەنادۆڵی تورکی و ماوەی فەرمانڕەوایەتی دوای سوڵتانیش ئـەم راسـیتەی سەلماند، چـونکە چارەسـەرکردنی کێشـەی ئـەنادۆڵ واتـە ریشەکێشـکردنی. سـەرەڕای ئەمانەش دەتوانرێ رووبەڕووبوونەوەی سـەفەویی و عوسمانییـەکان وەهـاش سـەیربکرێ کەلەلایـەك پەیوەندیـەکانیان ناکۆکـە لەگـەڵ لایـەنی مـەمالیك و ئۆزبەکـەکان و فەرمانڕەواکانی هیندیە مەگۆلەکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە خۆرئاوای ئـەورووپا کەپێکهاتبوو لە ململانێ لەسەر ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست تا دەگاتە دەریـای سـپی ناوەڕسـت. سـەرکەوتنی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم لەدروسـکردنی دەوڵـەتی سـەفەوی مەترسیەکی گەورەی بۆ عوسمانییەکان و ئۆزبەکەکان سازکرد، چونکە ئەم ترسە هەرچی سەقامگیرییەك هـەبوو لەناوچـەکەدا هـەموو شـێواند و ئـەوانیش ئـەم هەڵوێسـتەیان بەهەلزانی بۆ بەئەنجام گەیاندنی مەرامەکانیان. لەراستیشدا ئەم رووبـەروو بوونەوەیـەی عوسمانییـەکان و سـەفەوییەکان دوو لایەنـەبوو، لەلایـەك کاردانـەوەی عوسمانییـەکانی لەبەرانبەر تەماعکارییە سیاسیەکانی شا ئیسماعیلی یەکەمی لێکەوتـەوە، لەلایـەکی دیکەش خۆی لەخۆیدا رووبەروو بوونەوەیەکی مەزەبیانە بوو لەنێوانیاندا.

لەلایەنی بنچینەی هزریش: رۆشنبیریی لەولاتی رۆم هەڵکشانێکی سرووشتی بوو بۆ رۆشنبیری تورکی و فارسی کە مەڵبەندەکەیان ئێران و ئاسیای ناوەراست بوو. لەبوارەکانی فەرمانرەوایەتی و دەسەلات و بەرێوەبردن و یاساو زانستە ئاینییەکان و ئەدەب و هونەر سەلجوقیەکان و عوسمانییەکان لەدوای ئەوانەوە دێن و هەمیشە بەئەندازەیەکی زۆر پشتیان بەو کۆچەرانە دەبەست کەلە خۆرەلاتەوە دەهاتن و پلەکانی نێو کارگێری حکومیی و ئیداریەکانیان دەدانێ، نزیکەی هەموو ئەدەبەکانی سەلجوقی بەزمانی فارسی بوو، کاتێکیش بەزمانی تورکی ئەدەب سەری هەڵدا لەسەردەمی سەرەتای دەسەلاتداریتی عوسمانییەکان بوو و ناوەرۆکەکانیان هەموو لە ئێران و ئاسیای ناوەراستەوە وەردەگرت، لەو کاتەوە کەلەسالی ۱۵۰۱ز دەولەتی سەفەوی دامەزرا تورکیا لە ئێران و ئاسیای ناوەراست دابرا کەئەوان بەشدارییەکی زۆر گەورەو بەرچاویان هەبوو لەپێگەیاندن و پێشخستنی بواری رۆشنبیریان، بەمەش چوارچێوەکە تەسک بووەو سەرچاوە ئاینییەکان تەنها لەناو سنووری ئەنادۆل و رۆملليدا مایەوە. عوسمانییەکانیش بەئاشکرا هەستیان بەم دابرانە هزریە لەرۆشنبیرییە رەسەنکەیان دەکردو پالنەرێك بوو بۆ کردنەوەی ئەم کەنالە هزریانەی خۆرەلات.

شەری چالدێران:

پێشەکی شەرەکە: جولانەوەکانی شا ئیسماعیلی یەکەم لەو کاتەی سەلیم لەسەر تەختی فەرمانرەوایەتی عوسمانی لادرا لەناوچەکانی خۆرەلات و باشووری نزیك دەولەتەکەی لەهەرێمی جزیرە نزیك کەوتەوە، ئینجا بەچاوێکی گومانایەوە تەماشای کرد چونکە ئامانجی دەسبەسەرداگتنی بنکە ستراتیژیەکان بوو، بەتایبەتیش کاتێك ئەو ناوچانەی ئەنادۆل و ئێران بەیەك دەبەستنەوە کوردەکانی لێبوو کەوتنە بەردەستی قزلباش. سولتان سەلیم بۆ رووبەروو بوونەوەی شا ئیسماعیل خۆی سازداو بۆ ئەوەش جێ پێی خۆی لەفەرمانرەوایەتیدا قایم بکات دەبوایە کێشەی سەفەوییەکان یەکلابکاتەوەو لەگەل دەولەتە ئەورووپیەکانیش دانوستان بکات بۆ ئەوەی بەرەی خۆراوا ساردبکاتەوە، ئەوکاتە هێشتا ململانێیە خانەوادەییەکان و بزووتنەوەی بەرهەڵستکاران هەر لەئارادابوون. سەرەتا ئەحمەد و قورقوردی برای لەخۆی کردەوەو بزووتنەوەی

یاخیبووەکانیشی دامرکاندەوە کە شوێنکەوتووی سروشتی شیعەکان بوو، لەئەنجامدا بەهۆی ئەو هەموو رقوکینە مەزهەبییەی کەبەرانبەر شیعەکان هەیبوو قەسابخانەیەکی بۆیان سازکردو هەرچی تەمەنی لەنێوان حەوت ساڵ و حەفتا ساڵ هەبوو هەمووی کوشت و زۆرانێکیشی خستە ناو زیندانە ونەکان و بەم شێوەیە بەرەی ناوخۆی لەناوبرد.

لەدوای ئەوە سوڵتان سەلیم بەرەو دامرکانەوەی بەرەی خۆراوا رووی سوڕاند، لەگەڵ ڤینیسیا و مەجەر و رووسیا پەیماننامەیەکی ئاشتیانەی مۆرکرد، بەمەش سەردەمێکی نوێی لەپەیوەندییە ئاشتی خوازانەکانی لەگەڵ رووسیا سازکرد و بەهۆیەوە سەرکەوتنێکی سیاسیانەی وەدەسخست.

بۆ ئەوەی هێزەکانی لێکبترازێنێ لەساڵی ١٥١٤زدا نووسراوێکی بۆ عوبێدوڵلاخانی ئۆزبەك ناردو تیایدا لەمەبەستی چالاکیەکانی لەخۆراوای ئێران ئاگاداركردەوە، لەهەمان کاتیشدا داوای لێکرد بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی محەمەد شەیبانی خانی مامی هێرشبکاتە سەر خۆراسان. مەرامی سەلیم ئەوەبوو کەخۆی لەلای خۆراواو ئەویش لەلای خۆرەلاتەوە هێرشی بۆ بکەن و ئەوسا شا ناچار دەبێ لەهەردوو بەرەکەدا بجەنگێ و بەمەش هێزەکانی لاوازدەبێ. وەلامی ئۆزبەکیەکان بەئەرێنی گەڕایەوەو عوبێدوڵلاخان ئامادەباشی کرد بۆ هێرش کردنە سەر خۆرسان و پاشان هێرشی کردە سەر سەمەرقەند و هێزی سەفەوییەکانی لەوێ شکاند.

کارێکی سروشتی بوو کەوا شا ئیسماعیلی یەکەم وەلامی پەلاماری دوژمنانی بداتەوە، بڕیاریدا کە ماڵ و خانوو ببەخشێتە ئەو تورکانەی کە یاخیبوون و لەئێران نیشتەجێبوون، بەمەبەستی ئەوەی لەپاشاندا بەهۆیانەوە دووبەرەکی و شۆڕش لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بخولقێنێ، هەروەها هەوڵی ئەوەشیدا کە لەگەڵ هەندێك دەوڵەتی ئەورووپایی هاوپەیمانێتی لەدژی عوسمانییەکان سازبکات و هەڵوێستی سوڵتانی میسری قاناسووهی گوری کەدوژمنی عوسمانییەکان بوو هێندەی دیکە پالی پێوەنا لەم پڕۆژەیەیدا بەردەوامبێ و داوای لەخۆی و عەلایی دەولە کەئەویش هەر سەر بەسوڵتانی مەملوکی بوو لەناوچەکانی خۆرەلاتی ئاسیای بچووك و بەشی سەرەوەی رووباری فورات کرد یارمەتی بدەن.

مەمالیکەکان لە شام و میسر زۆر بەنیگەرانیەوە دەیانڕوانیە سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانیی لەسەر سنوورەکانیان لەلای خۆرەلات و خەریکە ڕێگا تایبەتیەکەی ئەوانیش دەپچڕێنی! ئەم نازناوە سوڵتانیانەش لەلایەن عوسمانییەکانەوە ئاماژەبوو بۆ سازکردنی دەوڵەتێکی جیهانی و ئەم سیاسەتەش بووە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانییەکان و مەملوکەکان و پاشانیش ئەم هەڵوێستە شەڕێکی لێکەوتەوە کەمەبەست تێیدا دەستبەسەرداگرتنی جیهانی ئیسلامیی بوو.

قانسووهی گوری دەرکی بەوەکرد کە هەر لایەنێکی شەڕەکە چ عوسمانیی بێ یاخود سەفەویی کەسەرکەوت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی جیهانی ئیسلامی ڕوودەکاتە مەمالیکەکان و، بۆیە بەچاکی زانی کەوا لەئاست ئەم ململانێیەدا بێدەنگبێ و چاودێری ڕووداوەکانی دوای جەنگەکە بکات و بزانێ لەدوای سەرکەوتنی سەفەوییەکان شا ئیسماعیلی یەکەم چ هەڵوێستێکی دەبێ بەرانبەر بە مەمالیك و هەوڵبدا پەیوەندییەکی ئاست نزم لەگەڵ پورتوگالیەکاندا سازبکات. جگە لەمەش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو خوێ بەبرینەکانی هەردوولادا بکات و بۆ ئەوەی یەکێ لەو دوو دوژمنە سەرەکیەی ئەوی دیکەیان لەناوببات و پاشان مەمالیك بەمەبەستی ئەوەی وا خۆی بناسێنێ کە رزگارکەری ئیسلام و سوننەیە خۆی لەهەڵوێستەکە هەڵقورتێنێ. یاخود لەوانەیە ببێتە میراتگری عوسمانییەکان و هیچ گومانێکیشی لەتوانای خۆیدا نەبوو و دڵنیاش بوو لەوەی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکاندا سەرناکەون.

وادیار بوو کەسوڵتان سەلیم دەیویست کاروبارەکانی لە ناوچە خۆرەلاتیەکانی دەوڵەتەکەی کەلەژێر مەترسی کوردەکان بوون بەسەرۆکایەتی عەلای دەولەی زیلقەدەر سەقامگیربێ، کاتێکیش بەقەیسەرییەدا تێپەڕی و بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوەی شا ئیسماعیلی یەکەم کەوتەڕێ نێردراوێکی نارد بۆ لای عەلای دەولەی زیلقەدەری حاکمی مەرعەش و بوستان و داوای لێکرد بەشداری بکات لەشەڕی دژ بە سەفەوییەکان، کەچی عەلای دەولە داوای لێبووردنی لێکردو گوتی کەئەو پیر بووە و ناتوانێ هیچ کارێکی سەربازیی ئەنجام بدات، چونکە ئەو سەر بەمەمالیکەو لەژێر پارێزگاری ئەواندایە.

کـاتێکیش سـوڵتان بـەڕێوەبوو بـۆ جـەنگی سـەفەوییـەکان عـەلای دەولـە بەفـەرمانی قانسـووهی گوری هێرشی کردە سەر پێشەنگی سوپاکەی و لەئەنجامـدا سـوڵتان سـەلیم هەواڵی ئەم پەلامارەی دایە قانسووهی گـوری و ئـەویش بـەم شـێوەیە لەنووسـراوێکدا وەڵامی سەلیمی دایەوە: عەلای دەولە یاخی بـووە ئەگـەر دەسـتت گەیشـتێ بیکـوژە. لەهەمانکاتیشدا نامەیەکی بۆ عەلای دەولە ناردو سوپاسی کردو ئاگاداری کردەوە کەوا بەردەوام بێ لەسەر هەڵمەت بردنـە سـەر هێـزی عوسمانییـەکان. بـەڵام ئـەم سیاسـەتە فێڵبازانەیەی مەملوکەکان کاریگەری خراپی بۆ سەر خۆیان و عەلای دەولە پەیداکرد.

بەرەو جەنگ:

هیچ بەهانەیەکی راستەوخۆ نەبوو بۆ جەنگی نێوان ئـەو دوو پاشـایە، بـەڵام پێشـڕەوی سیاسـی و عەسکەری سەفەوییەکان پاڵی بە سوڵتان سـەلیمەوەنا کەوا بیرێك لەم کێشەیە بکاتەوەو سنوورێکی بۆ دابنێ پێش ئەوەی بەتەواوی تێکچێ. هەروەها هۆیەکی دیکەی ئەم جەنگە ئەوەبوو کەوا شا ئیسماعیلی یەکەم پیرۆزبایی لەسوڵتان سـەلیمی عوسمـانی نەکرد کاتێ فەرمانڕەوایەتی گرتەدەست. ئاشکرایە کەوا شای سەفەوییەکان دژی سەلیم بوو چونکە بەزۆرەملێ ببووە فەرمانڕەواو حەزی دەکرد ئەحمەدی برای ببێتـە جێنشـینی باوکی بەو پێوەرەی کـەوا ئـەو شـەرعیترە بـۆ ئـەم پلەیـە و سـوڵتان بایەزیـد بۆخـۆی لەسـەردەمی خۆیدا کردبووی بەجێگرەوە.

سوڵتان سەلیم لە١٦ئازاری ١٥١٢ز ئەنجوومەنێکی جەنگیی لەشاری ئەدرەنە سـازکردو سـەرجەم سەرکردە سـەربازیەکان و پیاومـاقوولانی خسـتە پێشـەوەی بـەرەکانی شـەڕ، چونکە ئیسماعیلی یەکـەم و دەوڵەتـە شـیعەییەکانی مەترسـیەکی گـەوردن بـۆ سـەر جیهانی ئیسـلام و جیهاد لەدژی ئەم کافرە قزلباشانە فەرمانی ئایینی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە.

سوڵتان سـەلیم لەدووشەممەی ١٩ئازار لەئەدەنەوە بەرەو ئەستنەبوڵ کەوتەرێ. لەوێشـەوە چووە ئەسکوداری کەبەشی خۆرهەڵاتی پایتەختەکەی بـوو و لەوێشـەوە بـۆ ئێـران بـڕوا، لەدوای خۆشی کوڕەکـەی کـردە فـەرمانڕەوای ئەسـتەنبوڵ. کاتێـك گەیشـتە ئەزمیـد نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی لە ٢٣نسانی هەمان ساڵ بۆ شا ئیسماعیلی یەکـەم نـارد و

نووسراوێکیشی بۆ محەمەد بەگی کوڕی فروخشای فەرمانڕەوای ناوچەی کوردسـتان نـارد کە پاشماوەی ئالاق قوینلّوو بوو و هانیدەدا بەشداری شەڕەکەی بکات.

ئەوکاتەش ئیسماعیلی یەکەم ماندووبوو بە ڕووبەڕووبوونـەوەو دەرکردنـی ئۆزبەکـەکان لەخۆراسان و، لەلایەکی دیکەشەوە و بەمەبەستی ئاسـتەنگ دروسـتکردن بـۆ هێرشـی عوسمانییەکان و دواخسـتنیان فـەرمانی بەمحەمـەدخانی ئەسـتاجلوو کەسـەرکردەیەکی قزلباشەکان بوو کرد کەوا هەموو ڕێگاکانی ئەوان تێکبـدات و هەرچـی گونـدو لادێـی سەر ڕێی ئەوان هەیە هەموو کاول بکات و زەوییە کشتوکاڵییەکانیشـیان بسـووتێنێ و پاشان بگەڕێتەوە ئازەربێجان. شایانی باسە کە ئەم سەرکردەیە فەرمانەکـەی سەرشـانی زۆر سەرکەوتووانە بەئەنجام گەیاند. بەڵام سەرەڕای هـەموو ئەمانـەش سـوپای سـوڵتان سەلیم بەردەوام بوو لەپێشڕەویی بۆ ئێران و لـەڕێگای قونییـەوە گەیشـتە قەیسـەرییە. بەمەبەستی ئەوەی لە دواوەی سوپاکەی دڵنیابێ و ئاسایشی ئەنادۆڵیش سـەقامگیربێ لەوکاتەی خۆی لەوێ نییە، نێردراوێکی ناردە لای عەلای دەولـەی زیلقـەدەری حـاکمی مەرعـەش و بوسـتانەو داوای لێکـرد کـەوا لـەم شـەڕەیدا بەشـداری بکـات لـەدژی سەفەوییەکان، بەڵام ئەو داوای لێبووردنی لێکرد، بۆیە سوڵتان ناچـاربوو نزیکـەی چـل هەزار سـەرباز لەنێوان سیواس و قەیسەرییە بڵاوبکاتەوە تـاکو ئـەو ڕێگایانـە بپـارێزن، هـەر لەسـەر ڕێـی خۆشـی سـیخوڕێکی سـەفەوییەکانی گـرت و هـەر بـەخودی سیخوڕەکەشەوە نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ نارد کەتیایدا جەنگی لەدژدا ڕاگەیاند.

سوپای عوسمانی لە١٣ تەمووز لەڕێگای ڕووباری چای سۆفییەوە گەیشـتە سـنوورەکانی ئێران و چووە ناو ئەرزنجان و عەسکەر لەبیابانی یاسی چـەمەن کـە نزیکـی ئـەوێبوو و چاوەڕێی شا ئیسماعیلی یەکەمی دەکرد بـەڵام سیخوڕەکەی سـوڵتانی عوسمـانی پێـی ڕاگەیاندن کەوا شا تەمای شـەڕی نیـە بـەڵکو مەبەسـتی ئەوەیـە ڕێگـری لـە سـوپای عوسمانیی بکات و نەیەڵێ پێشڕەوی بکات بۆ ناو خاکی ئێران و تا ئەو کاتـەی زسـتان دادێ و سوپاکەی لەبرسان و لەسەرما لەناو دەچن و ئەم هـەواڵ و ڕاپۆرتانـەش لەلایـەن محەمەدبەگی کوڕی ئالاق قوینلّووەوە بەناوی پیاز نووسرابۆوەو بۆی نـاردبوو نـەوەك شـا پێی بزانێ و بیکوژێ.

وادیاربوو شا لـەوە دەترسـا کـە لـەدژی سـوپای عوسمانییـدا بجـەنگێ چـونکە لـەرێی سیخورەکانیەوە ئـەوەی پێگەیشـت کـە سـوپاکەی چ چـەك و جبەخانەیـەکی گـەورە و زیەللاحی لەگەڵدایە بەتایبەتی تۆپ هاوێژەکان کەبەبەراورد لەگەڵ هی سوپای قزلباشدا گەلێك گەورەتر و زیاتر بوون، بۆ دڵنیابوونیش هەموو سیخورەکانی خۆی لەبەندیخانـەدا بەنـدکرد تـاکو ئـەم هەواڵـە لـەنێو ریـزی سـوپای شـادا بلاّونەبێتـەوە و ببێتـە هـۆی ورەرووخانیان و بلاّوەلێکردنیان.

بەلاّم سولّتان سەلیم بەردەوام هۆشداری دەدایە شا ئیسماعیلی یەکەم و هانی دەدا کەوا بێتە نێو شەڕەکەوە. ئەوەبوو نامەیەکی هەڕەشەئامێزیی بەزمانی تورکی لە ١٩تەمووز بۆ ناردو تیایدا سەرزەنشتی دەکرد و لەگەڵیشیدا چەند دیارییەکی وەك گۆچان و کەوا و تەسبیح بۆ نارد کە ئاماژەبوو بۆ ترسانی لەجەنگ، کە ئەمەش کاری پیاوی ترسنۆکە و پێویستە بۆ خۆی خەریکی ئەم شتانەبێ هەروەك چۆن باب و باپیرانی سەرکردەیی تیپە دەروێشییەکانیان دەکرد.

کاتێك سولّتان گەیشتە کەماخ کە ماوەی رۆژەرێیـەك لەئەرزنجانـەوە دووربـوو، لـەرێگا نێردراوێکی شا هاتە لای و نامەیەکی بەهەمان زمـانی خـۆی بـۆ پێبـوو تیـایدا داوای شەڕراگرتن و نوێکردنەوەی پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوانیـانیی دەکـردەوە. پاشـانیش نووسیبووی کە ئەو ئامادەیە بۆ جەنگ ئەگەر سەلیم مکـوڕ بـێ لـەم داوایـەی، بـەلاّم ئێستا لەدەوروبەری ئەسفەهان خەریکی راووشکاردو ماوەی شـەڕکردنی نییـە، ئـەوەی زیاتر سولّتانی بێزارو تووڕەکرد ئەو شووشە ئەفیونەبوو کەبەنێردراوەکەیدا بۆی نـاردبوو و ئامـاژەبوو بـۆ ئـەوەی کەئـەو دەبـێ بخـەوێ و لەخـەودا ئـەوەببینێ کەسـوپای شـا ئیسماعیلی یەکەمی شکاندووەو ئێرانی داگیرکردووە، بۆیە بڕیاریدا نێردراوەکە بکوژن.

لەپاشان سولّتان نامەی چوارەمی لەمانگی ئابدا بۆ شا ئیسماعیلی یەکەم ناردو تیایـدا بەوە وەسفی کرد کە لەرووبەرووبوونەوە دەترسێ و بەشـێویەکی فـەرمی شـەڕی لـەدژدا ڕاگەیاندو لەگەڵ نامەکەشدا چەند دیارییەکی وێنەی جلوبەرگی ئافرەتان و بۆنی خۆش و کەلوپەلی رازاندنەوەی ئافرەتانی بۆ نارد بەمەبەسـتی ئـەوەی سـوکایەتی بەکەسـایەتی بکات و لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ دەسـتەواژەی ئـەوتۆی بـۆ نووسـیبوو کـە هـەمووی

باسـیان لەترسـنۆکی و ناپیـاویی شـا دەکـرد، لەهـەمان کاتیشـدا نامەیـەکی بـۆ عوبێدوڵلاخانی ئۆزبەکی نـارد و داوای لێکـرد کـە پشـێوی و نیگـەرانی سـازبکات و نامەیەکی دیکەشی بۆ قانسووهی گوری لەمیسر ناردو پێـی راگەیانـد کـەوا دەوڵـەتی سـەفەویی لـەدوایین رۆژەکـانی تەمەنیدایـە و داوای لێکـرد کـە هەڵوێسـتی گـوری بێلایەنانەبێ و خۆی لەململانێیەکە نەگلێنێ، کاتێکیش گەیشـتە خـووی، نێردراوێکـی شای پێگەیشت و نامەیەکی دایەو تیایدا شـا رەزامەنـدی خـۆی لەسـەر شـەڕکردن لـە پێدەشتەکانی چالدێران نواندو بەم جۆرە لەنێوان ئەو دوو سەرکردەیەدا بڕیاری شەڕ درا.

ڕووداوەکانی ناو شەڕەکە: لـە٢٣ئـاب سـوڵتان سـەلیم بـەرەو چـالدێران و عەسـکەر و گردۆڵکەکان کەوتەڕێ و ئامادەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای سەفەویی کەلەبەرامبەر سوپای عوسمانیی سـەربازگەیان دامەزرانـدبوو. شـا لـەدوای ئـەوەی نشوسـتی خـوارد لەهەوڵەکانی بۆ رازی کردنی ڤینیسیا و ئـەورووپا بێنـە نـاو شـەڕەکە، خـۆی بەتـەنیا دیتەوە لەبەرانبەر ئەو سوڵتان سەلیمە بـەهێزە، چونکە ڤینیسـیا لەشـەڕێکی دۆڕاودا لەگـەڵ عوسمانییـەکان هـاتبووە دەرەوەو لەئەنجامـدا شکسـت و رووخـانی ژێرخـانیی ئابووریـیەکـەی لێکەوتـەوە، لەوکاتەشـدا دەوڵەتـە ئەوروپیـەکان سـەرقاڵی کێشـە ناوخۆییەکانی خۆیان بوون.

ئەم دوو هێزە لەچـالدێران لـەئازەربێجان و لـەنزیك مـاکۆی خـۆرەلاتی تـەورێز بەیـەك گەیشتن و لەنێوانیاندا شەڕێکی سـەخت ڕوویـداو لەئەنجامـدا سـەرکەوتنێکی بەرچـاوی عوسمانییەکان هاتـەدی و هـەزاران سـەربازی قزلباشـی تێـدا کـوژران و شـا بۆخۆشـی بریندارببوو و لەگەڵ ئەو سەربازانەی کەبەزیندوویی مابوونەوە هـەلاتن و مەیدانەکـەیان چۆڵکرد و چوونەوە بۆ ناو ئێران. هەر لەو شەڕەشدا بەهێزترینی سەرکردە سەربازیەکانی کەناوی محەمەد خانی ئەستاجلووبوو بەکوژراوی تـەرمی کەوتـە سـەر زەوی، هـەروەها یـەکێك لەژنەکانیشـی بـەدیل گـیرا کـەناوی تـاجلی خـانم بـوو، بـەلام سـوڵتان بـۆی نەگەڕاندەوە بەڵکو لەیەکێك لەنوسەرەکانی خـۆی وەك تۆڵـە سـەندنەوەیەك مـارەکرد. پاشـان سـوڵتانی سـەدری ئـەعزەم ئەحمـەد پاشـا دوقـاقین فەرمانیـدا کـەوا راوەدووی هەلاتووەکان بنـێن و لـەدوای ئـەوەی شـا تـەورێزی بەجێهێشـت و چـووە ئازەربێجـان

ەسـتییان بەسـەرداگرت و دەرگاکـانی شـارەکەش بـۆ سـەرکەوتووەکان کرایـەوە و ،ئەیلوول سولّتان چووە ناویەوەو دڵنیایی بە دانیشتوانەکەی بەخشی و دەسـتی بەسـەر ەنجینەکانی شادا گرت و ناردنی بۆ ئەستەنبووڵ. پاشان بڕیاریدا لەوێـدا بمێنێتـەوە بـۆ ،وەی کاروباری هەرێمەکە و ریزەکانی سوپاش رێکبخاتەوە، تا ئامادەبێ بۆ هەڵمەت و اوانی زیاتر لەناو خاکی ئێراندا.

ەدواداچوونێک لەسەر شەڕی چاڵدێران:

-توانای سوپای سـەفەویی و عوسمانیی چ لەرووی ژمارەو چ لەرووی چەك و تەقەمـەنی و پێداویستیەکانی جەنگەوە وەك یەك نەبوون. ژمارەی سەربازەکانی سوپای عوسمانی نزیکەی سەد هەزار دەبوو، بەڵام هـی سـەفەوییەکان لەبیسـت هـەزار تێنەدەپـەڕی. سوپای عوسمانی پێکهاتبوو لەسوارچـاك و پیـادەو تۆپهاوێـژ و لەولاشـەوە هێزێکـی دەریایی گەورە پاڵپشتی لێدەکرد، کەچی سوپای سەفەوییەکان ئـامێر و چـەکی وەك تۆپهاوێژیی پێشکەوتوویان نـەبوو و هـیچ زانیاریەکیشـیان دەربـاری تفـەنگ نـەبوو کەعوسمانییەکان بەکاریان دەهێنا.

-ژمارەیەکی زۆر لەسەربازەکانی هـەردوولا کـوژران و هـی عوسمانییـەکان زۆر لـەهی سەفەوییەکان زیـاتربوو، دەشـکرێ ئەمـە بـۆ سروشـتی عەقیـدەیان بگێڕینـەوە کـە سـەربازەکانی سـەفەویی وا ناسـرابوون لـەپێش شەڕیشـدا خـاوەنی دەروونێکـی ئاسوودەبوون و لەکاتێکـدا سـەربازە عوسمانییـەکان چـەندین جـار یـاخی دەبـوون و ماندووبوونێکی زۆریشیان چەشت تاگەیشتنە مەیدانی شەڕەکە.

-سولّتانی عوسمانیی مەبەستی ئەوەبوو لـەوەرزی زسـتاندا لەتـەورێز بمێنێتـەوە تـاکو بتوانێ لەبەهاردا درێژە بەهەڵمەتەکانی بـدات، پاشـان نەخشـەیەکی روونکـەرەوەیی کێشا بۆ دەسبەسەرداگرتنی ئازەربێجان و عیراق و فارس و ئەسفەهان، کەچـی لەبـەر ئەوەی شا هەرچی دانەوێڵەیەك هەبوو هەمووی لەدوای خـۆی سـووتاندبوو نـەیتوانی ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوەو رێگای هـاوردەکردنی خواردەمـەنی و پێداویسـتییەکانی رۆژانەی لەپایتـەخت بـڕی بەمەبەسـتی ئـەوەی برسـێتی و قـات و قـڕی بـاڵ بەسـەر شارەکەدا بکێشێ و سەربازەکان لەدژی سولّتانی عوسمانیی یـاخی بـبن، بەتایبـەتیش

ئەوان بڕیاریاندابوو کەوا دەسدرێژی نەکەنە سەر دانیشــتوانی تــەورێز و بەشــێوەیەکی ڕێکوپێك هەڵســوکەوتیان لەگەڵدا بکــەن، جگــە لەمانــە ســوپای عوسمــانیی چــەند سەرکردەیەکی سەربازیی لەشەڕی چالدێراندا لێکوژرا.

ئەنجامەکانی شەڕی چاڵدێران:

ئەنجامەکانی شەڕی چاڵدێران بریتیی بوو لەچەند خاڵێك، لەهەموویان گرنگتر:

- شەڕەکە دەسەلاتی تەواوی عوسمانییــەکانی بەســەر ئــەنادۆڵی خــۆرەلات و خــوارووجگە لەو شوێنانەی کەوا کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی مەمالیك، داگرت.
- کــوردە ســوننە مەزەبــەکان ئەوانــەی کەلــەژێر فەرمانڕەوایــەتی ســەفەوییە شیعەکاندابوون هاتنە پاڵ عوسمانییەکان.
- دامرکاندنەوەی کێشەی سەفەوییەکان بۆ ماوەی نزیکەی بیست ســاڵ، چــونکە ئــەو زەبــرەی بــەر دەوڵــەتی ســەفەویی کــەوت یەکلاکــەرەوە و کۆتاییــەکــەی نــەبوو، عوسمانییەکان نەیانتوانی بەیەکجاری دەســەلاتی ســەفەوییەکان لەناوبــەرن و ئێـران وەك دەوڵەتی شیعەمەزەب هەر مایەوە.
- ئەنجامــەکانی شــەڕی چــالدێران ئینکیشــاریەکانی خــستە بێهیوایــیــەوە (ئەوانــەی پێشنیاری ئەوەیان پێشکەشی سوڵتان کرد کەوا زســتانەکە لەقــەرەباغ بباتەســەر و یارمەتییان بدات لەو بارە ناهەموارەی ئەوانی پێدا تێدەپەڕن).

بەمەش ئەلقەیەکی نوێ لەپێشکەوتنی هەڵوێستدا هاتە کایــەوە، و لەئــەنجامی ئــەوەوە دروستبوو کە توانیان دەسبەسەر تــەورێزدا بگــرن و ئــەو ســەرکەوتنانەی بەرانبــەر شــا ئیسماعیلی یەکەم هێنایان و ئەو پێشڕەویەی دوایی سوڵتان سەلیم بەرەنجامێکی گشتی شەڕەکەبوو.

ڕووداوەکانی دوای شەڕی چاڵدێران:

سوڵتان سەلیم سەرکەوتنەکانی شەڕی چــالدێرانی قۆزتــەوەو جــارێکی دیکــەو لــەدوای هەشت ڕۆژ پشوو هەڵمەتێکی دیکەی ڕێکخســتەوە بــۆ ڕاوەدوونــانی شــا ئیســماعیلی

یەکەم و تاگەیشتە رووباری ڕەس لـەئازەربێجان، لـەلای ئـەم خالـەش ئینکیشـاریەکان وەستان و بەبیانووی ئەوەی کـە خـواردن و پێداویسـتییان نییـە چیدیکە پێشـڕەوییان نەکرد، ئەوکاتەش جەعفەر شـەلەبی قـازی سـەربازەکانی ئینکیشـاریی بـوو و یەکـەم هاندەریان بوو کە ئـەم هەڵوێسـتە بنوێنن، ئـەوەی سـوڵتانی ناچـارکرد کـەوا تـەورێز جێبهێڵێ و بگەڕێتەوە ولاتەکـەی خـۆی ئـەوەبوو کـە زسـتانەکەی هـەمووی لەشـاری ئەماسیا بردەسەر و لەمەو دواش ئەم شارە دەبێتـە بنکـەی چـالاکییەکانی سـەربازی و مەڵبەندی سوڵتان.

لەراستیشدا سوڵتان سەلیم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا لەناو قولاییەکانی خاکی ئێراندا بمێنێتەوە بەڵام ئەمەی بۆ نەچووەسەر، جگـە لـەوەش ئینکیشـاریەکان لەمـەدا بەرهەڵسـتکاربوون، چـونکە بەشـێوەیەکی گشـتی بـاری سـوپاکەی زۆر سـەختبوو بەتایبـەتیش کەلەشـەڕی چـاڵدێراندا چـەند سـەرکردەیەکی لەدەسـدا، کەمبوونـەوەی پێداویستییەکانیشی بەسەردا هات و لەمەشەوە گرانبوونی خۆراك و تەقەمەنیی بەهۆی ڕێگەگرتنی قانسووهی گوری لەهاتنی ئەرزاق و تەقەمەنی لەرێی حەلەبەوە و سوتاندنی هەموو ئەو ئەرزاق و دانەوێلانەی لەشاردا مابوونەوە بەدەستی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم لەپێش ڕەوکردنی.

لەئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەدا سوڵتان ناچاربوو پلانە سیاسی و سـەربازییەکەی خـۆی بگۆڕێ. لەوانەشە دەرکـی بەوەشـکردبێ کـەوا رووخـانی دەوڵـەتی سـەفەویی بـەهۆی گەمارۆیەکی ئابووری توندەوە رووبدات، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەش دەبـێ جزیـرەی فوراتیی و ولاتی شام بخاتە پاڵخۆی و پاشان ڕێرەوەکانی خۆرەلاتی عەرەبی لەرووی هـاوردە و ناردراوەکانی ئێران لەبەرانبەر ئەورووپا دابخات.

بەمشێوەیە قۆناغی دوای ململانێیان لەگەڵ سەفەوییەکان لەشەڕی چاڵدێران دەستی پێکرد، کەدەبێ ئەرمینیا و کەرەج و کوردستان و هەرێمی جزیرەی فوراتیی و ولاتی شام بخاتە پـاڵ دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەوەی لەهەرسێ لای باکور و باشور و خۆراوا بەپشدێنەیەکی توندو تۆڵ شا ئیسماعیلی یەکەم دەووریدا.

سـولّتان لـە١٥١٥زدا لـەرێگای ئـەنادۆڵی خـۆرهەڵات و کوردسـتانەوە گەڕایـەوە ئێـران و ئازەربێجانی کردەوەو چووە ناو ئەیرەوانی پایتـەختی ئـەرمینیا و زاڵبــوو بەسـەر بـاکوری عێراقدا، لەهەمان کاتیشدا شێخ ئیدریسی بەدلیسیی هەولێدا میرزادەکانی کورد و سەرەك هۆزەکـان و فـەرمانڕەوای هەرێمـەکان لـەدژی دەسـەڵاتداریتیی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم هانبدات.

بەهۆی بێزاریی خەڵك لەدەسـەڵاتداریتی سـەفەوییەکان و لەلایـەکی دیکـەش دانیشـتوانی عێراق و هەرێمی جزیرەی فورات لەچاوەڕێی ئەوەدابوون کەسێك بێت و رزگاریـان بکـات، بەدلیسی توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی لایەنگریی ئـاینی و شێوازە سیاسیەکانیەوە کە شا بەزۆر سەپاندبووی بەسـەر پیاومـاقوولانی نێـو کۆمـەڵگاو دانیشتوانی شارەکانی دیاربەکر و بەدلیسـی و ئـەرزەن و بـالۆ و میافـارقین و هیدیکـەش راپەڕین و ئەم راپەڕینەش لەدواییدا شاری کەرکووك و هەولێری گرتەوە.

جارێکی دیکە سولّتان پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکانی دایەوەو دەسـتی بەسەر قەڵای کەماخ کەلەخۆرهەڵاتی ئەنادۆڵبوو و ئینجا هەردوو سەنگەرەکانی مەرعـەش و بوستان کەبەر لەوکاتە لـەژێر دەسـتی عـەلای دەولـە بـوون و ئـەو لێـی داگیرکردبـوون و لەئەنجامیشدا عەلا لەشەڕەکەدا کوژرا و پاشان گەڕایەوە بۆ ئەستانبوول و لـەدوای خۆشـی سەرکردەکانی دیکەی بەجێهێشت بۆ ئەوەی ناوچەکانی دیکەی خۆراوای ئێران داگیربکەن و کاتێکیش گەیشتە جێگای مەبەست فەرمانیدا چەند سەرکردەیەکی ئینکیشاریی ئەوانـەی سەرپێچی فەرمانەکانی ئەویان کردبـوو لەگردبوونـەوە لـەئێران و لەناویشـیاندا جەعفـەری شەلەبی هەبوو بیانکوژن.

سوپای عوسمانیی لەساڵی ١٥١٦ز لەشکرکێشیان بۆ باکووری عێراق کردو دەستیان بەسـەر دیاربەکر و رەها و ماردین و حەسەن کێف و رەققـە و موسـڵدا گـرت و، بەمـەش کلیلـی دەرگاکانی باکوری عێراق کەوتە دەست عوسمانییەکانەوە. لەهەمان کاتیشدا سولّتان سـەلیم بەهۆی ئەو پشتگیریەی نواندی بۆی والی عێراقی خەڵاتی کرد.

بەهۆی ئەم شەڕە سەرکەوتوانەیە دانیشتوانە عەرەبەکەی ناوەڕاستی فورات چونە ناو بازنەی عوسمانییەوە و عوسمانییەکانیش لە خۆرهەڵاتی عەرەبستان بوون بەخاوەن جێ پێیەکی بەهێز.

کاتێك سەفەوییەکان لەدوای شەڕی چالدێران پشوویانداو هەناسەیان هاتەوەبەر، هەوڵیاندا ئەوەی لەدەستیاندابوو بیگێڕنەوە، ئەوەبوو قەزاخان ئەستاجلوو هێرشی کردە سەر بەرای محەمەد خانی فەرمانڕەوای پێشووی دیاربەکر، ئەم هەرێمە لەدوای ئەوەی هێزی لەماردین و رەها کۆکردبۆوە، بەلاّم دانیشتوانی ئەم شارانە چونکە ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان بەدەست سەفەوییەکانەوە چەشتبوو بۆیە بەرەنگاریان بوونەوە، لەوکاتەشدا سوپای عوسمانییەکان پاڵپشتییان لێکردن و دووریان خستنەوە و، لەئەنجامی شەڕێك کە لەنزیك ماردین هەڵگیرسا قەزاخان کوژرا.

سەرەڕای توندی گەمارۆدانی شا لەلایەن عوسمانییەکانەوەو لەناوبردنی ئەو هێزەی کە رووبەڕوویان دەبۆوە، توانی جارێکی دیکە هێز کۆبکاتەوەو سوپا رێکبخاتەوەو دەوڵەتەکەی بخاتەوە سەرپێ و کەلەدواییشدا ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سەفەویی و عوسمانییەکان.

پەیوەندییەکانی نێوان سەفەوییەکان و دەوڵەتە خۆراواییەکانی ئەوروپا:

پێشەکی:

مەترسیەکانی عوسمانیی کەهەڕەشەی لە سەفەوییەکان دەکرد یامەتیدەربوو بۆ نزیك بوونەوەیان لەدەوڵەتانی خۆراوای ئەوروپا، وەك ڤینیسیا و ئیسپانیا و پورتوگال. هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوییەکان لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمی زایینی فشاری عوسمانییەکان لەسەر ئەم ولاّتانە تا ئەندازەیەك کەمبووەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کەوا عوسمانییەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیم رووی بەرەکانیان بەرەو خۆرەلاّت وەرگێڕا. ئەمەو دەوڵەتە ئەوروپیەکان پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ شا ئیسماعیلی یەکەم لەرێگای رێکەوتنی سیاسیی و ئابووریەوە بەهێزکرد، لەلای خۆشیەوە سەرکردەی سەفەوییەکان هەوڵیدا ئەم پەیوەندییە بقۆزێتەوە بۆ خۆی و لەناوچەکانی خۆراوای ئێراندا دەسەلاّتەکانی خۆی جێگیربکات.

ئەو کاتە مەمالیکەکانی ولاّتی شام دەستیان بەسەر رێگاکانی بازرگانی خوارووی هیندستاندا گرتبوو و باجی زۆریشیان خستبووە سەر کالاّ خۆرەلاّتیەکان کاتێك

بەلایاندا تێدەپەڕین، بەمەش توانیان کۆنترۆڵی بازرگانی خۆرەلات لەنێو بەندەرەکانی دەریای سپی ناوەڕست بکەن و، ئەورووپییەکان ناچاربوون بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێن کەوا بیانگەیەنێتە هیندستان. لەراستیدا توانیان ڕێگایەك کەبەدەوری ئەفریقیادا دەسووڕایەوە بەهۆی زانستە دەریاوانییەکانیان لەساڵی ١٤٩٨زدا بدۆزنەوە، ئەویش لەلایەن فسکۆ دی گاماوە سەرکردایەتی دەکرا. بەهۆی دەسبەسەرداگیرانی ڕێگاکانی بازرگانی تەوریز و ئەنادۆڵی خۆراوا عوسمانییەکان تەنگیان بە بازرگانەکانی ئێران هەڵچنیبوو، بۆیە ئەوان ناچاربوون کەوا ڕێگای خۆیان بەرەو خوارووی کەنداوی عەرەبی بگۆڕن، بەمەش ئەوروپاییەکان وایان هەستکرد کە ئێرانیەکان بەتەواوی پارێزگاری لەرێگا دەریاییەکان دەکەن کەدەیانگەیەنێتە هیندستان، جگە لەمەش بەهۆی ئەو دەسەلاتەی عوسمانییەکان هەیانبوو بەسەر شام و میسر و حیجاز و یەمەنەوە توانای ئەوەیان هەبوو کێبڕکێی پورتوگالیەکان بکەن لەبواری بازرگانیەکانی خۆرەلات لەخوارووادا و بەمەش بەرژەوەندییەکانی پورتوگالیەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێرانییەکاندا یەکیگرتەوەو لەدواییدا ڕێکەوتنێکی دوو قۆڵیی لێپەیدابوو.

پەیوەندی سەفەوییەکان و پورتوگالەکان:

پورتوگال لەپێشەنگی ئەو ولاتە ئەوروپیانەوەبوو کەتەمای ئەوەیان هەبوو سوود لەرێگایەکی نوێی دەریایی ببینن، بەمەرجێك ئەو ڕێگایە ئاسیا و ئەوروپا بگەیەنێ بەیەك و لەمەترسیی عوسمانییکانیشیان دوورخاتەوەو تاکو بشتوانن چنگی خۆیانی لێگیربکەن و ئەو ڕێگا کۆنەی کە بەرەو دەریای سوور دەچوو داخەن، لەم پێناوەدا چەند بنکەیەکی بۆ خۆی لەکەنداوی عەرەبی و بەتایبەتیش لە دوورگەی هورمز لەساڵی ١٥١٥ز دامەزراندو پاشان کەمبرۆنی داگیرکردو کردی بەناوەندێکی بازرگانی لەگەڵ ئێران، لەهەمان دوورگەی ئەو دوورگانەی لەدەورووبەری بوون چەندین سەنگەری دروستکرد لەوانەش دوورگەی قەشم و، بەمەش هەوڵیدا بەهۆی فرۆشتنی کالاکانی بەنرخێکی زۆر کەم ویتسی خۆی لەدانیشتوانی ئەو ناوچانە نزیك بکاتەوە.

لەراستیشدا ئەو کێشە و گرفتانەی دووچاری شا ئیسماعیلی یەکەم بووەوە هەلی بۆ پرتوگالیەکان سازکرد کەوا بتوانێ بازرگانیەکانی خۆی لەکەنداوی عەرەبی و ئێران

گەشە پێبکات، کاتێکیش شا ویستی دەست لەکاروباری هورمز وەربداو داوای سەرانەی لێکردن، یەکسەر پەنایان بردە بەر فەرمانڕەوای پورتوگالیەکانی هیندستان ئالبۆکـەرك کەئەویش ڕێگری ئەنجامدانی ئەو کارەی لێکردن و بەشا ئیسماعیلیشیان ڕاگەیاند کەوا بۆ هیچ پاشایەك جگە لەشای پورتوگالیەکان نییە سەرانە لەدوورگەی هورمز وەربگرێ.

لەو کاتەی شا ئیسـماعیلی یەکەم مەرامی ئەوەی هەبوو هێرش بکاتە سـەر بـەحرەین و قوتەییف نێردراوێکی بەمەبەستی سـازکردنی ڕێکەوتنامەیـەك لەگـەڵ پورتوگالیـەکان ناردە هیندستان و، لەسەر ئەم خالاّنە ڕێکەوتن:

-هێزی پورتوگالیـەکان شانبەشـانی هێزەکـانی شـا ئیسـماعیل هێـرش بکەنـە سـەر بەحرەین و قوتەییف.

-هـەردوولا هاریکـاریی یـەکتر بکـەن لەدامرکاندنـەوەی بزووتنـەوەی یاخیبووەکـانی مەکران و بلوجستان و، ڕووبەڕوو بوونەوەی عوسمانییەکان.

-سەفەوییەکان دەسبەرداری ئەو داواکاریانەیان بکـەن کەبەسـەر دوورگـەی هـورمزەوە هەیان بوو و دانیش بەوەدابنێن کەئەم دوورگەیە سەر بەپرتوگالە.

پەیوەندییان لەگەڵ ڤینیسیا:

بەهۆی دەسبەسەرداگرتنی قوستەنیتینییە و قـەرەم و یۆنـان لەلایـەن سـوڵتان محەمـەد فاتحی عوسمانی، بازرگانی نێوان ڤینیسیا و ولاّتانی دەریای ڕەش گورجێکی زۆر توندی بەرکەوت، عوسمانییەکان دەستیان بەسەر هەموو دەربەند و ڕێگا بازرگانیەکاندا گـرت. بۆیە بەناچاری لەگەڵ ئوزون حەسەنی سـەرکردەی ئـالاق قوینلـوو ڕێککـەوتنێکیان بـۆ ئەنجامدانی شەڕی عوسمانییەکان سازکرد و ئەم ولاّتانەش پەیانی ئەودیانـدانێ چـەندیان چەك و یارمەتیی بوێ درێغی بۆ نەکەن، بەلاّم ئەم ڕێککەوتنە سـەری نـەگرت و ناچـار بوون لەگەڵ عوسمانییـەکان لـەدوای شـەڕێکی شـانزە سـاڵی ڕێککـەوتنێکی ئاشـتیانە لەســاڵی ١٤٨٣زدا مــۆر بکــەن. بەمــەش ئــەم دەوڵەتانــە پەیوەندییــەکانیان لەگــەڵ ئێرانیەکاندا هەڵوەشایەوە. کاتێکیش شا ئیسـماعیلی یەکـەم دەسـەلاّتدارێتی لـەئێران بەدەسهێنا بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی عوسمانییەکان هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ

ڤینیسیا زیندووبکاتەوە. لەدواییدا گفتوگۆ لەنێوانیاندا سازبوو و شا پێشنیاری ئەوەی کرد کە ڤینیسیەکان لەلای خۆراوای ئەوانیش لـەلای خۆرەلاتـەوە هێـرش بکەنـە سـەر عوسمانییەکان، بۆ ئەوەی ڤینیسییەکان بتوانن ئەو بنکانـەی کەلـەیۆنان و دوورگـەکانی ئەرخەبیل لەدەسدابوو بیگێڕێتەوە، بەلاّم ئەوان هاوڕایـان نـەبوون، چـونکە ئـەوان لـەو کێشـەو ململانێیـە گلابـوون کەلەگـەڵ پاپـا و هاوپـەیمانیان هـەیانبوو، جگـە لـەو پەیمانامەیەی لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەیانبوو لەبەرژەوەندیاندا نەبوو کەلەناوی بـەرن و بە شا ئیسماعیلی یەکەمیان ڕاگەیاند ئـەوان دۆسـتایەتییە کۆنەکـەیان لەگـەڵ ئێرانـدا لەبیر نەکردووە بەلاّم ناتوانن خۆیان وابەستەی هیچ بەڵێنێکی تازە بکەنەوە.

پەیوەندیەکان لەگەڵ ئیسپانیا:

لەدەســدانی ویلایەتــەکانی خــۆراوای دەوڵــەتی ســەفەویی لەبەرانبــەر عوسمانییــەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیم، گوزێکی گورچکبڕبوو بۆ سەر سیاسەت و بواری سـەربازیی شا ئیسماعیلی یەکەم، بۆیە لەپێناوی ئەوەی هەڵوێستی خـۆی بەهێزبکاتـەوە دەبوایـە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە ئەورووپاییانـەی دژی عوسمانییـەکانن سـازبکاتەوە. کاتێکیش هەوڵەکانی لەگەڵ ڤینیسیا سـەری نـەگرت، ڕووی کـردە مەجـەر کەبـەهێڵی یەکەمی بەرگریی دادەنرا لەئەورووپا لەبەرانبەر هێزەکانی عوسمـانیی و ئیسـپانیا و، بـۆ ئەم مەبەستەش دوو نامەی لە١٥٢٣ز بۆ هەریەك لەلویسـی دووەمـی شـای مەجـەر و چارلـسی پێنجەمی پاشای ئیسپانیا کەلەهەمانکاتدا دەسەلاّتدارێتیی سەقڵیەو ناپۆلی و وڵاتە نزمەکان و نەمســا و ئەڵمانیا و بەشی گەورەی ئیتاڵیای لەخۆگرتبوو نـاردو داوای لێکردن ڕێککەوتنێکی دۆسـتانە لـەدژی تورکـە عوسمانییـەکان لەنێوانیانـدا ببەسـتن. لەوەلاّمنامەیەکدا چارلسی پێنجەم ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەم داواکارییەی شا نواند، بەلاّم کاتێك نامەکە گەیشتە لای، شا ئیسماعیلی یەکەم کۆچی دوایی کردبوو.

کۆچی دوایی شا ئیسماعیلی یەکەم:

ئەو شکستەی شا ئیسماعیلی یەکەم لە شەڕی چاڵدێراندا دووچاری هات کاریگەرییەکی زۆری لەدەروونیدا بەجێهێشت، بەتایبەتیش کە یەکـەمجاری بـوو لەشـەڕێکدا بـدۆڕێ و، لەهیچ شەڕێك بەر لەوە تەنانەت برینداریش نەببوو، لەهەمان کاتیشدا ئـەو شکسـتەی

تەنها ئەوندە نەبوو کە چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی لەدەستبدات، بەڵکو ئەو پیرۆزییەی کەلەنێو خەڵکیداو هەرهیچ نەبێ لەلای شوێنکەوتووانیدا هەیبوو لەرزینی تێکەوت، بۆیە پەنای بردە بەر گۆشەگیریی و بەردەوام جلی رەشی لەبەردەکردو فێسیشی نەسەرناو، ئالوودەی مەی خواردنەوە بوو و کارێکی ئەوتۆی نەکرد کە شایانی باسبێ، لەدوایشدا دەستی لەبنبڕکردنی دژەکانی مەزهەبی شیعە هەڵگرت و هەڵمەتی دامرکانەوەی ئاشوب و دووبەرەکی کە جارجارە لەولاتدا سەری هەڵدەدا خستە دەست سەرکردەی قزلباشەکان، لەوانەیە ئەم لادانە رەوشتییەی هەلی بۆ عوسمانییەکان رەخساندبێ تا بتوانن دیاربەکریش بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هەر ئەوەش بووە یارمەتیدەر بۆ ئۆزبەکەکان تا بتوانن بەلخ و قەندەهار ملکەچ بکەن و هەوڵی چوونە ناو خۆراسان.

دوایین ساڵەکانی تەمەنی کەتەنها دە ساڵ بوو بەهاتوو چۆ و راوشکار و ئیدارەی دەوڵەت بەسەربرد. لەساڵی ١٥٢٤زدا تووشی نەخۆشی سیل هاتوو و بەرەو ناوچەی شەروان و پاشان شەکی کۆچی کرد و لەو نێوانەشدا تووشی نەخۆشی سیل هاتوو و بڕیایدا لەرێگەی ئەردەبیلەوە بگەڕێتەوە تەورێز، بەلام لەکاتی ئەوەی دەچووە سائینی کەدوکی نزیك شاری سەراب لەئازەربێجان و لەتەمەنی سی و حەوت ساڵی کەنزیکەی بیست و چوار ساڵی تەمەنی لەفەرمانڕەوایەتیدا بەسەربرد و لە٢٣ ئایار کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەشی گوازرایەوە ئەردەبیل و لەپاڵ باب و باپیرانی بەخاك سپێردرا.

گرنگی شا ئیسماعیلی یەکەم:

گرنگی شا ئیسماعیلی یەکەم لەوەدابوو بناغەی بۆ دەوڵەتێك دارشت کەلەسەر سێ کۆڵەگەی سەرەکی دامەزرابوو ئەوانیش پێوانەکانی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی بوون و تەمەنی ئەو دەوڵەتەش نزیکەی دووسەد ساڵ درێژەی کێشا، لەهەمان کاتیشدا سنوورەکانی ئێرانی گەیاندە ئەو سەردەمەی ساسانیەکانی لێبوون، کە جگە لەئێران، عیراق و خوزستان و کرمان و خۆراسان و بەشێکیش لەولاتی پشت رووباری بەخۆوە گرتبوو، سەردەمانێکیش دیاربەکرو مەروو و بەلخ و قەندەهاری لەژێر دەسەڵاتدابوو و

لەهەموو ئەو ولاتانەشدا مەزەبی شیعەی دوانزەیی سەپاند و ئێرانی بەبۆیەیەك رەنگکرد کە تاکو ئێستاش کاریگەری هەرماوە.

شا ئیسماعیل خاوەنی خەسڵەتەکانی پیاوی دەوڵەت بوو، خاوەن ورەیەکی بەهێزبوو، زۆر زیرەك بوو، لەتەنگانەدا ئارامگربوو، ئازاوبەجەرگ بوو، تەنانەت دوای مردنیشیان لەگەڵ دوژمنەکانی دلڕەقبوو. پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە چی بەسەر تەرمی شەیبانی خان هێنا، بەرچاوتێربوو، یارمەتی و دەسگیرۆیی زۆرێك لەپیاوانی قزلباشی کردووە، نوێنەرایەتی جیهانێکی تورکی نیمچە کۆچەری کرد، ئەویش قزلباشەکان بوون و هەر ئەوانیش گەیاندیانە تەختی فەرمانڕەوایەتی، هەرچەندە ئەو زمانی فارسی دەزانی بەلاّم بەشێوازێکی تورکانە و بەتورکی بیری دەکردەوە، ئەگەر کاروباری دەوڵەتەکەی پشتی بە کتێبەکانی فارسی بەستبێ ئەوا هێزەسەربازییەکانی هەمیشە پشتیان بەو هۆزە تورکانەوە قاییم کردووە کە پشتیوانیان لە بیروباوەڕە مەزەبیەکەی دەکرد، لەئازەربێجانیش دەوڵەتێکی تورکی نموونەیی دروستکرد.

شا زۆری حەز لەراووشکار بوو، بەزمانی تورکی و عەرەبی و فارسی هۆنراوەی دەهۆنییەوە، کاریگەریی شیعرەکانیشی لە تورکییەکاندا بەرجەستە دەبوو، لەشیعریشدا نازناوی خەتائی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. شا ئیسماعیل فرچکی بە مەی خواردنەوە گرتبوو بەتایبەتیش لەدوای ئەو شکستەی کە لەشەڕی چالدێران بەسەری هات. لەهەمان کاتیشدا زۆر زیادە رۆیی دەکرد لەگۆشەگیریی و دوورکەوتنەوە لە ژیانی هاوسەریی و تایبەتی، لەوانەشە ئەمانە لەو هۆکارانە بووبن کەبوونە هۆی ئەوەی لەتەمەنێکی کورتدا کۆچی دوایی بکات.

ئایا دەتوانین بڕیار لەسەر شا ئیسماعیلی یەکەم بدەین و بیخەینە ئەو پلەیەی کە مافی خۆیەتی تێیدابێ؟ سەرچاوەکانی فارسی — سەفەویی بەشێویەکی گشتگیر باسی کەسایەتیی شا ناکەن چونکە ئەوان تەنها لەیەك روانگەوە تەماشای دەکەن و زۆر کەم چاومان بەرەخنەیەك دەکەوێ، چونکە هەموو سەرچاوەکان نغرۆی ستایش و پیاهەڵدانن، کەچی سەرچاوەکانی دیکە شایانی ئەوەنین ببنە بابەتێکی مێژوویی. لەراستیشدا سەردەمی ئەو وەرچەخانێکی گرنگی لەئێراندا سازکرد، هەرچەندیش ئەو تورك بوو و

هەڵسوکەوتی لەگەڵ قزلباشە تورکمانەکان لەئێرانییەکان پێ باشتربوو و زمانی تورکی کردە زمانی فەرمیی فەرمانگەکانی و بەزمانی تورکی شیعری دەنووسی، کەچی مەزەبی شیعە کەبووە مەزەبێکی نەتەوایەتی بووە بەردی بناغەی یەکێتی ریزەکانی ئێران، بووە هێزێك کە هەستی نیشتمانپەروەریی جولاندن، یارمەتی ئێرانیەکانیشیدا کەوا لەو رۆژگارە سەختانەی کەلەسەدەی نۆزدەهەمی زایینی بەسەریاندا هات بپەرنەوە ولە ١١ شوباتی ١٩٧٨ز بەرەو دەوڵەتێکی نەتەوەیی و پاشان ئیسلامی بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی ئیسلامیی بڕۆن.

◆

بەشی چوارەم
تەهماسبی یەکەم-ئیسماعیلی دووەم-محەمەد خودابەندە
شا تەهماسبی یەکەم
٩٣٠-٩٨٤ھ/١٥٢٤-١٥٧٦ز

ململانێیە ناوخۆییەکانی ئێران:

شا ئیسماعیلی یەکەم چوار کوڕی لەدوای خۆی بەجێهێشت: تەهماسب کە کوڕی گەورەو جێنشینیی بوو، ئەلقاس، سام، بەهرام و، جگە لەوانیش پێنج کچیشی هەبوو: خانیش خانم، پەریخان خانم، مەهین بانوسولتانوم، فەرەنگیس خانم و زەینەب خانم.

تەهماسب لەتەمەنی دە ساڵیدا بوو بەجێنشینی باوکی هەر لەو ڕۆژەی باوکی مرد لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشت. لەبەر ئەوەی تەمەنی بچووك بوو کارێکی ئاسایی و سروشتی بوو کەوا سەرکردە قزلباشیەکان دەوڵەت بەڕێوەبەرن، لەم جۆرە هەڵوێستانەشدا بەرژەوەندیەکان هاوچەشن دەبن و بیروراش زۆر دەبن و لەهەمان کاتیشدا کێبڕکێ لەنێوان میرزادەکان لەپێناوی دەسەلاتی تاکە کەسی سەر هەڵدەدەن.

شا بەشداری زۆری هەبوو لەسەرهەڵدانی ئەم جۆرە دیاردانە، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەمیشە لەسەداسەد پشتی بەقزلباشەکان دەبەست و بەم هۆیەش ئەوان بوون بەبەهێزترین لایەن لەناو دەوڵەتدا و زۆرێك لەهەرێمەکانیان وەرگرت و شا بەهەوەسی خۆی نازناویی بەسەردا دابەش دەکردن تا وای لێهات ئێران بەمەملەکەتی قزلباشەکان ناسرا.

لەبەر زۆری لایەنگرانیان فەرمانڕەوایی لەئێراندا لەشێوازی لایەنگریی بۆ دەوڵەتی سەفەویی مەزەبی شیعی بوو بە فەرمانڕەوایەك کەکاریان کێبڕکێبوو لەسەر فەرمانڕەوایەتی و شا تەهماسب لەم کەشە پڕ لەململانێی و کێشەیەدا پیربوو.

لەنێو قزلباش سەرکردەکانی تەکالوو تەستاجلوو سەریان هەڵداو دەسەلاتەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد و پاشان لەنێوان خۆشیاندا ململانێ سازبوو، ئەم هەڵوێستەش شا تەهماسبی ناچار کرد هەردووکیان لەپلەکانیان لادا و لەجێی ئەوان حوسێن خانی شاملوو بەپلەی خانی خانان دامەزراندو سەرکردەکانی ئەم هۆزە خۆیان بەهاوبەشی فەرمانڕەوایەتی دادەنا، لەبەر ئەوەی کەلەنێوان ئەوان و بنەماڵەی شا ئیسماعیل خزمایەتییان بەهۆی ژنخوازییەوە هەبوو، لەم پێناوەشدا دەستیان بەسەر زەویە کشتوکاڵی و بەپیتەکاندا گرت و لەبەرانبەریشدا هۆزە قزلباشیەکانی دیکە توڕەبوون.

ململانێی نێوان هۆزەکان پەرەی سەندو کار گەیشتە ئەوەی کێشەکانیان بەچەك یەکلایی بکەنەوە، لەساڵی ١٥٢٦ز تەکەلوو ئەستاجلووی شکاندو زیانێکی زۆری پێگەیاندو پاشان لە ڕۆمیلوو هەڵگەڕایەوەو ئەویشی بەزاند، ئینجا لەساڵی ١٥٣٠-١٥٣١ز ڕووبەڕووی شاملوو بووەوە. ئارامە سوڵتانی سەرکردەیان لە ئازەربێجانەوە شۆڕشێکی چەکداری لەدژی تەهماسبی یەکەم هەڵگیرساند بەبیانووی ئەوەی ئەو زیاتر مافی ئەوەی هەیە ببێتە سوڵتانی دەوڵەت، لەسەر دەستی سەفەوییەکان شکستی خواردو بەرەو ئەستانبووڵ هەلات و پەنای بردە بەر سەلیمی قانوونی سوڵتانی عوسمانییەکان لەساڵی ١٥٢٠-١٥٦٦ز هانیدا کە ئێران داگیربکات. کاتێکیش سوڵتانی عوسمانی بەرەو ئێران کەوتەڕێ، زۆرانێك لەقزلباشە شوێنکەوتووەکانی سەفەویی پشتیان لەسەفەوییەکان کردو هاتنە پاڵ عوسمانییەکان و بەڵگەی لاوازی دەسەلاتی سەفەوییەکانیان دایە سوڵتان و رایانگەیاند ئەوان هەوڵی پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن.

لەساڵی ١٥٣٣-١٥٣٤ز خانی خانان حوسێن خان شاملوو ویستی شا تەهماسب بکوژێ و بەیارمەتی یەکێك لەوانەی لێی پەژیوان بوونەتەوە ژەهرخواردی بکات و سامی برای لەجێی دابنێ. سەرەڕای ئەوانەش شا زۆر ئاگای لەم جۆرە پیلانانە نەبوو و جاری واش هەبوو وەك بێلایەنێك تەماشی کێشەکانی دەکرد، ئەویش بەبیانووی ئەوەی دەیەوێ دەوڵەتەکەی لەشەڕی ڕکابەرەکان و کوشتنەوە بپارێزێ.

پەیوەندیەکانی دەرەوە

پەیوەندی لەگەڵ ئۆزبەکەکان:

سەردەمی تەهماسبی یەکەم بەتەواوکەری سەردەمی باوکی دادەنرێ لەململانێی لەگەڵ سوننیەکان و یەکەم پەلاماریشی ئەوەیان بوو کەکردیە سەر ئۆزبەکەکان بەبیانووی گوایە ئەوان مەترسی سەرەکین بۆ سەر دەوڵەتەکەی، لەهەمان کاتیشدا پیاوەکانی لەدەوری کۆدەبوونەوەو هەریەکە بەلای خۆیەوە هەوڵی دەدا لەرێی هەڵمەتێکی گەورەی سەرکەوتووانەوە بیسەلمێنێ کە چەندە دڵسۆزیەتی. ئەوەبوو کەمیی تەمەنی شا، سەرکردەی ئۆزبەکەکان عوبێدوڵلا عەلی هاندا هێرش بکاتە سەر خاکی سەفەوییەکان لەخۆراسان و لەوێشدا لەگەڵ سەفەوییەکاندا لەشەڕێکی چوونیەك و سەردەم جیاوازدا رووبەرووی یەکتر بوونەوە و، کەسەفەوییەکان لەیەکیاندا نەبێ لەهیچیان شکستیان نەخواردووە.

عوبێدوڵلا سوپایەکی زبەللاحی ئامادەکرد و چاوەڕێی رووبەرووبوونەوەی هێرشی سەفەوییەکان بوو، بەڵام دەسپێشخەری کردو لەساڵی ١٥٢٦ز هێرشی کردە سەر خۆراسان و مەروو و چەندین ناوچەی لەهەرات داگیرکرد، بەڵام هەرچەندە لەجێگیرکردنی جێپێی خۆی تێیدا سەرکەوتوو نەبوو کەچی توانی بەتەواوی خۆی لەناوچەکانی خۆرەڵاتی مەرغاب بچەسپێنێ. لەساڵی دوای ئەویشدا مەشهەد و ئەستەرئابادی داگیرکرد و، ئەستەرئابادی خستە ژێر فەرمانڕەوایەتی عەبدولعەزیزی کوڕی و پاشان لەوێوە بەرەو هەرات رۆیشت و گەمارۆیدا. بەڵام شا تەهماسبی یەکەم توانی لەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتوون وەدەریان نێ. لەساڵی ١٥٢٨ز جارێکیدیکە هێرشی کردەوە سەر خۆراسان، بەڵام ئەم هێرشەیان چ لەرووی ژمارەی سەربازەکان و چ لەرووی بەشداری کردنی زۆربەی خێڵەکانی ئۆزبەك زۆری جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. ئەم سوپایە رووی کردە ئەو ناوچەیەی کە ئێران و ئەفغانستان لێك جیادەکاتەوە، واتە نێوان هەرات و خۆراسان، بۆ ئەوەی لەپێدەشتەکانی جام و زوورئاباد بەهێزی سەفەوییەکان بگات (١٩ئەیلوول١٥٢٨ز). شەڕێکی سەخت لەنێوانیاندا بەرپابوو و لەئەنجامدا سەفەوییەکان سەرکەوتن و ئۆزبەکەکانیش بەرەو تورکستان رایانکرد. شا سەرکەوتنەکەی بۆ خەونێك

گەڕاندەوە کـە لەخەونەکەیـدا چـاوی بەعـەلی کـوڕی ئـەبی تاڵیـب کـەوتووە و مـژدەی سـەرکەوتنی پێداوەو پێی گووتـووە: سـەرکەوتنێکی گـەورەت بـۆ مەیسـەربووە. کەچـی لەڕاسـتیدا هـۆی سـەرەکی سـەرکەوتنی سـوپای سـەفەوییەکان چـەك و جبەخانـە پێشکەوتووەکەیان بوو، چونکە لەدوای شکسـتپێهێنانیان لەشەڕی چاڵدێران سـەفەوییەکان دەرکیان بەگرنگی پێدانی توانا سـەربازییەکانیان کرد ئەگەر بیانەوێ دەوڵەتەکەیان بپـارێزن و فراوانی بکەن، دەبێ چەکی ئاگردار بەکاربهێـنن و بـەکردەنیش سـەرکردەکانی سـەفەوی سوپاکەیان بەم جۆرە چەکانە پڕچەك کردو شەڕی ئۆزبەکـەکانیان پێکـرد. راسـتە سـوپای ئۆزبەکەکان زۆر بەوڕەو پەرۆشەوە شەڕیان دەکـرد و زۆرێکـیش لەسـەربازانی سـەفەوییان کوشت بەڵام چەکە ئاگردارەکانی سەفەوی سەربازەکانی ئەوانیان درووێنـەدەکرد. هـەروەك چۆن پاشووی سوپاکەیان کەوتە بەر ئـاگری تفـەنگ و تۆپـەکانیان و تێکیـان شـکاندن و بڵاوەیان پێکردن، ئەم فێڵەش کاتی خـۆی لەعوسمانییەکانـەوە فێـری ببـوون و بەهۆیـەوە توانیان سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاکەرەوە بەدەسـبهێنن، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەی شـا تەهماسب سەرکەوتنی بەدەسهێنا نەیتوانی راوەدووی ئۆزبەکەکان بنێ بـەرە تورکسـتان و دەسبەسەر وڵاتی پشت رووباردا بگرێ، چونکە ئەم هەنگاوە پێویستی بەخەرجییـەکی زۆر و ماندووبوونێکی یەکجار گەورە هەیە و لەئەنجامیشدا جگە لـەخاکێکی دوژمـن هیچـی دیکەی دەسناکەوێ. لەکاتێکدا ئەو هیواکانی بەرەو گێڕانەوەی عیراق بوو، بۆیـە لـەدوای ئەم شەڕە و بەر لەوەی پڕۆژەکەی عیراق جێبەجێبکات رووی بەرەو قەزوین و قوم وەرگێڕا.

لەدوای مردنـی کجوکـونجی لەسـاڵی ١٥٣٠ز ئـەو گۆڕانکارییانـەی کەلەسـەرکردایەتی دەوڵەتی شەیبانی هاتە ئاراوە، عوبێدوڵلا لەساڵی ١٥٣٤-١٥٤٠ز لـەدەزگای خانیـەتی بوخارا دەسەلاتی گرتەدەست و پاشان لەوێنەبوونی تەهماسب شای لـەعیراق بەهـەلزانی و هێرشی دیکەی کردە سەر هەرێمەکانی خۆرەلاتی ئێران و سەرەتا لە بەهرات و مەشهەد و ئەستەرئابادەوە دەسپێکرد و ماوەی یەك ساڵی تەواو هێزەکانی بەسەرانسەری خۆراساندا دەسووڕانەوە و بەئارەزووی خۆیـان تێکـدان و وێرانییـان دەکـرد، بـەڵام بـەهیچ جۆرێـك تەهماسب شا لەبەر ئەو شەڕەی کەلەگەڵ عوسمانییەکان لەئارادابوو نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ناوچە خۆرەلاتیەکان و کاتێکیش شەڕەکە وەستا بەرەو ئەوێچوو.

لەساڵی ۱٥۳۳ز شا تەهماسب لەبەرەی خۆراٹاواوە گەڕایەوە بۆ ئازەربێجان تـاکو بتـوانێ جارێکی دیکە ریزی هێزەکانی خۆی رێکبخاتەوە و پلەو پایە ئیـداری و سـەربازییەکانیش دووبارە دابەش بکاتەوە بەمەبەستی سـەقامگیریی و لـەناوبردنی دوژمنـەکانی و، مـیرزا سامی براشی کردە فەرمانڕەوای هەرات.

شاری هەرات لەهەموو ئەوانی دیکە زیاتر دووچاری پـەلاماری ئۆزبەکـەکان دەبـۆوە، لـە تشـرینی دووەمـی۱٥۳٦ز خەلیفـە سـۆفیان روملـووی کـردە فـەرمانڕەوای مەشـهەد و فەرمانی پێدا کەوا رووبەرووی هێرشەکانی ئۆزبەك ببێتەوە. ئەوانیش پەلاماری هـەراتیان داو حاکمەکەشیان کوشت، بۆیە دانیشتوانی هەرات داوایان لەخەلیفە سۆفیان کـرد کـەوا هەموو دەسەلاتێکی هەبێ لـەپێناو بەگژداچـوونەوەی هێـرش و پـەلامارەکانی دوژمـن، ئەوەبوو عوبێدوڵڵاخان گەمارۆی شارەکەیداو لەگەڵ هێـزە ولاتپارێزەکەیانـدا لێیـان بـوو بەشەڕو لەئەنجامدا چەند سەرکردەیەکی لێکوژرا و ئەمەش هیوای بەسۆفیان بەخشی کەوا سەرکەوێ، لەولاشەوە عوبێـدوڵڵاخان ناچـاربوو گەمارۆیەکـە هەڵوەشـێنێتەوە و بچـێتە عەبدەل ئاباد و نیشاپوور و لەوێ جارێکی دیکە هێزەکانی خۆی رێکبخاتەوە، لەدوای ئەم هەنگاوە هێرشی بردە سەر هێزەکانی سەفەویی و شکستی پێهێنان و سـۆفیان خەلیفـەش لەو شـەڕەدا کوژرا، ئینجا بەرەو هەرات بەرێکەوت و مـاوەی پێـنج مـانگ گەمارۆیـدا و پاشان داگیری کرد و ماوەی ساڵونوێك لەناویدا ماوەیەوە.

لەئەنجامی ئەو بارە نالەبارەی کەلەخۆرسان و بەهۆی پەلامارەکانی ئۆزبـەك سـازببوو شـا تەهماسـبی یەکـەم بەسـەرکردایەتی سـوپایەکی بـەهێز بـەرەو ئـەوێ رۆیشـت و عوبێدوڵڵاخانیش ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ولاتی پشت رووبار. چونکە پێی وابـوو ناتوانێ بـەرەنگاری هێزەکـانی سـەفەویی ببێتـەوە، شـا ئەمـەی قۆزتـەوەو قەنـدەهاری داگیرکـرد، کاتێکـدا لـەناو شـارەکەدا بـوو شـا نامەیـەکی چـاوەڕوان نـەکراوی لـە عوبێدوڵڵاخانەوە بەدەسگەیشت، کە تیایدا پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەی لێدەکردو، ئەویش بەشێوازێکی زۆر رێکوپێك پێشوازیی لەنێردراوەکەی کرد.

وادیاربوو عوبێدوڵڵاخان لەکۆتاییدا خۆی بەدەست ئەو بارە سەربازیەوە دابێ کەبەسەریدا

سەپاوە ئەویش لەدوای ئەوەی شکستی هێنا لەهەوڵی چەندین جارەی داگیرکردنی خۆراسان و ئەم ویلایەتەش قۆناغێکی زۆر هێمانانەی بەسەربرد تاگەیشتە ئەو ڕۆژەی سەرکردەی ئۆزبەکەکان کۆچی دوایی کرد.

ئۆزبەکەکان لەدوای مردنی عوبێدوڵڵاخان دووبارە هێرشیان کردەوە سەر هەرات، بەڵام شا تەهماسبی یەکەم بەگژیاندا هاتەوە و ڕاوەدووی نان، کەچی ئەوان لەساڵی ١٥٧٠ز و بەسەرکردایەتی ئۆبەك خانی نەوەی جانیبەگ پەلاماری سنوورەکانی سەرخەس و جامیانداو کوشتاریکی زۆریشیان لە ئەندخوند و شیرغان ئەنجامدا هەرچەندیشە زەینەلخانی فەرمانڕەوای ناوچەی جام زۆری هەوڵدا کەوا بەرەنگاریان ببێتەوە بەڵام بێسوودبوو.

بەدواداچوونی پەیوەندیەکانی سەفەوی و ئۆزبەک:

ئەگەر بەچاوێکی ڕەخنە گرانە تەماشای پەیوەندی نێوان سەفەوییەکان و ئۆزبەکەکان بکەین لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەم، ئەم شتانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

- لەدوای مردنی محەمەد شەیبانی خان ئۆزەبەکەکان لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی هێرش بردن و فراوانکردنەوە چوونە سەر سیاسەتی بەرگری و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی پشت ڕووبار و، لەهەمان کاتیشدا ئەو هێرشانەی کە بۆ سەر خۆراسان دەیانکرد بەمەبەستی تاڵان و بڕۆ بوو نەك داگیرکردنی.
- سەفەوییەکان لەسەردەمی تەهماسبی یەکەم توانییان لەو تەنگژەیەی کەبەهۆی ئەنجامەکانی شەڕی چاڵدێرانەوە سازببوون خۆیان دەرباز بکەن و، توانیشیان بچنە قۆناغێکی تازەی هێرش و پەلامارەکان ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی چەکی ئاگردارەوە، بەمەش سوپای سەفەوی توانی بەشداریێ لەو ڕێگریەی کەلەپێشڕەویی هێزەکانی ئۆزبەکی بۆ هەرێمەکانی خۆراوا دەکراو جاری واش هەبوو شەڕەکەیان دەگواستەوە بۆ ناو سنوورەکانی ئۆزبەك.
- بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەی شا تەهماسبی یەکەم لەساڵی ١٥٤٤ز لەگەڵ عوسمانییەکان، چیدیکە ئێران لەژێر مەترسی دووبەرەییدا نەبوو، لەبەرانبەریشدا ئۆزبەکەکان بەسایەی

ئەو فەرمانڕەوا لاواز و بێتوانیانەیان کەلەدوای مردنی عوبێدوڵلاخان پەیدابوون کەوتنە ژێر مەترسی دوولایەنەی خۆرهەڵات و خۆراوا. تورۆز ئەحمەد ناسراو بە بەراق خان کەلەشێوەی محەمەد شەیبانی خان و عوبێدوڵلاخان بوو سەری هەڵدا، ئەو سەرکردەیە لەساڵی ١٥٥٣ز هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ئۆزبەك و داگیریی کردن و بەشێوازێکی زۆر ترسناك وێرانی کردن. لەریزی ئۆزبەکەکانیشدا سەرکردەیەك لەخانەوادەی محەمەد شەیبانی خان بەناوی عەبدوڵلاخان و لەچالاکیەکانی سەرەتاییدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. هەروەها سەرەڕای ئەو هاوپەیمانێتییەی لەنێوان سەفەویی و خوارزمەیەکاندا هەبوو کەچی توانی لەساڵی ١٥٥٥ز و بەیارمەتی هۆکارەکانی مەرگی پێشوادەی بەرراق خانەوە خاکە زەوتکراوەکانی شەیبانیەکان بگێڕێتەوە بۆ خۆیان و، لەدوایین ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتی شا تەهماسب و زۆربەی ساڵانی سەردەمی شا عەباسی یەکەمی گەورە توانی پارێزگاریی لێبکات.

پەیوەندیەکانی لەگەڵ عوسمانییەکان:

فەرمانڕەوایەتی سولەیمان قانوونی یەکەم:

سوڵتان سولەیمان قانوونی لەدوای مردنی باوکی لەساڵی ١٥٢٠-١٥٦٦ز بوو بەجێنشینی سوڵتان سەلیمی باوکی و لەسەرەتاکانی سەردەمی ئەودا چەندین رووداوی گەورە بەرپابوون، بەتایبەتیش لەئەوروپا. ئاشکرایە خۆشەویشتیەکەی بۆ ئاشتی دیارترین خاڵە چاکەکانی ئەو سوڵتانە بوو. لەهەمان کاتیشدا خودی خۆی بەشداری لەو هەڵمەتانەدا کرد کەدەکرانە سەر ئەورووپا و ئاسیا، لەوانە دەیان بۆ سەر ئەوروپاو سێ بۆ ئاسیاو ئەم شەڕانەش چەندین قۆناغی جۆراو جۆربوون بۆ فراوانکردنی زیاتری دەوڵەتی عوسمانیی لەهەرسێ بواری سنور و لایەنگر و دەسەڵاتدا.

لەراستیشدا دەتوانین سەدەی شانزەهەمی زایینی بەدووریانێکی مێژوویی لەقەڵەم بدەین کە لەوێوەوە شێوەی دابەشبوونی هێزەکانی لەبەرەی جیهانی ئیسلامی خۆرهەڵاتی و گاورەکانی ئەورووپا لەخۆراوا لەخۆدەگرێت و لەوێشدا توندترین جەنگەکانی دەریایی و زەمینیی هەڵدەگیرسێن و بەهۆیانەوە هەرسێ دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویی و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز شوێن و سنووریان بۆ دەسنیشان دەکرێ.

لەوکاتەی سولّتان سولەیمان قانوونی هاتە سەر حوکم سیاسەتی عوسمانییەکان جارێکی دیکە بەرەو خۆراوا سوڕایەوە، بەلاّم ئەمەش ماوەیەکی کەم بەردەوامبوو، بۆ ئەوەی قۆناغێکی نوێ دەستپێبکاتەوە لەپەیوەندییە متبووەکانییان لەگەڵ ئەورووپا کەئەم قۆناغە ناسرا بە فراوانبوون بەرەو بەلکان و دەریای سپی ناوەڕاست، کەچی سولّتانی عوسمانی لەساڵی ١٥٣٣ز لەدوای ئەوەی لەگەڵ هابسبۆرگی فەرمانڕەوای نەمسا رێکەوتنێکی ئاشتیانەی مۆرکرد ئەورووپای بەجێهێشت و بەرەو جەنگی سەفەوییەکان لەچوارچێوەی ململانێیەکی بەردەوام لەئێران و عێراق کەوتەڕێ.

هۆکارەکانی درێژەدان بەچالاکییە سەربازییەکان:

چەند هۆکارێکی سەرەکی هەبوون لەچالاك کردنەوەی بوارە سەربازییەکانی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان، کەلەوانەیە ئەمانە هەرە گرنگەکانیان بن:

- لەکاتی خەریکبوونی عوسمانییەکان لەو شەڕەی کەلەگەڵ نەمسا کردیان، لەنێوان سەفەوی و مەجەریەکان پەیوەندیی نهێنی سازبوو و دواجار گەیشتنە هاریکاریی نێوانیان لەدژی عوسمانییەکان، کەهەمیشە ئەم دوژمنە لەوان بەهێزتربوو.
- ئەو رووداوانەی لەسەر سنوورەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان روویانەدەدا، هەموو لەئەنجامی جموجوڵی هۆزەکانی کوردبوون لەو ناوچانەو هۆیەکی راستەوخۆش بوو بۆ زیندووکردنەوەی شەڕی نێوانیان، جگە لەمەش ئەو بارە سەرلێشێوێنەی فەرمانڕەوایەتیی باڵی بەسەر هەرێمە بچووکەکانی سەر سنوری نێوان هەردوولادا کێشابوو و سیاسەتە ناجێگیرەکەی فەرمانڕەواکانیان لەهۆیە سەرەکیەکان بوو.
- دەسەلاّتی سەفەوییەکان لەبەغداد لەساڵی ١٥٣٠ هەڕەشەی بۆ سەر رێگا بازرگانیەکانی نێوان خۆرەلاّت و ئەورووپا دروسکرد، بەهۆی ئەوەی کەعێراق ئەم رێگایانەی بەیەك گرێدەدا.
- عوسمانییەکان لەهەوڵەکانی شا تەهماسبی یەکەم نیگەرانبوون کەقزلباشیەکانی لەئەنادۆڵ هان دەدا، بەمەش شوێن پێی هەنگاوەکانی شا ئیسماعیلی یەکەمی باوکی دەکەوت.

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجە سەرەکییەکان لەشەڕی ساڵی ١٥٣٤ز هەروەك ئامانجەکانی سوڵتان سەلیم بوو کەبەر لەبیست ساڵ ئێرانی داگیرکرد، کەواتە ئەمە شەڕێکی خۆپارێزیی و سیاسی و مەزهەبییە.

لەشکرکێشیی عوسمانییەکان لەئازەربێجان:

سەفەوییەکان بەرەو خاکی عوسمانییەکان بەڕێکەوتن و زۆر بەپرتاوەوە بەرەو بەغدا دەچوون، ئەویش لەدوای ئەوەی شەرەفخانی فەرمانڕەوای بەدلیسی دابڕی کەنزیك بوو لە خیلاتی باشوری دەریاچە و لەسەر سنووری نێوان عوسمانی و سەفەوی بوو و پاشان لەساڵی ١٥٣٠ز داگیریی کرد.

بۆ ئەوەی لەکارەکانیدا سەرنەکەوێ و بەردەوام نەبێ سوڵتان لەساڵی١٥٣٣ز سوپایەکی ناردە سەر سەفەوییەکان و شەرەفخان، کە ژمارەی سەربازەکانی زیاد لە سەدوچل هەزار کەس دەبوو بەسەرکردایەتی سەدری ئەعزەم ئیبراهیم پاشا، کاتێکیش سوپاکە گەیشتە قونیە فەرمانڕەوای ئازەبێجانیش هاتە پاڵی و بۆ ئەوەش کەنیازپاکی خۆی بۆ سوڵتان نیشانبدات شەرەفخانی کوشت و سەری لێکردەوەو بۆ سوڵتانی نارد. بەر لەهاتنی وەرزی زستان سوپای سوڵتانی عوسمانیی توانی هەموو ناوچەکانی بەدلیس و ئەو ناوچانەی کەوا کەوتوونەتە نێوان ئەرزەرووم و دەریاچەی وان بگێڕێتەوە ژێر دەسەلاتی عوسمانیی. پاشان ئیبراهیم پاشا بەرەو تەورێز پێشڕەوی کردو هەرچی قەلا و سەنگەرێکی تووندو تۆڵی سەر ڕێگای نزیك دەریاچە هەبوو هەر هەمووی داگیرکرد، بەمەش ڕێگاکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی و هێلێکی ڕاست لەبەردەمیدا والابوو.

سەفەوییەکان لەبەردەم پێشڕەویی عوسمانییەکان پاشەکشەیانکردو شا تەهماسبی یەکەم بەهیوای ئەوەی پارێزگاری لەسوپا و دەولەتەکەی بکات دەستی لەخاکەکەی ژێر دەسەلاتی خۆی هەلگرت، ئەوەبوو سەدری ئەعزەم بەبێ هیچ دژەبەرگرییەك چووە ناو شاری تەورێزەوە لە (١٣تەمووز١٥٣٤ز) و شا بەرەو قەزوین قووچاندی.

ســولتانی عوسمــانییش لــە ١١ حــوزەیرانی ١٥٣٤ز ئەســتەمبوولی بەجێهێشــت و بــەرەو هەمەدان کەوتەرێ و لەوێوەوە بەرەو کۆشکە زستانیەکانیی عیراق رۆیشــت و بــەر لــەوەی بگاتە تەوریز لەوێ راوەستا.

سولتان کاروباری ناوخۆی هەموو رێکخست و کــوڕی مــیری شــەروانی کــردە ســەرکردەی هێزی پارێزگاری تەوریز و لەوێشدا پێشوازی لەموزەفەفەرخانی میری گــەیلان و کۆمــەڵێك لەو فەرمانڕەوایانە کرد کەلە شاتەهماسبی یەکەم دابڕابوون و بەندەفەرمانی و لایــەنگریی خۆشیان بۆ دووپاتکردەوە.

سولتان سولەیمانی قانوونی مکوڕ بوو لەسەر راوەدوونانی شا و لەم پێناوەشــدا لەتشــرینی یەکەم ١٥٣٤ز بــەرەو شــاری زانجــان رۆیشــت و پاشــان بــۆ شــاری ســولتنی کەکــەوتبووە خۆرەلاتی گەیلان و لەوکاتەدا شا بەمەبەستی خــۆ لەشــەڕ دوورگــرتن لــەدژی هێزەکــانی عوسمانی پاشەکشەی دەکرد، بەلام لەبــەر ســەختیی کەشــوهەوای ناوچــەکەو رێگاکــان و هاتووچۆ و گواستنەوەی تۆپەکان بەهۆی ئەو هــەموو بارانــەی کەلەناوچــەکەدا دەبــاری و بەهۆی زۆری ئەو هەموو قوڕوچلپاوە سولتان ناچاربوو واز لەبیرۆکەی راوەدوونان بهــێنێ و ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە بەغدا.

ململانێ لەپێناوی عیراقدا:

لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەم ململانێــی نێــوان عوسمــانی و ســەفەوییــەکان لــەعیراق بەردەوامبوو و ناوچــەکانی ناوەڕاســت و خــواروو لــەژێر دەســەلاتی ســەفەوییــەکانبوون و عوسمانییەکانیش دەسەلاتیان بەسەر باکوورەوە هەبوو. فەرمانڕەواکانی بەغداش ئەوانــەی کە مەیلی سەفەوییەکانیان هەبوو بەهۆی توندڕەویی مەزهەبییەوە ئەم هەلەیان قۆزتــەوەو لەســەر دەســەلات پێــداگرییان دەکــرد و ئــەو چەوســاندنەوەو راوەدوونــان و ســووکایەتی پێکردنانەشیان هانی دانیشتوانەکەیان دەدا کە لەعوسمانییەکان نزیك ببنــەوە و ئــەوانیش لــەلای خۆیانــەوە جــەختیان لەســەر ئــەوە دەکــردەوە کەهــەموو رێککــەوتنێك لەگــەڵ سەفەوییەکان رەتدەکەنەوە. ئەو نامانەی کە سولتان سولەیمانی قــانونی لەســاڵی ١٥٢٥ز بۆ شاتەهماسبی یەکەمی دەناردن ناوبانگیــان بــەوەدەرکرد کەهــەمووی هەڕەشــەئامێز و گالتەجاڕی بوون.

بەلاّم لەخوارووادا سۆزی خەڵکی بەسرەو نیمچەدوورگەی عەرەبی بەلای عوسمانییەکان بوو و بەو چاوەش تەماشای عوسمانییەکانیان دەکرد کە رزگارکەری ئەوانن لەچنگی ئەو پورتوگالیانەی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ سەفەوییەکاندا هەیە و سەرجەم هەرێم و شارەکانیان داگیرکردووە و دەسەڵاتی خۆشیان بەسەر بەندەری هورمز بەهێزکرد و باجی سەر عومان و قوتەییف و بەحرەین و مەسقەتیان زیادکردو چاودێریی توندیشیان خستە سەر گومرگەکان و لەبەسرەش بوونیان پەیداکردبوو.

لەئەنجامی بچووکی شا تەهماسبی یەکەم بەرامبەر عوسمانییەکان و دەسبەسەرداگرتنی ئەوان بۆ ئەو رێگا بازرگانیانەی کە فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان بەکاریان دەهێنا بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەبواری بازرگانی حەریر، ئەم فەرمانڕەوایانە بەرەو ئەستانبووڵ کەوتنەڕێ و داوای پشتگیریی و یارمەتییان لەعوسمانییەکان دەکرد، هەروەك چۆن لەبەغداو بەسرە یارمەتییان پێگەیشتبوو.

لەساڵی ١٥٢٩ز و بەسەرکردایەتی زیلفیقاربەگی سەرۆکی هۆزی موسڵووی کوردیی لەعیراقی ناوەڕاستدا راپەڕین لەدژی سەفەوییەکان دەستی پێکرد. بۆیە ئەم سەرکردە کوردە مردنی شا ئیسماعیلی یەکەم و کەمتەمەنیی شا تەهماسبی بەهەلقۆزتەوە و بەرەو بەغدا هەڵکشا و ئیبراهیم سوڵتانی فەرمانڕەوای ئەوێی کوشت و سەفەوییەکانیشی لێدەرکرد، لەناو ئاپۆڕای لایەنگرانی دانیشتوانەکەی چووە ناو شارەکەوە و دەسەڵاتی خۆشی بەسەر هەموو عیراقی ناوەڕستدا سەپاند و پاشان بڕیاریدا هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەفەوییەکاندا بپچڕێنن و کلیلی بەغداشی بۆ سوڵتان سولەیمانی قانوونی نارد و لەسەکۆی مزگەوتەکانیشدا دوعا بۆ سوڵتان کراو ئینجا ناویشی لەسەر دراوی وڵات هەڵکەندرا.

بەهۆی ئەو بارودۆخەوە شا تەهماسبی یەکەم بڕیاریدا کەوا دەسبەسەر عیراقدا بگرێتەوە، بەلاّم ئەم کارەی دەبخاتە بەردەم رووبەڕووبوونەوەی سوپای عوسمانی و دەرکیشی بەوە دەکرد لەتوانای ئەودانییە ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بەتەنیا ئەنجام بدات، بۆیە رووی بەرەو ئەورووپا بەتایبەتی بۆ لای ئیمراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز و مەجەڕ وەرگێڕا و نامەی بۆ هەردوو پاشاکە نارد (چارڵی پێنجەم و فەردیناند) و داوای هاوپەیمانیی لێدەکردن و

بەمەش سوڵتان ناچار دەکات لەدوو بەرەی جیاوازەوە شەڕبکات و ئەمـەش بـواری زیـاتر سـەرکەوتن دەداتە تەهماسب.

لەوانەبوو ئەم هاوپەیمانێتییەی نێوان سەفەوی و ئەورووپییەکان سەری بگرتبا، ئەگـەر ئـەوە نەبا کە ئەوان لەبڕیاری شەڕکردن لەگەڵ عوسمانییەکان شانبەشـانی سـەفەوییەکان هـاورا نەبوون، ئەویش لەبەر ئەم خاڵانە:

- دووری نێوان ئەورووپاو ئێران و ڕێگری عوسمانییەکان.
- نەبوونی کونسولگەریی ڕێکخراو لەنێوان ئێران و ئەورووپا.
- هیچ کام لەهاوپەیمانەکان ئاگاداری توانا سەربازییەکانی ئەویدیکە نەبوون.
- لەبەر سەرقاڵی ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزی ڕۆمانی بەجەنگی فەرەنسـا و ئـەو کێشـانەی کە لایەنی پرۆتستانت بۆی دروسکردبوون.

شاتەهماسبی یەکەم سەرقاڵی سوڵتان سولەیمانی قانوونی بە گـەمارۆی ڤییـەننا لەسـاڵی ١٥٢٩ز بەهەلزانی و هێزێکی سەربازیی پێکەوەناو هێرشی کردە سـەر تـەورێز و دەسـتی بەسەرداگرت و ئالامە تەکەلووی فەرمانڕەواش بـەرەو ئەسـتانبووڵ رایکـرد، پاشـان ئـەم هێزانە بەرەو عێراق وەڕێکەوتن. لەلای خۆیەوە زیلفیقاربەگ نەیتوانی دەسەڵاتەکەی خۆی تا هاتنی سوپای عوسمانی بپارێزێ، ئـەوەبوو لەسـاڵی ١٥٣٠ز لـەدوای ئـەوەی براکـانی ناپاکییان لەگەڵدا کردو کوشـتیان سـەفەوییەکان توانیـان وڵاتەکـە داگیربکـەن. لـەدوای ئەمانەشـدا شاتەهماسـبی یەکـەم والیـەکی نـوێی بـۆ بەغـدا دامەزرانـد، کەئـەویش محەمەدخانی تەکەللوو لەخانەوادەی هۆزەکانی قزلبـاش بـوو، ئـەویش تـوانی دامـەزراوە دەسـەڵاتدارێتییە سـەفەوییەکانی تێیدا سازبکاتەوە.

سـوڵتان سـولەیمانی قـانوونی بـەرەو بەغـدا بەڕێکـەوت و لـەدوای ئـەوەی شکسـتی بەسـەفەوییەکان هێنا رایگەیاند کە شارەکە مـوڵکی ئـەوە چـونکە زیلفیقاربـەگ ئـەوەتا کلیلی شارەکەی بۆ ناردووە و ئەم داگیرکاریەی لەلایەن تەهماسبی یەکەم بەدژایەتیکردنی خۆی دەزانێ.

دانیشـــتوانی شـــارەکە زۆر بەدڵخۆشـــیەوە پێشـــوازییان لەسوپای عوسمانییـــەکان دەکـــردو لەهەمان کاتیشدا بەرێبەریی پیاوە ئایینیەکان راپەڕینێك لەبەغدا سازکرا. بەڵام محەمـــەد تەکەلووی فەرمانڕەوای سەفەوییەکان شارەکەی بەجێهێشت و لەساڵی ٢٨تشـرینی دووەم ١٥٣٤ز بـــەفێڵ و تەڵکەبازییـــەکی زۆرەوە بـــەرەو ئێـــران رایکـــرد، ئینجـــا ســـوڵتان بەسەرکەوتوویی هاتە ناو شارەکەوە. شارەکانی دیکەی عیراقیش لایـەنگری خۆیـان بـۆ دەسەڵاتی باب عالی دووپات کردەوەو عیراقی خوارووش هاتە ریزی لایەنگرانی ســوڵتانی عوسمانیی و ئەوانیش توانیان بەسرە و قوتەییف و بەحرین بخەنە پـاڵ خۆیانـەوە، بەمـەش دەستیان گرت بەسەر یەکێك لـەرێگا گرنگـەکانی بازرگـانی نێـوان ئەوپـەڕی خـۆرەڵاتی ئەوروپا و بەهۆی کەنداوی عـەرەبی و بەغـداو موسـڵ و حەلـەب یـاخود بـەهۆی بەغـداو دیمەشـق و سـەیداو، ئەمـەش هێنـدەی دیکـە لێپرسـراوێتی بـەرگریکاریی سەرشـانی عوسمانییەکانی قورسکرد، بەتایبەتیش لەدژی پورتوگالیەکانی کەنداوی عەرەبی.

سوڵتان مـاوەی چـوار مـانگ لەبەغـدا مایـەوەو لـەو ماوەیەشـدا تـوانی کاروبارەکـان رێکبخاتەوەو شوێنە پیرۆزەکانی سوننەکانیشی چاککردەوەو سـولەیمان پاشای فەرمانڕەوای دیاربەکریشی کردە والی سەر بەغدا.

شایانی باسە کەنوێکردنەوەی دەسـەڵاتدارێتی سوننیەکان هـیچ چەوسـانەوەیەکی ئـایینی یـاخود مـەزهەبی لەگەڵـدا نـەبوو، بـەڵکو بەپێچـەوانەوە عوسمانییـەکان سیاسـەتی ئاشتیخوازانەو لێخۆشبوونیان پەیڕەو کردو شیعەکانیشـیان لەترسـی دانیشـتوانی بەغـدا پارێزگاری دەکردو هەروەها جولەکەو گاورەکانیشیان دەپاراست، زۆر بـەخێراییش بەغـدا لەژێر سێبەری ئاشتیپارێزیی عوسمانییەکان گەشـانەوەیەکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بـینی، لەدوای ئەویش بەسرە هاتە ژێـر فـەرمانڕەوای عوسمـانیی و، ئینجـا دەوڵـەتی عوسمـانی سەرپەرشتی زەریای مەنگیشی کرد.

شا تەهماسـبی یەکـەم لـەوێ نـەبوونی سـوڵتان سـولەیمانی یەکـەمی قـانونی لەبەغـدا بەهەلزانی و لە٩ کانوونی یەکەم١٥٣٤ز شاری تـەورێزی گێڕایـەوە بۆخـۆی و سـوڵتانیش ناچاربوو کەوا جارێکیدیکە هێرش بباتەوە سەر شارەکە تا دووبـارە بیگێڕێتـەوە بـۆ ژێـر دەسەڵاتی خۆی، شـا تەهماسـب بەئاشـکرا ئـەوەی راگەیانـد کـە نایـەوێ شـەڕ لەگـەڵ

عوسمانییەکاندا بکات و بەبێ شەڕ لەشارەکە هاتە دەرەوە، سولتان لە ٥ تـەمووز١٥٣٥ز ماوەی پانزە ڕۆژ لەشارەکەدا مایەوە و دوایی گەڕایەوە بۆ ئەستانبوول، جارێکی دیکە شا شارەکەی داگیرکردەوەو ئەلوەندخانی ئەفشاریشی کوشت چونکە درێغی کرد لـەدەرکردنی عوسمانییەکان و بەم بۆنەیەشەوە ئاهەنگی سازکرد.

گرنگی هێرشی عوسمانییەکان لەوەدا بوو کە توانی عیراق بخاتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانییـەوە و سـەفەوییەکانیشی بەیـەکجاریی لـەجیهانی عـەرەب دوورخسـتەوە، ئینجـا ویلایـەتی ئەرزەڕوومی دامەزراند و سنوورەکانی لەگەڵ قەوقازیش پاراست.

لەراستیشدا ئەو خستنە پاڵەی عیراق بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەیەکجارەکی سـەفەوییەکانی لەعەرەب دوورنەخستەوە و هەردوولا بەردەوام ململانێیـان لـەپێناو ئـەم وڵاتـە دەکـردو شەڕی نێوانیشیان لەسەدەی شانزەهەمدا بوو بەدیاردەیەکی ئاسایی .

ململانێ لەسەر ناوچەکانی دەوروبەر:

جولانەوە چالاکەکانی سەفەویی بەرەو ئەنادۆڵ هاندەربوو بـۆ ئـەوەی سـولتان سـولەیمانی قانوونی بەرەو خۆرەڵات بسوورێتەوە، چونکە ئاسـاییش لەسەر سنوورەکانی خۆرەڵات هەر لەساڵی ١٥٣٥-١٥٣٦ز و لەکاتی هێرشە گشتگیریەکە جێگیربوو، بـەڵام پڕوپاگەنـدەی سەفەوییەکان بەردەوامبوو لەبڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعی لەخۆراوای ئەنادۆڵ. نەشتوانرا کاروبارەکان بگەڕێننەوە سەر بنچینەی خۆی و بەمەش مەترسی نەمانی دەسـەڵاتی بـاب عالی لەم ناوچانەدا هەر بەردەوامبوو. ناکۆکی نێوخۆیی خانەوادەی سـەفەویی هـەلی بـۆ سولتان ڕەخساند بەئامانجی پشتگیریی لایەنگرانی عوسمانیی هێرشبکات.

لەلایەکی دیکەوە هێرشێکی دیکە بۆ سەر سەرفەوییەکان بوو بەکارێکی پێویست، چونکە سـەفەوییەکان دەسـتیان کردبـوو بەپـەیڕەوکردن و بڵاوکردنـەوەی بـەهێزیی زۆرداریـی مەزهەبکـەیان لـەنێو شـەروان لـەباکووری ئازەبێجـان و داغسـتانی خـۆرەڵاتی قـەوقاز. ئاشکراشە کەوا شاتەهماسبی یەکەم لەسـاڵی ١٥٣٩ز دەسەڵاتی خـۆی بەسـەر شـەرواندا سەپاند، ئەویش لەدوای ئەوەوە هات کەشاروخی فەرمانڕەوای کوشت و کە لێی یاخیبوو و

بڕیاریــدابوو هــیچ ســەرانەیەك نەداتــە ســەفەوییەکان، ئینجــا میرزاقــاسمی بــرای کــردە فەرمانڕەوای ئەو شارە. ئەو ویلایەتەش بەدوو خەسڵەت ناوبانگی هەبوو:

یەکەم: یەکێك بوو لەگرنگترین ئەو شارانەی حەریری بەرهەم دەهێنا.

دووەم: هێڵی بەیەك گەیشتنی نێوان قەوقاز و ئێران بوو.

قاسمیرزا پیاوێکی بەهیوابوو و بیری لەوەدەسهێنانی تەختی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەکان دەکردەوە، بۆیە لەنێوان خۆی براکەی کێشمەکێش سازبوو، پاشان سەربەخۆیی خۆی لــەم هەرێمەدا راگەیاندو براکەشی ناچاربوو هێرشێکی سەربازیی بکاتــە ســەر، بــەڵام بــەهۆی سۆزیی برایەتییەوە کێشەکەی وەلانا. چونکە دایك و کوڕەکــەی خــۆی نــاردە لایــی و بــۆ ئەوەی داوای بەزەیی لێبکەن و شا لێی خۆشبوو، کەچی هەر لەگــەڵ ڕۆیشــتنی برایەکــەی قــاسمیرزا جــارێکی دیکــە ســەربەخۆیی هەرێمەکــەی راگەیانــدەوەو لەســەر ســەکۆی مزگەوتەکانیشدا وتار بە ناوی خۆیەوە دەخوێندرایەوە و دراویشی بەناوی خۆیەوە چاپکرد کەئەویش ئاماژەبوو بۆ ئەم سەربەخۆییە. ئەوەبوو شا سوپایەکی ئامادەکرد و ڕووبــەڕووی بووەوەو شکــستی پێهێناو بەرەو وڵاتی عوسمانییەکان رایکرد و لەوێش لایەنگیریی خۆی بۆ سوڵتان راگەیاند و داوای لێکرد یارمەتی بدات تاکو ئێران داگیربکــات. لەوکاتەشــدا شــا ئیسماعیلی کوڕی کردە فەرمانڕەوای شەروان.

سوڵتان سولەیمانی قانوونی ئەم هەلەی لەتبوونی خانەوادەی فەرمانڕەوای ئێرانی قۆزتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی پڕۆژەکەی لەفراوانبوون لــەقووڵایی خاکی ئێران تەواوبکات، چونکە بڕوای وابوو کــەوا ئــەم جارەیــان لەبەرئــەوەی قــاسمیرزای لەپاڵە کلیلی وڵاتەکەی بەدەستەو، بڕیاریدا بۆخــۆی ســەرکردایەتی ئــەو ســوپایەبکات و لەگەڵ قاسمیرزاو عــەلی ســوڵتانی کــوڕی خــەلیلی فــەرمانڕەوای پێشــوو بــەرەو شــەروان کەوتەرێ و بەسەرکەوتوویی چووە ناوی و عەلی سوڵتانیشی کردە حاکمی ئەوێ، پاشان بۆ ڕەزامەندی و جەختکردنەوەی زۆری قاسمیرزا بەرەو تەوریز ڕۆیشت دوای ئــەوەی شــا لێــی کشایەوە لەتــەمووزی ١٥٤٧ز دەســتی بەســەرداگرت، ئینجــا قــەڵای وانــی گێڕایــەوە و داغستانی داگیرکردو بەهیچ شێوەیەکیش شا تەهماسب ڕووبــەڕووی نــەهات، ئــەو بــەرەو قەزوین دەچوو و لەبەر دووری لەمەیدانی شەڕەکان لەجیاتی تەوریز کردبووی بە پایتەختی

خۆی. لەدواییدا داوای لە قاسمیرزا کرد ناوچەکانی قوولایی ئێران داگیربکات و دەستیان بەسەردابگرێ و دەستی بەسەر ئەسفەهان و ئەهواز و شوشتەردا گرت و بەلاّم نەیتوانی بچێتە ناو دیزفوولەوە، ئینجا گەڕایەوە بۆ بەغداو ئەم سەرکەوتنانەش بوونە هۆی نووتبەرزی و لەوێشدا چەند کاروکردەوەیەکی ئەنجامدا و بەهۆیەوە سولتّان لێی تووڕەبوو و پەیوەندیەکانیان رووی لەخراپیکردو فەرمانیدا کەشەڕی لەگەڵدابکەن و سوپای عوسمانیی هێرشیان بۆ کردو شکستیان پێی هێنا، لەکۆتاییدا ولاّتەکەی بەجێهێشت و بەدیلی کەوتە دەست کۆمەڵێك لەقزلباشەکان و ئەوانیش بردیان بۆ لای براکەی و ئەویش بەندیکرد، پاشان لەساڵی ١٥٤٨ز کوشتی، سەرەڕای کێشەی میرزا بەم شێوەیە کۆتایی هات کەچی کێشەی یاخیبوونەکەی بووە هۆی شەڕی نێوانیان بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ. شایانی باسە سولتّان نەچووە ناو قولایی خاکی ئێران چونکە شا جارێکی دیکە هەرچی دارو باری ئەو ناوچانەی سەر رێی هەبوو بەر لەوەی تەورێز چۆڵبکات هەمووی سووتاند، بەمەش سولتّان نیگەران بوو ئەو ماوەیش مەترسی هێرش کردنی سوپای سەفەوییەکانی هەبوو.

ئەم هێرشانە جێ پێی سولتّان باب عالی لە خۆرەلاّتی ئەنادۆڵ جێگیرکرد، بەلاّم بیری لەوە نەدەکردەوە کەوا ئامانجە سەرەکیەکەی کە رووبەروو بوونەوەی شا تەهماسب و لەناوبردنی سەفەوییەکانە بێنێتەدی و لەساڵی ١٥٥٣ز ئەوەبوو جارێکی دیکە شەڕ دەستی پێکردەوە.

شا بەهۆی ئەو سوودەی لەپێگەیشتنی هەستی مەزەبی نەتەوەیی لای خەڵك لەناوەوەی ئێران توانی سوپایەکەی جارێکیدیکە رێکبخاتەوە، دیاربوو کە هەزاران کەس بەمەبەستی پارێزگاری کردنی مەزەبی شیعەی دوانزەیی روویان تێکردو هەریەك لە عەبدوڵلاّخانی ئستاجلوو و بەدرخانی ئستاجلوو و حوسێن قوولی بەگی حاکمی چەخوور و سەعدو محەمەد خانی موسڵووی تورکمان و شاوەردیخان و زیاد ئۆغلی فەرمانڕەوای قەرەباغی کردە سەرکردەی سوپاکانی.

لەناوەڕاستی بەهاری ١٥٣٣ز هەڵمەتە سەربازییەکان دەسیانپێکرد و عوسمانییەکان هەردوو شاری رەوان و نەهجەوانیان لەسەر کەناری باکوری رووباری رەس داگیرکرد کە مەڵبەندی ویلایەتەکەبوو و ئەیرەوان و قەرەباغیشیان وێرانکرد. پاشان عوسمانییەکان

لەرووباری ڕەس پەڕینەوەو بەرەو خواروی ئازەبێجان ڕۆیشتن و ناوچەکەیان لەشا تەسك کردەوە. لەلای خۆشیانەوە سەفەوییەکان شەروان و چەند بەشێکی ئەرمینیایان گێڕایەوە وەك خەلات و ئەرغیش و لەوێش لەگەڵ ئەسکەندەر پاشای حاکمی ویلایەتی ئەرزەنی عوسمانی کەوتنە شەڕ و شکستیان پێی هێنا، لەراستیشدا ئەو سوپایە بەسەرکردایەتی ئیسماعیل میرزای برای شا بوو.

لەوانەبوو ئەو شەڕە تاهەتایە بەردەوام بوایە و هیچ ئامانجێکیشی لێ پەیدا نەبووایە جگە لەوێرانی، شا دەرکی بەمە کردو ئامادەیی خۆی دەربڕی کەوا ئاشتبوونەوەیەك سازبکات، بەمەش نامەیەکی بۆ سوڵتان نارد و تیایدا داوای ڕێککەوتنێکی ئاشتیانە و ڕاگرتنی ئەو شەڕەی لێکرد کەماوەیەکی زۆری خایاندووە، بەڵام سوڵتان ئەم داواکاریەی ڕەتکردەوە چونکە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی ئەو ناگونجێ و ئەو هەمیشە بیری لەگێڕانەوەی ئەو ناوچانە دەکردەوە کەبەم دواییە بەدەست عوسمانییکانەوەبوو، لەبەرانبەردا نووسراوێکی هەڕەشە ئامێزیی بۆ شا ناردو تیایدا شەڕی ڕاگەیاند و بڕیاریدا کەبەرەو تەورێز پێشڕەوی بکات.

ئاشتبوونەوەی ئەماسیا:

سوڵتان سولەیمانی قانوونی لە ئەسکەندەرپاشای سەرکردەی سەربازیی باشتر نەبوو، چونکە ئەویش دووچاری زۆرێك لەکاری سەخت و دژواربووەوە، لەیەکێك لەرووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ سەفەوییەکاندا سینان پاشا کەسەرکردەی سەربازیی عوسمانیی بوو بەدیلگیرا، ئەوکاتە سەدری ئەعزەم محەمەد پاشا عەلی سوڵتان پێشنیاری ئەوەی کرد کەلەبەرانبەر ئازادکردنی سینا پاشا دەبێ ئاشتبوونەوە لەگەڵ شا تەهماسبدا بکات. کاتێکیش مەرجەکانی سوڵتان گەیشتە لای شا یەکسەر ڕازامەندی لەسەر نواندو نێردراوێکی ناردە لای لەئەماسیا کەناوی شاقوولی بوو و لەسەرکردەکانی هۆزی قاجاری قزلباشی بوو تاکو گفووگۆ لەسەر بەندەکانی ئاشتبوونەوەکە بکەن.

لەراستیدا هەریەکەیان ئارەزووی ماوەیەکی هێمنی و دوور لەشەڕیان دەکرد چونکە هەردوو لایان دووچاری چەند گرفتێکی تایبەت بەخۆیان بوون و باروگوزەرانەکە زۆر

ئەبارببوو بۆ ئەوەی لە ٢٩ئایار ١٥٥٥ز ئاشتبینەوەو مـەرامی هـەردووکیانی ئاشـکراکرد، رێککەوتنەکەش لەم بەندانە پێکهاتبوو:

-ئازەربێجانی خۆرهەڵات و ئەرمینیای خـۆرهەڵات و کەرجستـانی خـۆرهەڵات بخرێنـە ژێـر دەسەلاتی سەفەوییەکان، لەوکاتەی کەوا ئـەرمینیای خـۆراواو کەرجسـتـانی خـۆراواو عـیراق بکەوێتـە ژێـر دەسـەلاتی عوسمانییـەکان، بەمـەش ویلایـەتی قـارس دەبێتـە سنوورێکی روون و ئاشکرای نێوان ئەو دوو دەوڵەتە.

-سـنوورەکانی ویلایـەتی شـارەزوور دەسنیشـان بکـرێ و هـەموو رووداوێکـیش کـە کاریگەری هەبێ بۆ ریزەکانی ئیـسلام تێیدا قەدەغەبکرێ.

-مسـۆگەرکردنی سـەلامەتی ئـەو حاجیـە شـیعانەی کەلەئێرانـەوە بـەرە و شـوێنە پیرۆزەکانیان دێنە عیراق و زەوییە پیرۆزەکانی ئیسلامی دەچنە حیجاز.

-هەردوولا نابێ دالّدەی خەڵکی دەسـەلاتدارو پایەبـەرزی نێـو حکومـەتی هەریەکـەیان بدەن، هەرکەسێکیش پەنای بۆ هێنـان دەبـێ هەوڵبـدەن بیدەنـەوە دەسـت حکومـەتی لایەنەکەی خۆی.

ئەم رێککەوتنە لەبەرئەوەی ژمارەی بەندەکانی کەمبوون هەندێ هۆی سەرەکیمان بۆ روون دەکاتەوە کەلەپاشان جەنگی لێوەدروستبوو:

- دەوڵەتی عوسمانی لەهەوڵی ئەوەدا بوو کەوا ئارامییەك لەسـەر سـنوورەکانی بـەرەی خۆرهەلاتی لە ئەنادۆڵ پەیدابکات و قارسیش یەکێك بـوو لـەو قـەلا سـەخت و دژوارانـەی کەبواری زیاتر بەعوسمانییەکان دەدا پارێزگاری لەسنورەکانی خـۆرهەلاتی بکـات لـەکاتی پەلامار و هێرشدا.

- کێشەی سنووری نێوان ئەو دوو دەوڵەتە ببووە هۆی سازبوونی تەنگژەی دووردرێـژی نێوانیان، لەهەموو کێشەکانیش ئاڵۆزتر دەسنیشانکردنی سنوورەکانی نێوانیـان بـوو کـە کوردی لێنیشتەجێبوو لەبەرەی خۆرهەلات و هەریەکێکیشـیان ئـارەزووی ئـەوەیان دەکـرد کەوا سنووری خۆی بزانێت تاکو لەکاتی هێرش و جەنگەکاندا بتوانن پارێزگاری لەتـەواوی سنوورەکانی خۆیان بکەن، عوسمانییەکانیش بەمەبەستی لەناوبردنی سـەفەوییەکان شـەڕ

هەڵنەگیرســێنن، لەبەرانبــەردا ســەفەوییەکانیش ئــەم راســتییەیان لا بەرجەســتەبوو بەردەوامیی لەو دوژمنایەتییەی عوسمانییەکان هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نییە، ئینجا کۆتایی بەدەستنیشانکردنی ئەو سنوورانە هات کەهەردوو دەوڵەتەکە لێك جیادەکاتەوە.

- دابەشکردنی ناوچەکانی دەوروبەر هەلی بۆ سەفەوییەکان رەخساند کەبەهۆی ئەوەی بەشەکانی ئەوان لێیانەوە نزیك بوو سنوورەکانی خۆیان مسۆگەربکەن، هەروەها هەندێك بەشی ئەوتۆی ئەو ناوچانەیان بەرکەوت کەبووە هۆی پاڵپشتییەك بۆیان لەبەرهەمهێنانی حەریر چونکە گەنجینەکانیان لەم ماددانە کەموکوڕی زۆری پێوەدیاربوو. لەبەرانبەریشدا عوسمانییەکان ئەو ناوچانەیان بەرکەوت کەحەریریان تێدا کۆدەبێتەوە بەتایبەتیش تەورێز و ناوچە ستراتیژییەکان و بەمەش جێ پێیەکیان لەناوچەکانی بەرهەمهێنانی حەریر لەئێران مسۆگەرکرد، ئەویش لەدوای ئەوەوە هات کە دەسەڵاتیان لەبواری بازرگانی هیندی لەئەنجامی ئەوەی عیراقییان خستەپاڵ موڵکەکانی خۆیان لەساڵی ١٥٣٤ز.

- ئاشتبوونەوەکە لایەنی بیروباوەڕیی ئایینیشی گرتەوەو بەهۆیەوە عوسمانییەکان رێگایان بەسەفەوییەکاندا سەردانی شوێنە پیرۆزەکان و مەککە بکەن. ئاشکرایە کە دابین کردنی سەلامەتی حاجییە ئێرانیەکان یەکێك بوو لەهۆیەکانی ململانێی نێوان هەردوولاو، جگە لەمەش حەجاجەکان تاوانی ئەوەیان دەخستە پاڵ دەسەڵاتدارێتی عوسمانیی و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی عوسمانی لەعیراق و خێڵە عیراقیەکان کەدەستیان بەسەر پارەی ئەواندا دەگرت و مامەڵەی زۆر نابەجێ و ناشایەستەیان بەرانبەر دەکردن، کەچی عوسمانییەکان خودی خۆیان هەڵسوکەوتی زۆر باشیان لەگەڵدا دەکردن چونکە سوودی زۆری ماڵییان لەو حەجاجانە دەبینی، بەڵام هێزە خێڵەکیەکانی عیراقی بەبێ جیاوازی تەنگیان بە کاروانی حاجی و بازرگانەکان هەڵدەچنی و، ئەم کارەش دەبووە هۆی نیگەرانییەکی زۆر بۆ ئێرانییەکان.

بەمشێوەیە ئەم دوو دەوڵەتە چوونە قۆناغێکی هێمنی و ئارامی کەماوەی بیست و سێ ساڵی خایاند.

ململانێـــی خانـــەوادەیی لـــەولاٚتی عوســـمانییەکان و کاریگـــەریی لـــە ئاشتبوونەوەی ئەماسیا:

پەیوەندیەکانی عوسمانی و سەفەوییەکان لەدوای پرۆسەی ئاشتبوونەوەی ئەمایسا هێمنی بەخۆیەوە بینی، هەردوولاش ئەم کەشوهەوایەیان زۆر پێخۆش بوو چونکە ببووە هۆی ئەوەی خۆیان سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی گەورەتربکەن، بەلاٚم ئەم پرۆسەی ئاشبوونەوەیە رووبەرووی یەکەم تاقیکردنەوەی هەتەرانە هات، ئەویش پەیوەندی بەو ململانێیە هەبوو لەناو خانەوادەی عوسمانی سەری هەڵدا. سولتان سولەیمانی قانونی لەساڵی ١٥٥٩ز رێکخستنەکانی ریزی میرزادەکانی لەنێوان بایەزید و سەلیمی کوڕی دەسپێکرد، یەکەمیانی لەفەرمانڕەوایەتی ئەماسیا لابردو کردیە حاکمی قوونیە، بەلاٚم دووەمی لەفەرمانڕەوایەتی قوونیە لابردو کردیە دەسەلاٚتداری ئەماسیا، کەچی ئەم گۆڕانکارییە لەگەڵ ئارەزووەکانی بایەزید یەکی نەدەگرتەوەو هێرشی کردە سەر براکەی تا نەگاتە شوێنی ئیشکردنی نوێی و لەئەنجامدا خۆی شکستی هێنا، باوکیشی پاڵپشتی لەسەلیمی کوڕی کردو بایەزیدیشی ناچار لەرێی ئەرمینیاوە بەرەو ئێران رابکات، کەلەو رێگایەدا نزیکەی دە هەزار سەرباز و چوارکوڕی خۆی لەگەڵدابوو.

وادیاربوو شاتەهماسبی یەکەم رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەتیژکردنی ململانێی نێوان ئەو دوو برایە تاکو بتوانێ ئەوەی مەبەستیەتی لەدارشتنەوەی بەندەکانی رێکەوتنامەی ئاشتەوایی ئەماسیا وەدەستی بهێنێ، بەلگەش:

- زیادە رەوی زۆری کرد لەرێزگرتن و پێشوازی کردنی بایەزید.
- پەیمانی دایە بایەزید کەنەیداتەوە دەست باوکی.
- کاتێك سولتان داوای لەشاتەهماسب کرد کوڕەکەی بداتەوە دەست، لەوەلاٚمدا رەزامەندییەکی مەرجداری بۆ دەربڕی ئەویش بریتیی بوو لە دووبارە دارشتنەوەی بەندەکانی رێککەوتنامەی ئاشتی ئەماسیا، کەداوای دەکرد قەلاٚی قارسی ستراتیژی نێوان هەرێمی ئەرزەروومی تورکی و هەرێمی ئەرمینیای ئێرانی برووخێنرێ.

بایەزید وای مەزەندە دەکرد کەوا شا یارمەتییەکی باشی سەربازیی دەدات تا بتـوانێ رووبەرووی باوکی ببێتەوە، بەلاّم شا هیچ بەرژەوەندییەکی ئێرانی لـەم کـارەدا بـەدی نەدەکرد، هەموو مەبەستێکی ئەوەبوو وەك كـارتێکی فشـار پارێزگـاری لێبکـات و بەکاریبهێنێ، ئەوەبوو عەلی ئاغای ناردە لای سوڵتان بۆ ئەوەی لێـی بپارێتـەوە تـا لێی خۆشبێ، بەلاّم نێردراوەکەی لەم کارەیدا سـەرکەوتنی بەدەسـتەهێناو، ئـەویش لەپێناوی ئـەوەی پەیوەندییـەکانی نێوانیـان نەشـلەژێ بایەزیـدی بەنـدکرد. پاشـان لەنێوانیاندا دانوستان دەستی پێکرد و ماوەی دووسـاڵی خایاند (١٥٦٠تـا١٥٦٢ز)، لەو نێوانەشدا سوڵتان بەمەبەستی دەربڕینی هەڵوێستی ئاشـتیخوازانە و پارێزگـاری کردن لەرێککەوتنامەی ئاشتی ئەماسـیا عـەلی پاشـای فـەرمانڕەوای مەرعـەش و حەسـەن ئاغـای چاشـنی گـەرباجی و چـەند دیاریـەکی نـاردە قـەزوین، بـەلاّم شـا لەبەرانبەردا نووسراوێکی بەنێردراوەکانیەوە بۆ نارد کەتیایدا لەبەرانبـەر گێڕانـەوەی بایەزید داوای بەغدای کرد. کەچی سـوڵتان ئـەو داوایـەی رەتکـردەوە، سـاڵی دوای ئەویش شا نێردراوێکی خۆی ناردە لای سوڵتان و داوای لێکرد کەوا کاروباری کەربەلا و نەجەف بخاتە ژێـر دەسـەلاّتی کوڕەکـانی، دیسـانەوە سـوڵتان ئـەم داوایەشـی بـۆ جێبەجێ نەکرد، جاری سێیەم شا داوای لێکـرد دەسـکاری رێکەوتنامـەی ئەماسـیا بکرێ یـاخود رێککـەوتنێکی نـوێ سـازبکەنەوەو، دیسـانەوە جگـە لـەنارازیبوونی سوڵتان هیچی دیکەی وەرنەگرتەوە. لەساڵی ١٥٦٢ز نێردراوێکی سـوڵتان گەیشـتە قەزوین و نامەیەکی پێبوو بۆ شا کە لەسێ بەند پێکهاتبوو:

- شاتەهماسب بایەزید بداتەوە دەست باوکی.
- لەسەر داخوازی ئەو قەلاّی قارس بڕوخێنرێ.
- رێککەوتنامەی ئەماسیا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

شا بەم چارەسـەریانە قایـل بـوو، و بڕیاریـدا بایەزیـد و چـوار کوڕەکـەی ئـازاد بکـرێن و بدرێنەوە دەست نێردراوی سوڵتان و ئەوانیش لەنزیك قەزوین هـەموویان کوشـتن و ئینجـا تەرمەکانیان بردەوە بۆ سیواس.

بەمجۆرە رێککەوتنامەی ئەماسیا لەلەناوچون رزگاریبوو، ئەم کێشەیەش بەسەریانەوە رۆیی بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی نالەباری هەبێ لەسەر پەیوەندیەکانییان. لەراستیشدا هەڵسوکەوتی سوڵتان هۆی سەرەکی بوو لە رزگاری کردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

گومانی تێدا نییە کە شاتەهماسبی یەکەم زۆر ئاسوودەبوو بەجێگیربوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ عوسمانییەکان، بەتایبەتیش ئەوکاتە دەوڵەتەکەیان لەقۆناغێکی زۆر بەهێزدابوو تەنانەت پاشاو میرزادەکان و فەرمانڕەوەکانی ئەورووپاش هیوای ئەوەیان دەخواست کە سوڵتان رووی خۆشیان تێبکات، چونکە ئەوکاتە عوسمانییەکان خاوەنی چەکی پێشکەوتووی وەك تۆپ و کەشتی سەربازیی و هونەری ئەندازیاریی سەربازیی بوو، لەوکاتەی سەفەوییەکان جگە لەچەکە سەرەتاییەکان بەبەراورد لەگەڵ هی ئەوان هیچی دیکەیان نەبوو، تا ئەم کاتەش هەر خەریکی تووندکردنی ئەستووندەکانی مەزەبی شیعی بوون لەولاتەکەیانداو، ئەم مەزەبەش هەمیشە دووچاری مەترسیەکانی ناوخۆ و دەرەوە دەبوو.

بەردەوام بوونی پەیوەندییە دۆستانەییەکانی نێوان سەفەویی و عوسمانییەکان تامردنی شا تەهماسبی یەکەم:

لەساڵی ١٥٦٦ز کاتێك سوڵتان سولەیمانی قانوونی گەمارۆی شاری سیجتواری لەولاتی مەجەر لەسەر سنووری نەمسا دابوو کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆیشی دەوڵەتێکی بەهێز و پان و بەرین و خاوەن توانایەکی زۆری بەجێهێشت، کە سەردەمی ئەو پرشنگدارترین ساڵەکانی دەوڵەتی عوسمانیی بوو، سەلیمی دووەمی کوڕی لە١٥٧٤ز وەك سوڵتانی عوسمانیی جێگای گرتەوە. هەرکە دەسەلاتی گرتە دەست یەکسەر نێردراوەکانی لەخۆرەلات و خۆراواوە دەهاتن بۆ لای و پیرۆزبایيان لێدەکرد. لەوانەش شا تەهماسبی یەکەم نێردراوێکی بەسەرۆکایەتی شاقوولیی خان کەلە هەشت سەد کەس پێکهاتبوو و لەگەڵ کۆمەڵێك دیاری بەنرخی بۆ نارد، ئەوەبوو سوڵتان چەند کەسێکی نزیکی خۆی نارد و لەنزیك ئەرزەرووم پێشوازییان لێکردن و تاکو ئەردەنە و تاگەیشتنە نزیك سوڵتان

یاوەریان بوون و لەوێش سولتان بەجوانترین شێوە پێشوازی لێکردن و رێزی زۆری لێگرتن. لەدواییدا وەفدەکە پیرۆزبایی خۆی پێشکەشکرد و ئینجا دیاریەکان.

دوای ئەوەی ماوەیەك وەفدەکە لەلای سەدری ئەعزەم مانـەوە جـارێکی دیکـە سـەردانی سولتانیان کردەوەو نامەیەکی دۆستانەو دەسودیارییان بۆ شا لێوەرگرت، شایانی باسە بەر لەوەی کە خاکی عوسمانی بەجێبهێڵن و بگەرێنەوە بۆ وڵاتـی خۆیـان لەلایـەن حکومـەت پێـداگری عوسمانییـەکانیان لەســەر بەنـدەکانی رێکەوتنامــەی ئاشـتی ئەماسـیا بـۆ دووپاتکردنەوەو نێردراوەکەش هەڵیگرت و بردیەوە بۆ تەهماسب لەقەزوین.

لەئەنجامی داگیرکردنـی دوورگـەی قوبرسـی سـەر بەڤینیسـیا لەسـاڵی ١٥٧٠ز لەلایـەن عوسمانییەکانەوە، ئەوانە روویان بـەلای سـەفەوییەکاندا وەرگێـراو داوای هاوپـەیمانێتیان لێکرد لەدژی عوسمانییەکان و بۆ ئەم مەبەسـتە باڵیۆزێکیـان نـاردە قـەزوین، بـەڵام شـا ئەوەی رەتکردەوە بۆ لێدانی عوسمانییەکان لەگـەڵ ئەوانـدا هاوپـەیمانێتی بکـات ئـەویش لەبەر رێز و ئەمەکداری خۆی لەبەرانبەر رێککەوتنامـەی ئەماسـیا و ئـەو دۆسـتایەتیەی کەبەسولتانی عوسمانی دەیبەستێتەوە.

لەسـاڵی١٥٧٤ز سولتان سەلیمی دووەم کۆچـی دوایـی کـردو مـورادی سـێیەم (١٥٧٤-١٥٩٥ز) جێیگرتـەوە. هەرکـە شـا تەهماسـبی یەکـەم ئـەم هەواڵـەی بیسـت یەکسـەر نێردراوێکی پایەبەرزی بەسەرۆکایەتی تـەقماقخانی ئەسـتاجلوو و بـەیاوەری دوو سـەد و پەنجا سوارەوە و بەدەسـودیاریەکی زۆرەوە کـەپێکهاتبوو لـەباری پـەنجا وشـتر نـاردە لای سولتانی تازەو پێشکەشی کرد، هەروەها نامەیەکیشی دایێ کەتیایدا سەرەخۆشی مردنی باوکی لێدەکردو لەلایەکی دیکەش پیرۆزبـایی فەرمانڕەوایەتیەکـەی لێـدەکرد، هـەروەها لەلایـەکی دیکـەی نامەکـەدا داوای لەسـولتان مـورادی سـێیەم کـرد کـەوا پشـتگیری لەحەیدەرمیرزای کوڕی بکات کەلەدوای مردنی دەبێتە شای سەفەوییەکان. چونکە بەهۆی ئـەو تەشەنەســەندنی ململانێـی نێـو خانەوادەکـەی ترسـی دوارۆژی کوڕەکـەی هـەبوو، سولتانیش بەڵێنی پێدان داواکاریەکەیان بۆ جێبەجێبکات.

بەڵام بەمردنی شا تەهماسبی یەکەم پەردە لەسەر قۆناغەکانی هێمنیی و ئاسایش لادرا، کەلەوەتەی رێککەوتنی ئەماسیاوە لەنێوانیان بوونی هەبوو.

هاریکاری نێوان سەفەوییەکان و مەگۆل لەململانێی سەر ئەفغانستان و هیندستان:

ئەماوەی ململانێی سەر هیندستان لەنێوان مەگۆل بەسەرکردایەتی هەمایۆنی کوڕی بابەر و ئەفغانستان بەسەرۆکایەتی شێرشا، یەکەمیان دووچاری شکستێکی زۆر گەورە هات لەشەڕی قەننوج لە١٧ئایاری ١٥٤٠ز و ناچاربوو کەلەهیندستان بێتەدەرەوە، پاشان رووی کردە ئێران و بوو بەمیوانی شا تەهماسبی یەکەم و ئەویش رێزێکی زۆری لێگرت و میوانداریەکی باشی کرد.

لەراستیدا هەمایۆن لەدوای شکستەکەی بەتەمای ئەوەبوو بچێتە ئەکرا و لەوێوە بۆ کشمیر، بەلاّم کەمیرانی برای کە فەرمانڕەوای ئەفغانستانبوو رێی پێگرت و ناچار رووی لەسەند کرد کەئەوکاتە لەبارێکی زۆر ناخۆش و نارێکدابوو و کەس نەبوو هانای بۆ ببات، تەنانەت براکانیشی بەردەوام پیلانیان بۆ دەگێڕاو زۆربەی سەربازەکانیشی پشتیان تێکرد، تەنها میرجەهگەر نەبێ بەهانایەوە هات و یارمەتیدا، ئەوەبوو سی بەلەم و بیست هەزار مسقاڵ زێڕ و دوو هەزار باری ئێستر و سێ سەد باری وشتری پێشکەشکرد.

ئینجا هەمایۆن بەرەو قەندەهار رێیگرتەبەر و کاتێکیش گەیشتە ئەوێ هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کەوا کەمیرانی برای بەرەورووی دێ و مەبەستی ئەوەیە دیلی بکات، بۆیە بیری لەپەناگەیەکی دیکە کردەوە بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن. لەوێوە رووی بەرەو ئێران وەرگێڕاو ئەوکات شا ئاگاداری مەبەستی ئەو سەردانەی هەمایۆن بوو، بۆیە هەمایۆن ژنەکەو کوڕەکەی لەقەندەهار بەجێهێشت و بەیاوەری راوێژکارەکەی کەناوی پیرەمحان بوو بەرەو سیستان چوو.

جێگری یەکەمی تەهماسب لەسیستان پێشوازیەکی گەرمی لەهەمایۆن کرد کەبەمەبەستی قەزوین بەرێکەوتبوو، کاتێکیش گەیشتە هەرات مەحمودمیرزا پێشوازی لێکرد کە گەورەترین کوڕەکانی تەیموورلەنگبوو، ئینجا بەردەوام نێردراوەکانی شا زیاد لەپێویست و بەگەرمییەوە بەفەرمانی شا تەهماسب پێشوازییان لەهەمایۆن دەکرد تاگەیشتە کەنارەکانی قەزوین، لەوێ لەگەڵ شا تەهماسبدا کۆبووەو شا داوای لێکرد

لەبەرانبەر یارمەتیەکانی بێتە سەر مەزەبی شیعە و قەندەهار بدرێ بەسەفەوییەکان ئەویش لەدوای ئەوەی کەوا دەستی بەسەردا دەگرێ.

سەرەتا هەمایۆن ئەم پێشنیارەی سەفەوییەکانی بەلاوە پەسەندنەبوو، بەلاَم بەئامۆژگاری پێرەمێکانی راوێژکاری کەلەسەر مەزەبی شیعەبوو رەزامەندی نواند لەسەر گۆڕینی مەزەبەکەی، لەراستیشدا ئەو قایل بوونەی لەبەر ئەوەبوو تاکو شا نەرمی بنوێنێ لەیارمەتیدانی و لەدواییشدا بەقەندەهاریش قایل بوو. لەلایەکی دیکە هەمایۆن لەبەردەمی شا تووڕەیی و هەڵچوونی خۆی نیشاندا بەهۆی ئەو هەڵوێستەی براکانی لەبەرانبەریدا نواندیان و نکوڵیان لەبرایەتیەکەی کرد، تەنانەت بەهرامی برای شا خەریك بوو دەسپێشخەری لەلەناوبردنی براکانی خۆی بکات، ئەوەبوو هانی برایەکەی دەدا بیکوژێ بەبیانووی تۆڵەسەندنەوەی ئەو هەڵوێستەی بابەری باوکی نواندی لەکاتێکدا سەفەوییەکان پێویستیان بەیارمەتی هەبوو لەشەڕی دژ بەئۆزبەکەکان لەسەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم کەچی ئەو پشتی تێکردن. لەم کاتەدا سوڵتان بێگەمی خوشکی شا هاتە ناو کێشەکەو توانی بەزیرەکیی و دانایی خۆی ئەم پیلانە هەڵوەشێنێتەوە.

بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی زۆر گەورە بۆ یادی ئەم رووداوە مێژووییە سازکراو لەسەر دیوارەکانیشدا وێنەی کێشرا و وەك نەقشێکیش لە جۆسەق چهلی ئەسفەهانیش هەڵکەندرا.

هەمایۆن لەئێراندا مایەوەو بەردەوام چاودێری باری ناوخۆی هیندستان و ئەفغانستانی دەکرد، چونکە لەوێدا جێنشینەکانی شێرشا لەسەر دەسەلاَت ململانێیان دەکرد. لەوکاتەدا براکانی فەرمانڕەوایەتی ئەفغانستانیان دەکرد، بۆیە بڕیاریدا کەوا دەسەلاَتەکەی خۆی بگێڕێتەوەو سەرەتاش لەئەفغانستانەوە دەستی پێکرد، لەم پێناوەشدا شا تەهماسبی یەکەم بەدوانزەهەزار سەربازی قزلباشەکان پشتیوانی لێکردو بەرەو قەندەهار پێشڕەویان کرد، لەئەنجامدا توانی شارەکە لەژێر دەستی کەمیرانی برای دەربهێنێتەوەو خستیە ژێر دەستی مورادخانی برای شا تەهماسبی یەکەم بەپێی ئەو رێککەوتنەی لەنێوانیاندا هەبوو و لەهەمان شەڕیشدا هەندالی برای کوژرا.

هەمایۆن داوای لەمورادخان کرد کەوا زستانەکە لەقەندەهار بباتەسەر، بەلاّم ئەو ڕەتیکردەوە، وادیاربوو لەمانەوەی نێو ئەو شارە دڵنیانەبێ. بەمەش هەمایۆن بەزۆریی دەستی بەسەر شارەکەدا گرت و پەیمانی ئەوەی دایێ کەوا ئەگەر کابوڵ و بەدەخشانی داگیرکرد ئەوا قەندەهاری بۆ دەگێڕێتەوە. کەچی زۆری پێنەچوو مورادخان کۆچی دوایی کردو شارەکەش بەدەست هەمایۆنەوە مایەوە، ئینجا توانی بەیەکجاری لەو هەموو ئاسۆری و ئاستەنگانە رزگاری بێ کە براکانی بۆیان دروستکردبوو و ئامادەنەبوون یارمەتی بدەن و بەردەوام پیلانیان لەدژی دەگێڕا هەتا ئەو کاتەی لەهیندستان وەدەریان خست، هەموو کاتێکی خۆشی بۆ گێڕانەوەی زەویەکانی خۆی لەم وڵاتە تەرخانکرد و پێرەمخانی راوێژکاریشی رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەم ڕووداوانەداو، پاشان دەستی بەسەر دەلهی و ئەکرادا گرت و لەوێشدا نازناوی خانی خانانی بەخشیە پێرەمخان و کردیە راوێژکاری کورە گەورەکەی.

بەمجۆرە هاوکاریەکی بەرهەمدار لەنێوان سەفەوییەکان و مەگۆل بەسەرکردایەتی هەمایۆن سازبوو و بەهۆیەوە توانرا ئاواتەکانی ئەم دواییەی کە گێڕانەوەی موڵکەکانی بوو بهێنێتەدی.

پەیوەندەیەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئەورووپا:

بەهۆی گۆڕانی باری سیاسی شا تەهماسبی یەکەم ئارەزووی لە شا ئیسماعیلی باوکی کەمتر بوو بۆ سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەورووپا. ئەو ڕێککەوتنەی ئەماسیای نێوان سەفەویی و عوسمانییەکان هەموو کێشەو ململانێیەکانی نێوانیانی کۆتایی پێهێنا و بەردەوام لەنێوانیاندا نامەی دۆستایەتی هاتووچۆی دەکرد و لەهەمووشیاندا جەخت لەسەر ئاشتی و ڕێزی نێوانیان دەکرایەوە. بەلاّم شا لەگەڵ پورتوگالدا تا ماوەیەکی کەم بەر لەمردنی هەر پەیوەندییەکانی باش بوو کە کەوتبووە سەر سنوورەکانی خوارووی دەوڵەتەکەی، لەساڵی ١٥٥١ز سپاستیانی شای پورتوگال نێردراوێکی ناردە لای شا بەمەبەستی ڕێکخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر لایەنە بازرگانییە هاوبەشەکانیان و ئەندامانی بالاّی سەفەویی زۆر بەگەرمی پێشوازیان لە نێردراوەکەکرد، پاشان پێشکەوتنی سیاسی و بازرگانی لەکەنداوی عەرەبیدا دروستبوو،

هەروەها لەساڵی ١٥٧٤ز لەبەر بەرەنگاربوونەوەی دانیشتوانی هورمز لەرووی هێزەکانی پورتوگالی نێو وڵاتەکەیان و سەرەتای دەسوەردانی ئینگلیز و رووسیەکان لەکاروباری بازرگانی خۆرهەڵاتی خواروو، جارێکی دیکە پورتوگال نێردراوێکی دیکەی ناردەوە بۆ لای شا، لەهەمان کاتیشدا ئەلیزابێسی شاژنی بەریتانیا بەهاوکاری رووسیا نێردراوێک کە نوێنەرایەتی کۆمپانیای بازرگانیی ئینگلیزی دەکرد بەسەرۆکایەتی ئەنتۆنی جانکسۆن نارده ئێران تاکو بتوانن هاریکاری بازرگانیی لەنێوانیاندا سازبکەن، بەڵام شا کەهەمیشە ئارەزووی ئەوەی دەکرد بازرگانی لەگەڵ پورتوگالیەکاندا بکات و بەهۆی ئەوانیشەوە سوود لەشارستانێتی ئەورووپا وەرگرێ، ئەم پێشنیارە هاوبەشەی ئینگلیز و رووسەکانی رەتکردەوەو زۆر بەساردیش پێشوازی لەباڵیۆزەکان کرد.

مردنی تەهماسب شای یەکەم:

لەکۆتایی ماوەی فەرمانڕەوایەتی شا تەهماسبی یەکەم ئێران کەوتە ناو گێژاوی کێشەکانی خانەوادەیی لەپێناو دەسەڵات و سەرکردەکانی قزلباش بوون بەدوو بەش، یەکەم پێکهاتبوو لەسەرکردەکانی رۆملوو و ئەفشار و تەکەللوو و شەرکەس و ئەوانەش پشتگیرییان لەمیرزا ئیسماعیل دەکرد، لەهەمان کاتدا بەشی دووەم پێکهاتبوو لەسەرکردەکانی ئەستاجلوو خاوەنی پەیوەندییەکی زۆر خراپ بوون لەگەڵ ئیسماعیل و لەستەم و دڵڕەقییەکەی دەترسان کەئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست لەوانەیە زۆر بێبەزەییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆیە پشتگیرییان لە میرزا حەیدەری کوڕی سێیەمی شا کرد.

حوسێن بەگی یوزباشی سەرۆکی هۆزی ئەستاجلوو بوو لەهەمان کاتیشدا وەسی سەر میرزا مستەفای کوڕی شا بوو، چونکە شا زۆر باوەڕی پێی هەبوو و لەهەموو کاروبارەکانی دەوڵەتدا بەشداریی پێدەکرد، ئینجا بڕیاریدا کەوا حەیدەر بەرزبکاتەوە بۆ پلەی جێنشینیی. لەپێناوەی ئەوەی هەڵوێستی خۆی بەهێزبکات پەیوەندی بە هەریەك لەسەدرەدین خانی سەفەویی سەرۆکی هۆزی شێخاوەند و حاکمەکانی کەرەج کەلە دایکیەوە خزمی میرزا حەیدەربوون و میرزادەکانی هۆزی قاجار ئەوانەی خاوەنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بوون لەناوچەکەداو داوای لێکردن کە هەوڵەکانیان یەکخەن بۆ ئەوەی میرزا حەیدەر بپاڵێون بۆ جێنشینیی.

لەبەرانبەریشدا سەرکردەکانی ڕۆملوو و ئەفشار و تورکمان و تەکللوو و شەرکەس بەسەرۆکایەتی حوسێن قوولی نوێنەری شا وایان بەچاك دەزانی کە مافی ئەم پلەیە هی میرزا ئیسماعیلی کوڕی دووەمی تەهماسب شای یەکەمە لەلایەکی دیکەش لەبەر ئەوەی کوڕە گەورەکەی چاوەکانی لەدەستدابوو بۆ فەرمانڕەوایەتی نەدەگونجا.

ئەم دوو لایەنە بەردەوام و بەنهێنیی هەوڵیان بۆ بەجێهێنانی مەرامەکانیان دەدا، تا لەساڵی ١٥٧٦ز تەهماسب زۆر بەسەختی نەخۆش کەوت و، هەر لایەنێك لەوانە بەئاشکرا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاندو هیچ گرنگیشیان بەرای شا نەدا کەبەڕای ئەو میرزا حەیدەر لەهەردووکیان باشتر بوو بۆ جێگرتنەوەی. بەلاّم پەریخان خانمی کچی دووەمی شا و لەلای باوکی دیلبوو، ئەم بۆچوونەی باوکی ڕەتکردەوەو قایلی کرد کە سولەیمان میرزا ئەم پلەیە وەرگرێ. وادیاربوو ڕای ئەم کچەی کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر شا، بۆیە بەشوێنیدا ناردو هێنایە قەزوین بۆ ئەوەی لەسەر کاروبارەکانی حکومەت ڕاببهێنێ و لایەنگرانی میرزا حەیدەریشی دوورخستەوە بەتایبەتیش حوسێن بەگی یوزباشی.

شاتەهماسبی یەکەم لەم باروگوزەرانە سەخت و دژوارە سیاسیەدا لەتەمەنی شەست و چوار ساڵی لەدوای دەسەلاتداریتیەکی سی و پێنج ساڵی، لەرۆژی سێشەمە ١٥ئایار١٥٧٦ز کۆچی دوایی کرد.

گرنگی تەهماسب شای یەکەم:

ئەم فەرمانڕەوایە لەهەموو ئەوانی دیکە زیاتر تەمەنی فەرمانڕەوایەتی درێژبوو، هەرچەندە کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئیسماعیل شای یەکەم لەلایەنی ئیدارەو هێرش و داگیرکردنەوە، بەلاّم توانی پارێزگاری لەدەسکەوتەکانی دەوڵەتی سەفەویی بکات و نەیەڵێ لەناوبچن، بەردەوامیش ڕووبەڕووی دوژمنان دەبووەوە.

شا ناوبانگی بەئارامگریی لەکاتی تەنگانەو بەرگەگرتنی ناسۆریەکان دەرکردبوو، زاڵبوو بەسەر قزلباشەکان و توانی بۆ بەرگریکردن لەدەوڵەتەکەی سوودیان لێوەرگرێ، ئەمانە خەریکی ئەوەبوون دەست لەکاروباری دەوڵەت وەربدەن کەهەرگیز ئەم کارە ئەرکی ئەوان نەبوو، بۆیە کۆمەڵێك پلەو پایە و پارە و زەوی و زاری پێبەخشین و چاوی شکاندن، بەردەوام لەسەرانسەری وڵاتەکەیدا لێکی جیادەکردنەوەو هەرگیز نەیدەهێشت لەهیچ

شوێنکدا ببنە خاوەن هێزی مەترسیدارو جاری واش هەبوو بەندی دەکردن یـا دەیکوشـتن، هەندێك جاریش هەڵسـوکەوتەکانی پشـگوێ دەخسـتن یـاخود وەك تەماشـاکەرێك لێـی دەڕوانین.

شا زیاتر لەخەڵکە هەژار و سـادەکانی وڵات خۆی نزیك خسـتەوە و گوزەرانی بۆ رێکخسـتن و، هەر ئەم هەڵوێستەشی بـوو کـە وای لێیـان کـرد بـەرگریی لەمـەزەبی شـیعی بکـەن لەبەرانبـەر ئـەو مەترسـیانەی لەلایـەن سـوننەکانەوە دووچاریان دەبـوەوە (عوسـمـانی و ئۆزبەك) و، جگە لەمانەش باجی لەسەر سووك کردن.

شا لایەنی مەزەبیشی لەبەرچاو بوو و هەرگیز پشگوێی نەدەخست، کۆمـەڵێك هـەنگاوی ئەوتۆشی هەڵهێنا کە خزمەتی کێشەی سەفەوییەکانی دەکردو، هەمیشە سـۆزی ئـاییـنی لـەنێو دڵ و دەروونـی شـوێنکەوتووانی بـەهێزدەکردەوەو بیروبـاوەڕی ئـاییـنی لەناویانـدا دەچەسپاند، وەك:

-کۆمـەڵێك لەپیاوە هەڵبژێردراوەکانی ئاییـنی لەدەوری خۆی کۆکردەوە(ئەوانەی فـەتوای بیروباوەڕی مەزەبی شیعەیان دەدا) وێنەی شێخ عەلی مەنشار و عەبدوڵڵای شوشتەری و میرزاخانی شیرازی و هیدیکەش.

-فەرمانی بە ئەبافـەتحی حوسـێنی کـرد کـەوا جـارێکی دیکـە پـەرتووکی (صـەفوەت ئەلصەفا) بنووسێتەوە و پێیدا بچێتەوە کە ئیبن بـەززاز لەسـەردەمی شـێخ سـەدەردین موسا دایناوبوو، و داواشـی لێکـرد دەسـکاری هەنـدێك بابـەتی بکـات و ئامـاژە بـە سەرۆکایەتی شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی بکات و نەسەبەکەشی بگێڕێتەوە بـۆ ئیمـام حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب.

-دەسەڵاتی خـۆی بەشـێوەیەکی فـەرمیی راگەیانـد، و نـاوی لەخۆشـی نـا تەهماسـبی سەفەویی حوسێنیی موسەویی و مەبەستیشی ئەوەبوو پڕوپاگەندە بـۆ مـەزەبی شـیعی بکـات و سـتاییش و پیاهەڵـدانی ئـەو پێشـەوایانە بکـات کەلەسـەرووی هـەموو رەچاوکردنێکەوە دادەنران و لەهەموو کەموکورتیەکیش دووربوون و، لەهەمان کاتیشدا ستاییش و پیاهەڵدانی سـەرکردەکان و زیادەڕۆیی لەباسی پلەو پایەیان کرد.

شا لەلایەنی سیاسیەوە مرۆڤێکی دووربین بوو، بەڵگەشمان ئەوەیە هەمیشە دالـدەی ئـەو کەســانەی دەدا کەلــەولاتی خۆیــان رایــانکردووەو وەك و کــارتێکی فشــار لەبەرانبــەر ولاتەکەیان یاخود فەرمانڕەواکەیان بەکاری دەهێنان، هەروەك بایەزیـدی کـوڕی سـولتان سـولەیمانی قانوونی کەلەرێی کێشـەکەیەوە تـوانی لەگـەڵ عوسمانییەکانـدا رێککـەوتنیی ئاشتیانە سـازبکات و زیانێکی زۆر لەخۆی دوورخاتــەوە، لەلایـەکی دیکـەش هـەمایۆنی دالّدەداو بە یارمەتی ئەوەوە دوو شتی دەسکەوت:

یەکەم: ورەبەرزیی سـەفەوییەکانی هەڵکشـاند بـۆ ولاتــی هیندسـتان و کەبەشـدابوو لـە پاڵپشتی قەوارەی سەفەویی.

دووەم: ئەم هێزانە وایان لە ئۆزبەکەکان کرد کەلەنێوان سنوورەکانی مەگۆلی و هیندسـتان و سـەفەوییەکان بـوون لـەئێران و خۆراسـان، هێرشـی بـەربلاو نەکەنـە سـەر خـاکی سەفەوییەکان.

شا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەورووپیەکان زۆر بـاش بـوو بـەلام هـەروەك بـاوکی لـەدژی عوسمانییەکان نەدەچووە هیچ هاوپەیمانێتیەکیانەوە، چونکە ئەوەی بـەباش دەزانـی کـەوا کێشەکانی خۆی لەرێگای گفتووگۆ و دانوستانەوە چارەسەربکات، لەسـەردەمی ئەویشـدا هیچ کام لەوانە بوونیان لەدەوڵەتەکەیدا نەبوو.

لەخەسڵەتەکانی شا خۆپـارێزی و وەسواســی بـوو، لەبـەر ئـەوە بـەهیچ جۆرێـك رێگـای بەوەزیرەکانی نەدەدا بەئارەزووی خۆیان پارە خەرجبکەن، لەکەمترین شـتی دەپرسـیەوەو، لەکۆڕوکۆبوونەوەکاندا هەرگیز نانی نەدەخواردو، سەرەڕای ئەوەی شـەڕێکی زۆری بینیبـوو کەچی هەمیشە بۆ دەوڵەت و شوێنەوارەکەی بەپارێزبوو.

◆

شا ئیسماعیلی دووەم
۱۵۷٦-۱۵۷۷ز

ئەو رۆژگارەی شا ئیسماعیلی یەکەم دەسەڵاتی گرتە دەست:

لەکاتی مردنی شا تەهماسبی یەکەم، حەیدەری کوڕی یەکســەر تــاجی شــاهانەی کــردەی ســەری و بەفەرمانی باوکی یاخود بەهۆی ئەو ئامۆژگاریانــەی دایکــی پێشکەشــی کــرد، یانیش پێشنیارەکانی لایەنگرانی لەهۆزی ئەستاجلوو خۆی بەپادشــای ئێــران راگەیانــد و ئینجا وەســیەتنامەیەکی بــاوکی خســتە بــەردەمی خەڵکەکــە کەبــەر لــەمردنی بــاوکی بڕیاریدابوو ئەو بکاتە جێنشین و شا لەدوای خۆی، بەڵام نەیتوانی ئــەم دەنگــە بگەیەنێتــە دەرەوە چونکە لایەنگرانی براکەی کەلەهۆزی رۆملوو و بەیاتی قزلباشی و ئەفشار بــوون و پشتگیرییان لێی دەکرد دەوری کۆشکەکەیان گرتبوو، ناچار بەجلی ژنانەوە هاتــە دەرەوە، بەڵام لــەدوای ئــەوەی ناســیانەوە یەکســەر کوشــتیان. بەمــەش ئــەم رکابــەرە بــەهێزەی ئیسماعیل لەناوچوو و کۆتایی پێهات، بــەڵام دژەهەڵوێســتێکی دیکــەی بــەهێز مایــەوە ئەویش برایەکەی دیکەی بوو و بەفەرمانی باوکی لەقەڵا بەندکرابوو، چونکە بەڕای بــاوکی ئەو بەکەڵکی فەرمانڕەوایەتیی نەدەهات لەبەر دڵڕەقیی و کەللەرقی، کــاتێکیش هــەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە لەدەوڵەتەکەدا گۆڕاکاری کراوەو بەهۆی لەوێنەبوونی خەلیفە ئەنسار قەرەداغلوو سەرکردەی قەڵاکە و بەهۆی یارمەتیی لایەنگرانی خۆی دەستی بەســەرداگرت و پاشان لە۲۱ئایــار۱۵۷٦ز ئــەوێی بەجێهێشــت و رووی کــردە ئــەردەبیل بــۆ ســەردانی مەزارگەکانی باوك و باپیرانی، پاشان لە۱٤حوزەیران بەرەو قەزوین رۆیشت، بەڵام لەســەر رای ئەستێرەناسان نەچووە ناو کۆشکی پاشایەتییەوە چونکە بەڕای ئەوان جــاریٚ مۆڵــەتی تاج لەســەرنانی لە۲۲ئاب کاتی دیکەی ماوەو ئەو ماوەیە میوانی مــاڵی حوســێن قــوولی خەلیفەی خەلیفەکان و جێگری شا کەلەلایــەنگرانی خــۆی بــوو و مــاڵی پــەریخان خــانمی خوشکی بــوو. کــاتێکیش ئــەو وادەیــەی ئەستێرەناســان بۆیــان دانــابوو هاتــە پێشــەوە

ئیسماعیل لەناو هۆڵی چهل ستوون لەکۆشکی پاشایەتی لەقەزوین لەژێر ناوی شا ئیسماعیلی دووەم تاجی پاشایەتی لەسەرنا.

وادیار بوو ئەو هەموو ماوەیەی شا لەبەدیخانەی بردەسەر کە بیست ساڵی خایاند هێندەی دیکە دڵی رەق بوو و لەجاران خێراتر هەڵچوون و کەللەرەقی پێوەدیاربوو، لەوانەشە ئەو کاریگەری رووداوەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانیی بەسەرەوە بووبێ کە لەناو ئەواندا شتێکی ئاسایی بوو رکابەرەکان ئەگەر کەسی نزیکی یەکتریش بووبن یەکتریان لەناو بردووە تا کەس نەتوانێ لەگرتنە دەستی دەسەلاّت رکابەرییان بکات و ئەم دیاردەیە بەرای ئەو سەقامگیریی سیاسی لێپەیدابببوو، هەرکە ئیسماعیل تاجی کردە سەر هیچ کەس لەبراو کەس و کار و دەورووبەرەکەی لەخۆی دڵنیان نەبوو، هەرچی رووبەرووی بووبێتەوە کوشتی و لەناویشیاندا مستەفای برای کەلایەنگری حەیدەر و سولەیمانی برای و پەریخان خانم و قوولی و ئەحمەد و کورەکانی و زۆربەی شازادەکانی سەفەویی بەتایبەتی ئەوانەی مافی ئەوەیان هەبوو داوای تاجەکە بکەن کوشت. بەلاّم زۆر بەخێرایی سروشتی توندی و دڵرەقی بەسەریەوە زاڵبوو و حوسێنی کورە گەورەی محەمەد خودابەندەی کوشت و جگە لەمحەمەد خودابەندەی کوێرو کورەکانی کەسی دیکە لەنزیکەکانی خۆی نەمایەوەو، کەچی هەرەشەی لەخۆی و کورەکانیشی کرد. کاتێکیش لەئەلوولی ١٥٧٧ کورێکیان بوو ناویان لێنا محەمەد هێندەی دیکە تینوویێتی خوێن رشتن لەدڵیدا پەرەی سەند و سەرەرای ترسی ئەوەی کەسێك بێنێ لەنەوەکانی سەفەویی لەدوارۆژدا هەوڵی رکابەری کورەکەی بکات، بۆیە فەرمانی بەقوولی بەگی کورکان کرد کەیەکێك بوو لەسەرکردەکانی هۆزی شاملووی قزلباشی عەباسی کوری محەمەدی خودابەندە بکوژێ.

شا ئیسماعیل وای لێهات کەگومان لەنزیکترین کەسی خۆی بکات و لەم پێناوەشدا حوسێن قوولی دەسبەسەرکرد و چاوەکانی کوێر و رێگەشی لەپەریخانی خوشکی گرت دەسبخاتە نێو کاروباری دەوڵەتەوە و هەموو ئەو کەسانەی لایەنگری حەیدەری برایان دەکرد هەمووی کوشتن. ئەم کوشتارە درێژەی کێشاو تەنانەت سۆفییەکانیشی گرتەوە، ئەوانەی کەهەمیشە خەریکی خواپەرستی و ئەو رێنماییە ئاینیانە بوون کەلەباب و باپیرانیانەوە بۆیان بەجێما بوو، ئەویش بەبەهانەی:

- ئەوانە دوژمنی شای سەفەویی بوون کەپێشەوایەکی تەواو و بێکەم و کوڕی بوو و ئەوانیش وەك و پاشایەکی خاوەن تەخت تەماشایان نەکردووە.
- خۆیان بەحوسێن قوولی دەسبەسەر کراو بەستەوە.

هەروەها نزیکەی سی هەزار کەسی لەسەرکردەکان و پیاوەکانی باوکی و دەوروبەری کوشت.

ئەم هەموو قەسابخانەیە لەماوەی کەمتر هەژدە مانگدا کۆتایی پێهات کە ئەمە ماوەی فەرمانڕەوایەتییە خوێنینەکەی بوو، کەچی وێڕای ئەو هەموو جەور و ستەمەی دەیکرد خۆی بە دادپەروەر و دڵنەرم دادەنا، هەموو فەرمانەکانی بە(عادل) واژوو دەکرد و دوا دێری هۆنراوەکانیشی بە عادلی کۆتایی پێدەهێنا.

ململانێ ئایینیەکانی شا ئیسماعیلی دووەم:

شا ئیسماعیلی دووەم لەژیانی سیاسی خۆیدا زۆر لەپەیوەندی کردنە مەزەبی سوننی بێزاربوو، هەرچەندە ئەم هەنگاوە تائێستاش هەر نادیارە و ئەو بەهیچ جۆرێك ئاشکرای نەکردووە کەچوویێتە سەر مەزەبی سوننی، تەنها ئەوە نەبێ کەچالاکی و کارو هەنگاوەکانی ئاماژەیان بەوە دەکرد کەچوویێتە سەر ئەو مەزەبە، چونکە بەئاشکرا باسی ئەوەی دەکرد کە دەبێ سنوورێك بۆ بالآدەستی زانا ئایینیە شیعەکان دابندرێ و لەهەمان کاتیشدا ئەو دروشمانەی دژیی بیروباوەڕی سوننیەکانن و لەبنەڕەتیشەوە ببوون بەهۆی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە هەمووی قەدەغەبکرێن و لەکۆڕ و کۆبوونەوەکانیشیدا سەرزەنشتی پەیوەندییە ناکۆکەکانی نێوانیان دەکردو زۆریش سەرزەنشتی ئەو نەفرەتانەی دەکرد کەوا ئاراستەی سێ خەلیفەکانی راشیدی (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان) و هەروەها عائیشە دەکران ، سەرەڕای ئەم هەنگاوانە بەئەنقەسەت زانا شیعە توندڕەوەکانی دوور دەخستەوەو سوننیەکانی لەخۆی نزیك دەکردەوە لەسەرووی هەمووشیانەوە مەخدووم شەریفیی و دەیکردن بەڕاوێژکاری خۆی، پاشان بریاریدا ئەو نەفرەتانەی لەمزگەوتەکان و سەر شەقام و کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئاراستەی خەلیفەکان دەکرا قەدەغەبکرێ و بەڵێنیشیدا هەر کەسێك ئەو کارانە بکات ئەوا سزای توندی

دەدات و ئەوەشی دەسبەرداربیان ببێ پاداشتی دەکات، لەهەموو ئەو شوێنانەی کە دروشمی جوێناوی دژ بە خەلیفەکان و ستایش و پیاهەڵدانی عەلی دەکرا هەمووی قەدەغەکرد، بەهیچ شێوەیەك هەوڵی ئەوەی نەدەدا مەزەبی سوننی بەزۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ و خەڵکەکەی ئازادکرد لەهەڵبژاردن و لایەنگریی بۆ هەر مەزەبێك بەبێ ئەوەی کەس رێگری لەوی دیکەیان بکات.

ئەم هەوڵەی گۆڕینی شیعەمەزەبەکانی ئێرانی نیگەران و تووڕەکرد بەتایبەتی سەرکردەکانی تورکمان و تەکلیو و ئەوانەش دەسەڵاتیان بەسەر زۆربەی پلەکانی دەوڵەتەوە هەبوو، لەم رووەوە کۆبوونەوەیەکیان دەربارەی بیروبۆچوونە نوێیەکانی شا سازکرد و تیایدا بڕیاریاندا کەئەگەر لەم هەڵوێستەی پاشگەز نەبێتەوە ئەوا لەسەر حوکم لایببەن و میرزاحەسەنی برازای لەجێگەی دابنێن، بۆیە نێردراوێکیان بۆ لای نارد تا ئەم بڕیارەی پێڕابگەیەنن و پێك هاتبوو لە ئەمیرخان موسڵووی تورکمانی و حەسیب خانی تەکیلوو، بەڵام یەکێك لەئەندامانی ناو کۆبوونەوەکە لەوانەش هەر خەلیفە ئەنساری قەرەداغلووی فەرمانڕەوای قەڵای قەهقەهە بوویێ هوشداری دایە شا و پێی راگەیاند کە پیلانێك لەلایەن سەرکردەی ئەم دوو هۆزەوە بۆ لەناوبردنی لەئارادایە، لەم کارەشیدا مەبەستی ئەوەبوو تۆڵەی ئەو هەڵسوکەوتە نالەبارانەی بۆ بکاتەوە کەلەسەردەمیی زیندانییەکەی نێو قەڵا لەگەڵی کردبوو. لەهەمان کاتیشدا ئەمەکداری خۆی بۆ بسەلمێنێ.

شائیسماعلی دووەم کاتێك ئەم هەواڵەی بیست زۆر تووڕەبوو و بەدوایدا ناردن و هەڕەشەی لێکردن و ئەوانیش نکوڵیان لەو قسانەکرد کە درابووە پاڵیان، ئینجا فەرمانیدا حەسەن بکوژن و لەشاری تاران لەسێدارەیانداو ئەوکاتیش تەمەنی تەنها نۆزدە ساڵبوو.

لەراستیشدا لەوانەیە ئەو پاڵێوراوییەی حەسەنی کوڕی محەمەد بۆ پاشایەتی لەلایەن سەرکردەکانی ئەم دوو هۆزەوە لەبەر توندڕەوی مەزەبی نەبوویێ هێندەی ئەوەی کەوا شا ئیسماعیلی دووەم هەموو دەسەڵات و سوودە داراییەکانی ولاتەکەی لەژێر دەست دەرهێنابون، ئاشکرایە زۆرێك لەسەرکردە قزلباشەکان زیاد لەناو یەك بۆنەدا دەسبەرداری مەزەبەکەی خۆیان بوون تەنها لەبەر ئەوەی سوودی ماددیان دەسکەوێت و دەستیان

لەلایـەنگری پێشـڕەوەکەیان واتـە شـای سـەفەویی هـەڵگرت چـوونە پـاڵ ریزەکـانی عوسمانییەوە.

شا ئیسماعیلی دووەم هیچ بڕوایەکی بەسەرکردەکانی ئەو دوو هۆزە نەماو جارێکی دیکـە هـەموو پاڵشـتی و بڕوایـەکی خسـتە سـەر کۆنـە دوژمنـەکانی لـەهۆزی ئەسـتاجلوو و سەرکردەکانی کردە خـاوەن پلـە یەکەمـەکانی نـاو فەرمانڕەوایـەتی و وردە وردەش لـەو بەئاشکرایی راگەیاندنەی لەبارەی مەزەبی سوننی پاشەکشەی دەکرد، ئـەویش لـەپێناوی ئەوەبوو کە سەرکردەکانی قزلباش لەخۆی رازی بکات و مقۆمقۆی نێـو جەماوەرەکەشـی کەمبکاتەوە، هەروەها لەترسی ئەوەی نەکەونە بەر شالاوی مەترسیەکان خـەڵکی شـیعە زانا سونییەکانی لەکۆشك دوورخستەوە. لەسەر دراوەکانی ولاتـیش ئـەم دێـڕە شـیعرەی زیادکرد:

زمشرق تابە مغرب گر امامست　　　　علی و ال أو مارا تمامست

واتە: گەر لەخۆرەلاتەوە تا خۆراوا هەمووی پێشەواو ئیمامبن، ئێمە تەنها عـەلی و ئـالی ئەومان هەبێ بەسمانە.

بەمجۆرە شائیسماعلی دووەم لەم تەنگژەیەی کوشت و بڕ و سووککردنەی خـەڵکی رزگـاری بوو، ئەمەش بەهەنگاوێکی پڕشنگدار لەمێژووی سەفەوییەکان بۆی هەژماردەکرێ.

کۆچی دوایی شائیسماعیلی دووەم:

کـارێکی سروشـتی بـوو کـە ئیسـماعیلی دووەم نـەتوانێ بەبـەردەوامی خـۆی بپـارێزێ لەپیلانـەکانی قزلبـاش بـەهۆی خراپـی نالـەباری هەڵسـوکەوتی و فرچـك گـرتنی بـە مەیخواردنەوە و ماددەی بێهۆشکەر (ئەفیون)، ئەوەبوو پەریهانی خوشکیشی هاتـە سـەر هێڵی پیلانی لەناوبردنی، چونکە سـەرەڕای ئـەوەی چـاکەیەکی زۆری هـەبوو بەسـەریەوە لەکاتی دەسـەلات گرتنـە دەسـتی کەچـی زۆر بـەخراپی و ناشایەسـتەیی هەڵسـوکەوتی لەگەڵدا دەکرد. ئاشکرایە کەلەهـەموو پلـەو پایەیـەکی خسـت و هەرچـی خزمـەتکار و کەنیزەیەکیشـی هـەبوو هـەمووی لـێ سـتاندو تەنانـەت چاوپێکەوتنی سـەرکردەکانی دەوڵەتیشی لێ قەدەغـە کـردو گۆشـگیرییەکی یـەکجارەکی بەسـەردا سـەپاند، هـەرگیز

کوشتنی سولەیمانی برای لەبیرنەدەکرد و توانی لەگەڵ ئەمیرخان و چەند سەرکردەیەکی دیکەی قزلباشی وەك حەسیبخان و محەمەدخان و خەلیلخان و شەمخالخانی خاڵی رێکبکەوێت و هەمووشیان سوێندیان خوارد لەناوی بەرن و، بەدەستی یەکێك لەمەعشوقەکانی خۆی کەوا مێردەکەی بەکوشتدابوو هێنابوویە ریزی مەعشوقەکانی دیکەی ژەهریان بۆ خستە ناو دەنکەکانی ئەفیون و پاشان بەهەموویان هێرشیان کردە سەری و لە ٢٤تشرینی دووەم١٥٧٧ز کوشتیان، ئەوکاتەش تەمەنی تەنها چل و سێ ساڵبوو، نزیکەی بیست ساڵیشی لەتەمەنی لەقەلای قەهقەهە بەندکرابوو، ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەشی هەژدە مانگبوو.

◆

شا محەمەد خودابەندە

۱۵۷۸-۱۵۸۸ز

محەمەد خودابەندەی شای سەفەوییەکان:

هەموو گەورەپیاوانی دەوڵەت لەدوای مردنی شا ئیسماعیلی دووەم کۆبوونەوە بـۆ ئـەوەی کەسێك هەڵبژێرن و بیکەن بە شای ســەفەوییەکان، لـەو نێوەندەشـدا زۆرێـك لەپێشـنیار سـەریان هەڵـدا، سـولتان قـەلخانجی ئـۆغلی زولقـەدەری فـەرمانڕەوای هـەرێمی فـارس پێشنیارکرد و ئەبانەلفەوارسی شوجاعی کوڕی شیرەخۆرەی شای کۆچکردوو و پەریخانی تەمەن سی ساڵی وەسیەتداری بوو کاروبارەکانی وڵات بـەڕێوەببات وکـاتێکیش تەمــەنی گەیشتە بالق بوون بۆ خۆی کاروبارەکان بەدەستەوەبگرێ و هەر لەئێستاشەوە دراوی وڵات بەناوی ئەوەوە چاپبکرێ و لەمزگەوتەکانیشـدا وتـاری هـەینی بەناویـەوە بخوێندرێتـەوە، هـەروەها ببێتـە خـاوەنی بریکـاری شانشـینەکە، واتـە ببێتـە خەلیفـەی خەلیفـەکان، لەراستیشدا ئـەم پێشـنیارە رەزامەنـدی گشـتی بەدەسـتەوە نـەهێنا، ئـەوەبوو زۆربـەی سـەرکردەکانی قزلباشی بەرەنگاری بوونەوە، چونکە ئەوانیش وایـان پـێ بـاش بـوو کـەوا محەمەد خودابەندەی کوڕە گەورەی تەهماسبی یەکەم ببێتە فەرمانڕەوا، بەڵام لەبەر ئەوەی کوێربوو بۆیە هەندێك لەسەرکردەکان وایان پێباشبوو کە یەکێك لـەکوڕەکانی ئـەم پلەیـە وەرگرێ.

لەکۆتییدا رای دووەم سەریگرت و محەمەد خودابەنـدە هەڵبـژێردرا بـۆ تـەختی پاشایەتی سـەفەوییەکان و هەموو لایەکیش سـوێندیان لەسەر ئەم بەڵێنەخوارد. پـەریخان بەمــەرجێك قایل بوو لەسەر ئەم پێشنیارە بۆخـۆی کاروبـاری وڵات بـەڕێوەببات و خودابەنـدە تـەنها ناونیشانەکەی هەبێ و بەمەش کۆی سەرکردەکان لەسـەر ئەم پێشنیارە رێککەوتن.

ئەوکاتـە محەمــەد خودابەنـدە لەشیراز دەژیـا و لـە۱۲شـوبات۱۵۷۸ز لەسـەر تـەختی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان دانیشت و پاشان چووە قـەزوین، ئینجـا بـەناوی خودابەنـدە ناوبانگی دەرکرد.

باروگوزەرانی ناوخۆ:

سەرەتا:

شـاحەمەدی خودابەنـدە توانـای بـەڕێوەبردنی کاروبـاری دەوڵـەت و لەئەسـتۆگرتنی بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتی سەفەوییدا نەبوو، چونکە ئەو دەوڵەتـە پێویسـتی بەپیاوێك بوو کەبتوانێ بەهێزیی بکات و لەو بێسەروبەرەیی و پشێوییەی لەئەنجامی ئـەو هـەموو قەسـابەخانەیە شـا ئیسـماعلی دووەم لـەدژی بـراو سـەرجەم شـازادەکانیدیکە سازیکردبوو رزگاری بکات، چونکە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەم شایە هێندەی دیکـە باری ناوخۆی دەوڵەتەکە رووی لـەخراپی کـرد، ئـەویش بـەهۆی نالـەباری بـەڕێوەبردن و دەستێوەردانی ئافرەتان لە کاروبـاری دەوڵـەت، لەهـەمان کاتیشـدا دەوڵـەت دەینالانـد بەدەست ئەو ململانێیانەی لەنێو سـەرکردەکانی قزلباش لەسەر پلەبەرزەکانی سەرکردایەتی دروسببوو، بەمەش ئایندەی ئێران زۆر تاریك دەهاتە بەرچاو، جگە لەمانـەش دەوڵـەتی سـەفەویی دووچـاری هێـرش و پـەلاماری دەرەکـی لەلایـەن عوسمانییەکانـەوە بـووەوەو لەئەنجامدا عوسمانییەکان توانیان ئەرمینیا و ئازەربێجان داگیربکەن.

دەسوەردانی هاوسەری شا لەکاروبارە گشتییەکانی دەوڵەت:

مەهدعەلیای هاوسەری شا محەمەد خودابەندە چاوکزی و کوێرییەکەی مێـردی قۆزتـەوەو بەهۆیەوە دەستی لەکاروباری نێوخۆی دەوڵەت وەردەداو بەئارەزووی خۆی پلەی لەخـەڵکی وەردەگرتەوەو دەیبەخشتی بەکەسی دیکەو، تەنانەت بەر لەگەیشتنی محەمەد خوادەبەنـدە بۆ شیرازیش ئەم کارانەی دەکرد، ئەم هەڵوێستە بـوو بـەهۆی نـارازیبوون و تووڕەبـوونی پەریخانخانم و پشتی بەو دەسەلاتەی ئەستووربوو کەلەنێو قزلباشەکاندا هـەبیبوو. بەمـەش دەوڵەت شێوازێکی دیکەی ململانێی بەخۆوەبینی ئەویش ململانێی نێوان ئەم دوو خانمـە بوو و هەریەکێکیان خەریکی ئـەوەبوو کەلـەدوریی ئەویدیکـەدا هێـز دروسـت بکـات و چاودێریی هەنگاوەکانی بکات. لەم نێوانەشدا مەهدعەلیا لەپێشەوەبوو و چـونکە لەگـەڵ مێردەکەیدا رێککەوتن کە پەریخانخانم لەناوبەرن و بۆ ئەم کارەش خەلیلخانی ئەفشـارییان راسپارد کەلەسەردەمی شاتەهماسبی یەکەمەوە سەرپەرشتی و چاودێریی دەکرد بیکـوژێ

و لەبەرانبەریشدا هەرچی سامانی هەبوو هەمووی بۆ خۆی بێ کەنزیکەی چل هەزار تومەن دەبوو، ئەویش بەم سەودایە قایل بوو لەماڵی خۆیدا پەریخانخانمی خنکاند.

ئەم خانمە دەستی کرد بەکوشتنی هەرکەسێکی کەنزیکیەکی خزمایەتی هەیە لەگەڵ پەریخان و دوورخستنەوەی هەر رکابەرێکی دیکەی. ئینجا شەمخاڵ سوڵتانی شەرکەس و خالی پەریخانخانمی کوشت و پاشان ئەبی فەوارس شوجاعی کوڕی ئیسماعیلی دووەم کەتەمەنی تەنها یەك ساڵبوو کوشتی، ئینجا کوڕە گەورەکەی کەناوی میرزاهەمزەبوو بەجێنشینی شا دامەزراند، بڕیاریشدا لەسەر هەموو فەرمانەکانی شاهانە مۆری ئەوی بەسەرەوەبێ، لەدواییدا هەرچی پلەی بەرپرسیارێتی بەرزی دەوڵەت هەبوو هەمووی بەسەر لایەنگرانی خۆیدا دابەشکرد، ئەوەبوو سەرەتا ئەمیرخانی موسڵووی تورکمان کەزاوای بوو و دەستی هەبوو لەکوشتنی شائیسماعیلی دووەم کردی بە فەرمانڕەوای قەزوین و پاشان عەلی کوڕیشی کردە وەسیی عەباسی کوڕی خۆی لەفەرمانڕەوایەتی هەرات و خۆراوای خۆرەڵاتی خۆراسان، لەدوای ئەویش مورشید قوولی سوڵتان ئەستاجلووی کوڕی شاقوولی خانی کردە حاکمی خەزر و خەواف و خۆراوای خۆراسان و ئازەربێجانیشی لەنێوان ئیسماعیل خان و شاقوولی براکانی ئەمیرخان و مورادخانی کوڕی و ئیبراهیم تورکمان دابەشکرد.

لەبەرئەوەی بارەکەی ئاڵۆزیی زیاتری بەخۆوەبینی، ئەویش لەئەنجامی نالەباری فەرمانڕەوایەتی شامحەمەد خودابەندە کەبۆخۆی بەوە قایل بوو ببێتە داردەستی ژنەکەی و بەردەوام دڵنەوایی هۆزێکی قزلباشی لەسەر حسابی بەرژەوەندیەکانی یەکێکی دیکە دەرکرد و بەبێ هیچ پێوانەیەك پارەو سامانی دەبەخشیەوە، فەرمانی سوڵتانیی دژ بەیەکی رادەگەیاند، ئەمەش بووە هۆی زیاتر لاوازیی حکومەتی ناوەندیی و بڵاوبوونەوەی ئاژاوە لەوڵات و رووبەڕووبوونەوەی تەماعی دراوسێکان.

مەهدعەلیا خوولیای ئاواتی سیاسی تێکەڵ بەکەللەرەقی و رقوکینەو بەغیلیی بوو، بۆیە ئەو سەرکردە قزلباشانەی قایل نەبوون ئافرەت فەرمانڕەوایەتیان بکات لێی بێزابوون و سکاڵاکەشیان گەیاندە شا و پێیان راگەیاند کەوا هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەی لەدوارۆژدا دەبێتە هۆی نانەوەی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی و لەدواییشدا دەبێتە هۆکاری لاوازی

دەوڵەت و لەناوچوونی، لەبەرانبــەردا شــا ئامــادەیی خــۆی نیشــاندا کــەوا دەســبەرداری دەسەلآت دەبێ بەمەرجێك ئازاری هاوسەرەکەی نەدەن.

وادیاربوو ئەوانە دڵیان بەوەلآمەکەی شا خۆش نەبوو، بۆیــە مکورپــوون لەســەر کوشــتنی شاژن و، ئەوەبوو لەرۆژی٢٦تەمووز١٥٧٩ز ســەدرەدین خــان شــێخ ئاوەنــد و میرزاقــوولی موسـڵوو لەکاتی نیوەڕۆدا لێی چوونە ژوورەوەو ئەو لەخەودابوو کوشــتیان، ئینجــا دایکــە پیرەکەشــان کوشــت و زۆربــەی دەوروبەرەکــەی کەخــەڵکی مازەنــدەران بــوون تــالآنی ماڵەکەیان کرد. کاتێکیش دانیشــتوانی قەزوین بەمەیان زانی دەســتیان کــرد بەکوشــتنی مازەندەرانییەکانی ناو شار و تــاکو ئێــوارە ئــاژاوە هــەر بــەردەوامبوو، دوو بکوژەکــەش تــەرمی شــاژنیان فڕێدایــە دەرەوەی شــار و، لەدوایــدا شــا فەرمانیــدا کــەوا بــەدوای تەرمەکەیدا بگەڕێن و بیدۆزنەوە و پاشان لەمەزارگەی ئیمام زادە لەقەزوین بینێژن.

شامحەمەد خودابەندە دڵی بەم کوشتارە زۆر تەنگ بوو بۆیــە بڕیاریــدا لەماڵەکــەی خۆیــدا مان بگرێت و نەیەتە دەرەوە، کاتێکیش سەرکردە قزلباشەکان هاتنە لای و ســوێندیان بــۆ خوارد کــەوا دڵســۆزبن بــۆ خــۆی و هــەمزەی کــوڕی جێنشــین. لــەدوای کوشــتنی شــاژن دەسەلآتەکانی دەوڵــەت درایــە ســەلمانی وەزیــر و ئــەو ســەرکردە قزلباشــانەی کــەپیلانی کوشتنیان بۆ داڕشتبوو و، ئینجا ویلایەتکانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکرد.

سەربەخۆیی خۆراسان:

بەهۆی کوژرانی مەهدعەلیا هێندەی دیکە ئاژاوە لەوڵاتەکــەدا پــەرەی ســەند و بەمــەش خانەوادای فەرمانڕەوا لێکهەڵوەشایەوە. ئەو دەســەلآتدارانەی خۆراســان کەلەهۆزی شاملوو بوون ئەم هەلەیان قۆزتەوەو هەرێمەکەی خۆیــان لەدەســەلآتی ناوەنــدی قــەزوین دابــڕی و عەباسی کوڕی شا محەمەدی خودابەندەیان کەتەمەنی نەگەیشتبووە یانزە ساڵیی لەنیسانی ١٥١٨ز کردە فەرمانڕەوای خۆیان، چونکە ئەوکاتە لەنێو ئەواندا دەژیاو بــۆ بــەڕێوەبردنی کاروبارەکانیشی عەلی قوولیخانیان هەڵبژارد.

لەم کاتانەدا محەمەد خودابەندە بەمەبەستی دەسکەوتنی ڕێککەوتنێکی ئاشتی خەریکی وتووێژبوو لەگەڵ عوسمانییەکان، بەلآم کە هەواڵی ڕووداوەکانی خۆراســانی بیســت، بــەرەی

خۆراوای بەجێهێشت و لەهاوینەهەواری قەرەباغەوە گەڕایەوە بۆ قەزوین تاکو ئەم بزووتنەوەی یاخیبوونە دامرکێنێتەوەو هێزێکی سەربازی بۆ ئەم کارە ئامادەکرد و سەرکردایەتیەکەی دایە میرزاهەمزەی جێنشینی، ئەویش لەسەر داوای سەلمانی وەزیر کە هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی فەرمانڕەوایەتی و زاوای میرزاهەمزەبوو ئەم فەرمانەی دەرکرد.

بەمەش ئێران لەیەك کاتدا دووچاری دوو مەترسی بووەوە، ئەوانیش مەترسی لەتبوونی ناوخۆیی و مەترسی هەڕەشەکانی دەرەکی و ئینجا لێکجیابوونەوەی شازادەکان کە هەرکەسەو بەپێی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی لەنێوان لایەنگرانی بۆچوونی ناردنی سوپا بۆ دامرکانەوەی ئاشووبی خۆراسان و دژەکانی ئەم پێشنیارە و ناردنی هێز بۆ رووبەروو بوونەوەی عوسمانییەکان لە لای خۆراوا رایان دەردەبڕی. لێرەدا سەلمانی وەزیر لایەنگری رای یەکەم بوو و بەسەر خودابەندەشیدا سەپاند. سوپا بەرەو خۆراسان جووڵەی کرد و دەوری قەلای هەراتی گرت کەعەباس و لایەنگرانی لەوێ خۆیان شاردبۆوە. لەم کاتەشدا هەواڵی پێشڕەویکردنی سوپای عوسمانییەکان لەلای ئازەربێجانەوە بەرەو ئێران گەیشت و ناچاربوون کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان وەلانێن و لەگەڵ عەباسدا رێکەوتنێکی ئاشتیانەیان سازکرد تا بتوانن رووبەرووی عوسمانییەکان ببنەوە، بەهۆی ئەو گەمارۆ توونددەوە هەڵوێستەکەی سەلمانی وەزیری زۆر نزمکرد و وازی لەم لاسارییە هێناو ئاشتبوونەوەکەش بەعوزرهێنانەوەی لایەنی خۆراسانی و دانپێدانان بە میرزاهەمزەی جێنشینی شا و بەدەسخشتنی خۆرسان کۆتاییهات.

کوژرانی میرزاهەمزە:

خەسڵەتکانی میرزاهەمزە بریتیی بوو لەخۆپەرستی و خۆبەزلزانی و خێرا هەڵچوون و زیادەڕۆیی لەمەی خواردنەوەو گەڕان بەدوای بکوژانی دایکی تا تۆڵەیان لێوەرگرێتەوەو بیانکوژێ، بەلاّم لەگەڵ ئەوانەشدا ئازاو بوێربوو و زیاد لەجارێکیش رووبەرووی عوسمانییەکان بووەوەو بەرگری لەتەورێز کردووە. دژەکانیش لەهۆزی تورکمان و تەکەلوو و زیلقەدەر هەوڵیاندا تەهماسبی برای بکەنە پاشای عیراقی عەجەمی و، بەشێکی گەورەی ئێران وەك ئەوەی لەخۆراسان روویدا سەربەخۆکەن.

ئەراستیشدا ئەو ناکۆکیانە لەنێوان ئەم دوو لایەنە کاتێك سەریان هەڵدا کەئەوانە ئەوەیان زەتکردەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی عوسمانییەکان بەشداری لەریزەکانی سوپای سەفەوییدابکەن. ڕووداوەکانیش بەدەسگیرکردنی ئەمیرخانی تورکمانی فەرمانڕەوای ئازەربێجان شێواو، لەلایەکی دیکەش پشبەستنی میرزاهەمزە بەهۆزی ئەستاجلوو و شاملوو زیاتر بارەکەی ئاڵۆزکرد. لەنێوەندەکانی حوکمڕانیشدا دەنگۆی ئەوە بلاوبووەوە کەئەم کارە بەردەزامەندی شامحەمەد خودابەندە دروستبووە ئەویش لەئەنجامی هەڵسوکەوتە سەرشێتانەکەی میرزاهەمزەی کوڕیەوەبووە، ئەم قسانەش بوونە هۆی ئەوەی نێوان کوڕ و باوکەکە ساردی تێبکەوێ. میرزاهەمزە هەولێدا تەهماسبی برای بەهێز لەنێودەستی دوژمنەکانی رزگاربکات، ئەوەبوو لەبیابانی هاوینەهەواری چەکچەکی پێیان گەیشت و شکستی پێهێنان و برایەکەی ئازادکرد.

لەراستیشدا هەڵسوکەوتە نارێك و دژبەیەکەکانی و دژایەتی کردنی سەرکردەکانی قزلباش و گەڕانی بەردەوامی بەدوای بکوژانی دایکی هۆکاری سەرەکی بوون بۆ لەناوچوونی و لە٦کانوونی١٥٨٦ز لەگوندی ئەبی شەحمە لەنزیك گەنجە لەئازەربێجان و لەشیرینی خەودا بەدەست پشتشێلە تایبەتییەکەی کەناوی خوداوێردی ئەرمەنیی بوو بە خوودی ناوبانگی دەرکردبوو کوژرا. ئینجا شا فەرمانیدا لەتەك شێخ سەفی باپیری لەئەردەبیل بینێژن و لەهەمان کاتیشدا مکوڕبوو لەسەر کوشتنی تاوانبارەکە. میرزاهەمزە لەکەنیزەکانی خۆی دوو کوڕی هەبوو یەکەمیان ئیسماعیل لەدایکبووی ٥تەمووز١٥٨٤ز و ئەویدیکەشیان حەیدەر لەدایکبووی ٤ئازار١٥٨٥.

دەست لەکارکێشانەوەی خودابەندە:

شا لەدوای کوژرانی میرزاهەمزەی کوڕی بڕیاریدا خودی خۆی کاروبارەکانی دەوڵەت بەڕێوەببات، هیچ کام لەسێ کوڕەکانیشی نەکردە جێگری خۆی، هەرچەندە دەشیزانی کە ئەم کارە لەدوارۆژدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی و لەناوچوونی ئەوەی لەقەوارە لاوازەکەیان ماوەتەوە، چونکە قزلباشەکان لەنێوخۆیاندا دابەشببوون و هەریەکەیان لایەنگریی لەیەکێك لەکوڕەکانی دەکرد. هەندێکیان لایەنگری عەباسیان دەکرد لەخۆراسان، هەندێکی دیکەشیان کەلەنێویاندا بکوژانی میرزاهەمزەشیان تێدابوو

پشتگیرییان لەئەباتالیب دەكرد كەلەقەزوین بوو تالەبەر بچووكی تەمەنی بتـوانن خۆیـان حوكومرانی دەوڵەت بكەن و جەختیشیان لەسەر لادانی شـاحەمەد خودابەنـدە دەكـردەوەو داوایان لێی دەكـرد بۆخـۆی دەسـت لـەكار بكێشـێتەوە و هـەر بـۆ خۆشـیان (محەمـەدی مستەوفی مەمالیك)یان هەڵبژارد كەببێتە وەزیـر. هەركـە ئـەم گۆڕانكاریانـە لەوڵاتـدا بڵاوبوونەوە هەردوو هۆزی شاملوو و ئەستاجلووی لایەنگرانی عەباس شۆڕشیان لەقاشـان و ئەسفەهان و فارس راگەیاند و شاحەمەد خودابەندەش ناچار بوو دایركێنێتەوەو، بۆ ئـەم مەبەستەش خۆی لەگەڵ حاكمی قاشان گونجاند و دەستیشی بەسەر ئەسفەهاندا گرتەوە.

عەباس لەلایەن هەندێك لەسەركردەكانی هۆزی توركمان و تەكـەللو بـەهۆی ئـەوەی ئـەو مافی پتری هەیـە بـۆ جێنشـینیی پشـتگیریی لێكـرا، هەمووشـیان بەیەكـەوە لـەرێگای دامغانەوە بەرەو قەزوین رۆیشتن و لە ٣١تشرینی یەكەم١٥٨٨ز بەبێ هیچ بەرهەڵسـتییەك داگیریانكرد و، یەكسـەر فـەرمانڕەوای ئـەوێ ملكەچیی خـۆی بـۆ راگەیانـدن، پاشـان بانگهێشتی مورشید قوولی خانی وەسـی (وصـی) لەسـەر عـەباس كـرد بـۆ سـازكردنی كۆبوونەوەیەك لەكۆشكی شاهانە كەشاحەمەد خودابەندە ئامادەی بوو، لەوێدا شا بڕیاریدا لەپێناو بەرژەوەندی عەباسی كـوڕی دەسـت لەكاربكێشـێتەوەو تاجەكـەی سـەری خـۆی هەڵگرت و خستیە سەر كوڕەكەی و بەمەش لەبارێكی زۆر نالەبار و پڕ لەكارەساتی شەڕی ناوخۆیی و یاخیبوون كۆتایی بەفەرمانڕەوایەتی محەمەد خودابەندە هات تـاكو چـەرخێكی نوێ لەبەرەوپێشەوە چوونی سەفەوییەكان لەسەردەمی شاعەباس ناسراو بە (كەبیر) گەورە دەسپێبكات.

پەیوەندیەكان سەوفەویی – عوسمانیی:

سەرەڕای بوونی پەیماننامەی ئاشتەوایی كەچی لەسـەردەمی شـاحەمەد خودابەنـدە رووی لەكرژیی كردەوە، لەلایەكی دیكەشەوە دەست لەكاركێشانەوەی بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی پێشووی و ئاڵۆزی لەسەرانسەری ئێراندا، ئەویش بـەهۆی ئـەو دابەشـبوون و دژایەتییـەی نێـوان قزلباشـەكانەوە سـازبوو. لەئەنجامیشـدا زۆر بـەخێرایی رووداوەكـان لەبـەر ئـەم هۆكارانەی خوارەوە بەرەو شەڕ هەنگاویان نا:

- دارمانی دەسەلاتی ناوەندی دەولەت لەبەر لاوازیی محەمەد خودابەندە و ڕێگەدانی بەچەند شازادەیەك کەلەگەڵ مەهدعەلیا کاروبارەکان بەڕێوەببەن و ئەم هەلوێستەش بووە هۆی لەتبونێکی زۆر تووندی سەرکردەکانی قزلباش، لەکۆتاییشدا لەسەرجەم ناوچەکاندا پشێووی سەریهەلداو کەس نەما پارێزگاری لێبکات.
- رمانی حوکمڕانێتی لەئێران هانی عوسمانییەکانیدا کەوا ویلایەتەکانی دەورووبەر داگیربکەن و دەستبەسەر مەلبەندی دروسکردنی حەریریشدا بگرن، ئەویش لەوکاتەدا هات عوسمانییەکان نەیانتوانی دەسبەسەر ڕێگای بازرگانی خواروو کەبە ڕێگای بەهاردا ناسرابوو بگرن و ئابووری جیهانیش کاریگەری خراپی بەسەر بەرژەوەندییەکانی ئابووری عوسمانییەکان پەیداکرد.
- پالنەرێکی دیکە ئەوەبوو کەعوسمانییەکان کاتێك لەشەڕی لەیبانتی دەریایی لەساڵی ١٥٧١زدا نەیانتوانیی دەسەلات بەهێزبکەن و بیریان لەداگیرکردنی ئێران کردەوە تاکو مالیاتی زیاتر بۆ دەولەتەکەیان دابین بکەن جێی ئەو زیانانەیان بۆ بگرێتەوە کە لەشەڕەکەدا دووچاریان هاتەوە.

تەنها یەك کاروانی بازرگانی عوسمانییەکان دووچاری پەلامار بهاتبایەوە بەس بوو بۆ هەلگیرسانی شەڕ و ئاگری شەڕ لەزنجان، و دەولەتی عوسمانییش بەرەو دوو بەرە هەنگاویان نا:

یەکەم: سنوورەکانی بەرووی ئێراندا داخست و بەدرێژایی ڕێگاکان گەمارۆی خستە سەر ڕێگای کاروانەکان.

دووەم: بڕیار بۆ کوردە سوننیەکان نێردرا کە بۆیان هەیە هێرشی سەربازی بکەنە سەر خاکی ئێران.

بەکردەنیش کوردەکانی ویلایەتی وان و ئازەربێجان توانیان بچنە ناو سەلماس و ئورمیە و خووی و لەو شارانەشدا کاری تالان و بڕۆیان ئەنجام دەدا و زۆرێکیش لەدانیشتوانەکانیان کوشت و پاشان ڕوویان کردە سنوورەکانی لای خۆراوای ئازەربێجان و بەچاوێکی پڕ لەتەماعیشەوە دەیانڕوانییە ئەوێ.

ئەوکاتە ئەمیرخان موسڵو تورکمانی حاکمی ئازەربێجان و زاوای شامحەمەد خودابەندە نەگەیشتبووە بارەگای تایبەتی خۆی بۆ ئەوەی رووبەرووی کوردەکان ببێتەوە، بەلاّم ئەوکاتەی گەیشتە ئەوێ هیچی لەدەستنەهات.

ئەم پەلامارانەی بوونە هۆکاری هاندانی لایەکی دیکەی کوردەکان و بەمەش هێرشیان کردە سەر مەراغە و دانیشتوانی شەروان داواین لەسوڵتانی عوسمانیی موورادی سێیەم کرد (١٥٧٤-١٥٩٥ز) کە ئەوکاتە لەجێی باوکی سوڵتان سەلیمی دووەم ببوە سوڵتان لەژێر دەستەیی قزلباشەکان رزگاریان بکات، ئەم داواکاریەش هەلێکی زێڕینیی بەخشیە عوسمانییەکان تا لەسەر حسابی سەفەوییەکان دەسەلاّت فراوان بکەن و لە٤ئایاری١٥٧٨ز بەسەرکردایەتی لالامستەفاپاشا سوپایەکی ناردە سەریان کەبەتۆپ و هەزاران سوارچاك پرچەك کرابوو و لەلایەکی دیکەشەوە حەوت کەشتی دەریایی پاڵپشتی لێدەکردن و لەدەربەندی تەرابزۆن دەستیان کرد بەهەنگاو هەڵهێنان، شایانی باسە بەر لەم هەڵمەتە سوڵتانی عوسمانیی نامەیەکی بۆ محەمەد کرای دووەمی حاکمی قەرەم و لایەنگری عوسمانییەکان نارد و فەرمانی پێکرد لەبەرەی بیابانی خەزرو دەربەندەوە بەمەبەستی یارمەتیدانی لالامستەفاپاشا بچێتە ناو شەروان.

هەرکە هەواڵی پەلاماری عوسمانییەکان گەیشتە قەزوین شامحەمەدی خودابەندە نامەیەکی بۆ سوڵتانی عوسمانی ناردو داوا لێکرد هۆی ئەم پابەندنەبوونەی بەرێککەوتنە ئاشتیەکەی نێوانیان بۆ روونبکاتەوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی لەسەر سنوری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە نێردراوەکەیان گرت، نامەکە نەگەیشتە شوێنی مەبەست.

لە١٠ئابی هەمان ساڵدا سوپای عوسمانیی بەرەو ناوچەکانی سەرسنوور پێشڕەویان کردو لەوێ رووبەرووی هێزی سەفەوییەکان بوونەوە، لەو شەڕەشدا قزلباشەکان کوشتارێکی زۆریان لێکەوت بەشێوەیەك کە سوڵتانی عوسمانیی توانی لەتەرمیی کوژراوەکان دوو تاوەر سازبکات، پاشان بەردەوام بوو لەهێرش و پەلامارەکانی تاگەیشتە کەرەج و دەستی بەسەر شەرواندا گرت و عوسمان پاشا کە والیەکی عوسمانیی بوو کردیە فەرمانڕەوا. ئینجا شەماخی و بادکوبە و رەس و پایتەختی تەفلیسی داگیرکرد و، پاشان گەڕایەوە بۆ ئەرزەرووم تاکو زستانەکە لەوێ بەسەرببات.

سەفەوییەکان سەرەڕای نقووم بوونیان لەناو کێشەو لێکترازانەکانیان هەوڵیاندا پێشڕەویی سوپی عوسمانیی رابگرن و بۆ ئەم مەبەستەش چوار تیپی سەربازیان بەسەرکردایەتی میرزاهەمزە نارده سەر شەروان و عوسمان پاشا ناچار بوو شارەکە چۆڵبکات و پەنا بباتە بەر شاری دەربەند و، پاشان سەفەوییەکان توانیان شەماخی بگێڕنەوە بۆ خۆیان و عادل گەرای برای محەمەد کەرای دووەمیشیان بەدیل گرت و لەدواییدا کوشتیان.

جارێکی دیکەو لەودرزی بەهاردا سەفەوییەکان بەسەرکردایەتی محەمەد خودابەندە دەستیان کردەوە بەهێرش و پەلامار و هەوڵیاندا ئەو هەرێمانەی عوسمانییەکان لێیان داگیرکردبوون بگێڕنەوە ژێر دەسەلاتی خۆیان و لەتەورێزیش بنکەیەکی بۆ جموجۆڵە سەربازیەکان دامەزراند، لەبەرانبەریشدا بەهرام پاشای سەرکردەی تورکەکان بەسەرپەرشتی سوپایەك کە نزیکەی سی هەزار سەربازی لەخۆگرتبوو بەرەو کەرەج بەرێکەوت، حەسەن پاشا بەچل هەزار سەربازی دیکەوە بۆ داگیرکردنی ئازەربێجان و شەروان وەرێکەوت و عوسمان پاشاش لەلای خۆیەوە هێرشی کردە سەر داغستان.

کاتێك خودابەندە گەیشتە تەورێز هەواڵی ئەوەیان پێگەیاند کە سوپایەك لەولاتی قرمەوە بەرەو شەروان بەرێکەوتووە تاکو تۆڵەی خوێنی عادل کەرای بکاتەوە، بۆیە یەکسەر سەلمانی وەزیر و ئەمیرخانی تورکمانی حاکمی ئازەربێجان و چەند سەرکردەیەکی دیکەی قزلباش بنێرێ تا هەڵکشانی سوپای عوسمانییەکان راگرێ و نەهێڵن شەروان داگیربکات، بەلام محەمەد کەرای بەر لەسوپای سەفەوییەکان گەیشتە شەروان و داگیری کرد و هەرچی کاری تالان و دزی و کوشتن هەبوو هەموو تێدا ئەنجامدا، بۆیە بەناچاری وەزیر و هاوڕێکانی گەڕانەوە بۆ تەورێز و، جارێکی دیکە دژایەتییەکانیان سەری هەڵدایەوەو عوسمان پاشاش ئەمەی بەهەلزانی و بەردەوام بوو لەبەرەوپێش چوون، ئەوەبوو بەسەرکردایەتی سوپایەکی دووسەد و پەنجا هەزار سەربازیی چووە سەر ئازەربێجان و داگیرکرد و پاشان بەرەو شاری تەورێز رۆیشت و لە ٢٥ ئەیلوول ١٥٨٥ز داگیریی کردو دوای ئەوەی شکستی بە میرزاهەمزە هێناو لەدوای خۆی هێزێکی پارێزگاری بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ولاتەکەی خۆی.

ئینجا بۆ ماوەی شەش ساڵی دیکە شەڕ لەنێوان عوسمانییــەکان و ســەفەوییەکان درێــژەی کێشا و لەو ماوەیەشدا محەمەد خودابەندە دەسەلاتی لـێ وەرگیرایــەوە و عەباســی کــوڕی جێی گرتەوە، لەئەنجامی ئەم شەڕانەشدا سەرجەم باغ و بێستانەکانی تەورێز ســووتێنران و بەمەش نرخی خواردەمەنی و دانەوێڵە بەرزبووەو قات و قڕی باڵی بەســەر ولاتــدا کێشــاو ژمارەیەکی زۆریش لەهەژارەکان بەهۆی برسێتییەوە مردن.

◆

بەشی پێنجەم
شا عەباسی یەکەم
١٥٨٨-١٦٢٩ز

ناوخۆی دەوڵەت

ئەو رۆژگارەی شاعەباسی یەکەم دەسەلاتی لێ سەنرایەوە:

بەهۆی ئەو نەریتە پەیڕەوکراوەی لەدەوڵەتی سەفەوییەکاندا بوونی هەبوو شائیسماعیلی یەکەم کوڕە گەورەکەی کەشاتەهماسبوو، کاتێك بۆخۆی لەژیاندا بوو کردیە حاکمی خۆراسان و لەدوای ئەویش محەمەد خودابەندەی کوڕەگەورەی شا تەهماسب هاتە شوێنی، بەلام لەکۆتاییەکانی سەردەمی ئەم پادشایە ناکۆکیەکی توند لەنێوان محەمەد خودابەندە و سەرکردەی سوپا کەوتە ئاراوە، بەم بۆنەیەوە شا هەولیدا لەپێناو پاراستنی دەوڵەت ئەم نەریتە ببەزێنێ و فەرمانێکی دەرکردو بەهۆیەوە میرزاهەمزەی کوڕی کەتەمەنی تەنها هەشت ساڵ بوو کردە فەرمانڕەوای خۆراسان و پاشان لایداو عەباسی کوڕی کردە فەرمانڕەوا کەچی ئەم فەرمانڕەوایە شیرەخۆرە بوو و تەمەنی لەیەك ساڵ و نیوێك رەتی نەدەکرد، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو میرزاهەمزە زۆر هۆگری دایك و باوکی بوو، لەو کاتەشدا شاتەهماسبی یەکەم بڕیاریدا قوولی سوڵتان ببێتە وەصی ئەم فەرمانڕەوا شیرەخۆرەیە.

بەمجۆرە ناوی عەباس کەوتە سەر زاران و واش باسی لێوەدەکرا کەمنداڵێکی بچووك حوکومڕانی خۆراسان دەکات و سەرجەم دەسەلاتەکانی ئەم شارە کەوتە دەستی. کارەکە لەدوای مردنی تەهماسب شای یەکەم هەر بەم شێوەیە بوو تا ئەو کاتەی ئیسماعیلی دووەمی کوڕی بووە خاوەنی تاجی سەفەویی. لەژێر سێبەری ئەو بارە ناهەموار و پشێویەی ولات شا کۆمەڵێك شازادەی خانەوادەی سەفەوییەکانی کوشت و تەنها محەمەد خودابەندەی برای و کورەکانی نەبێ. کاتێکیش کوڕێکیان بوو لەترسی ئەوەی ئەوەو کوڕەکانی ئەم بنەماڵەیە لەدوارۆژدا رکابەریی نەکەن دەستی کرد بەکوشتنی

سەرجەمییان، بـۆ ئـەم ئەرکـەش قـوولی خـانی شـاملووی راسـپارد عـەباس بکـوژێ و لە۷کانوون۱۵۷۷زدا چووە هەرات و، دەبوایە یەکسـەر ئەرکی سـەرشـانی جێبـەجێبکات، بەلاّم وای بەچاکزانی ئەم فەرمانە بۆ دوای جەژنی رەمەزان دوابخات، ئەویش لەبـەر رێـزی مانگی رەمەزان. بەلاّم پێش ئەوەی کارەکەی ئەنجام بدات نامەیەکی بۆ هات و هەواڵێکی دڵخۆشکەری تێدابوو، ئەویش مردنی شائیسـماعیلی دووەم و تـاج لەسـەرنانی محەمـەدە خودابەندە بوو. ئینجا بەیەکجاری لەبەر دوو هۆ ئەرکەکەی بەجێنەگەیاند: یەکەم بۆ رازی کردنی دڵی شا و دووەم لەلایەکی دیکـە بـۆ سـەوداگەرایی کەلەوانەیـە بـۆ بـەهێزکردنی دەسـەلاّتی خۆی پێویستی پێی هەبێ. بەم جـۆرە عـەباس لـەمردن رزگـاربیوو و، ئینجـا عەلی قوولی خان بوو بەوەصی عەباس و بەناوی ئەوەوە حوکمڕانی هەراتی کرد.

وادیاربوو شا محەمـەد خودابەنـدە پێـی بـاش بـوو کوڕەکـەی لەگـەڵ خۆیـدا بـژی بۆیـە بانگهێشتی کرد بۆ قەزوین، بەلاّم وەصـییەکەی لەترسـی سـازبوونی پشـێوی و ئـاڵۆزیی لەویلایەتەکانی خۆرەلاّت بەم بڕیارە قایل نـەبوو و نەیگێڕایـەوە بـۆ لای بـاوکی، چـونکە بوونی شازادەیەکی فـەرمانڕەوا لەویلایەتەکـەدا متمانـەی پێدەبەخشـێ و ململانێکـانی ناوخۆیی و ئۆزەبەکەکانی لێوەدوور دەخات.

لەراستیشدا عەلی قوولی خان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەم هـەنگاوەی هـەڵێنا، چونکە چاوی لەوەبوو ویلایەتەکانی خۆرەلاّت دابڕێ و بۆخۆی فەرمانڕەوایـەتیان بکـات، جا بۆ ئەوەش ئەم مەرامانەی مـۆگەربکات سـەرجەم شـازادەکانی خۆراسـانی لـەدەوری خۆی کۆکردەوەو هەموو سەکردەکانی هۆزی شـاملوو هاتنـە پـاڵی، لەلایـەکی دیکـەش سەرکردەکانی هۆزی ئەستاجلوو بەسەرکردایەتی مورشید قوولی خـانی حـاکمی خـەوان و باخەرز پشـتیوانی لێکـردو هـەموو لایـەکیش لەسـەر ئـەوە کۆکبـوون کـە رووبـەرووی هۆزەکانی قزلباش ببنەوە کە دەستیان بەسەر حوکڕانیی لەقـەزوینی پایتەختـدا گرتبـوو، لەکۆتاییدا عـەلی قوولی خانیان بەسەرۆکی خۆیان هەڵبژارد و ناویان نـا (خانلـەر خـانی) واتە خانی خانان.

لەبەرانبەر ئەم رەتکردنەوەیەی عەلی قوولی خان و مورشید قـوولی خـان هێنـدەی دیکـە مەترسیان لەسەر ژیانی کوڕەکەیان لێنیشت و بڕیاریاندا هەرچۆنێکبێ ئـازادی بکەنـەوە،

ئەوەبوو نێردراوێکی دیکەیان راسپارد و ناردیانە هەرات تاکو کوڕەکەیان بۆ بهێنێتــەوە و هەڕەشەش لەعەلی قوولی خان و لایەنگرانیشی بکەن، بەلاّم ئەو دوو پیاوە فەرمانی شا و شاژنیان بەجێنەگەیاند، ئینجا مەهدعەلیا فەرمانیدا کەوا عەلی قوولی خان لەدەســەلاّت دابماڵدرێ و هەموو دەسەلاّتەکەش بدرێتە مورتەزا عەلی قوولی خان کە حاکمی مەشــهەد بوو و هاوڕابوو لەسەر هێنانەوەی عەباس بۆ لای باوانی، ئەم پیاوەش بەهۆی ئەوەی عەلی قوولی خان چاوی بڕیبووە سەربەخۆیی لەخۆراسان و لایەنگریی هۆزەکانی ئەو قزلباشانەی لەقەزوینی پایتەخت کۆببوونەوە دوژمنی بوو رقــی لێــی دەبــۆوە. لــەنێوان هــەردوو لادا جەنگ بەرپابوو، ئەم شەڕەش لەپایتەختدا دەنگی دایەوە، ئینجــا شــا فــەرمانی دەرکــرد کەوا دایك لەگەڵ باوکی عەلی قوولی خان کەناوی سوڵتان حوسێن خان بوو بکــوژن و ئــەم کارەش هێندەی دیکەی بارەکەی ئاڵۆزکرد، لەبەرانبەردا عەلی قوولی خــان بەئاشــکرایی دوژمنایەتی خۆی بۆ خانەوادەی دەسەلاّتدار و شازادە قزلباشەکانی پایتــەخت راگەیانــد و ئینجا هەنگاوێکی بوێرانەی هاویشت ئەویش ئــەوەبوو لەســاڵی ١٥٨١ز عەباســی کــردە فەرمانڕەوای سەرانسەری خۆراســان و نــاوی لێنــرا شــا، و وتارەکــانیش بــەناوی ئــەوەوە پێشکەشکران.

ئاشکرایە کەهۆکارەکانی هاندەری قوولی خان بــۆ ئەنجامــدانی ئــەم کارە بریتیی بوو لە:

- کوژرانی باوانی.
- لاوازیی خودابەندە، بەتایبەتی لەدوای کوژرانی مەهدعەلیای هاوسەری.
- نغرۆبــوونی میرزاهــەمزەی جێنشــینی شــا محەمــەد خودابەنــدە لــەناو بــەزمورەزم و رابواردن و گوێنەدانە کاروبارەکانی دەوڵەت.
- هەر لەسەرەتاوە عەلی قوولی خان ئامانجی ئــەوەبوو کــەوا دەســەلاّتی خــۆی بــەهێز بکات و کۆنترۆڵی سەرجەم ناوچەکان و کۆکردنەوەی پیاوماقوولان لەدەووری خۆیــدا، هەروەها ئامانجەکەشی بەروونی لەوەدا بەدەرکەوت کەعەباسی لەلای خۆی گلدایەوە.

لەدوای راگەیاندنی تاج لەسەرنانی عەباس بۆ یەکەمین جار لەمێژووی خۆیدا دەوڵەتی سەفەویی لەتبوونی بەخۆوە بینی، ئەم لەتبوونەش کەوتە نێوان شا عەباس لەلای خۆرهەڵات و کە پایتەختەکەی هەرات بوو و، شا محەمەد خودابەندەی پادشای خۆراوا پایتەختەکەی قەزوین بوو و هەر بۆخۆشی فەرمانڕەوای شەرعی وڵاتبوو، شتێکی سروشتییش بوو لەئەنجامی ئەم لەتبوونە شەڕ هەڵبگیرسێ.

شا بەسەرکرایەتی سوپاکەیەوە بەرەو خۆراسان رۆیی تاکو دووبەرەکەیەکە لەناوبەرێت و لەبەرانبەریشدا عەلی قوولی خان و مورشید قوولی خان و لایەنگرانی بەرهەڵستکاران خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوە، بەڵام وادیاربوو سوپای خۆراسان لەبەر کەمیی ژمارەی سەربازان و چەك و تفاقیەوە نەیتوانی لەبەرانبەر سوپای شا محەمەد خۆراگری بکات بۆیە مورشید قوولی خان گەڕایەوە بۆ توربە و لەوکاتەشدا عەلی قوولی خان چووە هەرات و لەوێ خۆی قایمکرد.

سەرەتا سوپای قەزوین بەرەو توربە چوو و گەمارۆیدا، بەڵام نەیتوانی بچێتە ناویەوە و لەکۆتاییدا چەند شازادەیەك لەنێوانیاندا رۆڵی پڕ لەچاکەیان گێڕا و لێکیان نزیك کردنەوە، بەم شێوەیەش لەنێوان خۆیاندا رێککەوتن:

- مورشید قوولی خان ئەو دانپێدانانەی بەقوولی خانی کردبوو بیکێشێتەوە و ملکەچی خۆشی بۆ شا محەمەد خودابەندە رابگەیەنێت و لەبەردەمیشیدا ئەم رەزامەندییە رابگەیەنێ. کاتێکیش ئەم کارەی ئەنجامدا شا دڵنیایی پێداو دەسەڵاتەکەی کەلە ناوچەکەی خۆیدا هەیبوو پێیدایەوە.

دوای ئەوە سوپاکە بەرەو هەرات کەوتەرێ و لەوێش توانی بەرهەڵستکاران لەناو ببات و قەڵاکەشی گەمارۆدا. بەڵام بەهۆی هێرشی عوسمانییەکان و پێشڕەوییان لەبەرەی ئازەربێجان و دەسبەسەرداگرتنی چەند بەشێکی خاکەکەی، شا محەمەدی ناچارکرد گەمارۆکەی سەر قەڵا هەڵوەشێنێتەوەو بگەڕێتەوە پایتەخت بۆ بەرگریی لەهێرشی عوسمانیی و، ئەو کاتەش ئاشتبوونەوە لەنێوان هەردوولادا لەئاسۆی سیاسیدا بەدیدەکرا. لەکۆتاییشدا ئاشتەواییەکەش ئەم خاڵانەی لەخۆگرتبوو:

- شا محەمەد خودابەندە عەباسی کوڕی لە فەرمانڕەوایەتی تەواوی خۆرسان بهێڵێتەوە.
- عەلی قوولی خان هەر بەوەصی عەباس بێنێتەوە.
- عەلی قوولی خان ناوی شا بگەڕێنێتەوە ناو وتارەکان و دراویش بەناوی ئەوەوە چاپبکرێ.
- عەلی قوولی خان و میرزاعەباس دان بەجێنشینیی میرزاهەمزەدا بنێن.

شا فەرمانیدا کەوا مورتەزاقوولی خان لەدەسەلآت دابماڵدرێ و بەهۆیەوە جارێکی دیکە پشێوی خۆراسانی گرتەوە.

هەرکە شا محەمەد خودابەندە گەڕایەوە قەزوین مورشید قوولی خان یەکسەر پشتی لەبەندەفەرمانی و گوێڕایەڵی شا کردو، چاوی بڕیە ئەوەی عەباس لەگەڵ خۆیدا لە هەراتەوە بباتە مەشهەدو لەوێ ببێتە وەصی و پاشان لەو میانەشدا دەسەلآتی تەواوی هەبێ بەسەر هەموو خۆراساناداو، ئینجا بەرەو مەشهەد وەرێکەوت و سەلمان خانی فەرمانڕەوانکەی دەرکرد و دەستیشی گرت بەسەر چەند ناوچەیەکی نزیک لەسنووری دەسەلآتی بنچینەیی خۆی لەخەواف و باخەرز و پلەکانی دەسەلآتیشی بەسەر خزم و کەسەکانی خۆی لەشازادەکانی هۆزی ئەستاجلوو دابەشکرد. کاتێکیش هەستی بەوەکرد کەناوچەی ژێردەسەلآتی خەریکە فراوان دەبێ پیلانی داڕشت بۆ ئەوەی عەباس میرزا لەهەراتەوە بباتە مەشهەدو، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە بانگهێشتی عەلی قوولی خان و عەباسی دەکرد کەوا بۆ سەردانیی بچنە مەشهەدو، عەلی هەوڵیدا مورشید بکوژێ و لەدواییدا ململانێ لەنێوانیاندا دروستبوو تا گەیشتە هەڵگیرسانی شەڕ. ئەوەبوو لەنزیک شارۆچکەی سووسەفید لەنێوان هەرات و مەشهەد پێکیان داداو مورشید خان توانی عەباس دەسگیربکات و بینێرێتە مەشهەد تا بۆ خۆی ببێتە وەسیی ئەو. ئینجا جارێکی دیکە بووەوە پاشای خۆراسان و بەناوی ئەوەوە وتار خوێندرانەوە و دراوی دەوڵەتیش بەناوی ئەو چاپکراو ناوی لەخۆشی نا بریکاری سوڵتانیی و بەمەش بووە خاوەنی گەورەترین دەسەلآت لەنێو شازادەکاندا. ئەو کارتە براوەیەی کەوا عەلی قوولی خان

لەبەرانبەر حکومەتی ناوەندی بەکاری دەهێنا لەدەستی چوو و ئەو هیوایانە هەمووی گوازرایەوە بۆ مورشید قوولی خان.

بارودۆخی سیاسی لەپایتەختدا زۆر ئاڵۆزبوو و کۆمەڵێك کاری تیرۆریی لێکەوتەوە. مەهدعەلیای هاوسەری شامحەمەد خودابەندە کوژرا، هەروەها جێنشینی شا کە میرزاهەمزەبوو ئەویش کوژراو دەمەتەقێ و گفتوگۆی زۆریش بۆ دۆزینەوەی جێنشینێکی دیکە لەوڵاتدا سازبوو. کەچی شا نیازی وابوو بۆخۆی فەرمانڕەوایەتی وڵات بکات و هیچ کام لەکوڕەکانی کەعەباس و ئەبوتالب و تەهماسب بوون نەکاتە جێگریی خۆی، ئەویش بەهۆی پەرتبوونی لایەنگریی قزڵباشەکان، بەڵام ئەوان بەم بڕیارەی شا قایل نەبوون و فشاری زۆریان خستە سەر خودابەندە تا یەکێك لەکوڕەکانی بکاتە خەلیفەو جێگریی خۆی چونکە ئەو چاوەکانی لەدەستداون و ناتوانێ ئەرکە قورسەکانی سەرشانی لەبەڕێوەبردنی وڵات ئەنجام بدات. ئەو قزلباشانەش بوون بەسێ بەش:

- بەشی یەکەم لایەنگریی عەباسیان دەکرد لەخۆراسانبوو.
- بەشی دووەم لایەنگریی ئەبا تالبیان دەکرد لە قەزوین نیشتەجێبوو.
- بەشی سێیەم رایەکی دووسەرەیان هەبوو لەنێوان دووبراکەدا، چونکە رایان وابوو کەوڵات بکرێتە دووبەش و هەر یەکە لەکوڕەکانیش ببنە خەلیفەی شا لەپارچەکاندا.

ئاشکرابوو کەهەر لایەنێك لەوانە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵات و هێزی خۆی دەدا بەسەر کاروبارە گشتییەکانی دەوڵەت.

لایەنی دووەم فشاری خستە سەر شا و ئەبا تالیبی کوڕی کردە جێنشینی خۆی و مافی عەباس کوڕە گەورەکەی پێشێلکرد. ئەم بڕیارەش بوو بەهۆی ئەوەی پشێوی زیاتر پەیدابێ و مورشید قوولی خان کە عەباسیشی لەگەڵدابوو بەڕێی دامغان و سەمنانەوە بەرەو قەزوینی پایتەخت بەرێکەوت و بەدرێژایی ڕێگاکەی هەرچی خەڵکی شارەکان هەبوو هەموو لایەنگریی خۆیان بۆ نیشاندا و لەناویشیاندا مورتەزا قوولی خان هاتە پاڵی و بەمەش هەڵوێستی هێندەی دیکە بەهێز بوو و بەبێ هیچ بەرهەڵستکاریەك چووە ناو شارەکەوە، ئینجا رایگەیاند کە عەباس بکرێتە پاشای دەوڵەتی سەفەوییەکان و بۆخۆشیی

بووە جێگری سەڵتەنەو وەسیی شا عەباس، ئەوکاتەش شا محەمەد خودابەندە بڕیاریدا بەر لە کاروانی کوڕەکەی بگاتە پایتەخت و کەچی مورشید قوولی خان پێشی ئەو گەیشتە شوێنی مەبەست، ئەویش بڕیاریدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵمەت ببات، بەڵام سەربازەکانی پشتیان تێکرد. بۆ دەربازبوونیش محەمەد خودابەندە ناچار بوو دان بەم ڕووداوە ڕاستییە سیاسییەدا بنێ، بۆیە دەستبەرداریی خۆی لەتەختی پاشایەتی بۆ عەباسی کوڕی ڕاگەیاند و پاشان لەناو ئاپۆڕای پێشوازی گەرمی کوڕەکەی هاتنە ناو شارەوە. ئەرکانەکانی دەوڵەت لەچهل ستوون کۆبوونەوە، واتە لەو شوێنەی کە شا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، لەوێدا تاجی لەسەر سەری خۆی هەڵگرت و خستیە سەر عەباسی کوڕی و ئەویش لەسەر تەختەکەی دانیشت و، هەرچی بەڵگەنامەو ئەرشیف و داب و نەریتەکانی تایبەت بەخانەوادەی سەفەویی هەبوو هەمووی دایە عەباس، کەبەگوێرەی ئەوانە هەموو یاساکانی میراتگریی و یاسای گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەویی ڕوونکراوەتەوە.

بەجۆرە شاعەباس لە٦تشرین١٥٨٨ز بەشێوازێکی شەرعی بوو بەفەرمانڕەوای دەوڵەتی سەفەویی و، ئەوکاتەش تەمەنی تەنها هەژدە ساڵ و دوو مانگ و نیو بوو.

ئەو دژایەتییانەی ڕووبەڕووی شاعەباس یەکەم بوونەوە:

لەناوبردنی مورشید قوولی خان:

شاعەباسی یەکەم لەدوای ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی کەوتە دەست، بیری لەوە کردەوە بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و سەرهەڵدانی شائیسماعیلی یەکەمی باپیری، ئەمەش تەنها لەڕێگای دەسبەسەرداگرتنی سەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەت و تاکڕەوی لەحوکمدا نەبێ بۆی جێبەجێ نابێ، وادیار بوو دەرکی بەوەش کردبوو کە شاقوولی خان تا چ ئاستێك مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ئەو هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەمیشە ڕێگر بوو لەبەردەمی لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت، لەلایەکی دیکەش بەبێ پرسی ئەو زۆرێك لەکاروبارەکانی دەوڵەتی ڕادەپەڕاند، لەبەرئەوەی تەمەنی هەژدە ساڵبوو توانای دەسەڵاتی کەمتر بوو و سنووری فەرمانەکانیشی تەسك دەکردەوە، چونکە وەسییەکەی

هەمیشە خاوەنی دەسـەلاَت و هێـزی تایبـەتی زیـاتری هـەبوو و هـەوڵی دەدا لـەرێگای دەسبەسەرداگرتنی کاروبارە گرنگەکانەوە پارێزگارییان لێبکات.

شاقوولی دەستی کرد بەدابەشکردنی پلەکانی دەوڵەت بەسەر لایەنگرانی تایبەت بەخۆی، بەلاَم شا هەرگیز نیازی ئەوەی نەبوو کە بەم زووانە لەناوی ببات، ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: خاوەنی شارەزاییەکی باش نەبوو لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت و دەبوایە بەکردەنی فێری هەڵسورانی کاروبارەکانی دەوڵەتی بکردبایە ئینجا بیری لەوە بکردبـاوە تاکڕەوانـە حـوکم بکات.

دووەم: دەیویسـت بەسـایەی ئـەوەو کۆمـەڵێك لـەو سـەرکردە قزلباشـانە لـەناوببات کەلایەنگری خۆی بوون، بۆیە کاتێك ئەوانە هەڵوێستیان لەدژی وەرگرت لایـەنگری کـردو دواجاریش خۆی کرد بەحاکمی ناوچەی ئەسفەهان و موڵك و سامانی دەوڵەتیشـی خسـتە پاڵ موڵکەکانی خـۆی، کـەکاتی خـۆی ئـەم موڵکانـە درابوونـە میرزاهـەمزەو لـەدوای مردنیشی درانە ئەباتالیب، لەپاشان دەسـتی کـرد بەکوشـتنی سـەرکردەکانی قزلبـاش و سەری دەپەڕاندن و لەسەر کۆشکی شاهانە بەپێ هەڵیدەواسین.

بەهۆی ئەو کارە نالەبارانەی شاقوولی خان ئەنجامی دەدان و لەبەر ئەو کـارە تاکڕەویانـەی لەکاروباری دەوڵەت دەیکردن، شا هێندەی دیکەی ئارەزووی ئەوەی لەلا دروستبوو لەناوی ببات، ئەوەی شـاعەباسیان لێی بێزارکردبوو:

- مورشید قوولی خان ویستی بەهۆی ژن خوازیی لەخانەوادەی سـەفەوییەوە جـێ پێـی خۆی قاییم بکات و پارێزگاری لە سامان و دەسەلاَتی بکات، بۆیـە داوای لەشـا کـرد کەوا رەزامەنـدی نیشـانبدات لەسـەر مـارەکردنی یـەکێك لەکچـەکانی خانـەوادەی سـەفەویی و ئـەویش ئەمـەی رەتکـردەوەو بـوو بـەهۆی یەکـەم هـەنگاوی رووبەرووبوونەوەیان.
- پێیان راگەیاند کەوا شاعەباس زوو یا درەنگ هەر لەناوی دەبات، بۆیـە لایـەنگرانی ئامۆژگاری ئەوەیان کرد لەم کارەدا دەسپێشخەری بکات، بۆ ئەم مەبەستەش محەمەد خودابەندەو کوڕەکانی کەبەبیانووی ئەوەی ناوچـەکە لەگەیلانـەوە نزیکـە و لەوێشـدا

بەردنگاربوونەوە هەیە لەقەلای ئەلموت بەندی کردبوون هێنایە دەرو، بۆ ئەوەی لەکاتی سەرقاڵی شا بەجەنگی ئۆزبەکەکان هەلی بۆ بڕەخسێ زیندنییەکان ئازاد بکات و تاجی شاهانەی سەفەوییش بکاتە سەر یەکێکیانەوە، بەلام شا دەرکی بەمەرامەکانی وەسیی و ئامانجەکانی کرد، دەشیزانی کەتوانای ئەوەی هەیە لایبدات و یەکێکی دیکە لەخانەوادەی سەفەوییەکان لەجێگای ئەوەدا بکاتە فەرمانڕەوا، بۆیە جەختی لەلەناوبردنی کردوە.

- مورشید قوولی خان سەرەڕای پەلەپەلی شاعەباس کەچی هەر سستی و خاوەخاوی دەکرد لەناردنی هێزی یارمەتیدەر بۆ هەرات کە ئەو کاتە لەلایەن ئۆزبەکەکانەوە گەمارۆدرابوو، چونکە هیوای وابوو کەخۆی لەو رکابەرەی رزگاربکات و، بەتایبەتیش کەشا عەباس رێزێکی تایبەتی بۆ هەبوو بەمامۆستا و وەك پەروەردەکاری خۆی حسابی بۆ دەکرد. ئەوەشی لەبیرنەکردبوو کەئەوکاتەی ئەو وەسیی بوو چ هەڵسوکەوتێکی چاك و میهرەبانانەی لەگەڵ دەکرد. مورشید قوولی خان بەردەوام خاوەخاوی دەکرد لەناردنی هێزی یارمەتیدەر بۆ هەرات، تا کار گەیشتە ئەوەی ئۆزبەکەکان شارەکەیان داگیرکردو لەوێشدا عەلی خان قوولی و ژمارەیەك سەربازی قزلباشیشیان کوشت، لەوێدا شا هێندەی دیکە مکوڕ بوو لەو رایەی کە بەر لەوەی مەترسی زیاتری بۆ سازبکات بۆخۆی لەناوی ببات.

لە١٥٨٩ز شاعەباسی یەکەم هەلی لەناوبردنی مورشیدی بۆ رەخسا لەوکاتەی کەوا سوپای سەفەویی بەرەو خۆراسان و بەمەبەستی بەرلێگرتنی هێرشی ئۆزبەکەکان و دەرکردنیان دەچوو، کاتێکیش گەیشتنە شاهرود، لەگەڵ چوار لەسەرکردە دڵسۆزەکانی خۆی پیلانیان دارشت بۆ کوشتنی و خەوکوژییان کرد.

شا عەباسی یەکەم وەسییەکەی خۆی لەناو برد و بووە خاوەنی سەرجەم دەسەلاتەکانی ولات و هەرکەسێك سەرپێچی فەرمانەکانی بکردبایە دەیکوشت، تەنانەت ئەندامانی خانەوادەکەشی لەو دلڕەقییەی نەبواردو پیاوانی دەوڵەتیش مەترسییان لێ نیشتبوو، بۆیە بەناچاریی بەندەفەرمانییان دەکرد و هەموو بڕیارێکیشیان بەبێ گفتووگۆ کردن بەجێدەگەیاند.

بەهۆی ئەم دەسەڵاتە تاکڕەوی و فراوانەیەوە مێژوونووسەکان گەیشتنە ئـەو رایـەی کـەوا هاوولاتیەکانی دەبوایە پیرۆزیی بکەن و لەترسی زۆرداریەکـەی و بـۆ خـۆ دوورخسـتنەوە لەخراپەکارییەکانی وەك بتێکی پەرستراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، بەتایبەتیش کاتێـك ناوی لەخۆی نا (سێبەری یەزدان).

لەناوبردنی ئەندامانی خانەوادەکەی:

شاعەباسـی یەکـەم لەگـەڵ ئەنـدامانی خانـەوادەی سـەفەویی زۆر دڵـڕەق و توونـد بـوو بەتایبەتیش کوڕەکانی خۆی، ئەم بێبەزەییەش پاشماوەی سـەدەی شـانزدیەمی سـەردەمی مەغۆلەکان و عوسمانییەکان بوو لەهیندستان و ئاسیای بچووك، بەهانەی بۆ ئەم توندی و زۆرداریەی ئەوەبوو لەوە دەترسا نەوەکا کەسێکی دیکە لەخانەوادەی سەفەویی دروسـتبێ و وەك ئەوەی ئەو لەمنداڵیەوە لەبەرانبەر باوکی کردی بەسەری بهێنێتەوە و خۆی بەسەردا بسەپێنێ و تەختی فەرمانڕەوایەتی لێ بسەنێتەوە، ئەم سیاسەتەشی بەشێوەیەك توونـدو تۆقێنەر بوو تەنانەت وای لێکردبوو کەهەرگیز بیر لەدوارۆژی خانەوادەکـەیان نەکاتـەوە و بیر لـەوە نەکاتـەوە کـە ئەگـەر لـەدوارۆژدا کەسـێکی شـیاو نـەبێ لەخانەوادەکـەی بـۆ فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی سەفەویی ئەوا چ کارەساتێك دێتـە پـێش و چـۆن ئـەم دەوڵەتـە ئایندەکەی روو لەنەمان دەکات، ئەم سیاسـەتەش لاوازی کـردو لەکۆتاییشـدا بەتـەواوی هەرەسی هێناو لەناوچوو.

کاتێك شا عەباسـی یەکـەم بـووە خـاوەنی دەسـەڵات لەدەوڵـەتی سـەفەویدا لەسـەرجەم ئەندامانی خانەوادەی سەفەویی تەنها پێـنج کـەس مابوونـەوە ئـەوانیش: شـامەحەمەد خودابەنـدەی بـاوکی و ئـەبوتاڵیب و تەهماسـب و دوو کوڕەکـەی میرزاهـەمزەی بـرای (ئیسـماعیل و حەیدەر) بوو. هەموو لەقەلای ئەلـەموت زینـدانی کـردن و خسـتنیە ژێـر چاودێرییەکی زۆر توندیشەوە، کاتێکیش مورشید قوولی هەرەشەی ئازادکردنی ئەوانـەی لێکرد یەکسەر هەمووی بردنە قەلاّی وەرامین و هێنـدەی دیکـە چـاودێریەکەی سـەریانی توندکرد. کاتێکش گەڕایەوە قەزوینی پایتەخت و لەدوای ئـەوەی ئۆزبەکـەکانی وەدەرنـا لەهەرات فەرمانیدا باوکی بهێننە لای لەلای خۆی دەسبەسەری کرد و نەیهێشـت بـەهیچ

شێوەیەك تێکەڵاوی قزلباشەکان ببێ، بۆ هەر جێگایەکیش بچووبایە لەگەڵ خۆی دەیبرد. ئەم بارە تا مردنی محەمەد خودابەندە لەساڵی ١٥٦٩ز درێژەی کێشا.

ئینجا فەرمانیدا چاوی چوار شازادەکەی دیکە بکۆڵن تاکو هەرگیز کەسێکیان نەتوانێ لەفەرمانڕەوایەتی نزیك ببێتەوە، دیسانەوە گەڕاندنیەوە بۆ قەڵای ئەلەموت و تا کۆچی دواییان کرد هەر لەوێ مانەوە، بەڵام لەساڵی ١٥٩٠ز حەیدەری وەك بارمتە ناردە دەوڵەتی عوسمانییەکان و لەوێ مایەوە تا دووچاری نەخۆشی کۆلێرا هات و هەر لەوێش لەساڵی ١٥٩٧ز کۆچی دوایی کرد.

شا عەباسی یەکەم لەسەر ئەم سیاسەتە توندو تیژیەی بەردەوام بوو تا گەیاندییە پێنج کوڕەکەی: محەمەدباقر ناسراو بەسەفی، حوسێن، خودابەندە، ئیسماعیل و مەقلی. هەر لەمنداڵیەوە حوسێن و ئیسماعیل کۆچی دواییان کرد. ئینجا لە٢شوبات١٦١٥ز لەترسی ئەوەی نەوەك محەمەدباقری کوڕی لاسایی خۆی بکاتەوە لەهەڵسوکەوتەکەی بەرامبەر باوکی کردی، بەتایبەتیش ببووە خاوەن دەنگ لەوڵاتەکەدا چونکە کوڕی گەورەو جێنشینی شا بوو کوشتی و لەناوی برد.

لەلایەکی دیکەش خودابەندەی کوڕی ناوبانگێکی باش و خوازراوی لەناو خەڵکدا پەیداکردو لەنێو ئەندامانی لایەنگر و دەروروبەرەکەیان و ئەو قزلباشانەی کەبەچاوی حاکمی دوارۆژی دەوڵەت لەدوای باوکی تەماشایان دەکرد بووە خاوەن پلەو پایەیەکی زۆر بەرز، بۆیە ئەمە نیگەرانی کردو سەرەتا مامۆستا و پەروەدەکارەکەی کوشت و چاوەکانی کوڕەکەشی دەرهێناو ئەویش ژەهریخوارد و خۆی کوشت.

چارەنووسی مەقلی کوڕی پێنجەم لەهی براکانی باشتر نەبوو، ئەوبوو شا لەساڵی ١٦٢٧ز فەرمانیدا کەچاوەکانی ئەویش بکۆڵن تا نەتوانێ دەست بەتەختی پاشایەتیەوە بگرێ.

بەهۆی ئەو رەفتارانەیەوە شا عەباسی یەکەم لەکۆتاییەکانی ژیانی خۆیدا کێشەی هەڵبژاردن و دەسنیشانکردنی جێنشینی بۆ پەیدابوو، لەدواییدا تەنها میرزاسامی کوڕی محەمەد باقر نەبێ کەسیدیکە نەمابۆوە لەئەندامانی خانەوادەکەی، ئەویش دایکی

لەکوشتن رزگاری کردبوو و لەئەنجوومەنی شا و پیاوانی شانشینیی دووریخستبۆوەو هەر ئەویش لەدوای مردنی جێگای گرتەوە.

نەهێشتنی باڵادەستی سیاسی قزلباشەکان:

سەردەمی شا عەباسی یەکەم سەرەتای کۆتایی هۆزەکانی قزلباش و لاچوونی کارگەریی سیاسی و کۆمەڵایەتیانی بەخۆوە بینی، ئاشکرایە کەئەوانە هەر لەسەردەمی شائیسماعیلی دووەمەوە بەهۆی ئەو پشێویەی ئەو کاتە دروستببوو دەستیان بەسەر سوپاو بواری کارگێریی دەوڵەتی سەفەوییدا گرتبوو و، دەسەڵاتی خۆشیان لەسەردەمی شامحەمەد خودابەندەی کوێردا بەهێز دەکرد و، لەم پێناوەشدا رێگای زۆریان گرتە بەر تەنانەت دایکی شاعەباس و مەهدعەلیا و میرزاهەمزەی براشیان کوشت، ئەم کردەوانە برینی زۆر گەورەیان لەدڵی شا دروسکرد، بۆیە مکورِبوو لەسەر ئەوە لەناویانببات، ئەوکاتەش ژمارەی هۆزەکانی قزلباش لەسی و دوو هۆز تێپەرِیبوو و ژمارەی ئەندامانیشی گەیشتبووە شەست هەزار کەس و هەموو ئەوانەش مووچەیان لەگەنجینەی دەوڵەت وەردەگرت و بەمەش بارێکی زۆر قورسیان خستبووە سەر دارایی دەوڵەت و، لەهەموو لایەکی دەوڵەتدا بڵاوببوونەوەو خاوەنی زۆرێك لەزەوی و زار بوون، هەروەها راستەوخۆ و بەبێ حکومەتی ناوەندی فەرمانڕەوایەتی هەرێمەکانیان دەکرد و خۆیان لەگەڵی ئێران بەزیاتر دەزانی و، لەهەمان کاتیشدا دەووری شا عەباسی یەکەمیان گرتبوو و کاتێکیش بەئاگاهات بینی هیچ دەسەڵاتێك و سەربەستییەکی نەماوە. بەمەش ئەوەی بۆ روونبووەوە کەناتوانێ بەتەنها و تاکرِەوانە حوکمەکە بەرِێوەببات، لەبەر ئەم هۆیانەبوو لەدوای ئەوەی تاجی لەسەرنا سەرکردەکانیانی قۆڵبەستکرد، بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان هەبوو لەکوشتنی میرزاهەمزەی برای، لەوانەش عەلی قوولی خان و ئیسماعیلی قوولی خان و چەندانی دیکەش و پاشان هەمووی کوشتن. وادیاربوو ئەم بریارەی بەهاوبەشی لەگەڵ وەسییەکەی مورشید قوولی خان بەجێگەیاند، جگە لەمانیش هەموو ئەو کەسانەی کەلەکوشتنی دایکی بەشداربوون هەمووی کوشتن، لەوانەش: قورخەمسخان کەیەکێك بوو لەپیلانگیرانی تیرۆرکردنی دایکی و شا بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی دایکی بەدەستی خۆی کوشتی.

شا شۆڕشی هەندێك لەسەرکردەکانی قزلباشی بەهـەلزانی کەلـەژی مورشـیدقوولی خـان هەڵیانگیرسـاندبوو کاتێـك ئەسـفەهانی خسـتبووە پـاڵ موڵکـەکانی خـۆی، فێـە قزلباشیەکەیانی لەسەر داکەندن و پاشان هـەمووی کوشـتن و دەستیشـی بەسـەر هـەموو موڵك و ماڵیـشیانداگرت و لەسەر لایەنگرو شوێنکەوتووانی خۆی دابەشی کردن و زۆریشی نەبرد مورشید و لایەنگرانیشی کوشت.

شا بەئەنقەست لەپاڵ کوشتنی هەندێك لەسەرکردەکانی قزلباش وای کرد بۆخۆیـان لـەنێو خۆیاندا دەسەلات لەیەکتر بستێنن و هیچ پلەیەکی سەربازی و ئیداری نـەهێڵن و بەمـەش توانا و هێزیان کەمبێتەوە، ئاشکرایە کەوا سوپای سەفەویی بـەر لەفەرمانڕەوایـەتی شـا عەباسی یەکەم بەتەواوی پشتی بەهۆزەکانی قزلباش بەستبوو، بـەلام دوو سـوپای تـازەی پێکەوەنا کەیەکێکیان لەئەرمەن و شەرکەس و کەرەجییەکانی سەر بەدەوڵەتی سـەفەویی بوو دامەزراند، ئەویدکەش لەو هاوولاتیانە پێکهێنا کـە راسـتەوخۆ سـەربەخۆی بـوون و هیچ کام لەهۆزەکانی لایەنگری خۆیشـی بەشـداری پێنـەکرد و نـاوی لـەو سـوپایەش نـا (شاهسون) واتە ئەوانەی شایان خۆشدەوێ و، راستەوخۆش هەموو فەرمانێکیان لـەخودی خۆی وەردەگرت. بەمشێوەیە شا دەسەلاتی قزلباشەکانی لەناو سوپا نەهێشت.

لەدواییدا شا هەموو دەسەلات و پلـە گرنگـەکانی کـارگێڕیی لەسـەرکردەکانی قزلبـاش سەندەوە بەتایبەتیش فەرمانداری ویلایەتەکان و هەمووی بەخشیە ئەو کەسانەی کە جێی متمانەی خۆی بوون، کەچی لەگەڵ ئەوانەشـدا هەرکـە گومـانی لەدڵسـۆزیی کەسێکیان بکردبایە ئەکسەر دەیکوشت.

شاعەباسی یەکەم چنگی خۆی لەو ویلایەتانە گیرکرد کەوا بەشـێوەی لامەرکـەزی خۆیـان بەڕێوەدەبرد، ئەم سیستەمەش بەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویی بوونی هـەر هـەبوو. زانراویشە کە حاکمەکانی ئەم هەرێمانە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان بوون و جگە لـەناردنی هەندێك پارەو دیـاری بـۆ شـا هـیچ شـتێکیدیکە ئـەوانی بەیەکـەوە نەدەبەستەوە. شـا لەدەسەلاتیدا هەبوو کە هەرکەسێکی بیەوێ پلەی دەداتێ و لەهـەمان کاتیشـدا دەتـوانێ جڵەك لابداو پلەو پایەیان لێبستێنێتەوە، هیچ کەسێکیش بۆی نـەبوو فەرمانـەکانی ئـەو پێشێل بکات. بەمجۆرە شـا فرەمـانڕەوای شـارەکانی بـە خـۆی بەسـتەوە و مانەوەشـیان

لەپلەوپایەکانیاندا بەرەزامەندی شا گرێدرابوو، کەچی لەسەردەمی قزلباشەکان ئەم کارە هەمووی قۆرخکرابوو.

بەهۆی ئەم سیاسەتە توندڕۆییە شا توانی زاڵبوونی قزلباشەکان بەسەر بواری سەربازی و دەستێوەردانیان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتدا نەهێڵێت کەئەمانە هەرگیز لەتایبەتمەندیی ئەوان نەبوو، بەخوایشت یا بەزۆری توانی ئەوانە لەدەووری خۆی کۆبکاتەوەو لەهەمانکاتیشدا یەکێتی سیاسی و ئیداری بۆ دەوڵەتەکەی گەڕاندەوە و بە گوێرەی داب و نەریتی سەردەمیش تاکڕەوانە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی کرد.

گەشەکردنی بواری سەربازیی:

بەر لەئێستا باسی ئەوەمان کرد سوپای سەفەوییەکان بەپلەی یەکەم پشتی بە قزلباشەکان بەستبوو کە ئەوانیش هەموو فەرمانەکانیان لەسەرکردەکانی خۆیان وەردەگرت و شای سەفەویی بۆی نەبوو راستەوخۆ فەرمانیان بەسەردا بدات، بەڵکو دەبوایە شا فەرمانەکە بەسەرەك هۆزەکان رابگەیەنێت و ئەوانیش فەرمانیان پێبکەن، جا لەبەر ئەوەی ئەم سەرەك هۆزانە ئەگەر کارێکیان بەدڵ نەبووایە و لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان یەکی نەگرتباوە ئەوا فەرمانەکەیان دەشاردەوە و بەمەش شا دەسەڵاتی بەسەر لایەنی سەربازی ولاتەکەی لاوازببوو. لەهەمان کاتیشدا دەیانتوانی دژایەتی شای سەفەوییەکانیشیان پێبکەن و، ئەو هەڵوێستەی عەلی قوولی خان و مورشید قوولی خان لەخۆراسان نواندیان زیندووتریان بەڵگەی ئەم قسەیە بوو، کاتێك شا عەباسی یەکەم خودی خۆی لەوێبوو سەرکردەکانی قزلباشیی بەرپەرچی فەرمانەکانیان دایەوە.

کاتێکیش شا عەباسی یەکەم دەسەڵاتی گرتە دەست، هەستی بەوەکرد کە سەرکردە قزلباشەکان تا چ ئەندازەیەك مەترسیان لەسەر رژێم هەیە، بۆیە هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ لاوازکردنییان هەڵێنا ئەویش بریتی بوو لەکەمکردنەوەی ژمارەی سەربازەکانیان بۆ نیوەی ژمارەی جارانیان و بووە سی هەزار.

لەلایەکی دیکەوە شا دەووری کۆمەڵەیەکی دیکەیدا کەهەمیشە لەدەوڵەتدا خاوەن هێز و دەسەڵاتبوون، ئەوانیش ئەو سۆفییانەبوون کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی

سەفەوییەوە سەریان هەڵدابوو، هەمیشە ئەندامانی ئـەم کۆمەڵەیـە بانگەشـەی ئـەوەیان دەکرد کـەخۆیان پشـگیر و بـەرگریکاری مـاڵی سـەفەوییەکانن. لەســەردەمی محەمــەد خودابەندە لاوازیـی دەوڵـەت و دەسـەلاتەکەیان بەهـەلزانی و هێنـدەی دیکـە دەسـتیان لەکاروباری دەوڵەت وەردەدا. لەسەرەتای سەردەمی شـا عـەباسـی یەکەمیشـدا ویسـتیان هەندێك پشێوی سازبکەن تا بەهۆیەوە شای لادراو بگێڕنەوە بۆ دەسەلات، شا عەباسـیش رەتیکردنەوەو لەبەشداریکردنی کاروبارەکانی دەوڵەتیش دووریخستنەوە، ئەمەش وای کرد دەسـەلات و لایـەنگریان کەمبێتـەوە و هـەموو جوڵەیەکیشـیان سـنووردارو بوو، جگـە لەهەندێك پیشەی پایەنزم هیچی دیکەی نەدانێ، وەك خاوێنکردنەوەی کۆشکەکانی ولات و جەللادی و هەندێك فەرمانیی دیکەی دنیایی.

شـا لـەدوای ئـەوەی قزلباشـەکانی لاواز کـردو کۆمەڵـەی سۆفیەکانیشـی لەدەوڵـەت دوورخستەوە هەسـتی کـرد پێویسـتی بەپێشخسـتنی بـواری سـەربازی هەیـە تـابتوانێ رووبەرووی دوژمنـەکانی وەك عوسمانییـەکان و ئۆزبـەك ببێتـەوەو لەلایـەکی دیکەشـەوە سەقامگیریی ناوخۆییش جێگیربکاتـەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوو سـوپای پێکهێنـا کـە هەردووکیان لایـەنگری تـەواوی خـۆی بـوون و بـەردەوامیش فەرمانـەکانیان راسـتەوخۆ لەخودی خۆی وەردەگرت و زۆریش چاودێری چەك و تەقەمەنیەکانی دەکردن، و زۆر زیـاتر لەسوپای عوسمانی تفەنگ و تۆپی بەم دوو سـوپایە بەخشـی کـە دەیزانـی عوسمانییـەکان هەمیشە چەکی تازەبابەت بەکاردەهێنن، بۆیە شا نزیکە پێنج سـەد تۆپ و شەست هـەزار تفەنگی دایە سوپاکان، بەیارمەتی ئینگلیزەکانیش توانی کارەگەیەکی چەك و تەقەمـەنی دروسبکات، لەهەمان کاتیشدا ئەندامانی نێردراوی بەریتانی بەشداریان لەدارشتنی پلانە سەربازیەکان جەنگی دژی عوسمانییەکان دەکرد، لەمەشەوە رۆبەرد چیللی سـەرکردایەتی یەکێك لەتیپەکانی سـەربازی سەفەویی لـەنێوان سـاڵەکانی ١٦٠٤-١٦٠٥ز لەشـەڕی دژ بەعوسمانییەکان کرد.

بەم جۆرە شا عەباسی یەکەم سـەرکەوتنێکی بەرچاوی لەبەرەوپێشـبردنی بـواری سـەربازی ولاتەکەی ئەنجامدا کەبووە هۆی سـەرکەوتنی بەرچاوی بەسەر ئۆزبەکەکان و عوسمانییەکان و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازەکانی ناوخۆ.

وادیاربوو شا عەباس هەموو گرنگییەکی خستبووە سەر بواری پیادە و لایەنی دەریـاوانی سەربازی پشتگوێخستبوو بەڵگەش ئەوەیە کەلەشـەڕی دژ بەپورتوگالیـەکان لەکەنـداوی عەرەبی نەیتوانی رووبەروویان ببنەوە. کاتێکیش ویستی رووبەروویان ببێتەوە هانای بردە بەر کەشتیگەلی هاوبەشی هیندستان و ئینگلیز و بەبۆنەی هاوبەرژەوەندییان یارمەتیانـدا بۆ ئەوەی لەمەیدانی بازرگانی لەناوچـەکە بەتایبـەتی و لـەخۆرەلات بەگشـتی وەدەریـان بنێن، ئەم کەمتواناییەش بووە هۆی ئەوەی هێزی پارێزگاریی لەناوچەکە لاوازبێ و هـانی بەریتانیەکان بـدات تـا هـەموو بۆشـاییەکان پڕبکاتـەوەو شـوێنی هێزەکـانی پورتوگـال بگریتەوە، لەدوای ئـەوەیش دەسـەلاتی خۆیـان بەسـەر ناوچـەکانی کەنـداوی عەرەبیـدا داخـست.

لەناوبردنی بزووتنەوەی یاخیبووان:

بزووتنەوەی یەعقوب خانی زیلقەدەر لە فارس:

لەدوای ئەوەی شا تاجی خستە سەر بیری لەوە کردەوە دەسبەسەر تـەواوی خـاکی ئێرانـدا بگرێ، بەلاّم لەلایەن هەندێك لەفـەرمانڕەوای ویلایەتـەکان رووبـەرووی بەرهەڵسـتکاری بووەوە کەپێشتر سەربەخۆییان هەبوو، بۆیـە بڕیاریـدا رووبـەروویان ببێتـەوەو ملکەچـیان بکات بەر لەوەی ئەوان خۆیان بەهێز بکەن و مەترسـیەکانیان پەرەبسێنێت.

ئەکەم رووبەرووبوونەوەش لەنێوان خۆی و یەعقوب خانی زیلقەدەری حاکمی فارس روویدا، شایانی باسە شا بۆخۆی ئەوی کردبوو بەحاکمی ئەو ویلایەتەو ئەویش ئـەوەی بەهـەلزانی بوو و ولاّتەکەی بەرەو لای یەزدو کرمان فراوانکردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە بـەبێ ئـەوەی پرس بەدەسەلاّتی ناوەندی بکات هەر لەخۆیەوە کاروبارەکانی رادەپەڕاند و هەرچی بڕیاری گرنگیش هەبوایە هەروای دەکرد و سوپایەکی تایبەت بەخۆشـی پێکهێنـا. شـا عـەباس بڕیاریدا مەترسیەکانی ئەم فەرمانڕەوایە لەناوببات و لەسـاڵی ١٥٩٠ز بـەرەو ئەسـفەهان بەرێکەوت و کاتێکیش گەیشتە ئەوێ داوای لەیەعقوبکرد بێتە بـەردەمی و لایـەنگری و ملکەچی خۆی رابگەیەنێ و ئەویش لەبەرانبەردا پەیمانی پێدا لێی خۆشببێ و سوێندیشـی بۆ خوارد، بەلاّم شا تەنها بۆ مـاوەی سـێ رۆژ پابەنـدی ئـەم پەیمانـەی بـوو و کـاتێکیش یەعقوب بەتەواوی دڵنیابوو لـەرۆژی چـوارەمدا چـووە کۆشـکی شـاو لـەنێو کۆڕەکەیـدا

دانیشت و شا فەرمانیدایـە پیاوەکـانی قۆڵبەسـتیان کـردو کوشتیان، پاشـان سـەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەی بانگ کردە کۆشك و داوای لێکردن کـەوا قاچـی مـاچ بکـەن تـا لێیان خۆشبێ و ئەوانیش ئەمەیان کرد، کەچی شا ناپاکی لێکردن و هەموویانی کوشت.

بزووتنەوەی خان ئەحمەد خانی حاکمی گەیلان:

خان ئەحمەد خان لەلایەن شا تەهماسبەوە کرابووە حـاکمی گـەیلان بـەڵام ئـەو دەیویسـت سەربەخۆبێ و کەچی شا قۆڵبەست کرد و لەقەڵای ئستەخخەر بەندی کرد و ماوەی دە ساڵ لەوێدا مایەوە، پاشان کە محەمەد خودابەندە هاتە سەر تەخت لێی خۆشبوو و گەڕاندیەوە بۆ سەر فەرمانڕەوایـەتی گـەیلان و مەریـەم سـوڵتان بێگـەمی خوشکیشـی لێمـارەکرد، هیواشی وابوو کـە پەیوەندییـەکانی خانـەوادەیی ببێتـە هانـدەرێك تـا لەسـنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەچێتە دەرەوە. بەڵام خان ئەحمەد خان کە بەوە ناسرابوو خاوەن ئاواتیی سیاسی تایبەت بەخۆیەتی بێهێـزی خودابەنـدەی بەهـەلزانی و بازنـەی دەسـەڵاتی خـۆی فراوان کردو، زۆر بەپەلەش بەرەو سەربەخۆیی ناوەچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەچـوو، تـا شـا عەباسی یەکەم دەسـەڵاتی وەرگرت هەر بەمشێوەیە مایەوە، کەچی خان ئەحمەد خان هـەر بەمەشەوە نەوەستا هەموو هەوڵێکی لێکتێکەیشـتن و نزیکبوونـەوە رەتبکاتـەوە بـەڵکو هەموو ئەو قزلباشانەی کەلەدەستی شا هەڵاتبوون دەهاتنـە لایـی و ئـەویش پێشـوازیی لێدەکردن، کاتێکیش داوای لێکرد کە بیانداتەوە دەست دەوڵەتی سەفەویی، خان ئەحمـەد رەتی کردەوەو، بەمەش پەیوەندییەکانیان هێندەی دیکە گرژبوو.

بزووتنەوەکەی ئەحمەد خان زۆر لەوەش دوورتر دەیڕووانی و هیـواو ئـاواتی دیکـەی زۆری بـەخۆوە گرتبـوو، لەگـەڵ عوسمانییەکانـدا گفتوگـۆی سـازکردو داوای لێکـردن لـەلای لاهیجانەوە هێرش بکەنە سەر خاکی ئێران و پاشـان بـەرەو قـەزوین و بـاقی شـوێنەکانی دیکەی ئێران پێشڕەوی بکەن و تەواوی هاریکاریشی بۆ دەربڕین.

شا عەباسی یەکەم بەم گفتوگۆ و دانوستانەی نێوانیـانی زانـی، لەگـەڵ عوسمانییەکانـدا رێککەوتنێکی ئاشتەوایی سازکردو پاشان مکوڕبوو لەسەر ملکەچکردن و لـەناوبردنیی، ئەوکاتـەی لەشـەڕی دامرکاندنـەوەی بزووتنـەوەی یـەعقوب خـان و دوورخسـتنەوەی ئۆزبەکەکان لەخۆراسان ماندووبوو، نیازی بەئاشتبوونەوەبوو لەگەڵ ئەحمەد خـان تـا ئـەو

کاتەی لەو دوو کێشەیە خـۆی رزگاردەکـات، داوای لێکـرد هاوســەرەکەی کـەپووری شـا عەباس بوو هەروەها کچەکانیشی بنێرێتە لای بۆ قەزوین تاکو لایەنگری و ملکەچیی بـۆ دووپات بکەنەوە و بەمەش نیازپاکی خۆیانی بۆ بسەلمێنن، بەلاّم خان ئەحمەد خان ئەمــەی رەتکردەوە.

لەگێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە کەشا عەباس پەنای بردۆتە بەر ژنخوازیی لەنێوانیان تـاکو بتوانیّ بەهۆیەوە ئەو بزووتنەوەیە لەناوببات و بۆیە پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە کچـەکەی خۆی لەمیرزاسەفیی کوڕی شا مارەبکات، بـەلاّم خـان ئەمەشـی رەتکـردەوە بـەبیانووی ئەوەی هێشتا کچەکەی بچووکە و تەمەنی تەنها چوار ساڵە.

بـەهۆی رەتکردنــەوەی هــەموو پێشــنیارەکانی دانوســتان، شــا بڕیاریــدا بزووتنــەوە یاخیبوونەکەی ئەم والییە لـەناو ببـات و سـوپایەکی بەسـەرۆکایەتی فـەرهادخان نـاردو لەگەیلان بەیەك گەشتن و لەئەنجامدا شکستی پێهێناو ناچار لەرێگـەی شـەروانەوە بـەرەو دەوڵەتی عوسمانییەکان قوچاندی و نەشیتوانی کەوا ژن و کچەکەی لەگـەڵ خۆیـدا ببـات، ئەوسا هەردووکیانی بـردە لای شـا و ئـەویش لای خـۆی هێشـتنیەوە، ئـەوەبوو لەسـاڵی ١٦٠٨ز ژنەکەی کۆچیی دوایی کردو کچەکەشی گەورەبوو کـاتی مێردکردنـی هـات شـا داوای لەکوڕەکەی کرد کەوا مارەی بکات بەلاّم کوڕەکەی ئەمەی رەتکردەوەو ئینجـا شـا لەخۆی مارەکرد. ئەمجارەیان خـان ئەحمـەد خـان هـەوڵی دەدا لەگـەڵ شـا ئاشـتببێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ گەیلان بەلاّم ئەویان قایل نەبوو.

بزووتنەوەی شاوێردی خان:

شاوێردی خان حاکمی لۆرستانبوو و هەوڵی دەدا کەوا پێگەی ولاّتەکەی فراوانبکات، بۆیە هێرشی کردە سەر قـەلاّی سـەدمەرە و داگـیری کـرد و بـۆ ئـەوەی هەڵوێسـتی خۆیشـی بەهێزبکات داوای لە سەرجەم سەرکردەکانی لورستان کـرد کـەوا هاوپـەیمانێتی لەگەڵـدا بکەن و رووبەرووی شا عـەباس ببنەوە، ئینجـا شـا سـوپایەکی بەسـەرکردایەتی مەهـدی قوولی خـان شـاملوو نـاردە سـەری و لەناوچـەکەی دەریکـرد و بـەرە و بەغـدا رایکـرد، بەردەوامیش هەوڵی ئەوەی دەدا کەوا هەلێك بدۆزێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ لوڕستان. بـەهۆی رۆیشتنی شا بەرەو خۆراسان و بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکانی ئۆزبەك ئـەم هەلـەی بـۆ

رەخساو هێرشی کردە سەر لوڕستان و داگیری کرد، بۆیە شا ناچاربوو سوپایەکی دیکە بنێرێتە سەری و لەناوی ببات و سەرکردەی ئەم پەلامارەش شاوێردی گرت و لەوێدا کوشتی و لەدوای ئەویش سەری زۆرێك لەلایەنگرانی پەلدا و ئینجا شا فەرمانیدا هەردوو کوڕەکەی لەقەلاّی ئەلموت زیندانیبکرێن.

لەناوبردنی سەربەخۆیی لار:

ناوچەی (لار) کەوتبووە سەر دەریا و زۆربەی دانیشتوانەکەشی بازرگانبوون و هەموو کار و چالاکیەکانیشیان هەر لەرێگای دەریاوەبوو، خاکەکەشی گەنم و خورماو لۆکەی لێدەچێندرا و خاوەنی باغێکی زۆریش بوو جگە لەئاوێکی زۆری سازگاریش، هەر لەوێشدا و لەسەردەمی تەیمولەنگ پارەی لێ چاپدەکرا کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا گرنگیەکی بەو ناوچەیە بەخشیبوو. لەهەمان کاتیشدا لار و ناوچەکانی دەوروبەری بەشێك بوون لەئێران و خاوەنی ئۆتۆنۆمییەك بوون کەبەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوییەکانیش هەر هەیان بوو، هەمیشە فەرمانڕەواکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئێران نێوانیان خۆش بووە و لەبەرانبەر پارێزگاری کردنی ئەم سەربەخۆییە هەرچی ئەوانیش داوایان کردبێ لەماڵ و سامان بۆیان ناردوون. ئەم بارە تا سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوییش هەر درێژەی هەبوو، ئەوەبوو پەیمانیان دا بە شا ئیسماعیلی یەکەم کەبەردەوام پارەو پوولیان بۆ دەنێرن بەمەرجێك ئەو سەربەخۆییەی ئێستایان بۆ بپارێزێ و ئەویش لەسەر ئەم پێشنیارە ڕەزامەندی نواند. لەدوای ئەویش شا تەهماسبی یەکەم سیاسەتەکەی باوکی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی (لار) گرتەبەر، بەلاّم بەهۆی ئەو پشێوی و ئاڵۆزیەی سەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم و شا محەمەد خودابەندە چیدیکە دەسەلاّتدارانی ئەوێ پارەو سامانیان بۆ حکومەتی ناوەندی نەنارد. کاتێك شا عەباسی یەکەم بوو بەفەرمانڕەوای دەوڵەتی سەفەویی داوای لێکردن کەوەکو جاران پارە و سەرانە بنێرن بۆ حکومەتی ناوەندی و پاشان هەڕەشەی ئەوەی لێکردن ئەگەر ملکەچی ئەم بڕیارە نەبنەوە ئەوا دەیانخاتە ناو سنووری دەوڵەتی سەفەویی، بەلاّم ئەوان هیچ گوێیان نەدایە داواکاریەکانی شا، بۆیە بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕا تا تەمبێیان بکات. هەڵوێستەکە هێندەی دیکە ئاڵۆزبوو بەوەی کاتێك ئیبراهیم خانی فەرمانڕەوای لار دەستدرێژی کردە

سەر یەکێك لەبازرگانە بیانیەکانی نێو ئێران و دەستی بەسەر هەموو پارەوشتومەکەکانی خۆی و خێزانەکەیدا گرت و، لەوکاتەشدا شا مەرامی وابوو دڵی بازرگانە بیانیەکە رابگرێ و داوای لە ئیبراهیم خان کرد کە پارەکەی بۆ بگێڕێتەوە، بەلاّم خان زۆر سستی و خاوەخاوی دەکرد لەئەنجامدانی داواکەی شا عەباس، ئەوکاتە شا فەرمانیدایە شاوێردی خانی حاکمی فارس هێرش بکاتە سەری و ملکەچی بکات و هەرچی مافێکی بازرگانە بیانیەکە هەیە هەمووی بۆ بگێڕێتەوە. وێردی خانیش فەرمانی شا عەباسی بەتەواوی جێبەجێکرد و لەساڵی ١٦٠١ز ئیبراهیم خانی قۆڵبەستکردو ناردیە دەرباری شا لەئەسفەهان و لەدوای ئەوەش باجێکی زۆری خستە سەر دانیشتوانی لار و ئەویش بۆ پڕکردنەوەی ئەو سەرانەیە بوو کەوا چەندین ساڵبوو لەسەریان مابۆوە، لەدوای ئەویش دەستی بەسەر گەنجینەکانی دەوڵەتدا گرت.

بەم شێوەیە شا عەباسی یەکەم سەربەخۆیی ناوچەی لاری لەناوبرد و خستییە پاڵ سنورەکانی دەوڵەتی سەفەویی، چونکە گەلێك بەلایەوە ناخۆشبوو کە ناوچەیەك هەبێ لەناو سنووری ئێران و لەهەمان کاتیشدا لەژێر دەسەلاّتی ئەودا نەبێ.

شانەبشانی ئەو دووبەرەکیانەی هی دیکەی بچووك و کەم بایەخیش پەیدابوون بەلاّم شا توانی بەئاسانی لەناویان ببات، کەلەوانەیە لە هەرە گرنگەکان کێشەی شا مەلیك بوو لەگەیلان و هەروەها کێشەی کۆمەڵەیەك بوو کە بەناوی سیاپوش و لەئیستەرئاباد بوون. ئەم سەرکەوتنانەی شا بوو بەهۆی ئەوەی بتوانێ ئاسایشی ناوەوەی دەوڵەتی سەفەویی سەقامگیربکات. بۆیە حاکمەکانی هەرێمەکان هەموو لەدەسەلاّتی ئەو دەترسان و هەمیشە بەئرمێدی ئەوەبوون کەوا لەژێر ئەم بارە ناهەموارەدا رزگاریان ببێ. لەکۆتاییشدا زیاتر گرنگی بەکاروبارەکانی ناوخۆیی لەرووی ئیداری و ئابوورەیەوەدا.

بواری کارگێڕی لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم:

لەسایەی ئەو داب و نەریتەی لەدەوڵەتانی خۆرەلاّتدا هەبوو شا عەباس خاوەنی دەسەلاّتێکی بێپایان بوو لەولاّتەکەدا، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی بتوانێ بەتەواوی دەسبەسەر دەزگای ئیداریی دەوڵەتدا بگرێ، بەلاّم بەهۆی سەرقاڵی زۆری لەجەنگەکان بەتایبەت و ملکەچکردنی بەرهەڵستکاران هانیدا داوای یارمەتی لەهەندێك وەزیر و

نووسەرەکان کرد کەوا بۆشاییەکانی بواری کارگێڕی پڕبکەنەوە، ئەمانەش بەپێی پلەو گرنگیانن:

١- ئیعتیماد ئەلدەولە، گەورەی وەزیران و کەسی دووەم بوو لەدوای شا لەلیستی کارگێڕانی گەورەی دەوڵەت، هەر ئەویش بەرپرسی کاروبارەکانی دارایی و خەرجیەکان و سەرجەم پێداویستیەکان بوو، هەروەها لەکۆڕو کۆبوونەوەکانیشدا لەلای راستی شا دادەنیشت و لەبەر ئەمەش بوو ناویان نا وەزیری دەستەراست، جگە لەمانەش هەموو نووسراوێکی دەبینی و واژووی دەکرد ئینجا بۆ لای شا عەباسی دەنارد. شایانی باسە لەسەردەمی شا عەباس حەوت کەسایەتیی ئەم پەلەیەیان بەدەستەوە گرتبوو ئەوانیش:

- میرزاشا وەلی، لەدوای تاج لەسەر نانی شا مورشید قوولی خان هەڵبژاردبوو بۆ ئەم پۆستە و تامردنی مورشید لەو پۆسەیەدا مایەوە، پاشان دوورخرایەوە.
- میرزا محەمەدی کرمانی، لەدوای کوژرانی مورشید قوولی خان ئەم پۆستەی وەرگرت ئەویش وەك پاداشتێك بوو لەلایەن شا عەباسەوە پێی درا بەهۆی ئەو بەشداری کردنەی لەکوشتارە تایبەتیەکانی شادا کردی. بەڵام وادیاربوو ئەم پیاوە وەك باب و باپیرانی هەمیشە ئارەزووی دیکتاتۆری و حوکمی تاکڕەوی دەکردو، لەلایەکی دیکەشەوە کورەکەی بەهۆی هەڵس و کەوتە نالەبارەکانیەوە رۆڵی لەروو لێوەرگێڕانی شا عەباسدا هەبوو، بۆیە لەدوای شەش مانگ و لەساڵی ١٥٩٠ز شا لەم پۆستە لایداو پاشان کوشتی.
- میرزا لوتفوڵڵای شیرازی، ماوەی دوو مانگ ئەم پۆستەی وەرگرت و لەساڵی ١٥٩٢ز لادرا.
- حاتەم بەگی ئەردۆباری، ماوەی بیست ساڵ لە١٥٩٠-١٦١٠ز ئەم پلەیەی پێدرا، بەر لەوەش پلەی مستەوفی مەمالیکەکانی هەبوو، لەبەر ئەوەی زۆر بەتوانا بوو سەرنجی شای بۆخۆی راکێشاو پاشان لەدوایدا نارد و کردیە وەزیری دەستەراست.
- میرزا ئەبوتالب خانی کوڕی حاتەم بەگ، شا عەباسی یەکەم بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی حاتەم بەگ لەکاروبارەکانیدا بەدەستی هێنا بڕیاریدا کوڕەکەی لەدوای خۆی لەهەمان

پلە دابنێ و توانی ماوەی دە ســاڵ لــەم پۆســتەدا بمێنێتــەوە، بــەڵام لەبــەر نالــەباری هەڵســوکەوت و خــووگرتنی بەمــەی خواردنــەوە کۆبوونــەوەی خــەڵکی بەدرەوســت لەدەووری لەساڵی ١٥٢١ز شا لەم پۆستە لابرد.

- سەلمان خان ئەستاجلوو، ماوەی پێنج ســاڵ پلــەی وەزیــری گــەورەی دەوڵــەتی پێــدرا لە١٦٢١-١٦٢٥ز، ئینجا بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد.

- سولتان ئەلعولەما خەلیفەسولتان، لەساڵی ١٦٢٥ز ئەم پلەیــەی بــەڕێوەبرد تــا ئــەو کاتەی شا عەباسی یەکەم لەساڵی ١٦٢٩ز کۆچی دوایی کردو لەدوای ئەویش کە شــا سەفیەدین دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوییەکانی وەرگرت تا ساڵی ١٦٣١ز هێشتییەوە.

٢- ئەرکانی سەڵتەنەت، سەرۆکی هۆزەکانی قزلباش بوو، بەڕێوەبەری کارگێڕی پاسەوانە تایبەتیەکانی شابوو و واژووی لەسەر لیستی مووچەکانیان دەکرد، یەکێك لەوانەی کە سەردەمی شا عەباسی یەکەم ئەم پۆستەی پێدرابوو عیسا خــانی ســەفەویی ســەرۆکی هۆزی شێخ ئاوەند و زاوای شابوو.

٣- روکن ئەلدەولە، ئەمە پلەی سەرۆکی ئەو سوپایەبوو کە شا عەباس بۆخۆی لەگەنجانی سازیکردبوو. یەکەم کەسیش ئەم پۆستەی وەرگرت شاوێردی خانبوو.

٤- گــەورەی یــاوەران، بەرپرســی میوانــداری و تەشــریفات و ڕێکخســتنی کــۆڕ و کۆبوونەوەکانی شا و دەسنیشانکردنی ئەو شوێنانە کە هەر ئەندامێك لێی دادەنیشێ و دەسنیشانکردنی ئەو شوێنانەش بۆ ئەوانە بەپێوە دەوەستن و لەم کارەشیدا چل کەس یارمەتیدەری بوو.

٥- سەرکردەی هێرشی تفەنگ بەدەستان، ئەو کەسە بوو کە سەرۆکی ئەو سوپایەبوو شــا عەباسی یەکەم لە جووتیاران و دەسوپەیوەندەکانی نێــو ویلایەتــەکان و کرمانجــەکانی خۆزســتان پێکیهێنــابوو و بەتفەنگیش پڕ چەکی کردبوون. ئەم ســەرکردەیەش بــەرپرس بوو لــەڕاهێنانی ســەربازەکان و جێبــەجێکردنی ئــەو فەرمانانــەی شــا عــەباس پێــی رادەسپارد.

٦- سەرۆکی دیوان، خاوەنی ئـەم پۆسـتە سەرپەرشـتیاری کۆشـك و گەنجینـە و سـامانە تایبەتیـەکانی شـای دەکـردو هـەروەها خەرجیـە تایبەتیـەکانی ئـەم کۆشکانەشـی ڕێکدەخـست و پاشان دەینارد بۆ جێیبـاوەڕی دەوڵـەت تـاکو واژووی لەسـەر بکـات و کاری پێبکرێ.

٧- نووسەری کۆبوونەوەکانی شا، ئەم کەسە لەدوای وەزیری دەسەراست لەشانشـینەکەدا لەهەموو کەسیدیکە بەڕێزتربوو، چونکە بەهۆی جـۆری کارەکـەی ئاگـاداری هـەموو نهێنییەکانی دەوڵەتبوو، لەکۆڕە تایبەتیەکانیشدا لـەلای چـەپی شـاوە دادەنیشـت و هەموو فەرمانەکیشی بەدەستی خۆی دەنووسیەوە و دەیدانەوە بەخاوەنەکانیان، جگـە لەمانــەش نامــە هاتووەکــانی لایــەنی فــەرمانڕەواکانی ویلایەتەکانیشــی بــۆ شــا دەخوێندەوە، لەبـەر ئـەوە پێـی دەگـوترا (عـالی جـاهی موقـەررەبی خاقـان) واتـە پایەبەرزی نزیکیی شا.

زەینەب بەگمی پووری شا لەهەندێك کۆبوونەوەکانی شا ئامادەیی هـەبوو، ئـەویش تاکـە ئافرەتبوو کە ڕێی پێدرابوو لەم کۆبوونەوانەدا ئامـادەبێ و لەهـەمان کاتیشـدا ڕای خـۆی دەربڕێ و هەندێك جاریش شا ئامۆژگاری و ڕایەکانی ئەوی پەسەند دەکرد.

سـەرەڕای بوونی ئەو هەموو وەزیـری و نووسـەر و فەرمانبەرانـە کەچـی ڕایـەکانی ئـەوان هەمیشە وەك ڕاوێژێك بوو بۆ شا، چونکە بەهۆی ئـەو دەسـەڵاتە ڕەهایـەی شـا هـەیبوو هەموو شتێکی بەئارەزووی خۆی دەکرد و ڕاو بۆچوونەکانیشی بۆ هەمووان فەرمان بـوو و کەسیش بۆی نەبوو گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

حوکمڕانی شا لەسەر تۆڕێکی بەهێزی سـیخوڕی و هـەواڵنێرەکان ڕاگیربـوو، چـونکە بـۆ هەموو لایەنێکی دەناردن و ئەوانیش هەموو هەواڵێکی ناوچە جیاجیاکانی دەوڵەتیان بـۆ دەنارد و هەواڵی هـەموو ڕووداوێکیـان پـێ ڕەدەگەیانـد. لەهـەمان کاتیشـدا فـەرمانی پێکردبوون کەوا گوێ لەقسەوقسـەڵۆکی خـەڵك و ئـەو سـکاڵایانەیان بگـرن کەبەرانبـەر دەسـەڵاتدارەکانی خۆیـان هەیانـە و ئـەم ڕژێمـە گەیشـتە پلەیـەکی زۆر پێشـکەوتوو بەشێوەیەك کەس نەیدەتوانی باسی کەموکورتییەکانی شا بکات.

لەراستیشدا شا عەباسی یەکەم سـەرەڕای دلڕەقیەکـەی تـوانی سـەرکەوتنێکی بەرچـاوی بواری کارگێڕی وەدەسبهێنێ. بەبەڵگەی ئەوەی کە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویی بـەر لـە دەسەلاتداریتی ئەو، سەرتاپای لەپشێوی بێ سەروبەرەیی ناوخۆیی بوو و ئـەو تـوانی ئـەم بـارە نالـەبارەی ولات بگۆڕێـت و هەرێمـەکان یـەکخات و سـەقامگیری بچەسـپێنێ و لەلایەکی دیکەشەوە ئاسایش بەرقەراربکات و درێـژە بـەفراوان بـوونیش بـدات و ئینجـا جەنگەکانی بەئەنجام بگەیەنێت.

باری ئابـــووری:

داهـاتی دەوڵەت:

هەرچەندە بواری بازرگانی و دارایی پێشکەوتنی بەرچـاوی بەخۆیـەوە دیبـوو کەچـی شـا هەمیشە گرنگی بەم بوارە دەدا چونکە بەهۆیەوە داهاتی زۆری دەست دەکەوت و ئـەویش لەزۆرێك لایەنی ئیداری و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت خەرجی دەکرد.

ئێرنیەکان لەو سەردەمەدا توانیان دراوی زیوین چاپ بکەن و مامەڵەشـی پێبکـەن، لـەم جۆرە یەکانەش پێکهاتبوو: عەباسی یەکسـان بوو بە دووسەد دینار، نیم عەباسی واتە نیـو عەباسی دەیکردە سەد دینار، شاهی، پەنجا دینار و بیستیی بیست دینار بـوو. هـەروەها لەسەردەمی شا عەباسدا دەوڵەت کۆمەڵێك سـەرچاوەی داهاتی هەبوو لەوانە:

- باجی سەر زەوییە کشتوکاڵیەکان، بێگومان ئەم باجە لەگـەڵ ئـەوەی دەخرایـە سـەر داهاتی تایبەتی حاکمەکانی ویلایەتەکان لەبەرهەمەکانی کشـتوکاڵیی و ئـاژەڵیی و مرۆیی. لەو کاتەشدا کوردستان لەسـەریبوو کەبەشێك لەرۆنەکەی بنێرێتە ئەسفەهان، ولاتی کەرەجیش دەبوایە هەندێك لە خزمەتکار و کـەنیزە بنێرێتـە قـەزوین، کەچـی دەبوایە خوزستان ژمارەیەکی زۆری ئەسپی عـەرەبی بنێـرێ و گـەیلانیش بەشـێکی لەبەرهەمانی حەریر.
- باجی سەر موڵکە تایبەتیەکانی شا.

- باجی سەر خاوەن قازانجە زۆرەکان، هەروەها دەوڵەمەندەکانی وێنەی خاوەن مەڕ و ماڵاتی زۆر و پیشەوەرەکان و بەرهەمهێنەرەکانی حەریر (ئەوانە لەسەریان بوو سێیەکی بەرهەمەکانیان ببەخشنە دەوڵەت).
- ئەو سەرانەیەی خرابۆ سەر خەڵکی نا موسوڵمان وەك: شەرکەس و ئەرمەن و کەرەجەکان و هیدیکەش لەئایینەکانی دیکەی وەك ناگرپەرست و گاور و جولەکە.
- داهاتی گومرگەکانی بەندەرەکانی ئێرانیی کەلەسەر کەنداوی عەرەبی بوون، ئەوانە لەسەدا دەی نرخی ئەو شتومەك و کاڵایانەبوو دەهاتنە ناو ئێران، بۆ زانیاریش بازرگانی رێی وشکانی لەگەڵ عیراق و وڵاتی شام و ئاسیای بچووك بەهۆی دژایەتی نێوان دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانیی پەکی کەوتبوو.
- باجی سەر تووتن، بەهۆی بەکارهێنانی زۆری تووتن لەلایەن هاووڵاتیانی ئێرانیەوە پارەیەکی زۆر دەست دەوڵەت دەکەوت، ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی شا مەترسی تەندرووستی گشتی لەلا پەیدا بێ، بۆیە لەساڵی ١٦١٨ز بڕیارێکی دەرکرد کە بەهۆیەوە تووتن حەرام کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی داهاتەکانی گەنجینە رووی لەکەمی کرد ناچار بوو دووبارە رێگە بەبەکارهێنانی بداتەوە.

لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم داهاتی دەوڵەت گەیشتە نزیکەی هەزار و دووسەد تومان لەرۆژێکدا، لەبەرانبەریشدا خەرجیی دەوڵەت تەنها هەزار تومان بوو، بۆیە رۆژانە دووسەد تومان لەداهاتەکان زیادی دەکرد و، شا عەباسیش لەمانەدا خەرجی دەکرد:

- بواری بیناسازیی.
- جەنگی بەردەوامیی لەخۆرەڵات و خۆراوا.
- دیاری گۆڕینەوە لەگەڵ پاشاکانی ئەورووپا و هیندستان.

چالاکییە ئابوورییەکان:

چالاکییە ئابوورییەکان لەئێرانی سەردەمی شا عەباسی یەکەم لەسێ بەش پێك هاتبوو: بازرگانیی و کشتوکاڵیی و پیشەسازیی.

ئەوەی پەیوەنـدی بـە چـالاكییە بازرگانیەكانـەوە هەیـە، شـا لەپێناویـدا دەسـتی كـرد بەكرانەوەی بواری بازرگانی بەرووی خۆرەلاّت، چین و هیندسـتان و، خۆراوا، لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپیەكان و ئەسفەهانی پایتەخیشی كردە ناوەنـدی بازرگـانی جیهـانی سـەرەكی بـۆ بازرگانییەكانی خۆرەلاّت، چونكە لەهەموو جیهانەوە بازرگانەكان بۆی دەهاتن، بەمـەش هانی بواری بازرگانیداو بانگهێشتی بازرگانەكانی جیهانی كرد بۆ سەردانی كردنی ئێـران و هەموو پێداویستیەكانیشی بۆ فەراهەم كردن، وەك هاتووچۆ و شوێنی حەسانەوەو، جگە لەدابین كردنی ئەم هۆكارە متمانەییانەی خوارەوە:

- هەموو دەسدرێژییەكی فەرمانڕەوای هەرێمەكانی لەسـەر لابـردن، هـەروەها رێگـای پێدان بەئارەزووی خۆیان بەهەموو خـاكی ئێرانـدا بسـوورێنەوە، ئـەوەشمان باسـكرد كـەهۆی لـەناوبردنی سـەربەخۆییەكەی حكومـەتی لار دەسـدرێژی كردنـە سـەر بازرگانێكی بیانی بوو كەلەلایەن ئیبراهیم خـانی فـەرمانڕەوای ئـەوێوە ئەنجامـدرا و پارە و پوولییشیان لێی دزی.
- هۆشداری دایە پیاوە ئاینیەكانی شیعە بەتایبـەتیش ئەوانـەی توونـدڕەوبوون كـەوا بەهیچ شێوەیەك دەسدرێژی نەكەنە سەر بیانیەكان و رق و كینەیان بەرامبەر هەڵڕێژن و بواری ئەوەیان بۆ بڕەخسێنن كەوا كار و فەرمانە ئاینیەكانیان ئەنجام بدەن.
- ئەو نێردراوانەی شا بۆ ئەورووپای دەناردن هەمیشە جەختیان لەسەر لایەنی سیاسـی و بازرگانی دەكردەوە. كـاتێكیش چـێرلی و حوسـێن عـەلی بـەگ چـوونە ئـەورووپا توانیانیان هاوپەیمانێتی بازرگانیان لەگەڵ گرێبدەن بۆ فرۆشتنی حەریری ئێرانـی بـەو دەوڵەتانەی كـە سـەردانییان دەكـردن، ئاشـكرایە بەریتانیـەكان حـەریری ئێرانیـان بەنرخێكی زۆر بـەرز لەحەلـەب دەكـڕی، لەوكاتـەی كـە پەیوەنـدیی راسـتەوخۆیان بەئێرانەوە كرد و مامەڵەی بازرگانیـان لەگەڵـدا كـردن هـەلی ئـەوەیان بـۆ رەخسـا بەنیوەی نرخەكەی ئەوان حەریرەكانی ئێران بكـرن، سـەرەڕای ئەمانـەش دەیـانتوانی خوری ئینگلیزی لەبازارەكانی ئێراندا بفرۆشن و حەریری ئێرانی بەپارەكەی بكڕن.
- كارئاسانیی لەرێگاكانی بازرگانی، خۆشكردن و پارێزگـاری كردنـی ئـەو رێگایانـەی كەوا كاروانەكان پێیدا تێدەپەڕین. شا گرنگی بەهـەموو ئەوانـەدا، بەدرێـژایی سـەر

ڕێگا بازرگانیەکان خانی بۆ سازکردن تاکو بازرگانەکان بتوانن خواردن و ئالیك و شوێنی حەوانەوە بۆ خۆیان و وڵاخەکانیان دابین بکەن، جگە لەمەش بەهۆی پارێزگاری سەربازییەوە پاسەوانی لێدەکردن، بەردەوامیش دەوریەکان بەرێگاکاندا هاتووچۆیان دەکرد تاکو بتوانن ڕێگای کاروانی بازرگانەکان بپارێزن و دەسدرێژی ڕێگر و دزەکانیان لێدوور خەنەوە.

- گرنگی بەبەندەرەکانی سەر کەنداوی عەرەبی دەدا، مینای بەندەر عەباسی سازکرد تا جێگای مینای کامبرۆن بگرێتەوە چونکە ئەم مینایە لەدوای دەرکردنی پورتوگالیەکان گرنگی ئەو تۆی نەما، بەندەرەکانیش لەسەردەمی ئەودا گەشانەوەی زیاتریان بە خۆیانەوە بینی، کۆمپانیا بازرگانیەکانی بیانی ڕۆڵێکی گرنگی بازرگانیان تێدا گێرا لەوانەش: کۆمپانیای خۆرەلاتی هیندی-ئینگلیزی و خۆرەلاتی هیندی- هۆلەندی.
- بازرگانیی سەفەوییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە حەریریەکانەوە بەست کە ئەوکاتە شارەکانی ئێران ناوبانگیان پێوەی دەرکردبوو، ئەوەبوو شا عەباسی یەکەم ئەم بازرگانییەی بۆ خۆی قۆرخ کرد، چونکە دەیزانی چ قازانجێکی هەیەو بۆخۆشی سەرپەرشتی فرۆشتنەکانی دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە مکوڕبوو لەسەر هەناردەکردنی حەریر بەهۆی دژایەتی عوسمانییەکان لەرێگای بەندەرەکانی کەنداوی عەرەبییەوە، چونکە ڕێگاکانی بازرگانی هەمووی بەخاکی ئەواندا تێدەپەڕین وەك عیراق و شام و زۆری جەنگەکانی لەگەڵیاندا و بەتایبەتیش حەزی لەوەنەبوو کەوا باجی گورمرگ بداتە دوژمنانی. لەوکاتەدا حەریر لەرێی دەریاییەوە و لەمینای هورمزەوە لەکەشتیە ئەورووپیەکان باردەکراو پاشان بۆ هیندستان یا ئەورووپا لەرێی ڕاس ئەلرەجا سالحەوە دەرۆیشت، جگە لەم ڕێگا ئاوییانە ڕێگایەکی دیکەی وشکانی هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە بازرگانەکان لەخاکی رووسیاوە بەرەو ئەورووپا دەرۆیشتن.

لەو سەردەمانەدا مینای هورمز لەژێر دەسەلاتی پورتوگالیەکاندا بوو، بەردەوام چالاکیە بازرگانیەکانی خوارووبان قۆرخ دەکرد، ئەمە هەر لەسەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمەوە

درێـژەی هـەبوو، ئـەو کاتـە بـەهۆی ئەوانـەوە حـەریر بـاردەکراو دەگواسـترایەوە، ئـەم شێوازەشیان شا عەباسی زۆر بێزارکرد و هەوڵیـدا بەهاوپـەیمانێتی لەگـەڵ نێردراوەکـانی کۆمپانیای هینـدی-ئینگلیـزی لـەناویان ببـات و لـەم پێناوەشـدا کێبڕکێیـەك لـەنێوان بازرگانەکاندا دروسبکات کە بەهۆیەوە نرخی حەریری ئێرانی بەرز دەبێتەوە و لەمەشیاندا سەرکەوتنی وەدەستهێنا.

لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم بواری بازرگانی کرانەوەیەکی زۆر گەورەی بەخۆیەوە بـینی کەبەهۆیەوە ئێران توانی تێکەڵاوی هەموو وڵاتانی جیهان ببێ و ئەسـفەهانیش هەمیشـە پڕبوو لەبازرگانە بیانیەکان. ئەم کرانەوەیەش بووژانەوەیەکی بازرگانی ئەوتۆی سازکرد کە کاریگەرییە زۆرەکەی لـەبواری بیناسـازیدا بەئاشـکرایی دەبینـرا، بەشـێوەیەك ئێـران چ لەسەردەمی شا و چ لەدوای ئەویش هەرگیز شتی وەهای بەخۆیەوە نەبینیبوو، لەبـەر ئـەم هۆیەش بوو بە ئەسفەهانیان دەگوت نیوەی جیهان. بـەڵام ئـەم کرانەوەیـە کارەسـاتی زۆر گەورەی هێنایە سەر ناوچەکانی ئێرانی عەرەبی کەدەیانڕوانییە سـەر کەنـداوی عـەرەبی، چونکە کۆمپانیا بیانیەکانی هەموو جیهان روویان لەوێکرد و لەدوای ئەوانیش حکومەتـە ئەوروپیەکان لەهەوڵی ئەوەدا بوون هەر یەکێکیان بۆخویان جێپێیەك لەم شوێنە گرنگەدا بدۆزنەوە و زاڵ بن بەسەر سیاسەتی ناوچەکە، ئەم هەنگاوەش لەسـەردەمیی نوێـدا نـاونرا داگیرکاریی ئەوروپی، کەچی لەبەرانبەردا ناوچەکە خـاوەن بـیر و کەسـایەتییەکی ئـەوتۆ نەبوو بتوانێ رووبەرووی ئەم هەڵپەیەی داگیرکارەکان ببێتەوە.

چالاکی کشتوکاڵی، چالاکی کشتوکاڵی لەسـەردەمی شا عەباسی یەکەم دابەشـکرابوو بـۆ چوار بەش لەوانەش:

١- زەوی و زاری هەرێمەکان کە فەرمانڕەواکانیان بۆخۆیان سەرپەرشتیان دەکردو بەشـی هەرە گەورەشی لەزەویە کشتوکاڵیەکانی ئێران پێکهێنابوو.

٢- زەوی و زاری تایبەت بە شا عەباسی یەکەم کە هەموو قازانجەکەی دەچووە گەنجینەی تایبەتییەوە.

٣- زەوی و زاری ئەوقافی خێرخوازی، ئەو زەویانــە بــوون کــە خاوەنــەکانیان پێشکەشــی دامەزراوەکانی ئەوقافیان کردبوو.

٤- زەوی و زارەکانی خەڵکە کرمانجەکــە، ئــەو زەویانــە بــوون کــە شــا دابونیــە خــەڵك لەبەرانبەر کرێیەکی زۆر کەم و بۆ مــاوەی نــەوەدونۆ ســاڵ، لــەدوای ئــەو ماوەیــەش دەگێردرێتەوە بۆ حاکمی هەرێمەکە و لەدوای ئەویش بەهەمان شێوە یا دەدرێتەوە بە کرێچییە کۆنەکە یاخود کەسێ دیکە، بەڵام ئەم زەویانە رێژەیان زۆر کەمبوو.

بــەهۆی ئــەم بڕیــارەوە جووتیارەکــانی ئێــران لەخاوەنــدارێتی زەوی تایبــەت بــەخۆیان بێبەشبوون، بەڵام شا یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا کەوا رۆژگار غەدری لێکردبوون و زەوی و ماڵاتی پێدەبەخشین و هەندێك لەزەویەکانی خۆیشی پێدەبەخشین کەبۆ خۆیان بــێ، ئــەم کارەش لەساڵی ١٦٠٧ز روویدا کاتێك شکستیان بەسەر عوسمانییەکان لەشەڕی شــەماخدا هێناو، ژمارەی ئەوانەی لەبواری کشتوکاڵیدا کاریان دەکرد بووە هێندەی پیشەوەران.

لەم دابەشکردنی زەوی و زارانــەدا ئــەوە بەرچــاو دەکــەوێ کــەوا شــا خــاوەنی زەویــەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی ئێرانبوو، هەروەها تەماعیشــی لــەم بــوارەدا نەســنووری هەیــە و نەبەهیچ شتێکیش بەسراوەتەوە، هەموو کاتێك بۆی هەبوو زەوی خەڵکی دیکە بکاتە هی خۆی، نموونەش بۆ ئەم کارەی لەدوای لــەناوبردنی قزلباشــەکان هــەموو زەوی و زارەکــانی ئەوانی کردە هی خۆی و خستنیە پــاڵ ئەوانــەی خۆیــەوە. هــەروەها هــەموو زەویــەکانی تایبەت بەتەهماسب شای لەئەسفەهان داگیرکرد کەلەدوای خۆی لەدەســت میرزاهــەمزە و ئەبی تاڵبی برایدابوون.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بــەبواری چــالاکییەکانی پیشەســازییەوە هەیــە لەســەردەمی شــا عەباسیی یەکەم بریتی بوو لە:

- دروسکردنی چەك: بەهاوکاری کۆمپانیاکانی ئینگلیزی توانرا کارگــەی دروســکردنی چەك دابمەزرێ، کەتیایدا تفەنگ و داشقەی تایبەت بــەتۆپیان دروســت دەکــرد، ئــەم پێداویســـتییە ســـەربازیانەش یارمـــەتی شـــا عەباســـیاندا کـــەبتوانێ بـــەرەنگاری عوسمانییەکان ببێتەوە.

- هونەر: شا عەباسی یەکەم قوتابخانەیەکی تایبەت بەشێوەکاری سازکرد و قوتابیەکانیان دەبوایە بەناوباگترین مۆنۆمێنتەکان دروسبکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کەوا نموونەی جوانی دەسکاری و وردی لەوێنە بوو بۆ بابەت و کەسایەتیەکانی بەر لە لادانی هونەرەکە لەدابونەریتەکانی ئیسلام بەهۆی کارگەرییەکانی خۆراوا، ولاسایی ئەوان بکەنەوە لەسازکردنی مۆنۆمێنتەکان کەمرۆڤ تیایاندا دەبووە بیرۆکەی سەرەکی، لەراستیشدا سەرەتا وێنەکێشانی مرۆڤ قەدەغە بوو، بەلاّم پاشان بوو بەشتێکی ئاسایی چونکە رایان وابوو کە ئەمانە شتی لاوەکیین و لەقۆناغەکانی کۆتایی و بەهۆی گەشەکردنی ململانێی تاکە کەسیەوە و بەهۆی دەسبەسەرداگرتنی سامان و پارەوە وێنەی راهێنەری باز و شاعیرێك لەچیمەندا دانیشتووە بوو بەوەدەرخستنی وردەکاریەکانی دەسرەنگینی ئێرانییەکان لەم بوارەدا. جگە لەمانەش هەندێك وێنەی سەر دیوار لەچهلستونیش نیشانەی کارسازیی ئەوانبوون. لەرازاندنەوەی قورئان و ئاوزێڕکردنی شوێنەوارە ئەدەبیە کۆنەکانی وەك شانامەی فیردەوسی و گوڵستانی سەعدی کە حەسەنی بەغدادی بۆخۆی ئاوزێڕیی کرد، لەناو هەمووشیاندا رەزا عەباسی لەشێوەکاریدا لەپێشی هەموانەوە بوو.

لەدوای مردنی شا عەباسی یەکەم و رووخانی دەوڵەتی سەفەویی ئەم جۆرە هونەرە هەرەسی هێناو ئەوەبوو هەستیاری هونەر و روونی وێنە هیچ بایەخێکی نەما و بوون بەشتێکی ئاسایی، بەلاّم ئەم جۆرە هونەرە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئەو مۆنۆمێنتانەی دەوڵەتی مەغۆلەکان لەهیندستان هەیانبوو، جگە لەوانەش لەبواری بیناسازییدا بەکاریان دەهێنا، هەموو تاجێکی ئەوکاتەش بەشێك بوون لەهونەری ئەسفەهان.

هونەری خۆشنووسیش وەك هونەرێکی سەرەکی لەئێرانی سەفەوییەکاندا مایەوە، خەریك بوو میرعیماد دەبووە خاوەن رێزێکی تایبەتی لەلای شا عەباسی یەکەم بەهۆی ئەو نووسین و هونەرانەی لەنووسراوەکانی کۆندا سازیکردبوو. چونکە ئەو کاتە کتێب بەهۆی ناوەڕۆك و بەرگە پڕ لەهونەر و ئاوزێڕیەکەیەوە جێگای شانازی و خۆشەویستیی بوو.

شارەکانی ئێران ناوبانگیان بە دروسکردنی ئامان و قاپی پڕ لەهونەر و رازاندنەوە بەرەنگ و وێنەی بڕیقەدار دەرکردبوو، چونکە رەنگەکان بریسکەکانیان ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ دەمانـەوە، لەوانەشـە ئەرمەنـەکان سـوودیان لەهونـەری ئێرانییـەکان وەرگـرتبێ لەدروستکردنی نەقش و نیگاری کلێسـاکانیان لـەجولفا چـونکە وردەکاریـەکانی وێنـەی مۆنۆمێنتەکان بوو.

نەخشەساز و نەقاشەکانی ئەسفەهان و هیدیکەش بەردەوام بـوون لەنەخشەسـازیی وەك: بوتڵ و مەسینە و قاپ و فینجانی ئاوەڕەنگ بەتێکەڵکردنی چـەند رەنگێـك. ئینجـا شـا عەباس یەکەم چەند کارێکی لەوانە لەچین کـڕی و نەخشەسـازەکانی ئـەوانیش ویسـتیان وێنەیان لەبەر بگرنەوە بەلاّم پێویستیان بـە کارامـەیی زۆرتـر و قـوری تایبـەت هـەبوو. لەدواییشدا نەخشەسازانی بواری مس بەپێش ئەوانەوە کەوتن.

لەلایەکی دیکەشەوە پیشەسازی دروسکردنی قوماش لەسـەردەمی شـا عەباسـی یەکـەم زیاتر گەشایەوەو شـێوەکار و تـەونکاران و بۆیاغچـیەکان بەشـێکی زۆری ئەسـفەهانیان گرتبـۆوە و ژمارەشـیان بەهـەزاران بـوون، هـەموو بەرهەمەکانیشـیان بـریتی بـوو لـە هەناردەکردنی کالاکانیان. شا کارگەکانی دروسکردنی قوماشی تایبەت کرد بەو قوماشە چنراوانەی کە تەنها بۆ شـا و شـازادەکانی ئـەورووپای دەنـاردن و بەمـەش لـەنێوان ئـەو کارگانەدا کێبڕکێ دروستبوو لەسەر دروسکردنی چاکترین قوماش، لەهەمان کاتیشدا ئەو حەریرەی کە شا و پیاوە نزیکەکانی لەبەریان دەکرد و ئەو قوماشە چنراو و نەخشـدارانەی ئەوان دروستیان دەکرد زۆر لەو جل و بەرگانە جوانتربوون کە لەشانشـینە ئەورووپیەکانـدا لەبەردەکران و مەخمەلی کاشانیش لەهیچ شوێنێکی جیهان وێنەی نەبوو.

پیشەسازی چنین و وێنەو پێسـتە لەئێرانـدا گەیشـتە چـڵپۆپە، سـەردەمی شـا عەباسـی یەکەمیش لووتکەی ئەم پێشکەوتنەی بەخۆیەوە بینی. وای لێهاتبوو کەوا مافوور ببـووە شتێکی زۆر پێویست بۆ مـالاّن هەروەك چۆن خەڵك پێویستیان بـە جـل و بـەرگی سـووف هەبوو، هەموو ماڵێکی ئێرانی ئەگەر هەژار و نەداریش بوونایـە و کەلوپـەلی ماڵیشـیان کەمبووایە دەبوایە مافوورێکیان هەبێ جا گرنگ نەبوو ئەو مافوورە باش بێ یا نـا، شـان

بەشانی ئەوەش لەماڵەکاندا هەندێ کاری دەستی مسییان تێدابوو، بەکورتی لەهەموو ماڵێکدا مافوور هەبوو.

ئەوکاتە رەنگی قورمزیی تۆخ و سووری شەرابی تاریک باوی هەبوو، بەلاّم وێنەکانیان هێمنی و نەرمی بۆ تەماشاکەرانییان تێدابوو، زۆرێکیش لەرێکخستنی وێنەی گوڵەکان و نەخشەسازی عەرەبی لێرەو لەوێ دەبینران، هەروەها کارسازە ئێرانییەکان داوی زێر و زیوو و حەریریان لەکارەکانیاندا بەکاردەهێنا، ئەوەبوو شا فەرمانیدا کەوا لە حەریر مافوور دروستبکەن و ئەم پیشەسازییەش ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردو کار گەیشتە ئەوەی پاشا هۆڵەندا کەهاودەمیی شا عەباس بوو داوای لەبازرگانەکانی کرد بچن مافووری حەریری لەئێران بۆ بکڕن تاکو کۆشکەکەی پێ بڕازێنێتەوە.

پیشەسازیی بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بەدروستکردنی کارگەی نوێ و راهێنانی کرێکارەکان لەسەر پیشەسازیی جۆراوجۆر بوو کە ئەمە بووە هۆی بەرزبوونەوەی چینی پیشەوەران و کارسازان و زیادبوونی داهاتەکانیان و پاشان توانیان بۆخۆیان سەندیکایەك پێکبهێنن کە مافەکانیان بپارێزێت و بەرگرییان لێبکات.

بەمشێوەیە شا عەباسی یەکەم لەدوای ئەوەی سەقامگیریی بۆ ناوخۆی ولاّتەکەی گەڕاندەوە سەرکەوتنی وەدەستهێنا لەگەشانەوەی ئابووری، هەموو ئەوانەی لەدوای ئەویش دەسەلاّتیان گرتەدەست هەمان رێ و شوێنی ئەویان گرتە بەر بەلاّم نەگەیشتنەوە ئاستی ئەو گەشانەوەیە ئەو دروستی کرد.

پەیوەندی شا عەباسی یەکەم و کرمانجەکان:

سەرەڕای ئەوەی شا عەباسی یەکەم لەگەڵ هۆزەکانی قزلباش و فەرمانڕەوای ویلایەتەکان و سەرکردەکان زۆر دڵڕەقبوو کەچی لەگەڵ کرمانجەکاندا زۆر دڵنەرم و میهرەبان بوو، هەمیشە جەختی لەیارمەتیدانی ئەوان دەکردەوەو باری سەختی سەرشانیانی سووك دەکرد و هەر دەسەلاّتدارێکیش غەدری لێکردبان ئەوا پشتی دەگرتن و دەیپاراستن، بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو تۆڕێکی هەواڵنێریی تایبەت بەخۆی سازکرد تاکو هەواڵی دەستدرێژی و غەدری دەسەلاّتدارەکانی بۆ بهێنن کەدەرهەق بەخەڵکە هەژار و کرمانجەکانیان دەکەن.

کـاتێکیش بـەناو هـەر شـارێکدا گـوزەری بکردبایـە یەکسـەر لەخەڵکەکـەی دەپرسـی حاکمەکەتان هەڵسوکوتی چۆنە لەگەڵتانـدا؟ ئەگـەر هـاتوو سـکالاّیان هەبووایـەو لێـی بێزاربان ئەوا یەکسەر لای دەدا. لەپاشانیش ئەو سـەقامگیرییە سیاسـییەی بـاڵی بەسـەر ئێراندا کێشا هەلی بۆ گەشانەوە و بووژانەوەی بواری بازرگانی بۆ کرمانجـەکان رەخسـاند، ئـەم هاوسـۆزییەی لەگـەڵ ئـەوان هـیچ خەرجییـەکی جـەنگی نەدەخسـتە سەرشـانیان، هەرکەسێك بەهۆی جەنگەکانیەوە دووچاری زیان بووبێتەوە ئـەوا قـەرەبووی دەکردنـەوە، ئەم هەڵوێستەش پاڵی پێوەنان کەلەجەنگەکاندا خۆ بەکوشت بدەن و هەمیشە پشـتگیری لەسیاسەتە سەربازییەکەی بکەن.

شا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، خواردن پێشکەشـی ئـەو کەسـانە بکـرێ کەسـەردانی شوێنە پیرۆزەکان و مەزارگەکانی شـیعە دەکـەن، بەتایبـەتیش سـەردانیکەرانی مـەزاری عەلی رەزا و گۆڕی شێخ سەفییەدین لەئەردەبیل و هەرکەسێکیش لەوانە پێویست بووایـە یارمەتی دارایی پێشکەش دەکرد.

شا هەمیشە لەگەڵ کرمانجەکاندا هاوسۆز و نـەرم بـوو و لـەکاتی کارەسـات و برسـێتی و هەژارییدا یارمەتی دەدان، تەنانەت هەندێك کەس بەهۆی ئەو هەموو دادوەری و سـۆزەی بەرانبەر بە هەژاران هەیبوو بەئەنو شێروانی دووەمیان لەقەڵەم دەدا.

ئەم خۆنزیـك کردنـەوەی شـا عـەباس لەخەڵکـە رەمەکەکـەو سـۆزدارییەی بەرانبـەریان سیاسەتی دەسکردی خۆی بوو و لەکۆتاییشدا خزمەتی ئامانجەکانی خـۆی پێکـرد و هـەر لەوانیش بەردەیەکی ناوخۆیی بەهێزی سازکرد و بەتەواوی پشتی پێـی بەسـت و، ئەمـەش بوو بە ستووندەی ئەو سوپایەی کەلـەدوای نـەمانی دەسـەلاتی قزلباشـەکان لـە سـوپای سەفەوییەکاندا، دروستیکرد.

کێشە ئایینیەکانی شا عەباسی یەکەم:

توندرۆیی بۆ مەزهەبی شیعە: شـا عەباسـی یەکـەم ناوبـانگی بـەوەدەرکردبوو کـەوا بـۆ مەزهەبی شیعی دوانزەیی زۆر توندرۆیە و هـەروەك و بـاب و بـاپیرانیش هـەوڵێکی زۆری خستەگەڕ لەپێناو بلاوکردنەوە و سەرخستنی. لەنیشانەکانیشی ئەوەبوو شا لەهەموو بۆنە

ئایینی و مەزهەبییەکاندا بەشداری دەکرد و گرنگی زۆریشی پێدەدا، وەك لەدایکبوونی سەرجەم ئیمامەکانی شیعەو سازدانی پرسە لەساڵرۆژی شەهید بوون یا مردنیان، هەروەها لەرۆژی نۆزدەی مانگی رەمەزانەوە تاکو بیست و حەوت بەبۆنەی شەهیدکردنی ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب پرسەی سازدەکرد، جگە لەمانەش سازکردنی مەراسیمی پرسەداریی لەدە رۆژەکانی مانگی موحەررەم و شەوی عاشوورا بەبۆنەی شەهید کردنی ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی.

هەروەها شا عەباس لەبانگێشدا دەستی بەو دەقەوە گرت کە شا ئیسماعلی یەکەمی باپیری زیادی کردبوو، ئەویش دەستەواژەی (اشهد ان عليا ولي الله)ی خستە پاڵ ئەو دەستەواژەیە کەلەسەردەمی فاتیمە زیادکرابوو (حي علی خير العمل) و دەقە ئیسلامیە ناسراوەکەش. زۆریش سەردانی مەزاری شێخ و ئیمامەکانی شیعەی دەکرد و خزمەتی دەکردن و جارێکیشیان بەپێ خاوسی سەردانی مەزاری ئیمام عەلی رەزای کرد لەشاری مەشهەد و ماوەی سێ مانگ لەوێ مایەوەو بەردەوامیش خزمەتی دەکرد. لەساڵی ١٦٢٣ز کەبەغدای داگیرکرد و دەستی بەسەر شوێنە پیرۆزەکانی شیعەدا گرت لەکەربەلا و نەجەف و کوفە، پەلەپەلی کرد بۆ سەردانیان و ماوەی دە رۆژ لە مەزارگای ئیمام عەلی مایەوە و خزمەتی میوانەکانی دەکرد و زەوییەکەشی بەگەسك دەماڵی.

سەرەڕای ئەو توندڕەوییەی لەلایەنی مەزهەبی شیعەوە هەیبوو بەلام هەرگیز رێگەی بە پیاوانی ئایینی شیعەمەزهەب نەدەدا کەوا دەست لەکاروباری ولات وەربدەن و زۆر جاریش رووبەروویان دەبۆوە. ئاشکرایە ئەوانە لەدوای مردنی شا ئیسماعلی یەکەم و بەهۆی ئەو پشێویەی کە ولاتی گرتبۆوە دەستیان لەکاروبارە گشتیەکان وەردەدا، بەتایبەتیش لەسەردەمی حوکمڕانی محەمەد خودابەندەی بێتوانا، ئەو کاتە پیاوانی ئایینی کاروبارەکانی ئایینیان فەرامۆش کردو لەدەوری ئەو کاروبارانەدا کۆبونەوە کەلێیانەوە پارەو پوولیان وەدەسدەکەوت ، کە ئاشکرایە هەموو ئەمانە دژبوون لەگەڵ پەیڕەوی ئایینی و ئەو حوکمە تاکڕەوییە بوو بەمۆرکی سەردەمی شا عەباسی یەکەم.

هەڵوێستی لەدژی بێباوەڕەکان:

توونڕەوییەکەی شا عەباسی یەکەم پاڵی پێوەنا کەوا دژایەتی خەڵکە بێباوەڕەکان بکات کە لەدەرەوەی ئایینی ئیسلامدا بوون و لەئێرانیشدا بڵاوبوونەوەو مەترسیان بۆ مەزەبی شیعی دوانزەیی دروسکردبوو، لەنێوانیشیاندا مەزەبی نوقتەویی (ئەم مەزەبەش لەوەوە هاتووە گوایە بەرای ئەوان هەموو بوونەوەرەکان لەبنچینەدا تەنها لەیەك خاڵ دروسبووینە و هەمووشیان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتا کەلەخاك دروسکراون و بەمەش بەمەزەبی نوقتەویی واتە خاڵبەندی ناسران).

(دەعوەی نوقتەویی) لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەم دووچاری راوەدوونان و قەدەغەکردن هات، بەڵام لەبەر ئەو پشێویەی کەلەسەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم و محەمەد خودابەندە ولاتی گرتبۆوە هەلی بۆ ئەم مەزەبە رەخساند کەوا پەرەبسێنێت و زیاتر پێبگات و لەیەکێك لەقۆناغەکانیشیدا مەترسی راستەوخۆی بۆ سەر مەزەبی دوانزەیی پەیداکردبوو. کاتێکیش شا عەباسی یەکەم بووە خاوەنی تاج و بەپێی بیروباوەڕەکانی تایبەتی خۆی دەبوایە لەناویان ببات و هەموو شوێنکەوتووانیشی بکوژێ، بۆیە سەرکردەکانی دەسگیرکرد کەلەنێوانیاندا دەروێش خەسرۆ و یوسف تورکیش دوز هەبوون و شوێنکەوتووانیشی پەرت و بڵاوکردن و هەشیان بوو بەناچاری روویان کردە هیندستان و چوونە پەنای جەلالەدین محەمەد ئەکبەری فەرمانڕەوا کە ناویانگی بە لێبووردەیی ئایینی و بەیەکەوە ژیان و یەکسانی لەنێوان سەرجەم ئاین و مەزدبەکاندا دەرکردبوو.

لەلایەکی دیکەش شا عەباس ئەو دووبەرەکی و کێشەیەی لەنابرد کە سەید محەمەد لەگەیلان سازیکردبوو و رایگەیاندبوو ئەو جێگری ئیمامی زەمان و مەهدی مونتەزیرە، بەمەش هەموو ئەو کەسانەی لەگەیلان ناکۆکییان لەگەڵ سەفەوییەکان هەبوو لەدەووری کۆببوونەوە. وادیار بوو لەبەر بەهێزی و جەماوەری زۆری شا پەنای بردە بەر فێڵ بۆ ئەوەی لەناوی ببات و پەرتە بەشوێنکەتووانی بکات. خۆی وانیشاندا کەبەتەمایە بچێتە ناو ئەو مەزەبەوە بەڵام لەپێشدا دەبێ دامەزرێنەرەکەی ببینێ و بیناسێ و لەرێگای خۆیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مەزەبەکەیدا پەیدابکات، بۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی کرد بۆ

مازەندەران چونکە ئەو کاتە شا لەوێبوو، کاتێکیش هاتنە بەردەمی و خۆیان پێناساند، خۆی و شوێنکەوتووانی قۆڵبەسکرد و هەموو کوشتن.

هەڵوێستی بەرانبەر مەزهەبی سوننە: توندڕۆییەکەی شا پاڵی پێوەنا کەوا تۆڵە لەسوننیەکان بکاتەوە و بەردەوام شەڕو پەلامار لەنێوانیاندا بەرپا دەبوو، بەتایبەتیش لەگەڵ ئۆزبەکەکان و عوسمانییەکان و لەبەر توندی دەسگرتنی بەمەزەبەکەوە هانی ئێرانیەکانی دەدا کەوا نەچنە مەکەو مەدینە بۆ حەجکردن بەڵکو ئەم فەرزەی سەرشانیان با لەمەشهەد و بەسەردانی مەزاری ئیمامی هەشتەم عەلی ڕەزا بەجێبگەیەنن، ئەویش بەبیانووی ئەوەی کەوا فەرمانی سەرشانیان لەڕووی نەتەوایەتییەوە ڕێگایان پێنادا بەنێو خاکی عوسمانییەکاندا تێپەڕن و باجییان پێبدەن، لەوێشەوە دەستی کرد بەزیادکردنی سەردانەکانی خۆی بۆ مەشهەد تاکو هانی ئێرانیەکان بدات لاسایی بکەنەوە. ئەم ڕووداوانەش بەڵگەی ئەو توندی و دڵڕەقییەی شا عەباسن لەبەرانبەر سوننەکاندا:

- شا عەباس کوردەکانی ئێرانی کە هەموویان لەسوننەکان بوون لەناوبرد، چونکە ئەو هۆزە کوردانەی لەدەوروبەری باکوری خۆراوای ئازەربێجان و ناوچەکانی کوردستان دەژیان لایەنگری و هاوسۆزیی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانیی لەکاتی داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی ئازەربێجان ڕاگەیاندبوو، کاتێکیش شا دەستی بەسەر ناوچەکانی ئەواندا گرت مکوڕبوو لەسەر ئەوەی تۆڵەیان لێبکاتەوەو ئاوارەیان بکات. لەساڵی ١٧١٤زا کاتێك هۆزی موکری لەدژی سەفەوییەکان ڕاپەڕین، شا بڕیاریدا سوپا بەرەو شوێنەکانیان هەڵمەت ببات و دەسبەسەر قەڵات و سەنگەرەکانیاندا بگرن لەوانەش قەڵای بسك و ماکۆ و لەوێدا دەووری شۆڕشگێڕەکانی گرت و سوپای سەفەویی فەرمانەکەی سەرشانی لەدژی قەڵا ڕاپەڕیوەکان بەجێگەیاند و قەسابخانەیەکی گەورەیان بۆ سازکردن و زۆرێکیشیان لێ دەربەدەرکردن و ژن و منداڵیشیان بەتاڵان بردن و لەدواییدا ژمارەیەکی زۆر خێزانەکانیشی بۆ شوێنی دیکە دوورخستەوە، ئینجا فەرمانیدا پانزە هەزار خێزانی کورد لەکوردستانەوە بباتە خۆراسان و لەوێشدا ئەوانی کردە دیوارێك لەنێوان خۆیی و ئۆزبەکەکان، بەمەبەستی ئەوەی هەر پەلامارێك بکەن یەکەمجار ئەوان بگرێتەوە و یەکتر لەناوببەن و جگە لەوەش باجێکی یەکجار گەورەی خستە سەریان و بەردەوامیش لەژێر

چـاودێرییەکی تونـدی دانـابوون کەبـەهیچ شـێوەیەك هـەلی رووبەرووبوونـەوەی بـۆ نەهێشتبوونەوە.

- شا عەباسی یەکەم قەسابخانەیەکی بۆ سـەرجەمی دانیشـتوانی ولاتـی پشـت رووبـار ئەنجامدا لە شاری ئەنـدەخود زۆریـش دڵرەقبـوو بەرانبـەریان، لـەدوای ئـەوەی لەسـاڵی ١٦٠٢ز ئەم شارەی داگیرکـرد سـەرەتا دڵنیـایی بەخشـیە دانیشـتوانەکەی و پێـی وتـن هەمووتان لەرووی کەسیی و موڵك و سامانەکانتان دڵنیابن کەس بەهۆی ئـەوەی چـووەتە سەر مەزهەبی سوننە دەسدرێژیی ناکرێتـە سـەر، بـەلام لەسـالی ئایینـدە لـەدوای ئـەوەی لەگەمارۆی شاری بەلەخ و داگیرکردنی گەڕایەوە، بەبێ هیچ هۆشداریەك و هـیچ هۆیـەکی شایەستە فەرمانی کردە سەربازەکانی هەموو دانیشتوانی شارەکە لەناو بـەرن یـا دیلیـان بکەن، ئەوەبوو قازی و پیاو ماقوول و پیاوە بەناوبانگەکانی هەموو دیلکردو لەکۆتاییشدا هەر سەربازێکی سەفەویی دیلێکی لەپێشەوە دەڕۆیشت.

- شا عەباسی یەکەم بەرانبەر دیلەکانی ئۆزبەك و عوسمانییەکان زۆر دڵرەقبـوو، ئەگـەر کەمترین ئازاری دابان بڕیاری دەدا چاویان بکۆڵن، تـەنها لەیـەك کاتـدا دیلـەکانی ئـازاد دەکرد و لێیان خۆشدەبوو ئەگـەر وازیـان لەمەزهەبەکـەی خۆیـان بهێنابـاو بهاتبانـە سـەر مەزهەبی شیعی، یەکێك لەوانەش کە ئەمەی بەجێگەیاند شەریف بـەگی فـەرمانڕەوای وان بوو لە ئازەربێجان.

- کاتێك شا عەباس لەساڵی ١٥٩٩-١٦٠٠ز لە شاری سیمنان دابەزی حـاکمی ئـەوێ ئەوەی رەتکردەوە کەوا ملکەچیی بۆ شا بکات، بۆیە لەتۆڵـەی ئـەوەدا ژمارەیـەکی زۆری لەسوننەکانی لێگرتن و پاشان لەبەرنبەر لێخۆشبوون لەگوناهـەکانیان هـەر یەکـەی سـێ سەد تومەنی لێستاندن.

- لەساڵی ١٦٠٩ز بە شا عەباسیان راگەیاند کەوا مەحمود دەبـاغی حـاکمی هەمـەدان کەلەسـەر مەزهەبی سوننەیە غەدر لەشیعەکان دەکات، بۆیە فەرمانیدا قۆڵبەستیی بکـەن و بیکوژن، بەلام مەحمود توانی خۆی رزگاربکات، ئینجا شا هەڕەشەی ئەوەی لەدانیشتوانی هەمەدان کرد کە ئەگەر لەماوەی تەنها سێ رۆژدا مەحمود دەباغ خـۆی بەدەسـتەوە نـەدا

ئەوا هەرچی خەڵکی ئەو شارە هەیە هەموویان دەکوژێ و دەستیش بەسەر ماڵ و سامانی هەمواندا دەگرێ، کاتێکیش مەحمود خۆی بەدەستەوەدا یەکسەر کوشتی.

ئەگەر هەستی بەوە بکردبایە لەبەرژەوەندی خۆی و وڵاتەکەیدایە واز لەدوژمنایەتی سوننەکان بهێنێ ئەوا بۆ ماوەیەك دەستی لەم کارە هەڵدەگرت. لەو پێناوەشدا پێشوازی لەبازرگانە سوننەکان دەکرد کە لەوڵاتی دیکەوە دەهاتنە ئێران و رێزێکی زۆری دەگرتن چونکە دەیزانی کە لەبەرانبەردا سوودێکی ماڵیی زۆریان لێدەبینێ.

ئاشکرایە بەهۆی ئەو دوژمنکارییەی بەرانبەر بەسوننەکان بەتایبەتی ئەو دوو دەوڵەتەی کە نوێنەرایەتیان دەکردن هەیبوو هەوڵیدا خۆی لەئەورووپیەکان نزیك بکاتەوە و پەیماننامەش لەگەڵ پاشاگاورەکانی ئەورووپا مۆربکات لەپێناوی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانیی سوننە مەزەب لاوازبکات.

هەڵوێستی بەرانبەر بە گاورەکان: شا عەباسی یەکەم بەپێچەوانەی خەڵکی سوننە مامەڵەی لەگەڵ گاورەکاندا دەکرد و چاوپۆشی لەچالاکیەکانی مزگێنیدەرانی ئەورووپیەکان لەناو ئێراندا دەکرد کەبەئارەزووی خۆیان ئایینی مەسیحی تێدا بڵاوبکەنەوە، پێشتریش باسی ئەوەمان کردبوو کە سوپایەکی تایبەتی دروسکردبوو و هەموو سەربازەکانی لەو مەسیحیانە بوون کە دانیشتووی ئێران و ئەو شوێنانە بوون کەلەژێر دەسەلاتی سەفەوییەکاندابوون، بەئەنقەستیش شەش هەزار ئەرمەنی لەساڵی ١٦٠٤ز لەخاکی خۆیان گواستەوە بەمەبەستی ئەوەی لەپەلاماری عوسمانییەکان بۆ سەر ئازەربێجان بیان پارێزێ و دابەشی کردن بەسەر ویلایەتە جۆربەجۆرەکانی ئێران و بۆ هەندێکیشیان کۆمەڵگای تایبەتی لەنزیك ئەسفەهان سازکرد و ناویشی لێنا جولفا کەناوی پایتەختەکەیان بوو لە ئازەربێجان و، لەهەمان کاتیشدا کڵێسایەکی بەمەبەستی ئەوەی هەست بەگۆڕانیی کەشوهەوای تازە نەکەن، بۆ دروسکردن و بۆ کەسیش نەبوو جگە لەگاورەکان لەوێدا نیشتەجێبن.

شا عەباس زۆر زیادەڕۆیی کرد لەو سۆزدارییەی بەرانبەر بە گاورەکانی ئێران دەریبڕی، هەروەها رێزێکی زۆری ئەو ئەورووپیانەی دەگرت کەدەهاتنە نێو کۆشکەکەی. لەوانەیە

ئەو هەڵسوکەوتە چاکانەی کە شاعەباس لەگەڵ گاورەکان بەشێکی دیکەی سیاسەتی بازرگانی و سەربازیی بێ:

- وەدەستهێنانی سۆزی دەوڵەتە ئەورووپیە گاورەکان و سازدانی هاوپەیمانێتی لەدژی دوژمنی هاوبەشیان کە ئەویش دەوڵەتی عوسمانیی بوو.

- سوود وەرگرتن لەشارەزایی گاورەکانی وڵاتەکەی تەنانەت ئەرمەنەکانیش لەبواری چالاککردنی بازرگانی بەتایبەتیش بازرگانی حەریر.

جولفا بوو بەناوەندێکی نوێی چالاك بۆ گاورەکانی ئێران، هەروەها رۆڵێکی گرنگی گێڕا لەمانەوەی مەسیحیەکان لەئێران و بلاّوکردنەوەی پەیڕەویی مەسیحیەت، ئەم ناوەندەش تا ماوەیەکی زۆر پڕبوو لەمەسیحیەکان و بازرگانەکانی ئەورووپی. لەساڵی ١٦٠٨ز فەرمانیدا کەوا هیچ کەسێك دەستدرێژییان نەکاتەسەر و ئازادیی تەواویشیان هەبێ لەگەڕان و سووڕانەوە بەهەموو ناوچەکانی دەوڵەتی سەفەویی. ئەم هەڵوێستەی شا ئەوانەی هاندا کەوا بەردەوام هامووشۆی ئێران بکەن و پەیوەندیی بازرگانیشیان لەگەڵ تووندو تۆڵ بکەن.

وادیاربوو شا تەنها دڵی بەوەندە خۆش نەدەبوو کەوا هەڵسوکەوتی چاك دەرهەق گاورەکان بکات، بەڵکو مکوڕ بوو لەسەر بەشداری کردنیان لەبۆنە ئایینیەکانیاندا. لەساڵی ١٦٠٩ز ژمارەیەکی زۆری بەراز لەکەرەجەوە هێناو بەبۆنەی جەژنەوە وەك دیاریەك پێشکەشی گاورەکانی گولفا کرد و پاشان سەردانی کردن و پیرۆزبایی جەژنەکەی لێکردن و بەشداریکردن لەمەیخواردنەوەدا، دوایی فەرمانی بەدەوروبەری خۆی کرد کەئەوانیش مەی بخۆنەوە، بۆ زانیاریش ئەو جەژنەی مەسیحیەکان کەوتبووە پانزەمین رۆژی مانگی رەمەزان و هیچ گرنگیی بەپیرۆزیی ئەو مانگە نەدا.

مەسیحیەکانیش هەوڵیاندا کەوا لەلای خۆیانەوە سوود لەم نزیکبوونەوەیە وەربگرن و نوێژەکەیان بەبوونی شا قوولترکردەوە و داواشیان لێکرد کەوا رێگایان پێبدا لەبلاّوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لەئێرندا و ئەویش ئەم داوای قبوڵ کردن و فەرمانیدا کڵێسایەکی لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی لەگولفا بۆ مەسیحیەکان دروستبکەن.

لەخەسڵەتەکانی دیکەی سۆزداری لەگەڵ گاورەکانیش ئەوەبوو دەچووە کڵێساکان و گـوێی لەوتارە ئایینی و ڕێنماییەکانیان دەگرت و تەماشای مەراسیمە ئایینیەکانیشی دەکـردن، هەروەها گفتوگـۆی ئـایینی لەگەڵـدا دەکـردن و تاگەیشتە ئـەوەی شـارەزاییەکی زۆری لەئایینی مەسیحی پەیداکردو ئەمەش هـانی پیـاوە ئایینیـەکانی مەسـیحیدا کـەداوای لێبکـەن بێتـە نـاو ئـایینی مەسـیحیەوە، بـەڵام ئـەو داوای لێبـووردنی لێکـردن و زۆر بەنەرمییەوەش وتی ئەم بابەتە دوابخەن بۆ کاتێکی دیکە.

بەهۆی نزیکبوونەوەی شـا و سـۆزداریی لەگـەڵ نەسـاریەکان تۆمـەتی لاوازی لـەباوەڕی بەئایینی ئیسلامیی و مەزەبی شیعەییان خستە پاڵ، بەڵام مێژوونووسـە فارسـەکان ئـەم ڕەوشتەی دەکەن بیانووی ئەوەی کە پێویستیەکی سیاسی بـووە لـەو باروگوزەرانـەی ئـەو کاتەدا، چونکە بەردەوام لەگەڵ عوسمانییکاندا لەکێشەدابووە، هەروەها ئەوەشـی دەخەنـە پاڵ گوایە ئـەو زۆرداریـی لەکەرەجییـەکان کـردووە و وڵاتـی لـێ کـاولکردوون و پاشـان کڵێساکانی لێکردوون بەمزگەوت و هەروەها کـاتێکیش بازرگـانێکی گـاور نەیتوانیبایـە قەرزەکەی بداتەوە ئـەوا لەبەرانبـەردا داوای لێـدەکرد ببێتـە موسـوڵمان و ئـەویش لێـی خۆشدەبوو.

لەڕاستیشدا ئەم هەڵسوکەوتەی لەگـەڵ مەسـیحییەکان کـارێکی لاوەکـی بـوو، چـونکە لەبنچینەدا ئەو مامەڵەیـەکی زۆر باشـی لەگەڵـدا دەکـردن. بـەڵام هێـرش کردنـە سـەر کەرەجیـەکان و کـاولکردنی وڵات و کردنـی کڵێسـایان بـە مزگـەوت وەك سـزایەك بـوو لەبەرانبەر ئەو شۆڕشەی لەدژی دەسەڵاتی ئەو کردیان و بەهیچ شێوەیەکیشـك وێنـەی ئـەم کار و فەرمانانەمان بەرچاو نەکەوتووە لەسەردەمی هیچ کام لەفەرمانڕەواکانی سەفەویی.

چالاکیەکانی شا عەباسی یەکەم لەبواری بیناسازییدا:

گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئەسفەهان: شا ئیسماعیلی یەکـەم تـەورێزی کـردە پایتـەختی خۆی، بەڵام بەهۆی نزیکی لەسنووری دەوڵـەتی عوسمانییـەوە هەمیشـە لـەژێر مەترسـی پەلامارەکانیانبوو و چەندین جاریش داگیرییان کردبوو، شا ناچاردەبوو کە لەوێ رابکات و بەرەو قووڵایی خاکی ئێران ئۆغربکات، بۆیـە شـا تەهماسـب قـەزوینی کـردە پایتـەخت کەلەناوەوەی خاکی ئێرانبـوو، ئـەم پایتەختـە بـەم شـێوەیە مایـەوە تـا سـەردەمی شـا

ئیسماعلی دووەم و شا محەمەد خودابەند و یەکەمین دە ساڵی سەردەمی شا عەباسی یەکەم و ئەم ماوەیەش دەکاتە لەساڵی ١٥٨٨ز وە تا ١٥٩٨ز. ئەم شایە هەستی کرد کەوا تەوریز شارێکی تەنگەو جێگای ئەو هەموو خەڵك و دەسوپەیوەندەی سوپای تیا نابێتەوە، هەروەها سەرچاوە تاوییەکانی زۆر کەم بوون و بەشی کشتوکاڵی هەموو خەڵکەکەی نەدەکرد، لەبەر ئەوە دەستی کرد بەگەڕان بەدوای شوێنێکی دیکە بۆ ئەوەی بیکاتە پایتەختی خۆی، لەکۆتاییدا چاوی کەوتە سەر ئەسفەهان کە ئەم شارە خاوەنی کەشوهەوایەکی ساز و خاوێن و لەبار و ئاوێکی زۆربوو و، لەوێدا گۆشت ئەگەر ماوەی یەك مانگ لەناو مەنجەڵدا بمایەتەوە هەرگیز بۆنی نەدەگۆڕا و، خاکەکەشی گونجاوترین خاك بوو لەهەموو جیهانداو سێویش بۆ ماوەی حەوت ساڵان تێیدا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی بترشێ و تەنانەت گەنمیش لەوێدا بۆگەن ناکات هەروەك چۆن لەشوێنیدیکەدا گۆڕانی بەسەردادێ، لەوێدا جێگایەکی تایبەتی هەیە کەهەرگیز مردوو تێیدا نارزێ و دەکەوێتە سەر رووباری زایەندەروود و بەمەش دەتوانن کشتوکاڵێکی چڕوپڕ ئەنجام بدەن کەبەشی هەموو سوپا و دەسوپەیوەند و دەووروبەرەکەی فەرمانڕەوایەتی بکات جگە لەدانیشتوانەکەی خۆیشی. لەهەمان کاتیشدا دەکەوێتە قوولایی خاکی ئێران و بەمەش لەهێرشەکانی عوسمانیی دوور دەکەوێتەوە، و هەرگیز ناکەوێتە بەر هەڕەشەی داگیرکاری وەك ئەوەی هەمیشە تەوریز بەسەری دەهات، لەهەمان کاتیشدا دەکەوێتە سەر ڕێگای بازرگانیی بەیەك گەیەنەری کەنداوی عەرەبی و تاران لەلایەك و لەلایەکی دیکەش ڕێگای بازرگانیی حەریری نێوان چین و ئەورووپا کەبەناو دەریای قەزویندا دەڕوات بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەوکاتەش شا خۆی ئامادە دەکرد بۆ دەرکردنی عوسمانییەکان لەئازەربێجان و بەشێکی زۆر و بەرینی عیراقی عەجەمی، لەبەر ئەم هۆیانە جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پایتەخت بگوازێتەوە قوولایی خاکی ئێران و لەساڵی ١٥٩٨ز ئەم پرۆژەیەشی بەئەنجام گەیاند.

دامەزراوە مەدەنیەکانی پایتەخت:

شا گرنگی بە دامەزراندنی پایتەختە نوێیەکە و رازاندنەوەی دەدا، لەم پێناوەشدا زۆرێك لە باڵەخانەی گەورە و گۆڕەپانی گشتی و هەروەها باخ و چیمەنی گەورەی گشتیی تیادا

دروستکرد، لەجوانی و پێشکەوتن و رازاوەییدا هیچ شارێکی دیکەی ئێران نەیدەگەیشتێ، بۆیە پێیان دەگوت (ئەسفەهان نیوەی جیهان)، لەلایەکی دیکەوە ئەم پایتەختە دانیشتوانێکی زۆری لێبوو کەژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی شەش سەد هەزار کەس.

ئەمانەش لەگرنگترین دامەزراوە مەدەنیەکان بوون:

گۆڕەپانی نەقشی جیهان یا گۆڕەپانی شا: ئەم گۆڕەپانە کەوتبووە ناوەندی شار و شێوەیەکی لاکێشەیی هەبوو و درێژییەکەی نزیکەی ١٦٧٤ پێ دەبوو بەڵام پانییەکەی ٥٤٠ پێبوو و هەر چوار دەووریشی بەدار رازابۆوە و لەتەنیشتەکانیشی شوێنی حەوانەوەی لێبوو کە بەچەتر سەریان گیرابوو، لەم گۆڕەپانەشدا پێشبڕکێی تیرهاوێژیی و ئەسپ سواری و شەڕە کەڵباب و چەندین جۆر ئاژەڵی دیکە دەکرا. شا لەهەیوانێکی تایبەت بەخۆی لەباڵەخانەی عالی قاپی تەماشی دەکردن و لەهەندێك کاتیشدا بەشداری یاری قاشوانێی دەکرد. لەدوای ماوەیەکیش شا ناوی ئەم گۆڕەپانەی گۆڕی لەنەقشی جیهانەوە کردی بە گۆڕپانی شا، کەتاکو ئێستا ئەم گۆڕەپانە هەر بەم ناوە ناسراوە.

عالی قاپوو: شا عەباس یەکەم لەدوای ئەوای پایتەخی گواستەوە بۆ ئەسفەهان لەنزیك کۆشکە کۆنەکەی خۆیدا باڵەخانەیەکی بچووکی لێبوو کە دەیڕوانییە سەر گۆڕەپانەکەی نەقشی جیهان لەلای خۆراوایەوە و ئەم باڵەخانەیەش پاشماوەی سەلجوقی و تەیمووریەکان بوو، ئەویش ئەم شوێنەی پێ باش و گونجاو بوو، بۆیە بڕیاریدا هەر لەوێدا چەند باڵەخانەیەك لەتەنیشت یەکەوە دروسبکات ناوی لێنان عالی قاپی واتە دەرگای بڵند، بەمەش لاسایی عوسمانییەکانی کردەوە. شا زیادەڕەیەکی زۆری لەرازاندنەوەی ئەم کۆشکە شاهانەیەدا کرد، هەروەها گرێژەنەی دەرگای کۆشکەکەی لەنەجەف هێنا و ئەم کارەشی زیاتر کۆشکەکەی بەناوبانگ کرد، بۆ پیرۆز راگرتنییشی، هەموو جارێ لەنزیکیەوە شا لەسواری ئەسپەکەی دادەبەزیی و بەپێ دەچووە ناو کۆشکەوە.

ئەم کۆشکە بریتیی بوو لەسێ نهۆمی سەرەکی، هەر یەکێکیشیان لەدوو قات پێك هاتبوو، بەمەش ژمارەی نهۆمەکانی دەبووە شەش و نزیکەی چل و هەشت مەتربوو و بەرزی دەروازەی سەرەکیەکەشی دەگەیشتە بیست و هەشت مەتر. هەروەها نهۆمەکانی

سەرەوەی تایبەت کردبوو بەخۆی و زۆربەی کاتیشی لەوێ بەسەردەبرد و هەر لەوێشـەوەی کاروبارەکانی دەوڵەتی رادەپەڕاند.

هـەر نهـۆمێکیش لـەهۆڵێکی گـەورەی سـەرەکی و چـەندین ژووری بچـووك و گەنجینـە پێکهاتبوو، دیواری هەمـوو باڵەخانەکەش بەرەنگی زەرد و چەندین رەنگی دیکەی جـوانی جۆراو جۆر رازابۆوە و لەهەمانکاتیشدا بنمیچیش بـەرەنگی زێڕیـی نەقشـکرابوو. هۆڵـە سەرەکیەکەشی کەوتبووە رووی پێشەوەی کۆشك و لەناوەڕاستیشـدا چـەندین سـتوونەدەی داری تێدابوو، لەهەمان کاتیشدا شا ئەم هۆڵەی تایبەت کردبـوو بـە کـۆڕ و کۆبوونـەوە و یادە تایبەتییەکانی وەك: جەژنی نەورۆز و نمایشی سوپا و پێشوازی نێـردراوە بیانیـەکان، هەر لەوێشەوە تەماشای پێشبڕکێ و شەڕی ئاژەڵە دڕندەکانی ناو گۆڕەپانەکەی دەکرد.

کەچی سەرەڕای ئەو هەمـوو جوانیەی باڵەخانەکە لەدوای رووخانی دەوڵەتی سەفەویی ئـەو و سەرجەم کارسازیەکانی سـەفەویی پشتگوێخران.

مزگەوتی شێخ لوتفواللە: ئەم مزگەوتە کەوتبووە خـۆرەلاتی گۆڕەپـانی نەقشـی جیهـان و لەتەنیشتیەوە قوتابخانەیەك دروسـترابوو بۆ ئەوەی ببێتە بارەگای شێخ لوتفواللە ئـەلعاملی کـە خـەڵکی چـیای عامـل بـوو لـەلوبنان. لەسـاڵی ١٦٠٢ز دەسـکرا بەدروستکردنی مزگەوتەکەو لەساڵی ١٦١٩ز کۆتایی پێهات و لەسەر زۆربەی دیوارەکانایش ئایەتـەکانی قورئان نووسراو، شانبەشانی چەندین دەستەواژەی جـوان و سـەرنجراکێش. گونبەدەگەشـی بەجوانترین گونبـەدی سـەردەمی سـەفەوییەکان دادەنرێـت و بەتاگـە گونبـەدی سـەرجەم ئاسیاش دادەنرێ لەرووی پێکهاتەوە ئەو کارسازییەی کە تێیدا کراوە. تـاکو ئێسـتا ئـەو مزگەوتە هەر ماوەتەوە، شایانی باسیشە کەوا لەسـاڵی ١٨٨٩ و ١٨٩٠ز و لەسـەردەمی رەزا شا پەهلەوی جارێکی دیکە سـازکرایەوە.

مزگەوتی شا: ئەم مزگەوتەش کەوتبووە لای خۆراوای گۆڕەپانی نەقشـی جیهـان و نێـوان کۆشکی عالی قاپی و مزگەوتی لوتفـواللە. لەسـاڵی ١٦١٢ز دەسـکرا بەدروسـتکردنی و بەدوو قۆناغ کارەکانی تەواوبوون: لەقۆناغی یەکەمدا توانرا رێڕەوی سەرەکی مزگەوتەکـە کە رووبەرووی گۆڕەپانەکە بوو سـازبکرێ و لەسـاڵی ١٦١٦ز کۆتـایی پێهـات و شـا زۆر پەلەی لەتەواوکردنی ئەم قۆناغـە دەکـرد چـوونکە ئـارەزووی دەکـرد جـوانی و رازاوەیـی

گۆڕەپانەکەی پێ تەواو بکات. بەڵام قۆناغی دووەم کە تاکو کۆتاییەکانی سەردەمی شا و لەوانەشە دوو ساڵ دوای مردنی ئەویشی پێچوو لەساڵی ۱٦۳۱ز تەواوبوو.

مزگەوتەکە لەسێ گونبەد و چوار سەرەکی پێکهاتووە، گەورەترین هۆڵییش ئەوەیان بوو کەرووی لەقیبلەبوو و گونبەدی ئەویش لەهی هەموویان گەورەتربوو، لەتەنیشت ئەم گونبەدەش دوو منارەی بانگی لێ دروستکرابوو، هەروەها لەنزیك میحرابی ئەم شوێن نوێژە گەورەیەدا لەیەك تاکەبەردی مەڕمەڕ سازکراو پاش ئەوەش کەرازانرایەوە کرایە سەکۆیەك بۆ وتارخوێنیی. ئەم مادەیەش لە رانغۆنی هیندستانەوە هێنرا، هەروەها ستووندەکانیشی زۆر بەرزبوون و هەمووی وەك یەکبوون و لەناو و دەرەوەشیدا بەنەخشی ئاوزێڕی مینا رازابۆوە و هەر چوار دەوریشی بەبەردی قەرمید رازابۆوە و لەناویشیاندا ئایەتەکانی قورئانی نوسرابوونەوە، لەناوەندی حەوشەکەشیدا حەوزێکی گەورەی تێدا بوو کە لەمەڕمەڕ سازکرابوو.

شەقامی چهارباغ: شا رێگای بەنێوان گۆڕەپانی نەقشی جیهان و ئەو باڵەخانانەی دەیانڕوانییە سەری بەدروسکردنی رووبارێك شەقکرد و لەسەر ئەم رووبارەش پردێکی بۆ پەڕینەوە سازکرد و بەپردی وێردی خان ناوبانگی دەرکرد و کەسەرکردەی سوپا و حاکمی فارسبوو، ئەم رووبارە تا کۆتایی چیاکانی خوارووی ئەسفەهان درێژەی دەکێشا، هەروەها فەرمانیدا کەوا چوار ریز دار لەسەر لێوارەکانی بڕوێنن، بۆیە بە چوار باغ ناسرا و درێژیەکەشی لەسێ کیلۆمەتر زیاتر بوو.

لەسەر گوزەرگای ئەم رووبارەشدا هەیوانێکیان سازکرد لەبەر بەرزیەکەی دەیڕوانییە سەر رێگاکان و ناویان لێنا جیهاننما واتە نیشاندەری جیهان. ئەو بەشەی کەجیهاننما و رووباری زایەندەروود بەیەکەوە دەبەستێتەوە ناوی رێگای چوارباغی خوارووبوو.

لەسەر کۆتایی رێگاکە باغێکی پان و بەرینی بەپلیکانەی لێدروستکرا کەبەرزیەکەی دەگەیشتە نۆ نهۆم و ناویان لێنا باغی عەباس ئاباد، لەناوەراستی ئەم باغەشدا کۆشکێك دروستکرا ناویان لێنا (هزار جریب) واتە هەزار هەزار مەتر، ئەو بەشەی کەلەرووباری زایەندەروود هەڵکشابوو بەرەو کۆشکی هەزار جریب بە چهارباغی سەروو ناوی دەرکرد.

شا ئـەم شـەقامەی بەسـەر شـازادەکانی دەوڵـەت و پیـاو مـاقوولان و فەرمانڕەواکانـدا دابەشکرد و فەرمانی پێکرد کەوا بیڕازێننەوە و هەر کەسـە و لـەنزیك پارچـەکەی خۆیـدا باغێك دروسبکات. ئەم ڕێگایە تا ئەندازەیەکی زۆریش بەلای گەشتیارە ئەورووپییەکانەوە جوان و دڵگیربوو. ئێرانییەکانیش بۆ پیاسەو ڕابواردن سەردانی باغەکانی ئەو ناوچـەیەیان دەکرد و بۆنی خۆشی گـوڵ و ئـاو و هـەوای خۆشـییان لـێ هەڵدەمـژی. لـەدوای هـەموو ئەمانەشدا شا ڕۆژێکی تایبەت کردبوو بەئافرتان.

دەسکەوتی دیکە: لەدەسکەوت و کارە بەرچاوەکانی لەبوارە جۆربەجۆرەکاندا شا هەمیشە مزگەوتی تازەی دروسدەکرد و مزگەوتە کۆنـەکان و مـەزار و گۆڕستانەکانیشـی ئـاوەدان دەکـردەوەو، لەوانـەش گونبـەد و مـەزارگای ئیمـام ڕەزای لەسـاڵی ١٦٠١ز لەمەشـهەد ئاوەندانکردەوەو پاشان مەزارگای ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب لەنەجەف سـازکردەوە و ئەویش لەدوای ئەوەوە هات کە لەسـاڵی ١٦٢٣ز دەستی بەسـەر بەغـدادا گـرت و پاشـان ئاوی لەڕووباری فوراتەوە گەیاندە مزگەوتی کوفە، جگـە لەمانـەش چـەندین مزگـەوت و مەزارگەی دیکەشی لەسەرتاسـەر ئێراندا چاککردەوە.

سـەرەرای ئەمانەش شا چەندین کۆشك و باڵەخانە و باغی گشتی گۆڕەپـانی پـان و بـەرین دروست کردو، چەندین ناوچەی نیشتەجێبوونی تازەی سازکرد کەلەپاشاندا بـوون بەشـاری سەربەخۆ، وەك نەجەفی ئەشرەف و گولفای نوێ لەنزیك ئەسفەهان.

شا گرنگی زۆریشی دەدا بەدروستکردن و چـاککردن و ئاوەدانکردنـەوەی ڕێگاوبانـەکان و پارێزگـاری کردنیـان و دروسـتکردنی شـوێنی حەوانـەوە و نـانخواردن و نووسـتن تـاکو بازرگانەکان بەئارەزووی خۆیان پێیدا تێبپەڕن و ببێتە هاندەرێك بۆیـان بـۆ ئـەوەی زیـاتر پەرە بەچـالاکیەکانیان بـدەن، ئینجـا چـەندین کارگـەی دروسـتکردنی چـەکی ئـاگرینی دروسـتکرد.

هەروەها شا لەسەر ڕووبارەکاندا پردی زۆری دروسکردبوو، وەك پردی وێردی خـان لەسـەر ڕووباری زایەندەڕوود کە بەشی خوارو و سـەرووی چـوارباغی لەیـەك بەسـتبۆوە، ئینجـا پردی گولفـا کـە شـاری گۆلفـای نـوێی ئەسـفەهانی بەیـەك دەبەسـتەوە و لـەدوو نهـۆم پێکهاتبوو. کەدرێژیەکەی دوو سەد و پێنج مەتر و پانیەکەیشـی سـێزدە مـەتر و حـەفتا

سانتیمەتربوو و شەش ڕێگای پەرینەوەشی لەسەر بوو، هەندێك لەوانـەش تایبـەت بـوون بەپەڕینـەوەی سـوارەکان هەنـدێکی دیکـەش تایبـەت بـوون بـە پەڕینـەوەی پیـادەو هەندێکیدیکەشیان تایبەت کرابوون بەگەشتوگوزار؛ کەچی سەرەڕای ئـەو هـەموو درزەی کەتێی کەوت و زۆر بەشیشی لێ رووخا ئێستا هەر بەیەکێك لەپردە هەرە بەناوبانگـەکانی جیهان دادەنرێت و تا ئێستاش ماوەتەوە.

گومانی تێدا نییە کە ئەو کارسازییانە شا عەباسی یەکەم لەئەسفەهاندا کردی بەتایبـەتی بیناسازیی و ئاوەدانکردنەوە سەرنجراکێشەکان و نوێکردنەوەی بینا کۆنەکان و ئەو هـەموو جوانکاریەی لەشارەکەدا کردی بەڵگەی ئەوەن کەبە نیوەی جیهان وەسفی بکەن.

◆

بەشی شەشەم
شا عەباس یەکەم
١٥٨٨-١٦٢٩زایینی
پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی

دژایەتی ئۆزبەک لەسەر خۆراسان:

بەرایی: شا عەباسی یەکەم ململانێی مەزەبی لەگەڵ سوننەکاندا بە بۆماوەیی پێیگەشتبوو مەبەستیش هەردوو دەوڵەتی ئۆزبەك و عوسمانییەکان بوون، هەروەها سەرکردەکانی سەفەویی هێندەی دیکە ئەم کێشەیەیان قوولتر کردبۆوە، هەمووشیان بەناوی پارێزگاری کردن لەتەختی پاشایەتی شا عەباسی یەکەم سازیان دەکرد. لەهەمووشیان سەر سەختتر لەم ململانێیەدا مورشید قوولی خانی تەکیلوو و عەلی قوولی خانی سەرکردەی شاملوو بوون. ئەم ململانێیەش هەردووکیانی لاوازکرد و هەلی بۆ ئۆزبەکەکان رەخساند کە خۆراسان داگیربکەن.

بەهۆی سەرکەوتنەکانی مورشید قوولی خان کە وەسیی و سەرپەرشتیاری میرزا عەباسی لەعەلی قوولیل خان سەندەوە هەوڵی ئەوەی دەدا کەوا یارمەتی لەدەرەوە وەربگرێ بۆ ئەوەی جێگە و پایەی خۆی لەخۆراساندا بگێڕێتەوەو بەمەش دەستی کرد بەپەیوەندی کردن بە عەبدوڵلاخانی دووەمی سەرکردەی ئۆزبەکەکان کە بەناوبانگترینی پاشاکانیانبوو لەساڵی ١٨٥٣-١٥٩٨ز و هانیدا کەوا هێرش بکاتە سەر خۆراسان و پەیمانی پێدا کەوا:

- ببێتە لایەنگری و بەندە فەرمانی.
- شاری هەراتی بخاتە دەست.
- یارمەتی بدات لەداگیرکردنی عیراق و هەمەدان.

مورشید قوولی خان لەو ماوانەدا و لەگەڵ عەباس میرزا بەرەو هەرات دەچوون بۆ ئەوەی لەدەستی دوژمنەکەیان بیهێننە دەرەوە، هەرکە لەشارەکە نزیك بووەوە هەواڵی ئەوەی

پێگەیشت کەوا سوپایەکی گەورەی ئۆزبەکـەکان بـەرەو شـار بەڕێوەیـە بەسـەرکردایەتی عەبدوڵلاخانی دووەمـەو بەمـەش لـەم هەڵمەتـەی پاشـگەز بـووەوەو بـەرەو مەشـهەد و لەوێشەوە بەرەو قەزوین گەڕایەوە، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە لەمەترسیەکانی ئـۆزبەکی خـۆی دووربگرێ و لەلایەکی دیکەشەوە دەسەلآت لەمحەمـەد خودابەنـدە وەرگرێتـەوەو بیخاتـە دەستی خۆی و وەسیی لەسەر کراوەکەی.

رووخانی هەرات: کاتێك عەبدوڵلاخانی دووەم لەشاری هەرات نیزك کەوتـەوە نامەیـەکی بۆ عەلی قوولی خان ناردو تێیدا ئاگاداری کردەوە کەوا لەسـەر داواکاریەکەی ئەو هـاتووەو دەبێ ئەویش پەیمانەکەی خۆی بەجێبهێنێ، هەروەها بەناوی ئـەوەوە لەسـەر مینبـەرەکان وتاربخوێندرێ و دراویش بەناوییەوە چاپبکرێ، لەبەرانبەر ئەوەی کە ئەم شارە یاخود هـەر شارێکی دیکەی ولآتی پشت رووباری بخاتە ژێر دەست.

وادیارە عەلی قوولی خان دەرکی بەوەکردبوو کەوا ئەو هەموو پابەندیی و جێبـەجێکردنی ئەو هەموو فەرمانانەی چ مەترسیەکی هەیە بۆیە بڕیایدا لەم ئاستەدا بوەستێ و چـیدیکە هەوڵی بەجێگەیاندنی ئەم پیلانە نەکات و لەوانەشە هەسـتی بـەوەکردبێ کـەداگیرکردنی هەرات لەلایەن عەبدوڵلاخانی دووەم و پاشان خۆراسان مەترسی و هەڕەشەکانی سەفەویی لەسەر لادەبات کەلەسەر شانی هۆزە تورکمانەکان ئـەم دەوڵەتـە دروسـتبووەو هۆزەکـەی ئەویش یەکێکە لەوان، و بڕیاریدا رووبەرووی هێرشی ئۆزبەکەکان ببێتەوە.

بەلآم عەبدوڵلاخان لەبەزاندنی هێڵەکانی بەرگری شار سـەرکەوتنی بەدەسـتهێناو مـاوەی یانزە مانگیش گەمارۆیەکی سەختی خستە سەر شـارەکە. کەچـی عـەلی قـوولی خـان و شوێنەکەوتووانی زۆر بەتووندی پارێزگاریان لەشارەکە دەکرد و بەهیوای ئەوەش بوو کـەوا لە قەزوینی پایتەختەوە یارمەتی پێبگات و بەلآم وادیاربوو لەوێدا خانەوادەی دەسەلآتدار سەرقاڵی کێشەی نێوان میزراعەباس و شامحەمەد خودابەنـدەی بـاوکی بـوون و هیچـیش سەرنجی ئەو مەترسیانەیان نەدا کەدەووری هەراتی داوە.

کاتێکیش کێشەکە بەلای شا عەباسـی یەکەمـدا کەوتـەوە بڕیاریـدا بـەهێزی سـەربازی یارمەتی مامۆستا و پەروەردەکاری خۆی عەلی قوولی خان بدات تاکو بتوانێ رووبـەرووی گەمارۆیی ئۆزبەکەکان ببێتەوەو، هەموو رۆژێکیش فەرمانی بـۆ مورشـید قـوولی خـانی

بەپرسی تواناکانی دەوڵەت دەنارد کەوا پەلە بکات لـەناردنی یارمـەتییـە ســەربازییەکان، بەلاّم مورشید قوولی خان سستی و خاوەخاوی دەکرد لەجێبەجێکردنی فەرمانـەکانی شـا عەباس، ئەویش بەهۆی ئەو هەموو رقوکینەیەبوو کەبەرانبەر عەلی قوولی خان هـەیبوو، لەهەمان کاتیشدا لەوە دەترسـا کـەوا پەیوەندییـە دۆسـتانەکەی نێوانیـان بگەڕێتـەوە و ئەمـەش ببێتە مەترسی بۆ سەر پلەو پایەی خۆی و ئەو دەسەلاّتەی بەسەر شا و دەوڵەتـەوە هەیەتی.

مورشید قوولی خان بەردەوام بوو لەسـەر سستی و خاوەخاوکردن لەناردنی یارمەتیەکان بۆ عـەلی قـوولی خـان تـا شکسـتی خـوارد و بلاّوبوونـەوەی برسـێتی و نەخۆشـی لـەنێو سەربازەکانیدا و پاشـان لەترسـی لەناوچـوون شـارەکەی بەجێهێشـت و چـووە قەلاّیـەکی بچووکی نزیك شارەکە، ئۆزبەکەکانیش چوونە نـاو شـارەکەو نەهامـەتی زۆریـان بەسـەر خەلّکەکە هێناو ژمارەیەکی زۆریشیان لەپیاوانی قزلباشی کوشت و ژمارەیەکی زۆریشیان لەژن و منداڵەکانی هۆزی شاملوو بەدیل گرت و ناردنیانە ولاّتی پشت رووبار.

وادیاربوو کەوا عەلی قوولی خان لەتوانایدا نەبوو چیدیکە خۆڕاگری بکات، بۆیـە خـۆی و پیاوەکانی خۆیان دا بەدەستەوە و عەبدوللاّخانی دووەمیش فەرمانیدا هەموویان بکـوژن، ئەم رووداوەش لەکانوونی دووەمی ١٥٨٩ز بوو.

خۆبەدەستەوەدانی مەشهەد: هەواڵی رووخـانی هـەرات و کـوژرانی عـەلی قـوولی خـان بەدەستی ئۆزبەکەکان گەیشتە قەزوینی پایتەخت، ئینجا زۆر بەپەلە مورشید قوولی خـان بەهۆی ئەوەی دڵنیا بوو لەنەمانی رکابەرەکەی هەتا هەتایە سوپایەکی بـەهێزی سـازکرد بۆ دەرکردنی ئۆزبەکەکان. ئەوەبوو سوپای سـەفەوییەکان بەسـەرکردایەتی شـا عـەباس و وەزیرەکان و ژمارەیەك لەسەرکردەکانی هۆزی قزلباشەکان بەرە و هەرات کەوتنـەرێ. شـا زۆر رقی لەوەزیرەکەی خۆی هەڵگرت کـە خاوەخـاوی زۆری کـرد لـەناردنی یارمـەتی بـۆ مامۆستای یەکەمی و بەمەش شاری هەرات کەوتە دەسـت دوژمنانـەوە، بۆیـە بڕیاریـدا لەتۆڵەیدا وەزیرەکەی لەناوبەرێ، هەرکە سوپای سـەفەوی گەیشتە شـار و ئازادیـان کـرد یەکسەر مەرامەکەی خۆی بەجێگەیاند و کوشتی.

سوپای سەفەویی بەردەوام بوو لەپێشڕەوی و تا خۆراسانیشیان ئازاد نەکردەوە نەوەستا، ئەوکاتە عەبدوڵلاخانی دووەم کێشەی دەسەلآت و خاوەخاوی ناردنی یارمەتی بەهەلزانی و بەرەو مەشهەد رۆیشت تا داگیری بکات. لەهەمان کاتیشدا هەواڵی سنوربەزاندنی عوسمانییەکان و پێشڕەوییان لەبەرەی خۆراواوە بەرەو قەرەباغ و ئازەربێجان گەیشتە قەزوین و هەواڵەکانیش رایانگەیاند کەوا فەرهاد بەگی سەرکردە دەستی بەسەر شاری گەنجەدا گرتووە، هەروەها سەرکردەی عوسمانیی جیگال ئۆغلی بەسەرکردایەتی سوپایەکی دیکەوە بەرەو هەمەدان و نەهاوەند بەڕێکەوت. وادیاربوو کەوا ئۆزبەکەکان تەنسیقییان لەگەڵ عوسمانییەکان کردبوو تا بەیەکەوە لەیەك کاتدا هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی سەفەویی. هەڵوێستی شا عەباسی یەکەم بەهۆی هێرشی ئۆزبەکەکان لەخۆرەلآت و داگیرکاری عوسمانییەکان لەبەرەی خۆراواو کێشە ناوخۆییەکانەوە زۆر لاوازبوو، ئەو کێشەو دووبەرەکیانەش فەرمانڕەوای ویلایەتەکان لەپێناوی دەسگرتن بە سامانە تایبەتیەکانیان هەڵیان گیرساندبوو، لەکاتێکدا کەنەیدەتوانی لەسێ قۆڵەوە شەڕبکات، لەساڵی ١٥٩٠ز رێککەوتنێکی سەرشۆڕانەی لەگەڵ عوسمانییەکاندا سازکرد و بەهۆیەوە دەسبەرداری هەندێك شوێن بوو بۆ عوسمانییەکان و بەشێوەیەکی کاتیش وازی لەپرۆسەی دەرکردنی ئۆزبەکەکان هێنا لەخۆسان و دەستی خۆی والآکرد بۆ لەناوبردنی کێشە ناوخۆییەکان.

گەڕانەوەی شا عەباسی یەکەم بۆ قەزوین هەلی بۆ ئۆزبەکەکان رەخسان تا بەتەواوی لەخۆراساندا لەشکرکێشی بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بەسەرکردایەتی عەبدولمؤمین خانی کوڕی عەبدوڵلاخانی دووەم بەرەو خۆراوا چوون، لەو کاتەی کە باوکی لەوێنەبوو فەرمانڕەوایەتی وڵاتی پشت رووباری خستبووە دەست کوڕەکەی. بەردەوام بوون لەپێشڕەوی تا ئەو ئاستەی کەتوانیان هەرچی شار و شارۆچکەی نێوان هەرات و مەشهەد هەیە هەمووی داگیربکەن و ئینجا بەتەواوی گەمارۆی مەشهەدیاندا، بۆیە حاکمی ئەوێ کەئەمەت خانی ئەستاجلوو بوو داوای یارمەتی لە قەزوین کرد. شا عەباسی یەکەم بەرانبەر ئەو هەموو هێرشە دەرەکیانە چاوەڕێی کرد و هیچ جوولەیەکی نەکرد تا ئەو کاتەی هەموو کێشە ناوخۆییەکانی لەناوبرد، پاشان بەرەی خۆراوای لەرووی عوسمانییەکاندا بەهێزکرد و ئینجا خۆی سازکرد بۆ رووبەروو بوونەوەی مەترسیەکانی

ئۆزبەك. كاتێكی سوپای سەفەویی گەیشتە ناوچەی ڕەی نەخۆشییەكی ترسناك لەنێو سوپاكەیدا بڵاوبووەو تەنانەت خودی شاعەباسیشی گرتیەوە، بەمەش نەیتوانی چیدیكە لەم هەڵمەتەیدا بەردەوامبێ، ئەمەش بووە هەلێكی زێڕین بۆ ئۆزبەكەكان هێندەی دیكە گەمارۆی سەر شارەكەیان توووند كردو لەدوای چوار مانگ رووخاندیان، لەپاشاندا چوونە ناوی و كوشتارێكی زۆریان دەرهەق بەدانیشتوانەكەی كردو دەستیان كرد بەدزی و تالانی شارەكە و ئینجا دەستیانگرت بەسەر داهاتی مەزارگەی ئیمام عەلی رەزا و هەموو چرا زێڕ و زیوەكانیشان دزی و جگە لەمانەش ژمارەیەك قورئان و نووسراویان دزی كەگوایە بەدەستی خودی ئیمامەكانەوە نووسرابوون. تەنانەت مردووەكانیش لەگۆڕەكانیاندا لەستەمەكانیان بێبەش نەبوون، ئەوەبوو سەربازە ئۆزبەكەكان گۆڕی تەهماسبیان هەڵكەندو ئێسك و پروسكیان فڕێدایە دەرەوە كەلەتەنیشت گۆڕی ئیمام عەلی رەزابوو نەفرەتی زۆریشیان ئاراستە دەكرد، بێگومان ئەوەش لەتۆڵەی ئەو هەڵسوكەوتانە بوو كە شا ئیسماعیلی یەكەم لەبەرانبەر مەزارگای سوننەكان دەیكردو سوكایەتیان بەروفاتیان دەكرد كاتێك شارەكانیان داگیر دەكردن.

عەبدولمۆئمین خان بەردەوام بوو لەپێشڕەوی بەرەو خۆراوا و دەستی بەسەر خەواف و باخەرز و یوشەنگ و گۆریان و ئیسفەرایێدا گرت، ئینجا نامەیەكی بۆ موورادی سێیەمی سوڵتانی عوسمانیی نارد و تیایدا سەركەوتنەكانی لەم ناو اچانەدا پێڕاگەیاند، هەروەها ئەوەشی گوت كەوا بەردەوام دەبێ تاكو عێراقیش داگیر دەكات و پێشەوایانی مەزەبی شیعە لەناو دەبات. بەڵام ئەم پلانە ئازایانەیە سەری نەگرت، چونكە عوسمانییەكان چیدیكە یارمەتیان نەدان، تەنانەت لەگەڵ شا عەباسی یەكەم ئاشتەوابیان كرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەستی واڵابێ تەنها بۆ شەڕی ئۆزبەكەكان.

گێڕانەوەی مەشهەد: زۆر بەخێرایی شا چاكبووەو تەندروستی بەرەو باشی چوو و هەڵسایەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئۆزبەكەكان ببێتەوە و لەخۆراسان وەدەریان بنێ، ئەوەبوو لە ساڵی ١٥٩٣ز بەرەو بەرەی مەشهەد پێشڕەوی كرد و لەگەڵ خۆشیدا سوپایەكی گەورەی بردە سەریان و هەركە گەیشتە سنووری شارەكە یەكسەر عەبدولمۆئمین

نووسـراوێکی بۆ نـاردو تیایـدا داوای لێـدەکرد کـەوا ئاشـتەوایی لەنێوانیانـدا سـازبکەن بەمەرجی ئەوەی خۆراسان بەدەست ئۆزبەکەکانەوە بمێنێتەوە.

شتێکی ئاسایی بـوو کـەوا شـا عەباسـی یەکـەم ئـەم داوایـە رەتبکاتـەوە و لەوەڵامـدا هەرەشەی لێکردن و وتی ئەگەر ئەوان خۆراسـان چۆڵ نەکەن و بـەرەو وڵاتـی پشـت رووبـار نەگەڕێنەوە ئەوا هێرش دەکاتە سـەر شـارەکە. بەرانبـەر سـەرنەکەوتنی ئـەم دانوسـتانە عەبدولموئمین خان سوپایەکەی رێکخستەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لەشەڕێکی یەکلاییکەرەوەدا رووبەرووی سەفەوییەکان بێتەوەو داوای لەهـەموو ئـەو سـوپایانەکرد کـە لەسـەرانسـەری وڵاتدا بڵاوبووبونەوە کەوا لەمەشهەددا کۆببنەوەو زۆریش بەرێزەوە لەشارەکانی نیشـاپوور و عەسکەر هاتە دەرەوە و لەوێشەوە نامەیەکی پڕ لەرێزی بۆ شا نـاردەوە و هـەمان شـتی پێشووی بۆ نووسـیەوە، بەڵام شا هیچ گوێی بەم داوایە نەداو بەرەو نیسـاپوور بەرێکـەوت و بەبێ کوشتار چوونە ناویەوە و ئینجا چوونە ناو سەبزەوار و جاگەرم و پاشان بەردەوام بوون تا گەیشتنە دەوروبەری مەشهەد، لەوێدا وەرزی زستان تەنگی پێهەڵچنی و بەفر بـاری و سەرمایەکی سەخت رووی لەوێکردو هـەموو رێگاکـانیش بـەهۆی قوڕولیتـەوە داخـران و شوێنی گونجاو بۆ مانەوەی شا نەمایەوە و، لەپاشان سـوپاکەی کـۆکردەوە و گەڕایـەوە بـۆ قەزوین و ناوچەکەی لەژێر چاودێری دەروێش محەمەد خان بەجێهێشت و لەهەمان کاتیشدا سەربازگەکانی ئەوێش هاوکاری بوون.

ئەوکاتە عەبدوڵڵاخانی دووەم لەچـەندین لاوە زەبـری کوشـندەی پێکـەوت و بەهۆیانـەوە نەیتوانی بەردەوام بێ و هێزەکانیشی وێران کرد لەوانە:

- لەبەرانبەر خێڵەکانی قالیموق لەباکور شکستی گـەورەی خـوارد و زیـانی گەورەشـی بەرکەوت.

- شازادە خوارزمیەکان چوونە پاڵ سەفەوییەکان، بەهۆی ئەو کێشـەیەی کەوتـە نێـوان نورمحەمەد خانی حـاکمی مـەر و ئـۆکینگ و حـاجی محەمـەد خـانی حـاکمی خـوارزمی ئامۆزای عەبدوڵڵاخانی دووەم و لەو کاتەدا سەکردەی ئۆزبەکەکان هەوڵیدا ئەم کێشەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزتەوە و ئینجا هەردووکیانی لەوڵات دەرکرد و ئەوانیش روویان کـردە شا عەباسی یەکەم.

شتێکی ئاسایی بوو کە شا پێشوازی لەم جۆرە هاوپەیمانێتیانە بکات چونکە بەهۆیەوە مەترسیەکانی ئۆزبەکی لە دەوڵەتی سەفەویی دوور دەخستەوە. عەبدوڵلاّخانی دووەم لەکاتی هێرشکردنی شا بەرەو خۆراسان لەساڵی ١٥٦٩ز زیانێکی زۆری بەرکەوت و زەویەکی زۆریشی لەدەسدا، کاتێکیش گەیشتە نزیك سنووری ئەسفەرایین کەلەژێر حوکمرانی ئۆزبەکدابوو، عەبدولموئمین خانی سەرکردە ناچار بوو کەشارەکە چۆڵبکات و نامەیەکی دیکەشی نارد بۆ شا عەباس و پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کەوا بەرەو عیراق پێشڕەویی بکات و خۆراسان بۆ ئۆزبەك بەجێبهێڵێ، بەلاّم شا نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ ناردو پێشنیارەکەشی ڕەتکردەوە و ئینجا ئەسفەرایینی داگیرکرد، ئەمەو بەبێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا بەرەو ئیستەرئاباد کەلەسەر ڕێی قەزوین بوو ڕۆیشت و عەبدولموئمینیش ئەمەی بەهەلزانی و هێرشی کردە سەر ئەسفەرایین و قەسابخانەیەکی گەورەی بۆ دانیشتوانەکەی سەبزەوار سازکرد، کەئەم کارە شای ناچار کرد بگەڕێتەوە بۆ سەبزەوار و جارێکی دیکە گێڕایەوە بۆ خۆی و پاشان بەرەو نیشاپوور پێشڕەویی کردو لەدواییدا بەهۆی نزیك بوونەوەی وەرزی زستان گەڕایەوە بۆ قەزوین.

بارەکە بەمشێویە مایەوە لەخۆراسان و هەمیشە کەوتبووە نێوان پەلامار و داگیرکردن و گێڕانەوە تاکو ساڵی ١٥٩٨ز ئەوکاتە لەنێوان عەبدوڵلاّخانی دووەم و عەبدولموئمین خانی کوڕی شەڕ بەرپابوو خەریك بوو بەهۆیەوە شەڕ لەنێوانیاندا هەڵدەگیرسا، بەلاّم باوکەکە دەسبەرداری دەسەلاّتەکەی خۆی بوو و بەکوڕەکەی ڕاسپارد.

گومانی تێدا نییە بەهۆی کێشەی نێوان باوك و کوڕەکەی و ئینجا بەهۆی ئەو هۆکارانەی کەباسمان کردن کەبریتی بوون لەولاّتی پشت ڕووبار کەوتە بەر پەلاماری هێزە خێڵەکیەکانی ناوخۆ و لایەنگری هەندێك لەسەرکردە خوارزمیەکان بۆ شا عەباسی یەکەم جەنگیی ئۆزبەکی لاوازکرد و ئەمەش بووە هاندەرێك هێرش بکاتە سەریان لەتەواوی خۆراساندا وەدەریان بنێ و، هەرچی هێزێك هەبوو لەولاّتدا هەمووی لە بەستام کۆکردنەوە.

سوپای سەفەوییەکان بەسەرۆکایەتی فەرهادخان لە بەستامەوە بەرەو نیساپوور چوون و بەبێ هیچ بەرگریەك گێڕایانەوە بۆ خۆیان، لەدوای ئەوەش بەرەو مەشهەد بەرێکەوتن و

لەوێشــدا هــەواڵی کوشــتنی عەبــدولموئمین خــان کەبــەزۆرداری و خوێنرێــژیی ناوبــانگی دەرکردبوو بەدەستی هەندێك لەپیاوەکانی خۆی ئەوانەی کە تەماعی دەســەڵاتیان هــەبوو کــوژرا، گەیشــتە شــا و ئــەم هەواڵــەش هێنــدەی دیکــە وورەی ســەربازەکانی ســەفەویی بەرزکردەوە و لە١٩تەمووز١٥٩٩ز بەرەو مەشهەد رۆیشتن و داگیریان کردەوە.

گێڕانەوەی هەرات: شــا عــەباس بەســەرۆکایەتی ســوپاکەی بــەرەو هــەرات وەڕێکــەوت، ئەوکاتە هەرات لەژێر دەسەڵاتی دین محەمەد خــانی ئۆزبــەکی بــوو و، توانیــان پلانێکــی سەربازی سەرکەوتوو دابڕێــژن و بەمــەش فــەرمانی بەفــەرهادخان کــرد کــەوا هێزەکــانی ئۆزبەکی بباتە دەرەوەی شورەی شارەکە تاکو زیان بەشارەکە نەگات، چونکە ئــەم شــارەی زۆر خۆشدەویــست لەبەرئەوەی لەوێ لەدایك بوو هەر لەوێشدا نەشونمای کرد. فەرهاد خــان ئەم پلانەی بەتەواوی بەجێگەیانــد، ئــەوەبوو لەشــورەی شــارەکە نزیــك کەوتــەوە پاشــان پاشەکشــەی کــرد وەك ئــەوەی لەشکســت بترســێ، ئینجــا دیــن محەمــەد خــان بــەخۆی هێزەکانیەوە هاتنە دەرەوەو راویان نــاو کەوتنــە بۆســەکەوە. لەوێــدا شــەڕێکی ســەخت و یەکلاکــەرەوە لــەنێوان ئــەو دوو ســوپایەدا دروســت بــوو و لــەدوای دوو خــولی شــەڕ سەرکەوتنێکی بەرچاو بوو بەنەسیبی سوپای ســەفەوییەکان، لەپێکــدادانی یەکەمــدا شــا شکستی سەفەوییەکانی خــتە نەستۆی فەرهاد خان و بەســتی نوانــدن تاوانبــاری کــردو کوشتی، پاشان ریزەکانی سوپای یەکخســتەوەو هەڵمــەتی بــردە ســەر ســوپای ئۆزبــەك و هەمووی هاڕی و لەو شەڕەشدا سەرکردەی ئۆزبەك کوژراو شــا بەســەرکوتووی چــووە نــاو هەراتەوە.

بەم شێوەیە شا توانی زۆربەی شارەکانی خۆرسان بگێڕێتەوە و مەترسی ئۆزبەکەکانیش کە هەر لەسەردەمی شائیسماعلی یەکەمەوە بوونی هــەبوو نەهێشــت، ئینجــا بەمەبەســتی دەسبەســەرداگرتنی تــەواوی ناوچــەکە بــەرەو بەلــەخ پێشــڕەویکرد و لەســاڵی ١٦٠٢ز گەمارۆیدا، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لــەنێو ســەربازەکانیدا نــەیتوانی بچــێتە ناویــەوە، لەهــەمان کاتیشــدا دووچــاری پــەلاماری زۆر تونــدی رەوەنــدە ئۆزبەکــەکانی بیابانەکانی دەورووبەری شار بووەوە، پاشان بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەســبهێنێ و بەناچاری گەڕایەوە و گەمارۆیەکەی شکاند.

سازبوونی پێشێوی لەوڵاتی پشت رووبار: لەدوای مردنی عەبدولموئمین خان ململانێــی زۆر بەهێز بۆ دەسبەسـەردا گـرتنی تـەختی پاشـایەتی لـەوڵاتی پشـت رووبـار بـەرپابوون و شازادەکان کەوتنە کێبڕکێی پەنا بردنە بەر دەوڵەتی سەفەویی تا بۆ وەگیرخستنی تاجەکـە هاوکاریان بکات. لەوانەش لەساڵی ١٦١١ز کاتێـك وەلـی خـانی ئۆزبـەکی تەختەکـەی لەدەسدا پەنای بردە بەر شا عەباسی یەکەم دەسـەڵاتەکەی بـۆ بگێڕێتـەوە و رکابـەرەکانی لەناوببات، ئەویش یارمەتیدا، کاتێکیش سـەفەوییەکان سـەرقاڵی شـەڕی عوسمانییـەکان بوون ئەو بەپارەیەکی زۆر یارمەتیدان و یـەکێك لەسەرکردەکانیشـی نـارد تـاکو یـاوەری بکات و بیگەیەنێتە سنوری خۆراسان، لەوێشەوە دزەی پێبکەن بۆ ناو خاکی پشت رووبـار بۆ ئەوەی شوێنکەوتووانی رێکبخاتەوە و دەسـەڵاتەکەی بگێڕێتـەوە، بـەڵام لـەو شـەڕەدا کوژرا. دەوڵەتی ئۆزبەك لەرووخانی یەکجارەکی نزیـك بـووەوە، هـەروەها ئـەو ناوبانگـە بەرزەی لەسەردەمی محەمەد شەیبانی خان و عوبێدوڵلاخان هەیبوو هەمووی لەدەسدا.

سەرەڕای ئەوەی هێزەکانی ئۆزبەك پاشەکشەیان کرد و مەترسـیەکانیان رەویـەوە، کەچـی شا بۆ ئەوەی سنورای نێونیان مسۆگەربکات و بوار بۆ هیچ شـازادەیەکیان نـەمێنێ کـەوا سەرقاڵی ئەوان بەشەڕی عوسمانییەکانەوە بقۆزنەوە، رووی بەرەو خۆراسان وەرگێڕا، بۆ ئەم مەبەسـتەش ژمارەیـەکی زۆری لـەکوردە سـوننەکانی کوردسـتان بـۆ سـنوری خـۆراوای خۆراسان راگواست و کردنی بەبەربەستێك لەنێوان سەفەویی و ئۆزبەکەکان.

ململانێ لەگەڵ عوسمانییەکان:

قۆناغەکانی ململانێکان:

پەیوەندیـەکانی سـەفەویی و عوسمانییـەکان لەسـەدەی حەڤدەمینـەوە ئـاڵۆزیی زۆری بەخۆیەوە بینی، لەئێرانیش شا عەباسی یەکـەم سـەری هەڵـداو وەك سـەرکردەو پیـاوی خەمخۆری دەوڵەت بەدەرکەوت و هەموو ئەرکی گێڕانەوەی ئەو خـاك و شـارانەی دەوڵـەتی سەفەویی لەدەستی دابوون لەلای خۆراوا خستە سەرشانی خۆی.

لەراستیشدا پەیوەندی ئەم دوو دەوڵەتە لەسەردەمی ئەم شایەدا بەسێ قۆناغ تێپەڕی:

- قۆنــاغی یەکــەم لەفەرمانڕەوایــەتی شــا عەباســی یەکــەم لەســاڵی ١٦٠٢ز وە دەستپێدەکات کە تێیدا عوسمانییەکان پێشـڕەویان دەکـرد و سـەفەوییەکانیش خـەریکی پاشەکشەو خۆبەدەستەوەدان بوون.

- قۆناغی دووەمیش بریتی بوو لەململانێیە سەخت و دژوارەکـانی نێوانیـان و پڕیبـوو لەشەڕی ناوخۆیی سەفەوییەکان، هـەروەها مکـووڕی شـا لەگێڕانـەوەی ئـەو شـوێنانەی دەوڵەتی عوسمانیی دەستی بەسەرداگرتبوون و ئەم قۆناغە لەنێوان سـاڵی ١٦٠٢-١٦٢٣ز خایان.

- بەڵام قۆناغی سـێیەم پاشەکشـەی بەرچـاوی عوسمانییـەکان و پێشـڕەویی بەرچـاوی سـەفەوییەکانی بەخۆوەبینـی و لەو ماوەیـەدا سـەفەوییەکان توانیـان کـەوا بەشـێکی زۆر بەرفراوانی خاکی عیراق لەژێر دەستی عوسمانییەکان بهێننە دەرەوە، ئەم قۆناغەش ماوەی نێوان ساڵانی ١٦٢٣-١٦٢٩ز خایاند.

قۆناغی یەکەم: ڕێکەوتنامەی ئەستانبولی یەکەم

عوسمانییەکان پشێوی ناوخۆی ئێرانیان بەهەلزانی کەلەسەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم و شا محەمەد خودابەندە دروستبوو، هێرشـیان کـردە سـەر ئێـران و خـاکێکی بـەرفراوانیان داگیرکرد. فەرهاد خان توانی قەرەباغ داگیر بکات و بیخاتە پاڵ گەنجـەی ژێـر دەسـەڵاتی خۆیەوە، لەلای خۆشیەوە جەغفەرپاشـای حـاکمی تـەوریز دەسـەڵاتی بـەرەو ناوچـەکانی دەووروبەر شارەکە درێژکرد تا گەیشتە ناوچەی سـەراب، هـەروەها جغـاڵ ئـۆغلی تـوانی لەبەرەکانی عیراقدا پێشڕەویی بکـات و بگاتـە شـاری نەهاوەنـد و سـنوری لورسـتان و، لەنەهاوەندیشدا قەڵایەکی گەورەی دروسکرد.

کاتێـك شـا عەباسـی یەکـەم بـوو بەفـەرمانڕەوای دەوڵـەتی سـەفەویی خـۆی لـەنێوان دوژمنایەتی دوو دەوڵەتی سەرسەختدا دۆزیەوە ئەوانیش عوسمانییەکان بوون لـەخۆرهەڵات و ئۆزبەکی بوو لەخۆراوا، لەبەر ئەوەی نەیـدەتوانی لەیـەك کاتـدا شـەڕی هـەردوو لایـان بکـات، هەوڵیـدا بـەرەی خۆهـەڵات سـاردبکاتەوە تـابتوانێ بـەرووی ئۆزبەکەکانـدا بووەستێتەوە. چونکە بەلای ئەوانـەوە سەرسـەخترین دوژمـنی سـەفەوییەکانبوون، بۆیـە

گەڕایەوە بۆ قەزوین و لەوێشەوە هەوڵیدا ڕێکەوتنامەیەکی ئاشتەوایی لەگەڵ عوسمانییەکاندا مۆربکات.

عوسمانییەکان ڕێککەوتن ڕازی بوون و ماوەی شەش مانگ لەنێوانیاندا دانوستان بەردەوامبوو، تا لە ۲۲ئازاری ۱۵۹۰ز گەیشتنە ڕێکەوتنێك کە ئەم بەندانەی تێدابوو:

١- سەفەوییەکان دەسبەهەڵبگرن لەم شارانە و بیدەنەوە عوسمانییەکان: تەوریز و بەشی خۆراوای ئازەربێجان و ویلایەتەکانی ئەرمینیا —شەکی و شەماخی و شەروان و کەرەج و قەرەباغ و بەشێکی ناوچەی لورستان و قەلای نەهاوەند.

٢- سەفەوییەکان واز لەجنێودانی سێ خەلیفە راشیدیەکە بهێنن کەئەوانیش ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان بوو و ئینجا عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش.

٣- میرزاحەیدەری برای شا عەباسی یەکەم وەك بارمتەیەك لەئەستانبوول بمێنێتەوە وەك بەڵگەیەکی نیازپاکی و نەشکاندنی پەیماننامەکە.

٤- هەردوولا پەیمان بدەن کەوا دیلەکانیان ئازاد بکەن.

٥- هەردوولا پەیمان بدەن کەوا هیچ هەلاتوویەك دالّدە نەدەن.

خوێندنەوەی بەندەکانی ڕێکەوتنامەکە دەمانگەیەنێتە ئەم تێبینیانە:

- عوسمانییەکان مەرجەکانی خۆیان بەسەر سەفەوییە بالّشکاوەکاندا سەپاند، وەك ئەوەی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو بەسەر دەوڵەتێکی ژێر کەوتوودا دەیسەپێنێ.

- جگە لەتەوریز سەرجەم ئەو شارانەی کە حەریریان بەرهەم دەهێنا کەوتنە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکانەوە، ئەمەش دەسکەوتێکی زۆر گرنگ بوو کەبەهۆیەوە توانیان زالبن بەسەر زۆربەی ئەو ڕێگا بازرگانییانەی خۆرەلات کە یا ئەوەتا بۆ ڕوسیا دەچوون یاخود بەرەو ولاتی عوسمانییەکان، یانیش بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بۆ ئەورووپا.

- لەپەیماننامەکەدا لایەنی مەزهەبیشی تێدابوو بۆ هەردوولا و باسی ئەوەی دەکرد کەنابێ سەفەوییەکان جوێن بەسێ خەلیفەکەو عائیشەی دیکی باوەڕداران بدەن و ئەمەش

بۆ رەزامەندی هەست و نەستی ئیسلامی بوو بەگشتی و بەهانەیەکیش بوو بۆ لەناوبردنی هۆکارێکی سەرەکی شەڕی نێوانیان.

- پەیماننامەکە سەردانەواندنێکی مەعنەوی ترسناکی بۆ سەفەوییەکان تێدابوو، ئەویش ئەوەبوو کەیەکێك لەئەندامانی خانەوادەی دەسەلاتدار دەبێ وەك بارمتەیەك لەلای عوسمانییەکاندا بمێنێتەوە بەمەبەستی لانەدانبوو لە دەقی پەیماننامەکەو هەروەها هەوڵنەدەن بۆ لەباربردنیشی، ئەم پەیماننامەیە واقیعێکی زۆر تاڵی بۆ شا عەباسی یەکەم لەدوارۆژدا لێدەکەوێتەوە، ئاشکرایە کە میزراحەیدەر یەکێك لەئەندامانی ئەو وەفدەی کەچووبووە ئەستانبوڵ بۆ جێبەجێکردنی کاروباری پەیماننامەکە.

- دوو بەندەکەی کۆتایی باسی پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوانیانی دەکرد و کەبەهۆیەوە بتوانن دەرگای گفتووگۆی نێوانیان بکەنەوەو تابێتە سەرتایەك بۆ پەیوەندیەکی هێمنیان، لەلایەکی دیکەوە سەفەوییەکان ژمارەیەك لەسەرکردەکانی عوسمانییان بەدیل گرتبوو لە قەلای قەهقە لەقەرەباغ بەندیان کردبوون کەلەنێویاندا موراد پاشا هەبوو، پاشا هەمووی ئازادکردن. لەبەرانبەریشدا عوسمانییەکان هەموو دیلەکانی لای خۆیان ئازادکرد کەلەوانە شاروخ سوڵتان میهردار و مەهدی قوولی خان شاملوو و هیدیکەش هەبوون.

هەرچەندە عوسمانییەکان دەیانتوانی کەوا بەشێکی زیاتری خاکی ئێران داگیربکەن بەلاّم وادیاربوو بەم ئاشتەواییە قایل بوون، چونکە بەم پەیماننامەیە دوو ئامانجی ستراتیژیان پێکا: یەکەم: پەیوەندی بەدڵنیایی بەرەی خۆرەلاّت هەیە کەبەهۆیەوە دەتوانن بەتەواوی خۆیان بە کێشەکانی ئەورووپاوە خەریك بکەن.

دووەم: ئەو پەلامارانەی رادەگرت کە دوژمانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانیی بەیارمەتی سەفەوییەکان دەیانکردە سەر عوسمانییەکان و مەزەبی سوننی و دژی خەلیفەکانی راشیدین و عائیشەی دایکی باوەڕداران.

لەدوای مۆرکردنی ئەم ئاشتەواییە هێمنی باڵی بەسەر سنوری نێوان سەفەویی و عوسمانییەکاندا کێشا و بەمەش قۆناغێکی شەڕی نێوانیان کەماوەی نێوان سالاّنی ١٥٧٧-١٥٩٠ز خایاند.

لەلای خۆشیەوە شا عەباسی یەکەم زۆر دڵی بەم پەیاننامەیـە خۆشـبوو چـونکە دەسـتی والآبوو بەبەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانی بەرەی خۆراسـان لەلایەك و لەلایەکی دیکەشـەوە نەبوونی ئەو توانایەی کە پێویستی بـوو بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی سـوپای عوسمانییـەکان و دەرکردنیان لەو شوێنانەی دەستیان بەسەردا گرتبوون. کاتێکیش خان ئەحمەد خـانی لێـی هەڵگەڕایەوە و پاشان پـەنای بـردە بـەر دەوڵـەتی عوسمـانیی و لەوێشـدا زۆر بەگـەرمی پێشوازیی لێکرا هیچ لاریەکی نەنواند بەرانبەر ئەو هەڵوێسـتە هەرچـەندە دژی بەنـدێکی سەرەکی پەیاننامەکەی نێوانیان بوو، هەروەها لەبەرانبەر هەڵاتنی شاوێردی خان و چوونە پاڵ عوسمانییەکانیش هەمان هەڵوێستی نواند، جگە لەمانە هەر بۆنەیـەك هەبوایـە ئـەوا هەوڵی دەدا بەهۆیەوە زیاتر لێیان نزیك بێتەوە و وای نیشاندەدا کـە وەك ئـەوان دوژمـنی ئەورووپیەکانە، لەهـەمان کاتیشـدا لەهـەوڵی ئـەوەدابوو کـەوا لەگـەڵ ئەورووپیەکانـدا گفتوگۆبکات بۆ هاریکاری لەدژی دەوڵەتی عوسمانیی. کە سولتان مورادی سێیەم کۆچـی دوایی کـردو محەمـەدی سـێیەمی کـوڕی شـوێنی گرتـەوە وەفـدێکی سـێ سـەد کەسـی بەسەرکردایەتی زولفیقارخان قەرمانلووی حاکمی ئازەربێجان ناردە ئەستانبووڵ بۆ پرسـە و سـەرەخۆشی، کاتێکیش گەیشتنە ئەوێ سولتان سـەرقاڵی شـەڕی ئەورووپیـەکان بـوو و ئەندامانی نێردراوەکەش تا گەڕانەوەی سولتان هەر لەئەستانبووڵدا مانـەوە و چاوەڕێیان کرد و پاشان سەرەخۆشیان ئاراستە کرد و پیرۆزبایی گرتنەدەستی دەسـەڵاتیشیان لێکرد.

قۆناغی دووەم: ململانێ لەگەڵ ئەرمینیا

دوای ئەوەی لەمەترسی ئۆزبەکەکان رزگاربوو، شا عـەباس یەکـەم رووی بـەرەو دەوڵـەتی عوسمانیی وەرگێڕا بۆ ئەمەش پلانێکی داڕشت تا بەهۆیەوە بتوانێ رووبەرووییان ببێتەوە، و بۆ ئەوەش سەرکەوتنەکەی مسۆگەربکات چەند هـەنگاوێکی هـەڵێنا بـۆ بـەهێزکردنی هەڵوێستی لەوانە:

- لەبەر نزیکی لـە ناوچـەکانی رووبەرووبوونـەوەی سـەربازی پایتـەختی لەقەزوینـەوە گواستەوە بۆ ئەسفەهان چونکە ئەوەیان دووربوو لەمەیدانی رووبەرووبوونەوەکان.

- هەوڵێکی زۆری خسـتە گـەڕ بـۆ سـازکردنەوە و رێکخسـتنەوەی ریزەکـانی سـوپا و راهێنان و چەکدارکردنیان بەچـەکی ئـاگریی پێشـکەوتوو بـۆ ئامـادەبوون بـۆ رووبـەروو

بوونەوە چاوەڕوانکراوەکە، تائەو ئاستەی کە سوپای سەفەوییەکان لەرووی توانای سەربازیی و چەکەوە گەیشتە ئاستی هی عوسمانییەکان و لەلایەن رەخنە لەخۆگرتنەوە بەپێش عوسمانییەکان کەوتن، چونکە عوسمانییەکان بەهیچ شێوەیەك هەوڵیان نەدەدا سوود لەتواناو شارەزایی بیانی وەربگرن، بەلاّم ئەوان سوودی زۆریان لەو ئەفسەرە بەریتانیانە وەرگرت کەلەولاّتەکەی ئەواندا بوون لەوانە ئەنتۆنی چیرلی لەبواری تازەکردنەوەی توانا سەربازیەکانی سەفەویی لەرووی راهێنانی سەربازەکان و چەکدارکردنی بەتفەنگ و تۆپەوە.

- هەندێك یاسای راگەیاند و پەیوەندیان بە بزووتنەوەی بازرگانی هەبوو بونە هۆی دڵنیاییان لەمەترسیەکانی پێشکەوتنی بازرگانیی کەلەسەردەمی ئەودا بوونی هەبوو.

پاشەکشەی هێزەکانی عوسمانیی لەسەدەی حەڤدەی زایینی: دەوڵەتی عوسمانی و دەسەلاّتدارانی نێو حکومەتەکەی لەسەدەی حەڤدەهەمدا تووشی گەندەڵیەکی زۆر بەهێزبوونەوە. لەوکاتە چەند سوڵتانێك فەرمانڕەوایەتییان دەکرد کەهیچیان شیاوی پلەکانیان نەبوون و هەمیشە لەرێی وەزیرەکانەوە کاروبارەکانی دەوڵەتیان بەرێوە دەبرد و ئەوانیش زۆر جار لایەنی گەندەڵیان دەگرتە بەر و جاری واش هەبوو بەزەییان بەدەوڵەتدا دەهاتەوە کاتێك لەلەناوچوون نزیك دەبۆوە. بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی سەدەی شانزەهەم ئەم سەدەیە شێوەکی کەمتری گەشبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، کەچی لەم سەردەمەدا چەندین کەسایەتی ناودار پەیدابوون و هەوڵی زۆریاندا شکۆی دەوڵەتەکە بپارێزن بەلاّم بێسوودبوو.

ئەو نسکۆیانەی دوچاری عوسمانییەکان هاتن لەکۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم لەمەجەر و بەلکان و کەرەج و ئازەربێجان و بزووتنەوەی یاخیبووەکانی ئەنادۆڵ، بەتایبەتیش شۆڕشی سەرکردەکانی تەریقەتی جەلالیی کەزاڵبوون بەسەر چەند ناوچەیەکی خۆرەلاّتی ئازەربێجان و یارمەتیشیان لەعەباسی یەکەمەوە بۆ هات، هەموو ئەمانە بەڵگەی لاوازی دەوڵەتی عوسمانیی بوون و شەڕی لیبانتی دەریاییش بەلای خۆیەوە کەشێکی نوێی بۆ ئەورووپا رەخساند لەرووبەرووبوونەوەی عوسمانییەکان.

لەراستیشدا لاوازی دەوڵەتی عوسمانیی لەو ماوەیەدا بەئاشکرایی بەرچاوکەوت، کەئەویش دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێك هەندێکیان پەیوەندی بە خانەوادەی عوسمانییەوە هەبوو و بەتایبەتی لایەنی پەیوەنییەکانی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیی. ئەمەو رووداوەکانی سەدەی شانزەهەم ئەودیان سەلماند کە دەوڵەت بەبێ شەڕ بەردەوامیی نابێت و لەهەمان کاتیشدا دەبوایە خۆی لەگەڵ باری نوێ و پێشکەوتووی جیهان بگونجێنێ و ئامادەکاریش بکات بۆ پێداویستییەکانی ئاشتەوایی. بەلام سوڵتانەکانی ئەم سەردەمە پیاوی شیاوی ئەم رۆژگارە نەبوون، هەروەها ئەو نەریت و باوەڕە لاسایی کەرانەوەی کەلای عوسمانییەکان جێگیربوو گوایە ئەوروویپیەکان بەتەواوی بەکوفرەوە گرێدراون. ئەمەش هەموو کەموکورتی دەوڵەتی نیشاندەدا لەپەیوەندی کردن بەژیانی خۆراوا و پێشوازی کردن لەپێویستیەکانی سەردەمیی تویدا.

لەو سەردەمەدا لاوازی سوڵتانەکان بەرچاو دەکەوێ لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، چونکە ژمارەیەکیان دەرچووی بەندیخانەکان بوون و ژیانی ئەوێشیان زۆر بەخراپی رەنگی دابۆوە سەر هەڵسوکەوتیان، هەندێك لەوانە زۆر نەزان و زەلامکوژبوو، هەشیان بوو خەریکی مەی خواردنەوە و گەندەڵی و دەسبەسەرداگرتنی داهاتی دەوڵەت بوو و بەرتیلیان وەردەگرت و پلەو پایەیان دەفرۆشت، زۆر جاریش کچۆڵەی بچووك دەگەیشتنە تەختی حوکومڕانی.

بۆ یەکەمجاریش تیپە ئینکیشاریەکان هاتنە ناو بازنەی حوکومڕانی و دەستیان لەکاروبارەکان وەردەداو سوڵتانیان لادەدا و جاری واش هەبوو دەیانکوشتن، دەزگاکانی سەرووش تووشی گەندەڵی هاتن و خەڵکانێك پلەی بەرزی ئیدارییان وەردەگرت کە هەرگیز شیاویان نەبوو، ئینجا سوڵتانەکان دیوانیان پشتگوێخست، کار گەیشتە ئەوەی لەدادگاکاندا هیچ شتێك بەبێ بەرتیل بەڕێوە نەدەچوو.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەستێرەی پیاوانی سیاسی و سەرکردەکانی دیکە لەسەر حسابی سوڵتانەکان گەشدەبوو. لەوکاتەدا دەوڵەت لەبواری زەوی و زار و باجدا پەنای بردە بەر سیستەمێکی نەزۆك و بێ سوودی کۆن کەبە سیستەمی پەیڕەویی ناسرابوو، ئینجا خوێندن و فێرکاری پشتگوێخرا، دەزگا ئایینیەکان بەرەودوا گەڕانەوە، بەهۆی پەلاماری

ڕەوەندەکان بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان ژمارەی دانیشتوانیش کەم و زۆری تێکەوت و دروستبوونی ناوەوەی وڵاتیش دووربوو لەکۆمەڵگا و هیچ شێوازێکی باشیش پەیڕەو نەدەکرا لەبەڕێوەبردنی دەسەڵات، هیچ جۆرە ژیانێکیش نەما کە ڕووبەڕووی دوژمنان ببێتەوە چ لەخۆرهەڵات بێ یا لەلای خۆراوا.

بەڵام لەبواری پەیوەندییەکانی دەرەوە، چەندین کۆسپ و تەگەرە کەوتنە سەر ڕێی عوسمانییەکان کەبووە هۆی دواکەوتنیان، لەهەمووشیان گرنگتر:

- نەیانتوانی ڤییەنا داگیربکەن و بەردەوام بن لەپێشڕەویی بەرە و ئەورووپا، چونکە لەوێدا سوپای نەمساو ئیمپراتۆری پیرۆزی عوسمانیی ڕێگایان پێگرتن.

- گەشەکردنی بواری بازرگانی ئەورووپی شانبەشانی بەرەوپێشچونی چەك و نەرمی نواندنی بواری سیاسی کەفەرمانڕەواکانی ئەورووپای پێناسرابوو.

- دەرکردنی کەشتی گەلی عوسمانییەکان لەزەریای هیندی سەرەڕای ئەوەی کەسەرکەوتنیی ناتەواویان لەڕێگرتنی گەشەسەندنی بازرگانی پورتوگالیەکان لە ئاوەکانی خۆرهەڵاتدا بەدەستهێنابوو.

- بێتوانایی لەبەشداریکردنی ئەو گەشەسەندنە بازرگانییە لەزەریاکاندا دەبینرا و چڕبوونەوەی چالاکیەکانیان تەنها لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست و ئەویش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگیی کەمتر دەبۆوە، چونکە توانرا ڕائس ڕەجا سالح بدۆزنەوە و بەمەش بەدەوری ئەفریقیا و بەهۆی کەشتی چارۆکەدارەوە بسووڕێنەوە و بچن بۆ هیندستان.

- چەندین بەربەست کەوتنە سەر ڕێی عوسمانییەکان کەنەیان دەتوانی لێی دەربازبن، هەرچەندە سوپا چەندین سەرکەوتنی بەدەسهێنا بەڵام هەر بێسوودبوو، چونکە سوپا نەیدەتوانی بچێتە قوڵایی خاکی ئێران، ئەویش لەبەر بوونی هێزی سەرەکی سەفەوییەکان و ئەو چیا و بەرزاییە سروشتیانە کەڕێگر بوون لەبەردەم پێشڕەویی عوسمانییەکان و هەرگیز سوپا نەیدەتوانی بەئاسانی پێیاندا تێبپەڕێ، ئەم هەڵوێستانەی عوسمانیەکان هەلی بۆ سەفەوییەکان ڕەخساند کەوا ڕێککەوتنامەی ساڵی ١٥٩٠ز هەڵوەشێننەوە.

گۆڕانی هەڵسوکەوتی شا عەباسی یەکەم لەبەرانبەر عوسمانییەکان: کشانەوەی هێزی عوسمانییەکان و گەشەسەندنی هێزی دەوڵەتی سەفەویی بوو بەهۆی ئەوەی شا عەباسی یەکەم هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵیاندا بگۆڕێ و بەمەش هەنگاوێکی سەرەتایی هەڵێنا بەرەو قۆناغێکی دیکەی جەنگی نێوانیان دەسپێبکاتەوە و کەبووە هۆی ئەوەی شا زۆربەی شارەکانی ئازەربێجان لەدەستی عوسمانییەکان دەربازبکات، لەدواییدا شا بەئاشکرایی هەستی خۆی بەرانبەر بە عوسمانییەکان دەردەخست.

لەساڵی ١٥٩١ز ئەحمەدخانی گەیلانی حاکمی گەیلان سەربەخۆیی خۆی لە دەوڵەتی سەفەویی راگەیاند و بەمەش شا زۆر نیگەران بوو بۆیە سوپایەکی رێکخست و بۆخۆشی سەرپەرشتی کرد و بەرەو تەمێکردنی ئەحمەد خان وەرێکەوت و گەیلانی داگیرکرد و فەرمانڕەواکەشی بەرەو دەوڵەتی عوسمانی هەڵات، لەوێش سولتان مورادی سێیەم پێشوازی لێکرد چونکە ئەویش چاوی بڕیبووە گەیلان چونکە ئەو شارە بەحەریر ناوبانگی دەرکردبوو، بۆیە نامەیەکی بۆ شا نارد و داوای لێکرد کەوا لەئەحمەدخان خۆشببێ، بەڵام شا چونکە ئاگاداری مەرامەکانی سولتان بوو و دەیزانی کەئەو نیازی چوونە ناو قووڵایی خاکی ئێرانی لەدڵدایەو ئەم داوایەی رەتکردەوە، ئەمش یەکەم بەرەنگاربوونەوەی بوو لەرووی عوسمانییەکان.

لەساڵی ١٥٩٥-١٥٩٦ز شا عەباسی یەکەم وەفدێکی بەسەرۆکایەتی زیلفیقار خان قۆمانلوو (وەك پێشتر باسکرا) پیرۆزبایی پێشکەش بە سولتان محەمەدی سێیەم کرد بەبۆنەی بوونی بەفەرمانڕەوای دەوڵەتی عوسمانیی و، لەهەمان کاتیشدا هەواڵی ئەو سەرکەوتنانەی کە لەبەرانبەر ئۆزبەکەکاندا پێڕاگەیاند کەلەخۆراسان بەدەستی هێنا، ئەمەش بووە بەرەنگاربوونەوەیەکی دیکەی دەوڵەتی عوسمانیی، بۆیە سولتانی عوسمانی بەم هەڵوێستانە نارازایی بوو و لەبەرانبەردا لەساڵی ١٥٩٧-١٥٩٨ز نێردراوێکی بەسەرۆکایەتی محەمەد ئاغا نارده لای شا عەباس و داوای لێکرد:

- چاو بەرێکەوتنامەی ساڵی ١٥٩٠ز د بخشێنێتەوە تاکو دەسکەوتی زیاتری بەدەسبێنێ.
- خۆراسان بۆ ئۆزبەکەکان بەجێبێڵێ.

- کوڕە گەورەکەی لەجیاتی میرزا حەیدەر بنێرێتە ئەستانبوڵ وەك بارمتە لەلایان بمێنێتەوە، چونکە حەیدەر لەساڵی ١٥٩٦ز کۆچی دوایی کرد.

کاتێك نێردراوەکەی عوسمانیی گەیشتە ئێران شا خەریکی ئەوەبوو هێرش بکاتە سەر مەشهەد تاکو لەژێر دەستی ئۆزبەکەکانی دەربهێنێتەوە، بەڵام شا پێشوازی لەنێردراوەکە کرد و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سازدا. شا نامەکەی عوسمانییەکانی بەهەڵوێستێکی خۆبەزلزانی لەلایەن ئەوانەوە لەقەڵەمدا و هەرگیز ناتوانرێ کەلەبەردەمیدا بێدەنگبێ، بەتایبەتیش باروگوزەرانی ئابووری و سەربازیی عوسمانییەکان رێگەی ئەوەی ناداتێ کەوا تا ئەم ئەندازەیە لوتبەرزبێ، بۆیە لەبەرانبەردا شا فەرمانیدا ریشی نێردراوەکە دەربهێنن و لەگەڵ نامەیەکی هەڕەشەئامێزیی تووندەوە بۆ سوڵتانی عوسمانیی بنێرن کەتێیدا نووسرابوو: (کوڕی من جێنشینی منەو پاشای دوارۆژەو لەتوانای منیشدا نییە کەوا پاشا بکەمە بارمتە لەلای هەر سوڵتانێك بێ‌»»). بۆ ئەوەی زیاتر دوژمنکاریی و بەرەنگاربوونەوەی خۆی بۆ سوڵتان نیشان بدا نێردراوێکی دیکەی نارده لایی و کلیلی بیست و چوار شاری کە لە ویلایەتەکانی خۆراسان و تورکستان و ئەفغانستان داگیرکردبوو بۆ نارد. لەراستیشدا نامەکانی شا رەنگدانەوەی باری دەوڵەتی عوسمانیی بوو لەلایەنی بەهێزی و لاوازی.

ئازادکردنی تەورێز: لەساڵی ١٦٠٢ز کێشەی نێوان عەلی پاشای حاکمی تەورێز و غازی بەگی کوردی حاکمی سەلماس لەئازەربێجان سەری هەڵداو، سوپای عوسمانیی کە ئەوکاتە لەتەورێز کۆببوونەوە هێرشیان کردە سەر شارەکەو تالانیان کردو غازی بەگ داوای یارمەتی لە شا عەباسی یەکەم کرد، ئەویش ئەو بێ پارێزگاریی تەورێزی بەهەڵزانی و بەهۆی فێڵێکەوە هێرشی کردە سەر، فێڵەکەش بریتی بوو لەوەی کەکۆمەڵێك سەربازی بەجلی دانیشتوانی شارەکەوە نارده ناو تەورێز و هەندێکی دیکەش بەجلی بازرگانانەوە نارده ناوی و پاشان لەناوەوەو دەرەوە لەیەك کاتدا پەلاماری سوپای عوسمانییەکانیاندا و توانیان لەماوەیەکی کەم و بەهەوڵێکی کەمی سەربازی و کەمترین زیان شارەکە داگیربکەن و سوپای عوسمانییەکانیش خۆیان بەدەستەوەدا. ئینجا شا بەبێ شەڕێکی ئەوتۆ کەشایانی باسبێ چووە ناو شارەکەوە و دانیشتوانەکەی زۆر بەگەرمیی پێشوازییان

لێکرد. بەمشێوەیە ئەو شارە کەنزیکەی بیست ساڵ لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانیەکاندا بوو ئازادیان کرد.

شا کەسێکی نارده لای سەرکردەی سوپای عوسمانیی تا پێی رابگەیەنێ چۆتە ناو شارەکەوە، بۆیە عەلی پاشا بەپەلە ئاشتەوایی لەگەڵ غازی بەگی کوردی سازکردو پاشان گەڕایەوە بۆ تەورێز بەو هیوایەی کەبتوانێ دەریان بکات. هەندێك لەشارەکانی وەك نەخجەوان و ئەیرەوان و ئەیرەڤان و رەیان هەڵسانەوە و سەربازەکانیان لەسوپای عەلی پاشا هێنایە دەرەوەو هێندەی دیکە سوپایەکەی لاوازبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبوو لەچوونی بۆ تەورێز و ماوەی نزیکەی شەش فەرسەخ مابوو بگاتە ئەوێ سەربازگەیەکی سازکرد تاکو ریزەکانی سوپا رێکبخاتەوە، بەڵام شا دەسپێشخەری کردو شکستی پێ هێناو بەدیلی گرت بەڵام نەیکوشت، کەچی ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی لەناوبرد.

لەدوای ئەوە شا بەرەو قەڵای شارەکە وەرێکەوت و دڵنیایی بەخشیە سەربازەکانی عوسمانیی و پاشان وێرانی کرد تاکو بەیەکجاری بوونی عوسمانیەکان لەئازەربێجان نەهێڵێ، ئەم رووداوەش لە٢٤تشرینی یەکەم١٦٠٣ز بەرپابوو.

ئازادکردنی شارە ئەرمینیەکان: لەدوای سەرکەوتنی لەئازادکردنی تەورێز شا خۆی ئامادەکرد بۆ ئازاد کردنی ئەو شارانەی ئازەربێجان کەلەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندابوونەوە، ئەوەبوو یەکەمجار بەشارەکانی نەخجەوان و ئەیرەوانی ئەرمینی دەستی پێکردو، زولفیقاری راسپارد کە ئەوکاتە کردی بەحاکمی تەورێز لەدوای ئازادکردنی پێشرەوی بکات بۆ نەخجەوان و گەمارۆدانی، بۆیە سەربازەکانی عوسمانیی بەهۆی لاوازی هەڵوێستییان داوای دڵنیاییان لەشا کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیان زۆر کەمبوو و توانای بەرەنگاربوونەوە و شەڕی سەفەوییەکانیان نەبوو کەژمارەیان زۆر لەوان زیاتر بوو زولفیقار دڵنیایکردن و بەبێ شەڕ چووە ناو شارەکەوە.

لەدوای ئەوە شا بەسەرکردیەتی سوپاکەیەوە بەرەو ئەیرەوان بەڕێکەوت و ئەو شارەش لەسێ قەڵا و دوانزەهەزار سەرباز پێکهاتبوو و بەسەرکردایەتی شەریف پاشابوو، شا دەستی کرد بەلێدانی سەنگەرەکانی شار و لەژێر شوورەی شارەکەدا لەنێوان هەردوولادا شەڕ بەرپابوو. لەکاتی ئەنجامدانیی ئەو پێکدادانە سوڵتان محەمەدی سێیەم کۆچی دوایی

کرد و ئەحمەدی یەکەمی کوڕی لەساڵی ١٦٠٣-١٦١٧ز بوو بەفەرمانڕەوای دەوڵەتی عوسمانیی، هەروەها بەهۆی سەرهەڵدانی پشێوی لەپایتەختی عوسمانییەکاندا گیانی شەڕکردن لەلای سەربازەکانی عوسمانیی لاوازبوو چونکە بێئومێد بوون لەوەی کەلەئەستەمبووڵەوە یارمەتیان پێ بگات، لەهەمان کاتیشدا شا ئەم هەڵوێستەی ئەوانی بەهەلزانی و هێزەکانی خۆی لەدەووری شارەکە توووند کردو لەپاشاندا لە٢٨ئایاری١٦٠٤ز توانی هەرسێ قەڵاکە برووخێنێ، لەم شەڕەشدا عوسمانییەکان چوار هەزار سەربازیان لێ کوژراو ئەوەی مایەوە هەمووی خۆی بەدەستەوەداو بەدیل گیران. شا زۆر ڕێزی لەسەرکردە عوسمانییەکان گرت و بەشێوازێکی زۆر شیاو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردن و هەم هەڵوێستەی شا بوو بەهۆی ئەوەی ئەم پیاوە بێتە ڕیزی شیعەمەزەبەکانەوە و داوای لەشا کرد کەوا ڕێگای پێبدات ژیانی داهاتووی لەمەشهەد بباتەسەرو ئەویش ڕەمەندی بۆ نواند.

کاتێك شا لەئازەربێجان بوو داوای لەوێردی خانی حاکمی فارس کرد کەوا بێتە لایی و بەیەکەوە ئەو شارانەی دیکەی ئازەربێجان بگێڕنەوە بۆ سەفەوییەکان، چونکە لەزۆرێك لەشارەکانی دەووروبەردا شەڕە سەرەکییەکان لەنێوان سەفەویی و هێزە وڵاتپارێزەکانی عوسمانیی لەئارادابوون.

کاردانەوەی عوسمانییەکان: کاردانەوەی عوسمانییەکان بەرانبەر بە هەڵمەتەکانی سەفەویی زۆر بەخێرایی وەدەرکەوت، چونکە سوڵتان ئەحمەدی یەکەم لەبەرانبەر شا عەباسی یەکەم کەوتە خۆسازدان کەنەهاوەند و تەورێز و چەند شارێکی دیکەی ئازەربێجانی گیرابۆوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆیە سوپایەکی چڕ و پڕی ساز و تەیار کرد و سینان پاشای سەدری ئەعزەم کەبە جیغال ئۆغلی ناوبانگی دەرکردبوو کردە سەرکردەی سوپاکەو بەرەو ئازەربێجان ناردی بەمەبەستی ئەوەی ئەو شوێنانەی سەفەوییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو هەمووی بگێڕێتەوەو پاشان بەرەو قووڵایی خاکی ئێران هەڵمەت ببات و دەوڵەتی سەفەویی لەناوبەرێت. سوپای عوسمانیی بەرە و ناوچە سنوورییەکان بەرێکەوت و کاتێك گەیشتە شاری قارس بۆ ئەوەی ریزەکانی سوپا ڕێکبخاتەوە و دارشتنی پلانێك بۆ دەسبەسەرداگرتنی شارەکان ماوەیەك وەستان.

هەواڵی پێشڕەوی سوپای عوسمانیی لەرێگای سـیخوڕەکانی تایبـەت بەشـا لەپایتـەختی عوسمانییەکانەوە پێی دەگەیشت، بەگوێرەی هەواڵەکان عوسمانییەکان بەرە و نەخجـەوان و ئەیرەوان لە ئەرمینیا بەڕێکەوتووە، لێرەدا شا کەوتە نێـو هەڵوێـستێکی زۆر ناخۆشـەوە چونکە زۆربەی سـەربازانی سوپاکەی لەپشوودابوون و هەرگیز لەتوانای ئەو ژمارە کەمـەدا نەبوو کەوا رووبەرووی ئەو سوپا لەبن نەهاتووەی عوسمانیی ببێتەوە، بۆیە بەچـاکی زانـی کەوا بەرەو تەورێز پاشەکشـەبکات تـاکو بتـوانێ لەوێـدا خـۆی قـاییم بکـات لەلایـەك، لەلایەکی دیکەوە جیغال ئۆغلی دانەخۆرە بکات تابێتە ناو خـاکی ئێـران و لەبنکـەکانی سـەربازیی خۆی لەناوچە سنووریەکان دووریبخاتەوە و لەوێشـدا زۆر بـەگرانیی یارمەتییـە سـەربازییەکانی دەگـاتێ و ئینجـا هەڵوێـستی لاواز دەبـێ و بەدڵێنیاییـەوە هێرشـی بـۆ دەکات، جگە لەمانەش چەند هەنگاوێکی ئەوتۆی هەڵهێنا کە دەبوونە هۆی بـەهێزبوونی هەڵوێستی خۆی و ئاستەنگ لەبەردەم سوپای عوسمانیی، لەوانە:

- دەست کرد بە سووتاندنی هەموو ئەو کشتوکاڵەی کەلەسـەر رێگای سوپاکەیدا بوون و هەروەها بیرەئاوەکیشیی رووخاند و، کە ئەمانەش دەبنە هۆی سنووردارکردنی تواناکـانی و هەروەها بەهۆی برسێتی و تینوێیەتییەوە سوپاکەی کوشتاری زۆریان تێدەکەوێت.

- هەموو دانیشتوانی سەر ئـەو رێگایـەی راگواسـت و بردنییـە قـوولایی ئێـران تـاکو لەمەترسی قڕکردن دووریانبخاتەوە، ئەوکاتە چ لەبەر مەترسیی عوسمانییەکان و چ لەترس برسێتی و کەم ئاوی نزیکەی بیست هەزار کەس لەو ناوچانە شوێنی خۆیان بەجێهێشت کە لەناویشیاندا ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنیەکان هەبوون.

- قەڵایەك نوێی لەجێی قەڵا رووخاوەکەی تەورێز دروستکرد و بەخەندەقـەێکی قـوول و دەووری گرت و هێندە خـۆراك و چـەك و تەقەمـەنی و پێداویسـتییەکانی دیکـەی لـەناو قەڵاکەدان کەبەشی سێ ساڵی دەکردن، ئەویش لەبەر ئەوەبوو کەوا توانـای بـەرگریکاریی مەدەنییەکان بەهێزبکات.

سوپای عوسمـانیی سـەرەرای سـاردی و بـەفر بـارین و ئـەو هەنگاوانـەی سـەفەوییەکان جێبەجێیان کردبوو لەسەر رێگاکاندا لەقارسەوە بەرەو نەخجەوان و ئـەیرەوان بەرێکـەوت، بەڵام نەیتوانی بۆ قولاییـەکی زۆری خـاکی ئێرانـی لەشکرکێشـیی بکـات و بەناچـاری و

لەدوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی لەدەستدا و لەژێر پاڵەپەستۆی سروشتێکی سەخت گەڕایەوە بۆ وان.

بەمشێوەیە پلانەکەی شا سەریگرت و جیغال ئۆغلی ناچاربوو بەخۆیدا بچێتەوە، ئەوەبوو بەر لەوەی بتوانێ سوپاکەی ڕێکبخاتەوە و بەر لەوەی لەپایتەختەوە یارمەتی بگاتێ شا هێرشی بۆ کرد و، فەرمانی بەوێردی خان کرد کەوا بەپەلە بەرەو وان بچێ و هێرشێکی لەناکاوی بکاتە سەر. کاتێك گەیشتن و دەوری شارەکەیاندا وەك شتێکی لەناکاو بوو بۆ سوپای عوسمانیی و هیچ حسابێکی پێشینەیان بۆ ئەم هەڵوێستە نەکردبوو، بۆیە سوپای عوسمانییەکان هەڵوێستی بەرگرییان وەرگرت و لەبەر نائامادەیی سەربازییەکانیان نەیانتوانی ڕووبەڕوویان ببنەوە، لەدواییدا داوای یارمەتی لەپایتەخت کرد. سوپای عوسمانی هەواڵی ئەوەیان پێگەیشت کە لەئەستانبوولەوە یارمەتی بەڕێوەیە بۆیە شا فەرمانیدا کەوا هێزێك بەرەو پیریی بڕوات و ڕێی لێبگرێ، ئینج توانیان ئەو یارمەتییە لەناوبەرن و بەمەش جیغال ئۆغلی دووچاری فشارێکی سەربازیی زۆر توند بووەوە و هەستی بەوەکرد کەوا بەتەواوی دەووری دراوەو لەهەموو دەوروبەریش دابڕاوە، هیچ هیوایەکی سەرکەوتنی نەما و لەبەرئەوەش کە ژمارەیەکی زۆری لەسەربازەکانی کوژرابوون ئیدی توانای شەڕکردنی نەما، بۆیە ناچار بوو خۆی و زۆرێك لەسەرکردە سەربازیەکان و ئەرکانەکانی سوپاو ڕاوێژکاردکانی بەرێگای دەریاچەی وانەوە بەرەو خاکی عوسمانیی بڕۆن، لەپاشان دەستی کردەوە بەکۆکردنەوەی هێزە سەربازییەکان لەدەووری خۆی و جارێکی دیکە سوپاکەی ڕێکخستەوەو بۆ ئەوەی خۆی ئامادەبکات بۆ شەڕێکی دیکەی سەفەوییەکان، کاتێکیش ژمارەی سەربازەکان تەواوبوو و ژمارەیەکی لەسەرەك هۆزەکانی ناوچەکەشی هاتە پاڵ و بوو بەخاوەنی نزیکەی سەد هەزار سەرباز بەرەو ئازەربێجان و عەسکەری نزیك شاری سەڵماس هێرشی کرد.

ئەوکاتە شا عەباسی یەکەم لەشاری خووی بوو، شارەکەی بەجێهێشت و بەسەرکردایەتی سوپایەکی شەست و دوو هەزار سەربازیی بەرەو مەرەند بەرێکەوت تا لەهێزەکانی عوسمانیی نزیك بکەوێتەوە و پاشان سیخورەکانی خۆی نارد تاکو چاو بەهەڵوێستەکانی شەڕدا بخشێنن و هەواڵی عوسمانییەکانی بۆ بهێنن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر لەگەورەیی

و قەبەیی سوپای عوسمانییەکان ترساو بڕوای وابوو کەناتوانێ ڕووبەڕووی ببێتەوە، وای بەچاکزانی کەوا بەرەو تەوریز بگەڕێتەوەو هەرچی شتێکیش لەو نێوانەدا پێویست بێ بۆ ژیان هەمووی سووتاند، تا ئەگەر هێزەکانی عوسمانیی گەیشتنە تەوریز ماندوو و برسی بن و توانای شەڕیان نەمێنێ و بەمەش بەئاسانی دەتوانێ بەسەریاندا زاڵبێ، بەلاّم سەرکردەکان ئەم بیرۆکەی پاشەکشەیان ڕەتکردەوە تاکو بوار بۆ عوسمانییەکان نەرەخسێنن هێرشیان بێنێتەسەر، جگە لەمەش ئەو رایەی وێردی خانیشیان ڕەتکردەوە کە باسی دەسگرتن بەهەڵوێستی بەرگریی دەکرد.

لەبەردەم ئەو هەموو جەختکردنەوەیەی سەرکردەکان، شا عەباسی یەکەم فەرمانیدا هێزەکانی کە دەسپێشخەری بکەن لەپەلاماردان و هێرشکردن، و لەلای سەفەوییەکانەوە وێردی خان سەرکردایەتی سوپای سەفەوییەکانی دەکرد. ئەوەبوو لەرۆژی ٢٤تشرینی دووەم ١٦٠٥ز لەنێوان هەردوو هێزەکەدا شەڕ دەستی پێکرد و ئەوەندەش لەیەك نزیك بوونەوە کەبەشمشێر شەڕیان دەکرد و هەردوولاش ژمارەیەکی زۆری سەربازیان لێکوژرا و، ئەمەو بەئاشکرایی سەرکەوتنی سەفەوییەکان وەدەرکەوت. لەبەرانبەریشدا جیغال ئۆغلی لەناو شکستی و دۆڕاندنەوە گەڕایەوە بۆ دیاربەکر، بەلاّم لەبەر سەختی خەمەکەی دوای دوو رۆژ گیانی لەدەسدا، یاخود لەوانەیە لەترسی سوڵتان و بەهۆی ئەو هەموو شکستە یەك لەدوای یەکانەی خۆی کوشتبێ.

نزیك بوونەوەی سەفەویی-عوسمانیی: ڕێکەوتنامەی دووەمی ئەستانبووڵ:

شا عەباسی یەکەم ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی کە لەبەرانبەر سوپای عوسمانییەکان بەسەرۆکیایەتی جیغال ئۆغلی بەهەلزانی و توانی لەحوزەیرانی١٦٠٦ز شاری گەنجە و تەفلیس بگێڕێتەوە بۆ ژێر دەسەلاّتی خۆی. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی سەرکەوتنەکانی سەفەویی و لەدەسدانی شار و قەلاّکانی ئازەربێجان داگیرکردنیان لەلایەن سەفەوییەکانەوە، سەدری ئەعزەم دەروێش پاشا وای پێشنیار کرد کەوا لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانیدایە گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ سەفەوییەکاندا بکەن و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵیاندا سەربخەن و چاوەڕێی هەلێکی دیکە بکەن تاکو درێژە بەشەڕی سەفەوییەکان بدەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەکی بۆ شا ناردو تیایدا پێشنیاری ئەوەی

کرد باشترین کار بۆ ئەم قۆناغە راگرتنی شەڕە لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتە بەهۆی ماندووبوون و پێویستی حەوانەوەی سەربازەکان لەو هەموو شەڕە یەك لەدوای یەکە و هەروەها کەمیی بەروبوومەکانیش لایەنێکی دیکەی گرفتەکان بوون. شا ئەم پێشنیارەی زۆر پێ پەسەندبوو، بۆیە غازی خانی وەك نێردراوی خۆی نارده ئەستانبوڵ و لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵێك دیاری و نامەیەکی پێبوو بۆ سوڵتان، کەلەنامەکەدا شا پێشنیاری کردبوو ئاشتەوایی لەگەڵ عوسمانییەکاندا بەهەمان مەرجەکانی پەیماننامەی ساڵی ١٥٥٥ز بکەن کەلە نێوان شا تەهماسبی یەکەم و سوڵتان سەلیمی قانوونی مۆرکرابوو.

شا عەباسی یەکەم چاوەڕێی وەڵامی سوڵتانی عوسمانیی نەکرد، یەکسەر لەدوای ناردنی نامەکە هەوڵیدا ئەو شارانەی ئازەربێجان کەتاکو ئێستا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا مابوونەوە ئازادبکات، پاشان توانی بادکۆیە و دەربەند دوای ئەوەی دانیشتوانەکەی لایەنگریی خۆیان بۆ راگەیاند و پشتیان لە عوسمانییەکان کرد دەستی بەسەرداگرتن، بەهەمان شێوەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دانیشتوانی قەڵای دەرگای دەرگاکاندا کرد کەبەعاسیی و قەیمی سەرنگەرەکانی ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام هەندێك لەقەڵاکان خۆیان بەدەستەوە نەدا وەك قەڵای شەماخی پایتەخت لەهەرێمی شەروان، بۆیە شا ناچاربوو ئەمانە داگیربکات. جگە لەوەش شا دەسیکرد بەتەمێکردنی ئەو هۆزانەی کەهاوسۆز یاخود یارمەتیدەری عوسمایەکان بوون بەتایبەتیش کوردە سوننیەکان و چەندین جار هێرشی کردنە سەر و پەنابردنی ئەو هەزاران راپەڕیوەی جەلالیەکانیشی بەهەلزانی و هەمووی لەناوچە کورد نشینەکاندا نیشتەجێکرد تاکو بەرەنگاری هەر بزووتنەوەیەکی دژ بەدەوڵەتی سەفەویی بنەوە و لەهەمانکاتیشدا دەست بوەشێنن لەبزووتنەوە کوردیەکانی بەرهەڵستکاری وەك قوباد خانی موکری فەرمانداری قەڵای گاودۆڵی و ئەمیرخانی سەرکردەی هۆزی برادۆست.

بەم سەرکەوتنانەش شا بوو بەخاوەنی تەواوی ناوچەی ئازەربێجان و هەمووی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، هیچ شازادەیەکیش نەیدەتوانی بەئاشکرایی دژایەتی خۆی بۆ خانەوادەی سەفەویی دەربڕێ.

موراد پاشای سەدری ئەعزەم کە جێی دەروێـش پاشـای گرتـەوە دەرکـی بـەوەکرد کـەوا تـەرازووی هێـز بەشـێوەیەکی بەرچـاو بـەلای سـەفەوییەکاندا لاربۆتـەوە و بەرژەوەنـدی عوسمانییەکان لەوەدایە هەوڵبدەن ڕێککەوتنی ئاشتیی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانیدا سازبکەن، ئینجا لەدوای ئەوەی هەوڵەکانی سـەدری ئـەعزەم سـەریان گـرت، نێردراوێکی بۆ لای شا عەباسی یەکەم نارد و بەشێوازێك کەزیاتر لەتکاکاریەوە نزیك بـوو داوای لێکرد دووبارە دەسبکەنەوە بەنامەگۆڕینەوە لەگـەڵ سـوڵتان ئەحمـەدی یەکـەم بـۆ ئەوەی ئاشتی لەنێوانیاندا جێگیرببێتەوە و پشت بکەنە شەڕ.

بەڵام وادیاربوو کـەوا مـەرامی عوسمانییـەکان بـۆ سـازکردنی ڕێککـەوتنێکی ئاشـتیی راسـتگۆیانە نەبوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەبوو: مـوردا پاشـا سـوپایەکی بەسـەرکردایەتی ئەکرەمی سەرکردەی سـوپای خۆرەڵات ناردە ئێران بەبیانووی ئەوەی هاتوون بۆ دانوستانی ئاشتی، ئەم کارەش شای زۆر نیگەران کرد چونکە سوپاکە سەربازێکی زۆری لـەخۆگرتبوو و ئینجا لەنیازپاکی عوسمانییەکان دوودڵبوو، لەبەر ئەوەی متمانەیەش لەنێوانیاندا نـەما شا فەرمانایدا سوپایەك سازبکرێ تاکو ئامادەبێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسـیەکی عوسمانیی.

هەواڵی ئامادەسازیی سـەفەوییـەکان گەیشتە گوێی وەزیری عوسمانیی و ئەویش نامەیەکی بۆ شا ناردو تیایدا نیازپاکی و ئامادەیی ئاشتبوونەوە و ڕەزامەندی سوڵتانی عوسمانی بـۆ نارد کەجارێکی دیکە پەیماننامەی ساڵی ١٥٥٥ز نێوانیان دووبارە بکەنەوە.

لەراستیدا ئەوکاتـە سـوڵتان ئەحمـەدی یەکـەم بـەبارو گـوزەرانێکی سـەختی ئابووریـدا تێدەپەڕی و واشی دەبینی کەوا هیچ سەرکەوتنێك وەدینـاهێنێ ئەگـەر شانبەشـانی ئـەو تەنگژە داراییەی کەهەموو دەوڵەتی عوسمانیی گرتۆتەوە بـەردەوامی بەشـەڕەکان بـدات. لەهـەمان کاتیشـدا لـەنێوان دایکـی و پـووری شـا نامەگۆڕینــەوە ئەنجامـدرا و هـەموو لایەکیش گەیشتنە ئەو رایەی کەوا هیچ سوودێك لەشەڕدا نییە و دەبێ هەموو پەلەبکـەن بۆ ئاشتەوایی.

شا عەباسی یەکەم نێردراوەکەی خۆی کە قاسم بەگی سەرکردەی سوپای مازەندەران بوو ناردە ئەستانبووڵ و لە ۲۰تشرینی دووەم۱٦۱۲ز پەیماننامەیەکی ئاشتەوایان مۆرکرد کەلەم بەندانە پێکهاتبوو:

۱- دەوڵەتی عوسمانیی دەبێ دان بەو سنورەدا بنێ کەسەردەمی سولتان سولەیمانی قانوونی هەیبوو و بەڵێنیش بدات دەسدرێژی نەکاتە سەر ئەو زەویانەی لەدوای ئەو ماوەیە و لەسەردەمی سولتان مورادی سێیەم و محەمەدی سێیەم دەستی بەسەرداگرتبوو. لەبەرانبەریشدا شا عەباسی یەکەم بەڵێنبدا کەوا هێزەکانی خۆی لەو شوێنانەی کە دەکەونە نێوان ولاتی نێوان دوو رووبار بکێشێتەوە و هەمووشی بگێرێتەوە بۆ عوسمانییەکان.

۲-شا عەباسی یەکەم بەڵێن دەدا کەوا ساڵانە دووسەد باری حەریر و سەد باری دیکەی کالای هەمەجۆر بنێرێ بۆ سوڵتانی عوسمانیی.

۳-هەر لایەکیش نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی سنورەکانیان دەسنیشان بکەن.

٤-دەوڵەتی سەفەویی بەڵێن دەدات کەوا هیچ کارێکی دڵشکێنیی بیروباوەڕی (عقائد) ئەنجام نەدات، هەروەك چۆن لەسەردەمی تەهماسب شا ئەمە پەیڕەوی دەکرا.

٥-دەوڵەتی عوسمانیی بەڵێن دەدات کەوا رێگری لەگەشتیارانی سەفەویی نەکات کە بەنێو خاکی ئەواندا گوزەربکەن و رێگە بەحاجیەکانی ئێرانی بدرێ کەوا بەئارەزووی خۆیان بەرێگای حەلەب — دیمەشق و بەغداد — بەسرەدا هاتووچۆی حەج بکەن.

٦-دەوڵەتی سەفەویی بەڵێن دەدات کەوا دالدە و پاسەوانی هەڵۆخانی حاکمی شارەزوور نەکا.

۷-هەردوولا بەڵێن دەدەن کەوا رێگری لەهاموشۆی سەرکردەکانی یەکتری نەکەن کاتێك لەسەر سنوورەکان بەمەبەستی دەسنیشانکردنیان بوونیان دەبێ.

بەدواداچوونێک بۆ پەیماننامەی ئاشتەوایی ساڵی ١٦١٢ز:

- شا عەباسی یەکەم بەو هێندە خاکەی کەجێگای ناکۆکی نێوانیان بوو لەگەڵ عوسمانییەکان قایلبوو، ئەویش کەوتبووە سەر ناوچە ستراتیژیەکانی سنووریی و دەوڵەمەند بەحەریر و بازاڕگا جۆربەجۆرەکان، دوای ئەوەی دەستی بەسەردا کرت یەکەمر داوای ئاشتی کرد چونکە دەیزانی لەمە زیاتری دەسناکەوێ و سنووری دەسەلاتی لەوەتێناپەڕێ و، هەروەها هەموو بەندەکانی ئەم ئاشتەواییە بەپێچەوانەی رێککەوتنامەکەی ساڵی ١٥٩٠ز و سەرەتای دەسەلاتداریتیەکەی لەبەرژەوەندی ئەودایە، چونکە بەهۆیەوە توانی بەشێوەیەکی فەرمی سنورەکانی جێگیر و دەسنیشان بکات و، لەلایەکی دیکەوە پەیماننامەی ئەماسیا دانی پێداناو لەهەوڵی ئەوەشدا بوون کەوا بەشێوەیەکی روونتر سنورەکان دەسنیشان بکەن.

- ئەم پەیماننامەیە کێشەیەکی ئابووری تێدا بوو کە لەرێککەتنامە کۆنەکەدا بوونی نەبوو، شا پەیمانیدا کەوا رێژەیەك حەریر بنێرێ بەبێ ئەوەی دەسنیشانی نرخەکەی بکات نەزانرا ئایا ئەمە وەك دیارییەکە یاخود وەك سەرانە، هەرلایەکیش بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی لێکیدایەوە، ئەوەبوو عوسمانیەکان لەلای خۆیانەوە پێیان وابوو سەرانەیەکە و دەبێ بەردەوام سەفەوییەکان بیدەن، بەلاّم سەفەوییەکان وایان لێکدایەوە تەنها بۆ یەك جار و وەك دیارییەك بۆیان دەنێرن. سەفەویەکان ئەم بۆچوونەی عوسمانیەکانیان رەتکردەوە چونکە خاوەن هێزبوون، و یەکێك لەمێژوونووسەکان هەردوو بەندی یەکەم و دووەمی بەیەکەوە گرێداو گوتی: سەفەوییەکان تەورێزیان دەسدەکەوێ بەرانبەر دوو سەد بار حەریرو سەد باری کالاّی جۆربەجۆری دیکە بدرێ بەعوسمانییەکان. ئەم لێکدانەوەیەش زیاتر لەراستیەوە نزیکە چونکە تەورێز مەڵبەندی بازرگانی حەریربوو، نەشدەکرا عوسمانییەکان وەها بەئاسانیی دەسبەرداریی بن و هیچ بەرانبەرێکی تایبەت و شیاو وەرنەگرن و، لەهەمان کاتیشدا زۆر پێویستیان بەحەریر هەبوو.

- پەیماننامەکە دووپاتی ئەوەی کردەوە کەشارەزوور کە لەنێوان هەولێر و هەمەدان بوو سەر بەدەوڵەتی عوسمانییەو شا بەڵێنیدا کەوا بەهیچ شێوەیەك پارێزگاری لە هەڵۆخانی

حاکمی ئەویّ نەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەبەر گرنگی ناوچەکە لەرووی سیاسی و ئابووریەوە دەوڵەتی عوسمانیی ویستی دەستی سەفەوییەکانی لەسەر لاببات.

- پەیماننامەکە رێگای بەحاجیەکانی ئێرانیدا کەوا رێگاکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی بەکاربهێنن بۆ حەجکردن، لەوانەش رێگای حەلەب-دیمەشف کەزۆر هێمن و پارێزراو بوو بەپێچەوانەی رێگای بەغداد-بەسرە بەهۆی زۆری هۆزەکانەوە زۆر جێگیرنەبوو. دەوڵەتی عوسمانی پەیمانیدا کەوا ژیانی ئەو حاجیانە بپارێزێ بەبێ گوێدانە ئەو سوودە مادییەی لەرێی باج و سەرانە لێیان دەکات.

رێکەوتنامەی سەراب:

لێژنەیەکی هاوبەش لەهەردوو دەوڵەت پێکهات و کۆبوونەوەیەکیان لەسەلماسی ئازەربێجان سازکرد بۆ دەسنیشانکردنی سنوری دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانیی و لەکارەکانیشیاندا سەرکەوتنیان بەدەسهێنا و توانیان سنوری ئازەربێجان و ئەرمینیا دەسنیشان بکەن و لەسەر ئەوەش رێککەوتن کەوا ولاّتی کەرەج لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن، بەلاّم ئەو کاردی کەلەلایەن تەمهورس خانی حاکمی کاخت کە لایەنگری عوسمانییەکان بوو و رێککەوتنەکەش بڕیاری لەسەر ئەوەدابوو ویلایەتەکانی بخرێنە سەر ئێران و بەمەش لەساڵی ١٦١٤ز یاخی بوونی خۆی راگەیاندو سەرکردەی سەفەوییەکانی تێدا دەرکرد.

لەبەرانبەر ئەو کارە شا بەپەلە کەوتەخۆی بەرەو ولاّتی کەرەج کەوتەرێ بۆ ئەوەی تەهمورس خان تەمبێ بکات و لەساڵی ١٦١٦ز سوپای سەفەویی لەرووباری رەس پەڕیەوە و لەشەڕێکی سەخت و دەستەویەخەدا رووبەرووی یەکبوونەوە و سەربازەکانی قزلباش قەسابخانەیەکی گشتیان بۆ دانیشتوانی شارەکە سازکرد و شا عەباسیش هەموو کلێساکانی لێکرنە مزگەوت و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەشی لێ راگواست و بردنی بۆ فەرەح ئاباد و ناوچەی شەرەف لەمازەندەران.

سوپای سەفەویی لەدوای ئەوەی بەمەبەستی لەناوبردنی یاخیبووەکان کاختی ملکەچ کرد، بەردەوام بوو لەسەر لەشکرکێشی بۆ ناو ولاّتی کەرج. هەروەها کۆبوونەوەی هێزەکان

لـەو شـوێنانەدا زیـاتر بـوونی هـەبوو کـەوا ڕێکەوتننامـەی دووەمـی ئەسـتانبوڵ بـۆ سەفەوییەکانی دەسنیشان کردبوو. ئەم کارە لەوکاتـەدا روویـدا کەهێشـتا دانوسـتان بـۆ دەسنیشان کردنی سنورەکان هەر لەئارادابوو، ئینجا عوسمانییەکان سەفەوییەکانیان بـەوە تۆمەتبارکرد بەمەبەستی لەباربردنی دانوسـتانەکە ئەم هێرشانە دەکـەن و بەمـەش گـرژی دروستبوو، لەو نێوەندەشدا هەوڵیانـدا دەسـەلاتی خۆیـان بەسـەر کاختـدا زاڵبکەنـەوە و ئامرازێك بدۆزنەوە بیانگەیەنێتە ئەو ناوچانەی حەریر بەرهـەم دەهێـنن، بـەلاّم شـا ئـەم هەلەشی بۆ رەخساندن و هەوڵیدا هەڵوێـستی خـۆی روونبکاتـەوە لـەو شـەڕەی لـەولاّتی کـەرەج روویـدا و بـۆ نیشـاندانی نیازپـاکی هـەموو ئـەو دیلـە تورکانـەی ئـازادکرد کەلەشەڕەکانی دژ بەعوسمانییەکان گرتبوونی.

وادیار بوو سەدری ئەعزەمی راوێژکار و ڕێنیشاندەری پاشا بەراوبۆچـوونەکانی شـا قایـل بوو دەرباری ئەم کێشەیە و لەبەرانبەردا چەند سـەرکردەیەکی توونـدرەوی عوسمانییـەکان پێی نیگەران و توڕەبوون و بەهاریکاری لەگەڵ سەفەوییەکان تۆمەتباریان کـرد و سـوڵتان ئەحمەدی یەکەمیشیان گەیاندە ئەو بڕوایـەی کەلـەناوی ببـات و لەسـێدارەیانداو لـەجێی ئەویش محەمەد پاشایان دانا و فـەرمانی پێکـرد لەکێشـەی کـەرەج بکۆڵێتـەوە، ئـەویش سـوپایەکی چڕی سـازکرد کەلەسـەد هـەزار سـەرباز پێکهـاتبوو و لـەئابی ١٦١٦ز بـەرەو ئازەربێجانی ئێرانی رۆیشت و گەیشتە شاری ئـەیرەوان و گەمارۆیـدا. ئـەم گەمارۆیـەش ماوەی پەنجا و چوار رۆژ درێژەی کێشا بـەلاّم لەبـەر هـاتنی وەرزی زسـتان و بـەفربارین و کەمبوونەوەی ئازووقە نەیتوانی لەگەمارۆیەکەیدا بەردەوامبێ و ناچار گەڕایـەوە بـۆ وان. ئەوکاتە شا لەنەخجەوان بوو کەماوەی سەدوپانزە کیلۆمـەتر لـەوێ دووربـوو و کـەوتبووە لای باشووری خۆرەلاّتیەوە و چاودێری هەڵوێستەکەی دەکرد.

لەبەر ئەم ژێرکەوتنەی سوڵتان سەدری ئەعزەم فەرمانیـدا کـەوا محەمـەد پاشـا لابـدرێ و لەجێگای ئەودا خەلیل پاشا دابندرێ. ئەمەشیان سـوپایەکی سـازکرد بـۆ ئـەوەی درێـژە بەشەڕەکە بدات، لەپێناوی ئەوەی بەتەواوی سـوپایەکەی بـۆ شـەڕ ئامادەبکـات سـوڵتان نامەی بۆ شا نارد و تیایدا پێشنیاری ڕێکەوتنی نێوانیانی دەکرد.

خەلیل پاشا بەسەرکردایەتی سوپایەکی زۆر گەورە لە١٦ئایاری١٦١٨ز بەرەو ئازەربێجـان ڕۆیشت و بـەنیازی ئـەوەش بـوو لەپاشـاندا ڕێکـەوتنێکی ئاشـتەوایی سـازبکەن، بۆیـە دەسپێشخەری کرد و هەموو بەروبوومێکی ڕێگای نێوان تەورێز و دیاربەکر کەلەسەر ڕێـی عوسمانییەکان بوو سووتاند و لەناوبرد و هەرچی هۆکارێکی ژیان هەبوو هەمووی تێکـدا و ئینجا تەورێزی چۆڵکرد و هەمووی سووتاند و لەنێوان ئەوێ و قەزوینیشدا چەندین هێـزی پارێزگاری دانا بـۆ ئـەوەی ڕێگـای لەلەشکرکێشـی عوسمانیـەکان بگـرن و، بـۆ ئـەوەش لەمەیدانی شەڕەکە نزیك بێ لەئەردەبیل سەبازگەیەکی دامەزراند.

سوپای عوسمانی بەرەو تەورێز پێشڕەوی کرد و لەرێگاشدا ژمارەیـەك شـازادەی کـەرەجی هاتنـە پاڵیان کەپێشتر لەسەر دەستی سـەفەوییەکان دووچاری زیانی زۆر ببوونەوە، ئەوەبوو خان قەرەم جانی بەگی کەڕای چل هەزار سـەربازی بەسـەرکردایەتی شـاهینی جێنشـین و کوڕی گەورەی خستە خزمەتیان و ئەم سوپایەش بـەبێ هـیچ بەرەنگاربوونەوەیـەك تـوانی بچێتە ناو تەورێزەوە، بەڵام کاتێك چاوی بـەو وێرانکـاری و سـووتان و چـۆڵییەی کـەوت تووشی سەرسوڕمانهات کەهیچ هۆکارێکی ژیانی تێدا نەمابوو، بۆیە ناچـار بـوو لـەدوای پێنج ڕۆژدا ئەوێ بەجێبێڵێت و لەدەوروبەری شارەکەدا سەربازگەیان سازکرد.

لەسـەربازگەکەی خۆیـەوە خـەلیل پاشـا نامەیـەکی بـۆ شـا نـارد و تیایـدا پێشـنیاری ئاشتبوونەوەی بۆ کرد و بەم شێوەیەش مەرجەکانی دەسنیشان کردو، ئامۆژکاریشـی کـرد کەوا پێیان قایل بێ باشترە لەوەی کە پێشڕەویی بکات و لەدواییشدا دەوڵـەتی سـەفەویی بڕووخێنێ:

١- شا ساڵانە سێ سەد بار حەریر وەك سەرانەیەك بۆ دەوڵەتی عوسمانیی بنێرێ.

٢- شا بەشی خـۆراوای ئازەربێجـان و ئـەرمینیا و شـەکی و شـەروان و وڵاتـی کـەرەج بگێڕێتەوە بۆ عوسمانییـەکان، کـە ئـەم ویلایەتانـە بـەهۆی پەیماننامـەی دووەمـی ئەستانبووڵ لەدەوڵەتی عوسمانی وەریگرتبوون.

٣- شا یەکێك لەکوڕەکانی وەك بارمتە بنێرێتە ئەستانبووڵ تـاکو نیازپـاکی خـۆی لـە جێبەجێکردنی پەیماننامە نیشانبدا.

چەند تێبینییەك لەسەر مەرجانەكانی سەرەوە:

- سەدری ئەعزەم خلیل پاشا وای هەڵسەنگاند كەوا شا عەباسی یەكەم توانای بەرگریی كاری سوپاكەی نییە و جگە لەقایل بوون هیچ دەرفەتێكی دیكەی نییە بۆیە ئەم مەرجە سەختانەی خستۆتە سەر.

- لەبەندی یەكەمدا خەلیل پاشا بەتەواوی چاوی خستە سەر حەریری ئێرانی چونكە خاوەن ناوبانگێكی زۆر گەورەبوو و لەئەوروپاشدا زۆر داواكاریی لەسەربوو، هەروەها داوای زیاتكردنی ئەو بڕەی پێشتری كرد تاكو بواری ئەوەیان نەمێنێ شتێكی ئەوتۆی لێ بنێرنە ئەوروپا، ئەمەش كاریگەری خراپی دەبێ لەسەر پەیوەندیەكانی سەفەویی-عوسمانیی.

- شا عەباسی یەكەم لەبەر ئەوەی خوێنێكی زۆری رشت لەسەر ئەو شوێنانەی لەمەرجی دووەمدا ناویان هاتووە ناتوانێ بیانگێڕێتەوە بۆ عوسمانییەكان.

- پێشتر و لەساڵی ١٥٩٧-١٥٩٨ز عوسمانیەكان مەرجی سێیەمیان داوا كردبوو بەلاَم ئەوكاتە شا رەتیكردبۆوە.

هەروەها كارێكی ئاسایی بوو شا ئەم مەرجانەی وەك خۆبەدەستەوەدانێك بوون رەتبكاتەوە، لەبەرانبەریشدا تەنها بەوە رازیبوو كەوا یەكجار و سەد بار حەریر وەك دیارییەك بۆ عوسمانییەكان بنێرێ. هەڵوێستەكە گرژی تێكەوتوو جارێكی دیكە هەڵمەتە سەربازیەكان دەستیان پێكردەوە، بۆیە شا لەترسی ئەوەی ئەردەبیل بكەوێتە ژێردەستی عوسمانییەكان شارەكەی چۆڵكرد.

پاشان سوپای سەفەویی بەرەو سەربازگەی عوسمانییەكان لەدەوروبەری شاری تەورێز وەرێكەوت و لەناكاویش پێكیانداداو شكستی پێهێنا و نزیكەی پانزە هەزار سەربازی لێكوشت، بەمەش سەدری ئەعزەم ژێركەوتنی دووچارهات و دەوڵەتی عوسمانیش تووشی شكستێكی بێ وێنەكرد كەبەهێچ شێوەیەك مەزەندەی نەدەكرد، ئەمەش وایكرد كەوا تەرازووی هێز بەلای سەفەوییەكان لاربێتەوە. عوسمانییەكان توانای بەرەنگاربوونەوە و شەڕكردنیان لەگەڵ سوپای سەفەویدا نەما، ئەوكاتە سوپای شا لەئازەربێجان كۆبووەوە،

ناچاربوون بچنە ناو دانوستانەوە، بۆیە خەلیل پاشا نێردراوێکی بۆ ئەم مەبەستە ناردە لای شا عەباس یەکەم و کاتێکیش لەسەر بنەمای ئاشتەوایی رەزامەندی نواند، رێکەوتنە ئاشتیەکە لەناوچەی سەرابی خۆرەلاتی تەوریز لەسەر رێگای نێوان ئەردەبیل و زنجان لە٢٩ئەیلول١٦١٨ز مۆرکرا و ناویان لێنا رێکەوتنامەی سەراب و تەنها لەدوو بەند پێکهاتبوو:

١- سنوری نێوانیان وەك چۆن لەپەیماننامەکەی ئەماسیا هاتبوو بمێنێتەوە.

٢- بەندەکانی ٣و ٤و ٥و ٦و ٧ی پەیماننامەی دووەمی ئەستانبوول کاری پێبکرێ.

جگە لەم دوو بەندەش شا بەڵێنیدا کەوا ساڵانە سەد بار حەریر بنێرێ بۆ دەوڵەتی عوسمانیی.

بەدواداچوونێکی رێکەوتنامەی سەراب:

رێکەوتنامەی سەراب هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو لەپەیوەندیەکانی نێوان سەفەویی و عوسمانیی، چونکە ئەم دانوسانە لەسەراب واتە لەسەر خاکی سەفەوییەکان سازکرا کەبەپێچەوانەی ئەوانی پێشووی بوو لەسەر خاکی عوسمانییەکان لەئەستانبوڵ بەرێوەدەچوون، ئەمەش نیشانەی لاوازی عوسمانیەکانی نیشاندەدا لەبەرانبەر سەفەوییەکان، ئەم لاوازییە گەیشتە ئەو ئاستەی کەوا عوسمانیەکان لەجیاتی دووسەد بار حەریر تەنها بەسەد بار رازیبن و دەسبەرداری دوو ناوچەی ستراتیژیش بوون: دەرنە و دەرتەنکی کوردەکان، کە لەناییندەدا سەفەوییەکان بۆ کۆبوونەوەی هەڵمەت بردن بەرەو بەغداد بەکاری دەهێنن.

ئەم رێکەوتنامەی ئاشتەوایی بواری رەخساند کەوا بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئاشتی و ژیانی ئاسایی باڵ بەسەر رێگا بازرگانیەکاندا بکێشێ و، ئەو هەموو حەریرەی بۆ دەوڵەتی عوسمانیی دەناردرا وای لەشا عەباسی یەکەم کرد ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ ئینگلتەرا سازی دابوو بەر لەچەند مانگێك و تایبەت بوو بەهەناردەی حەریر بۆ بەریتانیا هەڵوەشێنێتەوە، هەروەها لەنێوان شا عەباس و سوڵتان عوسمانی دووەم لەساڵی١٦١٨-١٦٢٣ز

نامەگۆڕینەوە بکرێ، کەئەم سوڵتانە لەساڵی ١٦١٧-١٦١٨ز جێگای سوڵتان محەمەدی یەکەمی گرتەوە.

قۆناغی سێیەم: ململانێ لەپێناوی بەغدا

پەیوەندی نێوان عوسمانیی و سەفەوییەکان بەهۆی رێکەوتنامەی سەراب بەرەو باشی دەچوو، بەڵام شا کە بەناچاری واژووی ئەم رێکەوتنامەیەی کردبوو بەدوای هەلێکدا دەگەڕا تا دەوڵەتی عوسمانیی لەناوببات، ئەوەبوو لەساڵی ١٦٢٣ز بەهۆی چەند رووداوێکەوە کەبۆ بەرژەوەندی خۆی قۆزتنیەوە، هەلی بۆ رەخسا:

- شا دەستی کردەوە بەگەمارۆی ئابووری سەر دەوڵەتی عوسمانیی کەپێشتر پەیڕەوی دەکرد و لەگەڵ بەریتانیا لەسەری رێکەوتبوون، و بەهۆیەوە دەبوایە لەهورمز لەپورتوگالیەکان بدەن و لەکەنداوی عەرەبی دەریانبکەن و ئەم کارەش لەهەمان ساڵی واژووکردنی رێکەوتنەکە بەئەنجام گەیشت، و دەستی بەسەر هورمزدا گرت و لەوێوە توانی حەریر هەناردەی ئەوروپا بکات و لەکەشتیەکانی کۆمپانیای هیندی خۆرەڵاتی-ئینگلیزی باربکات و بەمەش دەوڵەتی عوسمانی لەو هەموو باجی گومرگە بێبەشبوو.

- دروستبوونی کێشەو پشێوی بەهۆی تیرۆرکردنی سوڵتان عوسمانی دووەم لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیی و جێنشینیی سوڵتان مستەفای یەکەم جارێکی دیکە لەساڵی ١٦٢٣ز.

- سازبوونی پشێوی لەبەغدا بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکێك لەسەرکردە گەورەکان کەناوی بەکر سۆباشی بوو لەدژی یوسف پاشای فەرمانڕەواو پاشان کوشتنی، بەمەش بەکر سەربەخۆیی لە حکومەتی ناوەندی ئەستانبوڵ راگەیاند و دەستی بەسەر بەغداشداگرت. لەبەر ئەوەی بەغدا لەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەبوو فەرمان بەحافزپاشای حاکمی دیاربەکر درا کەوا تەمبێی بکات و لەناوی ببات و ئەویش هانای بۆ شا عەباسی یەکەم برد و بەڵێنیشی پێدا کەوا بەغدای بدا بەدەستەوە.

شا سوپایەکی ئامادەکرد و بەرەو بەغدای نارد بۆ ئەوەی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە بکات لەعیراق و بەمەش ئامانجە راستەقینەکەی خۆی شاردەوە، کاتێکیش لێی نزیك کەوتەوە سەربازگەکەی لێ سازدا و پاشان دیاریەکی بۆ بەکر سۆباشی نارد کەبریتی بوو لەفێسێکی قزلباشی و هێما بوو بۆ پیاوە نزیکەکانی خۆی، بەلاّم ئەوەی روویدا لەبۆچونەکانی ئەودا نەبوو، ئەویش ئەوەبوو کەوا حافز پاشا دەسەوەستان لەبەردەمی شارەکەدا وەستا و بەئەنقەست شێوازی فرۆفێڵی گرتە بەر بۆ ئەوەی لەشار دووربخاتەوە و دەریبکات، ئینجا رێکەوتننێکی ئاشتەوایی لەگەڵ بەر سوباشی ساز کرد و کردی بەوالی عوسمانییەکان لەبەغداو پاشان ناوچەکەی بەجێهێشت و بەرەو دیاربەکر گەڕایەوە.

بەکر سوباشی بەم دەسبەکاربوونەی قایل بوو چونکە لەسەردەمی سەفەوییەکاندا نەدەبووە خاوەنی پلەیەکی لەم شێوەیە و لەهەمان کاتیشدا بۆ هەبوو لەگەڵ عوسمانییەکاندا لێکتێگەیشتن بکات و کاتێکیش نێردراوەکانی شا بەدیارییەکەیانەوە گەیشتنە لای هەمووی کوشتن کلاّوی قزلباشەکانیشی خستە ژێرپێی.

لەئەنجامی ئەو غەدرەی نێردراوەکانی سەفەویی دووچاری هاتن شا عەباسی یەکەم بڕیاریدا هێرش بکەنە سەر شارەکەو گەمارۆی بدەن و لەگەڵ هێزی ولاّتپارێزەکان رووبەرووی یەکتر بوونەوە. لەدواییدا بەکر سوباشی بەپەلە ناردی کەوا حافزپاشا یارمەتییان بۆ بنێری و ئەویش هێزێکی سەربازی بۆ رەوانە کرد، بەلاّم سوپای سەفەویی رێگای چوونە ناو شارەکەی لێگرت و ئەمەش بووە هۆی زیاتری نالەباری گوزەرانی ناوەوەی شار. سەرەڕای ئەوەش بەکر سوباشی خۆی بەدەستەوە نەداو بەردەوامبوو لەبەرەنگاربوونەوە و شەڕکردن رووبەروو بوونەوەی گەمارۆکەی سەری، بۆیە شا ناچاربوو پەنابباتە بەر فێڵ و تەڵەکەبازی و توانی محەمەد سوباشی کوڕی بەکر سوباشی دەستەمۆبکات و لەگەڵیدا ریکبەکەوێ کەئەگەر هاتوو هاوکارییاکات و بەغدا داگیربکەن و لەدوای نەمانی باوکی ئەوا دەیکاتە حاکمی شارەکە.

ئەوەبوو محەمەد سوباشی دەرگای شارەکەی لە ٢٥کانوونی یەکەم١٦٢٣ز بۆ سەفەوییەکان کردەوە، سەربازەکانی قزلباش بەپرتاو هەڵمەتیان بردە ناوەوە. هێزە پارێزگارەکان تووشی شۆك هاتن چونکە سەفەوییەکان گەیشتنە سەریان و دەستیان کرد بەکوشتنیان و پاشان

دەستیان بەسەر شارەکەدا گـرت و بـەکر سوباشـیان گـرت و پاشـان بردیـان دیـوانی شـا عەباسـی یەکەم و ئەویش بەهۆی کوشـتنی نێردراوەکـانی سـەرزەنشـتی کـردو فەرمانیـدا بیخەنە ناو بەلەمێك و پڕی بکەن لە زەیت و کبریت و ئینجا بەزیندووی ئـاگری تێبـەردەن بەبەرچاوی خەڵکەوە بەناو ئاوی دیجلەدا بیگێڕێن.

بەڵام محەمەد سوباشی کوڕی وای دەزانـی کـەوا شـا بەڵێنەکـەی خـۆی بەجێـدەهێنێت و دەیکاتە حاکمی بەغدا، کەچی شا لەترسی ئەوەی وەك لەباوکی هەڵگەڕایەوە ئەوا لەویش هەڵگەڕێتەوە بەندی کرد و ناردیە خۆراسان و پاشان فەرمانیدا کوشتیان.

لەدوای ئەوەی دەستی بەسەر بەغدادا گرت شا عەباسی یەکەم چـەند تیپێکـی سـەربازی نارد و کەرکوك و موسـڵیان داگیرکرد و بەمەش دەستی بەسـەر زۆربـەی خـاکی عیراقـدا گرت و پاشان چووە نەجەف و ماوەیەك لەوێ مایەوە و دوایـی گەڕایـەوە بـۆ ئەسـفەهانی پایتەخت.

دەوڵەتی عوسمانی لەبەرانبەر لەدەسدانی بەغـدا دەسـەوەسـتان نـەبوو، سـوڵتان مـورادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠ز) کە جێی سوڵتان مستەفای یەکـەمی گرتـەوە فـەرمانی دایـە حافزپاشا شارەکە بگێڕێتەوەو سەفەوییەکانیش لەعیراق دەربکات، ئەویش دەستی بەسـەر کەربەلاو حللەی داگیـکرد و لە ٢١تشرینی دووەم١٦٢٤ز بەرەو بەغـدا بەرێکـەوت لەگـەڵ هێزە پارێزگارە سەفەوییەکان دەستیان لەیەك وەشاند و شا بەپەلە یارمەتی سـەربازی بـۆ هێزەکانی ناوەوەی شار رەوانەکرد و ئەم یارمەتییەش بـوو بـەهۆی ئـەوەی هـیچ کامیـان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا و نەیانتوانی ئەویدیکەیان بشکێنن و ماوەی حەوت مـانگ بەم شێوەیە مایەوە. لەلای خۆیەوە سوڵتان مورادی چوارەم هێزێکـی بـۆ یارمـەتی دانـی سوپاکەی دەوری بەغدا نارد بەڵام هێزی قزڵباشەکان رێگایان لێبڕین و توانیان گـەمارۆیان بدەن. بەمەش حافزپاشا ناچاربوو لەدوو قۆڵەوە شـەڕبکات، لەدواییـدا و بـەهۆی ئـەوەی هەڵوێستەکەی زۆر شەرمەزاریی بوو ئارەزووی ئەوەی کرد لەگەڵ شا عـەباس ئاشـتەوایی بکـات و دان بەدەسـەڵاتەکەیدا بـنێ لەشـاری بەغـدا و شـوێنە پیرۆزەکـانی لای شـیعە لەعیراق، لەبەرانبەریشدا شا عەباس بەم پێشنیارە قایل بوو و بـوارێکی هێمنانەشـی بـۆ سەربازە عوسمانییەکان رەخساند تا بگەڕێنەوە و پاشەکشە بکەن.

وادیار بوو کەوا عوسمانییەکان مکوڕبوون لەسەر ئەوەی بەهەر نرخێکبێ بەغدا بگێڕنەوە بۆ خۆیان و ئەم پێداگریەشیان بریتی بوو لەدەرکردنیان بەنەمانی توانای شا عەباس لەدەستنی ناماجەکانی و ماندووبوونی زۆری لەشەڕەکان و خوێنڕشتنێکی زۆر و بێتوانایی لەبەرەو پێشچوون و پێشڕەویی بۆ ئەو ناوچە ستراتیژییانەی بەرژەوەندییەکانی سەربازی و بازرگانیی تێدا مسۆگەر دەبوو، ئەویش دەرکی بەمەکرد بۆیە مەیلی بەئاشتبوونەوە کرد و ئینجا نامەیەکی بە قازی بەغدا بۆ سولتان مورادی چوارەم ناردو تیایدا پێشنیاری کرد کوڕی شا ببێتە فەرمانڕەوای بەغدا و لەبەرانبەردا دراوی ولات و وتارەکانی هەینی مزگەوتەکانی بەناوی سولتانی عوسمانییەوە بێ و سالانەش سەفەوییەکان پەنجا دیناری زێڕ بداتە دەولەتی سولتان، بەلام سولتان پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە و بەهاندانی دەوروبەرەکەشی قازی بەغدای کوشت.

بەمشێوەیە هەولەکانی دەولەتی عوسمانی بۆ گێڕانەوەی بەغدا بەئاکام نەگەیشت و هەر بەو جۆرە و تاکۆتایی دەسەلاتداریتیی شا عەباسی یەکەم هەر بەدەستی ئەوان مایەوە و لەدوای ئەویش ماوەی دە سالێدیکە هەر بەم شێوەیە بوو.

پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی مەگۆلی لەهیندستان:

ململانێی بۆ دەسبەسەرداگرتنی قەندەهار: پەیوەندی نێوان دەولەتی مەغۆلەکانی هیند و سەفەوییەکانی ئێران بەشێوەیەکی گشتی باشبوو، بەلام ئەمەش هۆکار نەبوو بۆ ئەوەی لەپێناو دەسبەسەرداگرتنی قەندەهاری کێشەلەسەر ململانێ لەنێوانیاندا روونەدات. لەراستیشدا ئەم کێشەی لەکۆنەوە لەبەر گرنگی لەرووی بازرگانییەوە هۆکاری سەرەکی ناکۆکی نێوان ئێران و هیندستان بوو و هەروەها بنکەیەکی گرنگی وەستانی بازرگانانی هیندستان و چین بوو، لەلایەکی دیکەشەوە ناوەندێکی سەربازی ستراتیژی بوو لەسەر سنووری باکوری خۆراوای هیندستان، بۆیە بابری پاشای هیند و کوڕەکانیشی لەدوای خۆی جەختیان لەسەر پارێزگاری کردن بەو شارە دەکردەوە. بەلام سەفەوییەکان لەبەر ئەوەی لەژێر پالەپەستۆی رۆژگارێکی پڕ لەشەڕ و کێشەو ململانێ دابوون بۆیە بەناچاری دەسبەرداری داواکردنەوەی بوون، کەچی بەهیچ شێوەیەك ئەوان ئەو شارەیان

لەبەرنامەکانی خۆیاندا پشت گوێ نەخستبوو و هەمیشە لەبیری گێڕانەوەیدابوون بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیان چونکە پێیان وابوو ئەم شارە مافێکی سروشتی و شەرعی خۆیانە.

هەر لەسەرەتای دەسەڵاتداریێتی شا ئیسماعیلی یەکەم پەیوەندیەکانیان بەرەو باشی دەچوو و دوژمنایەتی هاوبەشی لەبەرانبەر ئۆزبەکەکاندا هێندەی دیکە ئەو پەیوەندییەی بەهێزترکردبوو، تاکو سەردەمی شا تەهماسبی یەکەم و داگیرکردنی لەساڵی ١٥٣٦ز هەر بەردەوام بوو و ئەو کاتەش حوسێن میرزای کوڕی بەهرام میرزای برای کردە حاکمی ئەوێ. کاتێك کە قەندەهار بەهۆی ئەوەی ببووە کلیلی رێگای سنوریی باکوریی-خۆرەلاتیی لەسیاسەتی پاشاکانی هیندستان جێگای گرنگی تایبەتی خۆیبوو، بۆیە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندیەکانییان لەگەڵ سەفەوییەکان و ئەم کێشەیەش لەهەموو ماوەی فەرمانڕەوایەتی تەهماسبی یەکەم بەردەوامبوو، جگە لەویش لەسەردەمی هەر یەکە لەشا ئیسماعیلی دووەم و محەمەد خودابەندەش بەو شێوەیەبوو بەلاّم هیچ کاتێك نەببوە هۆی شەڕی نێوانیان.

کاتێك لەساڵی ١٥٥٦-١٦٠٥ز جەلالەدین محەمەد ئەکبەری کوڕی هەمایۆن دەسەڵاتی هیندستانی گرتە دەست، بەدوای هەلێکدا دەگەڕا تاکو قەندەهار بگێڕێتەوە بۆ هیندستان و بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا سەنەد و میللەتان و گەڕەکەکانی بەتهانی نزیك شارەکەی خستە ژێر دەسەلاّتی خۆی کە ئەمە پێشەکییەك بوو بۆ مەبەستە سەرەکییەکەی تا شارەکە لەژێر دەستی سەفەوییەکان بهێنێتە دەرەوە، ئەم هەلەشی لەساڵی ١٥٩٠ز بۆ رەخسا بەهۆی هێرش و پەلاماری دوولایەنە، ئۆزبەکەکان لەلای خۆرەلاّت و عوسمانییەکانیش لەخۆراوا، ئەوکاتەش شا عەباسی یەکەم سەرقاڵ و ماندووی رووبەرووبوونەوەی ئەوان بوو بۆیە یارمەتی و پشتگیریی بۆ قەندەهار و پەیوەندیەکانی بەحاکمەکانیەوە پشت گوێ خست و ئەوانیش زۆر پەلامارەکانی ئۆزبەك دەترسان و لەدواییشدا خۆیان خستە پاڵ دەوڵەتی مەگۆلیی لەهیندستان.

حاکمی قەندەهار کەسەفەویی بوو و ناوی موزەففەر میرزا و رۆستەم میرزای برای کوڕەکانی حوسێن میرزا داوایان لە ئەکبەر کرد کەوا یەکێك لەسەر کردەکانی بنێرێ بۆ ئەوەی شارەکەیان بداتە دەستەوە، ئەویش شاهی بەگی بۆ ئەم مەبەستە رەوانەکرد و

لەدواییدا موزەفەر میرزای لەپلـەی خانـەی کـارگێڕیی حـوکمڕانی دامەرزانـد و کـردیش بەفەرمانڕەوای سمبەهال.

شا عەباسی یەکەم بەهۆی سەرقاڵیی بەشەڕی ئۆزبەك و عوسمانییەکانـەوە بـواری ئـەوەی نەبوو کەوا دەسـت لەم کارە وەربدات، بەپێچـەوانەوە هەوڵیـدا کـەوا لێـی نزیـك ببێتـەوە بەڵکو لەشەڕی ئۆزبەك یاخود بۆ گێڕانەوەی قەندەهار یارمەتیدەری بێت، بەڵام هـیچ کـام لەم هیوایانەی شا نەهاتنەدی، بۆیە وازی لەقەندەهار هێناو خەریکی شەڕی دوژمنـەکانی بوو، لەم ماوەیـەدا جـەختی لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـەوا لـەرێگای ئـەو نێردراونیـە بـۆ هیندستانی دەناردن زانیاری لەسەر مەگۆلەکانی هیندستان کۆبکاتەوە.

ئەکبەر لەساڵی ١٦٠٥ز کۆچی دوایی کردو نورەدین جیهانگیریی کـوڕی ١٦٠٥-١٦٢٧ز جێگای گرتەوە و لەسەردەمی ئەودا پشێوی بەنگال و میوار و دەکنی گرتـەوە، هـەروەها ململانێی خانەوادەییشی هاتە پاڵ کە کوڕەکەی شا جیهان داوای دەسەڵاتداریتی دەکـرد، بۆیە هەل بۆ شا عەباسی یەکەم رەخساو هێرشی کردە سەر قەندەهار و داگیریکرد.

لەدوای ئەوە شا سـەرقاڵی شـەڕی ئازەربێجـان و شـەروان بـوو، هـەروەها جیهـانگیریش خەریکی هەندێك کێشەی ناوخۆیی بوو و ببووە هۆی هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکان، بەڵام لەساڵی ١٦٠٩ز شا نێردراوێکی ناردە دەلهی کەئەویش میرزا بەرخوردار خان بوو بـەخانی عالەم ناوبانگی دەرکردبوو و کۆمەڵێك دیاری و پرسـەنامەیەکی بەبۆنـەی باوکییـەوە بـۆ ناردبوو لەگەڵ پیرۆزبایی بەبۆنەی تـاج لەسـەرنانی جیهـانگیر، بەمـەش جـارێکی دیکـە پەیوەندییە باشەکانی نێوان دوو دەوڵەتەکە سازبۆوە، لەدوایـیشدا نێردراوەکانی هـەردوولا زۆر بەچڕی هاتووچۆ و سەردانی یەکتریان دەکرد تـا لەسـاڵی ١٦١٧ز هیندسـتان حـەوت سەد کەسی بەنێردراویی ناردە ئێران.

سەرەڕای هەموو ئـەم هەڵوێسـتان ئیجابیانـە کەچـی هـەرگیز شـا کێشـەی قەنـدەهاری لەبیرخۆی نەدەبردەوە و هەمیشە لەخولیای ئەوەدا بـوو قەنـدەهار بەشـەڕ یـا بەئاشـتی بگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی سەفەویی، بۆیە لەساڵی ١٦٢٠ز نێردراوێکی ناردە هیندسـتان بـۆ ئەوەی لەگەڵ وەزیرەکانی جیهـانگیر لەکێشـەی قەنـدەهار بکۆڵنـەوە، بـەڵام هەوڵەکـەی سەرینەگرت. ئینجا بڕیاریدا بەشـەڕ بیگێڕێتـەوە، ئەوکاتـەش مەترسـیەکانی ئۆزبـەك و

عوسمانییەکانی لەسەر وڵاتەکەی لابردبوو و هەموو ئەو ناوچانەی ئۆزبەك و عوسمانییەکان هەر لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتی خۆیەوە داگیریان کردبوو هەمووی خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دورگەی هورمزی لەپورتوگالیەکان سەندبۆوە، ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی متمانەی زیاتر بەخۆی بکات و هێرشی کردە سەر قەندهار و لەدوای چل و پێنج ڕۆژ لەگەمارۆدانی دەستی بەسەرداگرت، ئینجا بەناوی دوانزە ئیمامەکەوە وتارێکی تیادا خوێندەوە، لەلایەکی دیکەشەوە باروگوزەرانی خراپی پاشای مەگۆلی یارمەتیدەری بوو چونکە لەنێوان خۆی و شا جیهانی کوڕی کێشەی جێنشینی دروستبوو و باوکی دەیویست پلەکە بۆ کوڕە بچووکەکەی شەهەرەیاربێ کە سوڵتانە نوریجیهان ویستی وابوو و کاریگەریشی هەبوو، بۆیە ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی ئەوەی کاریگەری خراپ لەسەر پەیوەندی نێوان کوڕ و باوکدا دروسبکات، لەکۆتاییشدا گەیشتنە ئەو هەڵوێستەی کەوا کوڕەکە فەرمانی باوکی لەدەرکردنی سەفەوییەکان لەشاری قەندەهار جێبەجێنەکرد لەترسیی ئەوەی ئەم دوورخستنەوەیە بۆ قەندەهار هەنگاوی یەکەمە بۆ دوورخستنەوەی یەکجاری لەجێنشینیی، لەهەمان کاتیشدا جیهانگیر لەترسی ئەوەی کوڕەکەی دەست بەسەر تەختی پاشایەتیدا نەگرێ ئەویش ئەم هەڵمەتی دەرکردنەی شا ئیسماعیلی لە قەندەهار ئەنجام نەدا.

ئینجا شا عەباسی یەکەم نامەیەکی بۆ جیهانگیر نارد و تیایدا دووپاتی مافی شەرعی و میراتگریی خۆی لەسەر ئەم شارە دەکردەوە، وادیاریشبوو جیهانگیر بەم بۆچوونە قایلبوو، یاخود لەوانەبوو ڕای وابێ کەناتوانێ شارەکە بگێڕێتەوە بۆیە فەرمانی بەهێزەکانی کرد پاشەکشەبکەن.

بەشی حەوتەم

شا عەباسی یەکەم

١٥٨٨ز-١٦٢٩ز

پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ئەوروپا

پەیوەندی سەفەویی - ئیسپانی و پورتوگالیەکان

بەرایی:

لەوانەیە لەهەمووی سەرنجراکێشتر ئەو کرانەوە بەرفراوانەی ئێـران بـێ بـەرووی دەوڵەتـە ئەوروپیەکان لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم، شایانی باسـە فـەرمانڕەواکانی پێشـخۆی بەرانبەر ئەو کرانەوەیە زۆر بەپارێزبوون، ئەگەر هەر نێردراوێکـی ئـەوروپیش بچـوویایە پایتەختی سـەفەوییەکان ئەوا زۆر بەساردی و بێ بایەخییەوە شـا پێشـوازی لێـدەکرد، بـۆ نموونە جارێکیـان شـاژنی ئینگلتـەرا ئـەلیزبێس لەسـاڵی ١٥٦٢ز ئـەنتۆنی جانکسـینی بەنوێنەریی ناردە لای شا تەهماسب بۆ ئەوەی پەیماننامەیەکی دۆستانە سـازبکەن، بـەڵام شا زۆر گرنگی پێنەداو هیچ بوارێکیشی بۆ نەرەخساند کـەوا مەرامەکـەی بـەجێبهێنێ. هەموو مەبەستی ئینگلتەرا لەو دۆستایەتییە ئەوەبوو کەدەیویست بەهۆیەوە دەستبەسەر ڕێگای بازرگانییـەکانی خۆرهەڵاتـدا بگـرن و ئیسـپانیا و پورتوگالـەکانیش دوورخاتـەوە، چونکە ئێران شوێنێکی زۆر گرنگ و ستراتیژیی هەبوو.

بەڵام لەسەردەمی شا عەباسی یەکـەم و بـەهۆی دوژمنایـەتی عوسمانییەکانـەوە هـەوڵی کرانەوە بەرووی دەوڵەتە ئەوروپیەکان و یارمەتی وەرگرتن بـۆ بـەڕێوەبردنی شـەڕەکەی، چونکە ئەویش دەرکـی بـەوەکرد خاکەکـەی چەندە گرنگیـی هەیـە بـۆ ئەوروپیـەکان و لەهەمان کاتیشدا لەبیری ئەوەدابوو کەڕێگاو چالاکییەکانی بەرەو خواروو ببات بۆ ئـەوەی لە دەوڵەتی عوسمانیی و ئەو باجەی دەدرا بەعوسمانییەکان خۆی ڕزگاربکات.

شا عـەباس نێردراوێکـی زۆری نـاردە ئـەورووپا بـۆ ئـەوەی پەیوەندییـەکانی نێوانیـان پتەوبکەنەوە لەگەڵ دەوڵەتەکانیان و، لەهەمان کاتیشدا بانگهێشتی ئەورووپیەکانی کـرد سـەردانی ئێران بکەن بۆ ئەوەی چالاکی بازرگانیی بەیەکـەوە ئـەنجام بـدەن و لەدواییشـدا پێشوازی لەچـەندین نێـردراوی ئـەورووپی کـرد. لەئەسـفەهانیش کۆبوونەوەیـەکی زۆری نێردراوە بازرگانییە ئەورووپیەکان و هـەروەها موژدەبەخشـە مەسـیحیەکانیش بوونیـان هەبوو، بۆیە شا جەختی لەسەر دابینکردنی ئاسایش و ئارامیی بۆ دەکردنەوە.

نێردراوە ئیسپانییەکان بۆ دەوڵەتەی سەفەویی:

لەناوجەرگەی ئەو کێشانەی شا عەباس لەگەڵ عوسمانییەکان هەیبوو هەوڵی نزیك بوونەوە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەورووپیەکان دەدا بۆ ئەوەی بەیەکەوە شەڕی عوسمانییەکان بکەن و ئەورووپییـەکانیش بـۆ هەنـدێك ئامـانجی تایبـەتی خۆیـان ئـەم نزیـك بوونەوەیـەیان لەلاپەسەندبوو:

- بەرەنگاربوونەوەی عوسمانییەکان لەئەورووپا، کەدوژمنی هاوبەشیان بوو.
- هەڵسوکەوتی باشی سەفەوییەکان لەگەڵ مەسیحیەکانی ئێران.
- سازدانی پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵ سەفەوییەکان.

ئیسپانیا هـەنگاوی یەکـەمی هـەڵهێناو لەسـاڵی ١٥٩٨ز شـا فیلیپـی دووەم (١٥٥٥-١٥٩٨ز) وەك نێـردراوی پورتوگالـەکان و بەسـەرکردایەتی راهیبـەکانی وەك ئەلفۆنسـۆ کردرۆی فرنسیسکی و نیکۆڵ دی ملۆ دۆمینیکی نـاردە ئێـران، کـە نێـردراوی تایبـەتی هێزەکانی پورتوگالی بوو لەدوورگەی هورمز، چەندین دیارییان بـۆ شـا هێنـا و هـەروەها پیرۆزبایی پاشای ئیسـپانیایان بەشا عـەباس راگەیانـد بەبۆنـەی سـەرکەوتنەکانی بەسـەر ئۆزبەکان لەخۆراسان، پاشان داوایان لێکرد رێگە بە گاورەکانی ئێران بدات کەوا بۆخۆیـان کڵێسـا سازبکەن و مەراسیمە ئایینیەکانیشیان بـەئازادی سـازبدەن، لەبەرانبەریشـدا شـا سوپاسـی ئـەو پیرۆزباییـەی کـردن و بەڵێنیشـی پێـدان کـەوا بەشـێوازێکی شایەسـتە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسیحیەکانی ئێراندا بکات.

نێردراوەکانی ئیسپانیا ماوەیەکی کەم مانەوە و زۆر بەخێرایی شا عەباس نوێنــەری خــۆی ئامادەکرد و لەگەڵ نێــردراوە ئەورووپیــەکان بــەرێگای روســیا و ئــەڵمانیا بــەرە ئــەرووپا بەرێکەوتن.

لەدوای ئەویش پاشای ئیسپانیا فیلیپی سێیەم (١٥٩٨-١٦٢١ز) ئــەنتۆنیۆ دی جۆڤیــای وەك نوێنــەری خــۆی لەســاڵی ١٦٠٢ز نــاردە لای شــاعەباس و ژمارەیــەکی زۆریشــی مژدەبەخشــەکان لەگەڵــدابوو و شــا لەشــاری مەشــهەد پێشــوازی لێکــرد و، ئینجــا گفتووگۆکانیان لەبارەی داواکارییەکانی پاشای ئیسپانی دەستی پێکرد:

- بەحرەین بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خــۆی، چــونکە ئاشــکرایە کــەوا شــا عــەباس لەساڵی ١٦٠١ز دەستی بەسەردا گرت.

- لابردنی گەمارۆی سەر دەربەندی کەمبرۆن کەبەمەبەستی کەمکردنەوەی فشاری سەر بەحرەین ســەفەوییەکان ســازییانکردبوو.

- رێگە بەموژدەبەخشــەکان بدرێ کەوا لەئێراندا کاری خۆیان ئــەنجام بــدەن و کڵێســاش دروستبکەن بۆ ئەوەی مەســیحیەکان مەراسیمە ئایینیەکانی خۆیانی تیادا بەڕێوەببەن.

شا بابەتی گێڕانەوەی بەحرەینی بۆ ئیسپانیا ڕەتکردەوە و هیچ بوارێکیشی بــۆ دانوســتان نەهێشــتەوە، بــەڵام قایــل بــوو بــەوەی گــەمارۆی ســەر کــەمبرۆن لاببــات. کەچــی بــۆ دروستکردنی کڵێســاکانی مەســیحیش مــەرجی ئــەوەی دانــا ئیســپانیا دەبــێ لەشــەڕی عوسمانییەکان یارمەتی دەوڵەتی سەفەویی بدات.

ئەوەبوو فیلیپی سێیەمی پاشای ئیســپانیا بــۆ جــاری دووەم لەســاڵی ١٦٠٨ز نێــردراوی ناردەوە بۆ بەسەرۆکایەتی ئەنتۆنیۆ دی جۆڤیــا و دیســانەوەی داواکارییــەکانی پێشــوویان خستەوە بەردەمی:

- گێڕانەوەی بەحرەین بۆ ئیسپانیا.

- ئاسانکاری بۆ مەســیحییەکانی ئێران.

- ڕێگەدان بەبازرگانەکانی ئیسپانیا و پورتوگال کەوا ڕێگا بازرگانییەکانی ناوچەی کەنداوی عەرەبی بەئارەزووی خۆیان بەکاربهێنن. ئەویش لەبەرانبەر زۆرێك بەڵێنی ئیسپانی بۆ یارمەتی دانی دەوڵەتی سەفەویی لەشەڕی عوسمانییەکان.

وادیاربوو شا دڵی بەم بەڵێنانەی پاشای ئیسپانیا خۆشنەبوو چونکە ئەو وای بەباش دەزانی کەوا یارمەتییەکان لەبەرچاوی خۆیدا ببینێ و ئەم هەموو گفتووگۆیەش هیچ سوودێکی نییە ئەگەر پاشا بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکات، بۆیە شا فەرمانیدا نێردراوەکەی ئیسپانی بگەڕێتەوەو لەگەڵ خۆشیاندا دەنگیزبەگ وەك نوێنەری دەوڵەتی سەفەویی لەگەڵ خۆیاندا بەرن بۆ لای پاشا و لەگەڵیدا گفتووگۆبکات.

دەنگیزبەك لەگەشتەکەی بۆ ئیسپانیا هەندێك کاری ئەوتۆی ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی شا لێی هەڵگەڕێتەوە:

- پشت گوێ خستنی ئەو نامەیەی شا بۆ فیلیپی سێیەمی ناردبوو، ئەویش لەسەر داوای بەرپرسە ئیسپانیەکەی دەربەندی جوا ئەم کارەی کرد.

- ئەو سیستەمەی تایبەت بوو بەسەفیرەکان بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگی فەرمیی ئێران بوو دەنگیزبەگ گوێی پێنەداو لەکاتی پرسەی شاژنی ئیسپانیا بەرگی ڕەشی پۆشی.

- ئەو نامەیەی شا بۆ پاپای ناردبوو، دەنگیزبەگ فرۆشتییە یەکێك لەبازرگانەکان تاکو بۆ خۆی بەکاری بهێنێت و بەهۆیەوە قازانجی زۆری دەسکەوێ و لەکۆشکی فەرمانڕەوایەتی کاری پێبکات.

- دەنگیزبەگ لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتی زۆر ناشایەستەی لەگەڵ یاوەرەکانیدا دەکرد زۆرێکیان لەبەر بێزاریی و دڵشکانیان لەئیسپانیا مانەوەو چوونە سەر ئایینی مەسیحیی.

دەنگیزبەگ تا ساڵی ١٦١٢ز لەئیسپانیا مایەوە و پاشان گەڕایەوە بۆ ئێران و، ئەوکاتە شا زۆر بەساردی و بێزێزییەوە پێشوازی لە ئەنتۆنیۆ دی جۆڤای نێردراوی پاشای ئیسپانیا کرد، لەدواییدا سەرزەنشتی دەنگیزبەگی کرد بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتانەی لەو سەفەرەدا ئەنجامیدان و پاشان کوشتی، نێردراوەکانی ئیسپانی ترسیان کەوتە دڵ و دەرباری شای

ســەفەوییان بەجێهێشــت و بەپەلــە خۆیــان گەیانــدەوە دوورگــەی هــورمز کــە ناودنــدی سەرکردایەتی هێزدکانی پولوگالیبوو لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی.

ئینجا پاشای ئیسپانیا دوایـین نێـردراوی خـۆی بەسـەرۆکایەتی دۆن گارسـیا دی سـیلڤا ڤیجـۆرا نــاردو لــەئایاری١٦١٨ز گەیشــتە ئەســفەهان و نامەیــەکیان پێبــوو کــە ئــەم داواکاریانەی تێدابوو:

- گێڕانەوەی بەحرەین و کەمبرۆن، ئاشـکرایە کەلەسـاڵی ١٦١٤ز دەوڵـەتی سـەفەویی کەمبرۆنی داگیر کردبوو.

- ڕێگەدان بە مەسیحیەکان کـەوا لەسـەر خـاکی سـەفەویی ڕێورەسمـە ئایینیـەکانیان پەیڕەوبکەن.

- بەچاوێکی پڕ لەسۆزەوە تەماشی ئەو هاوڵاتییـە ئیسـپانیانە بکـرێ کـەوا سـەردانی ئێران دەکەن.

- سازدانی ڕێکەوتنی بازرگانی کەوا باڵادەستی زیاتر بداتە ئیسپانی و پورتوگالیـەکان لەبەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی بازرگانی لەناوچەی کەنداوی عەرەبی.

- ڕێگــە نەدرێتــە بازرگانــە ئینگلیزەکــان کــەوا کێبڕکێـی بازرگانــەکانی ئیســپانی و پورتوگالیەکان بکەن.

هەموو ئەمانەش لەپێناوی ئەوەدابێ کە یارمەتی ئێـران بـدرێ لـەدژی عوسمانییـەکان و ئیسپانیا کەشتیەکانی خۆی دەنێرێ بۆ ئەوەی شەڕی هێـزە دەریاییـەکانی عوسمـانیی لـە دەریای سووردا بکات و بەرووی بازرگانە عوسمانییەکانیشی دابخات.

لەراستیشدا گەیشتنی ئەو نێردراوەی ئیسپانی هاوکاتبوو لەگەڵ:

- مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی نێوان سەفەویی و عوسمانییەکان.

- هاریکاری شا عەباس و کۆمپانیـای هیندسـتانی خـۆرەڵات- ئینگلیـزی لـەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی پورتوگـالی و دەسـدرێژیەکانی بـۆ سـەر ناوچـەی کەنـداوی عەرەبی.

بۆ ئەم مەبەستە نێردراوەکەی ئیسپانیا هیچیان بەدەستنەکەوت و شا زۆر بەتووندی وەڵامی ئیسپانیای دایەوە:

- گێڕانەوەی بەحرەین و بەندەری کەمیرۆنی ڕەتکردەوە.

- شکاندنی قۆرخکردنەکانی بازرگانەکانی ئیسپانی پورتوگالی لەبازرگانی حەریری ئێرانی و بڕیاریدا هەرکەسێك نرخی زیاتری پێبدا ئەوا بەوی دەفرۆشێ.

- ڕێگە بەوەش نادات کەوا دەربارەی ئینگلیزی دۆستی نوێی گفتووگۆی لەگەڵدا بکەن.

- چیدیکە ڕێگە بەناردنی کەشتییەکانی ئیسپانی پورتوگالی نادرێ بێنە ئاوی دەریای سوورەوە چونکە ئەو دەریایە بەرووی ئەواندا دادەخرێ و بۆ بازرگانەکانی عوسمانیی ئاوەڵادەکرێ چونکە ئێران و دەوڵەتی عوسمانیی ڕێککەوتنامەی ئاشتیان لەنێواندا مۆرکراوە و شەڕیشیان ڕاگرتووە.

کاتێك دۆن غارسیا دەرکی بەوەکرد کەوا کارەکەی سەری نەگرت و هەرچی بۆی هاتبوو لەدەستی چوو بەبێ ئەوەی پرس بەشا بکات گەڕایەوە بۆ دوورگەی هورمز و ئەم هەڵسوکەوتەشی بەران شا وەك ئەوەبوو کەوا بڕیاری پچڕانی یەکجارەکی پەیوەندییەکانیان بێ.

نێردراوەکانی سەفەویی بۆ ئیسپانیا:

شا دەستی کردەوە بە پەیوەندییە سیاسییە ئەورووپییەکانی لەگەڵ پاشای ئیسپانیا، چونکە بوونی ئەوان لەناوچەی کەنداوی عەرەبی گرنگی خۆی هەبوو و هەمیشە دەیتوانی کەوا ئاستەنگ بۆ بازرگانەکانی عوسمانیی لەدەریای سووریش دروستبکات، کە ئەمەش یەکێك بوو لەئامانجەکانی دەوڵەتی سەفەویی، ئەوەبوو بەسەرۆکایەتی حوسێن بەگی بەیات وەفدێکی سازکرد کەیەکێك لەئەندامە بەرزەکانی ئەو نێردراوە ئەنتۆنی چێرلی بوو و ژمارەیەکی زۆریشیان یاودر لەگەڵدابوو، لەوانەش چەند پیاوێکی ئایینی شیعە هەبوو کە سەرپەرشتی بۆچوونە ئایینیەکانی نێردراوەکەیان دەکرد، جگە لەوانەش دوو ڕاهیبی پورتوگالی بەناوی ئەفۆنسۆ کەردرۆ و نیکۆلا دی مەلۆ یاوەریان بوون و، ئامانجی ئەم نێردراوەش دوو تەوەربوو، سیاسی و بازرگانیی:

یەکەم: مۆرکردنی پەیماننامە لەگەڵ سەرجەم ئـەو دەوڵەتـە ئەوروپیانـەی کـەوا وەفدەکـە سەردانیان دەکەن بۆ ئەوەی بەهاوبەشی لەدژی عوسمانییەکان بجەنگن.

دووەم: ساغکردنەوەی حەریری ئێرانیی.

ئەم نێردراوە لە٩تەموزی١٥٩٩ز ئێرانیان بەجێهێشت و بەرێی مازەندەران چوونە روسیا و لەوێوە بۆ ئەوروپای ناوەراست و ئینجا بۆ رۆما چوون. وادیاربوو لـەنێوان حوسـێن بـەگی بەیات و ئەنتۆنی چێرلی کێشە پەیدابوو و، ئەمەش هانی نەتۆنیدا کەوا لەم وەفدە دابـبرێ و پەیوەندییەکانی خۆیشی لەگەڵ ئێران بپچرێنێ.

دەربارەی ئەم کێشەیەش چەندین راوبۆچوون سەریان هەڵدا، لەوانـە گوایـە هـۆی دابرانـی ئەنتۆنی ئـەوەبوو یـەکێك لـەبرادەرەکانی چـەند نامەیـەکی شـای دزی کـەبۆ پاشـاکانی ئەورووپای نـاردبوو و دایەدەسـت عوسمانییـەکان، لەئـەنجامی ئـەم ناپاکییـەش هەسـتی بەمەترسی کرد و لەوەش ترسا کەجارێکی دیکە بگەرێتەوە بۆ ئەسفەهان و، ناچار رۆمای بەجێهێشت و چووە پاڵ پاشای ئیسپانی لەڤینیسیا. رای دیکـەش هـەبوون کـەدەیانگوت ئەنتۆنی هەندێك لەو دیاریانەی کەوا شا بـۆ پاشـاکانی ئـەورووپای نـاردبوون فرۆشـتبووە بارزگانە ئینگلیزەکان کە ئەم کارەش یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کێشـە بکەوێتـە نێـوان ئەنتۆنی و حوسێن بەگی بەیاتەوە.

لەناوەراستی سـاڵی ١٦١٠ز ئەندامانی نێردراوەکەی شا گەیشتنە ئیسپانیا و مـاوەی دوو مانگ لەوێ مانەوە و پاشان بەبێ ئەوەی تـوانن ئەرکـەکانی سەرشـانیان لەدەوڵەتـەکانی دیکەی ئـەورووپا تەواوبکـەن بەتایبـەتیش فەرەنسـاو ئینگلتـەرا گەرانـەوە بـۆ ئێـران، لەراستیشدا حوسێن بەگ دوو نامەی تایبەتی بۆ هەریەك لەپاشاکانیان پێبـوو. لەوانەشـە هۆی سەرەکی گەرانەوەی سەرۆکی نێردراوەکە ئەوەبێ کە سێ لەئەنـدامانی چـوونە سـەر ئایینی مەسیحی و بەئامادەبوونی شا و شاژنی ئیسـپانیا عەلی بەگی کوری حوسێن عـەلی بـەگی بـەیات و ئـەروج بـەگی سـکرتێری یەکـەمی نێردراوەکـە بونیادبـەگ ئـەم هەڵگەرانەوەیەی خۆیانیان بۆ ئایینی مەسیحی راگەیاند. ئینجـا پاشـای ئیسـپانیا ئـەو کەشتییەی کەئەندامەکانی وەفدەکەی دەگواستەوە بۆ ئێران بەرێکرد کە ئەم سەفەرە چوار ساڵی خایاند.

بەمەش شا عەباسی یەکەم تاکو ساڵی ١٦٠٨ز هیچی دیکە نێردراوی نەنارده ئیسپانیا، کاتێکیش کێشەکەیان لەگەڵ عوسمانییەکان قوولتر بووەوە و بەهۆی پێویستیی بۆ یارمەتی جەنگ نێردراوێکی دیکەی نارده ئیسپانیا.

ئەم نێردراوەش بەسەرکردایەتی ڕۆبێرت چێرلی برای ئەنتۆنی لەهەمان ساڵدا ئەسفەهانی بەرەو بەجێهێشت کەگەشتەکەیان دوو ساڵ دەخایەنێ، کاتێک گەیشتنە ئەوێ لەگەڵ فیلیپی سێیەم کۆبوونەوە و ئینجا ڕۆبێرت دوو نامەی شا عەباسی پێشکەشکرد و لەهەردووکیاندا شا باسی هاریکاریی دەکرد بۆ لەناوبردنی دوژمنی هاوبەشیان کە عوسمانییەکانن، بەرانبەر ئەم کارەش شا ئاسانکاری بۆ بازرگانەکانی ئیسپانیا و پورتوگال پێشکەش دەکات.

وادیاربوو کەوا ئەم بەیەك گەیشتنە زۆر ساردبوو، بەڵگەش ئەوەیە کەپاشای ئیسپانی وەڵامەکەی زۆر کورت بوو وتی داوا لەپاپا و پاشاکانی ئەورووپا دەکات کەوا شەڕی عوسمانییەکان بکات و کەشتی دەریایی بنێرێ بۆ داخستنی ئەو دەروازانەی دەریای سوور لەبەردەم بازرگانی عوسمانییەکان لەگەڵ هیندستان، لەوانەش ئەم ساردیە پەیوەندی بەو ڕەتکردنەوەیەی شا هەبووبێ کاتێك بڕیاریدا بەحرەین نەخاتەوە دەست پورتوگالییەکان. بۆیە ڕۆبێرت چێرلی بەناچاری ئیسپانیای بەرەو ئینگلتەرا بەجێهێشت و پاشان لەساڵی ١٦١٥ز گەیشتەوە ئێران.

بەڵام سەرەڕای ئەم سەرنەکەوتنەش شا عەباسی یەکەم نێردراوێکی دیکەشی نارده ئیسپانیا دیسانەوە بەسەرۆکایەتی ڕۆبێرت چێرلی و ناوبراو لەهەمان ساڵدا ئێرانی بەجێهێشت و ماوەی پێنج ساڵ لەئیسپانیا مایەوە و لەو ماوەیەشدا پەیوەندییەکانی سەفەویی و ئیسپانی گرژی تێکەوت بەهۆی ئەو ململانێیەی سەر ناوچەی کەنداوی عەرەبی، بۆیە ڕۆبێرت چێرلی ناچاربوو دیسانەوە ئیسپانیا بەجێبهێڵێت و برواتە ئینگلتەراو پاشان لەساڵی ١٦٢٧ز بەدەستی بەتاڵەوە گەڕایەوە بۆ ئێران.

بەم شێوەیە هەموو هەوڵەکانی شا عەباسی یەکەم بۆ سازکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسپانیا سەرنەگرت و نەیتوانی سۆزی ئیسپانیا بۆ خۆی ڕابکێشێ و بەجووتە شەڕی عوسمانییەکان بکەن، گومانیشی تێدا نییە کەسەرنەکەوتنی هەوڵەکان هۆکارەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ دەسبەسەرداگرتنی ناوچەی کەنداوی عەرەبی و هەر ئەویش بوو لەکۆتاییدا بووە هۆی دابڕانی یەکجارەکی و هەڵگیرسانی شەڕ.

ناکۆکی نێوان سەفەویی و پورتوگال بۆ کەنداوی عەرەبی:

دەسەڵاتی سەفەوییەکان بەسەر بەحرێنەوە:

فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی کەنداو بەدەست حاکمەکانی خۆیانەوەبوو و بەردەوامیش سەرانەیان دەدایە دەوڵەتی ئێران و ئەم هەڵوێستەش تاکو هاتنی هێزەکانی پورتوگالی بۆ ناوچەی کەنداوی عەرەبی بەم شێوەیە مایەوە (کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەمی زایینی) و توانیان لەساڵی ی١٥٠٦زا دوورگەی هورمز داگیربکەن و هەموو فەرمانڕەواکانیشیان خستە ژێر فەرمانی خۆیانەوە و هەروەها لەساڵی ١٥٢٠ز توانیان بەحرەینیش داگیربکەن و سەفەوییەکانیش لەبەرنەوەی هێزی دەریایی و کەشتی جەنگیان نەبوو نەیانتوانی رووبەروویان ببنەوە، ئەمەو سەرەڕای ئەو هەموو کێشە ناوخۆییەی کەهەیانبوو. لەبەر گرنگی بەحرەین لەناوچەکەدا هێزەکانی پورتوگالی بنکەیەکی سەربازیی و ناوەندێکی بازرگانییان تێدا دامەزراند.

لەساڵی ١٦٠١-١٦٠٢ز فروخشای حاکمی دوورگەی هورمز کۆچی دوایی کرد و فەیروزشای کوڕی جێگای گرتەوەو ئەویش شەرەفەدین لوتفوڵڵای کردە وەزیری خۆی و روکنەدین مەسعودی براشی کردە فەرمانڕەوای بەحرەین و، ئینجا ئەم فەرمانڕەوایە هەستی بەوەکرد کەوا پورتوگالیەکان دەست بەسەر توانا و ستراتیژیەتی حوکمەکەی دادەگرن، بۆیە بڕیاریدا کەوا خۆی لێیان رزگاربکات و سەربەخۆیی ئیمارەتەکەی بپارێزێ و ئەم بیرۆکەیەشی لەلای موعینەدینی فالی باسکرد کەیەکێك بوو لەپیاوماقوولانی فارس و گواستیەوە بۆ وێردخانی حاکمی فارس و ئەویش ئەم بیرۆکەیەی زۆر بەلاوە پەسەندبوو بۆیە بڕیاریدا کەوا دەسبەسەر بەحرەیندا بگرێت و بیخاتە پاڵ مولکەکانی سەفەویی و بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی بەسەرکردایەتی موعینەدین فالی سازکرد و بۆ بەحرەینی ناردو دەستی بەسەرداگرت. ئینجا سەربازە سەفەوییەکان لەئازاری١٦٠٢ز هێرشییان کردە سەر ماڵی روکنەدین مەسعود و کوشتیان.

کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە بەر گـوێی فـەرمانڕەوای دورگـەی هـورمزی پورتوگـالی دوو سوپای ئامادەکرد، ئەکەمیان لەرێگای وشکانیەوە هێرشی کرد بەسـەرکردەیی شەرەفەدین لوتفولڵای وەزیر و ئەویدکەشیان دەریایی بوو و بەهــەر دوولا گــەمارۆی بەحرەینیانــدا و ، بۆیە وێردی خان هەوڵیدا بۆ سووککردنی فشاری سەر بەحرەین تەکتیکێك بدۆزێتەوە بۆیە تیپێکی سەربازی نارده سەر کەمبیرۆن و گەمارۆیانــداو پورتوگالیــەکان ناچـاربوون کــەوا چەند کەشتیـەك لەگەمارۆکە بهێننە دەردوەو بینێرن بۆ بەندەری کەمبیرۆن، بەمــەش هــەل بۆ سەفەوییەکان رەخساو توانیان زاڵبن بەسەر هێزەکانی پورتوگالی و پاشان جێپێی خۆیان لەبەحرەیندا جێگیربکەن.

بــەحرەین یەکــەم ئیمــارەت بــوو لەوانــەی مــاوەی یــەك ســەدەبوو لــەژێر دەســەلاتی پورتوگالیەکان بوو هاتە دەرەوە. بۆیە فیلیپی سێیەمی پاشای ئیسپانیا هەوڵیدا بەرێگای گفتووگــۆ و دانوســتانەوە بیگێڕێتــەوە ژێردەســەلاتی خــۆی، بــەلام هــەموو جارێــك سەفەوییەکان ئەم داواکاریەیان رەتدەکردەوە. بەم دەسبەسەرداگرتنەی بــەحرەین لەلایەنــە سەفەوییەکانەوە توانیان بەتەواوی زاڵبن بەسەر خواروی خۆرەلاتی کــەنارەکانی کەنــداوی عەرەبی.

دەسبەسەرداگرتنی کەمبیرۆن لەلایەن سەفەوییەکانەوە:

دەربەندی کەمبیرۆن ماوەی دوو فەرسەخ لەدوورگەی هورمزەوە دووره، هەرکە هێزەکــانی بەریتانی گەیشــتنە کەنـداوی عــەرەبی یەکســەر دەســتیان بەســەرداگرت و بــۆ راگــرتنی کەشتییە زەبەلاحــەکانی بەکاریــدەهێنا، چــونکە بەنــدەرەکانی هــورمز بەکــەلکی ئــەوە نەدەهاتن کەوا کەشــتییەکانیانی لێرابگــرن، پاشــان قەلایــەکی ســەخت و گــەورەی تێــدا سازکرد و لەوێوە پارێزگــاری لەکەشــتیەکانی دەکــرد و لەدواییشــدا کــردی بەبنکەیــەکی دەریــای تایبــەت بــەخۆیان و ناوەنــدێکی بازرگــانی بــۆ وەرگــرتنی بــاجی گــومرگ لــەو کەشتیانەی کەوا بەناو کەنداوی عەرەبیدا تێدەپەڕین.

لەدوای ئەوەی شا عەباس چنگی خۆی لەکەنارەکانی خوارووی خۆراوای کەنداوی عــەرەبی گیرکرد بڕیاریدا دەسەلاتی خۆی بەسەر درێژایی کەرنارەکانی خوارووی خۆراوادا بگرێ بــۆ ئەوەی زاڵبێ بەسەر دەروازەکەیدا، بۆ بەدەسهێنانی ئەمەش دەبوایە روبەرووی هێزەکــانی

پورتوگالی ببێتەوەو لەساڵی ١٦٠٢ز بەبەندەری کەمبیرۆن دەستی پێکرد و گەمارۆیدا، بەلاّم وادیاربوو وەك کارتێکی فشار بەکاری دەهێنا بۆ پاشای ئیسپانیا تاکو وشیاری بکاتەوە و یارمەتی بۆ رەوانەبکات، بەڵگەش بۆ ئەم رایە ئەوەبوو گەمارۆکەی لانەبرد تا ئەوکاتەی سەفیری ئیسپانیا ئەنتۆنیۆ دی جۆڤیا داوای لێکرد. بەلاّم کاتێك پەیوەندیەکانیان بەهۆی نەناردی یارمەتی لەلایەن ئیسپانیاوە گرژی تێکەوت و ئەوکاتەش کۆتایی بەیەکێك لەرووبەروو بوونەوەکانی لەگەڵ عوسمانیەکاندا هێنابوو، ئینجا وێردی خانی حاکمی فارسی راسپارد کەوا سوپایەك رێکبخات و ئەم بەندەرە داگیربکات، ئەویش لەساڵی ١٦١٣ز سوپایەکەی ئامادەکرد و ئیمام قوولی خانی کوڕی کردە سەرکردەی سوپاکەو هێرشیانە کردە سەر شوێنی مەبەست بەلاّم هێرشەکە سەرینەگرت، ئینجا وێردی خان کۆچی دوایی کرد و لەدوای ئەویش کوڕەکەی بوو بەفەرمانڕەوای فارس، لەساڵی دواتردا دووبارە هەوڵیدایەوە کەوا بەندەرەکە لەژێر دەستی پورتوگالیەکان دەربهێنێ و، ئەمجارەیان سەرکەوتنی بەدەستهێناو پاشان لەنزیك ئەویشدا بەندەرێکی دیکەی دروسکرد کەبەبەندەر عەباس ناوی دەرکرد و ئەویش بەبۆنەی ئەوەبوو کەوا پوروتوگالیەکانیان لەبەندەرە کۆنەکە دەرکرد و لەسەردەمی شا عەباسیش بەندەرە نوێیەکەیان دروسکرد.

بەمشێوەیە دەربەندی کەمبیرۆن بوو بەدووەم دەربەند کەلەلایەن سەفەوییەکانەوە دەستی بەسەردادەگیرێ و پورتوگالیەکایشیان لێ دەردەکەن، لەمەش هێندەی دیکە پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و هێزەکانی پورتوگالی ناوچەی کەنداوی عەرەبی گرژی تێکەوت، ئەم بارەش بەردەوام گرژتر دەبوو تا ئەوکاتەی سەفەوییەکان دەستیان بەسەر دوورگەی هورمزداگرت.

داگیرکردنی دوورگەی هورمز لەلایەنە سەفەوییەکان:

لەدوای ئەوەی سەفەوییەکان بەحرەین و کەمبیرۆنی داگیرکرد هێندەی دیکە پەیوەندییەکانی نێوانیان گرژی تێکەوت و گەیشتە پلەی دابڕان و نەمانی یەکجارەکی پەیوەندی، ئینجا پاشای ئیسپانی لەدوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی دۆن گارسیا

نامەیەکی بۆ شا عەباسی یەکەم نارد و تیایدا پێشنیاری پێویستیی گێڕانەوەی بەحرەین و کەمبیرۆنی کرد و هۆشداری ئەوەشی دایێ کەوا هێرش دەکەنە سەر دورگەی هورمز.

بەمجۆرە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا هەڵوێستەکە گەیشتە ئەوپەڕی گرژی و هەردوولاش خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکرد. فیلیپی سێیەم لەلای خۆیەوە فەرمانی دایە هێزەکانی نێو هورمز وشیار و ئاگاداربن و ئامادەبن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سەفەویی ئەگەر ئەو شوێنانەی ئەوان داگیریان کردبوون لێی نەکشێنەوە. ئینجا هێزەکانی پورتوگالی دەسیاکرد بەبلاوکردنەوەی پروپاگەندە گوایە کەشتی گەلیەکانی پورتوگالی لەبەندەری جوای هیندستانەوە دەستیان کردوە بەجووڵە و بەرەو کەنداوی عەرەبی بەرێوەن بۆ ئەوەی ئامادەکاریی بکەن لەبەرانبەر هەموو ئەوانەی کەبیانەوێ هێرشبکەنە سەر هورمز، جگە لەمەش کەشتیە ئینگلیزیەکان کە بەڵێنیان بەکۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاتی دابوو بێنە دوورگەکە بەهیچ شێوەیەك ناگاتە بەندەری جاسکی نزیك دەریای عومان.

لەبەرانبەریشدا شا عەباسی یەکەم سوپایەکەی خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی لەژێ پورتوگالیەکان و لەدورگەی هورمز بجەنگێ، بەلاّم هەستی کرد پێویستی بە کەشتی گەل هەیە بۆ قاییم کردنی گەمارۆی سەر دوورگەکە؛ بۆ ئەم مەبەستەش ئیمام قولی خانی حاکمی فارسی راسپارد کەوا لەگەڵ کۆمپانیای خۆرەلاتی ئینگلیزیی دانوستان بکات، کەدەبوایە جێگای هێزەکانی پورتوگالی لەکەنداوی عەرەبی بگرێتەوە، بێن و یارمەتییان بدەن بۆ لێدانی کەشتی گەلی پورتوگالییەکان.

ماوەی یەک ساڵی تەواو ئەم دانوستانە بەردەوامبوو:

- کۆمپانیا ئینگلیزیەکە دوو دڵ بوو لەم کارە چونکە پەیوەندیەکی گونجاوی هەبوو لەگەڵ ئیسپانیا و ناشبێ کۆمپانیا بەبێ پرسی پاشا بەریتانیا ئەم کارەبکات و دڵنیاش بوون لەوەی پاشا ئەم کارە رەتدەکاتەوە.

- کۆمپانیا ئینگلیزیەکە دەترسا کە ئەگەر لەم هەڵمەتەیدا سەرنەکەوت ئەوا کاریگەری دەبێ لەسەر بوون و تواناکانی لەزەریای هیند.

ئەم دوو دڵیەش جگە لەو هەڕەشەی کەوا ئیمام قولیخـان بـەناوی شـا عەباسـەوە کـردی هەموو ئەو دەسکەوتە بازرگانی و قازانجانەی ئەوان دەیبەخشـنە کۆمپانیـا ئینگلیزیەکـە وەك چیدیکە حەریر نانێرن بۆ ئینگلتەرا و بەمەش زیـانێکی مـاڵی زۆریـان بەردەکـەوێ، هیچ شتێکی دیکەی بەدواوە نەبوو. بۆیە کۆمپانیا ئینگلیزیەکە وای دەبـینی کـە ئەگـەر بێتوو هاوکاری سەفەوییەکان بکات لـەدژی پورتوگالیـەکان و سـەفەوییەکان سـەرکەوتن ئەوان تێیدا سوودمەند دەبن.

لە٨کانوونی دووەم١٦٢٢ز ئیمام قولی خان لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیاکە کۆبۆوەو لەسـەر ئەم خاڵانە رێکەوتن:

- هـەردوولا بەیەکسـانی خەرجییـەکانی شـەڕەکەو دەسـکەوت و باجـەکانی گـومرگ لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن.

- دوورگەی هورمز لەدوای ئازادکردنی لەدەستی پورتوگالیەکان بەیەکەوە سەرپەرشـتی دەکەن.

- ئێران هەموو دیلە موسوڵمانەکان و کۆمپانیـا ئینگلیزییەکـەش هـەموو مەسـیحیە بەدیل گیراوەکانی بەرکەوێ.

لەدوای ئەوەی رێکـەوتن هـەردوولا خۆیـان بـۆ شەڕوکوشـتار ئامـادەکرد، شـا عـەباس سوپایەکی پانزەهەزار سەربازی ئامادەکرد و بەرەو دوورگەی هورمز وەرێخست، هەروەها بۆ ئەوەی یارمەتییەکان لەپورتوگالیەکان ببڕێ هۆزە عەرەبـەکانی رەئس ئەلخەیـمەی لـێ هەڵگێڕانەوە و ئەوانیش لەم ئیمارەتە دەریانکردن و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ عەرەبەکانی شاریقە و عومان رێکەوتن کە لـەدژی بـوونی پورتوگالیـەکان شـۆڕش بکـەن و راپـەڕن و چیدیکەی خواردن و یارمەتی بۆ پورتوگالیەکانی دوورگەی هـورمز نـەنێردرێ و ئەمـەش کاریگەریی خستە سەر تواناکانی شـەڕیان، ئەمـەش نیشـانەی ئەوەیـە کـەوا عـەرەب و ئێرانییەکان رقیان لەو دەسەڵاتەی پورتوگالیەکان هەڵسابوو کەبەسەر کەنداوی عەرەبیەوە هەیبوو.

ئینجا کۆمپانیا ئینگلیزیەکە چەند کەشتیەکی نارده بەندەری جاسـك لـەخوارووی ئێـران کەشوێنەکەی زاڵبوو لەسـەر دەریای عومان بۆ ئەوی لەجێگای رووبەروو بوونەوەکەوە نزیك بێت.

ئینجا هەردوولا بەرەو داگیرکردنی دورگەی قەشم هەڵمەتیان بـرد و کەلـەنزیك دوورگـەی هورمزبوو و خاوەن ناوێکی سازگاربوو و داگیرییان کردو، بەڵام هێزە پارێزگارەکان خۆیـان بەدەستەوەدا لەبەرانبەر:

- دڵنیایی بدرێتە پورتوگالیەکانی دانیشتووی دوورگەکە و نەیان کوژن.
- کەشتیە ئینگلیزیەکان ئـەم پورتوگالیانـە بـەخۆیان و چـەك و پێداویسـتیەکانیانەوە بگوازنەوە بۆ دوورگەی هورمز.
- دەسدرێژیی نەکردنە سەر ئەو ئێرانیانەی کە شانبەشانی ئەوان دەجەنگان.

بەڵام ئەوان هەموو ئەو خاڵانـەیان پێشـێلکرد، ئـەوەبوو هێزەکـانی ئێـران هـەموو ئـەو ئێرانیانـەیان کوشـت کـەوا هاریکـاری پورتوگالیـەکانیان کردبـوو، لـەلای خۆشـیانەوە هێزەکانی ئینگلیز سەرکردەی قەڵاکەیان گرت و ناردیانەوەی بۆ مەڵبەنـدی سـەرەکی لـە بەندەری سوراتی هیندی و هەردوو هێزەکەش دەستیان بەسـەر چـەك و پێداویسـتییەکانی هێزی پورتوگالیدا گرت.

لەدوای ئەم هەنگاوانە هەردوولای ئێرانی و ئینگلیزیـی دەستیانکرد بـە خۆسـازدان بـۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ئەو دوورگەیەی کەلە٩شوبات١٦٢٢ز وە گەمارۆدرابوو.

ئینجا لەلای خۆیانەوە هێزەکانی پورتوگالی ئامادەباشی تەواویان پەیـداکرد بـۆ رێگـرتنی هەر هێرش و پەلامارێك و تۆپەکانی نێو قەڵاکەشی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرد.

لەماوەی چەند رۆژێکی کەمی گەمارۆکە هێزی دەریاوانی ئینگلیـزی لەدابەزانـدنی سـێ هەزار سەربازی سەفەویی لەسەر خاکی دوورگەکە سەرکەوتنیان بەدەسهێناو پاشـان بـەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکی کەشایانی باسـبێ توانیـان دەسـتی بەسـەردا بگـرن، چـونکە هێزەکانی پورتوگالی لێی کشابوونەوەو لەقەڵاکەیـدا خۆیـان قـایم کردبـوو و لـەدەووری

ئەوێشدا شەڕ هەر بەردەوامبوو. هەموو هەوڵەکانی هێـزی پورتوگـالی سـەرینەگرت بـۆ شکاندنی سەفەوییەکان و دەرکردنیان و هەروەها لەگەڵ ئینگلیزەکانیشدا هـەمان شـتیان بەسەرهات.

لەهەردوو لاوە ئینگلیز و سەفەوییەکان زۆر بەتوونـدی گـەمارۆی قەلاَکەیانـدا و زۆربـەی دیوارەکانیشیان شکاند و دەستیشیان بەسـەر چـەند تاوەرێکیـدا گـرت و رێگـای چـوونە ژووردەوەی خواردن و پێداویستیەکانیان لێگرت و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بێ ئومێدی باڵ بەسەر بەرگریکاراندا بکێشێ و لەکۆتاییدا و لەیەکی ئایاری١٦٢٢ز داوای خۆبەدەسـتەوە دانیان کرد.

لەدوای ئەوەی بەتەواوی زاڵبوون بەسەر دوورگەکەو قەلاَکەیدا هێزی دەریاوانی سێ هـەزار پورتوگالی گواستەوە بۆ مـەسقەت و بەندەرەکانی کەناری عومان.

بەمشێوەیە بوونی پورتوگالیەکان کـەماوەی یـەك سـەدەی خایانـد لەدوورگـەی هـورمز کۆتایی هات.

بەدواداچوونێک دەربارەی رووخانی هورمز:

- رووخانی هورمز وەك گورزێکی کوشندە وابوو بەر پورتوگالیەکان کـەوت لەکەنـداوی عەرەبیدا، چـونکە لـە دوای لەدەسـدانی بـەحرەین و کـەمبیرۆن قەشم، ئـەم دوورگەیـە گەورەترین کۆبوونەوەی پورتوگالیەکانی لێبوو لەناوچەکەدا.

- ئەم رووخانەی کۆتایی بەدەسـەلاَتی فـەرمانڕەوا ناوخۆییـەکانیش هێنـا کەچـەندین سەدەبوو حوکمڕانیان دەکـردو دوایـین فەرمانڕواشـیان کـەناوی مەحمودشـا بـوو بـەدیلی رەوانـەی ئەسـفەهان کـراو، لەدواییشـدا سـەفەوییەکان و ئینگلیـز بەهاوبەشـی سەرپەرشتییان دەکرد.

- ئەم رووخانە بووە هۆکاری باشتربوونی باری ئینگلیز لەناوچەکەدا چـوونکە سـەرەتا وەك کۆمپانیایەکی بازرگانی تێیدا ناسرابوو، پاشان بـوو بـە قەوارەیـەکی سـەربازیی و دەسەلاَتی خۆی دەسەپاندە سەر سەرجەم دەوڵەتەکانی کەنداو و هەرچی خێروبێـری ئـەو

ناوچەیەش هەبوو هەمووی تالآن دەکرد و سالآنێکی دوورودرێژیش تەنگی بەنەتەوەکانیان هەڵچنیبوو.

- بـوونی ئینگلیـز لەکەنـداوی عەرەبیـدا هـانی هۆڵەندییەکانیـدا کـەوا بەکەشـتی گەلیەکانیانەوە بێنە ناوچـەکە، بەمـەش ماوەیـەکی زۆر کێشـەو نـاکۆکی کەوتـە نێـوان پورتوگالی و ئینگلیز و هۆڵەندییەکان و کـە زیـاتر لەکۆتاییـەکانی فەرمانڕەوایـەتی شـا عەباسی یەکەم سەری هەڵدا.

- شا عەباسی یەکەم هەموو چالاکیە بازرگانییەکانی گواستەوە بۆ بەنـدەری عـەباس و بۆیەش ئەم هەنگاوەی هەڵهێنا چونکە هەستی بەوە دەکرد کـە پورتوگالیـەکان لەوانەیـە هەوڵی گێڕانەوەی دوورگەکە بدەنەوە، لەبەردەم ئەم پشتگوێخستنە بەئەنقەستە دورگەکـە وردەوردە گرنگیەکـەی وەك ناوەنـدێکی بازرگـانی لەدەسـدا و لـەجیاتی ئـەویش بەنـدەر عەباس بوو بەگەورەترین بەندەری ناوچـەکە کـەزاڵ بـوو بەسـەر چـالاکیە بازرگانیـەکانی کەنداوی عەرەبی و تاکو ئێستا هەمان پلەی هەیە.

- پورتوگالیەکان پاڵپشتیان لەناوەندەکانی بازرگانیی خۆیان لەمەسقەت و عومان کـرد بەلآم ئەوان هەمیشـە لەلایـەن عەرەبـەوە هەڕەشـەیان لێـدەکرا چـونکە عەرەبـەکان زۆر بەبێزاریـەوە مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکـردن. بۆیـە زیـاد لـەجارێك هـەوڵی گێڕانـەوەی هورمزیاندا بەلآم بێ سوود بوو، چونکە هەموو جارێك بەرەنگاریيان دەبوونەوە.

- لەدوای سەرنەکەوتنیان لەهەوڵەکانی گێڕانەوەی دوورگەکە و لەبەردەم نەشـونماکردنی زیاتری بازرگانی ئینگلیز و هۆڵەندیـەکان لەناوچـەی کەنـداوی عـەرەبی پورتوگالیـەکان هەوڵیاندا کەوا جێپێی خۆیـان لەناوچـەکەدا بکەنـەوەو سـەرەتا ویسـتیان خۆیـان لەشـا عەباسی یەکـەم نزیـك بخەنـەوە، بۆیـە پێشـنیاری ڕێککـەوتنێکی ئاشـتیان بـۆ کـرد و کەبەهۆیـەوە پـەیمان دەدەن هـیچ هەڵمـەت و هێرشـێك نەبەنـە سـەر خـاکی ئێـران و لەبەرانبەریشدا:

- ڕێگایان پێبدرێ کەوا قەلآیەك و ناوەندێکی بازرگانی لـەباکوری خـۆرەلآتی بەنـدەری لینکە لەسەر کەنارەکانی لورستان لە لنك دروستبکەن.

- ڕێگایان پێبدرێ کەوا ڕاوی مرواری لەکەنارەکانی بەحرەیندا بکەن.
- باج نەخرێتە سەر کاڵا بازرگانیەکانی پورتوگالی کە بۆ بەندەری لینك دێ.
- بەشێوەیەکی یەکسان داهاتی بەندەرەکە لەنێوان ئێران پورتوگال دابەشبکەن.

شا عەباسی یەکەم لەسەر ئەم داخوازیانە ڕەزامەندی نواند و هەرخۆشی ئارەزووی لەوەبوو کەوا پەیوەندیەکانی لەگەڵ پورتوگالەکاندا نەپچڕێنێ و لەکاتی تەنگژەی لەگەڵ ئینگلیز و هۆڵەندییەکان هانایان بۆ ببات.

پەیوەندیەکانی سەفەویی و ئینگلیز:

گەشتی ئەنتۆنی چێرلی: لەدوای ئەوەی شا عەباس کێشەکانی ناوخۆیی یەکلاکردەوە و بارەکەی سەقامگیرکرد و لەبەرانبەر سوننیەکانی ئۆزبەکی لەخۆراسان و وڵاتی پشت ڕووباریشدا سەرکەوتنی گەورە و یەکلاییکەرەوەی وەدەسهێنا و کەشتیگەلی ئینگلیزیش کەشتیگەلی ئیسپانیەکانی ناسراو بەئەرمادا لە١٥٨٨ز ڕاونا و، کە ئەمەش بووە هۆی ڕوونبوونەوەی ئاسۆی دەریاوانیی لەبەردەم ئینگلیز چ لەدەریای سپی ناوەراست چ لە سوورانەوە بەدەوری ئەفریقیا لەرێگای ڕەئس ڕەجا سالح و گەیشتن بە ئاوەکانی خوارووی وڵاتی ئیسلامی و پاشان بۆ ئەوپەری خۆرهەڵات. لەدوای ئەمانەش و لەساڵی ١٦٠٠ز بناغەی گەورەترین ئیمپراتۆری ئینگیزی داگیرکار لەهەردوو خۆرهەڵاتی ناوین و ئەوپەری خۆرهەڵات داندرا.

هەر لەو ساتانەشدا بوو کەوا گەشتی گیانبازەکان و بازرگانەکان و خاوەن پیشەو کارە تایبەتییەکان لەسەرانسەری خۆرهەڵاتەوە دەستی پێکرد و هەموو بەدوای کاری بازرگانی سوودمەندندا دەگەڕان، لەناو ئەوانیشدا ئەنتۆنی و ڕۆبێرت چێرلی کەبرابوون و لەساڵی ١٥٩٩ز چوونە کۆشکی پاشایەتی شا عەباسی یەکەم و لەو کاتەش گەیشتن کەوا لەگەڵ ئۆزبەکەکاندا خەریکی شەڕبوون و هەرکە گەڕایەوە بۆ قەزوین لەگەڵیان کۆبووەو گفتووگۆی هەڵی سازکردنی پەیماننامەیەکیان دەکرد کەلەسەر دوو بنچینە دروسببێ:

یەکەم: هاوپەمانیەتی سازکردنی لەنێوان ئەو و پاشاکانی ئەورووپا لەدژی دەوڵەتی عوسمانی کە دوژمنی هاوبەشیانە.

دووەم: دەسکەوت و ئاسانکاری بۆ ئـەو بازرگانـە بەریتانیانـە دابینبکرێـت کـەئارەزووی چالاکی هاوبەشی بازرگانیان هەیە لەگەڵ سەفەوییەکاندا.

شا عەباسی یەکەم زۆر زیرەك بوو بۆیە دەرکی بەوەدەکرد کەوا ئەورووپیەکان لەمەیـدانی شەڕدا باڵادەستن بەتایبەتیش لەبواری کەشتیگەلی دەریایی و سوپای خاوەن چەکی تۆپ و تفەنگ و کۆمەڵێك بەڵگەشی لەبەردەم بوو کەئەوەیان دەردەخست ئەوەی خاوەنی تفـەنگ و تۆپ بێ هەمیشە لەشەڕەکاندا سـەرکەوتوو دەبێ ئەگەر ژمارەی سـەربازەکانیشی کـەمبێ وەك ئەوەی لەچاڵدێران روویـداو، شکـستی ئۆزبەکـەکان بـەهۆی تۆپبارانـەوە، هـەروەها باڵادەستی پورتوگاڵ لەبواری کەشتیگەلی خاوەن تۆپەکان و سەکەوتنی ئەکبەری حـاکمی هیندستانی مەگۆل بەهۆی تۆپەکانیەوە. کاتێکیش پێویستی بەخەڵکی شارەزا هەبوایە بۆ ئەوەی سوپاکەی رێکبخەنەوە بەتۆپ و تفەنگ پڕچەکی بکەن و تفـەنگ بەدەسـتەکانیش رابهێـنن، لەبەرئـەوی زۆریـەی ئەنـدامانی نێردراوەکـان کـەیاوەری ئەوانیدیکـەبوون و ژمارەیان تەنها بیست و پێنج کەسبوون هەمووی شارازەی بواری سـەربازیبوون و ویـستی سوود لەشارەزاییان وەربگرێ بەتایبەتی دووبراکە، داوای لێکـردن چـەك و سوارچـاکەکان وەك ئەو سیستەمەی لەئەورووپادا هەیە و پەیڕەو دەکـرێ رێکیـان بخـەن و هەندێکیشـانی کردە سـەرپەرشتیاری کارگەکانی دروستکردنی چەکی ئاگرین لەئەسفەهان و هەر ئەوانەش بـوون یارمـەتی سـوپای سـەفەوییەکانیاندا لـەرووی تـۆپ و تفـەنگ و بەمـەش تـوانی لەئازەربێجان رووبەرووی سوپای دەوڵەتی عوسمانیی ببێتەوە.

سەرکەوتنی ئەنتۆنی چێرلی لەکارە سەربازییەکانیدا بووە هۆی ئەوەی شا زیاتر پشتی پـێ ببەستێت و لەبواری سیاسەتیشدا کاری پێڕسپێرێ، ئەوەبوو یەکەم کاری کەپێی راسـپارد پەیوەندی کردن بوو بەپاشاکانی ئەورووپا و وشیارکردنەوەیان بۆ سـازکردنی هاوپـەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویی لەدژی دەوڵـەتی عوسمـانیی و لەگـەڵ حوسـێن بـەگیش ناردیـە ئەورووپا، هەروەك پێشتر باسمانکرد.

لەراستیدا پلانە بازرگانیەکەی ئەنتۆنی چێرلی دووچاری کۆمەڵێك نـارەزاییبوون هاتـەوە لەلایەن کۆمپانیای خۆرەلاتی ئینگلیزی، چونکە ئەوان پێیان وابوو کەئەم هەوڵە سیاسـی و بازرگانیانە دەبنە هۆی ئەوەی دەروازەیـەکی راسـتەوخۆ لـەنێوان ئینگلتـەرا و ئێرانـدا

بکاتەوە و بەمەش زیان بەبەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکە دەکەوێ لەخۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست. لەراستیشدا پلانە بازرگانیەکانی ئەنتۆنی هەڕەشەی لەبەرژەوەندیەکانی کۆمپانیای ناوبراو دەکرد، چونکە ئەو پلانە بازرگانییە خۆرهەڵاتیەکەی لەباکوورەوە دەگواستەوە بۆ باشوور و بەنێو خاکی سەفەوییەکاندا تێدەپەڕی و لەوێشەوە بۆ کەنداوی عەرەبی.

بەکردنیش لەنێوان ئەنتۆنی و سەرۆکی وەفدەکە حوسێن عەلی بەگی بەیات ناکۆکی دروست بوو و بەمەش ئەنتۆنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران پچڕاند و چیدیکە نەگەڕایەوە بۆ ئێران، ئەمەش کاریگەری کردە سەر هەڵوێستی شا لەبەرانبەر رۆبێرتی برای و شا ئەو متمانەیەی جارانی پێنەما و زۆر بەوشکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، بۆیە رۆبێرت هەوڵیدا کەوا ئەو متمانەیە بگێڕێتەوە، بۆیە لەشەڕەکانی دژ بەعوسمانییەکان بەشداری دەکردو پاشان سەرکردایەتی یەکێك لەتیپەکانی سوپای سەفەویی بەدەستەوەگرت و زۆر بەگەرمی و گوڕیەوە شەڕی دەکرد و سێ جاریش برینداربوو و ئەم هەڵوێستانەش کاریگەرییان لەسەر بۆچوونەکانی شا هەبوو و جارێکی دیکە متمانەکەی گێڕایەوە و کارێکی نوێ پێڕاسپارد و ناردیە ئەورووپا.

ناردنی رۆبێرت چێرلی بۆ بەریتانیا: لەساڵی ١٦٠٧ ز رۆبێرت چێرلی ئێرانی بەجێهێشت و بەرەو ئینگلتەرا کەوتەرێ و لەساڵی ١٦١١ز گەیشتە ئیسپانیاو پاشان گەیشتە شوێنی مەبەست و لەگەڵ جەیمسی یەکەمی پاشای ئینگلتەرا (١٦٠٣-١٦٢٥ز) کۆبووەوە و نامەیەکی شا عەباسی یەکەمی پێشکەش کرد کەتیایدا بڕیاری ئەوە هەبوو رۆبێرت چێرلی وەك نوێنەری ئەو و رێکخەری کاروبارەکانی دانوستانی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ پاشا گفتوگۆبکات.

رۆبێرت چێرلی پێشنیاری پەیماننامەیەکی دۆستانەی کرد کەلەنێوان ئەو و شا عەباسی یەکەمدا مۆربکرێ و ئەم بەندانەش لەخۆبگرێ:

- ئاسانکاری بکرێت بۆ نێردراوە بەریتانیەکان.

- ڕێگەدان بەدروسـکردنی دوو ناوەنـدی بازرگـانی بـەریتانی لـەدوو بەنـدەری ئێرانـی کەدەڕواننە سـەر کەنداوی عـەرەبی.

- ڕەزامەندی نواندن لەسەر دانانی دوو نێردراوی هەمیشەیی لەم دوو بەندەرەدا.

- ویـستەکانی شا لەکڕینی کەشتییە ئینگلیزیەکان، بەمەرجێك بەپارچەپارچەیی بگەنە ئەوێ و بۆخۆیان لەوێدا کۆیانبکەنەوە.

- ڕێگەدان بە بازرگانە بەریتانیەکان تا دەست بەسەر فرۆشتنی حەریری ئێرانیدا بگرن و لەکەشتیەکانی ئینگلیز باریبکەن و بیگوازنەوە بۆ ئەوروپا، بەمەرجێك لـەڕێگای ڕەئـس ڕەجا سالحەوە بێت و بەخاکی عوسمانییەکاندا گوزەر نەکات.

- ئارەزووی شا لەسازدانی ڕێککەوتنێکی سەربازیی.

پاشای بەریتانیا گرنگیەکی زۆری نواند لەبەردەم پێشـنیارەکانی شـا عـەباس و بـۆ ئـەم مەبەستەش لێژنەیـەکی چـوارقۆڵی لەفەرمانبـەرە گـەورەکانی کۆمپانیـای هینـدسـتانی خۆرەلاتی پێکهێنا بۆ ئەوەی لەم پرۆژەیە بکۆڵنەوەو راپۆرتێکیشـی لـەبارەوە پێشـکەش بکەن، بەلاّم بازرگانە ئینگلیزەکان بەم بیانووانە پرۆژەکەیان ڕەتکردەوە:

- ڕێگای ئێران و ڕەئس ڕەجا سالح زۆر دوورو درێژە.

- سوودە بازرگانیەکان لەگەڵ ئێرانیەکاندا زۆر گەرەنتی نییە.

- ئینگلیزەکان خاوەنی بازرگانییەکی چالاکبوون لەگەڵ بەندەرەکانی ولاّتی شام و قایـل بوون لەسەر ئەم جۆرە پێشنیارانە کاریگەری خراپ دەکاتە سـەر مامەڵـە بازرگانیـەکیان لەگەڵ ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی.

لەبەر ئەم ڕەتکردنەوەیە ڕۆبێرت چێرلی بەدەستی بەتاڵەوە و بـەبێ ئـەوەی هـیچ شـتێکی دەسکەوێ بۆ شا عەباسی یەکەم لەساڵی ١٦١٥ز گەیشتەوە ئەسفەهان.

گەشتی دووەمی ڕۆبێرت چێرلی بۆ ئینگلتەرا: لـەدوای چـەند مانگێـك ڕۆبێـرت چـێرلی جارێکی دیکـە لەلایـەن شـا عـەباسـەوە فـەرمانی بـۆ دەرچـوو بچـێتەوە بـۆ ئـەوروپا و ئەوکاتەش خـەریکبوو بەیـەکجاری شـا پورتوگالیـەکان لەکەنـداوی عـەرەبی وەدەرنـێ،

لەهەمان ساڵیشدا ئێرانی بەجێهێشت و گەیشتە ئیسپانیا و تا ساڵی ١٦٢٢ز لەوێدا مایەوەو پاشان بەرەو ئینگلتەرا کەوتەرێ و دیسانەوەی لەگەڵ پاشا جەیمسی یەکەم کۆبۆوە و پێشنیاری پەیماننامەیەکی بۆ کرد کەوا لەدوو بەند پێکهاتبوو:

- ئینگلتەرا پەیمانبدات کەهەمیشە کەشتیەکانی ناوچەی کەنداوی عەرەبی ئامادەبن بۆ یارمەتیدانی ئێرانییەکان لەدژی پورتوگالیەکان ئەوانەی لەبەندەرەکانی ئەوێدا ماونەوەو، گەنجینەی ئێرانیش هەموو خەرجیەکانی ئەو کەشتانە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە.

- ئێران پەیمان دەدات کەوا بیست و پێنج هەزار سەربازی خۆی پێشکەشبکات بۆ ئەوەی لەسەر کەشتیەکان کاربکەن و بخرێنە بەر فەرمانی حکومەتی ئینگلیزی.

وادیار بوو پاشای ئینگلتەرا بەم دوو پێشنیارە رازیبوو بەلاّم لەبەر ئەوەی کۆچیی دوایکرد پەیماننامەکە مۆر نەکراو لەدوای ئەویش چارلّی یەکەم ١٦٢٩-١٦٤٠ز جێی گرتەوەو زۆر خاوەخاوی کرد لەواژووکردنەکە. ئەو کاتەش نێردراوێکی دیکەی ئێرانی گەیشتە لەندەن بۆ ئەوەی هاریکاری نێردراوەکەی پێشووبکات لەدانوستانەکاندا ئەویش نەقد عەلی بەگبوو. بەلاّم وادیاربوو ئەو بازرگانە ئینگلیزانەی بەرهەڵستکاری ئەم رێکەوتنە بوون بەرەنگاری بوونەوەو رەخنەی زۆریان لێیگرت و ئەو نامانەی لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان بۆ پاشا چارڵ هەموویان بەدرۆخستەوە، بۆیە پاشا ناچار بوو بۆ ساغکردنەوەی هەڵوێستەکە نێردراوێکی خۆی لەگەڵ رۆبێرت چێرلی کەناوی دەدمۆند کۆتۆن بوو بنێرێتە ئێران بۆ ئەوەی لەراستی ناوەڕۆکی نامەکە بکۆڵێتەوەو بگاتە راستیەکی کۆتایی لەنێوان ئەوانەی دەیانگوت راستەو ئەوانەی دەیانگوت پەیوەندیان بە شا عەباسەوە نییە، فەرمانی پێکرد کەوا پیرۆزبایی لەشا عەباس بکات بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنانەی بەسەر پورتوگالیەکان هێنای و توانی لەدوورگەی هورمز وەدەریانبنێ و دەستیش بەسەر عیراقدا بگرێ، هەروەها پلانی دیکەی بازرگانی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی بواری زیاتری بازرگانی ئینگلیز لەگەڵ ئێران برەخسێنێ.

نێردراوەکە لەرێگای رەئس رەجا ساڵحەوە گەرانەوە بۆ ئێران و وادیاربوو کەوا نەقد عەلی بەگ لەپاشەڕۆژ دەترسا و ژەهری خوارد و خۆی کوشت. لەکانوونی دووەم١٦٢٧ز نێردراوەکە گەیشتە ئێران.

شا عەباسی یەکەم رازەمەندی بۆ ویستەکانی ئینگلیز دەربڕی لەزیادکردنی قەبارەی بازرگانییەکانیان بەتایبەتیش حەریر و بەڵێنی دا بە دیدمۆند کەوا ساڵانە دە هەزار باڵەی حەریر بداتە ئینگلیز، لەدوای ماوەیەکی کورتی هاتنەوەی رۆبێرت چێرلی چەند کەسێکی دەوروبەری شا کۆمەڵێك قسەیان بۆ دروستکردو لەبەرچاوی شا نرخیان دابەزاند کەئەوانەش دۆستەکانی نەقد عەلی بەگ بوون و بۆیە شا لێی تووڕەبوو و فەرمانیدا کەوا لەئێران بچێتە دەرێ، ئەویش زۆر هەستی بەخەم و پەژارە کردو لەقەزوین نەخۆش کەوت و لەحوزەیرانی ١٦٢٧ز کۆچی دوایی کردو لەدوای چەند مانگێکیش دیدمۆندیش مرد و هەردووکیان لەقەزوین و بەتەنیشت یەکەوە نێژران.

سەرەڕای ئەوەی تۆمەتیان بۆ رۆبێرت چێرلی دروستکردبوو، کەچی شا پلانەکەی راگرت و چیدیکە نێردراوی تایبەتی خۆی نەنارده ئەورووپا، چونکە ئەو لەهاندانی ئەورووپییەکان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی سەکەوتنی بەدەسنەهێنا و بەتایبەتیش ئێستا خەریکی سازدانی رێکەوتنێکی ئاشتیانەیە لەگەڵ عوسمانییەکان و چیدیکە پێویستی پێی نەماوە، پاشانیش باشبوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆمپانیای هیندستانی خۆرهەڵات-ئینگلیز لەرووی سیاسی و بازرگانییەوە لەلایەن سەرۆك و نێردراوەکانیانەوە بەرهەڵستی لێدەکرێت و لەگەڵ بۆچوونەکانی رۆبێرت یەکناگرنەوە، ئەمەش بوو بەهۆکارێکی دیکە بۆ ئەوەی شا دەسبەرداری خزمەتەکانی بێ.

لەوانەیە ئەو خزمەتە زۆر و پربەهایەی رۆبێرت چێرلی و ئەنتۆنیۆی برای پێشکەشی دەوڵەتی سەفەوییان کرد بووە هۆی ئەوەی توانا سەربازیەکانی بەرەوپێشبچێ و بتوانێ بەهۆیەوە لەدژی عوسمانییەکان بوەستێتەوە.

بەدواداچوونێکی پەیوەندیەکانی سەفەویی-ئینگلیز:

لەراستیدا ئەو پێشنیارە بازرگانییە دەسکراوەییەی شا عەباسی یەکەم پێشکەشی ئینگلیزی کرد هەموو بۆ ئەوەبوو ئامانجە سیاسی و سەربازییە لەمێژینەکانی خۆی پێ مسۆگەربکات، کە ئەویش پێکهاتبوو لەسازدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەورووپییەکان لەدژی دەوڵەتی عوسمانیی. لەدواییشدا دەرکی بەوەکردبوو کە کێشەو ململانێیەکانی لەگەڵ عوسمانیەکان کۆتایی پێنەهاتوودو بۆ ئەوەش لەبەرەی عیراقدا لاوازیان بکات دەبوایە

بەرەیەکی دیکەی شەڕیان بۆ بکاتەوە، بەڵام دەوڵەتە ئەورووپیەکان ئامادەکارییان بۆ ئـەم کارە نەبوو، تەنها چەند ئیمارەتێکی بچووکی ئیتالی نەبێ کەسی دیکە ئـەم ئامادەییـەی نەبوو بەتایبەتیش ئیمارەتی تۆسکانا و پاپا کەئەوانە هـەردووکیان ئومێـدیان خـستبووە سەر ئەو هاوپەیمانێتییەی کەلەنێوان ئـەوان و فـەخرەدینی مـەعنی مـیری لوبنـان و شـا عەباسـی یەکـەمی سـەفەویی بـەرپابکرێ و لەدواییـدا هـەموو بەیەکـەوە پـەلاماری عوسمانییـەکان بـدەن، بـەلام ئـەم هیـواو ئومێدانـە تـەنها لەچوارچـێوەی خۆزگـە و نامەگۆڕینەوەدا مانەوە و نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە شای ئینگلیز ئامادە نەبوو بەشێوەیەکی گشتی هاوپەیمانێتی لەگـەڵ سەفەوییەکان بکات و لـەدژی سـەرجەم دوژمنـەکانیان بوەسـتێ، بەتایبـەتیش ئینگلیـز خاوەنی بەرژەوەندی زۆری بازرگانی بوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی و ئـەم بەرژەوەندیـەش پەیوەندی بەچالاکیەکانی کۆمپانیای خۆرەلاتی ئینگلیزەوە هەبوو، بۆیە شا لەسـازکردنی هاوپەیمانێتی لەگـەڵ ئینگلیزەکـان لـەدژی دەولـەتی عوسمـانیی نـەك هـەر سـەکەوتنی بەدەسـتەهێنا، بـەڵکو بـەهۆی دەرکردنـی پورتوگالیـەکان لەدورگـەی هـورمز، بیریـان لـەوەکردەوە کـەوا ئـارامیی بگێڕنـەوە بـۆ ناوچـەکە چـونکە گەشەسـەندنی بازرگـانی لەناوچـەکەدا بـەبێ ئاشـتی پەیـدانابێ و بـەردەوامبوونیش لەشـەڕکردن و چـالاکییە سەربازییەکان هەلەکانی بواری بازرگانی لەگەڵ ئێران لەناودەبات، لەبـەر ئـەم هۆکـارەش بوو کەوا ئینگلیزەکان لەدژی پورتوگالەکان شەڕیان کرد.

پەیوەندی سەفەوییەکان لەگەڵ کۆمپانیـای هیندسـتانی خـۆرەلاتی-ئینگلیزی:

ریتچارد ئەستیل: لەوکاتە شا نێردراوەکـانی خـۆی بەمەبەسـتی مـۆرکردنی رێکـەوتنی بازرگانی و سیاسی دەنارده لای پاشاکانی ئەورووپا، لەرێگای بەشـی بـاڵی هیندسـتانەوە لەهەوڵی پەیوەندی کردن بوو بەبەریتانیاوە. یەکەم کاروانی بازرگانی ئەم کۆمپانیایـە کـە گەیشتە ناوچەکە ئەوەی سەلماند ناوچەکە توانای وەرگرتن و سـاغکردنەوەی بەرهـەمێکی زۆری بەریتانی هەیە، بەلام هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانیان بۆ سـاغکردنەوەی بەرهەمـە خورییەکانیان لەبازارەکانی هیندستان زیادەرەوی زۆری تێداکرابوو،و زۆرێك لـەکالاکانیان

لەکۆگای بەندەرەکانی هیندستان کەڵەکە ببوون و نەدەفرۆشران، بۆیە دەبوو پیاوەکانی کۆمپانیاکە بیر لەشوێن و بازاڕی دیکە بکەنەوە بۆ ساغکردنەوەیان. یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەی هاوڵاتیانی هیندستان کاڵاکانیان نەدەکڕی گەرمی کەش و هەوای وڵاتەکەیان بوو هەرچەندە بەرهەمەکان زۆر باش و نایاب بوون، بەڵام لەوڵاتی ئەواندا بەهۆی کەش و هەوای تایبەتی خۆیانەوە زیاتر قوماشی سپی لەلۆکە دروستکراو رەواجی هەیە.

لەوکاتەی کۆمپانیا ئینگلیزیەکە بەدوای بازاڕێکدا دەگەڕا تاکو بەرهەمەکانی خۆی تێدا بفرۆشێ، لەئێرانەوە ریتچارد ئەستیل کەکوڕەگەنجێکی بەریتانبوو گەیشتە شاری سوراتی هیندستان و دەرکی بەوەدەکرد هاوڵاتیی ئێرانی بەهۆی کەشوهەوای ساردی وڵاتەکەیان چەند پێویستیان بەم بەرهەمانە هەیە، بۆیە پێشنیاری خستە بەردەمی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیان ئینگلیزیەکە ئەو خووریە کەڵەکەبووەی خۆیان لەئێران بفرۆشن و ئەنجومەنەکەش بەم پرۆژەیە قایل بوون و جۆن کرۆکەریان ناردە ئەسفەهان بۆ ئەوەی چاوێك بەبارودۆخی بازاڕی ئەسفەهاندا بخشێنێ و لێکۆڵینەوەی خۆی دەربارەی ئەندازەی پێویستی ئەوان بەکاڵاکانی ئینگلیزی بکات و هەوڵیش بدات کەوا شا عەباسی یەکەم ببینێ و بۆ ئەوەی قایلی بکەن کەوا کارئاسانی بازرگانیی بۆ کۆمپانیا ئینگلیزیەکە بکات.

لەساڵی ١٦١٦ز نێردراوەکە گەیشتە ئەسفەهان و شا عەباس زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردن و زیادیش لەپێویست رێزی لێگرتن و دەربارەی گۆڕینەوەی بازرگانیی لەنێوان ئێران و کۆمپانیا ئینگلیزیی دانوستانی لەگەڵ کردن و فەرمانیدایە هاوڵاتیانی خۆشی کەوا بەشێوازێکی زۆر رێکوپێك هەڵسوکەوت لەگەڵ بازرگانە ئینگلیزەکاندا بکەن، هەروەها رێگای بەکەشتیەکانی ئینگلیزیشدا لەبەندەرەکانی ئێرانیدا لەنگەربگرن بۆ ئەوەی حەریری ئێرانی بکڕن و خووری ئینگلیزیشی تێدا بفرۆشن و هەلی بۆ نێردراوەکانییشیان رەخساند کەوا بەئارەزووی خۆیان بەندەرێك هەڵبژێرن بۆ لەنگەرگرتنی کەشتیەکانیان و ئەوانیش بەندەری جاسك کەلەدووی نەوەد کیلۆمەتری دوورگەی

هورمزبوو هەڵبژارد بەو مەبەستەی دووربن لەهێزەکانی پورتوگالی، و ئەوکاتەش دوورگەکە لەژێر دەسەلاتی ئەواندابوو.

ئێدوارد کینۆك: لەدوای ئەوەی ڕێگایان بۆ داگیرکردنی بازاڕەکانی ئێران بۆ بازرگانی ئینگلیز خۆشکرد ریتچارد ئەستیل و جۆن کرۆکەر گەڕانەوە بۆ سورات و راپۆرتێکیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی کارگێری کرد کەتیایدا باسی پێشوازی شا عەباسی یەکەم دەکرد بۆ مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئینگلیز و بەمەش بەپەلە کۆمپانیاکە کەوتە خۆی بۆ ئەوەی کالاکانی بۆ ئێران بنێرێ. ئەم کاروانە بازرگانییەش بەسەرۆکایەتی ئێدوارد کەنوك بوو. کەشتیەکانی ئینگلیزی لەساڵی ١٦١٧ز لەبەندەری جاسك لەنگەریان گرت و ئەندامانی وەفدەکەش لەدوای تەواوبوونی کارەکانیان چوونە ئەسفەهان و لەوێشەوەی بەرەو کەرەج ڕۆیشتن و شا عەباسی یەکەم پێشوازی گەرمی لێ کردن و ڕێگاشی پێدان کەوا گەرەکی ئینگلیزی لەئەسفەهان و شیراز بۆ خۆیان دروستبکەن. ئێدوارد کەنوك لەگەڵ شا عەباس ڕێکەوتن لەسەر کڕینی بەشێکی لەبەرهەمەکانی حەریری ئێرانی بەلام لەپێشدا تەنها سێ یەکی پارەکەی پێبدەن و تەویدیکەش بەکالاکانی ئینگلیزی پڕبکرێتەوە و، جگە لەمانەش بازرگانە ئینگلیزەکان بۆیان هەبێ لەسەرجەم شارەکانیدیکەی ئێراندا بازرگانی بکەن و کالاکانیان ساغبکەنەوە و بەچەکی خۆشیانەوە بسووڕێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لەکاتی پێویستدا بەرگری لەخۆیان بکەن.

لەدوای ئەوەی ئێدوارد کەنوك دڵنیابوو لەبازرگانیەکانی لەناو خاکی ئێراندا ئەوێی بەجێهێشت و بەرە دوورگەی هورمز گەڕایەوە بۆ ئەوەی دانوستان لەگەڵ پورتوگالیەکاندا بکات دەربارەی هەندێك ئاسانکاری بۆ کەشتیەکانی ئینگلیز و ڕێگایان پێبدرێت کەوا بێنە ناو کەنداوەوە، بەلام لەوێدا کۆچیی دوایی کرد. زۆر بەخێرایش پروپاگەندەی ئەوە بلاوبووەوە کەوا پورتوگالیەکان ژەهرخواردیان کردووەو کوشتیانە تاکو خۆیان لەهەموو تەنگژەیە رزگاربکەن کەبەهۆی نزیکبوونەوەی ئێران ئینگلیز دووچاریان بۆتەوە.

تۆماس پارکەر: لەدوای مردنی ئێدوارد کەنوك کۆمپانیای هیندستانی-ئینگلیزی تۆماس پارکەری هەڵبژارد بۆ نوێنەرایەتی و ناردرایە ئەوێ و لەگەڵ شا عەباس کۆبۆوە و پێشنیاریی ئەوەی بۆ کرد حەریری زیاتر لەئێران بکڕن و لەبەرانبەریشدا ئەوان جلوبەرگی

لەخوری دروستکراوی ئینگلیزی لەبازارەکانی ئێرانیدا بفرۆشن و شا رەزامەندی لەسەر ئەم پێشنیارە نیشاندا بەمەرجی ئەوی ئینگلیزەکان شەش سەد بالە لەحەریر بکڕن بەهەمان مەرجەکانی پێشوو کەلەگەڵ ئێدواردا لەسەری رێکەوتبوون.

لەدوای ئەوە کۆمپانیا ئینگلیزەکە گیلز هۆبزیشی ناردە لای شا عەباس و لەگەڵیدا کۆبوونەوەی ئەنجامدا و هەردوو نێردراوەکە داوایان لەشا کرد کەوا رێگە بەئینگلیزەکان بدات هەموو بازرگانیەکانی حەریر قۆرخ بکەن و بەمەش بازرگانە ئەرمەنەکانی جولفا لەئەسفەهان بێزار و نیگەرانبوون چونکە بەرژەوەندیەکانی ئەوان زیانی پێدەگات ئەگەر شا بەم پێشنیارە قایل ببێ چونکە ئەوان بەشداربوون لەچالاکیەکانی بازرگانی حەریری ئێرانی، لەبەر ئەم هۆیە شا ناچار بوو لەرێگەی زیادکردنی ئاشکراوە کالاکانی خۆی بفرۆشێ و لەبەرانبەریشدا نوێنەرانی ئینگلیز و ئیسپانیا بەشدارییان لەم زیادکردنەدا نەکرد و ئەمەش مانای وایە ئەوان بەم کارە قایل نین. لەدواییدا ئەرمەنەکان نرخێکی زیاتریان لەهی پار خستە بەردەمی شا و هەموو بەرووبوومەکانی ساڵی ١٦١٩ز یان بەدەسکەوت، بەڵام شا پاشگەزبووەو بڕیاریدا کەوا لەو نرخە کەمتر کالاکانی بداتە ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان لەناونەچێ و بەو ئومێدەش لەدەرکردنی هێزەکانی پورتوگالی یارمەتیان بدات و لەدوورگەی هورمز دەریان بکات.

بەردەوامی نزیکبوونەوەی سەفەویی و کۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاتی-ئینگلیزی:
بەهۆی ئەو نزیك بوونەوەیەی نێوان سەفەویی و کۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاتی-ئینگلیزی پەیوەندی نێوان سەفەویی و ئیسپان و پورتوگالەکان شلەژانی تێکەوت و تەنانە گەیشتە ئەندازەی دوژمنایەتی و بەمەش لایەنی سەفەوی و ئینگلیز هاوکارییان کرد بۆ دەرکردنی پورتوگالەکان لەدوورگەی هورمز و هەروەك باسیشمان کرد لەئەنجامدا شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا. ئاشکرایە کەوا کۆمپانیا بەبێ ئەوەی پرس بەحکومەتی ناوەندی لەندەن بکات ئەم شەڕەی هەڵگیرساندو، لەبەرئەوەش ئینگلیز لەگەڵ ئیسپانیا و پورتوگالەکان پەیوەندیەکی دۆستانەی باشی هەبوو بۆیە سەرۆکی کۆمپانیاکەی دادگایی کرد، ئەویش بەرگری لەخۆی کرد و گوایە بۆیە ئەم کارەی کردووە تاکو پەرە بەبازرگانی ئینگیزیی بدات و لەبەرانبەر رکابەرەکانی وەك ئیسپانیاو پورتوگال بالادەسبێ و لەهەمان

کاتیشدا لەبەردەم هەڕەشەکانی ئیمام قوولی خان ناچار بـوو کـەوا بەریتانیـەکان بێبـەش بکـات لـەبازرگانی لەگـەڵ ئێرانیـەکان و لەکۆتاییشـدا دادگـا بڕیـاری سـەرکۆنەکردنی کۆمپانیاکەی راگەیاند و بەبیـست هەزار جونەیهی ئستەرلینیش سزای کۆمپانیاکەیـدا و رێگاشی پێنەدری کەوا جارێکی دیکە کاری لەم جۆرە ئەنجامبدات.

لەوانەشە حکومەتی بەریتانیا بۆیە پەنای بردۆتە ئەم دادگایی کردنە بۆ ئەوەی دڵی پاشای ئیسـپانیا راگـرێ و وای خـۆی نیشـانبدا بـەهیچ شـێوەیەکی هـاوڕا نییـە لەگـەڵ هەڵسوکەوتەکانی کۆمپانیـای هیندسـتانی خـۆرەلاّتی، (هەرچـەندە بـەهۆی دەرکردنـی پورتوگالیەکان لەدوورگەی هورمز سالاّنێکی دوورودرێژ سوودمەند بوو) لەوانە:

- بەر لـەوە ئینگلیـز زاتـی ئـەوەیان نـەدەکرد کـەوا لەکەنـداوی عەرەبیـدا دژایـەتی پورتوگالیەکان بکەن.

- هەمیشە بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لەکەنداو لەژێر مەترسی و هەڕەشـەی هێزەکـانی پورتوگالیدابوون.

- کۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاّتی توانای ئەوەی نەبوو لەدوورگەی هـورمزدا کێبڕکـێ لەگەڵ ناوەندە نایاب و چالاکەکەی ئیسپانیا و پورتوگال بکات.

- دەسکەوتی زۆر و کارئاسـانی بازرگانی لەلایەنی شا عەباسی یەکەمەوە.

- رێکخستنی بوونی بەریتانیا لەکەنداوی عەرەبیدا.

لەدوای ئەوەش کۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاّتی حکومەتی بـەریتانیا جـەختی کـردەوە لەسـەر بوونی بەردەوامی خـۆی لـەناوی کەنـداوی عەرەبیـداو بـەهێزە سەربازیەکانیشـی پاڵپشـتی لەچـالاکییە بازرگانیـەکانی دەکـرد بـەبیانووی پارێزگـاری کردنـی بەرژەوەندییەکانی، بەمەش توانیـان بەسـەر زۆرێـك لەبەنـدەرەکان و ئیمارەتـەکانی ئـەم ناوچەیە زاڵبن و بەهۆیەوە نەتەوەکانی ناوچـەکە دووچـاری زۆرێـك لەنەهامـەتی برسـێتی داگیرکاری بەریتانی بونەوە کە بەهاندان و پاڵپشتی شا عەباسی یەکەم هاتنە ناوچەکە.

پەیوەندی سەفەویی و هۆڵەندیەکان:

لەدوای ئینگلیزەکان هۆڵەندیەکان بـەبیانووی یارمەتیـدانی پورتوگالییـەکانی دوورگـەی هورمز هاتنە ناوچەی کەنداوی عەرەبی. لەدوای شکـستی ئـەوان کەشـتیەکانی هۆڵەنـدی بوونیان پەیـداکرد، بـەلاَم ئـەم هاوپەیمانێتییـە تەمـەنی زۆر کورتبـوو و گرێـدراربوو بـە مەترسـیەکانی پورتوگالی بۆ سەر هەردوولایان، کـاتێکیش پورتوگالیـەکان بێهێـز بـوون لەناوچەکەدا و بازرگانی هۆڵەندییەکانیش گەشەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینی، کێشـەیەك لەنێوانیاندا دروستبوو کەوا خۆ لێ دەربازکردنی ئەستەمبوو.

چالاکیەکانی بازرگانیی هۆڵەندی لەسەرەتادا لەسـەربەرژەوەندییەکانی پورتوگـال دەسـتی پێکرد و بۆ ئەوەی ئەوانە بوونی خۆیان لەناوچەکەدا مـسۆگەربکەن کۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاتی هۆڵەندی کەلەسالّی ١٦٢١ز دامـەزرا نوێنـەرێکی خۆی بەناوی هیوپۆرت ڤینش نارده لای شا عەباس و داوای لێکرد کەوا رێگە بەهۆڵەندییەکان بدرێ لەبەندەر عەباسـدا خانوو بۆ بازرگانەکانیان دروسبکەن و ئەویش رەزامەندی لەسـەر نواند و لەسـالّی ١٦٢٣ز واتە لەسالّی دوای دەرکردنی پورتوگالیەکان خانووەکە دروسکرا.

لەدوای ئەوەی هۆڵەندیەکان لەئێراندا جێگیربوون، حەزیان کرد کـەوا رۆڵێکـی سـەربەخۆ بگێرن بەبازرگانی کردن لەگەڵ ئەم دەوڵەتە و شا قایل بوو لەسـەر:

- رێژەیەك لەحەریری ئێرانیان پێ بفرۆشن.
- لەباجی گورمرگ بیان بەخشن.
- رێگەیان پێبدرێ کەوا گەرەکی بازرگانی لەئەسفەهان و لار دروسبکەن.

لەهەمان کاتیشـدا شـا مکوربـوو لەسـەر دابـین کردنـی رکابـەریی لـەنێوان گـەورەترین کڕیارەکانی حەریر کەبەمەش ئێران سوودێکی زۆری دەسدەکەوێ.

هۆڵەندا لەسالّی ١٦٢٤ز نێردراوێکی ناردە ئێران بۆ ئەوەی رێکەوتنێکی بازرگانی لەگـەڵ شا عەباسی یەکەم گرێبدەن کەپشتگیریی لـەباری ئێـستای بـواری بازرگانییـان دەکـات. ئەوەبوو وەفدەکە لەکارەکەیدا سەرکەوتنی وەدەسهێنا و شا کارئاسانی زۆری بـۆ بازرگانـە

هۆڵەندییەکان کرد و رێگـای پێـدان کڵێسـاو پەرسـتگای تایبـەت بـەخۆیان سـازبکەن و دادگایی کردنی هەر هۆڵەندییەکیش کەبێتە سەر ئایینی ئیسلام.

بەمشێوەیە و بەخێرایی هۆڵەندیەکان لەبواری بازرگانی لەگەڵ ئێرانـدا بالادەسـت بـوون و توانیشیان بە نیمچە قۆرخکردنێکیش دەوری بازرگـانی حەریریانـدا و ئەمـەش وای کـرد ئینگیزەکان پەلەبکەن بۆ ئەوەی تواناکانی خۆیـان لـەبواری بازرگـانی لـەناوی کەنـداوی عەرەبی و ئێران بگێڕنەوە کەبەهۆی باری ناوخۆییەوە لاوازببوو.

لەوانەبوو شا چاوی لەوەبووبێ کەو هۆڵەندییەکان لەدژی پورتوگالیەکان یارمـەتیان بـدەن کەلە مەسقەت کۆببوونەوەو هەمیشە لەهەوڵی دەسبەسەرداگرتنی دوورگەی هورمزبوون، بۆیە نێردراوێکی ناردە هۆڵەندا بۆ ئەوەی گفتووگۆیـان لەگـەڵ بکـات لەسـەر دوو خـاڵی سەرەکی ستراتیژیی لەسیاسەتی خۆیدا:

یەکەم: نەهێشتنی پەیوەندیەکانی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی.

دووەم: بەشداریکردنی هێزەکانی کۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاتی هۆڵەندی شانبەشـانی سەفەوییەکان بۆ دەرکردنی پورتوگالیەکان لەمەسقەت و عەمان.

وادیاربوو هۆڵەندا لەو ئاستەدا نەبوو کە شا عەباسی یەکەم هیواکانی پێـوە بەنـدکردبوو، چونکە پاشای هۆڵەندا داوای لێبووردنیکرد لەجێبەجێکردنی هـەردوو داواکاریەکـە و بـۆ ئەوەی بازرگانیەکەی خۆی لەئێران و کەنداوی عەرەبی بپارێزێ و پەرەی پێبدا دەسـتیکرد بە سستی و خاوەخاوی لەجێبەجێکردنی بەڵێنەکانی و نامەیەکی بۆ شا نارد و تیایدا پێـی راگەیاند کەوا خۆشحاڵە بەوەی هاوکاری ئێـران بکـات لەدژایـەتیکردنی پورتوگالیـەکان لەناوچەی کەنداو، هەروەها نێردراوێکی خۆشی دەنێرێ بۆ ئێران تاکو لەبارەی مەرجەکانی هاریکاریـیان دانوستان بکات و، ئەم بەڵێنەش سوودی بەکۆمپانیای هیندستانی خۆرەلاتی هۆڵەندی گەیاند و بوو بەپاڵپشتێك بۆ بازرگانیەکەی لەئێران و لـەجارانیش پـتر رکابـەری کۆمپانیا ئینگلیزیەکەی دەکرد، هـەروەها چـالاکییە بازرگانیەکانیشـی پـێ زیـادکرد و لەدواییشدا بوو بەخاوەنی بەشێکی گەورەی بازرگانی دەرەوەی ئێران.

بەڵام پاشای هۆڵەندا کە سیاسەتی بەدەسهێنانی کات و خاوەخاوی پەیڕەودەکرد هیچ نێردراوێکی خۆی نەنارده ئێران، بۆیە شا نێردراوێکی خۆی ناردە هۆڵەندا بۆ ئەوەی لەهۆی دواکەوتنی نێردراوەکەیان بکۆڵێتەوە، هەروەها لەنامەکەدا ئاماژە بەپچڕانی پەیوەندیەکان نێوان هەردوو وڵات و گللەیی لەخۆگرتبوو، ئەمەش پاڵی بەپاشای هۆڵەندا نا بەپەلە نێردراوێك بنێرێتە ئێران و یەکسەر ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ هاوکاری و دەرپەڕاندنی پورتوگال لەناوچەی کەنداوی عەرەبی، بەڵام ئەو نێردراوە لەدوای دوو مانگ و نیو لەمردنی شا عەباسی یەکەم گەیشتە ئەسفەهان.

پەیوەندی سەفەوییەکان لەگەڵ روسیا:

لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم پەیوەندی نێوان سەفەوییەکان و روسیا جێگیربوو بەڵام لەکۆتاییدا رووی لەساردی کرد و گرێیاندا بەو گرژییەی کەلەنێوان سەفەویی و عوسمانییەکاندا هەبوو، سەرەڕای چالاکیە بازرگانییە هاوبەشەکانیان.

شا لەساڵی دووەمی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا وەفدێکی بەسەرۆکایەتی هادی بەگ و بوداق بەگ ناردە مۆسکۆ و داوای یارمەتی لێکرد لەو شەڕانەی کەلەدژی عوسمانییەکان دەیکات، و لەبەرانبەریشدا پێشوازی لەهاتنی روسەکان دەکات بۆ ناوچەی باکۆ و دەربەند و ئومێدیشی ئەوەبوو کەهێرش بکەنە سەر ئازەربێجان و شەروان و وڵاتی کەرەج بۆ دەرکردنی عوسمانییەکان لەو ناوچانەدا.

لەو رۆژەوە پەیوەندی و نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا بەردەوامبوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو نێردراوانەی کەبەخاکی روسیادا دەڕۆیشتن بۆ ئەورووپا سوودی زۆریان بۆ گەشەسەندنی بازرگانییان هەبوو، چونکە یەکەجار نێردراوەکان دەچوونە مۆسکۆ ئینجا بەردەوامییان بەگەشتەکەیان بەرەو پایتەختە جۆربەجۆرەکانی ئەورووپا دەدا.

لەپاڵ ئامانجە سیاسیەکانیان هەردوو وڵات چالاکی بازرگانیشیان بەیەکەوە ئەنجامدەدا، بۆیە شا هانی بازرگانە روسەکانی دەدا کەوا بێنە ئێران و بەشداری لەکڕینی حەریردا بکەن. بەهۆی ئەوەی رێگا بازرگانیەکانی عێراق و وڵاتی شام لەلایەن دەوڵەتی

عوسمانییەوە داخرابوون، ئاستەنگ لەبەردەم کاروانی بازرگانەکان لەرێی چوونیان بۆ ئەورووپا بەنێو خاکی روسیادا هێندەی دیکە پترببوو.

کاتێکیش شا عەباسی یەکەم ئازەربێجان و شەروان و وڵاتی کەرەجی داگیرکرد سنوورەکەی لەگەڵ سنوری روسەکان یەکیان گرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان پەرەپێبدەن و قەبارەی بازرگانیش لەنێوانیاندا گەورەتربوو، هەروەها پەیوەندی سیاسییشیان هێندەی دیکە گەشەی سەند و بەهێزبوو و بەردەوامیش لەنێوانیاندا سەفیرەکان هاتووچۆیان دەکرد.

بەلاّم لەساڵی ١٦١٨ز بەهۆی پشێویەکانی نێوخۆیی رووسی و تەنگژە داراییەکانیانەوە ئەم پەیوەندیانە سستی و ساردییان تێکەوت، بۆ دەربازبوون لەتەنگژەکە میخائیل رۆمانۆڤی قەیسەری روسیا داوای یارمەتی دارای لە شاعەباس کرد بەلاّم ئەوا سەرسام بوون بەو خۆدزینەوەیەی شا لەم داواکاریەیان و بەدەستی بەتاڵەوە گەرانەوە بۆ وڵاتەکیان، لەبەر ئەم هۆیە پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان کۆتایی پێهات.

پەیوەندی سەفەوییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا:

شا عەباسی یەکەم پەیوەندی لەگەڵ چەندین دەوڵەتی دیکەی ئەورووپا هەبوو وەك پۆڵەنداو روسیا کۆشکی پاپایەتی و ڤینیسیا و لەگەڵ هەمووشیاندا پەیوەندیەکانیان لەدەوری باس و خواسی دژایەتی کردنی عوسمانییەکان دەخوولایەوە و هەروەها چالاکیە بازرگانیەکانیشیان لایەنێکی دیکەی پەیوەندیەکانیان بوو، بەلاّم شا خۆی لەهاوپەیمانێتیی فەرەنسا نەدەداو هیچ ئاماژەیەکیش نییە بۆ پەیوەندی سەفەوییەکان لەگەڵ پاشا فەرەنسیەکان، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو نزیکییەی فەرەنسیەکان لەگەڵ لەسەدەی شانزەهەم دەوڵەتی عوسماییدا هەیانبوو و گەیشتە ئاستی هاوپەیمانێتیی نێوانیان.

مردنی شا عەباسی یەکەم:

شا عەباسی یەکەم هەموو تەمەنی حوکومرانی خۆی کە نزیکەی چل و دوو ساڵی خایاند لەکێشە ناوخۆییەکاندا بەسەربرد و مەبەستیشی چەسپاندنی دەسەلاّتەکەی بوو لەلایەك و

لەلایەکی دیکەشەوە دوو دووژمنی دەرەکی هەبوو: ئۆزبەك لـەخۆرەلآت و عوسمانییـەکان لەخۆراوا و ئەم دوو جۆرە کێشـەیەش هـیچ بوارێکیـان نـەدا کـەوا پشـوویدات بـەردەوام لەبەرەیەکی شەڕەوەی بۆ یـەکی دیکـە هاتووچۆی دەکـرد و لەکۆتاییشـدا ئـەم هـەموو ماندووبوونە بووە هۆی نەخۆشکەوتنی و بەئاشکراش بێهێزی بەجەسـتەیەوە دیارکـەوت و تووشی زەردوویش هات و وردە وردە باری تەندروسـتی رووی لەخراپی کرد، بۆ چارەسەریی نەخۆشیەکەشی چووە مازەندەران و بەر لەوەی بەرێبکەوێ نەوەکـەی خـۆی کـەناوی سـام میرزای کوڕی سەفی میرزا بوو لەدوای خۆی وەك جێنشینێك دەسنیشانکرد و بەیعەتی لـە سەرجەم خانەوادەکانی سەفەوییەوە بۆ وەرگرت، ئەویش بۆ ئەوەبوو ئەگەر لەناکاو کۆچـی دوایی کرد ئەوا وارسێکی شەرعی هەبێ بۆ جێگرتنەوە و رزگارکردنی ولآت لەدووبـەرەکی و پیلانی پیلانگێڕان.

شا ماوەیەك لەمازەندەران مایەوە و رۆژ لەدوای رۆژ تەندروستی بـەرەو خراپـی دەچـوو و لەبەرەبـەیانی رۆژی پێـنج شـەممەی ۲۰کـانونی دووەم۱٦۲۹(ز) لەشارۆچـکەیەکی نزیـك مازەندەران و لەتەمەنی پەنجا و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەشیان گواسـتەوە بـۆ مەشهەد و بەشێوەیەکی کاتی لەوێ ناشتیان، بەمەبەستی ئەوەی کەوا جێگایـەکی پـیرۆز بدۆزنەوە و لەوێ بینێژن، بـەلآم تـاکو ئێسـتاش نـەزانراوە کـە تەرمەکـەی لەبەهەشـتی مەشهەد ماوەتەوە یا گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. چونکە لەلایـەکی دیکـە باسـی ئەوە دەکرێ گوایە هەموو پێداویستیەکانی گواستنەوەیان سازکردووە لە قـوم بـەلآم هـەر لەبەهەشتی مەشهەدی باقشان ماوەتەوە و دەسـکاری نـەکراوە. بـەلآم هەنـدێکی دیکـە وایدەگێڕنەوە کـە عـەباس مکوڕبـوو لەسـەر ئـەوەی گۆڕەکـەی لەکەسـنەزان بـێ بۆیـە دەووروبەرەکەی فەرمانیان داوە کەوا سێ دارەبازە سـازبکرێ و بۆ هەر سێ شاری مەشـهەد و ئەردەبیل و نەجەف بنێردرێ و بەمەش کەسـنەزانێ تەرمەکـەی بـۆ کـام شـار لەمانـە نێردراوە.

کەسایەتی شا عەباسی یەکەم:

شا عەباسی یەکەم فەرمانڕەوایەکبوو زیرەك بوو دەسـکراوەبوو خـاوەنی بـیر و بۆچـوون و سیاسەت و لێکدانەوەبوو، تیـشکەربوو، زۆرێك لەکار گرنگ و پڕ شکۆی ئەنجامدا، لەدوای

خۆشیدا ناوێکی پڕشنگداری لەبواری سیاسەت و کارگێڕی و هێزی سەربازی بەجێهێشت. بەشێوەیەك مەزەبی شیعەی بلاوەکردەوە کەهیچ کەس بەر لەخۆی ئەنجامی نەداوە و کەسیش ناتوانێ لەدوای خۆی ئەنجامی بدات، دڵنەرم بوو لەبەرانبەر خەڵکی کەساس و هەژار و دەسکورتدا.

ناوبانگی شا تەنها لەبواری سەربازیدا نەبوو، بەڵکو خاوەن توانایەکی لەرادەبەدەربوو لەبواری کارگێڕی و فەرمانڕەوایەتیدا. مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کەلەسەردەمی ئەودا دەوڵەتی سەفەویی گەیشتە پلەی تەواو پێگەیشتن لەبواری ئاوەدانی و هێزی سەربازیی و سیاسەت. کاتێکیش مێژووی ئێرانی سەردەمی شا عەباس دەخوێنینەوە بۆمان روون دەبێتەوە کەوا تا چ ئاستێك بەهەوڵ و خەبات و زیرەکیی خۆییەوە چۆن دەوڵەتەکەی لەهەڵدێران و لەناوچوون رزگارکردووە و، چۆن توانیویەتی بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستی دەوڵەتە زلهێزەکان و لەنیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمی زایینی ببێتە مەترسییەکی راستەقینە بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانیی.

لەسەردەمی شا سەربەخۆیی سیاسی لەئێراندا بەرقەرابوو و لەدوای رووخانی دەوڵەتی ساسانی یەکێتی وڵاتەکەی گێڕایەوە. ئینجا بەهۆی زیرەکی و بیرتیژیی عەباسەوە ئێران رێگای نوێی گرتەبەر و کاروبارەکانی لەناوخۆ و دەرەوە رێکخستەوە و، سەربەرزی و ناوبانگ و توانای بۆ دەوڵەتەکە لەسەرانسەری جیهاندا پەیداکرد، گومانی تێدا نییە ئەگەر ئامادەیی خودی خۆی و رەوانی سیاسەتی و زانیاری زۆر و تەکتیك و ئازایەتی خۆی نەبوایە ئەوا ئەو هەموو دەسکەوتانە وەدینەدەهاتن.

لەبواری سیاسەتی ناوخۆیی، توانی هەموو فەرمانڕەوایەتییەکە بخاتە ژێر دەستی خۆی و بیپارێزێ لەهەڵدێران بەدەستی قزلباش و سەرکردەی هەرێمەکان و هەوڵی هەریەك لەوانە بۆ دەرچوون لەحوکمی دەوڵەتی ناوەندی و سەربەخۆیی هەرێمایەتی خۆیان و، توانی دەسەلاتی هەموویان لەناوبەرێت و حکومەتێکی مەرکەزی خاوەن شکۆ و بەرێز دروستبکات و بەتەنهاش حوکومڕانی بکات.

هەروەها لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا، شا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا بەرەی ناوخۆییە بەهێزەکەی رووبەرووی دوژمنانی دەوڵەت بکاتەوە، لەپێناوی ئەمەشدا رێگای

زۆری گرتەبەر لەوانە نوێکردنەوەی هێـزی سـەربازیی و هاوپـەیمانێتی لەگـەڵ ئـەورووپا. سوپایەکی ڕاهێنراوی بە چەك و شێوازی سەربازیی نوێی ئەو سەردەمە ساز و ئامادەکرد و پڕچەکیشی کرد بەتەفەنگ و تۆپی نوێ و هـەموو فەرمانێکیشـی لـەخودی خۆیـەوە بـۆ دەردەچوو و بەڵام جاران لەژێر دەسـەڵاتی سـەرکردەی هۆزەکـانی قزلبـاش بـوو، ئینجـا یەکێتی سوپا و یەکێتی سەرکردایەتی دروسکرد. شا جگە لەمانەش خاوەنی زیرەکیـەکی ئەوتۆ بوو لەبواری سـەربازی پلانی شەڕدا کەدەیتوانی لەیەك کاتدا شەڕ لەگـەڵ دووبـەرەی دوژمندا بکات و نەشهێڵێ سوپاکەی لێکبترازێ. کاتێـك لەهـەردوو لاوە عوسمانیـەکان و ئۆزبەکەکان لەسەرەتای دەسەڵاتدارێتییەوە هێرشیان بـۆ هێنـا و پەلاماریانـدا هەوڵیـدا بەرەی عوسمانییەکان سارد بکاتەوەو بەمەش ویستی ڕێکـەوتنێکی ئاشـتیانە لەگەڵیانـدا سازبکات و ئاگربەست رابگەیەنێ و تەنها سـەرقاڵی شەڕی ئۆزبەك بـێ. جگـە لەمانـەش زیرەکیەکی لەبواری پاشەکشەکردن بـۆ قـووڵای وڵاتـی خـۆی بەپـەیڕەوکردنی تـەکتیکی جەنگ ئەگەر هەستی بکردبایە کەوا دوژمنەکەی لەرووی ژمارەی سەرباز و چـەکەوە لـەو بەهێزترە و بەچ شێویەکیش هـەموو پێداویسـتیەکانی ژیـان لەشاروشارۆچـکەکانی سـەر ڕێگای دوژمنەکەی لەناودەبات و لێی دەگەڕێ کەوا سروشتی وشـك و ڕەق لـەجیاتی ئـەو شەڕیان لەگەڵدا بکات، کاتێکیش سروشت مانـدوویان دەکـەن ئـاسان دەبـێ بـۆ سـوپای سەفەویی بـەبێ گوێدانـە توانـاو ژمـارەی سـەربازەکانی دوژمـن هێرشـیان بـۆ بکـەن و شکـستیان پێبهێنن و، شایانی باسە کە ئەم شێواز و تەکتیکـەی زیـاد لەیـەکجار لـەدژی عوسمانییەکان بەکارهێناوە. هەروەها شا بـۆ بـەهێزکردنی هەڵوێسـتی خـۆی لەبەرانبـەر عوسمانییەکاندا هەوڵی سازکردنی پەیوەندی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەورووپیەکان دەدا و بـۆ ئەم مەبەسـتەش چەندین نامە و نێردراوی بۆ ئەورووپا ناردووە، بەڵام جگـە لـەخاوەخاوی و بەرژەوەندپارێزیی خۆیان هیچی دیکەی لەوانەوە پێنەگەیشت، تەنها ئەوە نەبێ کە لەگـەڵ کۆمپانیـای هیندسـتانی خـۆرەڵاتی ئینگلیـزی هاوپـەیمانێتی سـازکرد بـۆ دەرکردنـی پورتوگالیەکان لەدوورگەی هورمزدا.

شا توانی ڕکابەریی بازرگانی لەنێوان دەوڵەتە ئەورووپیەکاندا دروسبکات بۆ وەدەسـهێنانی سوودو قازانجی دارایی و بەرزکردنەوەی نرخی حەریری ئێرانی کە هـەموو ئـەو دەوڵەتانـە بەهەڵەداوان دەهاتن بۆ کڕینی و توانی دەسـبەسـەر بازرگانی ئەم بەرهەمە گرنگەدا بگـرێ

و بەهۆیەوە سوود و قازانجێکی زۆری کرد و بەم قازانجەش توانی ولاتەکەی ئاوەدان بکاتەوە و سوپاکەشی نوێبکاتەوە.

شا لەرووی بیناکاری و ئاوەدانکاریەوە دەستێکی بالآی هەبوو و توانی چەندین باڵەخانەو کارگەی گەورە و زەبەلاح دروسبکات کەتاکو ئێستاش ئێرانیەکان شانازییان پێوەدەکەن و زۆربەشیان تائەمڕۆش ماونەتەوە.

لەبەرانبەر ئەو وێنە ئیجابیانە و ئەو هەموو کارو چالاکیانەی کەبەناوی ئەوەوە ناسران، کەچی شا عەباسی یەکەم هەندێك هەڵەی ئەوتۆی کرد کەوا سەفەوییەکانی بەرەو هەڵدێربرد:

- هەموو کات پشتی بەخۆی دەبەست و لەجیاتی ئەوەی کوڕ و ئەندامانی خانەوادەکەی لەدەووری خۆی کۆبکاتەوە و پلە و پایەی ئیدارییان پێببەخشێ و بەشدارییان پێبکات لەشەڕەکان، کەچی دەیکوشتن یا کوێری دەکردن و بەندی دەکردن، ئەویش بەهۆی ئەو ترسەی هەمیشە هەیبوو لەلەدەسدانی دەسەلآتەکەی، بەهیچ شێوەیەك بواری ئەوەی نەدەدان کەوا لەفەرمانڕەوایەتی نزیك ببنەوە و وای لێدەکردن لەناو تەنۆە و نەبوونی و بێبەریی بوون لەهەموو شتە چاکەکاندا بژین، کەئەمەش بووە هۆکارێکی سەرەکی لەلەناوچوونی خانەوادکەی و رووخانی دەوڵەتی سەفەویی.

- لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا رێکەوتنامەی بازرگانی سازدەکرد و هەموو جارێکیش دەوڵەتی ئێران تێیاندا زیان لێکەوتووبوو، لەلایەکی دیکەش هەمیشە ئاگاداری و چاودێری بەرژەوەندیی مەسیحیەکانی دەکرد وەك ئەوەی کەوا ئەم هەڵسوکەوتە لەنێوان دوو دەوڵەتیێ یەکیان بەهێز و ئەویدیکەیان بێهێز.

- لەمامەڵەکردنی ئەوروپیەکانیشدا زۆر کورتبین بوو، چونکە بازنەیەکی ململانێ و کێشە نێودەوڵەتییەکانی هێنایە ناوچەی کەنداوی عەرەبییەوە لەدوایشدا ئەم داگیرکەرانە بەهۆی ئەو تەماعکارییەی هەیان بوو بۆ داگیرکردنی هەموو جیهان مەترسی گەورەیان لەسەر ناوچەکەو لەسەر خودی ئێرانیشدا پەیداکرد.

- سەرەڕای گرنگیدانی بەهێزی سەربازیی کەچی دروسکردنی کەشتیگەلی سەربازیی پشگوێخست، هەرچەندە ئەم کەشتیگەلانە زۆر گرنگییان هەبوو لەئاوی دەریای قەزوین و کەنداوی عەرەبی، لەبەر ئەمەش بوو کەوا هانای بردە بەر هێزی دەریاوانی هۆڵەندی و ئینگلیزی تاکو خۆی لەهێزەکانی پورتوگال کەلەدوورگەی هورمزدا کۆببوونەوە رزگاربکات.

- جاری واش هەبوو تەنها لەبەر ئەوەی حەزی لە خوێنرشتنبوو خەڵی دەچەوساندەوە و غەدریی زۆری لێدەکردن و تەنانەش کەسە نزیك و ئەندامانی خانەوادەکەشی لێی دڵنیا نەبوون، هەرکەسێکی بکوشتبایە ئەوا لەپاشاندا کوڕ و کەسە نزیکەکانیشی دەکوشت بۆ ئەوەی کەس نەمێنێ لەدواڕۆژدا تۆڵەی لێبکاتەوە، نموونەش ئەوەبوو لەبەرانبەر مورشید قوولی خاندا ئەنجامیدا. لەشێوازەکانی دیکەی دڵڕەقی و بێبەزەیی ئەو فەرمانانەبوو کە بەسەر هەندێك کەسیدا دەسەپاند کوڕەکانی خۆیان بکوژن و هەروەها بەپێچەوانەوە، ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ کوردەکانی کوردستان کردی نموونەیەکی دیکەی بێبەزەیی و دڵڕەقی بوو کاتێك لەکوردستان هەڵیکەندن و لەزێدی خۆیان دووری خستنەوە و بردنی بۆ خۆراسان.

- هەموو کاتێك بەقسەی جەلالەدینی یەزدی ئەستێرەناسەکەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد و لەهەموو کارێکی بچووك و گەورەدا راوێژی پێدەکرد و هیچ کارێکی پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی ئەو ئەستێرەناسە نەدەکرد، نموونە: جارێکییان جەلالەدین بەگوێرەی ئەو خەوەی دیتبووی پێی گووت کەدەبێ شا بۆ ماوەی سێ رۆژ لەسەر تەختی پاشایەتی دابەزێ و بیداتە دەست یەکێك لەشوێنکەوتووانی مەزهەبی خالبەندیی کەلە دەسوپێوەندەکانی خۆیبوو.

بەجۆرە شا تێکەڵەیەك بوو لەدڵڕەقی و بێبەزەیی و سەرکەوتن و دوودڵی و هەندێ هەڵە، بەلام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئێرانیەکان وەك پاڵەوانێکی نەتەوایەتی تەماشای دەکەن بەشێوەیەك توانیوویەتی ولاتەکەی بەرز رابگرێ و هیوا و ئاواتی ئێرانییەکان بهێنێتەدی.

◆

بەشی هەشتەم
هەڵوەشانەوە و رووخانی دەوڵەتی سەفەویی

شا سەفیی
١٦٢٩-١٦٤٢زاییینی

فەرمانڕەوایەتی شا سەفەیی:

کاتێك شا عەباسی یەکەم کۆچی دوایی کرد هیچ کـام لـەکوڕ و براکـانی بەکـەڵکی ئـەوە نەدەهاتن ببن بەجێنشـینیی، چـونکە لـەژیانی خۆیـدا هەمیشـە لـەوە دەترسـا کەسێك لەخانەوادەی خۆی پەیدابێ و تاجەکەی لێبسێنێت و خۆی بەسەردا زاڵبکا، بۆیە هەمووی دوورخستنەوە. ئەم سیاسەتەی هێندە بەتووندی گرتبـوو تەنانـەت هـەرگیز بـیری لـەوە نەدەکردەوە کەوا رۆژێك لـە رۆژان ئەگـەر مـرد لـەدوای خـۆی چ کارەساتێك دووچـاری خانەوادە و دەوڵەتەکەی دەبێتەوە، بەکردەنیش ئەم بارە لەئێراندا دروسبوو و ناچـار بـوون لەدوای ئەو میرزاسامی کوڕی میرزا سـەفی کەنەوەی خۆی بوو هەڵبژێرن بۆ دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی سـەفەویی، بۆ ئەم مەبەستەش کەسە پایەبـەرزەکانی نێـو دەوڵـەت رەزامـەنییان نواند، وێنەی: خەلیفە سـوڵتانی وەزیـری گـەورەو سـەرکردەی پاسـەوانان عیسـا خـان و ئەمانەش مردنی شا عەباسیان تـا بەئـەنجام گەیانـدنی کاروبـاری وەرگـرتنی دەسـەڵات رانەگیاند. کاتێکیش مردنەکەیان راگەیاند میرزا سـامی بوو بەخاوەنی تەختی پاشـایەتی دەوڵەتی سـەفەویی لەرۆژی دووشـەمە ١٤شوبات١٦٢٩ز لەتەمەنی هەژدە ساڵی و، پاشان نازناوی شاسەفی بۆ خۆی هەڵبژارد و دەستەواژەی (بەندە شاه ولایت صفی) لەسـەر دراوی دەوڵەت هەڵکەندرا.

شا سەفی لاسایی شا عـەباسی یەکەمی باپیری دەکردەوە، چونکە زۆر دڵڕەقبـوو و لـەدوای ئەوەش جێپێی خـۆی لەدەسـەڵاتەکەدا قـاییم کـرد دەسـتی کـردە شمشـێر و کەوتـە نـاو

ئەندامانی خانەوادەکەی و زۆربەی راوێژکارەکانی باپیری کوشت و هیچ ساڵێك نەبوو کـەوا کۆمەڵێك کەس نەکوژی و چاوی هەندێکی دیکە کوێر نەکات، تەنانـەت ژن و منداڵیشـی نەدەبوارد، لەو کارە بێزەوەرەیدا بەردەوام بوو کارگەیشتە ئەوەی زۆربـەی پیاوماقوولانی دەوڵەت و شازادەکانی خانەوادەی دەسەلأتدار بەدەستی خۆی کوژران.

لەساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایەتی مامە کوێرەکەی خـۆی کوشـت کـەناوی ئیمام قـوولی میرزابوو بەبیانووی ئەوەی هەندێك لەشازادەکان پیلان بۆ ئەوە دادەرێژن بیکەنـە حـاکمی دەوڵەت. لەساڵی ١٦٢٠ز سەرکردەی سوپا زەینـەل خـان شـاملووی بـەهۆی کـەموکوڕی لەشەری عوسمانییەکان کوشت و هەروەها عیسا خانی قورجی باشی و کوڕەکـانی و چـراغ خانی زاهیدی کوشت و لەساڵی ١٦٣٤ز وەزیری ئەعزەم ئەردوباری زاهیـدی و ئۆغورلـوو خان شاملووی کوشت و لەدوای ئەوانیش ئیمام قوولی خانی حـاکمی فارسـی کوشـت کـە خاوەنی پیلانی دەرکردنی هێزەکانی پورتوگالی بوو لەدوورگەی هـورمز و ئینجـا هـەموو ئەنـدامانی خانەوادەکـەی لـەناوبرد بـۆ ئـەوەی کـەس نەمێنێتـەوە لـەدوارۆژدا تۆڵـەی لێبکاتەوە.

پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئۆزبەک:

سـەرەڕای ئەوەی چەند سەرکردەیەکی ئۆزبەك نەرمیان بەرانبەر دەنوانـد کەچـی ئـەو هـەر بەردەوام بوو لەسەر دوژمنایەتی سەفەویی و ئۆزبەکـەکان. ئـەوەبوو ناوچـەکانی بـاکوری خۆرەلأت کەوتنە بەر هێرشی تورکمانەکانی ناوچەی خوارزم و بەتایبەتیش شـاری نەسـا و ئەبێۆرد و دەرون و هـەرات. یادگاریـد ئەسـفەندیارخان شـا داوای لێبـووردنی لێکـردن و بەرپرسیارێتی ئەم پەلامارانەی خستە ئەستۆی ئـەبولغازی خـانی بـرای و بـۆ نیشـاندانی نیازپاکی ناردییە پایتەختی سەفەوییەکان و ماوەی دە ساڵ لەوێ مایەوە، پاشان لەسـاڵی ١٦٤٢ز و لەدوای مردنی برای بوو بەفەرمانڕەوا.

لەلای خۆشیانەوە ئۆزبەکەکان بەسەرکردایەتی نەدرخانی حاکمی بەلـەخ و ئیمـام قـوولی خانی برای کەحاکمی بوخارا بـوو هێرشـیان کـردە سـەر قـەلأی ماوچـاق بـەلأم بـەهۆی بەرەنگاربوونەوەی قزلباشەکان نـەیانتوانی دەسـتی بەسـەردا بگـرن و کۆمـەڵێکیش لـە قەبجاقەکانی خوارزم هێرشیانکردە سەر شاری هەرات. لەساڵی ١٦٤١ز ئیمام قوولی خـان

هەردوو چاوی لەدەسدا و لەبەر ئەوەی حەزی لەخۆشی و لەشاغی دەکرد بۆیە دەستی لەکارکێشایەوە و تاجەکەی خستە سەر نەدرخانی برایەوە. وادیاربوو لەلایەن براکەیەوە و بەهۆی ئەو هەڵوێستە سیاسیەی بەرانبەر بە سەفەوییەکان هەیبوو تەنگی پێهەڵچنرابوو، بۆیە ناچار هەڵات و رووی کردە دەوڵەتی سەفەویی و هانای بردە بەر شاسەفی، بەڵام بەر لەرۆیشتنی و بۆ ئەوەی برایەکەی وەدووی نەکەوێ و بیکوژێ لەناو خەڵکیدا وای بلاوکردەوە کەوا دەچێتە حەج، لەوێشدا شاسەفی زۆر بەگەرمییەوە پێشوازیی لێکرد و بەسەرکردەیەکی پایەبەرز ناویهێنا.

لەراستیدا بەهەڵەدادەچین کاتێك بەهۆی پێشوازی کردنی دەوڵەتی سەفەویی لەیەکێك لەشازادەکانی ئۆزبەك واتێبگەین کەوا پەیوەندیی ئۆزبەك و سەفەوییەکان جێگیرە، بەڵکو بەپێچەوانەیەوەیە. لەسەردەمی شاسەفی پەلامارەکانی ئۆزبەك بۆ سەر خاکی ئێران گەیشتە ئەوپەڕی و بەلایەنی کەمەوە پانزە جار هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی سەفەویی و زۆربەی پەلامارەکانیش تەنها لەپێناو دزی و راوەرووت بوو و، لەمانەشدا نزیکە بیست تا سی هەزار چەکدار بەشداریان دەکرد.

پەیوەندیەکان لەگەڵ عوسمانییەکان:

هێرشی یەکەمی عوسمانییەکان بۆ سەر بەغداد: جارێکی دیکە دوژمنایەتی سەفەویی و عوسمانییەکان لەسەردەمی شاسەفی سەری هەڵدایەوە و ئەمجارەشیان ململانێیەکانیان کەوتە سەر بەغدا و ئەرمینیا. ئەوەبوو سوڵتان مورادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠ز) هەلی مردنی شا عەباسی یەکەمی بەهێز و کەم تەمەنیی جێنشینەکەی قۆزتەوە و هێرشی کردە سەر سەفەوییەکان لەشاری بەغدا بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە بۆ خۆی، بۆ ئەم هەڵمەتەش سوپایەکی بەسەرکردایەتی سەدری ئەعزەم خەسرۆپاشا رێکخست و لە١٠ تەمووز١٦٢٩ز ئەستانبوولی بەجێهێشت و بەرەو تەوەری خوارو کەوتەرێ: قونییە، ئەدەنە، ئەنتاکیا، حەلەب، موسڵ و شارەزوور و، لەشارەزووریشدا قەڵای گوڵ عەنبەری دروستکرد. وایدەبینی کەوا ناتوانرێ دەسبەسەر بەغدادا بگیرێ ئەگەر سەرەتا لەئێرانی دانەبڕن، ئەمەش بەئەنجام ناگات تا ئازەربێجان داگیرنەکرێ، بۆیە چووە کەرکووك و زستانەکەی لەوێ بەسەربرد، لەوێشدا نزیکەی بیست هۆزی کوردەکانی هاتە پاڵ، ئەوانەی کە پێشتر

سەر بە دەوڵەتی عوسمانیی بوون و بەزۆرداریی خرابوونە سەر دەوڵەتی سەفەویی، پاشان خاکی کوردستانی بڕی و لەدواییدا لەخاکی ئازەربێجانەوە چووە ناو سنوری ئێران.

کاتێك شاسەفی هەوڵی لەشکرکێشی عوسمانییەکانی بۆ ناو خاکی ئێران پێگەیشت هێزێکی سەربازی کە لەچل هەزار کەس پێکهاتبوو و بەسەرکردایەتی زەینەل خان نارد بۆ ڕێگە لێگرتن و ڕووبەڕوو بوونەوەیان و خودی خۆشی بەسەرکردایەتی هێزی سەربازیی بەرەو بەغدا کەوتەڕێ. لە ٥ئایار ١٦٣٠ز زەینەلخان لەنزیك مەریوان ڕووبەڕووی هێزەکانی عوسمانی بووەوە بەڵام شکستی خوارد و ئەم شکستە پاڵی بەشاسەفییەوەنا کەوا بیکوژێ.

ئەم شەڕە ڕێگای هەمەدانی بۆ عوسمانییەکان کردەوە و خەسرۆپاشا لە٩حوزەیران هێرشی کردە سەر هەمەدان و دەستی بەسەرداگرت و بەردەوام بوو لەپێشڕەویی بەرەو قەزوین و حوسێن خانی حاکمی لورستان لەنزیك دەگەزین لەسەر ڕێگای هەمەدان-قەزوین پێشی لێگرت بەڵام نەیتوانی ڕایبگرێ و شکستی خوارد، کاتێکیش شاسەفیی ئەنجامی شەڕەکانی پێگەیشت یەکسەر بەرەو ناوەوەی ئێران پاشەکشەی کرد.

بەهۆی ئەم پێشڕەوی و هەڵمەت بردنەی عوسمانیی، عوسمانییەکان توانیان ئێرانی خۆراوا بگێڕنەوە بۆ خۆیان واتە: ئیلام و کرمانشا و کوردستان و لورستان و خوزستان و لەهەمان کاتیشدا مستەفا پاشا هێرشی کردە سەر تەرابلسی شام و خوارووی عیراقیشیان گێڕایەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیان و، لەدواییدا حللە و کەربەلا و نەجەف و کوفەیان لەژێر دەستی سەفەوییەکان هێنایە دەرەوە.

نووسراوێکی سوڵتان موڕادی چوارەم گەیشتە دەست خەسرۆپاشا کاتێك لەدەرگەزین بوو و فەرمانی پێدا کەوا بەرەو بەغداد بسوڕێتەوە، کاتێك لەبەرەی خوارووی خۆراوا گەڕایەوە لەڕێگا ڕووبەڕووی پەلامارێکی سەفەوییەکان هاتەوە کەهێزەکەیان بەسەرکردایەتی موراوی خان بوو و شکستی پێهێنان و ئینجا شاری نەهاوەندیان سووتاندو پاشان لە ٥تشرینی یەکەم ١٦٣٠ز بەرەو بەغدا کەوتنەڕێ و گەمارۆیانداو، سەرەتا تۆپبارانی کرد بەڵام نەیتوانی بچێتە ناویەوە، لەهەمان کاتیشدا پێدەچوو

ماندوو شەکەت بووبێ لەئەنجامی ئـەو هـەموو شـەڕەی کەلـەکاتی دەسبەسـەرداگرتنی خۆراوای ئێران ئەنجامیدا.

شاسەفی لەپایتەختەوە بەرەو بەغـدا بەرێکـەوت بـۆ ئـەوەی بەشـداری شـەڕەکەبکات و کـاتێکیش خەسرۆپاشـا ئەمـەی بیسـت وای بەچـاکزانی گـەمارۆی سـەر بەغـدا هەڵوەشێنێتەوە و پاشەکشەبکات، ئـەوەبوو لـەدوای چـل ڕۆژ و لـە١٤تشـرینی دووەم بەغدای بەجێهێشت و ڕێگای خوارووی بەرەو ئەستانبووڵ گرتەبەر و بەحەلەبدا تێپەڕی، چـونکە هێزەکـانی سـەفەویی بەسـەرکردایەتی توختـەخان دەسـتیان بەسـەر دەرنـە و دەرتەنگ و شارەزووردا گرت. لەپاشان شـا گەیشـتە بەغـداو تـوانی خـوارووی عـێراق داگیربکاتەوە و سەردانی نەجەفی کرد و ئینجا گەڕایەوە بۆ ئەسفەهان.

هێرشی عوسمانیی بۆ سەر ئەیرەوان: جارێکیدیکە لەنێوان سەفەویی و عوسمانییەکاندا و لەساڵی ١٦٣٣ز شەڕ و پەلامارەکان دەستی پێکردەوە، ئەوەبوو سوڵتان مورادی چوارەم بۆخۆی بەرەو ئێران ڕۆیشت ولەبەرانبەریشـدا شاسـەفی پایتـەختی بەجێهێشـت و بـەرە وکوردستان وەرێکەوت بۆ ئەوەی لەوێ بە موراد بگـات، بـەڵام لەبـەر ئـەو پشـێویەی کەشازادە فەخرەدینی دووەمی مەعنی لەدژی دەوڵەتی عوسمانیی سازی کردبوو سـوڵتان ناچار بوو بەرەو ئەوێ بـڕوات، کـە ڕاپەڕینەکـەی دامرکانـدەوە و لـە١٣نیسـان١٦٣٥ز شازادە مەعنیشی لەسێدارەدا جارێکی دیکـە گەڕایـەوە بـۆ بـەرەی ئێـران و گەیشـتە ئەرزەرووم و لەوێش ئەو هێزانەی کەبەسەرکردایەتی سەدری ئـەعزەم خەسرۆپاشـا بـوون خستە پاڵ سوپاکەی خۆی.

ئامانجی ئەم پەلامارە ئەیرەوانبوو، بۆیە سوپای عوسمـانیی کـە ژمـارەی سـەربازەکانی نزیکـەی دوو سـەد هـەزار دەبـوو و هـەروەها سـێ سـەد تـۆپی قورسیشـیان پێبـوو بەسەرکردایەتی خودی سـوڵتان بەرەو شاری وەرێکـەوت و، کاتێـك لـە٢٧تـەمووز١٦٣٥ز گەیشتە ئەوێ یەکسەر گەمارۆیدا، بەڵام هێـزی وڵاتپـارێز بەسـەرکردایەتی تەهماسـب قوولی خان زۆر ئازایانە بەرگرییان لێیکردو پاشان شاسەفی دوانزدەهەزار سەربازی تفەنگ بەدەستی بۆ یارمـەتیدانی نـاردە لای و هەروەها بەسەرکردایەتی ڕۆستەم خانی عەسـکەر

وسوپایەکی نزیکی نەوێی نارد بۆ بەرگریلێکردنی بەڵام لەگەڵ هێزە عوسمانییەکانی دەووری شارەکە تووشی شەڕ و کوشتاربوون.

وادیاربوو هێزە ولاتپارێزەکە سەرەڕای پارمەتیدانییان کەچی لەوە پتر توانای بەرگریکردنیان نەبوو، بۆیە لە٨ئاب و دوای دوانزە رۆژ لەبەرگری و گەمارۆدان خۆیان بەدەستەوەداو سوپای عوسمانییش چووە ناو شارەکە و دەستی بەسەرداگرت.

سوڵتان مورادی چوارەم سوپای سەفەویی بەدرێژایی رووباری رەس دەرکرد بەڵام نەیتوانی بیگاتێ و شەڕی لەگەڵدا بکات، کەچی دەستی بەسەر خووی و تەورێزداگرت و ئەمەش بەشەشەمین دەسبەسەرداگرتنی ئەم شارە لەلایەن عوسمانییەکانەوە دادەنرێت و ئامانجیشی ئەوەبوو کەبەرەو ئەسفەهان پێشرەوی بکات، بەڵام سوڵتان لەبەر ئەوەی نەخۆش کەوت گەڕایەوە دیاربەکر و لەوێشەوە بۆ ئەستانبووڵ، و هەڵمەتەکەش ماوەی نۆ مانگی خایاند.

شایانی باسە لەدوای کشانەوەی عوسمانییەکان سەفەوییەکان لەدوای ئەوەی ماوەی شەش مانگ و نۆ رۆژ گەمارۆیاندا توانیان شاری ئەیرەوان داگیربکەنەوەو لەکاتی گەمارۆکەشدا مورتەزاپاشای وەزیریش کوژرا و لەدوای ئەویش تەورێز و بەشێکی گەورەی ئازەربێجانیان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ئینجا شاسەفی بەرەو خواروو هەنگاوی هەڵهێنا و لەنزیك مەهران لە٢ئەیلوول١٦٣٦ز رووبەرووی ئەحمەد پاشای حاکمی ولاتی شام بووەوە، لەبەرانبەریشدا ئەو تیپە سەربازانەی کەلە قارس کۆببوونەوە و لەژێر فەرماندەیی سەدری ئەعزەم محەمەدپاشا بوو نەیانتوانی یارمەتیان بدەن و بەمەش سوڵتان تورە بوو و محەمەد پاشای دەرکرد.

هێرشی دووەمی عوسمانییەکان بۆ سەر بەغدا: لەوکاتەی کە سوڵتان مورادی چوارەم توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ولاتدا بسەپێنێت و هەموو کاروبارەکانیش بخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە و هێزەکانی زیاتر گەشەیان سەند، شاسەفی بەپێچەوانەی ئەو خەریکی لەناوبردنی سەرکردە سەربازییەکانی خۆیبوو و لەلایەکی دیکەوە باری ناوخۆی ولاتەکەی رووی لەخراپی و نالەباری کرد و لەدواییشدا بەرە و لاوازی و پاشەکشە رۆیشت، ئەمەش بووە هۆکارێکی سەرەکی کە سوڵتانی عوسمانیی قۆزتیانەوە و هەوڵیاندا ئەو ئامانجەی کە

ماوەی پانزەساڵ بوو چاوەڕێیان دەکرد بەدەستی بهێنن ئـەویش ئـازادکردنی بەغـدادبوو و لەهەمان کاتیشدا ڕێگا بازرگانییەکان بخەنە ژێر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە چـونکە دەوڵـەتی عوسمانیی کورتیی زۆری هەبوو لەبواری داراییدا.

لەسـاڵی ١٦٣٨ز سوڵتان موورادی چوارەم سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد بۆ ئـەوەی بەغـدا بگێڕنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان و شێخولئیسلام یەحیا ئەفەندیشی لەگەڵ خۆیدا برد و سەرەتا لەئەسـتەمبووڵەوە ڕێگـای حەلـەب و دیاربـەکر و موسـڵی بـەرەو بەغـدا گرتەبـەر و لـە ١٥ تشـرینی دووەم گەیشـتەجێ و گەمارۆیـدا، ئـەوەبوو هێـزی پارێزگـاریی کەبەسەرکردایەتی بەکتاش خانی تورکمان بوو و ژمارەی سەربازەکانی نزیکەی چل هـەزار کەس بوو توانیان زۆر بوێرانە ڕووبەڕوویان بوەستنەوە. لەلای خۆشیەوە شاسەفی لەقەسـری شیرینەوە خۆی و سوپاکەی ڕۆژ بەڕۆژ چاودێری گەمارۆکەی دەکرد و بـەبێ ئـەوەی بـوێری ڕووبەڕووی هێزی عوسمانیی ببێتەوە، بەڵام هیواشی دەخواست کەوا هێـزە وڵاتپارێزەکـە و سەنگەرە بەهێزەکانی بەغدا لەبەردەم پەلاماری عوسمانییەکاندا خۆڕگری بکەن و بەمـەش بێئومێـدی بـاڵ بەسـەر سـەربازەکانی عوسمانییـدا دەکێشـێ و پاشـان گەمارۆکـە هەڵدەوەشێننەوە و دەگەڕێنەوە. سوڵتان مکوڕبوو لەسەر چوونە ناو بەغدا، ئەوەبوو لەگەڵ هێزە وڵاتپارێزە زۆر و زەبەلاحەکەیدا بەیەکیاندادا و لەئەنجامدا دەسـتیان بەسـەر چـەندین تاوەری شارەکەدا گرت و توانیان بەئاسانی بەسەریدا زاڵـبن و لـەو ماوەیەشـدا ئازووقـەی شارەکە کۆتایی پێهات و هێزەکەش بەناچاری لە ٢٤ کانوونی یەکەم و لەدوای سی و نۆ ڕۆژ خۆیان بەدەسـتەوەدا و لەهـەردوولاش کـوژراوێکی زۆر هـەبوو و بریتیبـوو لەپانزەهـەزار سەربازی عوسمانییەکان و دە هەزاری سـەفەوییەکان و جگـە لەبرینـدارەکانیش، لـەدوای دەسبەسەرداگرتنی بەغدا سوڵتان دوو مەرجی خستە سەرخەڵکەکە:

- بەپەلە بەغدا لەئێرانییەکان چۆڵبکرێ.

- گەمارۆدراوەکان ئازادبن لەوەی دەچنە پاڵ عوسمانییەکان یـاخود سـەفەوییەکان. بـۆ ئەم مەبەستەش ئـەوەی دەیـەوێ پەیوەنـدی بەسـوپای سـەفەوییەوە بکـات بـا لـەدەرگا ڕەشەکەوە بچـێتە دەرەوە ئەوەشـی دەیـەوێ پەیوەنـدی بـە عوسمانییەکانـەوە بکـات بـا لـەدەرگای ئـەبی حەنیفـەی نوعمانیـەوە بێتـە دەرەوە، وادیـاربوو ئـەم شـێوازە بـەدڵی

تووندڕەوەکانی هەردوولا نەبوو بۆیـە لـەناو بەغـدا کوشـتارێکی زۆر گـەورە بـەرپابوو و لەئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری ئێرانییەکان کوژران.

سولتان موورادی چوارەم کەدوای ئەو شەڕە بە فاتح بەغداد ناوبانگی دەرکرد ماوەی بیست و یەك ڕۆژ لەشارەکەدا مایەوە و لـەو ماوەیەشـدا تـوانی کاروبـاری وڵات ڕێکبخاتـەوەو حوسێن پاشای کردە والی و نزیکەی دوانزە هەزار سەربازی خستە ژێر فەرمانی کە هەشت هـەزاریان لەئینکیشـارییەکان بـوون و، ئینجـا شـوورەکەی چـاککردەوەو قەڵاکەشـی ئاوەدانکردەوە و لەدواییشدا گـۆڕی ئـەبی حەنیفـەی نوعمـانی دارشـتەوە و، کـاتێکیش هەستی بەدڵنیایی کردو زانی کەوا هێرشی سـەفەوییەکان بوونی نییە بەغدای بەجێهێشـت و بەرەو ئەستانبووڵ کەوتـەڕێ، ئینجـا سـەدری ئـەعزەم مستەفاپاشـا تیایـدا مایـەوە و دەستی کرد بەدانوستانی ئاشتەوایی کەهەر لەسەرەتاوە هەستی پێدەکرا.

گرێدانی پەیماننامەی زەهاب: دەوڵەتی سـەفەویی لـەدوای ڕووخـانی بەغـدا پاشەکشـە و دواکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی چونکە شاسەفەوی سیاسـەتی پاکتـاوی ناوەنـدەکانی هێزی لەوڵاتدا پەیڕەو دەکرد و ئەم بێهێزییەشی بووە هۆی ئەوەی بـە ئاشـتی قایـل بـبێ، لــەلای خۆشـیانەوە گێڕانـەوەی بەغـدا کـارێکی سـتراتیژیی بـوو و ئـەم هـەنگاوەش وەرچەرخانێکی سـیاسی گـرنگ بـوو بۆیـان و ئـەوانیش لەروانگـەی بـەهێزیی و نـەمانی مەترسی داخستنی دەروازەکانی سەر کەنـداوی عـەرەبی بـەڕووی عوسمانیـەکان بێبـەریی کردنیان لەناوچە ستراتیژیەکانی عیراق بەئاشتەواییەکە قایلبوون.

لەماوەی مانەوەی سەدری ئەعزەم مستەفاپاشـا لـەعیراق نێـردراوی شاسـەفی کەمحەمـەد قوولی خانبوو پێشنیاری ئاشتبوونەوەی بۆ کرد، سەدری ئەعزەمی مەرجی ئەوەی دانا بـۆ چـوونە نـاو ئاشـتبوونەوەکە، سـەرەتا دەبـێ هێـزی سـەفەوییەکان لەدەرنـەو دەرتـەنگ بکشێنەوە کە ئەو دوو شارە ناوەندێکی گرنگی کۆبوونەوەی هێزەکانی سـەفەویی بـوو بـۆ هێرش کردنە سەر بەغدا. ئینجا نێردراوەکە گەڕایەوە بۆ ئەسفەهان و مەرجەکانی سەدری ئەعزەمی بە شاسەفەویی ڕاگەیاند و ئـەویش پێیـان ڕازی بـوو و فەرمانیـدا هێزەکانیـان لەهەردوو ناوچەکەدا بکشێنەوە. کاتێکیش پاشا هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی سـەفەویی پێگەیشت کە هاوکاتبوو لەگەڵ هاتنی وەفـدی شـا سـاروخان کەبەمەبـستی ڕێکـەوتنی

ئاشتی هاتبوونە لای، هـەردوولا لەیاداشـتنامـەکانیاندا تـاوتوێی ئاشـتیی لەناوچـەکانی زەهاب و قەسرشیرین لەسەر سنووری عیراق و ئێران تۆمارکردو لەکۆتاییدا بڕیاردرا:

- فەرمانڕەوایەتی بەغـدا و جەسـسـان و بـەدرەو مـەنـدەلی و دەرنـە و ئـەو شـوێنانەی کەوتبوونە خۆراوای قەڵای زنجیری سـەر ڕێگای شارەزوور و قـەڵای قزلجـە و دەووروبـەری و سـەرجەم قەڵاکانی ئاخجە و قارس و وان و شارەزوور و بەسرە بدرێتە دەوڵەتی عوسمانیی و هەروەها فەرمانداریێتی هەردوو هۆزی کورد زیائەدین و هـارونیش بخرێتـە پـاڵ دەوڵـەتی عوسمانییەوە.

- ئـەو قەڵایانـەی کەوتبوونـە خـۆرەڵاتی مەنـدەلی و دەرتـەنگ و پـیرە و زەردوکـە و زومرورداوا و دارستانەکانی خۆرەڵاتی قەڵای زنجیر و مـەهران و هـەردوو قـەڵای کـاکوڕ و ماکوری سـەرووی چیای وان و قەڵای مەگازیرد لەناوچەی قـارس هـەمووی بکەوێتـە ژێـر دەسەڵاتی سەفەوییەکان.

بەواتایەکی دیکە بەغداو بەسرە و موسڵ و کوردسـتانی خـۆراوا و شـارەزوور ببێتـە هـی دەوڵەتی عوسمانیی و ئازەربێجانی خۆرەڵات و ڕەواندز و ئـەرمینیای خـۆرەڵاتی و وڵاتـی کەرەج بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان.

لەدوای ئەوەی بەڵگەنامەی ئاشتەواییەکە لەسـەر ئەم شـێوازە دەسـنیشـان کـرا لەهـەردوو پایتەخت و لەهەمانساڵدا ئیمزای لەسەر کرا و لەمێژووی واژووکردنەکەشدا کاری پێکرا.

خوێندنەوەیـەکی پەیماننامـەی زەهـاب: ئـەم پەیماننامەیـە بەبناغـەی دەسـنیشـانکردنی سنورەکانی دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانیی دادەنرێت، چونکە ئەوە یەکەمین ڕێکـەوتنبوو کەوا بەئاشـکرایی سنوری نێوانیـانی نیشـان دەدا لەســەر بنچـینـەی سروشـتی وڵاتـەکان نەوەکو دابەشبوونییان لەسەر بنچینەی دانیشتوانەکانیان، زانراویشە کەوا هەندێك هـۆزی کوردەکانی سـەر سنوور بوون بەدوو لەتەوە، وەك ئەوەی هـۆزی جـاف بەسـەری هـات کـە بەشێکیان پێك هاتبوو لەخانەوادەی زیائەدین و هارۆنی کەوتنە ژێر دەسـەڵاتی سـەفەویی و کەچی خانەوادەی پیرەو زوودی کەوتنە ژێـر فەرمانڕەوایـەتی عوسمانییـەکان و ئەمـەش بووە هۆی ئەوەی عەشیرەتی جاف هەمیشـە بێـزاری و ناسـەقامگیریی لـەنێوان ئـەو دوو

دەوڵەتەدا سازبکەن و لەدوای ئەوەش کاتێك عوسمانییەکان دەسەبەرداری ناوچەی میهرەبان بوون بۆ سەفەوییەکان، بەبێ هیچ سوودێك لێی هاتنە دەرەوە هەرچەندە هەر لەبنیچینەوە ئەو ناوچەیە سەر بەویلایەتی شارەزووربوو. کەچی سەرەڕای ئەمانــەش ئــەم پەیماننامەیــە سنوورەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتەکەی نیشانکرد، بەلاّم نەیتوانی بەتەواوی هێـڵێ لەســەر سنورەکاندا بکێشێ و بەمەش زۆرێك لەناوچەکان بەپانایی خۆیانــەوە کەوتنــە نێوانیــان و سەر بەهیچ لایەکیان نەبوون و لەدواییشدا ئــەم پرســە بــوو بــەهۆکار ســازبوونی کێشــە و دووبەرەکی نێوانیــان. پەیوەندییــەکانی نێــوان ســەفەویی و عوسمانییــەکان لەســەردەمی شاسەفی لەبارێکی ئیجابی دابوو و هێمنی و ئارامی باڵی بەسەر بەرەکانی شەڕدا کێشــا و ئەم پەیوەندییە سیاسیەش بوو بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك کێشــەی لابــەلا و لــەناکاوی نــوێ لەناوبەبات و لەراستیشدا سەفەوییەکان دەسپێشــخەریان دەکــرد لەبــەکارهێنانی شێوازی سیاسەتی دۆستانە و کاتێکیش ســولتان موڕادی چوارەم کۆچــی دوایــی کــرد، شاســەفەی نێردراوێکی ناردە لای سولتان ئیبراهیمی یەکــەم (١٦٤٠-١٦٤٨ز) کــەبوو بەجێنشــینی ســولتان و سەرەتا پرسە و سەرەخۆشی بەهۆی مردنــی ســولتانەوە ئاراســتە کــرد و ئینجــا پیرۆزبایی لێکــرد بەبۆنــەی بــوونی بەســولتانی دەوڵــەتی عوسمــانیی. ئامــانجی شــا لــەم هەنگاوەی ئەوەبوو کەوا بتوانێ لەگەڵ سولتانی نوێدا پەیوەندییەکی دۆســتانە گرێبــدات. بۆ دەربــڕینی نیازپــاکی لەبەرانبــەر شاســەفەوی، ســولتان ســەرجەم دیلــەکانی دەوڵــەتی سەفەویی کەلەسەردەمی سولتان موڕادی چوارەم گیرابوون ئازادکردن و هــەمووی دایــەوە دەست سەفیری ئێرانی لەئەستانبوڵ.

پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەرەج:

ولاّتــی کــەرەج دابــەش بــوو لــەنێوان دەوڵــەتی ســەفەویی و عوســمانیی و پەیوەنــدی سەفەوییەکانیش لەگەڵ ئەو بەشەی کەسەر بەدەوڵەتی عوسمانیی بوو زۆر رێك و شــیاوبوو، جگە لەمەش زۆرێك لەو کەرەجیانە لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم پلەو پایەی گرنگیــان لەدەوڵەتی سەفەوییدا هەبوو لەناویشیاندا جۆرجی سەکزای هەبوو کەبەموراوی ناوبــانگی دەرکردبوو. کاتێکیش شا عەباســی یەکــەم کۆچــی دواییکــرد و لەبــەر کــەمی تەمــەنی شاسەفەوی و سازبوونی پشێویی ناوخۆیی دەوڵەتی سەفەویی بەهۆی خراپی میراتگریــی و

جێنشینی و سیاسەتی لەناوبردنی شازادە گەورەکانەوە جۆرجی شۆڕشی لـەدژی دەوڵـەتی سـەفەویی ڕاگەیانـد و داوای سـەربەخۆیی وڵاتەکەشـی دەکـرد و لەبەرانبـەردا شـا سەرکردەکانی ڕاسپارد کەوا شۆڕشەکە دابمرکێنێتەوە. لەدوای چەندین پێکدادانی نێوانیان توانیان شۆڕشەکەیان لەناوبەرن و موراوی بـەرەو دەوڵـەتی عوسمـانیی ڕایکـرد و لـەوێش دەستی کرد بەهاندانی سوڵتان مورادی چوارەم بۆ داگیرکردنی ئێران.

لەسـاڵی ١٦٣١-١٦٣٢ز تـەهمورس خـانی حـاکمی کـەرەج لـەدژی شاسـەفی شۆڕشـی بەرپاکرد و توانی سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەی دابین بکات، ئەویش خەسرۆ میرزای کـەرەجی کەبە ڕۆستەم خان ناوبانگی دەرکردبوو ڕاسپارد تاکو شۆڕشەکە لـەناوببات و لەڕووبـەڕوو بوونەوەیەکدا توانی شکـستی پێبهێنێت، لەبەرانبەر ئەم سەرکەوتنەشدا شاسـەفی خـەڵاتی کرد و کردی بەحاکمی وڵاتی کەرەج.

کۆچی دوایی شاسەفی:

شاسەفی لەقاشان و لەکاتی گەڕانەوەی لەمەشهەد و لە١٢ئایار١٦٤٢ز بەهۆی زیـادەڕۆیی لەمەی خواردنەوە کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەشی بردرایە قوم و لەوێ ناشتیان.

◆

شاعەباسی دووەم
١٦٤٢-١٦٦٦زایینی

فەرمانڕەوایەتی شاعەباسی دووەم:

لەدوای مردنی شاسەفی، شازادەکان عەباسی کوڕی کەوا تەمەنی تەنها نۆ ساڵبوو بەرزیان کردەوە و خستیانە سەر تەختی پاشایەتی و لەدوایی ئەوەش بوو بە کێبڕکێ لەسەر وەسیی سەر شاعەباسی دووەم و لەپاشاندا لەسەر سەدری ئەعزەم میرزا تەقی گیرسایەوە و بوو بەبریکاری شا و، بەر لەوەش تەقی وەزیر بوو لەمازەندەران، بەڵام زۆری نەبرد کەوا شازادەکانی دەوڵەت کەوتنە پیلان لەدژی و ئینجا شاعەباسیان هاندا و دواتر کوشتی.

شاعەباسی دووەم بەچاکترین پاشاکانی سەفەویی دادەنرێت، چونکە تا ئاستێکی زۆر باش دادپەروەربوو و لەگەڵ دەسوپەیوەندەکانی، چاکەخوازبوو و بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە و باجەکانی سەریشی سووك کردن و گەیاندییە سەد هەزار، وەك ئەوە مەبەستی بێ تۆڵەی زۆرداریيەکانی باوکی بۆ خەڵکەکە بکاتەوە، هەروەها مەی خواردنەوەشی قەدەغەکرد و زۆریش توندبوو لەسەری، بەڵام ئەم بڕیارە ماوەیەکی زۆری نەخایاند و پاشان هەر خۆشی نوقمی ناو مەیخواردنەوەبوو، هەمیشە لەگەڵ سەرخۆش و مەیخۆرە هەمیشەییەکان دادەنیشت و زۆر کەم بەوشیاری دەبینرا و ئەمەش دووری خستەوە لەکاروبارە گشتییەکانی دەوڵەت.

ململانێی مەگۆل لەسەر قەندەهار:

لەوانەیە بەناوبانگترین رووداوی سەردەمی شاعەباسی دووەم ململانێی سەفەویی و مەگۆلەکان بووبێ لەسەر دەسبەرسەرداگرتنی ویلایەتی قەندەهار کە هەردوو دەوڵەتەکەی لێکجیا دەکردەوە و هەر لەسەردەمی شا عەباسی یەکەمەوە لەژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکاندابوو. لەساڵی یەکەمی دەسەڵاتداریێتی شاعەباس دووەم پاشای هیندستان

(١٦٢٨-١٦٥٨ز) جیهانشـــا بڕیاریـــدا بیخاتـــە پـــاڵ موڵكـــەكانی خۆیـــەوە، ئـــەویش لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە فراوانكارییە كەلەناوەڕاستی ئاسیا پەیڕەوی دەكرد و لەهەوڵی گێڕانەوەی وڵاتی پشت رووبـاریش بـوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرەڕای گرنگیـی لـەرووی بازرگانییەوە كەچی سەرقاڵی و ماندوویی سەفەوییەكانیشی لـەتێوەگلانی شـەڕی بـەردەی خۆراوای دژ بەعوسمانییەكان قۆزتەوە. لەسەرەتادا ویستی بەشـێوەیەكی ئاشـتیانە لـەژێر دەستی عەلی مەردانی بریكاری شا بیگێڕێتەوە بۆ خۆی، بەڵام والی ئەمەی رەتكـردەوە و هەوڵەكەی سەری نەگرت، ئینجا لەساڵی ١٦٣٨ز بـەهێزی سـەربازی هێرشـی بـۆ كـرد و لەبەرانبەریشدا عەلی مەردان داوای یارمەتی لە شاسەفی كرد بۆ ئەوەی لەرووی پەلاماری مەگۆلەكاندا بوەستێتەوە بەلام وادیار بوو شا گومانی لەدڵسۆزییەكەی هـەبوو بۆیـە ئـەم داواكارییەی بەدرۆخستەوە و گومانی وابوو كەدەیەوێ دەسەلاتەكەی خۆی بـەهێزبكات و لەگەڵ مەغۆلەكاندا گفتووگۆ بكات و پاشان سـەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ، بۆیە هێزێكـی گەورەی نارده سەر شارەكە تاكو دەسگیریی بكەن. كاتێك عەلی مـەردان بـۆی دەركـەوت كە چ پیلانێكی بۆ دارێژراوە یەكسەر نامەیەكی نهێنی بۆ سـەعیدی حـاكمی كـابوڵ نـارد كەمـەگۆلی بـوو و داوای یارمـەتی لێكـرد بـۆ ئـەوەی هێـزی سـەفەوییەكان لەشـارەكە وەدەرنێ ئەویش شارەكەیان بخاتە ژێردەست، ئەویش داواكەی جێبەجێكرد و پاشان هێزی سەفەوییەكانیان لەشارەكە دەركرد.

لەدوای ئەوە جیهانشا بەرەو ناوەڕاستی ئاسـیا كەوتەرێ لەوێش بەلەخی داگیركرد و پاشـان هێرشی كردە سـەر بوخـارا و، ئەمانەشـی بەیارمـەتی نـەدر محەمـەدخان لـەدژی كـوڕو شازادەكانی ئەنجامدا، ئۆزبەكەكانیش هەمیشە لەدژی نەدر پیلانیان دادەڕشـت و ئـەویش ناچاربوو كەوا شارەكە بەجێبهێلێت و بەرەو خۆراسان هەلات و خۆی گەیانـدە شاعەباسـی دووەم و داوای لێكرد یارمەتی بدات بۆ دەركردنی مەگۆلەكان و شاعەباسیش رەزامەندیی بۆ نواند. لەساڵی ١٦٤٥ز هێرشیان برد بۆ بەلەخ و كاتێكیش شاجیهان بەم هەواڵەی زانی لە٢٣ئەیلوویل١٦٤٧ز لەگەڵ نەدر محەمەد كەوتە دانوستان و لەسەر ئەوە رێكـەوتن كـەوا مەگۆلەكانی بوخارا و قەلای بەلخ بدەنەوە دەست محەمەد نەدرخان و بگەڕێنەوە بـۆ ولاتـی خۆیان و ئینجا سەفەوییەكانی گەڕاندەوە.

شاعەباسی دووەم لەبەرانبەر لەدەسدانی قەنـدەهار بێـدەنگ نـەبوو، بۆیـە دەسـتی کـرد بەکۆکردنەوەی هێز و پەلاماردانی و بۆ ئەم مەبەسـتەش مورتەزا قوولی خان قاجاری کردە سەرکردەی سوپای ئێران و فەرمانی پێکرد کەوا قەندەهار بگێڕێتەوە، ئـەوبوو لەزسـتانی ١٦٤٩ز بەرەو قەندەهار وەرێکەوت و زانیاری ئەوەشی هەوبوو کەلەبەر بەفری هیندوکوش یارمەتی و ئازووقە لەهیندستانەوە ناگاتە شارەکە. لەراستیشدا ئـەم بۆچـوونە لـەجێگای خۆیدابوو چونکە دەولەتخان کە بریکاری شاجیهان بوو لەناوچەکەدا کاتێك هەسـتی کرد شا دوودڵە لەناردنی یارمەتی لەم وەرزی زسـتانەدا، نەیتوانی ماوەیەکی زۆر خۆڕاگری بکـات و ناچار بوو لەدوای پەنجاو حەوت رۆژ خۆی و شارەکەی بەدەسـتەوەدا و ئاگای لەوەش نەبوو کەئەوانیش بـەهۆی سـەختی وەرزی زسـتانەکە و کـەمی ئازووقـە ئـەویّ بەجێـدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

کاتێکیش شاجیهان هەواڵی رووخانی قەندەهاری بیست سوپایەکی لە شەست هەزار سوار و دە هەزار پیادە سـازکرد و بەسـەرکردایەتی ئـۆرنجزەیتی کـوڕی نـارد بـۆ گێڕانـەوەی و بۆخۆشی بۆ نزیك بوونەوە لەرووداوەکان چووە کابۆل بـۆ ئـەوەی لـەکاتی پێویسـت خـۆی تێهەڵقورتێنێ. شازادەی مەگۆلی هێرشی کردە سەر شارەکەو ماوەی سێ مانگ و بیسـت رۆژ گەمارۆیداو لەگەڵ هێزە ولاتپارێزکانیشدا چەندین شەڕی لابەلای کرد بـەلاّم لەلایـەن باوکییەوە فەرمانێکی بـۆ هـات کـە لەبـەر نزیـك بوونـەوەی وەرزی زسـتان گەمارۆکـە هەڵوەشێنێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ئۆکرا.

گەمارۆ سەنەکەوتووانەکەی مەگۆلی بۆ سەر قەندەهار ناویانگی کەوەك گەورەترین هێـزی هێندستانبوو لەکەدارکرد، بۆیە شاجیهان لەوە ترسـا ئـەم کـارە کاریگـەری بکاتـە سـەر حاکمەکانی دەووروبەر و لەدژی بوەستن و راپەڕین بکەن و، بەپەلە سوپایەکی دیکەی ناردە سەر قەندەهار کەلەپەنجا هەزار سوار و دە هەزار پیادە پێکهاتبوو و چەندین تۆپ و فیـل و وشترییشیان لەگەڵ خۆیاندا بردو سەرەڕای ئەوانە چەند سەرکردەیەکی گەورەی سـەربازیی وەك سـەعدوڵلاّخان و رۆسـتەم خـانیش یـاوەری ئۆرنجزەیـب بـوون و لـە٢ئایـار١٦٥٢ز شارەکەیان گەمارۆداو ماوەی دوو مـانگ و هەشت رۆژ بـەردەوام بـوون بـەلاّم نـەیانتوانی بچنە ناو شارەکە.

بەدڵنیاییـەوە تۆپـەکانی سـەفەویی لـەهی مەگۆلییـەکان بـەهێزتربوون، بۆیـە هێـزی مەگۆلەکان زیانی زۆری پێگەیشـت و بەمـەش سـوڵتانی مـەگۆلی بڕیاریـدا گەمارۆکـە بشکێنن و بگەڕێنەوە بەڵام وادیار بـوو هەڵوێسـتەکە هێنـدە نالـەبار نـەبوو وەك ئـەوەی سوڵتان پێیگەیشتبوو و داوای لەباوکیشی کردبوو کەوا یارمەتی دیکەی بۆ نێرێ ئـەویش داواکەی جێبەجێنەکرد و لەبەرانبـەردا ئۆرەنجزیـب سەرکێشیکرد و فەرمانەکـەی بـاوکی بەجێنەگەیاند، بـەڵام لەکۆتاییـدا هاتـە ژێـر بـاری فەرمانەکـەی بـاوکی و گەمارۆکـەی هەڵوەشاندەوە و گەڕایەوە بۆ ئۆکرا. لەراستیشدا ئەمە هەڵەیەکی سەربازیی بـوو چـونکە ئۆرەنجزیب لـەو دوو هێـرش و گەمارۆیـەدا زانیـاری پێویسـتی شـەڕی هـەبوو و ئاگـای لەلاوازی هێزەکانی ناو شار و باری ناوخۆشییان هەبوو و دەیزانی کەوا ناتوانن ماوەیـەکی درێژتر خۆراگری بکەن.

لەسالی ١٦٥٣ز سـوڵتانی مەگۆلی پەلاماری سێیەمی بۆ سەر قەنـدەهار دەسـپێکردەوە، ئەمجارەیان زیادەڕەوییەکی زۆری کرد لەسازکردنی سوپا، چـونکە نزیکـەی حـەفتا هـەزار سوار و پێنج هەزار پیادەو دە هەزار سەربازی دیکەی تۆپهاوێژەکان و شـەش هەزار کەسـی دیکە بۆ سەنگەر هەڵکەندن و هەروەها پێـنج سـەد سـەربازی دیکـە بـۆ بەردشـکاندن و زۆرێك لەچـەك و تەقەمەنیشـیی لەگەڵـدا نـارد و هـەمووی خسـتە ژێـر سـەرکردایەتی داراشکۆی کوڕی.

ئەم هێزە زەبەلاحە شارەکەی گەمارۆدا و هیوای داراشکۆ وابوو کەوا لەماوەیەکی کورتـدا بیرووخێنێ، بەڵام لەگەڵ هێزەکـانی دەوروبـەری بـووە شـەڕیان و سـەرەڕای گـەورەیی و زەبەلاحیی سـوپاکە نەیانتوانیی بچنە ناو شـارەکە، لەکۆتاییـدا بۆیـان روونبـووەوە کـەوا هێزی سەفەوییەکان لـەهی ئـەوان گـەورەترە، بۆیـە لـەدوای حـەوت مـانگ گـەمارۆدان داراشکۆ لەکوێ هاتبوو بۆی گەڕایەوە. شایانی باسە کەوا ئەم سێ هێرشە سـەرنەکەوتووە بۆ هۆی ئەوەی سوڵتان بەیەکجاری دەسبەردا لەداگیرکردنی قەندەهار.

شاعەباسی دووەم و عوسمانییەکان:

لەســەردەمی شــا عــەباســی دووەم پەیوەنــدی ســەفەویی و عــوسمانییــەکان ئاســایی بــوو، کاتێکش ئەم شایە بــوو بەفــەرمانڕەوای دەوڵــەتی عوسمــانی ســوڵتان ئیبراهیمــی یەکــەم نێردراوێکی نارده لای بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لێبکات و پێی رابگەیەنێ کەبەردەوامن لەسەر پەیوەندییــە دۆســـتانەکەی نێوانیــان. لەهــەمان کاتــدا نامــە گۆڕینــەوە لەنێوانیانــدا بەردەوامبوو و لەهەموو بۆنەیەکدا یــەکتریان بەســەر دەکــردەوە و، تائەوکاتــەی ســوڵتان ئیبراهیمی یەکەم کۆچــی دوایــی کــرد لەســاڵی ١٦٤٨ز ئــەم پەیوەندییانــە بــەم شێوەیە بەردەوامبوون. لەدوای ئەویش محەمەدی چوارەم بوو بەسوڵتانی عوسمانی و بــەڵام بــەهۆی کێشەی نێوان سەڵتەنەتی عوسمانی و حاکمی بەسرە حوسێنی کــوڕی ئەفراســیاب خــەریك بوو نێوانیان بشڵەژێ. لەراستیشدا ماوەی نیــو ســەدەبوو بەســرە ببــووە خــاڵی ســەرەکی ناکۆکی سەفەویی و عــوسمانییــەکان، هــەر لەســاڵی ١٥٧٨ز تــا ١٦٣٨ز چــونکە شــوێنە جوگرافیەکــەی زۆر ســتراتیژیی بــوو و دەروازەی دەوڵــەتی عوسمــانیش بــوو بــۆ کەنــداوی عــەرەبی، جگە لەوەش سەرچاوەیەکی ســەرەکی بــوو بــۆ دابینکردنــی پێداویســتییەکانی ئابووری هەردوو دەوڵەت. لەپەیماننامەی زەهابیشدا هــەردوولا رێکــەوتن لەســەر ئــەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن. بەمەش ئاشتەوایی ماوەی هەشــتا ســاڵ لەنێوانیانــدا ســەقامگیربوو و هــیچ شــتێك نــەدبووە هــۆی شــڵەژانی تــەنها چــەند رووداوێکی بچووکی دەووروبەری ناوچەکە نەبێت بەتایبــەتیش بەســرە، بــەڵام ئەمانــەش نەدەبوونە هۆی ئەوەی کەوا شەڕ لەنێوانیاندا بەرپاببێتەوە و وەکو پەیماننــامەکانی پێشــوو هەڵبوەشێتەوە.

لــەدوای مردنــی شــا عــەباســی یەکــەم و لەســەردەمی عــەلی کــوڕی ئەفراسیاب چــووە قۆناغێکی نوێوە، چونکە شاســەفیی ئــارەزووی ئــەوەی دەکــرد کــەوا خــۆی لــەئیمارەتی ئەفراسیاب نزیك بخاتەوە و لەکێشەی نێوان ئەو و عوسمانییەکان بێلایەن بێ و لەوکاتەشــدا سوڵتانی عــوسمانیی موڕادی چوارەم لەهەوڵی گێڕانــەوەی بەغــدا بــوو بــۆ ژێــر دەســەڵاتی خۆی. ئەم لێك نزیك بوونەوەیەی شاسەفی و ئەفراســیاب عوسمانییەکانی نیگەران کرد بۆیــە لەدوای تەواوکردنی گێڕانەوەی بەغدا بۆ دەوڵەتی عوسمانیی بەردو بەسرە پێشڕەوییان کــرد

بۆ ئەوەی خانەوادەی ئەفراسیابی لەناوبەرن، بەڵام ئەو بارانە زۆرەی ئەو ساڵە باری هێرشەکەی راگرت و ناچاربوون کەوا پرۆژەکە بۆ کاتێکی دیکە دوابخەن.

لەدوای مردنی عەلی کوڕی ئەفراسیاب، سەرەڕای بەرهەڵسکاری دوو مامەکەی ئەحمەد بەگ و فەتحی بەگ حوسێنی کوڕی جێی گرتەوە، ئەم بەرهەڵسکاییەش هەلی بۆ عوسمانییەکان رەخساند کە هێرشبەرن و خانەوادەکە لەناوبەرن. لەناو ئەو هەموو کێشەو ململانێیەدا هەردوو مامەکەی داوایان لەدەوڵەتی عوسمانیی کرد کەوا یارمەتییان بدات، ئینجا سوڵتان موورادی چوارەم فەرمانی بەمورتەزاپاشا کرد هێرش بکاتە سەر بەسرە، بەڵام حوسێن لەساڵی ١٦٥٣ز شۆڕشی لەدژی دەوڵەتی عوسمانیی راگەیاند. هێزەکانی عوسمانیی شارەکەیان گەمارۆداو پاشان چوونە ناویەوەو حوسێنیش بەرەو ئەسفەهان رایکرد و داوای دالدەدانی لەشا عەباسی دووەم کرد. لەساڵی ١٦٥٧ز سوڵتان نێردراوێکی نارده لای شا عەباس و داوای لێکرد کەوا یارمەتی حوسێن نەدات بۆ گەڕانەوەی بۆ بەسرە، شاعەباسیش رێزی لەنێردراوەکەی سوڵتان گرت و داواکارییەکەشی بۆ جێبەجێکرد.

ئەحمەد بەگ بوو بەفەرمانڕەوای ئیمارەتی ئەفراسیابی لەبەسرە، بەڵام سەردەمی ئەو سەرتاپای زۆرداریی و بەفیڕۆدانی سامانی وڵاتبوو، دانیشوانەکەی لەدژی هەڵگەڕانەوەو ئەمەش هەلی بۆ حوسێن رەخساند کەوا جارێکیدیکە بگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایەتی.

حوسێن هەوڵیدا تۆڵە لەمحەمەدپاشای والی ئەحسا بکاتەوە چونکە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەهاندانی مامەکانی و بۆ ئەوەش هەڵوێستی خۆی بەهێزبکات بەراکی خستە پاڵخۆی کەسەرۆکی خێڵی بەنی خالیدبوو، ئەمیش توانی محەمەدپاشا لەئەحسا وەدەرنێ و دەسەڵاتیش بگرێتەدەست.

حکومەتی عوسمانیی لەبەرانبەر لەدەسدانی ئەحسا بێدەنگ نەبوو بەڵکو لەساڵی ١٦٦٥ز هێرشێکی بۆ برد و گەمارۆی خستەسەری، بەڵام لەبەر ئەوەی حوسێن هانای بۆ زۆرێك لەهۆزە عەرەبەکان برد نەیتوانی دەستی بەسەردابگرێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە شازادە ئەهوازی موشەعشەعی.

پەیوەندی لەگەڵ کەرەج:

بەهۆی رکابەری و ململانێی شازادەکان، ولاتـی کـەرەج لەسـەردەمی شاعەباسـی دووەم شڵەژانی تێکەوت، ئینجا خەسـرۆمیرزای حـاکم یـاخود رۆسـتەم خـان لـەبارەگای خـۆی لەتفلیسـەوە بـەرەنگارییان دەبوونـەوە، بـەلاّم بـەهۆی بێتوانـایی حکومـەتی ناوەنـدی ئەسفەهان شازادە رکابەرەکان توانییان دەووروبەرەکە دابڕان، لەوێوە رۆستەم خان لەسـالّی ١٦٤٨ز لەلایەن تەهمورس خان دووچاری پیلانێك هات و ویستی جێگای ئەو بگرێتـەوە، کەچی دووچاری شکستێکی گەورەهات و بەرەو رووسـیا هەلاّت و، دەستی کرد بەهانـدانی رووسەکان بۆ داگیرکردنی کەرەج. ئەوەبوو کۆمەلّێك لەقـەوقازەکانی سەربەرووسـیا تـاکو رووباری تورك هاتن و چەند قەلاّتێکیان لەداغستان دروستکرد لـەو شـوێنەی دەیڕوانییـە سەر رێگای خۆرەلاّتی ولاّتی کەرەج و کردیان بەبنکەیەك بۆ هەلّمەت بردنە نـاو قـوولاّیی ولاّتەکە، بەلاّم هێزەکانی کەرەج و داغستان و شـەروانی سـەر بەسـەفەویی توانیـان ئـەم قەلاّیانە برووخێنن و هێزە قەوزاقەکانیش ناچار بکەن بگەڕێنەوە رووسیا.

تەهمورس تا سالّی ١٦٥٩ز لەرووسیا مایەوە و پاشان گەڕایەوە بۆ ئێـران و شـا عەباسـی دووەم لێخۆشبوونی بۆ راگەیاند.

کۆچی دوایی شاعەباسی دووەم:

کاتێـك شاعەباسـی دووەم تەمـەنی گەیشـتە سـی و چـوار سـالّی نـەخۆش کـەوت و پزیشکەکانیش ئامۆژگارییان کرد کەلەمازەندەران بمێنێتەوە چونکە ئاوهـەوای ئـەوێ زۆر پاك و تەندروستە. بۆیە چووە ئەشرەف و ماوەی یەك سالّ لەوێ مایەوە و لەدواییدا چـووە مەشهەد و لەشـەوی ٢٣ئەیلوول١٦٦٦ز لەخەسـرۆئاباد لەنزیك دامغان کۆچی دواییکـرد و تەرمەکەی گوازرایەوە بۆ تەنیش بـاوکی، شـایانی باسـە مـاوەی بیسـت و پێـنج سـالّ و پانزەرۆژ فەرمانڕەوایەتی کرد.

◆

شاسەفی دووەم (سولەیمان)
١٦٦٦-١٦٩٤زایینی

مردنی شاعەباسی دووەم کێشــەی جێنشــینیی لــەدوای خــۆی بەجێهێشــت چــونکە ئــەو لەژیانی خۆیدا کەسی بەجێنشین دانەنابوو، زانراویشە کە دوو کوڕی هەبوو یــەکیان ســەفی میرزا تەمەنی بیست ســاڵ دەبــوو و لــەدایکێکی شەرکەسیی بــوو، ئەویدیکــەش نــاوی حەمزەمیرزا بوو تەمەنی تەنها هەشت ساڵبوو لەدایکێکی کەردجی بوو و ناوی نــەکیهات خانم وبوو.

شاعەباسی دووەم زۆر حەزی لەکوڕە گەورەکەی نــەدەکرد، لەوانــەبوو بــەهۆی هەڵویستی دایکی کوڕە بچووکەکەی بووبێ کەوا سەرەڕای کەم تەمەنی دەیویست فەرمانڕەوایەتیەکە بۆ ئەو بێ، بۆیە لەیەکێك لەکۆشکەکانی پاشایەتی بەندیکرد و هەموو تەمەنی گــەنجێتی لەناو ئافرەت و خەساوەکاندا بردەسەر.

بەگوێرەی دابونەریتەکانی سەفەویی دەبوایە بــرا گەورەکــە ببێتــە جێنیشــێن (هەرچــەندە ئەگــەر باوکیشــی داینەنابایــە)، بــەلاّم شــازادەو پیاومــاقوولانی ســەفەوی لــەدامغان و بەســەرکردایەتی ســەدری ئــەعزەم میرزامحەمــەدی مەهــدی کۆبوونــەوە و بەپێچــەوانەی دابونەریتە پەیڕەوکراوەکان بڕیاریاندا میرزاهەمزە ببێتــە جێنشــینی بــاوکی، گومانیشــی تێدا نییە دایکی ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو. بۆ ئــەوەش رای بەرهەڵســتکارانی ئــەم فەرمانەش بۆ لای خۆیان رابکشێن ئەوەیان بلاّوکردەوە کەوا باوکی کــاتی خــۆی هــەردوو چــاوی میرزاســەفی دەرهێنــاوە و بۆیــە بــەهۆی کــوێریی و نابینایەکەیــەوە نــاتوانێ کاروبارەکانی دەوڵەت بەڕێوەببات.

لەلایەکی دیکە ئاغا موبارەکی سەرۆکی بەرەی خەساوەکان ئەوەی راگەیاند کــەوا مــیرزا تەندروستییەکی باشی هەیە و هیچ ناکامییەکیشــی نییــە و هەڕەشــەی لەمیرزاهــەمزەش کرد کەئەگەر لایــەنگرانی واز لەپاڵپشــتیی نــەهێنن ئــەوا دەیکــوژێ، بۆیــە شــازادەکان ناچاربوون شاسەفی دووەم بکەنە شای سەفەوییەکان لەدواییشدا ناویان نــا شــا ســولەیمان و

بەم ناوەش لەمێژوودا ناوبانگی دەرکرد و لـە ١تشـرینی دووەم١٦٦٦ز تـاجی شـاهانەیان خستەسەر.

شا سولەیمان لەئاستی لێپرساوێتیدا نەبوو، چـونکە لەبـەر ئـەوەی هـەموو ژیـانی لـەناو ئافرەت و خەساواندا بەسـەربردبوو هـیچ زانیاریـەکی دەربـارەی بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت و کێشەی نێوان شازادەکان و رکابەرییان لەسەر دەسەلاّتداریّتی نەبوو. سـێ وەزیریشـی بـۆ داندرا، یەکەم میرزامحەمەد مەهدی کەپێشتریش وەزیری باوکی بوو و لەسالّی ١٦٦٨ز شـا بەدەستی شێخ عەلی خانی زەنگەنە بەبیانویی ئەوەی چاودێریی باوکی نەکردووە و گرنگی پێنەداوە کوشتی لەناویبرد و بکوژەکەشی کردە سەدری ئەعزەم و تـا مردنیشـی لەسـالّی ١٦٩٠ز هەر لەو پلەیە مایەوە لەدوای ئـەویش مـیرزا محەمـەد تـاهیری قـەزوینیی بـوو بە(وەزیری دەستەراست) سـەدری ئەعزەم.

شا سـولەیمان لـەبری دیـوان کۆشـکی ئافرەتـان و کـەنیزە و خەسـاوەکانی هەڵبـژارد بـۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و هەر لەوێشەوە فەرمانەکانی دەوڵـەت دەردەچـوون و بەرەو جێبەجێکردن دەچوون.

بەلاّم لەبواری سیاسەتی دەرەوە، دەوڵەتی سەفەویی لەسەردەمی شاسـولەیمان کەبیسـت و هەشت سالّی خایاند دووچاری هیچ هێرش و پەلاماریکی دەرەکی گرنگ نـەبۆوە. چـونکە ئۆزبەکەکان سەرگەرمی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیـان بـوون و عوسمانییـەکانیش بەشـەڕی نەمسـا و پۆڵەنـدا و ڤینیسـیاوە سـەرقاڵبوون. کەچـی بـاکووری ئێـران کـەپێکهاتبوو لەئستەرئاباد و دامغـان و سـەمنان دووچـاری هێـرش و پـەلاماری تورکمانـەکان بـوون (١٦٧٥ز و ١٦٧٦ز بەسـەرکردایەتی ئادینـە سـولّتان ئـەم ناوچـانەیان وێـران کـرد و خەلّکەکەشیان کوشت، بەلاّم کەلب عەلی خانی شاملوو وەدەرینان و ئەدینە سـولّتانیشـی کوشت.

شاسولەیمان لە٢٩تـەمووز١٦٩٤ز لەئەسـفەهان و بـەهۆی زیـادەڕۆیی لەمەیخواردنـەوە و داوێنپیسیی کۆچی دوایی کرد، یاخود بەهۆی ئەو نەخۆشییە درێژخایەنەی کەوا خسـتییە ناو جێگاو ماوەی دوو سالاّن نەیتوانی هەڵسـتێتەوە و ئەوکاتە تەمەنی چل و شـەش سـاڵ بوو کەکۆچی دوایی کرد.

شاحوسێن
١٦٩٤-١٧٢٢زایینی

تاج لەسەرنانی شاحوسێن:

شاسولەیان لەدوای خۆی حەوت کوڕی بەجێهشت و گەورەکەیان کەناوی سولتان حوسێن بوو تەمەنی بیست و شەش ساڵبوو، بەڵام بەر لەودی شا بڕی بڕیاریدابوو کەوا کوڕی دووەمی کەناوی میرزاعەباس بوو جێی بگرێتەوە، چونکە ناوبانگی بەزیرەکی و لێزانیی دەرکردبوو، بەپێچەوانەی براگەورەکەی کەبە نەفسنزمی و دوورە پەرێزی و دوور کەوتنەوە لەکۆمەڵگا دەرکردبوو.

فەرمانی کۆتایی بۆ دەسنیشانکردنی جێنشین بەدەست شازادەکان و سەرکردەکان بوو، ئەوەبوو سولتان حوسێنیان هەڵگرت و خستیانە سەر تەختی پاشایەتی بۆ ئەوە وڵات بەڕێوە ببات و لە٦ئاب١٦٩٤ز بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ سازکرا.

شاحوسێن سەرەتای ژیانی سیاسی خۆی بەیارمەتی و هاوکاری شێخولئیسلام محەمەد بەگێری مەجلیسی کەموفتییەکی بەناوبانگبوو دەسپێکرد، ئەو پیاوە حوسێنی بەرەو کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لەهەوەسبازیی ڕێنامیی دەکرد و پشتی لەسۆفییەکانی پایتەختیش کرد چونکە لەگەڵیاندا نەدەگونجا، جگە لەمەش دەوڵەتی سەفەویی لەدوایین ساڵەکانیدا بوو بەهۆی ئەو بێهێزییەی کە وڵاتەکەی داگرتەوە و زۆر بەخێراییش داگیرکاریی ئەفغانییەکان بۆ ئێران دەسپێکرد و دەوڵەتی سەفەویی بەرەو کۆتاییەکی مسۆگەری برد.

داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەفغانیەکانەوە:

لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا ئێران دووچاری پەلامارێکی وێرانکارانەی ئەفغانییەکان هات. لەراستیشدا ئەم دەوڵەتە لەسەردەمی شاحوسێن و بەهۆی ئەو هەموو کێشە ناوخۆییەی لەسەر دەسەلاتی بەرپابوون لەناوچوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم پاشایە

سیاسەتی مەزەبی توندڕەویی پێڕەودەکرد کەبووە هۆی دوژمنایـەتی ئەفغانـە ســونەکان کەبەناوی شای ئێرانەوە پارێزگارییان لەقەندەهار دەکرد.

لەراستیشدا هەرێمی ئەفغانسـتان لەسەدەکانی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا یەکگرتوو نەبوو، بەڵکو ببوو بەسێ بەشەوە:

بەشی خۆراوا، سەر بەدەوڵەتی مەگۆل بوو لەهیندستان.

بەشی خۆرەلات، پێکهاتبوو لەهەرات و سیستان و سەر بەدەوڵەتی سەفەویی بوو.

هەرێمی قەندەهار، ئەو شارەبوو کە مەگۆل و سەفەوییەکان شەڕیان لەسەر دەکرد، جارێك سەربەدەوڵەتی سەفەویی دەبوو و جارێکی دیکە دەکەوتە ژێـر دەسـەلاتی مەگۆلـەکانی هیندستان، ئینجا لەساڵی ١٦٢٢ز شا عەباسی یەکەم بەیەکجاریی خستیە سەر دەوڵـەتی سەفەویی و والییە سەفەوییەکانیش تاکو سەرەتایی سـەدەی هەژدەهـەمی زایـینی یـەك لەدوای یەك حوکمڕانیان دەکرد.

لەسـەردەمی سـەفەوییەکاندا چـەندین هـۆزی جۆراوجـۆر لەئەفغنسـتاندا دەژیـان و لەهەمووشیان گرنگتر دوو هۆزی سەرەکی بوون:

- گیلزایی لەکەرتی خواروو، پێکهاتبوو لەچەندین خێڵی جۆراوجۆر.
- دەورانیی لەکەرتی خۆرەلات، لەدواییدا ناویان لێنا عەبدەلی.

لەناوچەکانی باکوری هیندستاندا چەند هۆزێکی ئۆزبەك و لەناوەڕاسـتی ولاتیشـدا چـەند هۆزێکی مەگۆلیی دەژیان وەك هۆزی تایمانی و هازا و شەهر ئەیاك. لەناوچەی هەراتیشدا هۆزێکی ئاری بەناوی تاجیکی لێبـوو، هـەروەها تێکەڵەیـەك لـەهۆزەکانی ئـاری کـۆنی خۆرەلاتی کابۆل لەواخان و رۆشان و کافرستان دەژیان و جگە لەوانەش پاشماوەی هۆزەکانی خێڵەکی ئارییەکان لەچیاکانی ئەفغانستان و دۆڵەکاندا بلاوببوونەوە.

زۆربەی ئەو هۆزانە بەتایبەتیش ئـاری و ئۆزبەکـەکان لەمـەزەبی سـونني بـوون و خێڵـی هازەریش لەشـیعەمەزەبەکانبوون. گیلزایـی پەیوەندییـەکی دۆسـتانەی لەگـەڵ مەگۆلـە هیندیەکان کەهەردوولا سونەبوون سـازکرد، هـەروەها سـەفەوییەکان و لایەنـە شـیعیە کەمایەتیەکانی ئەفغانستانیش پەیوەندییان دۆستانەبوو.

هێـزە خێڵەکییـەکانی ئەفغانسـتانیش کەوتنـە نێـوان دوو هێـزی گـەورەوە: یـەکیان سـەفەوییەکان بوون لەلای خۆرەلاَت و ئەویدیکەش لەلای خۆراوا دەوڵەتی مـەغۆلی بـوو، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەوانە نەیاندەتوانی رووبەرویی هـیچ کـام لـەم هێزانـە ببنـەوە، بۆیـە جارێك دەکەوتنە ژێر دەسـەلاَتی سـەفەوییەکان و جارێکیدیکەش مەگۆل.

لەسەردەمی شاحوسێن هەرێمی قەندەهار سەر بەدەوڵەتی سەفەویی بوو، بەلاَم لـەناوخۆدا هەنـدێك رووداو هاتنـە پێشـەوە کەبەهۆیـەوە دانیشـتوانەکەی داوای سـەربەخۆییان لەسـەفەوییەکان کرد. لەساڵی ١٧٠٣ز قەندەهار بوو بـەخاوەنی هێزێکـی دیـار و بەرچـاو لەناوچەکەدا لەسەر شانۆی سیاسی نێودەوڵەتیشی جێی خۆی کـردەوە، ئەمـەش لـەدوای ئەوە هات کەکورکینخانی کەرەجی بووە فەرمانڕەوا و بەزیتبیی ناوبانگی دەرکردبوو، ئەم والییە سەفەوییە کەئایینە راستەقینەکەی مەسیحی بوو و سەر بە دەوڵەتی شـیعەمەزەب بوو هەمیشە تەنگی بەئەفغانە گیلزائییـە سـوننەکان هەڵچـنیبوو، ئەمـەش بـووە هـۆی توڕەبوونی میرئەویس کەبەناوبانگترین سـەرکردەی هۆزەکـانی گیلزاییـی بـوو و بەرپرسـی کارگێڕیی قەندەهاربوو هەولێدەدا کەوا لەنێو پیاوەکانی هۆزەکـەی لـەدژی کۆرکینـەکان هانبدات و دووبەرەکیان بخاتە نێوانەوە، لەبەرانبەردا بەدیل گرتیان و بەندیان کرد و بـەرەو ئەسفەهان بردیان.

وادیار بوو میرئەویس زۆر زیرەك بوو، چونکە تـوانی خـۆی لەشاحوسـێن نزیکبکاتـەوە و ئەویش لێیخۆش بـوو و پاشـان کـردی بەیـەکێك لـەپیاوە نزیکـەکانی خـۆی، هـەروەها روخستەتی لێخواست بۆ سەفەری حەج و ئەویش رێی پێدا، بەلاَم بـوونی خـۆی لەمەککـە بەهەلزانی توانی موفتیی و شەریعەتوانەکان بهێنێتە سەر ئـەو رایـەی کـەوا فتوابـدەن و رایبگەیەنن لەرووی ئایینیەوە پێویستە شەڕ لەگـەڵ سـەفەوییەکان بکـرێ چـونکە ئـەوان بوونەتە مەترسی لەسەر ناوچەکە.

کاتێك میرئەویس گەڕایەوە بۆ ئەسفەهان چـاوی بەقەیسـەری رووسـی پەترۆسـی گـەورە (١٦٨٩-١٧٢٥ز) کەوت کەناوی ئەرشیل بوو و برای کۆرکین بـوو و خـەریکی دانوسـتان بوو لەگەڵ شاحوسێن دەربارەی ئەوەی کەوا شا هەندێك لەو زەوییـانە بەرووسـیا ببەخشـێ کەبەهۆیەوە دەیگەیاندە هیندستان و کەنداوی عـەرەبی. ئاشـکرایە سیاسـەتی پەترۆسـی

گەورە ئەوبوو خۆی لەئەســتانبوولّ و مــەمالیك نزیـك بكاتــەوەو ئێـرانیش داگیربكـات و ڕێگای كۆنی بازرگانی نێوان شام و هیندستانیش دووبارە والآبكاتەوە، بەلآم ئەرشیل جگە لەرەزامەنـدی شـا لەســەر هەنـدێك ئاسـانكاری بـۆ بازرگانـەكانیان هیچـی دیكـەی لێوەدەستەكەوت.

میرئەویس ئەم بابەتەی قۆزتەوەو شاحوسێنی لەكۆركین هاندەدا و پێـی رادەگەیانـد كـەوا كۆركین مەیلی بەلای رووسەكاندایە، بۆیە لەساڵی ١٧٠٨ز شاحوسێن فەرمانێكی دەركرد كەمیرئـەویش ببێتــە ســەركردەی پۆلیســەكانی قەنـدەهار و چـاودێری كاروبارەكـانی كۆركینیش بكات، بەلآم ئەم كارەش نەبووە هۆی ئەوی بارەكـە لـەدژی ویسـتەكانی ئـەو هەڵنەگەرێتەوە، بۆیە بڕیاریدا سزای میرئەویس بـدات، و ئـەویش دەسپێشـخەریكرد بـۆ ئاشتبوونەوە و پێشنیاری كرد كەوا كێشەكانیان بەگفتووگۆ چارەسەربكەن، ئینجا كۆركین داوای لێكرد یەكێك لەكچەكانی میرئەویس مارەبكات، بەلآم مـیر كچـێكی دیكـەی بـۆ نارد و وای تێگەیاند كەئەمە كچی خۆیەتی و بۆ ماوەیەكی كاتی دڵی راگرت، لەكۆتاییدا كۆركین مكوڕبوو لەسەر ئەوەی كێشەكانی نێوانیان بەشمشـێر یـەكلایی بكاتــەوە، ئینجـا میرئەویس دەبوایە لەناوی ببات، بۆ ئەم مەبەستەش توانی هەندێك فێـڵ بـەكاربهێنێت و بەغەدر لەو داوەتەدا كەبۆی سازكردبوو لەساڵی ١٧٠٩ز بیكوژێ و لەدوای ئەویش بۆخۆی ببێتە فەرمانڕەوای قەندەهار.

سەركەوتنی هۆزی گیلزایی ئەفغانی هاندەرێك بوو بۆ هۆزی عەبدالییە ئەفغانییـەكان تـا لەهەرات و لەدژی دەسەلآتی ســەفەویی شـۆڕش بەرپابكـەن، ئـەوەبوو ســەركردەی هـۆز كەناوی ئەسەدوڵلآ خان بوو لەگـەڵ ئۆزبەكـەكان هاریكاریـیـان كـرد و توانیـان سـوپایەك پێكبهێنن كەلەحەڤدە هەزار سەرباز پێكهاتبوو و لەوانە پێنچ هــەزاریان لەجـەنگاوەرانی ئۆزبەكی بوون، لەنزیك هەرات رووبەرووی هێزەكانی ســەفەویی بوونەوە توانیان بەسـەریاندا زاڵبن و سەربەخۆییان بۆ شارەكە دابین كرد. بەمەش ئیمارەتێك لەسنوری خۆرەلآتی ئێـران لەهەرات دروستبوو، بەلآم لەگەڵ قەندەهاردا هیچ پەیوەندییەكی دۆستانەیان نـەبوو. ئـەم سەركەوتنەش ڕێگای بۆ عەبدالییەكان خۆشكرد كەبەرەو خۆراسان هێرش ببەن.

بەهۆی ئەم ناکۆکیەی نێوان گیلزائییەکان و عەبدالییەکان و بۆ ئەوەی لایەنی سەفەویی قایل بکەن میرمەحمودی کوڕی میرئەویش خۆی ئامادەکرد بۆ شەڕی ئەوانەو توانی بەسەریاندا زاڵبێ و لەکۆتاییشدا ئەسەدوڵلاخانی سەرکردەیانی کوشت، بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنەشی شاحوسێن شمشێرێکی نەخشێنراوی بۆ نارد بەدیاری کەنیشانەی بەخشینی پلەی خان بوو و ناوی لێنرا حوسێن قوولی خان واتە بەندەی شا، لەدوای ئەوە میرئەویس دەستی کرد بەدوورخستەنەوەی سەربازە سەفەوییەکان لەویلاتەکەی و تا لەکۆتاییدا بەیەکجارەکی سەربەخۆیی خۆی بەدەسهێنا.

ئەم هەڵسوکەوتانە دەوڵەتی سەفەویی نیگەران و بێزارکرد بەلام شاحوسێن ئەو کاتە ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبوو کەوا سوپایەك بنێرێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای میرئەویس، چونکە لەزۆربەی زۆری ویلایەتەکانی ئێراندا شۆڕش بەرپابىوو، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیدا بەگفتوگۆ کێشەکە چارەسەر بکات، و نێردراوێکی ناردە لای بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنێ کەوا حوکمڕانی قەندەهاری دەدا بەدەست خۆی بەمەرجێك لەچوارچێوەی دەوڵەتی سەفەوییدا بمێنێتەوە، بەلام میرئەویی بیرۆکەی دانوستانی ڕەتکردەوە و بەنێردراوە ئێرانیەکەشدا هەڕەشەیەکی توندی بۆ شا نارد: (دڵنیابە کاتی تۆڵەسەندنەوە نزیکبۆتەوە، هەروەها ئەفغانییە قارەمانەکانیش خوداوەند هەڵیبژاردوون بۆ ئەوەی سزای فارسە خوێنڕێژەکان بدەن).

ئاشکرایە شازادە ئەفغانییەکە هەستی بەوە کردبوو کەوا سەفەوییەکان ناتوانن مەترسی بۆ دروسبکەن و هەموو ئامادەکارییەکی سەربازیشی ئامادەکردبوو، بۆیە هەڕەشە و تۆمەتی تاوانکاری بۆ شا ناردو بەڵێنی پێدا کەوا دەوڵەتی سەفەویی دەبێ لەناوبەرێ.

بەلام سەرەڕای ئەم هەڕەشەیە شاحوسێن تەنها چەند هەنگاوێکی لاوەکی هەڵهێنا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی میرئەویی و گێڕانەوە قەندەهار، لەدوایيدا خەسرۆخانی حاکمی ولاتی کەرەجی ڕاسپارد تا بۆ لێدان و لەناوبردنی و گێڕانەوەی قەندەهار بۆ ژێر دەسەلاتی سەفەویی.

خەسرۆخان هەمیشە ئامادەبوو بۆ لێدانی میرئەویس و تۆڵەکردنەوەی خوێنی کوڕکینی برای و بۆیە سوپایەکی لەبیست و پێنج هەزار سەربازی شەڕکەر پێکهێناو لەساڵی

١٧١٢ز بەرەو قەندەهار وەرێکەوت و یەکسەر گەمارۆی خستە سەر و لەسەرەتادا ئەوەشی رەتکردەوە کەوا دانیشتوانەکەی خۆیان بەدەستەوە بدەن بەمەرجی ئەوەی دڵنیاییان پێببەخشێ، ئینجا ئەوان کەوتنەخۆ و دەستیان کرد بەبەرگری کردنێکی ئازایانە و توانیان رووبەرووی هێزەکانی سەفەوی ببنەوە و پاشان راوەدوویان نان و لەئەنجامدا بیست و چوار هەزار کەسیان لێکوشتن کەلەناویاندا خەسرۆخانیشی تێدابوو.

جارێکی دیکە شاحوسێن هەوڵی گێرانەوەی قەندەهاریدا، سوپایەکی دیکەی بەسەرکردایەتی رۆستەمخان نارد و ئەویش لەسەر دەستی هێزە ئەفغانییەکان لەناوچوو. ئەم سەرکەوتنانە هێندەی دیکە هەلیان بۆ میرئەویس سازکرد کەوا دەسەلاتدارێتییەکەی خۆی بەسەر قەندەهارەوە جێگیربکات، ئەم بارەشی تاکو کۆچی دواییەکەی لەساڵی ١٧١٥ز بەردەوامبوو.

میرئەویس هێزێکی گەورەو بەتوانای لەقەندەهار پێکهێنا و ئەمەش بووە هاندانێك بۆ جێنشینەکانی کەوا بیر لەناوچەکانی دەرەوەی سنووری خۆیان بکەنەوە.

عەبدوڵڵای برا میرئەویس بەبێ ئەوەی بوار بداتە جێنشینە شەرعیەکەی کەمەحمودی کوڕی ئەویس بوو تەمەنیشی تەنها دوانزە ساڵبوو و خۆی دەسەلاتی گرتە دەست. وادیاربوو کەئەفغنییەکانی بەری سەرکەوتنەکانیان دەخۆن و دەسدەکەن بەفراوانکردنی سنوورەکەیان و بەتایبەتیش بەرەو خۆراسان و لەوێشەوە بۆ ئێران پێشرەویی بکەن، بەلام عەبدوڵلا زیاتر ئارەزووی گفتووگۆ و دانسوتانی هەبوو لەگەڵ سەفەوییەکان و مەبەستی دابین کردنی ئاشتی بوو لەناوچەکەدا. ئەو دەرکی بەوەکردبوو کەوا قەندەهار تاماوەیەك دەتوانێ لەبەردەمی سەفەوییەکاندا خۆراگریی بکات، لەلایەکی دیکەشەوە دەیویست بۆخۆی بەتەنها دەسەلاتدارێتییەکە بەرێوەببات، ئەم کارەش پێویستی بەوە هەیە کەوا لەگەڵ سەفەوییەکاندا ئاشتیی بکات، بۆیە نێردراوێکی ناردە لای شا کە چەند پێشنیارێکیان پێبوو:

- لابردنی ئەو سەرانەی قەندەهار دەیداتە ئێران.
- نەناردنی هێزی ئێرانی بۆ قەندەهار.
- فەرمانرەوایەتی لەوڵاتەکەیەدا بەشێوازێکی ویراسی بێ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا قەندەهار بگەڕێتەوە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی سەفەویی.

ئـەم پێشـنیارەش بـەهیچ شـێوەیەك ئاشـتی بـەدواوە نـەبوو چـونکە ئەفغانییـەکان دەسپێشخەریان لەشەڕەکاندا کردبوو ئەمەش بوو بەهۆی بێزاریی پیاوەکانی دەووروبـەری، زۆریشی نەبرد کەوا مەحمودی کوڕی ئەویس مامی خۆی کوشت و دەستی بەسـەر تـەختی پاشایەتیدا گـرت و بـوو بـەحاکمی قەنـدەهار و لەدواییشـدا دەرگـای رکابـەری بـەرووی سەفەوییەکاندا کردەوە.

لەساڵی ١٧١٧ز شاحوسێن سـوپایەکی دیکەی بۆ لەناوبردنی میرمەحمود سـازکرد، بـەڵام لەبەر ئەوەی هـەواڵی دەسبەسـەرداگرتنی دورگـەی بـەحرەین لەلایـەن عوسمانییەکانـەوە گەیشتە ئەسفەهان شا ناچار بوو رووی بەرەو دوورگە وەرگێڕێ بۆ ئەوەی ئازادی بکاتـەوە، لەبەر ئەوەی سـەفەوییەکانی خاوەنی کەشتی گەلی دەریـایی نـەبوون دەبوایـە سـەرکردەی سوپا هانا بباتە بەر کەشتییەکانی پورتوگـالی تـا سـەربازەکانی بگەیەنێتـە دوورگەکـە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کەوا دەوڵەتی سـەفەویی باجـە کەڵەکـەبووەکانی خۆیـان نەداوەتـە پورتوگال داواکارییەکەیان بۆ بەجێنەهێنان، ئەم هەڵوێستەش بوو بەهۆی ئـەوەی سـوپاکە بگەڕێتەوە بنکەی خۆی و بەهیچ شێوەیەکیش نەیتوانی مەبەستەکەی خۆی بهێنێتەدی.

سەرەڕای ئەو زیانە گەورەیەی بەر دەوڵەتی سەفەویی کەوت و بەردەوامیش مەترسیەکانی سەری گەورەتر دەبوون، شاحوسـێن و پیاوەکـانی دەسەوەسـتان بـوون و نـەیانتوانی ئـەو لێپرسراوێتییەی لەسـەر شانیـانە بەچاکی بـەرێوەی ببـەن، لەهـەمان کاتیشـدا نەتـەوەی ئێرانیش وردەوردە بەهۆی داتەپینی بواری ئابووری و سیاسی دەوڵەت وردیـان دەرووخـاو، جگە لەکارەساتە سروشتیەکانی وەك بومەلەرزە، ئەمانە بوونە هـۆی ئـەوەی میرمـەحمود هێرش بکاتە سەر هەرێمەکانی خۆرەلاتی ئێران و پاشان لەشکرکێشی بکات بـۆ قـوولایی ئێران بەمەبەستی فراوانکردنی سنوری دەسەلاتەکەی و لـەناوبردنی دەوڵـەتی سـەفەویی. سەرەتای هەڵمەتەکانی بە هێرشکردنە سەر عەبدالییەکان لەسـاڵی ١٧١٩ز دەسـپێکرد و دەستیان بەسـەر سیسـتانی پایتەختیانـدا گـرت و پاشـان لەسـاڵی ١٧٢٠ز بـەرەو کرمـان رۆیشتن و ئەوێشیان داگیرکرد و لەدوای ئەویش هێرشی کردە سەر یـەزد کەلەسـەر رێگـای ئەسفەهان بوو و دەستیان بەسـەر ئەویشـدا گـرت بەمـەش رێگـای خـۆراوای پایتـەختی

لەبەردەمدا کرایەوە، بەڵام بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی سوپاکەی لەکرمان ماوەیەك وەستا و ئینجا بەر لەوەی دەست بکەنەوە بەهێرشبردن دەستیان بەسەر هەندێك بەربەستی سەرەکیدا گرت و لەدوای ئەوەی هێزەکانی فەرەح ئاباد هەلاتن توانیان زۆر ئاسانی داگیریبکەن، لەولاشەوە جولفا کەکەوتبووە لای خۆراوای ڕووباری زایەنەدەروود خۆی بەدەستەوەدا ئەویش لەدوای ئەوەهات دانیشتوانەکەی کەلەئەرمەن و فارس و عەرەب پێکهاتبوون دابەشبوون و لێکدوور کەوتنەوە.

لەبەرانبەر ئەم بەرەوپێشچونەی ئەفغانییەکان، شاحوسێن نێردراوێکی ناردە لای میرمەحمود و پێشنیاری گوژمەیەکی زۆر گەورەی پارەی بۆ کرد لەبەرانبەر گەڕانەوەی بۆ ئەفغانستان، سەرکردەی ئەفغانیەکان وای هەستکرد کەسەفەوییەکان بۆ ئەم پارە زۆرە دەدانە ئەوان چونکە هەڵوێستیان زۆر شلۆق و لاوازە و ناتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە، بۆیە ئەم ڕایەی هانیدا کەبەرەو ئەسفەهان هەڵمەت ببات.

شاحوسێن هێزەکانی خۆی بۆ گولەنئاباد نارد کەتاکە ڕێگا بوو بۆ پەڕینەوە بۆ ناو ئەسفەهان و هەر لەوێشدا شەڕی یەکلاکەرەوەی نێوانیان دەستی پێکرد و بەئاشکراش سەرکەوتنی ئەفغانەکان بەدیدەکرا، بەلام سەربازە سەفەوییەکانی بەرەو ناوەوەی ئەسفەهان هەلاتن و لەوێ خۆیان قایم کرد.

هێزی ئەفغانی بەرەو شار چوون و گەمارۆیاندا و لەدوای چەندین مانگ و بەهۆی بلاوبونەوەی برسێتی و نەمانی ئازووقە شاحوسێن هیچی بەدەستەوە نەما تەنها ئەوە نەبێ خۆی بەدەستەوە بدات و دەسبەرداری فەرمانڕەوایەتیەکەی بێ بەمەرجی ئەوەی کچی میرمەحمود مارەبکات.

لەدوای ڕووخان و بەهۆی ئەو خۆبەدەستەوەدان و دەسهەڵگرتنەی شاحوسێن لەتەختی پاشایەتی سەفەویی و دانانی بەمیرمەحمود، دەتوانین بڵێین کەدەوڵەتی عوسمانی بەتەواوی لەو کاتەدا کۆتایی پێهاتبوو، کەچی ئەم بارە نالەبار و ڕووکەشییەی دەوڵەتی سەفەویی ماوەی چواردەساڵی دیکەی خایاند تا بەیەکجاری و لەناوبچێ، هەروەك چۆن لەساڵی ١٧٣٦ز لەسەر دەستی نادرشای ئەفشاری تەواوبوو.

شا تەهماسبی دووەم
١٧٢٢-١٧٣٢زایینی

شاتەهماسبی دووەم و دەسەڵاتدارێتی:

لەوکاتەی میرمەحمود هێرشی کردە سەر ئەفغانستان جێنشینی شەرعی دەوڵەتی سەفەویی میرزاتەهماسبی کوڕی شاحوسێن نێردراوی نارده قاشان و قەزوین بۆ ئەوەی سوپایەك پێکبهێنن و بچن یارمەتی باوکی بدەن لەئەسفەهان و لەچنگ پەلامار و داگیرکاریی ئەفغانەکان رزگاری بکەن، بەلاّم لەبەر ئەوەی باوکی بۆ میرمەحمود دەستی لەتەختی پاشایەتی هەلگرتبوو هانی تەهماسبیدا کەوا بۆخۆی لەقەزوین لەسەر خۆی بکاتە شای سەفەوییەکان. هەرکە میرمەحمود ئەم هەواڵەی پێگەیشت یەکسەر سوپایەکی بەسەرکردایەتی ئەمانوڵلاّخان بەرەو قەزوین نارد بۆ ئەوەی دەستی بەسەردابگرێ و تەهماسبیش دەسگیربکات، بەلاّم تەهماسب بەرەو تەورێز رایکرد بەمەبەستی ئەوەی لەخزمەکانییەوە یارمەتی پێبگات.

سیاسەتی میرمەحمود:

میرمەحمود لەسیاسەدا زۆر دووربین بوو، لەدوای ئەوەی پایتەختی سەفەوییەکانی داگیرکرد و بوو بەخاوەنی شەرعی فەرمانڕەوایەتی ولاّت و پالپشت بەهێزێکی زۆر و زەبەللاح، سیاسەتێکی مامناوەندی گرتەبەر:

- بەردەوامیدان بەکاروبارە گشتییەکانی ژیان، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانبەرە ئێرانییەکانی لەپلەکانی خۆیاندا هێشتەوە، بەلاّم لەگەل ئەوانیش چەند فەرمانبەرێکی ئەفغانی دامەزراند تاکو چاودێری کارو کردەوەکانیان بکەن و دلنیابن لەوەی ئەوان لەدژایەتی حوکمی نوێی دەولەتدا ئیش ناکەن.

- بەمەبەستی سەرنجراکێشان و دەستەمۆکردنیان هەوڵیدا بەشێوازێکی جوان و شایەستە هەڵسوکەوت لەگەڵ دانیشتوانی ئەسفەهاندا بکات.

- هاریکاری لەگەڵ ئەورووپییەکان لەرووی دابین کردن و برەودان بەبواری بازرگانی و بواری ئەوەشیان پێبدرێ کەوا کاروبارەکانی خۆیان بەئازادی بەرێوەببەن و ئەو دەسکەوتانەی لەسەردەمی سەفەوییەکاندا پێیان درابوو وەکو خۆیان بهێننەوە.

- خەلاتکردنی ئەو سەرکردانەی کەئەمەکداربوون بەرانبەر بە شاحوسێن و سزادانی ئەوانەی ناپاکییان لەگەڵدا کرد.

ئەمانە رێنماییەکانی میر مەحمود بوون، کەچی دووچاری چەندین ئاستەنگ هات کەبەهۆیانەوە هیواکانی کەوتنە مەترسییەوە، هەندێك لەو ئاستەنگانە:

- ئێرانییەکان گومانیان لەنیازپاکیی ئەوبوو، کەبینیان دەستی بەسەر خۆرەلات و ناوەراستی ئێراندا گرتووە و لەئەسفەهانیش لەسەر تەختی حوکومرانیش دانیشتووە و داوا لەخەلك دەکات کەوەك جێنشینێکی شەرعیی هاریکاریی بکەن، ئەمانە هەرگیز لەفێڵ و تەڵەکەبازی ئەو خاڵیی نەبوون.

- بوو بەهۆکاری ئەوەی کە هێزە تەماعکارەکان دەووروخولی ولاتە بێهێز و ماندووەکە بگرن و دەست لەکاروبارە ناوخۆییەکانیشی وەربدەن و هەرچەندیشی لەدەستیان بێ ئەوا لەخاکەکەیدابڕن بۆخۆیان، مەبەست لەم هێزانەش دەوڵەتی عوسمانیی لەخۆراوا و روسیا بوو لەخۆرەلات.

- بوونی شاتەهماسبی دووەم لەباکوری ئێران و خەریك بوونی بە پێکەوەنانی سوپایەکی گەورە بۆ بەرگریکردن لەولاتەکەی و دەرهێنانی تەختی حوکومرانی سەفەویی لەژێر دەستی ئەفغانەکان و پێویستیش بوو کەوا بەشمشێر ئەم مافە بگێرێتەوە، بۆیە هێرشێکی سەربازیی کردە سەر و لەدەسبەسەرداگرتنی قەزوین و قوم و قاشان سەرکەوتنی بەدەسهێنا بەبێ ئەوەی بتوانێ شا لەناوبەرێ.

- چـەند سـەرکردەیەکی توونـدڕەوی خێڵـەکانی فـارس و کـورد سـەریان هەڵـدا و لەهـــەولی ئـــەوەدابوون ســـەربەخۆیی بـــۆ ناوچـــەکانیان وەدەســـبهێنن و خۆیـــان لەپابەنـدیی سـەردەمە تازەکـە رزگارکـەن و هـەروەها ئـەو پەیوەندییـە نـەخوازراوەی بەسەفەوییەکانیانەوە هەبوو ئەویش نەهێڵێن.

- کـەموکورتی لـەتواناکانی میرمـەحمود بـەخێرایی بـەدیار کـەوتن چـونکە ئـەو هـــەموو هێـــز و توانـــای خـــۆی لـــەداگیرکردن و دەسبەســـەرداگرتنی ولاتەکـــەدا خـــەرجکرد، لەلایـــەکی دیکەشـــەوە ئێرانییـــەکان ئامـــادە نـــەبوون بچـــنە ریـــزی سـوپاکەیەوە، و بێگومـان دروسـکردنی سـوپایەکی تـازە لەئەفغانسـتان و نـاردنی بـۆ ئێران کـارێکی زۆر سـەخت بـوو، بـەلام تـوانی بەلـەخۆگرتنی هـۆزە کـوردە سـوننەکان ئـەم کێشـەیە چارەسـەربکات، ئـەوەبوو سـوپایەکی بـەهێزی لێپێکهێنـان نـاردنی بـۆ لـەناوبردنی ئـەو شـارە راپەڕیوانـەی کەلەخونسـان و قاشـان و شـیراز و بەندەرعـەباس و بەهەبان شۆڕشیان دەکرد و، توانیان لەم هەڵمەتەیاندا سەرکەوتن بەدەسبهێنن.

- دەســەلاتدارێتی میرمـــەحمود دووچـــاری کۆمـــەڵێك شۆڕشـــی نەپســـاوەی شـــارە جیاجیاکـــانی ئێـــران بـــۆوە بەتایبـــەتیش قـــەزوین و، ئاشکراشـــە ئـــەو هێـــزە ئەفغانییانـــەی کەلەشـــارەکە دەرکرابـــوون ئامـــادە نـــەبوون بچـــنە ریـــزی هێـــزە سـەرەکییەکەوە و ئێرانیـان بەجێهێشـت و بـەرەو قەنـدەهار رۆیشـتن، ئـەم کـارەش هێندەی دیکە هەڵوێستەی لاوازترکرد.

سەفەوییەکان لەنێوان عوسمانیی و روسەکاندا:

کێشـە ناوخۆییـەکانی ئێـران سـەرنجی عوسمانییـەکانی راکێشـا و ئەوکاتـەش لـەدوای رێکەوتنامەکـەی ٥حـوزەیران١٧١٨ز کەلەگـەڵ خانـەوادەی هابسـبۆرگی نەمسـایی لـە بسـاروڤیتز سـازیانکرد بیوونـەوە خـاوەن هێزێکـی بـاش و گونجـاو، لەلایـەکی دیکـەوە ئێـران بـەگوێرەی چـەند بەنـدێکی ئـەم رێکەوتنامەیـە هەنـدێك دەسـکەوتیان پێبڕا کەبریتی بـوو لـەو ئاسـانکارییانەی بـۆ بازرگانـە ئێرانیـەکان دەکـرا لـەرێگاکانی خـــاکی عوسمانییـــەکان کەلـــەوێوە بـــەرەو رووبـــاری دانـــوب دەچـــوون، چـــونکە عوسمانییـــەکان لـــەکاتی شـــەڕی ئەورووپییـــەکان ئـــەو رێگایانـــەی بڕیبـــوو و

نەیاندەهێشــت بازرگــانیی حــەریری تێــدا ئــەنجام بــدرێ و ئــەوانیش لەبەرانبــەردا رێگای گواستنەوەی زیویی عوسمانییەکانیان بۆ ئێران قەدەغەکردبوو.

عوسمانییــەکان دەرکیــان بــەوەکرد کەئــەو ئاشــتەواییەی لەگــەڵ نەمســاییەکان هەیانــە رێگایان بـۆ خۆشـدەکات کـەوا جـارێکی دیکـە دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر ناوچـەکانی دەوروبەردا بسەپێننەوە.

لەبەرانبــەر نیگــەرانی بــەردەوامی ســەفەوییەکان و هــەوڵی ســەڵتەنەتی عوسمــانیی بــۆ دانوســـتان، ســـوڵتان ئەحمـــەدی ســـێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠ز) ئەحمـــەد ئەفەنـــدی بــەنێردراویی خۆیــان نــاردە ئەســفەهان بــۆ ئــەوەی لەگــەڵ شاحوســێندا بــۆ مەبەســتی گفتووگــۆکردن دەربــارەی بازرگــانی ســەفەویی و نەمســاییەکان و پەیوەنــدیی نێوانیــان دانوســتان بکــەن، هــەروەها لەکۆتاییشــدا راپۆرتێــك دەربــارەی بــاری نــاوخۆیی ئێرانــی بــۆ بهێنێتــەوە. کاتێــك گەڕایــەوە ئەســتانبووڵ راپــۆرتێکی پێشکەشــی ســوڵتان کــرد کەتێیــدا باســی هەڕەشــەکانی ئــەفغانی بــۆ ســەر ســەفەوییەکان کــرد کــە مەترســیی خستبووە سەر دەسەڵاتە لاوازەکەی شاحوسێن.

کاتێــك میرمــەحمود لەســـەر تــەختی فەرمانڕەوایــەتی خــۆی جێگیرکــرد، حەســەن پاشـــای والـــی بەغـــدا نێردراوێکـــی نـــاردە ئەســـفەهان و داوای لێکـــرد کـــەوا واز لەمەرامـــە خراپـــەکانی خـــۆی بهـــێنێ بەرانبـــەر دەوڵـــەتی عوسمـــانیی، ئـــەویش لایــەنگیریی خــۆی بــۆ راگەیانــد و بــۆ جەختکردنــەوە لەســەر ئــەم هەڵوێستەشــی محەمەدســادق خــانی وەك نێــردراوی خــۆی نــاردە بەغــدا و داوای لەحەســەن پاشــا کــرد کەپاڵپشــتی عوسمانییــەکان بــۆ ئەفغانســتان دابــین بکــات، تــاکو بتــوانن دەسبەســەر هــەموو خــاکی ســەفەوییدا بگــرن، حەســەن پاشــا راپــۆرتێکی دوورودرێــژی لەمبارەیەوە ناردە ئەستانبووڵ.

پشتبەســتن بەراپۆرتەکـــەی والـــی بەغـــدا ســـوڵتان بڕیاریـــدا ناوچـــەکانی دەوروبـــەر داگیربکــەن: ئــەیرەوان و تــەورێز و گەنجــەو تفلــیس بــۆ ئــەوەی بــەرەی خۆرهەڵاتیــان بەهێزبکــەن، جگــە لەمانــەش فــەرمانیکردە ویلایەتــەکانی ئــەرزەرووم و قــارس و وان و چــلدەر و موســڵ و شــارەزوور و بەغــدا و بەســرە و دەســبکەن بــەداگیرکردنی تــەنها

ئەو زەوییە ئێرانییانەی کەبەدەست سەفەوییەکانەوەن، ئەوەبوو حەسەن پاشا هێرشیکردە سەر کرمانشا و دەستی بەسەرداگرت.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم سیاسەتە فراوانخوازییەی عوسمانییەکان و لاوازی سەفەوییەکان سەرنجی پەترۆسی گەورە قەیسەری رووسی راکێشا و ئەویش چاوی لەوەبوو کەوا دەسبەسەر ویلایەتی کەرەج و ئێرانی قەوقازیدا بگرێت و دەریای قەزوینیش بکاتە دەریای روسی، جگە لەمانەش لەهەوڵی ئەوەدابوو لەرووی ئابوورییەوە دەسبخاتە سەر بازرگانی حەریر و هەمووی بۆ خۆی قۆرخبکات کە ئەوکاتە بەرێگای خووی و بوخاراوە دەچووە هیندستان، بۆیە هێرشی کردە سەر دەربەند و دەستی بەسەرداگرت و پاشان رووی کردە شەماخی و کاتێکیش گەیشتە ئەوێ بینیان کەوا ئیبراهیم پاشای سەدری ئەعزەمی عوسمانیی بەخۆی و سوپاکەوە بەر لەئەو گەشتۆتە ئەوێ و بەر لەویش ئەرمینیا و کەرەجی داگیرکردبوو، لەبەر ئەوەش توانای بەرەگاربوونەوەی سوپای عوسمانیی نەبوو بۆیە گەڕایەوە رووسیا.

لەساڵی ١٧٢٣ز لەلایەن ئەفغنیەکانەوە میرمەحمود دەستی بەسەر رشت و شارۆچکەی گەیلاندا گرت و بەهۆی ئەمانەوە حاکمی فارس لەوە ترسا کەوا ولاتەکەی ئەویش داگیربکات و داوای یارمەتی لەقەیسەری رووسی کرد و ئەویش هێزەکانی خۆی ناردە گەیلان بۆ ئەوەی داگیریی بکات و لەهەمان کاتیشدا عوسمانییەکان دەستیان بەسەر شەماخی و تفلییس و شەرواندا گرتبوو.

وادیاربوو ئەو لەشکرکێشیەی رووسیا بۆ ناو قولایی خاکی ئێران بووە هەڕەشە بۆ دەسەلاتی عوسمانیی لەو ناوچانەی دەستیان بەسەرداگرتبوو، ئەمەو سولتان ئەحمەدی سێیەم نامەیەکی بۆ پەترۆسی گەورە ناردو تیایدا هۆشداری دایێ لەوەی هێزەکانیان بەرەو شاری دەربەند هاتوون و ئەمەش مانای هەڵگیرسانی شەڕە لەدژی عوسمانییەکان.

لەراستیدا پەترۆسی گەورە لەو قۆناغەدا نارەزووی ئەوەی نەدەکرد بۆ داگیرکردنی خاکی ئێران لەگەڵ عوسمانییەکاندا بکەوێتە کێشەی چەکدارییەوە،

بۆیــە لــەپێناوی ئــەوەی دەســـبگرێ بــەباکۆ و دەربەنــد کەلەئــەنجامی تەنگژەکانــدا دەستی بەسەردا گرتبوون.

لــەدوای ئــەوەی ســـوڵتانی عوسمــانیی شــەڕی لــەدژی دەوڵــەتی ســەفەویی ڕاگەیانــد و لەشکرکێشــی کــردە نــاو خــاکی ئێــران شاتەهماســـبی دووەم نامەیــەکی بــۆ ســـوڵتان ئەحمـــەدی سـێیەم نــاردو تیایــدا داوای ڕوونکردنــەوەی هاتنــە نــاو وڵاتەکــەی لێکــرد، ئــەویش وەڵامــی دایــەوە کــە لەبەرئەوەیــە ڕووســیا لــەلای خۆیــەوە بــاکۆ و دەربەنــدی داگیرکـــردووە و ئەفغانیــەکانیش ئەســـفەهان، ئـــەویش دەیـــەوێ بـــەر لـــەوەی دوژمـــن دەســـتیان بەســـەردابگرێ ئــەیرەوان و تــەورێز بگێڕێتـــەوە بـــۆ ژێـــر دەســـەڵاتی خــۆی، ئەوکاتــە شاتەهماســـبی دووەم دەرکـــی بـــەوەکرد کـــەوا ئـــەم نامەگۆڕینەوەیـــە هـــیچ ســـودێکی نییـــەو ناچـــاربوو داوای یارمـــەتی لەڕووســـیاکرد و بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش ئیســـماعیل بــەگی نــاردە لای و نامەیــەکی پێبــوو تێیــدا داوای یارمــەتی لەپەترۆســی گــەورە دەکــرد. قەیســەری ڕووســی لەســـەر داواکــەیان ڕەزامەنــدیی نوانــد بەمـــەرجی ئــەوەی ئــستەرئاباد و مازەنــدەران و گــەیلان بخاتــە نــاو ســنووری خۆیــەوە، کاتێــك نێردراوەکـــەی گەڕایـــەوە و نێردراوێکـــی ڕووسیشـــی لەگەڵــدابوو، زۆر بەتوونـــدی هەڵســـوکەوتی لەگەڵــدا کــرد و ناردییــەوە بــۆ وڵاتەکــەی خــۆی، بەمــەش پــەترۆس تووڕەبوو و دەستی کردەوە بەسیاسەتی فراوانخوازیی.

بــەهۆی نـــاکۆکی لەســـەر داگیرکردنـــی خـــاکی ئێـــران خـــەریك بـــوو روســـەکان و عوسمانییـــەکان لـــەنێوان خۆیانـــدا دووچـــاری شـــەڕدەبوون، چـــونکە شـــوێنە کێشـــە لەســـەرەکان جێگـــای تـــەماعی هـــەردوو لایـــان بـــوو. دەوڵـــەتی عوسمـــانیی دەیویســـت شـــوێنە پـــڕ لەچـــالاکییە ئابووریـــەکان بخاتـــە ژێـــر دەســـەڵاتی خـــۆی و ڕووســـەکانی لێبێبـــەش بکـــات و لەهـــەمان کاتیشـــدا ڕووســـەکان دەیانویســـت ڕێگـــا لەعوسمانییەکان بگرن و نەهێڵن بگەنە دەریای قەزوین.

واپێدەچـوو کـەوا ئـەم کێشـەیە زیـانی بـۆ سـەر بەرژەوەندییـە ئابووریـەکانی فەرەنسـا هـەبووبێ لەخۆرهەڵاتـدا، بۆیـە هەوڵیـدا ناوبـژیوانیان بکـات و کێشـەکە ئاشـتییانە چارەسـەربکات، لـەم هەوڵەشـیدا سـەرکەوتنی هێنـا چـونکە لـە ٢٤ حـوزەیران١٧٢٤ز

ڕێکـەوتنێکیان مـۆر کـرد کەبەهۆیـەوە هـەر یەکـەیان بۆیـان هـەبوو پارێزگـاری لـەو بـەش و ناوچـانە بکـەن کەلـەئێرانیان دابڕیبـوو و هەردوولاشـیان هاریکـاریی یەکتربکـەن لەهـەر هـەوڵێکی تەهماسـبی دووەم بـۆ گێڕانـەوەی ئـەو شـوێنانەی داگیریان کردووە، ئەو ڕێکەوتنامەیەش بریتی بوو لەم بەندانە:

- ئـەو هێڵـەی کەلەتورکسـتان لەخۆرەلاتـەوە هەڵدەکشـێ و دەگاتـە خـاڵی بەیـەك گەیشـتنی هـەردوو ڕووبـاری کـەڕ و ڕەس لەدەربەنـد ببێتـە هێڵـی جیاکـەرەوەی سنوری دەوڵەتەکانیان.
- دەوڵەتی عوسمـانیی ئـەم شـارە خۆراواییانـەی ئێرانـی بکەوێتـە دەسـت: قـەرەباغ، گەنجـە، نەخجـەوان، ئـەیرەوان، تـەورێز، خـووی، کـورس، ئەروومیـە، مەراغـە، سەلماس، سنەندەج، هەمەدان و کرمانشا.
- ناوچـەکانی سـەر دەریـای قـەزوین و بـاکووری ڕێـڕەوی خـواروی ڕووبـاری ڕەس بـۆ ڕووسـیابێ، واتـە ئـەو شـوێنانەی کەپێشـتر تەهماسـب شـا بـۆ ڕووسـیا دەسـتی لێهەڵگرتبوو: ئەستەرئاباد، مازەندەران، گەیلان و بەشێکی شەروان.
- شـا تەهماسـب دەسـبگرێ بـەو ناوچـانەی لەبەردەسـتییەتی بەمـەرجێك دان بەبەندەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا بهێنێ.

لەراسـتیدا ڕووسـەکان بـەهۆی ئـەم پەیماننامـەوە ئامـانجێکی زۆر سـتراتیژی خۆیـان پێکـا، ئـەویش دوورخسـتنەوەی عوسمانییـەکان بـوو لـەدەریای قـەزوین، بـەلاّم سـوڵتان ئەحمـەدی سـێیەم لەلایـەن زانـا ئاینیەکانـەوە دووچـاری ڕەخنـە بـووەوە بـەهۆی ئـەو هاوپەیمانێتییـەی لەگـەڵ مەسـیحییەکاندا لـەدژی دەوڵـەتێکی ئیسـلامی سـازیکرد و وڵاتەکەشـیانی دابەشـکرد، لەلایـەکی دیکەشـەوە پەیماننامەکـە بـەهیچ شێوەیەك باسی ئەفغنیەکانی ناو ئێرانی نەکرد.

کاریگەری پەیماننامەکە لەسەر ئەفغانەکانی ئێران:

پەیماننامەکـەی نێـوان ڕووس و عوسمانییـەکان کاریگـەری خراپـی هـەبوو لەسـەر بـوونی ئەفغانییـەکان لـەئێران، چـونکە بەهۆیـەوە میرمـەحمود بەهەنـدێك کێشـە و

ململانێی ئەوتۆوە گلا کەبەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی خۆیانی لێ دەربازبکات و لەکۆتاییشدا لەناوچوو. لەبەرئەوەی چالاکییەکانی لەناو چوارچێوەی ئێران مابۆوە و نەیدەتوانی بۆ هیچ جێگایەکی دیکە پەل بهاوێ لەهەر چوار لاوە کێشە و گرفت دەوریانگرت، لەوانە:

- پالەپەستۆی نێودەوڵەتی کەپێکهاتبوو لەدەوڵەتی عوسمانیی و رووسیا و ئەوانیش هەریەکە بەئارەزووی خۆیان خاکی ئێرانیان دادەبڕی.

- سوپاکەی چەندین جار و لەسەر یەك لەناوخۆی ئێراندا شکستی خوارد.

- هێرشی کوردە ئێزیدییەکان بۆ سەر سەربازگەکەی.

ئەم گۆڕنکارییە ناوخۆیی و دەرەکییانە میرمەحمودیان لەرووی ئابووری و سەربازی و دەروونییەوە زۆر ماندوو و شەکەت کرد، هەرگیز مێشك و بیری ئەو توانای بەرگریکردنیان نەبوو بۆ ئەم هەموو کێشە کەڵەکە بووانە، وردەوردە زیاتر وەی لەدەسدەدا و ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هەڵسوکەوتەکانی و هەمیشە بەلای توورەیی دڵڕەقی و بێبەزیی بوونی دەبرد، لەلایەکی دیکەشەوە دەستیکرد بەکوشتنی پیاوماقوولە ئێرانییەکان و پاشان سێ هەزار کەسی لەلایەنگرانی شاحوسێن کوشت، ئەم قەسابخانەیەش تەنانەت سەرکردە گەورەکانی ئەفغانییەکانیشی گرتەوە، هەروەها باجی دیکەی خستە سەر زەوی و زارەکان و بەمەش خەڵکەکە زۆر بێزاربوون، سەربازەکانیشی تالانی دوکەکانی ئینگلیز و هۆڵەندیەکانیان دەسپێکرد، سەرەڕای هەموو ئەمانەش مکوڕبوو لەپارێزگاریکردنی فەرمانڕەوایەتی ئەسفەهان.

پیاوە گەورەکانی ئەفغانی دەرکیان بەوەکرد کە ئەگەر میرمەحمود بەردەوامبێ لەسەر ئەم سیاسەتەی ئەوا ئەفغانییەکان بوونیان لەئێراندا نامێنێ، بۆیە لەدوای ئەوەی کەمیرمەحمود بەیەکجاری هۆشی لەدەسدا و شێتبوو، میرئەشرەفی ئامۆزایان لەئەفغانستانەوە بانگهێشتکرد و متمانەی جێنشینیان پێبەخشی و

پاشـــان لەنیســـانی ١٧٢٥ز بـــەرە و تـــەختی پاشـــایەتی بـــەرزیان کـــردەوە و، یەکـــەم کارێکی کەئەنجامیدا ئەوەبوو میرمەحمودی کوشت.

ئەفغانییەکان لەسەردەمی میرئەشرەف:

لێکتێگەیشـــتنی عوســـمانیی و ئەفغانییـــەکان: میرئەشـــرەف دەبوایـــە ڕووبـــەڕووی ئـــەو هـــەموو تەنگـــژە گەورانـــە ببێتـــەوە کەدووچـــاری ئەفغانییـــەکانی ئێـــران دەبوونـــەوە و هەمووشی لەململانێیە هەرێمایەتیەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت:

- ئەفغانـــەکان بەســـەرکردایەتی میرئەشـــرەف خـــۆی کەدەستیانبەســـەر ئەســـفەهان و شـــیراز و خـــواروی خـــۆرەڵاتی ئێرانـــدا گـــرت، بـــەڵام لەبـــەر ئـــەوەی هێـــزە دەرەکییـــەکان زۆر بـــوون و هەمووشـــیان چـــاویان بڕیبـــووە خـــاکی ئێـــران و لەلایـــەکی دیکەشـــەوە شـــۆڕشـــە ناوخۆییـــەکان و نـــەبوونی ســـوپایەکی بـــەهێز ناچـــاریان کـــرد تـــەنها بـــیر لەبەرگریکردن بکاتەوە.

- ســـەفەوییەکان بەســـەرکردایەتی تەهماســـبی دووەم خۆیـــان بـــەخاوەنی شـــەرعیی فـــەرمانڕەوایی ئێـــران دەزانـــی و مەڵبەندەکەشـــی لەمازەنـــدەران بـــوو، لەبـــەر ئـــەوەی خاوەنی هێزێکی کـــەمبوو بۆیـــە هـــەر خـــەریکی چـــاودێری کردنـــی ڕووداوەکـــانی دەکـــرد و هـــەوڵی دەدا کـــەوا ســـوودیان لێـــوەربگرێ، ئینجـــا فـــەتح عـــەلی خـــانی ســـەرکردەی قاجارەکـــــان هاتـــــەپاڵی و پەیوەنـــــدی پێـــــوەکردو بەمـــــەش تـــــوانی بەشـــــداری لەڕووداوەکاندا بکات.

- ڕووســـیا کەبـــەردەوامی بەسیاســـەتە فراوانخوازییـــەکی (لـــەدوای مردنـــی) پـــەترۆس گـــەورە دەدا و هـــەوڵی دەدا لەســـەر حیســـابی ئێـــران دەوڵەتەکـــەی خـــۆی فراوانبکـــات، و لەســـــەردەمی خانمەقەیســـــەرِ کـــــاترینی دووەم (١٧٦٢-١٧٦٩ز) دەبێتـــــە هێزێکـــــی گەورەو لەسەر سنووری ئێرانی و عوسمانییەکان دەوڵەتەکەی خۆی فراواندەکات.

- عوســـمانییـــەکان کـــەخۆیان بـــەخاوەنێکی شـــەرعی حوکـــومڕانێتی ئێـــران و پارێزگـــاری لێکردنـــی لەبەرانبـــەر ئـــەفغانیی و ڕووســـەکاندا دەزانـــی، بـــۆ قولایـــەکی

زۆری نێـو خـاکی ئێـران بەسـەرکردایەتی ئەحمەدپاشـای والـی بەغـدا (جێنشـنینی باوکی بوو لەم پۆستەدا) لەشکرکێشییان کردبوو.

میرئەشـرەف لەسـەرەتای دەسـەڵاتدارێتییەکەی خۆیـدا ویسـتی بـەفێڵێکی سیاسـی کەشاحوسـێن لەبەندیخانـە بێنێتـە دەرەوەو یـەکێك لەکچەکانیشـی مارەبکـات تـاکو بەمـە فەرمانڕەوایەتیەکـەی ببێتـە شـەرعی، پاشـان هـەوڵی دەدا لەگـەڵ شاتەهماسـبی دووەم کۆبوونەوەیـەك سـازبکات، کەچـی شـا پیلانـی بـۆ ئـەوە دەگێـڕا کـەبیکوژێ، ئینجـا میرئەشـرەف پێیزانـی، بۆیـە شـا بـەرەو سـیمنان و لەوێشـەوە بـەرەو تـاران رایکـرد، لەوێـدا بانگهێشـتی فـەتح عـەلی خـانی سـەرۆکی هـۆزی قاجارەکـانی کـردو کردیـە بریکـاری خـۆی و پلـەی مـیری میرانـی پێبەخشـی و لەگەڵیدا رێکەوت بۆ ئەوەی شەڕی ئەفغانییەکان بکەن و لەئێران وەدەریاننێن.

کاتێـك میرئەشـرەف هێرشـی کـردە سـەر تـاران شاتەهماسـبی دووەم ئەوێشـی بەجێهێشـت و بـەرەو مازەنـدەران هـەڵات و لەوێشـەوە بـەرەو مەشـهەد و بـۆ ئـەوەی دەسبەسـەر خۆراسـاندا بگـرێ و رێگـای یارمەتییـەکانی ئەفغانسـتان لەمیرئەشـرەف بگـرێ، بـەڵام کاتێـك ئـەوان خـەریکی خۆسـازدانبوون میرئەشرەف لـەدامغان پێیـان گەیشت.

لەلایەکیدیکەشـەوە میرئەشـرەف هـەوڵی دەدا کـەوا عوسمانییـەکان بـەرەو دەرەوەی سـنورەکانی ئێـران-عـێراق ببـات، ئـەوەبوو وەفـدێکی بەسـەرکردایەتی عەبدولعـەزیزخان و مـەلارەحیم نـاردە ئەسـتانبوڵ و لەوێـدا نـارەزایی خۆیـان لـەدژی پەیماننامـەی سـاڵی ١٧٢٤ز بـۆ سـوڵتان ئەحمـەدی سـێیەم دەربـڕی. لەبـەر ئـەوەی سیاسـەتی ئـەوکاتی عوسمانییـەکان لەگـەڵ ئـەم ئاراسـتەیە نـەدەگونجا، سـوڵتان فەرمانیـدا نێردراوەکـەی ئـەفغانی لەئەسـتانبوڵ دەرکـەن و لەدواییـدا لـەداگیرکردنی ئێران توندی زیاتری نواند.

ئـەم سیاسـەتەی عوسمانییـەکان لەبەرانبـەر ئەفغانییـەکان کاردانەوەیـەکی خراپـی لەلایـەن رای گشـتی عوسمانییـەکان لێکەوتـەوە و زۆربـەی چـین و توێـژەکانی وڵات

لێـی نـارازیی بـوون، ئەمـە پـاڵی بەسـوڵتانەوە نـا کـە داوا لەشێخولئیسـلام بکـات شەڕی ئەفغانییەکان جائیزبکات.

لەراستیشـدا بەرژەوەندییـە باڵاکـانی عوسمانییـەکان لەسـەرووی رای گشـتییەوەبوو لەرێگـەگرتنی تـەماعی رووسـەکان کەچـاویان بڕیبـووە خـاکی ئێـران. بۆیـە سـوڵتان بڕیاریـدا درێـژە بـە چـالاکییە سـەربازییەکان بدرێتـەوە و ئینجـا لەسـاڵی ١٧٢٦ز فـەرمانی بەئەحمـەد پاشـادا کـەوا هێـرش بکاتـە سـەر ئەسـفەهان، لـەوێش لـەنزیک هێڵـی هەمـەدان-ئەسـفەهان لەگـەڵ هێزەکـانی میرئەشـرەف بەیـەك گەیشـتن. شـەڕ لـەنێوانیان دەسـتی پێکـرد و سـەرکەوتنێکی ئاشـکراش بـۆ هێزەکـانی ئـەفغانی مسـۆگەربوو کـەتوانیان لەسـەرەتاوە زەبرێکـی کاریگـەر لەپێشـەوەی سـوپاکە بوەشـێنن و پێشـڕەوی عوسمانییـەکان راگـرن. وادیـاربوو جـەنگاوەرە کوردەکـان ئـەوەیان رەتکـردەوە کـەدژی ئەفغانییـە سـوننەکان بجـەنگن و بـەر لەدەسـپێکردنی شـەڕەکە ئـەوان پاشەکشـەیان کـرد و بەمـەش سـوپای عوسـمانیی توانـای شـەڕی کـەمبۆوە و، ئـەوانیش لەدواییـدا زۆربـەی تەقەمەنییـەکانی خۆیـان لەمەیـدانی شـەڕەکە بەجێهێشـت و هـەمووی کەوتـە دەس ئەفغانـەکان و ئـەوانیش بـەرەو کرمانشا هەڵاتن.

ئەحمـەد پاشـا راپـۆرتێکی دووردرێـژی بـۆ ئەسـتانبووڵ نـارد و تیایـدا باسـی بارودۆخەکـەی بـۆ کـرد، سـوڵتانیش لەوەڵامـدا فـەرمانی پێکـرد لەشـەڕکردن نەوەسـتێ و دیسـانەوە بـەرەو ئەسـفەهان هەڵکشـا. لەوکاتەشـدا میرئەشـرەف دووچـاریی مەترسـی و هەڕەشـە ناوخۆییـەکان بـووە و شاتەهماسـبیش دووبـارە هێزەکـانی خـۆی رێکخسـتەوە، بۆیـە لـەپێناو پاراسـتنی هێزەکـانی خـۆی و رووبەرووبوونـەوەی تەهماسـب هەوڵیـدا لەگـەڵ عوسمانییـەکان ئاگربەسـت بکـات و لەگـەڵیان رێکبکـەوێ، و نامەیـەکی بـۆ ئەحمەدپاشـا نـاردو تیایـدا پێشـنیاری مـۆرکردنی رێکـەوتنێکی ئاشـتیانەی بـۆ کـرد و لەگـەڵ نامەکەشـدا وەك دەربـڕینی نیازپـاکی هـەموو دیلـەکان و تەقەمەنییـەکانی بـۆ نـاردەوە، ئەحمەدپاشـا ئـەم پێشـنیارەی میرئەشـرەفی بـۆ لای سـوڵان نـارد و ئـەویش رەزامەنـدی لەسـەر نوانـد،

چـونکە ئەوکاتــە رووســەکان لەســالّی ١٧٢٥ز بــەهۆی مردنــی پەترۆســی گــەورە فشاری رووسەکان لەسەریان کەمبێوە و رێکەوتنەکەش بریتی بوو لە:

- میرئەشرەف دان بەژێردەستەیی دەوڵەتی عوسمانییدابنێ.

- دەوڵــەتی عوسمــانی دان بەمیرئەشــرەفدا بــنێ وەك حــاکمی ئێــران و وتارەکــانی وڵات دراویش بەناوی سوڵتان یەکەمجار و پاشان بەناوی میرئەشرەفەوە لێبدرێ.

- ناوچــە نزیکــەکانی ئێــران: کرمانشــا و لورســتان و هەمــەدان و نەهاوەنــد و مەراغــە و تــەورێز و خــوی و زنجــان و گەنجــەو قــەرەباغ و تفلــیس و نــەخجوان و شەروان راستەوخۆ لەژێر حوکومرانی دەوڵەتی عوسمانییدا بن.

- ئەهواز راستەوخۆ بکەوێتە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیی.

- هەردوولا بەڵێن دەدەن کەوا دالّدەی هەلاّتوەکانی یەکتری نەدەن.

- هــەردوولا ســەفیرەکانیان بــۆ یــەکتر بنێــران تــا ئەوکاتــەی دۆســتایەتیەکە جێگیر دەبێ.

- دەوڵەتی عوسمانیی رێگای حاجییە ئێرانیەکان بەناو خاکی خۆیدا دەکاتەوە.

- هەردوولا بەڵێن دەدەن کەوا دەست لەکاروباری یەکتری وەرنەدەن.

- ئــەم رێکەوتنــە ببێتــە بناغەیــەك بــۆ ئاشــتەوایی نێوانیــان و لەیەکــەم ســاتی مۆرکردنیــەوە کــاری پێبکــرێ. شــایانی باســە کەئــەم رێکەوتنامەیــە لــە٤تشــرینی یەکەم١٧٢٧ز لەهەمەدان مۆرکراو بەرێکەتنامەی هەمەدانیش ناونرا.

بەدواداچوونێک بۆ رێکەوتنامەی هەمەدان:

- میرئەشــرەف توانــا و لێهــاتووی سیاســیانەی خــۆی لەگــەڵ عوسمانییــەکان و لــەژێر ئــەو بــارە ســەختەیدا ســەلماند و دەستیشــی پێهــەڵگرتن لەشەڕوکوشــتار و لەهەمانکاتیشدا رازامەنــدی ئــەوانی بۆخــۆی دابــین کــرد و دیســانەوە جــەختی لەســەر

پەیوەنـدی دۆسـتانەی هـەردوولا کـردەوە و بەمـەش تـوانی ئـەو پـرۆژە فراوانخوازیـەی کەهەیانبوو لەخاکی ئێران و بەرێگای ناوچەسنووریەکان رایانگرت.

- هێرشـی ئەفغانـەکان و دەسبەسـەرداگرتنی ئێـران هـەلی بـۆ عوسمانییـەکان خۆشـکرد کـەوا ئـەو ناوچـانەی بـەهی خۆیانیـان دەزانـی و لـەرووی ئابووریـەوە ناوەنـدیی چـالاکی بازرگـانیی بـوون و لەرۆژئاوایشـدا هۆکـاری سـەرەکی ململانێیـەکی دوورودرێـژیان بـوون لەگـەڵ سـەفەوییەکاندا گێڕایانـەوە بـۆ ژێـر دەسەلاتی خۆیان.

- دەسبەسـەرداگرتنی ئێـران لەلایـەن ئەفغانییەکانـەوە رووسـەکانی وشـیارکردەوە چـونکە ئـەوان هەمیشـە لەهـەوڵی ئـەوەدا بـوون دەسبەسـەر ناوەگەرمەکانـدا بگـرن و ئـابووری خۆیـان دابـین و دڵنیـا بکـەن، ئەمـەش بـووە هـۆی تێکچـڕانی بەرژەوەندییـەکانیان لەگـەڵ هـی عوسمانییەکانـدا. ئـەم هەڵوێسـتەش بـوو بـەهۆی ئـەوەی فەرەنسـا بێتـە نـاو کێشـەکەو رۆڵـی ناوبـژیوانی بگێڕێـت و نەیـەڵێ کـەوا کاریگـەری خـراپ بکاتـە سـەر بەرژەوەندییـەکان ئـەوان لـەرێگای نێـوان شـارەکانی ئێران و سەڵتەنەتی عوسمانیی.

- رێکەوتنامـەی سـاڵی ۱۷۲۷ز ئێرانـی خسـتە ژێـر چـاودێری عوسمانییـەکان، ئەمـەش ئامـانجی میرئەشـرەف بـوو چـونکە هـەموو کاتێـك عوسمانییـەکان بـارێکی قورسـبوون لەسـەر شـانی و لەلایـەکی دیکـەش دەبوایـە خـەریکی کێشـە ناوخۆییەکانی.

- بـەم رێکەوتنامەیـە میرئەشـرەف تـوانی ناوچـە سـتراتیژییەکان لـەداگیرکاری رووسـەکان بپـارێزی ئـەویش بـەهۆی ئـەوەی کـەوا کەوتنـە ژێـر دەسـەلاتی عوسمانییـەکان و بـەدیوارێك لـەنێوان ئـەوان و ئـەو رووسـانەی چـاویان بڕیبـووە خـاکی ئێـران، ئەمـەش لەبەرژەوەنـدی ئـەودا بـوو چـونکە نەیـدەتوانی تـەنها بـەهێزی خـۆی پارێزگاری لەم ناوچانە بکات.

- ناوچـەی ئـەهواز بـۆ یەکـەمجار کەوتـە ژێـر فـەرمانڕەوایی عوسمـانیی و ئەمـەش بـەهۆی بێتوانـایی دەسـەڵاتی ئەفغانییـەکانی ئێرانبـوو، کەچـی سـەرەڕای ئـەوەی ئەمـە دەسـکەوتێکی گـەورەبوو بـۆ عوسمانییـەکان بـەڵام لەدواییـدا بـوو بـەهۆی ئەوەی دووچاری زۆرێك لەکێشەو گرفتییان بکات.

بەمشـێوەیە ئێـران سـەرەڕای هـەوڵی میرئەشـرەف بـۆ یەکپارچـەیی کەچـی بەسـەر چـوار لایەنـدا دابەشـبوو: سـەفەوییەکان و ئەفغانییـەکان و عوسمانییـەکان و رووسـەکان. هەرچـەندە میرئەشـرەف تـوانی بـەهۆی رێکـەوتنی لەگـەڵ عوسمانییـەکان بـەری لای ئـەوان ئارامبکاتـەوە، بـەڵام پێویسـت بـوو لەسـەری کـەوا خـۆی بـۆ چـەند هێزێکـی دیکـەی دوژمـن ئامادەبکـات بەتایبـەتیش شاتەهماسـبی دووەم کەلـە دوای ئـەوەی نادرشـای ئەفشـاری هاتـە پـاڵی بـاروگوزەرانی رووی لەباشـی کردبـوو، ئـەو پیـاوەش ئـەو کەسـەبوو کـەوا لەمێـژوودا بـە تەهماسـبی قـوولی خـان ناوبـانگی دەرکـردو، ئینجـا لـەدوای ئـەوەی دەسـەڵاتی گرتەدەسـت و میرئەشرەف و تەهماسـبی دووەمی لەناوبرد بەناوی نادرشا ناوبانگی پەیداکرد.

پەیدابوونی نادرخانی ئەفشاری و کۆتایی ئەفغانییەکانی ئێران:

نادرشـا لەبنچـینەدا سـەربە هـۆزی ئەفشـاری تورکمانیـەو لەتورکسـتانەوە بـەهۆی داگیرکـاری مەغۆلەکانـەوە لـەئازەربێجان نیشـتەجێبوو و تـا ئەوکاتـەی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم دووری خسـتەوە بـۆ خۆراسـان هـەر لـەوێ مایـەوە و پاشـان لەئـەبیورد نیشـتەجێبوو. هۆزەکەشـیان لـەنێوان ئـەبیورد و دەسـتجەرد گـەرمێن و کوێسـتانیان دەکـرد و لەتشـرینی دووەمـی ١٦٨٨ز نادرشـا لـەخێزانی هـەژار لەدایکبوو.

بـاوکی شـوانکارو دارکـەربوو و زۆر بەهـەژاری دەژیـا. ئینجـا نـادر پیشـەکەی بـاوکی وەرگـرت و لـەکاتی گەنجیـدا خـۆی و دایکـی لەپـەلامارێکی ئۆزبەکـەکان بـۆ سـەر خۆراسـان بـەدیل گـیران و بـردران بـۆ خیـوە و دایکـی لـەدوای چـوار سـاڵی دیلیـی کۆچـی دوایـی کـرد، ئـەویش تـوانی راکـات و خـۆی رزگاربکـات و بگەڕێتـەوە نیشـتیمان و نێـو هـۆزی ئەفشـار، پاشـان بـوو لایـەنگریی بابەعـەلی بـەگی حـاکمی

ئەبیورد و خزمەتێکی زۆری پێشکەشکرد و ئەویش زۆری خۆشدەویست و دوایی کچێکی خۆی لێ مارەکرد.

نادرخان خاوەن هیوا و ئاواتی سیاسی زۆربوو، لەسەرەتاوە چاوی لەدەسەلاتداریێتی ئەبیوردبوو، زۆریشی پەلە بۆ کرد و هەر زوو مامەکەی بەژەهر کوشت و پاشان چاوی تەماعی خستە سەر تەواوی خۆراسان، بۆیە لەگەڵ فەرمانڕەواکەیدا رووبەرووی یەکبوونەوە و بەلام نەیتوانی شکستی پێبهێنێ بۆیە شارەکەی چۆڵکرد و هەلات و لەکۆتاییشدا بوو بەرێگر و توانی چەند چەکدارێك لەدەووری خۆی کۆبکاتەوە، ئینجا دەستی کرد بەبەشداری کردن لەرووداوەکانی ناوچەکە و توانی لەقەلای خۆراسان جێگیربێ و کەلەدواییدا بەناوی ئەوەوە ناونرا (قەلای نادری) و پاشان کردیە بنکەیەك بۆ چالاکیەکانی خۆی و فراوانکردنی بازنەی دەسەلات و سەرەتاش دوو ئامانجی خستە بەر چاوی خۆی:

یەکەم: لەسەر بەرژەوەندی و حسابی هێزەکانی خۆرەلات و خۆراوا و کەنداوی عەرەبی دەسەلاتەکەی فراوان بکات.

دووەم: ئازادکردنی ئێران لەدەستی ئەفغانەکان و لەناوبردنی سەفەوییەکان و پاشان بەتەنها فەرمانڕەوایەتی ولات بکات.

بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجەکانی بپێکێ خۆی خستە پاڵ سەفەوییەکان بۆ ئەوەی لەناودوە زەبری خۆیانی لێ بوەشێنێ. ئەوکاتەش ئێران لەدوای کشانەوەی روسیا لەمازەندەران و ئەستەرئاباد پێی نابووە قۆناغێکی تازەوەو شاتەهماسبیش گەڕابۆوە بۆ مازەندەران و لەوێش چاوی بەفەتح عەلی خان قاجار کەوت و هێنایە پاڵ ریزەکانی خۆی، ئینجا نامەیەکی بۆ نادرشا نارد و تیایدا داوای لێکرد کەوا بۆ دەرکردنی ئەفغانەکان لەمەشهەد یارمەتی بدات، بەلام سەرەڕای ئەوەی داواکەی شاتەهماسبی جێبەجێکرد کەچی لەگەڵ فەتح عەلی ناکۆکبوو، چونکە هەر یەکێك لەوانە لەهەوڵی ئەوەدابوو سەرکەوتنەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، بەمەش لەبەردەم هێزەکانی ئەفغانی لەساڵی ١٧٢٧ز بەسەرکردایەتی مەحمودی سیستانی شکستێکی گەورەیان خوارد و لەکۆتاییدا

نادرشـا تـوانی قاجـاری لـەناوببات و لەسـاڵی دوایـیـدا دووبـارە هێرشـی کـردەوە سـەر مەشـهەد و تـوانی ئـازادی بکـات و ئەمـەش بـوو بەیەکـەمین سـەرکەوتنی نـاوخۆیی، هـەروەها لـەدوای ئـەوەی شکسـتی بـە ئـەڵلایارخانی حاکمـە ئەفغانییـەکی هـەرات هێنـا ئەویشـی داگیرکـرد، بۆیـە شـا لەبەرانبـەر ئـەم سـەرکەوتنانەی نـاوی خـۆی وەك رێزلێنانێـك پێبەخشـی و نـاوی نـا تەهماسـب قـوولی خـان، جگـە لەمـەش چـەندین دیـاری دیکـەی پێشکەشـکرد چـونکە تـوانی متمانـە بـۆ دەوڵـەتی سـەفەویی بگێڕێتـەوە، بەمـەش نادرشـا پلـەو پایـەی خـۆی و شـای سـەفەویی بـەرزبووکردەوەو توانیـان رووبـەروو و رکابـەریی میرئەشـرەف بکـەن، ئـەمیش لەبەرانبـەردا بەپەلـە هێرشـی کـردە سـەر خۆراسـان بـۆ ئـەوەی بـواری قیتبوونـەوەیان نـەدا، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی پشـێوی و ئـاڵۆزیی لـەناوخۆدا سـەریهەڵدابوو بەتایبـەتیش لەقەنـدەهار بـەهۆی بڵاوکردنـەوەی تیپـە سـەربازییەکانی لـەنێو شـارەکان بـۆ بـەرگری و پارێزگـاریی نـەیتوانی سـوپایەکی گـەورە و زەبـەلاح لەگـەڵ خۆیـدا ببـات و ئـەوەی لەگەڵی بـوون تـەنها سـێ هـەزار سـەربازبوون و هەمووشـیان ئـەفغانیی نـەبوون، بۆیـە لەسـاڵی ١٧٢٩ز لەشـەڕی میهماندۆسـت لـەدامغان شکسـتی هێنـاو گەڕایـەوە بـۆ ئەسـفەهان و لەوێشـدا نادرشـا وازی لێنـەهێنا و هێرشـی کـردە سـەرو شـارەکەی لەژێر دەستی دەرهێنا.

لەدواییـدا میرئەشـرەف شـا حوسـێنی کوشـت و بـەرەو شـیراز هـەڵات، کـاتێکیش شاتەهماسـبی دووەم چـووە نـاو شـارەکەوە زۆر دڵتـەنگ بـوو بـەو وێرانکارییـەی کـەوا ئەفغانییـەکان بەسـەریان هێنـا بـوو بەتایبـەتیش کۆشـك و تـەلارەکانی خانـەوادەی سەفەویی.

شاتەهماسـبی دووەم ئامـانجی ئـەوەبوو کـەوا ئەفغانییـەکان یـەکجارەکی لـەخاکی سـەفەوییەکان وەدەرنـێ، نادرخـانیش لـەلای خۆیـەوە دەرکـی بـەوە کردبـوو کـەوا شـا تـا چ ئەندازەیـەك پێویسـتی پێـی هەیـە، کـاتێکیش فـەرمانی پێکـرد هێـرش بکاتـە سـەر پاشمـاوەی ئەفغانییـەکان و لـەناویان ببـات وەك سـەرکردەیەکی سـەرکەوتوو

داوای خـــەڵاتیکرد، ئەوکاتـــەش شـــا هیچـــی بەدەســـتەوە نـــەبوو بۆیـــە ناچـــاربوو داواکارییەکـــەی جێبـــەجێ بکـــات، چـــونکە هـــەموو هێزەکـــان لـــەژێر فـــەرمانی ئـەودابوون و شـــا تەهماســـبی دووەم هێزێکـــی ئـــەوتۆی لـــەژێر دەســـتنەبوو تـــابتوانێ ویســـتەکانی خـــۆی بەســـەردا بســـەپێنێ. بـــەمجۆرە نادرخـــان تـــوانی بـــەهۆی رۆڵـــی کاریگـــەریی خـــۆی بەســـەر دەوڵـــەتی ســـەفەوییدا بســـەپێنێ، و هـــەموو داهـــات و باجەکانی دەوڵەتی لـە شـا وەرگـرت و لەکۆتاییشـدا بـوو بـەخاوەنی دەسـەڵات بەسـەر سەرجەم هێزەکان و توانا داراییەکانی وڵات.

میرئەشـــرەف دەرکـــی بـــەوەکرد کـــەوا تـــەرازووی هێـــز لەئێرانـــدا لەبەرژەوەنـــدی ئەودانییـــە، بۆیـــە داوای یارمـــەتی دەرەکـــی کـــردو جگـــە لەعوسمانییـــەکانیش کەســـی دیکـــەی بەدەســـتەوە نـــەبوو، لەهەمانکاتیشـــدا ئـــەوان لـــەدوو لایەنـــدا هاوبەشـــبوون یەکـــەم هـــەردوولایان لەســـەر مـــەزەبی ســـوننی بـــوون و دوژمـــنی ســـەفەوییەکانیش بـــوون، نێردراوێکـــی نـــاردە ئەســـتانبوڵ و داوای یارمـــەتی لێکـــردن و لەبەرانبـــەردا ئەحمەد پاشای والی بەغدا تیپێکی تۆپهاوێـژی بـۆ نـارد، بـەڵام بـەر لـەوەی ئـەو تیپـە بەشداری شـەڕەکان بکـات نادرخـان هێرشـی کـردە سـەریان و تـوانی لـەناویان ببـات و دەســـتیش بەســـەر هـــەموو چـــەك و تەقەمەنییەکانیانـــدا بگـــرێ، بەمـــەش ئەشـــرەف دووچـــاری شکســـتێکی هێنـــدە بـــەهێزهات وای لێکـــرد کـــەوا کەســـوکارو خانـــەوادەی خـــۆی و پـــارەو ســـامانەکەی کۆبکاتـــەوە و بـــەرەو شـــیراز رابکـــات، نادرخـــان وازی لێنـەهێناو هـەر بەدوایـەوە بـوو لـەنزیك زارغـان کەبیسـت میـل لەشـیرزا دووربـوو، دووبارە شکستی پێهێنایەوە.

میرئەشـرەف لـەناو ئـەو هـەموو شکسـت و زیانانـەی پێـی گەیشـت کەچـی هـەوڵی دەدا لەگـــەڵ شاتەهماســـبی دووەم ڕێکـــەوتن بکـــات، بـــەڵام ئـــەو تەنانـــەت

کۆبوونەوەشـی ڕەتکـردەوە، کـاتێکیش شـا هەرەشـەی لەهـەموو ئەفغانـەکان کـرد کەئەگـەر نەیـدەن بەدەسـتەوە ئـەوا هـەموویان دەکـوژێ، بۆیـە ئـەویش لەترسـان بـەخۆی و ژمارەیـەکی زۆر کـەمی سـەربازەکانی کەتـەنها دووسـەد کـەس دەبـوون لەشـیراز وەرێکـەوتن و بـەرەو قەنـدەهار ڕۆیشـتن، ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا ئـەوە دەگەیـەنێ کـەوا سـەربازەکانی لێـی دوورکەوتوونەتـەوە، سوارچـاکەکانی سـەفەویی ڕاوەدوویـان نـاو ئـەویش لـەدوای ئـەوەی لەناوچـەکەدا کشـایەوە هەوڵیـدا دەسبەسـەر لار و کرمانـدا بگـرێ بـەلام خەڵکەکـەی لێـی هاتنـە دەسـت و ڕووبـەڕووی بوونـەوە، ئینجـا دەرکـی بـەوەکرد کەمانـەوەی لـەئێران مانـای کۆتـایی خۆییەکەیـەتی، لـەوێوە بـەخۆی و سـەربازە بێهێـز و ماندووەکانیـەوە بـەرەو قەنـدەهار ڕۆیشـت، لەپاشـان برایـەکی نـاردە بەسـرە و پـارەو زێڕێکـی زۆریشـی بـۆ عوسمانییـەکان پێـدانارد، کاتێکیش گەیشتە ناوچـەی زەردەکـۆه لەبلوجـستان خـانی بلوجـەکان هێرشـی بـۆ بـرد و کوشـتی و لەسـاڵی ۱۷۳۰ز سـەری براویشـی نـاردە ئەسـفەهان بـۆ ئـەوەی ببێتـە هۆکـاری نزیـك بوونـەوەی لەگـەڵ سـەفەوییەکان. بـەکۆتایی هـاتنی میرئەشـرەف ئەفغانییەکان بوونیـان لەئێرانـدا کۆتـایی پێهـات کەتـەنها مـاوەی حـەوت سـاڵ لـەوێ بوون.

پەیوەنـــدی ســـەفەوییەکان و عوســـمانییەکان لەســـەردەمی نادرخان:

لـەدوای ئەمانـە نادرخـان دەبوایـە ڕووبـەڕووی ئـەو هێزانـەی دیکـە ببێتـەوە کـەوا هێشـتا بەشـێکی خـاکی ئێرانیـان لەژێردەسـت ماوەتـەوە، ئـەوانیش دەوڵـەتی عوسمانیی و ڕوسیابوون و، سەرەتا لەعوسمانییەکانەوە دەستی پێکرد.

لەوکاتـەی شاتەهماسـبی دووەم چاوەڕێی ئـەوەی دەکـرد کـەوا بەهەوڵـەکانی نادرخـان ئەسـفەهان لـەژێر دەسـتی ئەفغانـەکان دەربـێنێ لەسـاڵی ۱۷۲۹ز نێردراوێکـی نـاردە

ئەســـتانبووڵ و نامەیـــەکی بـــۆ ســـوڵتان نـــارد و تیایـــدا هـــەموو رووداوەکـــانی ئـــەم دواییـــەی تایبـــەت بەدەوڵەتەکـــەی بـــۆ باســـکرد و داواشـــی لێکـــرد دەســـت لـــەو ناوچـــانە هـــەڵگرێ کـــەوا لەســـەردەمی ئەفغانییەکانـــدا عوسمانییـــەکان داگیریـــان کردبـــوو، لەبەرانبـــەردا شـــتێکی ئاســـایی بـــوو کـــەوا ســـوڵتان داواکـــەیان جێبـــەجێ نـــەکات و نێردراوەکەش بەدەستی بەتاڵەوە بگەڕێتەوە.

ئـــەم رەتکردنەوەیـــەی عوسمانییـــەکان نادرخـــانی تـــووڕەکرد، بۆیـــە هەوڵیـــدا بـــەزەبری هێـــز ناوچـــەکانی ژێردەســـەڵاتی عوسمانییـــەکان بگێڕێتـــەوە بـــۆ ســـەفەوییەکان و ســـەرەتا دەســـتی بەســـەر ئـــەهواز و هەمـــەدان و نەهاوەنـــد و تـــەورێزداگرت. کـــاتێکیش لەتـــەورێزبوو هـــەواڵی ئـــەوەی بـــەر گـــوێ کـــەوت کـــەوا ئەفغانییـــە عەبدالییـــەکان هێرشـــیان کردۆتـــە ســـەر هـــەرات، بۆیـــە نادرخـــان شـــارەکەی بەجێهێشـــت و هێزەکـــانی بەرە و بەرەنگاربوونەوەیان وەرێخست.

لەهـــەمان کاتیشـــدا ســـەرکردە ئەفشـــارییەکە لەخۆراســـان و ئازەربێجـــان ســـەرکەوتنی گـــەورەی بەدەســـهێنا، هـــەروەها دەوڵـــەتی عوسمـــانیی بـــەهۆی ئـــەو شۆڕشـــە جەماوەرییـــەی کـــەوا پـــەترۆنا خـــەلیل بـــەرێوەی دەبـــرد هەڵوێســـتی زۆر ناخۆشـــبوون، شۆڕشەکەش لەبەر ئەم هۆیانەبوو:

- دابـــەزینی بـــەهای دراوی عوسمـــانی کـــەبووە هـــۆی ئاوســـان و متبـــوونی ئـــابووری وڵات.
- بەرزبوونەوەی ئاستی باجەکان بەهۆی شەڕی بەردەی خۆرەڵات.
- زۆربوونی دانیشتوانی ئەستانبووڵ بەهۆی کۆچی خەڵکی دووروبەرییەوە.
- تێکەڵبوونی بەشێکی سوپا بە بواری پیشەوەرەییەوە.

لەدەســـتکەوتە هـــەرە بەرچـــاوەکانیش لادانـــی ســـوڵتان ئەحمـــەدی ســـێیەم و دانـــانی برازاکـــەی بـــوو لـــەجێی کـــەناوی محمـــودی یەکـــەم بـــوو (١٧٣٠-١٧٥٤ز)، فـــەرمانی بـــۆ ئەحمـــەد پاشـــای والـــی بەغـــدا و عـــەلی پاشـــای ســـەرکردەی ســـوپای خـــۆرەڵات نـــاردا شـــەڕی ســـەفەوییەکان بکـــەن، ئـــەوەبوو ئەحمـــەد پاشـــا لـــەبیابانی تۆریجـــان لەگـــەڵ شاتەهماســـبی دووەم لەســـاڵی ١٧٣٢ز لـــەنزیك هەمـــەدان رووبـــەرووی یەکبوونـــەوە و

شکستی بەشا هێنا، عـەلی پاشا لـەلای خۆیـەوە لەوکاتـەی نادرخان لەشارنەبوو هێرشـیکردە سـەر تـەورێز و داگیریکـرد و هێزەوڵاتپارێزەکـانی سەفەوییشـی تێـدا دەکرد.

سـوڵتانی عوسمـانیی پاساوی شـەڕەکەی بـەوە هێنایـەوە کـەوا شـای سـەفەویی ڕێـزی ئـەو ڕێکەوتنامەیـەی نـەگرتووە بـەهۆی نێردراوەکـانی وەلـی محەمـەدخان و ڕەزاقـوولی خـان لەسـاڵی ١٧٣١ز لەگـەڵ عوسمانییـەکان مۆریـان کردبـوو و ئـەم بەندانەی لەخۆگرتبوو:

- تەورێز و کرمانشا و ئەردەلان و لورستان و حەویزە بۆ سەفەوییەکانبێ.

- عوسمانییـەکان پشـکی ئـەیرەوان و تفلـیس و گەنجـە و شـەروان و شـەماخی و داغستانیان بەربکەوێ.

- سـەفەوییەکان سـەدهەزار پارچـە زێـر وەك قەرەبووکردنـەوەی زیانـەکانی شـەڕ بدەنە عوسمانییەکان.

شاتەهماسـبی یەکـەم بـەهۆی دۆڕاندنـەکانی ناچـاربوو ئاشـتەوایی لەگـەڵ عوسمانییەکاندا بکـات و سـەفیی قـوولی خـانی وەك نێـردراو نـاردە بەغـدا بـۆ ئـەوەی دانـوتانیان لەگەڵـدا بکـات و لەسـاڵی ١٧٣٢ز لـەنێوان خۆیانـدا ڕێکـەواتن و پەیماننامەیـەکیان مـۆرکرد کەبـە پەیماننامـەی ئەحمـەد پاشـا نـاونرا و بەهۆیـەوە شاتەهماسبی دووەم دەستی لەزۆربەی پارچەکانی خاکی ئێرانا هەڵگرت:

- ڕووبـاری ڕەس و دەرنـە و دەرتـەنگ و چـەندی دیکـەش کەسـنوری کـۆنی نێوانیان بوو ببێتە هێڵی جیاکەرەوەی موڵکەکانی عوسمانیی و سەفەویی.

- شاتەهماسـبی دووەم شـاری گەنجـەو تفلـیس و نـەخجوان و شـەماخی و داغسـتان بداتـە دەسـت عوسمانییـەکان، بەواتایـەکی دیکـە زۆربـەی ویلایەتـە خۆراواییـەکانی ئێـران کەعوسمانییـەکان چـاویان تێـوەی بـوو بخرێتـە نـاو سـنووری دەوڵـەتی عوسمانییەوە.

- تەورێز و ئەردەلان وکرمانشا و هەمەدان و ئەهواز بۆ دەوڵەتی سەفەویی بن.

- دەوڵـەتی عوسمـانیی بـەڵێن بەسـەفەوییەکان دەدات کـەوا لـەدەرکردنی هێزەکانی رووسیا لەدەربەند و گەیلان یارمەتییان بدات.

- دەوڵـەتی عوسمـانیی بـەڵێن دەدات کـەوا رێگـا بەئێرانییـەکان بـدات سـەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عیراق بکەن.

- هـەردوولا پـەیمان دەدەن کـەوا ئاسـانکاری بـۆ بازرگـانی یـەکتری بکـەن و سـەفیر بۆ ئەستانبووڵ و ئەسفەهان بنێرن.

خستنی شاتەهماسبی دووەم:

پەیماننامـەی ئەحمەدپاشـا لەهـەردوولاوە دووچـاری زۆرێـك لەبەرهەڵسـکاری بـوودەوە، کاتێـك سـوڵتان مـەحمودی یەکـەم رەزامەنـدی لەسـەر نوانـد تـەورێزی لەبەشـی سـەفەوییەکان هێنایـە دەرەوە. رای عوسمانییـەکانیش بـوو بـەدوو بەشـەوە یەکـەمیان ئـەو بابەتـەی رەتـدەکردەوە و دووەمیشـیان لەبـەر گرنگـی لـەرووی سەربازیی و بازرگانیی عوسمانییەکانەوە رەزامەندی لەسەربوو.

بـەلاّم لایـەنی سـەفەویی، کاتێـك نادرخـان نـاوەرۆکی پەیماننامەکـەی بیسـت زۆر تـورەو بێـزار بـوو و لەبەرانبـەردا فـەرمانی بـۆ حاکمـەکانی دەووروبـەر نـارد کـەوا ئـەم پەیماننامەیـە جێبـەجێ نەکـەن، هـەروەها سـەفی قـوولی خـانی گەڕانـدەوە بـۆ ئەسـتانبووڵ و داوای لێکـرد کـەوا بەعوسمانییـەکان رابگەیـەنێ لـەم دوو شـتە یەکیان هەڵبژێرن، یـا خۆیـان ئامادەبکـەن بـۆ شـەڕ یـاخود هـەر شـوێنێکی خـاکی ئێرانیـان داگیرکـردووە بیگێڕنـەوە، پاشـان لەگـەڵ گـەورە پیـاوانی دەوڵـەت و ئەرکانەکانـدا کۆبـووەوە و بڕیاریانـدا شاتەهماسـبی دووەم لابـدەن و مـیرزا عەباسـی کـوڕی کـەجارێ شـیرەخۆرەبوو لـەجێی دابنـێن و نـاوی بنـێن شاعەباسـی سـێیەم و ئـەویش بـوو بـەبریکاری دەسـەلاّتدارێتییەکە و هـەموو کاروبارەکـانی دەوڵـەتی لـە٢٦ئـاب١٧٣٢ز کەوتـە ژێردەسـت و شـای لـەکار لادراویـش بـەرە مەشهەد بەرێخراو لەوێ بەندکرا.

لەراســـتیدا نادرخـــان هەمیشـــە چـــاودێری هەڵـــوکەوتەکانی شاتەهماســـبی دووەمـــی دەکـــرد و بـــەردەوام چـــاوەڕێی ئـــەوەی لێـــدەکرد کەبچـــووکترین هەڵـــە ئەنجامبـــدات بـــۆ ئـــەوەی بیکاتـــە بیناگـــە و دەسبەســـەر ئێرانـــدا بگـــرێ، بۆیـــە کەئەیاننامەکـــەی لەگـــەڵ عوسمانییەکانـــدا مـــۆرکرد و بـــەهیچ شـــێوەیەکیش پرســـی پێنـــەکرد رقـــی لێهـــەڵگرت و واشـــی دەبـــینی کـــە ئـــەم پەیاننامەیـــە هـــەڵگری بەرژەوەندییە بالاکانی ئێران نییەك چونکە:

- ئـــەو ســـەد هـــەزار دینـــارە زێـــڕەی کەپەیاننامـــەی پێشـــوو باســـی لێوەکردبـــوو پشتگوێخرا.

- ئەم پەیاننامەیە باسی دیلە ئێرانییەکانی تێدا نەبوو.

- ئـــەم پەیاننامەیـــە باســـی دژایـــەتی دوژمـــنی هاوبەشـــیان دەکـــات کەئـــەویش لەبەرژەوەندی سەفەوییەکاندا نییە.

- دانـــانی ســـەفیری هەرلایـــەك لەدەوڵـــەتی بەرانبـــەر، ئەمەشـــیان لەبـــەرژەوەنی سەفەوییەکاندا نەبوو.

◆

شاعەباسی سێیەم
١٧٣٢-١٧٣٦زایینی

دژایەتیی لەگەڵ عوسمانییەکان لەپێناو بەغدا:

لەئــەنجامی ئــاڵۆزی پەیوەندییــەکانی نادرخــان و عوسمانییــەکان، نــادر رایگەیانــد کــەوا بەســەرکردایەتی ســوپاکەیەوە لــەپێناو گێڕانــەوەی ئــەو زەوییانــەی لەعیراقــدا هــەیانبوو دەجــەنگێ. ئــەم ویلایەتــەش لەســەردەمی عوسمانییەکانــدا زۆر لاوازبــوو، بەتایبــەتیش لــەدوای ئــەوەی چــەندین هــۆزی عــەرەب لــەدژی دەســەڵاتدارێتی ئەحمــەد پاشا شۆڕشیان هەڵگیرسـاند.

جا بۆ ئــەوەی نادرخــان بەتــەواوی ئامادەباشــی بــۆ ئــەم شــەڕەبکات رێکەوتنامەیــەکی ئاشــتی لەگــەڵ رووســیا ســازکرد کــەناوی رێکەوتنامــەی رەشــت بــوو و بەهۆیــەوە تــوانی هــەموو ئــەو ناوچــانەی کەوتوونەتــە خــوارووی رووبــاری کــەر بگێڕێتــەوە بۆخــۆی، هــەروەها ناوچــەکانی بــاکوری رووبارەکەشــی گرتــەوە، وەك: بــاکۆ و دەربەنــد و، لەئــەنجامی کشــانەوەی هێزەکــانی عوســمانیی لەئــەرمینیا و ولاّتــی کــەردج ســنوری ولاّتەکــەی لــەلای خۆرەلاّتــەوە جێگیرکــرد و بەمــەش لــەکاتی ئەنجامــدانی هێــرش و پەلامارەکەی بۆ عیراق خۆی دڵنیــاکرد کــەوا هــیچ مەترســیەك بــۆ ســەر ئــەم ناوچــانە نییــە، ئینجــا لەســێ لایەنــەوە هێرشــی بــۆ بەغــدا بــرد: دەرنــە-شــارەزوو، موســڵ، بەغــدا، بــەو مەرجــەی کــە هــەر ســێ ســوپاکە لەبەغــدا یــەك بگرنــەوە و گەمارۆشــی بخەنەســەر، شــایانی باســە خــودی خــۆی ســەرکردایەتی بەشــی ســێیەمی ســوپاکەی دەکــرد، و تــوانی لــەکاتی پێشــڕەوییەکەی بــۆ بەغــدا ســوپایەکی دوانزەهــەزار کەســی بشــکێنێ و بــەرەو بەغــدا لــە١٩ئــازار١٧٣٣ز رۆیشــت و گــەمارۆی خستەســەری، لەولاشــەوە هێزێکــی نــاردە ســەر رێگــای کازمییــە بــۆ ئــەوەی رێ لــەو یارمەتییانــە بگرێ کە لەبەسرەوە بۆی دێن.

هێـــزە وڵاتپارێزەكـــانی بەغـــدا زۆر قارەمانانـــە بـــەرگرییان لەشـــارەكە كـــردو دانیشـــتوانەكەی بـــارگرانی گەمارۆكـــەیان بەتایبـــەتی لـــەكاتی كەمبوونـــەوەی ئازووقـــە كەوتـــە سەرشـــان، بۆیـــە والـــی بەغـــدا داوای یارمـــەتی بەپەلـــەی لەئەســـتانبوڵ كـــرد، لەوێشـــەوە ســـوپایەك بەســـەركردایەتی تۆپپـــاڵ عوســـمان پاشـــا بـــۆ بـــەهاناهاتنی وەرێكـــەوت، كاتێـــك نادرخـــان ئـــەم هەواڵـــەی بیســـت بەشـــێكی ســـوپاكەی بـــۆ شـــەڕی بەغـــدا بەجێهێشـــت و بـــۆ خۆشـــی بەســـەركردایەتی بەشـــێكی دیكەیـــەوە بـــەرەو رووی كـــەركووك رۆیشـــت و لـــەوێ لەگـــەڵ تۆپپـــاڵ عوســـمان پاشـــا بەیـــەك گەیشـــتن. ئـــەوەبوو شـــــەڕێكی زۆر خوێنـــــاوی لەنێوانیانـــــدا بـــــەرپابوو و عوســـمانییـــــەكان ســـــەركەوتن ونادرخـــــان و هێزەكـــــەی بـــــەرەو هەمـــــەدان هـــــەڵاتن و لـــــەوێش دەســـــتی كـــــردەوە بەرێكخـــــستنی ســـــوپاكەی و دیســـــانەوە هێرشـــــی بـــــردەوە ســـــەر كـــــەركووك و ئـــــەمجارەیان ســـەركەوتنی بەدەســـهێنا و تۆپپـــاڵ عوســـمان پاشـــای ســـەركردەی عوســـمانیشـــی كوشـــت و گەڕایەوە بۆ بەغدا و درێژەی بەگەمارۆكەی سەری دایەوە.

ســـەركردە ئەفشـــاریەكە لـــەدوای ئـــەم ســـەركەوتنە مەزنـــە ئامـــادەبوو بـــەردەوام بـــێ لەشـــەڕەكانی نێـــو خـــاكی عـــیراق، بـــەڵام ئـــەوەی بـــۆ نەرەخســـا چـــونكە هـــەواڵی ئـــەوەی پێگەیشـــت كـــە لەهـــەرێمی فـــارس بـــۆ لایـــەنگیریی ســـەفەوییەكان شـــۆڕش بـــەرپابووە، بۆیـــە ناچـــار بـــوو لەســـاڵی ١٧٣٥ز پەیماننامـــەی تفلـــیس لەگـــەڵ ئەحمـــەد پاشـــا مۆربكات و تیایـدا لەسـەر ئـەوە رێكـەوتن كـەوا هـەموو كاروبارەكـان بگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی پـێش فراوانكارییـەكانی عوسمانییـەكان لـەنێو خـاكی ئێرانـدا. دەوڵـەتی عوسـمـانیش دەسـبەرداری هـەموو دەسـكەوتەكانی بـوو تەنانـەت دەسـتی لەبەغـداش هـەڵگرت، بەمـەش هـەموو ئـەو هەرێمانـەی عوسمانییـەكان دەسـتیان بەسـەرداگرتبوو جارێكی دیكە گەڕایەوە بۆ ئێرانییەكان:

- سـنوری نێـوان دەوڵـەتی سـەفەویی و عوسـمـانی بـەگوێرەی بڕیـاری پەیماننامـەی ساڵی ١٦٣٢ز لێبێتەوە.
- هەردوولا بەڵێن دەدەن كەوا دیل و چەكەكان بۆ یەكتری بنێرنەوە.
- عوسمانییەكان بـەڵێن بـدەن رێ لـەو ئێرانییانـە نـەگرن كـەوا بـۆ سـەردانی شـوێنە پیرۆزەكان دەچنە عیراق.

- عوسمانییـــەکان بـــەڵێن دەدەن گەنجـــەو شـــەروان و ئـــەیرەوان و تفلـــیس بگێڕینـــەوە بۆ ئێرانییەکان و بەزووترین کاتیش هێزەکانی خۆیان لەم ناوچانە بکشێننەوە.

لەراســـتیدا ئـــەم پەیماننامەیـــە زیـــاتر لەبەرژەوەنـــدی نادرخـــان بـــوو بـــۆ ئـــەوەی بتـــوانێ بەرەی عێراق ئـــارام بکاتـــەوە، تـــاکو خـــۆی بەتـــەواوی ســـازبکات بـــۆ شـــەڕی لـــەناوبردنی شۆڕشی فارس و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و درێژە بەشەڕەکان بداتەوە.

هەرچـــییەك بـــێ ئـــەم پەیماننامەیـــە بەرهەڵســـتکاری زۆریـــی هـــەبوو لەلایـــەن عوسمانییەکانـــەوە چـــونکە ســـەرتاپای لەبەرژەوەنـــدی ئێرانییـــەکان بـــوو، بۆیـــە ســـوڵتان محەمـــەدی یەکـــەم رەتیکـــردەوەو بڕیاریـــدا هـــەموو شـــوێنەکان بەشـــەڕ بگێڕێتـــەوە، بـــۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی بەسەرکردایەتی عەبدوڵلاپاشا نارده سەر قارش.

نادرخـــان ئـــەم رەتکردنەوەیـــەی عوسمانییـــەکانی بـــۆ پەیماننامەکـــە بەهـــەلزانی و دەســـتی کـــرد بەتـــەواوکردنی داگیرکـــاری بـــۆ ناوچـــەکانی ئـــەرمینیا و ولاتـــی کـــەرەج و لەوێشەوە توانی داغســـتان داگیربکـــات. ئـــەو کاتـــەش روســـیا خـــەریکی پێکـــدادان بـــوو لەگـــەڵ عوسمانییـــەکان و دیســـانەوە نادرخـــان ئەمـــەی قۆزتـــەوە بـــۆ بەرژەوەنـــدی خـــۆی و هەرەشـــەی لەروســـیا کـــرد کـــەوا نـــابێ لەگـــەڵ عوسمانیەکانـــدا هاوپـــەیمانێتی بکـــات، بۆیـــە رووســـەکان ناچـــاربوون رێکـــەوتن لەگـــەڵ نادرخانـــدا بکـــەن و بـــەگوێرەی پەیماننامەیەك لێك نزیك بوونەوە، ئەم بەندانەی لەخۆگرتبوو:

- رێگە نەدرێ حەریری ئێرانی بەنێو خاکی عوسمانییەکاندا هەناردەبکرێ.
- روسەکان بـــەڵێن بـــدەن کـــەوا لەدەربەنـــد و بـــاکۆ لـــەماوەی دوو مانگـــدا بکشـــێنەوە و بیاندەنەوە دەست ئێرانییەکان.
- یارمەتی سەربازی پێشکەش بەئێران بکەن.

لەراســـتیدا دەســـەبەرداری روســـیا لەدەربەنـــد و بـــاکۆ بـــۆ بەرژەوەنـــدی ئێـــران بـــەو ئاســـانییە بـــۆ ئـــەوەبوو کـــەوا مەترســـی عوسمانییـــەکان بـــۆ ســـەر ئـــەو ناوچـــانە برەوێنێتەوە چونکە مەترسی ئێرانییەکان بەئەندازەی ئەوان نەبوو.

بـــۆ بەئـــەنجام گەیانـــدنی ئـــەم پەیماننامەیـــە روســـیا هێزێکـــی تۆپهاوێـــژی بـــۆ نادرخـــان نـــارد تـــاکو لـــەداگیرکردنی شـــاری گەنجـــە یارمەتیـــدەری بـــێ، لەوێشـــەوە بـــەرەو قـــارس کەوتـــەرێ تـــاکو عەبـــدوڵلا پاشـــا لـــەناوببات و لـــە١٨حـــوزەیران١٧٣٥ز و لەناوچـــەی

باغــەوان بەیــەکیان دادا. شــایانی باســە ســەرەڕای گــەورەیی ســوپا و هێزەکــانی عوســمــانیی کەچــی نادرخــان تــوانی ســەرکەوتنێکی زۆر گــەورە بەدەســبهێنێ و لەئەنجامــدا دەســتی بەســەر تفلیســدا گــرت، ئــەیرەوان و قارســیش بــەرگریان دەکــرد و تەرمی عەبدوڵلاپاشا کەوتە مەیدانی شەڕەکە.

ئــەم ژێرکەوتنــەی عەبدوڵلاپاشــا کاردانەوەیــەکی زۆر توونــدی هــەبوو لەلایــەن ئەســتانبوڵەوە، بۆیــە ســوڵتان ســوپایەکی دیکــەی ســازکرد و بەســەرکردایەتی ئەحمــەد پاشــا کەپێشــتر والــی بەغــدا بــوو و ســوڵتان لایــدابوو بــۆ تۆڵەســەندنەوە بنێــرێ و لەهــەمان کاتیشــدا نادرخــان خــۆی ئامــادە دەکــرد پــەلاماری ئــەرزەرووم بــدات کــەدەروازەی ئــەنادۆڵبوو بەمەبەســتی ئــەوەی ڕێگــای هــەناردەی حــەریری ئێرانــی بــۆ دەوڵــەتی ســوڵتانی بگــرێ. ئەحمــەد پاشــا گەیشــتە ناوچــەکە لەشــەڕێکی دەســتەویەخەدا ڕووبــەڕووی یەکتربوونــەوەو لەئەنجامــدا عوسمانییــەکان شکســتێکی گــەورەیان بــەنادرخان هێنــا و ئــەویش بەناچــاری بــەرەو دۆڵــی مۆقــان هــەڵات و لەوێشــەوە لــەپێناو ڕاگــرتنی شــەڕ داوای لەعوسمانییــەکان کــرد کــەوا ڕێکــەوتنی ئاشتی مۆربکەن.

تاج لەسەرنانی نادرخان:

نادرخــان لــەمۆقان بــەئامادەبوونی ئەرکانــەکانی دەوڵــەت و ســەرکردە ســەربازییەکان و فــەرمانڕەوای ویلایەتــەکان و زانــا ئایینیــەکان و نێــردراوی دەوڵــەتی عوســمــانیی کــەجانجی عــەلی پاشــا بــوو کۆبوونەوەیــەکی ســازکرد و تێیــدا خۆتــەرخانکردنی بــۆ ئامــادەبووان لــەپێناو بــەرگریکردن لــەئێران و پارێزگــاری لێکردنــی لــەدژی دوژمنــەکان نیشــاندا و دەیــەوێ چــیدیکە شــەڕ نــەکات و پشــوویدات و لەمەشــهەد نیشــتەجێببێ و داوای لێکــردن کــەوا لــەنێو کوڕەکــانی خانــەوادەی ســەفەویی کەســێك هەڵبژێرن کەبارگرانی دەسەلاتدارێتی بخاتە سەرشانی خۆی.

لەراستیشــدا ئــەم هەڵوێســتە بــۆ ئــەوەبوو خــۆی بگەیەنێتــە فەرمانڕەوایــەتی چــونکە لەخانــەوادەی ســەفەوییدا کەســێکی وا نــەبوو توانــای ئــەم کــارەی هــەبێ و بــەلێزانی شــوێنی ئــەو بگرێتــەوە، بەڵگــەش ئــەوەبوو کــەوا لەســاڵی ١٧٣٥ز بەڵگەنامەیــەکیان مــۆرکرد و بەهۆیــەوە شاعەباســی ســێیەمیان لاداو کۆتاییــان بەدەســـەلاتدارێتی

سەفەویی هێناو لەلایەکی دیکەش نادرخانیان وەك شای ئێران بۆ سەر تەختی پاشایەتی بەرزکردەوە، ئەوەشی لەدوای دوودڵییەکی بەئەنقەست تاکو وای لێکنەدەنەوە چاوی بڕیوەتە ئەم پلەیە ڕەزامەندی لەسەر نواند و لە٩ئازار١٧٣٦ز تاجی شاهانەی لەسەرنراو بەمەش بەیەکجاری کۆتایی بەخانەوادەی سەفەویی هات و لەجێی ئەواندا خانەوادەی ئەفشاریی دەسەلاتیان گرتەدەست.

نادرخان لەدوای ئەوەی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دانیشت نازناوی شای وەرگرت و دەستی کرد بەڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵەتە تازەدامەزراوەکەی و ڕەزاقوولی کوری کردە حاکمی خۆراسان و لەهەمان کاتیشدا تەهماسب قوولی خانی جەلائیری هاوکاری دەکرد و ئینجا ئیبراهیم خانی برای کردە حاکمی ئازەربێجان و حاکمی بۆ هەموو هەرێمەکان دەسنیشان کردو نێردراویشی بۆ لای قەیسەری رووسی و سوڵتانی عوسمانی نارد و پێی ڕاگەیاندن کەوا بوەتە خاوەنی عەرشی ئێران.

شاتەهماسبی سێیەم خرایە زیندان و لەساڵی ١٧٤٠ز خۆی و شاتەهماسبی دووەمی باوکی و میرزا سولەیمانی برای کوژران و لەدوای ئەوەش لەسەردەمی هەردوو خانەوادەی ئەفشاری و زەندی ئێران دووچاری پشێوی و ئاڵۆزییەکی زۆر سەخت هاتەوە و هەردوولا ڕکابەرییان لەسەر فەرمانڕەوایەتی ئێران دەسپێکرد. ئەوەبوو ڕکابەرەکانی نادرشا مکوڕبوون لەسەر ئەوەی یەکێك لەخانەوادەی سەفەویی خاوەنی شەرعی دەسەلاتدرێتییەکە پەیدابکەن و بەرزی بکەنەوە بۆ سەر تەختی پاشایەتی چونکە ئەو کاتە لەوبەڕی پێویستیی ئەو کەسایەتیەدابوون. بەمەش هەریەك لەئیسماعیلی سێیەم و سولەیمانی دووەم و ئەبولفەتح سوڵتان محەمەد بوونە فەرمانڕەوای دەوڵەت، بەلاّم ئەوانە وەك و قەرەقۆز بوون بەدەست شازادە خاوەن هێزەکان و دوایین کەسیان تا ساڵی ١٧٨٦ز لەفەرمانڕەوایەتییەکە مایەوە.

◆

دوا وتە

ئێرانی سەفەویی لەسەرەتایی سەدەی هەژدەهەمی زایینیدا دواکەوتنی پێوە وەدیارکەوت، کەچی لەسەدەی حەڤدەهەمدا پێشکەوتن و گەشەسەندنێکی زۆر بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و لەوکاتانەدا خانەوادەی سەفەوییەکان توانیان یەکریزی سیاسی و ئایینی و مەزهەبی تێدا بەرقەراربکەن، هەروەها هۆکارەکانی پێشکەوتنی لەئەوروپای خۆراواییەوە دەهێنا، بەلاّم دەوڵەتی سەفەویی لەدوای ماوەیەکی کەم بەهۆی نغرۆبوونی فەرمانڕەوانکانییەوە لەنێو گەندەڵیدا دەستی کرد بەلەدەسدانی هێزەکانی خۆی و ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی هۆکارەکانی لێکهەڵوەشانەوە و چاوتێبڕینی دراوسێیەکان. ئەفغانییەکان یەکەم کەسبوون کەوا بێفەرمانی دەوڵەتی عوسمانییان کرد کەپێشتر و لەسەردەمی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەویی لەژێر دەسەلاّتیاندابوون، ئەمەش هانی هۆزەکانی دەووروبەری ئێرانیدا وردەوردە لێیببنەوە. ئۆزبەکەکان بەسەرکردایەتی ئەمیری بوخاری دەستیان بەسەر خۆراساندا گرت و روسەکانیش چاوییان بریە ڕێگا بازرگانییەکەی نێوان هیندستان و ئەوروپا کەبە کابوڵ و هەرات و مەشهەد و تەورێزدا تێدەپەڕی و بەرەو باکوری ئەرەزەرووم و تەرابزۆن دەرۆیشت، لەلای باشووریشەوە بۆ دیاربەکر و حەلەب و ئەسکەندەرییە، زۆریشی نەبرد کەوا لەساڵی ١٧٢٢ز دەربەند هاتە ژێر دەسەلاّتیان و لەساڵی دواتریشدا باکۆ، لەپاشان زاڵبوون بەسەر کەنارەکانی خۆرئاوای دەریای قەزوین و داغستان و گەیالن و مازەنەران و ئەستەرئاباد و ئەمانەش هەموو لەئەنجامی پەیماننامەی پترسبۆرگ بەئەنجام گەیشتن. عوسمانییەکانیش لەلای خۆیانە هەلەکەیان قۆزتەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و دەستیان بەسەر ئەرمینیا و عیراق و ئازەربێجانداگرت. میرئەشرەف کەلەجێی میر مەحمودی گرتەوە لەئێران و

بەسایەی مەزهەبەکەیەوە لەعوسمانییەکان نزیک بوو، خۆی لێ نزیک کردنەوەو دانیشی بەهەموو فتوحاتەکانیاندا ناو لایەنگری و بەندەفەرمانی خۆیشی بۆ سوڵتانی عوسمانی راگەیاند و بەڵێنی دایێ کەوا سەفەوییەکان لەرەگ و ریشەوە هەڵکەنێ، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کەوا دەوڵەتی سەفەویی هەرچەندە ئێرانی گەیاندە پلەی بێوێنەیی لەجیهاندا بەرەو نەمان بچێ، بەلاّم بەشێوەیەکی کاتی لەسەر دەستی سەرکردەیەکی رەوەندی تورکی عێراق کەلەخۆراسان دەژیا توان پارێزگاری لەخۆی بکات کەئەویش نادرخانبوو و توانی بەسەر ئەفغانەکاندا زاڵبێ و لەساڵی ۱۷۳۰ز یەکریزی ولاّتەکەی سازکردەوە و دانی بەدەسەلاّتی شاتەهماسبی دووەم دانا. شا تەهماسب بەتایبەتی ئێرانییەکانی بەگشتی ئومێدی ئەوەیان بەنادر هەبوو کەوا ئێران بگێرێتەوە بۆ سەردەمی جاران، بۆیە دەستی کرد بەهێرشبردنە سەر خۆراسان و هەرات و لەژێر دەستی ئەفغانەکانی هێنایە دەرەوە و عوسمانییەکانیشی ناچارکرد کەوا لەعێراق و ئازەربێجان و ئەیرەوان و فارس بچنە دەرەوە، جگە لەوانەش چەندین قەلاّتیان لەقەوقاز داگیرکرد. بەگوێری ئەو پەیماننامەیەی لەساڵی ۱۷۳۷ز لەئەستانبوڵ سازکرا ئەو ویلایەتانەی پێشتر هی سەفەوییەکان بوون گەڕاندرانەوە بۆی، لەلایەکی دیکەشەوە ئێران بوو بەخاوەنی سەرپەرشتیاریی ئەرمینیای خۆرەلاّت و دەستی بەسەر ولاّتی کەرەجیشدا گرت. روسیەکانیش ناچاربوون زەوییەپان و بەرینەکانی باکوری ئێران چۆڵبکەن، بەلاّم نادرشا توانی لەساڵی ۱۷۳٦ز دوایین پاشاکانی سەفەویی لەناوببات و لەناهەنگێکی زۆر شکۆدار لەپێدەشتەکانی مۆقاندا نازناوی شای وەرگرت و دەربارەکەشی گواستەوە بۆ مەشهەد بۆ ئەوەی بتوانێ چاودێری سنوورەکانی بکات و بیانپارێزێ لەدەستدرێژی دراوسێکانی. لەساڵی ۱۷۳۷ز بەسەرکردایەتی سوپایەکی بەهێزەوە بەرەو ئەفغانستان رۆیشت و توانی قەندەهار و غەزنە و کابوڵ داگیربکات و هەموو هۆزەکانیشی ملکەچ کرد، ئینجا دەروازەکانی هیندستانی لەبەردەمدا کرایەوە، لەپاشان لەرووباری هیندوس پەڕیەوەو چووە ناو شاری لاهور، ئینجا شکستی بەهێزەکانی

ســەرکردەی مەغۆلــەکانی هیندســتان ســولّتان مــەحمود هێنــا و دەســتی بەســەر دەهلیــدا گــرت، دوایــی فەرمانڕەوایەتییەکــەی بــۆ گێڕایــەوەو بــەرەو تورکســتان وەرێکەوت، لــەوێش حــاکمی بوخــارای ناچــارکرد کــەوا ســەرانەیەکی زۆر گــەورە بــدات و خانەکــەی بەیــەکێکی دیکــە گۆڕیــەوە کــە لایــەنگری خۆیبــوو، پاشــان و لــەدوای ئــەوەی ئاســایش لەولاتەکــەدا ســەقامگیربوو بــیری لــەوەکردەوە کــەوا شارســتانیەتی ئەرووپیــەکان بگوازێتــەوە بــۆ ئێــران، بــەلاّم لەســالّی ١٧٤٧ز بەدەســتی یــەکێك لەئەنــدامانی هۆزەکــەی کــوژرا. شــایانی باســە نادرشــا بەیــەکێك لەپاشــا گــەورەکانی ئێران دەژمێردرێ.

لــەدوای ئــەو جێنشــینەکان رکابــەریی یــەکتریان دەکــرد و بەمــەش گەنــدەلّی و بێســەروبەرەییەکی زۆر بــالّی بەســەر ولاتــدا کێشــا، هەرچــەندە لــەنێو جێنشــینەکانیدا کەسێك ئــەوتۆ نــەبوو بتــوانێ بــەکارەکانی ئــەو هەلّســێ بــەلاّم ئــەو هــەموو جیــاوازی بیروڕایانــەی نێــوان دانیشــتوان و لایەنــەکانی دەولّــەت نەیانــدەتوانی کارئاســانی بــۆ بەڕێوەبەرایــەتیی پاشــاکانی دوای ئــەو بکــەن، ئاشــکرایە کەلەئێرانــدا چــەندین جــۆر نەتــەوە هــەبوون وەك عــەرەبــەکانی لورســتان هەنــدێکی دیکــەی عیراقــی زەرد و مــەگۆل و تاتــار و تــورك. بەمەشــێوەیە ئێرانێکــی تێکــەلّ لــەم هــۆز و تایەفانــە ســازببوو، میراتگرانــی نادرشــا تــەنها خۆراســانیان بەرکــەوت و مەشهەدیشــیان کــردە پایتــەختی خۆیــان، ئەفغانــەکانیش توانیــان ســەربەخۆیی خۆیــان دابــین بکــەن و تورکمانــەکانیش کەزۆربــەی ســەرکردە ســەفەوییەکان لەوانــەوە دروســتبوون چــەندین تیپــی ســەربازییان پێکــەوەناو دەســتیان بەســەر ویلایەتــەکانی لای بــاکوردا گــرت کەلەئــەرمینیاوە بــەرەو ئەفغانســتان هەلّدەکشــان، ئەســفەهان و ئەســتەرئاباد و قەندەهار لەشارە گەورەکانیان بوون.

سەرکردەکانی هــۆزی بــەختیار و زەنــد هەولّیانــدا کــەوا دەســەلاّتی ئێرانیــی لــەخواروو و خــۆراوا دروســبکەنەوە، بۆیــە لەولاتەکــەدا دەولّــەتێکی نەتــەوەیی دروســتبوو بــەناوی دەولّــەتی زەنــد بەســەرۆکایەتی کــەریم خــانی زەنــد و توانیــان ئەســفەهان و

ئازەربێجان و مازەندەران لەژێر دەستی قەوقازە تورکەکانی سەر بەرووسیا بهێننە دەرەوە، بەمەش یەکریزیی خۆراوای ئێرانی سازکردەوە کەلەکەنارەکانی دەریای قەزوینەوە بەرەو ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی هەڵدەکشاو شیرازیشی کردە پایتەختی خۆی.

لەدوای مردنی کەریم خانی زەند لەساڵی ۱۷۷۹ز کێشەی بەدەستەوە گرتنی دەسەلآت کەوتە نێوان ئەندامانی خانەوادەی زەندو، سەرەڕای ئەوانیش خانەوادەی قاجاری تورکمانی کەدژێکی کەللەرەقی زەندییەکان بوون هاتنە ناو ململانێیەکە و لەپاشاندا ئاغا محەمەدی قاجاری توانی دەسەلآتەکە لەخانەوادەی زەندییەکان وەرگرێت و هەموو رکابەرەکانیشی کوشت و بوو بە بەهێزترین پیاوی ئێران و پاشان تاجی شاهانەی خستەسەر و لەساڵی ۱۷۹۷زدا کوژرا.

دەسەلآتدارێتی خانەوادەی قاجاری تاکو جەنگی جیهانی یەکەم ئەو کودەتایەی رەزاپەهلەوی لەسەریکردن هەر بەردەوامبوو، ئەم کودەتایەش بەتەواوی لەنیسان۱۹۲٦ز لەسەردەمی دواین پاشا کەئەحمەدی قاجاری بوو روویدا.

کۆتایی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئەم کتێبە باس لە مێژووی دەوڵەتی سەفەوییەکان دەکات لەئیران. لەراستیشدا بەرچاوخستن و وێناکردنی رابردوو کارێکی زۆر سەختە ئەویش نەک لەبەر وێکچوونی زانیارییە مێژووییەکان یاخود کەمی بابەتەکان، بەڵکو بەپلەی یەکەم گیرانەوەی مێژوو کارێکی سیاسییە، گوتەگوتیش دەربارەی نووسینی مێژووی سەفەوییەکان کە ئەویش لەسەر بنچینەیەکی سیاسی و تاک مەزەبی دامەزراوە وا لەلیکۆڵەر دەکات تووشی چەندین کاری سەخت و دژوار بێتەوە.

RozhHALAT

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
ڕۆژهەڵات